



Raman

ڕامان
RAMAN
143

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ساڵی سێزدە/نیسان ۲۰۰۹

**خاوەن ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرترێت**
قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆنی نۆرماڵ / ۲۲۳۰۵۸۲
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ۲۲۲۸۵۰٦–٤٤٩٤٦٦۲
(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦۲ – ۰۰۳۲٤۸
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ۷۵۰ دینار

# ناوەرۆکی ڕامان

● **دەق**


- ئەم ژنانە/ دڵسۆز حەمە/ 3
- مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر/ حەمە کاکەڕەش/ 6
- قەدەر/ موحسین ئاوارە/ 7
- وەغەرەکا نەچاڤەڕێکری د چاڤێن سیندبادی دا/
د. عارف حیتۆ/ 10
- جارێکی دی بینینەوەی ژیان/
لە فەرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 13
- ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان/ جەبار جەمال غەریب/ 15
- فڕین بەدەم خەونەوە/ جووتیار ئەحمەد/ 26
- ئاسکەڕاو/ کاوە عیزەتخا/ 30
- ئاوێنە/ فەوزی بیلگە/ 33
- چاوی شووشە/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 35
- کوورەی ئاسنگەر/ عەبدوڵڵا سەڕاج/ 38


● **دەق و ڕەخنە**


- دوایین گەشتی کەشتییەکی خەیاڵی.. دەقی: گابریێل گارسیا مارکیز.. ڕەخنەی: تەها ئەحمەد ڕەسووڵ/ 47


● **هەڤپەیڤین**


- ناساندن و هەڤپەیڤینێک لەگەڵ هونەرمەندی کوردی سووریا (زوهێر حەسیب)/ ئا: تاریق کارێزی/ 57
- دیمانەیەک لەگەڵ (نەجیب مەحفووز)ی ڕۆماننووسی گەورەی عەرەب/ لە عەرەبییەوە: محێدین مەحموود/ 66


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- تیۆری جۆرەکانی ئەدەب/ ڕێبین خەلیل قادر/ 72
- شیعر چییە؟/ پێشڕەو عەبدوڵڵا/ 81


● **هزر و فەلسەفە**


- کاری هونەری و ڕاستی/
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 91


● **زمانزانی**


- واتاسازی/ لە عەرەبییەوە: نەریمان خۆشناو/ 103


● **وتار**


- ڕۆمانی سەدەی بیستەم/
لە فارسییەوە: حوسێن شێربەگی/ 120


● **هونەر**


- کوشتنی هونەر لە پێناوی ئەبەدییەتدا/
سەعید سلێمانی/ 124
- ولیەم شەکسپیر و مەکبێس بە زمانی کوردی/
مارف خەزنەدار/ 137
- گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە/ وریا ئەحمەد/ 143


● **خوێندنەوەی کتێب**


- دەنگە هەوەس بزوێنەکانی نۆڤلێتی ژنێکی منگن/
هاشم سەڕاج/ 150


● **زاراوەسازی**


- مۆدێرنیتێ/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157


● **سووکە لەنگەر**


- مۆتیڤ و شیعر/ قەرەنی جەمیل/ 160

# ئەم ژنانە

دڵسۆز حەمە
(هۆڵەندا)

(١)
لەگەڵ هەتاودا جمکە گیانی من،
لە گەرمی و میهرەبانیدا،
لە ئاو نەرمترە دڵم،
لە زەمین بێ سنوورترە بەخشندەییم،
ڕۆحم باغی گۆرانییە و
لەشم رووباری ئەستێرە،
لەشی من
پاڵکەوتنی جۆگەیەکی ناو قەد باریکی،
هێجگار ڕوونی بناری قەندیلە
لەبەر هەتاوی دەشتی هەولێردا،
سنگی من زۆر زۆر جوانترە
لە خەیاڵی ئاو کە دەڕژێتە ڕووبارەوە
سپیترە لە دەستی خوا
ساحیرترە لە پەنجەکانی نەسیم
کە ڕادەکات، بەناو کێڵگەی گەنم و جۆدا،
وەلێ،
هێندە ڕەش و تاریک و نووتەک بوو بەختم
ئەو هەموو پیاوەی تێپەڕین
هیچیان نەدی،
هێندە ئەنگوستە کوڵانی چاوەڕوانیم
نە میهرەبانیم دیارە دیار
نە دەدرەوشێتەوە جوانیم.

(٢)
تەنهاییم شانی داداوەتە سەر
چوار کوچکە،
کورد بوونم
ڕۆژهەڵاتبوونم
ژنبوون و
هۆشیاریم



(٣)

نە نیشتمانێکم هەیە،
نە پیاوێکیش کە بۆم ببێتە نیشتمان.

(٤)

شێوەکارێکی دڵڕەقە تەمەن
پێچەوانەی زەوقی باوی هونەرەوە
لەگەڵ جوانی لە شەڕدایە
دەستی ئەو هەمیشە هەوڵی
کێشانی خەتی ناحەز و
بەسەرچوونی جوانی دەدات
هەروەها
خامۆشکردنی هەرا و زەنای ڕەنگە زۆرەکانی پاییز
بە بەفری وەرسی زستان!

(٥)

پیاوێک لە دڵدا
یەک لە ماڵدا
یەکێکیش لە خەوندایە
هەریەکیان بەوی دی بزانن
من تیا دەچم.

(٦)

وەکو ئەوەی بەسەحرادا سەفەر بکات ڕۆژەکانم
دەکرێ بژیم، تۆش ڕۆشتبی،
وەکو ئەوەی خەنجەرێک لە دڵما بێ و
ژیان چۆڵ بووبێت لە جوانی
دەکرێ بژیم، جێت هێشتبم،
دەکرێت بژیم و مردبم،
ژنێکم لە شکۆی شاخ و
سەری بڵندی ئەستێرە،
ناکرێ، ڕۆژێ
سەعاتێ
چرکەیەک،
بێ عیزەتی نەفسم بژیم
بێ کبریاء،
ئەوان لەپێش عەشقەوە دێن
با بشمرم

(٧)

کە لێرەم
وادەزانم دەبوو لەوێ بام
کە دەگەڕێمەوە ئەوێندەر
شپرزەم
دڵتەنگم
غەریبم،
دەخوازم بێمەوە ئێرە!

(٨)

بەتۆدا زانیم
کە جوانییەک لە ژیاندا ڕەنگە مابێت
کە بۆی بژیم
هەر نۆ مانگ و
نۆ ڕۆژ و
نۆ سەعات نەبوو
دوو گیانی من بەهاتنی ئاوریشمینی تۆوە
لەوەتەی هەم ڕۆحم بەتۆوە دووگیانە و
بە پانتایی خەیاڵمدا دێت و دەچی،
دڵت لەدڵما لێدەدات
لەوەتەی هەم تەنهاییم بە ئومێدی تۆ
ڕۆژ دەداتە دەم شەوان و
پاڵ دەنێ بەم ژیانەوە
لەتۆ زیاتر زیاتر نییە،
هیچ پردێکیش
هیچ عەشق و
هیچ مانایەکیش، ئەوەندەی تۆ
ئەوەندەی دەستی ئاوریشمیت
کە هەر هێندەی گەڵایەکی نیلۆفەر و
جێگا خەوی باڵندەیەکیش بچووکتر،
نامبەستێ بەو ژیانەوە
هەر بەتۆدا زانیم کە تاقە جوانییەک ماوە لە ژیاندا
کە بۆی بژیم.. کچە هێجگار شیرینەکەم.

(٩)

چارەنووسی من
ژیانی من
سەرنشینی بەلەمێکە ڕێ ونکردوو

نە ئەو کەنارەی لێم دیارە
ئەو شوێنە بوو،
ئەو خەونە بوو کە پێی بگەم،
نە دەشتوانم بۆ ئەبەد
بەسەر پشتی دەریاوە بێ ژینم.

(١٠)

پێم دەڵێ: مەچۆ بەپیر گریانەوە
ئەو نازانێ
پێش هاتنم بۆ ئەوروپا،
پێش سەفەر و
پێش شەڕی ناوخۆ و لەکیسچوونی نیشتمان
غەریبە خوێنی لەشی من
غەریبە ڕۆحی شپرزەم
ئەو نازانێ
تەنهایی هەلا هەلا و
لەت و کوت قاشی کردم
ئەو نازانێ
تەرمێک بەسەرشانی خەیاڵمدا ئەگەڕێ، بۆ ئەبەد،
نازانێ
لەگەڵ ژیان، لەگەڵ وڵات،
عەشقەکەم یەک تەرەفە بوو
ئەمردم بۆی
دێوانە بووم،
دەریای غەزەلم بۆی ڕژان،
لەگەڵ خوێنم،
ئەویش،
لە زەمینێکی دڵڕەق و
باوکێکی دڵڕەق و
پیاوێکی دڵڕەق بەولاوە
هیچی نەدامێ پێی بژیم.

(١١)

شپرزەیی لە عەشق دەچێ
وەکو دوو دڵیش
تەڵخ و دڵتەنگ و تاریکە ئاسمانەکەی
نە دەتوانێ وەکو هەورێکی خەواڵووی مانگی تەممووز
بە ئارامی سەفەر بکات
نە باوەڕیشی بە پاڵتۆ و ملپێچ و گۆرەوی بەری
شەوێکی مانگی کانوونە
بۆیە،
نە لە نیشتمان هەڵم کرد،
نە لە غوربەتدا دەتوانم دڵم بنێم بەم وڵاتەوە.

(١٢)

شەقامێک نییە ئازارم نەناسێتەوە
لە سابوونکەرانەوە*، تا وەلی عەسر*
لە ئەکسەرای* تا شانزلیزیە* و برێدا*
ڕووبارێک نییە تەنهاییم نەناسێتەوە
بە کەناریا پیاسەی نەکردبێت غەریبیم
لە کەناری دیجلەوە * تا ڕووباری سین*
لە ڕاینەوە * تا دانوب* و بەحری شیمال*
شەوێک نییە
نەگریابم
ڕۆژێک نییە لەت نەبووبم
ڕۆژگاری کۆنکرێت و سەهۆڵە
ڕۆژگاری مردنی خوێن،
ڕۆحی من لە شووشەیە و
لە ژێر پێستی هەوادا بەردە بەرد


**٢٠٠٨**

**سابوونکەران لە سلێمانی، وەلی عەسر لەتاران، ئەکسەرای لە ئەستەنبووڵ، شانزلیزیە لە پاریس، ئەو شەقامانەن کە تەنهاییم پیاسەی تیاکردوون، زۆر شەقامی تریش.**

**ڕووباری دیجلە لەعێراق، سین لە پاریس، ڕاین لە هۆڵەندا، دانوب لە نەمسا، بەحری شیمال ئەو بەشەی کە لە هۆڵەندایە، ئەو کەنارانەن کە تەنهاییم دەناسن، زۆر کەناری دیش.**

# مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر

**حەمە کاکەڕەش**
**(سوید)**




هەمیشە ڕوومان لە ژیانە و پشتمان لە مردنە
هەمیشە دڵمان لای ژیانە و جار جارێک بە تیلەی
چاوێک
وەک نیگاکردن بۆ شۆخە کچێکی دراوسێ لە مردن
دەڕوانین
هەمیشە خۆمان بە ئەهلی ژیان دەزانین و
کەچی دوایین دۆستمان مردنە

هەمیشە لە ڕۆژگارە دژوارەکاندا ژوانمان لەگەڵ ژیاندا
هەیە و
مردنمان فەرامۆش کردووە
کەچی مردن هەموو ژوانەکانی بۆ ئێمە ڕێک دەخات
مردن تۆ ژیانت باشترە، لەوەی شووشەی ئەو هەموو
دڵە بشکێنێ
ژیانت
باشترە، لەوەی ئەو هەموو پشکۆیە سارد کەیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی هەنگاو لە پێ و فڕین لە باڵ و ڕوانین لە
چاو بسێنیتەوە
ژیانت
باشترە لەوەی لێوەکان پڕ دەکەیت لە باری غەم
زەردەخەنە پڕ دەکەیت لە گریان و ڕەنگەکان پڕ دەکەیت
لە بێ ڕەنگی
دەنگەکان پڕ دەکەیت لە بێ دەنگی
مردن تۆ دڵت بەچی خۆشە
مردنی من چییە؟ لە هەڵوەرینی هەناسەیەک زیاتر
مردنی من چییە؟ ئیدی بۆ هەتا هەتایە هاوسەرەکەم لە
وێنەیەکا لە تەنیشتمەوە ناوەستێ
منداڵەکانم هەست بە بۆنی وشەی باوە ناکەن
مردنی من چییە؟ من چیم لە تۆپەڵێک بەفر زیاتر لە
چنگە گەرمەکانی تۆیا
من چیم؟ لە بەدبەختێک زیاتر لەسەر گەردانێک زیاتر
لە ڕێگاکانی ژیاندا
من چیم؟ لە دڵۆپێک ئاوی سەرگەردان زیاتر لە
بیابانەکانی ژیاندا
من چیم؟ لە گەڵایەکی ڕەنگپەڕیو زیاتر لە گێژاوی
ڕەشەباکانی ژیاندا
من ناتوانم گوڵەکانی عەشق ئاو دەم
من ناتوانم پەنجەرەکانی ژیان بسڕمەوە تا فڕینی
باڵندەکان ببینم.
چۆن لە تەپوتۆزی گەردەلوولەکانی تۆیا ڕێ دەردەکەم
من بەشی گریانەکانی ژیان پێکەنینم پێ نییە
چۆن خامۆشی گۆڕستانەکانم پێ ئاوەدان دەکرێتەوە
مردن پیاوی باش بە
مردنی من چییە؟ لە کوتنی ناوێک زیاتر لە کاڵبوونەوەی
دەنگێک زیاتر
مردنی من چییە؟ لە هیچ زیاتر.

# قەدەر

موحسین ئاوارە

بۆ بووم بە پاییزە کچ
من لە سولالەی بەهار و هاوین بووم
دایکم دارستانێکی سەوز بووە
باوکم بە باوەشی پڕ لە گوڵە نێرگزەوە
پێشوازی لە دایکم کردووە
بەرەو هەوارێکی ڕەنگاڵەیی
تەڕ تەڕ ڕۆیشتوون
خنکاوی جوانی نێو ئەم سروشتە بوون
من هەوەڵین وەچەیان بووم
بەڵام لە هەوەڵین ڕۆژەوە
زەرتک لێی داوم
وەکو دەورانی هەر پاییزێک
زەرد هەڵگەڕاوم
کە گەورەش بووم
منداڵانی گەڕەک بەدوام کەوتوون
زەرتک زەرتک.. پاییزە کچ
گوێچکەمیان سمی، گوارەیان لە گوێ کردم
گوارەکەم جووتێ گەڵای پاییزی بوو
ڕوخسارم بە پاییزەوە گرتبوو
زەرد زەرد هەڵگەڕا بووم
هەتا ئەو کراسەی بۆیان دووریم
پەلک پەلک
پەلکە وەریوەکانی پاییزی بوو
بە یەکەوەیان لکاندبوو
لەساڵڕۆژی لە دایکبوونمدا
مۆمە داگیرساوەکان زەرد و
بڵێسە و ڕۆشناییش هەر زەرد
هەتا ئەو چەپکە گوڵە نێرگزەی بۆیان هێنام
پەلکە سپییەکەیان لێ داماڵیبوو
گۆپکەکانی وەک زەردێنەی بێ سپێنە
بە قژە زەردەکەمیانەوە قایم کرد بوو
– پاییزیش جوانە و جوانی خۆی هەیە
پڕ لە سیحری شاراوە و نەشئەیە
بەڵام بەو چاوەوە سەیر ناکرێم
تەنیا ڕوخسارم دەخوێننەوە



جگە لە ڕەنگی زەعفەران
چ ڕەنگ و مکیاژێ
قژ و ڕوومەت و ڕوخسارم ناگرێ
هەتا پێکەنینم
قاقای سەوز و سووری بە بەرەوە نییە
هەلەکە سەما و خۆشیم زەردەخەنەیە
ئەگەر مەمکەکانم داگیرسێن
دوو گڵۆپی زەردباون
ئەگەر بچمە هەر جێگایێ
من دانیشم
بەهار هەڵدەستێ و دەڕوا
هاوین بە پێڵاوەکانی ڕاناگا
ئەگەرچی زستان بەزەیی پێمدا دێتەوە و
لە تەنیشت خۆیم دادەنێ
بەڵام بەفر و باران
تۆف و زریان
لە تاو جێهێشتنی ئاسمان
لە تاو کۆچ و دابڕانی
دەمار گرژن، چاو بە گریان
دەم بە فیغان
– خەون دەبینم... خەیاڵان دەکەم
قاچم لە شوێن قاچی حوشترێک
لە لمی سەحرادا عاسێ دەبێ
ڕایدەکێشمەوە لەسەر زەحمەتەکانی سەرابدا
بەدوای خۆمدا ڕایدەکێشم
لەو کاتانەدا ئاسمان ڕەوینەوەی خۆی هەیە
ئەسپەکانی بەڕەڵڵای سەر زەوی دەکا
خودایە بەر تووڕەیی ئەسپێک نەکەوم
خودایە نەریت و کۆمەڵ
لەسەر پشتی ئەو ئەسپە سەر شێتانەم
بار نەکەن
خودایە لەو مرۆڤە دڵ بەردانەی ئەو سەحرایەم
مارە نەکەن
ئەگەرچی تووڕەبوونیان
بە بەخچی گەرمی ژنێک دادەمرکێ
ژن بە جوانی و غەمزەی چاوانی
بە چێژ و هەڵمی جەستە و جەزبەکانی
ژن بە سیحری ناوپۆشراوی عفریتانە و
نهێنییەکانی
ژن بە لەنجە و لەشو لاری
پیاوانی لە دارستان ڕاکێش کرد و
هێنایە شاری
پێستی گورگ و درندانی لەبەر داکەناندن
کەوتنە بەر پرۆسەی بەزاندن
بەزاندن لە توونی و تووشی

ئەوەتا شەهرەزاد بەهەزار و یەک ڕەنگ
شەهریاری ڕام کرد
ئەو شەوەی قەرەنفڵ دلبەرەکەی هارووونەڕەشید
وەک ئەستێرەی زوهرە وەدەرکەوت
بە کراس و ئەتەکێکی تەنک
سوور سوور وەک دەمە خونچەکەی
بە کلاوزەر و سوخمەیەکی ڕەنگ زومرووەدی
ژێر چەنەیەکی زێڕین
سەر گۆی مەمکەکانیشی گۆپکەی یاقووتی شین
چاوەکانی سەوز و پرچی خەنەیی
گۆناکانی پەمەیی
بە لەنجە و لارەوە
لە خەلیفە نزیک کەوتەوە
ڕەنگەکانی هەر چوار وەرزی ساڵی هەڵگرتبوو
(زوبێدە) جوانترین ژنی حەرەمسەرای خەلیفە
لەبەر چاوی خەلیفە سڕایەوە
خواجە و کەنیزەکانی دەربارێش هەڵوەرین
بۆنێکی دڵگیر.. لە قەرەنفڵی جوانی خەلیفەگیر
خەلیفەی داگیرکرد
تۆوی جەزبەی وەشاند
خورپەیەک وەک بوومەلەرزە
لە کێڵگەی دڵی خەلیفەی هەستاند
لەو کاتەی قەرەنفڵ
خۆی خستە ژێر غەریزەی هارووونەوە
هارون جلەوی ئارەزووی لە دەست دا
بەسەر ئەژنۆکانیدا کەوت
هارووون پێی گوت
ئەی گەوهەری گرانبەها
چیت پێشکەش بکەم
ئەنگووستیلەی خەلافەتی لە پەنجە داکەند
– ئەمە یادگاری (مەهدی) باوکمە
لەم دیارییە.. بە نرخترم پێ نییە
شایەن بە تۆ بێ
– ئەی ژن چەند بەهێزی
بەڵام قەرەنفڵ هەموو ڕەنگەکانی
وەرزەکانی تیا کۆبۆوە
ئەی منی پاییزە کچ
کە یەک وەرزم لە وەرزەکان
داڕووخاوم... هەڵوەریوم
کێ دەمخوێنێتەوە،
سەوزایی جێی هێشتم
تەڕاتی و شیلە و شیلاوی میوەکان
ڤیزەیان نەدامێ بچمەوە لایان
گولیلک و حاجیلە و بەیبوون
پشتیان تێکردم، لە ئاستی من لووت بەرز بوون

ژێر پێست و ناخم شانەی هەنگوینە
وەلێ سیمام ژاڵەی تاڵ ڕەنگ
گۆرانیم پڕ لە ئاهو حەسرەت
خەون و خەیاڵ و خولیام
دژوار و جەنجاڵ
دارستانم ڕووت و ڕەجاڵ
خاکم سووتماک
ئێوارەیەکم پڕ لە کۆچ و غوربەت
شەوێکم مۆمەکانم ون کردووە
لە نووتەک و ڕەشایی شەو مارە کراوم
ئەوەی لێم دەڕژێ بۆم کۆ ناکرێتەوە
ئەوەی لێم دەشکێ یەکتر ناگرێتەوە
شتە جوانەکانی دوێنێ
لە ژێر پێی ئیمڕۆدا لێی هەڵدەخلیسکێم
من جێماوی لە کاروان دابڕاوی بێ هوودەیی
سەرە ڕێم
من کێم؟
ئەز کچە پاییزم بە هەڵە.. بە سودفە
هاتوومەتە سەر ئەم ئەرزە
من هەواڵێکی پڕ لە خورپەم
ئینجانەیەکم بەسەر دەمدا کەوتوو
بەسەر گوڵ و گەڵای تێکشکاو
تینوو لە مەرگ و سەراب،
نزیک لە کانی دوورە دەست
دارێکی رووتاوەی بێ سێبەر
بێ هێلانە و بێ بەر
ئەزی ترس و دڵەڕاوکێ
چاوێکم لە دەمە تیژی تەورو
چاوێکم بە قەدو باڵای جوانان هەڵدەگەڕێ
سەوزایی سەرزەوی.. شینکی ئاسمان
شەپۆلەکانی دەریا
لێم لا لووتن
پێم دەڵێن.. کچی ڕەشەبا.. کچی تۆز و گەرداو
پێم دەڵێن پاییزە کچ
بۆ نا.. منێک.. منی لوولدراوی نێو گەردەلوول
منی غەرقی خەیاڵ.. منی مەلوول
بێ یار و یاوەر.. نە دڵدارم.. نەدلبەر
لەگەڵ ڕەشەبادا بیرەوەرییەکانم هەڵدەوەرێن
لەگەڵ تۆز و غوباردا
ئەندامەکانی لەشم زەرد هەڵدەگەڕێن
ئەی دنیای گرژ.. پاییزی بەدبەخت
تۆ بە کەتنکەر و ئاژاوەگێڕ ناسراوی
تۆ بە هەڵوەراندنی جوانییەکانی سروشت
بە خنکاندنی کۆتر و پۆڕ و پاساری
بە چۆڵ کردنی هەوار و پێچانەوەی ڕەشماڵ و
کۆچی پەڕەسێلکە و تێکشکاندنی کۆلارەکان و
ڕەشکردنەوەی ڕەنگەکان،
تاوانبار کراوی
ئەی بۆ من کەوتمە سنووری کیشوەری
بەختی تۆ
ئەی بۆ منیان ڕازی کرد بە نەختی تۆ
بۆ منیان لە تۆ مارە کرد و
کەوتمە سەر تەختی تۆ
من لە سولالەی بەهار و هاوین بووم
بە قەیرە زەردی مامەوە
لە قووڵایی ئاسمان ڕادەمێنم
قەتارەی کۆچی باڵندان
حەسرەت و خەمەکانیان بۆم جێدێڵن
کچە وەرزێکم لە وەرزە ناڕەحەتەکان
لە تەنیاییدا نزا دەکەم
نزاکانم لە ئاسماندا
ڕەشە(با)کان پەرتی دەکەن
ناگەنە عەرشی یەزدان
– ئەی ژەنیاری فریادڕەس
بۆم بژەنە تەنبووری
ئەو گۆرانییە تەواو کەم
«بەڵێ ئێستا ئەوەی جێ ماوە بۆ من یادگارێکە
بەسەرهاتی دڵی ورد و بەسەرچوونی بەهارێکە»(*)
– ئای کە حەز دەکەم وەرز و ڕەنگم
بچێتە پاڵ ڕەنگەکان
بچێتە پاڵ وەرزەکان
تەمەن خەریکە دەستم لێ وەرگرێ
چەند ئەستەمە دابران
چەند کول و ژانە ژیان
بە دابڕانی ڕەنگەکان
بە دابڕانی وەرزەکان
بۆچی قەدەری من هەر وابێ
بەردێکی دامە ئاسا
لە یەک چوارگۆشەی پاییزیدا
قەتیس مابێ؟!

**پەراوێز:**

**(*) دوو دێرە لە شیعری (ئەحمەد هەردی) بەناوونیشانی دڵێکی تێکشکاو.**

# وەغەرەکا نە چاڤەڕێکری د چاڤێن سیندبادی دا

د. عارف حیتۆ
(دهۆک)

(١)

رۆژەکێ...
مـن کورکەکێ سـیـندبادی کرە بەر خوە
گۆپالـەکێ خدر زیندەی دا دەسـتێ خوە
ئوو ل سـەر مـەحفـیرکێ بای فڕیم.
عـەڤر عـەڤر مـن بڕین و ئاسـمـان هـەمی دانا بن خوە
د ڤێ وەغـەرا سـەرمـەدی دا...
مـن جاددە دیتن و بەخچەیێن ئاڤز
مـن مـاهـینێن کەحێل دیتن و مـامـز
وەفاداری و ئەڤینی دیت، وەک خوناڤێ
ژ رووکێن تە دهـاتە خوارێ
کۆمـەک گەنجان – گەنجێن سـەربەسـت –
خرڤە دکر و دکرە کوارێ
هـەسـتێن ئازراندی و ئەیۆنێن کەل
سـویلاڤێن خورت و چاڤێن هـەل
رێکێن بازنەیی و عـشـقا مـەخەل
وەکو لـەزا برووسـیا دکرنە غـار و
دچاڤێن مـندا دبوونە پەل
ئوو دێمێ تە – دێمێ تە یێ گەشـبین –
دهـۆکا مـن...
دیتنا رەشـبین راتەقاند و هـەسـتا خەمگین
یاری ب بیردانکا مـن دکر و ئەم ب هـەڤڕا
بەر ب رەهـەندەکێ دمـەشـین
رەهـەندەکا گران ب پەیڤێ – پەیڤێن وێرەک –
وێران ب ئاڤێ – ئاڤێن بەزەک –
کەڤران پێ بو چێبوون و بەرەف دیدارێ دهـاتن
گولان پەر بو چێبوون و ل هـەمـبەر خەونێن مە هـەلاتن
باوەر بکە
هـەمی دەرێن ڤێ جیهانا دەرڤەکری
چەند د جوان و کوبارن
د بن کراسێ تە ڤە دژین و موهـرا تە یا پێڤەکری.



(٢)

ئەز دێ شـعـرەکێ بۆ تە بێژم
شـعـرەکا پەل ژێ ببارن و بەفرێ پرچا وێ سـپیکری

مەشخەلێن شعرێ ڤەمریان
چاڤێن تە ژی هێشتا دزلبوون
پێلێن پەیڤان، ب بێدەنگی
پیاسە ل سەر دیتنێ کرن
بێ گۆتنەکا ب ئەتیکێت و بەلاڤکرنا گرنژینان
هەڤبینێ ئەم هەمبێزکرن
بێ تەوقەیا خاترخواستنێ و دەست هەژینان
وەغەرێ ئەم ژێکدوور کرن
شعرێ...
قاپیتێ خوە دانا ددانگا خەریبییێدا و
سترانێن دلسۆژ و خەمگین بو گۆتن
چاڤان سوحبەتێن درێژ و پێ سۆتی کرن
لێڤان...
خەیالێن بەهەشتۆکی یێن حەشیشاوی تامکرن
لێ پەیڤێ... تنێ پەیڤێ
تێرامانێن دیتنێن کەل ژ چەککرن.

(٣)
من گولەک دڤێت ژ سینگێ تە ڤەکەم
گولان بارکر
سینگێ تە ددەستێ مندا بیابان بوو
من شعرەک دڤێت
دەردوو چاڤێن تەدا ڤەکەم
شعران بارکر
پەیڤا تە ل سەر ئەزمانێ من وێران بوو
شعر دخلوەیا مندا ژیان بوو
من ڤیا ژیانێ، ل بیابانێ ڤەژینم
بیابانا چەنگ ڤەکری
حەزێن گەرم هەمبێزکرن
تەنگەزاری پێکێن هەلبەستێ رێزکرن.

(٤)
ئەز دێ چم، تو ژی وەرە![1]
تیرۆژکێن رۆژی ب شێتی
داددەنە سەر مۆڤکێن پشتا من یا چەمیایی
خەبەرەکێ گەرم و نوو یێ ب چریسەت
ب سەر ملێ خەونان وەردکەن،
تەڤ خەونێن رویس و رازایی
یێن شەڤ داعویرای و شەڤێ داعویرایی
شەڤ ژی وەکو شەوقا مافان
دادعویرن و دهێنە قووتدان
دلێ من یێ هێشتا کچین ژ ئەڤینیێ
تیرەک بەردا دێمێ رۆژێ و ژ دل رۆژ ڤیا
رۆژێ بەرێ من دا چیا

ئەز ب چیایڤە برینم
برینەکا ب ئێشان و خۆش
ب سینگێ بهارێ ڤە رادایی
برینەکم...، کەل و داخدایی.

(٥)
ئەز ب تنێ چوو بووم، دگەل تە دێ هێم
بشکورینا تە ب بستەهی د خەیالێ دا پیاسە دکر
گەشکرن و گەش دکەتن دارباهیڤ و هەژیرێن دێم
ئەی ئەو کچا ژ بێدەنگیێ زای
ئوو ل سەر دارا حەزێ دادای
ب دارا ئۆبالا تە ڤە شاکم
د قادا عشقا تەدا تاکم
د ناڤبەرا چاڤێن من و دیتنا تە دا
چەند دیوارێن هەرفتینە
ئاسۆیێن ب عشقێ دووجان و دەرگرتینە
چەند پەیڤەکێن بژارە و ژێکگرتینە
عەڤرێن ئاڤز و سیارکرینە
لێ، نە باران باری و نە خەمێ هشت
بگەهمە ژڤانێ ئێڤاری.

(٦)
دێ هێمەڤە، ب تنێ دێ هێم
بێ بیرهاتن
بێ شەڤێن رەشیدی یێن مۆر
بێ دیتنا خوینا سۆر
بێ گونەه
بێ دۆژەه
دێ هەلبەستەکا گەرم ئینم
ژبۆ نشێژێن تە پەرسگەه
دێ هێمەڤە، ب تبلێن تە ڤە
ئەوێن پەیڤان دگێشنە سەر کاغەزێ و
دلێ من دکەنە رەشمال
ئەوێن شعرێ د چاڤێن خوە دا
زیندان دکەن و پاشی دکەنە،
ئاسمانەکێ بەرز و سامال.

(٧)
دوهی ب شەڤێ، کچکەکا رۆمانی
بشکورینەک دمن وەرکر و یەخا من گرت
ئاگر ب لەشیڤە کوچکەکێ زڤستانا گوندیان بوو
د هناڤێن من دا بەفرا سار
ئەز ژ تشتەک نە دیار رەڤیم
رەنگێ سۆرێ ترافیکێ، رێکا من گرت

دەمێ هێدی ل دۆر خوە زڤڕیم
مەلایەکێ بێ سمبێل و ریهـ درێژێ ڤەترانکری
ب دویف منڤە بوو
خڕ گوندیان ل سەر دەهمەنا وی دکرە غار
ژ بورجەکا ئاسێ و بلند
تیرێن ژەهرین، یان گرنژین
ژ چاڤێن وی پێن تیژ دپەشین
دەمێ هشێ زەنگل لێدایی...
ببوو ئێڤار!

(٨)

دوو جاران تە د خەونا من دا سەما کر
رویس.. رویس وەکو تبلا من
دوو جاران من هەولدا تە ئەنفالکەم
تبلا جەلەبکێ خاڤ
ب هەبوونا تە بلند بوو
خەونا مشتی گەرمی و هەتاڤ
دشەڤێ وەر بوو.

(٩)

ئاوڕەکا بلەز و سەرپێ
خوە ژ چاڤێن من کێشا دەر
وەک پەپیکا، ل خەونەکا کەفتی دگەڕیا
ئەو ئاورا ل بەر دەرازینکا دەر ب دەر
ژ گڤاندەکا رک ڤەرەسیا و د نهالێ دا،
رەنییەکا بەفرێ کەفتە سەر
ئوو خەرییێ....
ب جوق و مەزیقەڤە دادا
بەرێ رۆژێ، بەرەف خەونا بنگۆڕ بادا
رەشمالا خوە دانا سەر کانیا مرادا و
ببوو ئەژدەر
من تو ب تنێ ل سەر رووبارێ عشقێ دیتی
هەستا من لەشکەرەک سەرکەفتی بوو
لێ نە شەڕ، شەڕێ من بوو
نە لەشکەر.

(١٠)

ل فڕینگەهان ب تنێ بووم!
وەهمێن خۆش و سەراباوی
دلێ من د ناڤ چانتەکێ دا پاوان کربوو
چێکپوینتەکا کارەباوی، دلێ من دیت
رازا من دانا سەر مێزێ و
بێدەولەتیێ ب ئەنیا من ڤە خویا کربوو
ژنشکەکێڤە، خودێیەکێ وەک تە پاڤژ
ژ سەرەکانیا خوینێ ڤەژی
ئێدی نەما، ب تنێ بم (.)
من و سوحبەتێن نیڤ چرپەیی
ب خەیالاوی، سترانێن کەسک بۆ وەلاتێن دوور دگۆتن
مە چەندین پاپۆرێن کاغەزی ل سەر دەریایێ نژاندن و
دگەل دویکێلا ڤورمکێ جگارێ هاژۆتن
رێکێن مشتی موغامەرە
دەرگەهێن خوە ڤەکرن و بێهنا وەلاتی ژێ دفڕی
ئێدی نەما، ئەز بێ رێ بم (.)

(١١)


ل بەر پەنجەرا فڕۆکەکا مشتی مشەخت
ب تامەزرۆیی
من هێڤ دکرە ژین و ڤیانێ
هەوا ب عشقێ دووجان ببوو
چرپەیێن کچان و گلیزێ بەستی،
ب لێڤێن لاوان ڤە شۆر ببوو
کولیلکان خوە تەعمید دکر، ل بەر بارانێ
ب بەر ناکەڤیت
مرۆڤ خەما بۆ ژیارا بۆری بخۆت
ئاتاڤ ئێکە و بوویەر هزار
عەڤرەکێ ل ئاسمانی سیار
گرنژی و گۆت: خەما نەخۆ
ئەوا بوویی،
دا هەر بیت و نە دوورە ژی خرابتر با
سەبرە نۆژدار.

(١٢)

من گۆتە ئاسمانی: تو چ دزانی؟
ئاسمانی گۆت: ئەز ناڤان دزانم
هەمی ناڤێن گۆتی و یێن نە گۆتی
هەمی خەونێن هناڤان دۆتی و
عشقێ سۆتی (.)
پاشی ئاسمانی پرسیار کر:
– تو چ دزانی؟
ئەز ژی وەک تە ناڤان دزانم
تەڤ ناڤێنماینە ل بەر جووتی و
یێن خوە فرۆتی
خر بڕیارێن هلاویستی و یێن ب پالدانێ هاژۆتی
ئەز و ئاسمان د زیندانێ دا وەکهەڤین
د کریارێ دا رۆژ و شەڤین(.)

# جارێکی دی بینینەوەی ژیان

لە فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر



## ئالان بۆسکێ – Alain Bosquet

ژیان، ئەم گوناهە کۆنە
ژیان، ئەم نافوورەیە
ژیان، ئەم سەگە تووڕەیە
کە هەموو خەڵک بەدوای خۆی ڕایدەکێشێ،
تۆ دەیناسی تۆ،
کێ جورئەت ئەکا پێم بڵێ
کە ژیانت هەندێ جار
جۆرێک نییە لە پێکەنین؟
ئارایشکراو وەک درۆ
زۆر کێشراو وەک وێنەیەک
تۆ دەزانی کە دەمری
لە پەراوێزی لاپەڕەیەک و
لە دەروازەی خۆشەویستیش
کە هێشتا تەواو نەبووە،
تۆ کەلێنەکانی پەیکەرێکی
خەون ئامێزی؟
ئەبێ لەنێوان
بێ ئومێدییەکانمان و
قەسیدە کۆنەکانمان دانیشین،
لە تەنیشت خۆمان
بە پەنجەرەیەک ژیان بلاوێنینەوە
کە ڕقی لێمانە
ژیان یارییەکەی جاران
ژیان، چ بێ عەقڵییەکە.

## مێتامۆرفۆز
## ژان تاردیۆ – Jean Tardieu

لە شەوێکی تاریکدا
کە مێژوو بۆی دروست کردووین
بەدەست کوتان ئەڕۆم
هەردەم حەپەساو
هەردەم سەرسام

کڵاوەکەم بەرز ئەکەمەوە
ئەبینم بۆتە گندۆرە

ژنەکەم ماچ ئەکەم
ئەبینم بۆتە سەرین

پشیلەیەک ئەلاوێنمەوە
ئەبینم بۆتە سوراحی

پەنجەرە ئەکەمەوە
بۆ هەڵمژینی هەوای پاک
ئەبینم بۆتە کەنتۆرێکی کۆن
بۆنی گەنی لێ دێ
بۆقێک ئەگرم
دەبینم بۆتە مەرەکەبدان
کونی مەزرا
بۆتە سندوقی پۆستە
فیتەی قیتار
بۆتە خوێندنی بلبل
گڕە گڕی ماشێن
بۆ ترپەی دڵی خۆم
هاوار بۆتە پێکەنین
شەو بۆتە ڕۆژ
مەرگ بۆتە ژیان
ئەوانی تریش بۆ خۆم.

**پاتری**

**ژان کۆکتۆ – Jaan Coctau**

خۆر، من وەک دڕندەکان ئەتپەرستم
لە لێوار دەریا لەسەر سک ڕاکشاوم.

خۆر، تۆ وێنەکانت بە خراپی ڕەنگ ئەکەی.
سەبەتە میوەکانت، گیانەوەرەکانت

لەشم ئەسمەرکە، خوێاوی کە،
ئازاری گەورەم بڕەوێنەوە.

قولەڕەش کە ددانەکانی سپی دەچێتەوە،
لە دەرەوە ڕەشە، لەناوەوە سوور.

من لە ناوەوە ڕەشم، سوور
لە دەرەوە، ئەی خۆر بمگۆڕە.

خۆر، بۆنم، ڕەنگم بگۆڕە.
هەروەک چۆن بەردت کردە گوڵ.

وابکە زیگزیگە لە بڵندترین چڵی سنۆبەر بقیژێنێ،
وام لێ بکە هەست بە گەرمی تەندوری ئەستووک بکەم.

درەختی نیوەڕۆ کە پڕە لە شەو،
ئێوارە بە چوار لای خۆی بڵاوی ئەکاتەوە.

خۆر، ئەی ماری ئادەم و حەوا،
وابکە کابووسەکانم بڵاو بکەمەوە،

لۆتۆ، بەشەکانت ڕێکخە،
گوڵدانەکان، گۆیەکان، چەقۆیەکان.

خۆر، تۆ بارە خۆڕاییەکەت بەسەر،
سووربا‌وەکان، بەسەر خەڵکی دوورگەکانی ئەنتی ئەرژێنی.

ئەوەی پێتە لەلای ئێمە پێشانی بدە،
تا چاومان خراپ نەبێ.

خانووی خراپی گوولو، کورسی
لە قەدیفە، لە ئاوێنە، لە نۆتی موزیک

خۆر، ئازارم دەربێنە، توند ڕاکێشە،
فاڵچی سەر پەیتونی زێڕین.

چەند گەرمامە! هەڵبەت نیوەڕۆیە،
ئیتر بەخۆشم نازانم چی ئەڵێم.

چیتر لەهیچ لایەک سێبەری خۆم نابینم،
خۆر، پێشانگای من –ە دڕندەکان.

خۆر، ئێرەگامێش، ڕابەری ئاهەنگە سەیرەکان،
تۆ لە ئەفیون زیاتر سەرخۆشم ئەکەی.

تۆ لێبووکی، زۆرانبازی گای
زنجیری سەعاتی زێڕت لە ملە

تۆ قولەڕەشێکی پێست شینی، بۆکس،
لەهێڵی ئیستیوایی ئەدەی.

خۆر، بەرگەی مستەکانی خۆت ئەگری،
بەهێزترین مستت لە ملی من ئەدەی

هێشتا، تۆم پێ باشترە خۆر،
جەهەننەمی بەلەززەت.

**سەرچاوە:**

**- G. BElloc, C.D.Tournadre.
Les chemins de la poesie francaise au xxe siecle. L.Delagrave. Paris. 1987.**



# ئەو کەسانەی لە کتێبێک هەڵڕژان

جەبار جەمال غەریب

من عاشقی کتێبێک بووم، جا چ هەیە لە کتێبێک شیرینتر، هەم ژنە و هەم خواردنەوە و هەم ماڵ و حاڵ. تەنیا دەستم بیگاتێ. لەوسەری شەقامەکەوە دەڕوانم بزانم ئەو دوکانەی ئەو کتێبەی لێیە، کراوەتەوە، بزانم بەردەمەکەی قەڵەباڵغە، یان نا. نازانم چەند نزیک دەبمەوە گەشکەیەک دەکەوێتە ناو دڵم و مێروولەیەک لە هەرە زەرد و بچووکەکان لە قووڵترین خانەی مێشکم بەڕێ دەکەوێ، خەڵکی هەمووان ژنە پان و بۆن ئارەقەکانی کۆڵانەکەمان و دوکاندارە گوێ پڕ مووەکەی ئەوسەری کۆڵان و مامۆستا کۆنەکانی قوتابخانەم و ئەو کچە سەر ڕەنگکراوانەی پانتۆڵی تەسک تەسک لەپێ دەکەن و ئەو پیاوە خوێڕیانەش، ئەوانەی گرەو دەکەن لەسەر ئەوەی داخۆ ئەو کچانە دەرپێیان لەپێیە، یان نا، هەر هەموو یەک قسەم پێ دەڵێن ئەویش ئەوەیە گوایە ئەو مێروولە زەردە مێشکی خواردووم و ئیدی من عەقڵێکم نەماوە پێی بژیم. ڕاستە من هەست بەو ختووکانە دەکەم، ئەو مێروولە جێنشینەی ڕێگام داوە لە مێشکمدا بژێت، بۆم دەنێرێ، بەڵام باکم نییە و پێم وایە مێشکێک مێروولەیەک بتوانێ بیخوا هەر بۆ نەمان چاکە.

ئەو کتێبە لەسەر ڕەفەی بەرانبەر دانرابوو، بۆم هەڵنەکەوتبوو دەستی لێدەم، یان بیهێنمە خوارێ و کەمێک لە نزیکەوە لە بەرگەکەی ڕامێنم، ئەی خودایە چەند خۆشە بەری دەستت بە بەرگی کتێبێکدا بێنی. لەو بەرانبەرەوە دەمدی، لەسەر بەرگەکەی کەسێک کە دیار نەبوو ڕەنگی جلەکانی چۆنن دەڕۆیشت و تەیرێک کە دیسانەوە دیار نەبوو داڵە کەرخۆرە، یان بازی بەخت بە دوایەوە بوو، لای سەرەوەی شینێکی تۆخ بوو بەدەیان ئەستێرە ڕازابۆوە، هەرچەند

نزیکتر دەبوویەوە، ئەستێرەکان زیاتر شێوەی مرۆڤی بچووک بچووکیان وەردەگرت. کەسیش نەیدەزانی ئەو پیاوەی کە دەڕوات چ لەپێش خۆیەوە دەبینێ.

*   *   *

تێدەپەڕیم و وامدەزانی خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەتباتە جیهانێکی دیکە، من باوەڕم بە جیهانێکی دیکە نییە لەسەر کاغەز نەبێت. جیهانێک کە پێوەندی بەو جیهانەی ئێستامانەوە هەبێ. باشتر بڵێم وامدەزانی لە دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە دەچییە دنیایەکەوە کە هیچ ناچار نی بۆو دنیایە بگەڕێیەوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش ژیان لەناو کتێبێکدا چەند خۆشە، لاپەڕەیەک سزا نادرێت و وشەیەک وشەیەکی دیکە ناداتە بەر شەق و فاریزەیەک خاڵێک ناسڕێتەوە.

پێش ئەوەی بگەمە کتێبەکە هەر بیرم لەوە دەکردەوە کە دوای ڕۆیشتنم لەو دنیایە چی هەیە بیری بکەم و بۆی بە پەرۆش بم. منداڵی خۆم، یان یەکەم هاواری لە دایک بوونم لە کونجێکی هەرە تاریکی گوندێک کە هەموو بەهار و پاییزێک ژێر ئاو دەکەوێ جێهێشتووە، لە پۆلیشدا ئەوەندە تەریک و بێ دەنگ بووم تەنیا لە کاتی میزکردن بەخۆمدا قوتابییەکانی هاوپۆلم دەیانزانی هەم و زەحمەتی ئاوڕدانەوەیان بۆ لام نەدەکێشا و مامۆستای هەرە فەیلەسووفم، مامۆستای وانەی وێنەکێشانم دەیگوت:

– ئەو گوێ پانە هەر بۆ ئەوە هاتۆتە دنیاوە میزی پێدا بکات.

بە کەڵکی ئەوەش دەهاتم هەر مامۆستایەکە بیویستبا ئازایەتی خۆی تاقی کاتەوە، یان قوتابییە هارەکان بترسێنێ بەو پەنجە ئەستوور و پانەیان تا خوا پێی خۆشە زللەیەک لە بناگوێم بسرەوێنێ. لەو هەموو لێدانەی دەموچاوی باریک و بێ هێزم لەماوەی شەش ساڵدا من تەنیا تاقە گوێیەکم لەدەست دا و لەوەدا سەکەوتوو بووم کە گوێی ڕاستم بۆ هەمیشە بە سەلامەتی پاراستبوو.

دەبێ من بە هەر نرخێک بێت ئەو کتێبە بخوێنمەوە. ئاخ تەنیا توانیبام ئەو کتێبە دەستخەم. ئیدی چیم هەیە من لەو دنیایە پەرۆشی بم. دایکێک لە سپێدەیەکدا لەگەڵ ئاونگی بەیانی ڕەوییەوە، کۆمەڵێکماڵی منداڵی لە گەڕەکێکدا بەجێ مان. چەند هاوڕێیەک هەریەکەیان لە شێوەی پیتێکدا مردووە، کچێک لەفزی مەلایەک لێی ستاندمەوە، باوکێک بە بۆنی کاڵەکەوە ون بوو.

ئەو کتێبە هەموو شتێکە بۆ من، تەنیا بەرگەکەی بەشی ساڵێکم دەکات. لەسەر باڵی ئەو تەیرەی بەسەر پیاوەکەوەیە دادەنیشم و لەو ئەستێرە بۆو ئەستێرە دەگەڕێم.

یەکەم پیتی دەکەمەوە وەک ماڵی خۆم بێت بەدەنگی بەرز سڵاو دەکەم، ئەو دەنگ و نەبرەیەی تائێستا قسەم پێنەکردووە، چەند خۆشە خودایە لە پیتێکەوە بچییە ناو کتێبێکەوە، پیتێک ئارەزووکەی وەک پەنجەرە لێیەوە بۆ دنیا دەڕوانی و حەز بکەی وەک دەرگا دایدەخەی.

لە شووشە بەندی بەردەم دوکانەکە سەیری خۆم کرد، شەرمم کرد و تۆزێک گەڕامەوە، ئەرێ ئەو دیمەنەی ناو شووشەکە من بووم، چ زەمەنێکی دڵ ڕەقە وەک یەک دەچێتە ناو پێست و چاو و مووی سەرەوە، ئەو دیمەنەم بۆوە دەبێ بچێتە ناو ئەو کتێبەوە؟ ئاخ خودایە ئەو جلە نەگبەتانەم یەکجار لەناو ئەو کتێبەدا بتەکێنم بەسە بۆ ئەوەی هەموو سەرنشینەکانی بەتۆز بخنکێن. هەر زوو ڕووم لە دیمەنی خۆم کرد لە شووشە بەندەکەدا:

– نابێ ئەو جلانە بۆ ناو ئەو کتێبە بەری.

هەرکە بەرگەکەم هەڵدایەوە بەدیوەکەی دیکەیەوە جلەکانم هەڵدەواسم و بە قەیتانی پێڵاوەکانیشم لەسەری دەنووسم «مۆزەخانە» با ئەو پشتی بەرگە خەسار بێت و کەس نەتوانێ بەبێ ئەوەی لووتی بگرێت بەلایدا تێپەڕێ. کێشەم ئەوەبوو من چۆن بەڕووتی بچمە ناو دانیشتووانی ئەو کتێبەوە.

*   *   *

بارانێکی دڵۆپە گەورە باری و ڕووناکی ناو دوکانەکە کوژایەوە، لەنێوان من و کتێبەکەدا جگە لە بارستەییەکی تاریکی هیچی دیکە نەما. ترسام وشە و ڕستەکان، شار و ڕووبارەکان، خەڵک و گیاندارەکانی ناو کتێبەکە لەو تاریکییە ڕێ دەرنەکەن و هەڵرژێنە خوارێ و سەرگەردان بن.

پیاوێکی بەتەمەن، بەڵام چوست و چالاک و زیندوو، کورتە باڵایەکی باریک هاتە دەرێ، وەختێک دەستی برد دوکانەکە کلیل دا، بێ ئەوەی ڕووم تێکات بە دڵسۆزییەوە گوتی:

– شەوە تۆش بڕۆوە.

بێ ئەوەی تەماشای کابرای کلیل بەدەست کەم، ڕۆیشتم، لە پڕ گەڕامەوە تا لەوە دڵنیابم کە کتێبەکە لەو تاریکییە کپەدا هەڵنەڕژاوەتە ناو دوکانەکە و بەژێر جامخانەکەدا بۆ سەر شەقامەکە جۆگەلەی نەبەستووە. من

وامەزانی ترازانی پێیەک بەسە بۆ ئەوەی لەلاپەڕەی خۆتەوە بەربیەوە خوار، هەرکە گەڕامەوە دیتم پێش دوکانەکە وەک مەیدانێک ڕازاوەتەوە، مەقەڵی لەپێش دوکانەکە دانراوە، چەند کەس لەسەر تەخت و کورسی دانیشتوون و دووکەڵی کەباب و بەز بەنێو تەمی چڕ و بارانی تاریکی سەرەتای شەو تا خوا حەز کات دەڕوا. هەر خێرا تێکەڵیان بووم و لەپیاوێکی بەتەمەن و سەروڕیش سپی و بژم پرسی:

– ئەرێ ئێوە لە کتێبەوە هەڵڕژاون.

ئەو پێکەنی، نەرموگەرم پێکەنی، چاوەکانی ئەوەندە چووک بوونەوە وەک خاڵێکی دوور و بچووک دەدرەوشانەوە. بانگی کەسێکی کرد کە دیار بوو کەبابچییە و گوتی:

– کەبابێکی ناو کتێبانی بۆ بێنە..

جارێکی دیکە تەماشای منی کردەوە و درێژەی دایە

– بەڵام با شیشەکەی کاغەز نەبێت، دیارە ئەو شەویش برسییەتی.

کابرا بێ ئەوەی لە من بپرسێ، یان چاوەڕێی وەڵامی من بکات، دەستی گرتم و ڕایکێشام و لە تەنیشت خۆیەوە لەسەر لاتەختێک داینام و گوتی:

– دوێنێ شەو گەیشتینە کوێ، ئا..، ئێمە هەموومان، من، پاڵەوان ڕامسن و دەزگیرانەکەی، کە هەڵی گرتبوو لەگەڵ داروودەستەکەمان، هەر هەموومان سواری پاپۆڕەکە بووین بێ گومان لەبیرت ماوە من وەزیری یەکەمی پاڵەوان ڕامسن بووم،... ناوم..

منیش بێ ئەوەی مەبەستم بێت، یان خۆم بۆ ئامادە کردبێت گوتم

– سالاری خۆش نیشان.

لەگەڵ ئەو قسەیەی من بەڕاستی دڵخۆش بوو، بەڵام دیسانەوە گوتییەوە:

– ناوم سالاری خۆش نیشانە، ئەوەش لەلاپەڕەی سەدوپەنجاویەکی ئەو کتێبەدایە، دوژمنەکانمان ناتوانن لە وشکانی دوورکەونەوە، ئەوان لە گڵ دروست کراون و لە ئاودا دەتوێنەوە! بەڵام ئێمە لە باران، کەچی ئەو دوژمنە خوێڕیانە تیرێک دەهاون و بەر پاڵەوان ڕامسن دەکەوێ. تیرەکە چونکە باریکە ئەوەندەی پێی خۆشە دەچێتە خوارێ و پاڵەوان ڕامسن، چونکە لە ئاوی نەمری هەڵنەکێشراوە دەبوورێتەوە.

ئەو پیاوە سەروڕیش بژ و سپییە لێی پرسیم:

– خۆ لەبیرت ماوە دەزگیرانەکەی ناوی چی بوو.

منیش خێرا، کە تا ئەوکاتە کەبابە گەرمەکە گەیشتبوو، گوتم

– فەروقلیقا.

ئەو دیسانەوە دەموچاوە سوورەکەی ڕووناک بۆوە و گوتی:

– ئافەرم، ئەو ناوەش بابی لەکتێبێکی فارسیدا بەرچاوی کەوتبوو، هەرچەندە هەرگیز نەیتوانی بە تەواوی ناوەکە بڵێ. باوکی فەروقلیقا لەگەڵ ئەسکەندەری گەورە هێرشی کردۆتە سەر ئێران. ئەوە تا لاپەڕە سەد و پەنجاویەک، لە لاپەڕە سەد و پەنجا و دوودا فەروقلیقای کچە ئەمیر و پاشا پاڵەوان ڕامسن چەور دەکات. ناهێڵێ کەس تیرەکە لەشانی ڕامسن دەرهێنێ.

دیتم فەروقلیقا دەرگایەکی لە تەختی کەشتییەکە کردەوە، من ترسام ئاو بێتە ژوورێ، بەڵام ئەو بە پەیژەیەکی وەک جۆلانەکە بەناو ئاوەکەدا دەهاتو دەچوو چووە خوارێ، خانمی پاڵەوان پێی گوتین (بەدەنگێک کە هەموومان گوێمان لێ بێت)

– لەدوای من دەرگایەکە داخەن و چەندی دەکرێ خێرا بڕۆن، من دەڕۆم دەرمانی برینی پاڵەوان دێنم، تا دەتانگەمەوە، ڕۆژی تەنیا دووکەوچک شیری لەسەر ڕۆکەن، من خێرا گوتم:

– جەنابی سوپاسالار من حەز ناکەم لەو لاپەڕەیە تێپەڕم، حەز دەکەم بەو پەیژەیەدا بچمە خوارێ. دەمەوێ بڕۆمە ژێر ئاو، شارەکانی ژێر ئاو ببینم و هەر لەوێش بژیم.

ئەو گوتی:

– ئەوێش لاپەڕەیەکی دیکەیە، سەرەڕای ئەوەش تازە من ناتوانم ئەو دەرگایە بکەمەوە، دەبوو زووتر بچییە خوارێ، تۆ دەبێ چاوەڕێی فەروقلیقا کەی.

خێرا گوتم:

– ئەی تۆ چی دەکەی سوپاسالار، چیت پێ دەکرێ کە نەتوانی دەرگایەک بکەیەوە.

پیاوە پیرەکە کە ڕیشە سپییەکەی وەک بەروانکە بە سنگیدا هاتبۆ خوار، گوتی:

– من دەبێ ئاگام لە ڕامسن بێت ئەو هەم سەرۆکمە هەم پاڵەوان، دەبێ کەشتییەکە بەڕێوەبەرم و لە وشکانی دوورکەومەوە، فەرمان بدەمە دەروان و پاسەوانەکان، لەبیری چۆتەوە ئێمە لەشەڕداین.

گوتم:

– باشە، تۆ لەگەڵ ئەوان بەو فەرمان دەرکە، ڕێگاش

بدە من ئەو دەرگایە بکەمەوە بەدوای خانمدا بڕۆم.
ئەو تووڕە بوو و هاواری کرد:
– دەبێ دووجار هەمان پرسیار نەکەی، یاساشکێنی زۆرجار بە لەدەستدانی ژیانت تەواو دەبێ.

* * *

هەر لە سەرەتای لاپەڕە سەد و پەنجا و سێوە بیوومە جێنشینێکی دیاری ئەو کەشتییە و بەرگێکی تایبەت و کـلاوێکی جیاواز و بریسکەداریان دابوومێ. لەسەر کەشتییەکە مەشقیان پێ دەکردم و ڕمبازێنم دەکرد. ڕامسن لەپێشتر وامدەزانی دوو هێندەی من دەبێ و بازۆڵەکانی گوریسێکیان لێناکاتەوە لەوێ لەسەر چەند کەولێک درێژکرابوو، بالای هەر هێندەی من و تۆزێکیش بچووکتر دەبوو. مۆمێکیان لەپشت سەری داگیرساندبوو، مۆمەکە لە شاخی گیاندارێکی کێوی هەڵکێشرابوو، جارجار دەبوو زەیتێک کە لەشووشەیەکی خڕ دابوو لە شاخەکە کەم. ئەوە تاکە کاری دیار و هەمیشەییم بوو، سالاری خۆش نیشان لەگەڵ ژنێک کە کراسێکی سپی و درێژی لەبەردابوو دەهاتە ژوور سەری ڕامسن و لێدانی دڵ و ڕەنگی چاو و ناو دەمیان دەپشکنی بێ ئەوەی من ڕاسپێرن بۆ خۆم دوو کەوچک شیرم بە برینەکەیدا دەکرد.

ڕامسن ڕیشێکی تەنک و کورت و زەردی وەک کارەبای هەبوو. من ئەوەندەی سەیری دەموچاوی ئەوم دەکرد نیو ئەوەندە سەیری دەریام نەدەکرد. جگە لەمن ڕامسن چاودێر، یان پاسەوانێکی دیکەی هەبوو ئەویش باڵندەیەکی مل درێژی پێ ئەستوور بوو، پێیەکانی وەک هی قاز پەردەدار بوون، وەک بێژنگ کونی بچووک بچووکیان تێدا بوو. من تا ئەوکاتە باڵندەی لەو جۆرەم نەدیبوو. هەموو ڕۆژێ ئەو باڵندەیە جارێک دەفڕێ و ئەوەندە دەڕۆیی تا لەچاو ون دەبوو، هەرگیز نەمدی بە ئاسمانەوە بگەڕێتەوە، کاتێک دەمانزانی گەڕاوەتەوە و لەشوێنی خۆی بەهەمان دڵسۆزی و هێمنییەوە نیشتۆتەوە. بێ ئەوەی کەس ئەوەی ڕاگەیاندبێ، بەلام هەموو سەرنشینەکانی کەشتییەکە ڕایەکی وایان هەبوو کە هەر کاتێک ئەو باڵندە بڕوات و نەگەڕێتەوە ژیان بۆ ڕامسن ناگەڕێتەوە و دەمرێ.

بە بازی گەورە چەند لاپەڕەمان تێپەڕاند، من دەمویست ئەو لاپەڕانە لێکەمەوە، دەمویست فەروقلیقا بگەڕێتەوە، ئەو بە پەیژەیەکی تەناف ئاسا ڕۆیشتبوو، پەیژەیەکی تەناف بەناو دەریادا. دەمویست زووتر بگەڕێتەوە و دەرمان بۆ دەزگیرانە بێهۆشەکەی بێنێ، دەمویست وەفاداری ببینم، مردووی دیتنی دڵسۆزی و بەڵێنداری بووم. با ئەو دەرمانانەش ببینم کە ناویان دەرمانی نەمرییە. لەوەش گرنگتر ڕێگای ناو دەریام نیشان بدات و بگەمە شارەکانی بن ئۆقیانووسەکان.

* * *

بەیانییەک لەگەڵ کەوتنە سەر ئاوی یەکەم تیشکی خۆر، باڵندە پاسەوانەکە بەهێمنی چاوی کردەوە و سەیرێکی دەریای کرد و ڕوانییە شەپۆلێک هێندەی بالای زەلامێک هەستابۆ پێ، چووە سەر سنگی سالاری خۆش نیشان و قۆڵی ڕاکێشا تا گەیاندییە سەر ئەو دەرگایەی دەچووە ناو دەریا و فەروقلیقا لێیەوە ڕۆیشتبوو. سالار دەرگاکەی کردەوە و ژنێک کە سەرتاپای ئاو بوو، قژی کە تەواو وەک ئەو تیشکە زەردە کارەباییە بوو ئەوڕۆ کەوتبۆ سەر دەریا هاتە ژوورێ و کۆمەڵێک گیای بە کۆڵەوە بوو. جگە لەمن هەموویان سەرسام بوون و گوتیان:
– کوا فەروقلیقا؟

ئەو، بێ ئەوەی وەلام داتەوە، کۆڵە گیایەکەی لای ڕامسن داناو چەند توورەکەیەکی لە باخەڵەکانی دەرهێنا و گوتی:
– بۆ وا گۆڕاون؟ بۆ ئەو پرسیارە دەکەن؟
بانگی منی کرد وەک ئەوەی بمناسێ:
– تۆ، دیۆس ئەوە لەپێش منەوە لێرەی پاڵەوانی عاشق و فێڵ و ڕمبازی؟ من سەیری ئەو ژنەم کرد کە هەرگیز ڕێکەوتی نەکردووە هاوشێوەی ئەویشم دیبێ، بەلام ئامادە بووم وەک کرمە لینجەکان بەسەر پێیدا بکەوم و بۆ ئەبەد لێی نەبمەوە. حەزم کرد هەروا لەوێ بکەوم و بێ ئەوەی ببینێ پێم لێنێ و بە بن پێیەکانییەوە پان پان ببمەوە. بۆ خۆم بەوێ وەنووسێم. ئەوە ڕێک لە لاپەڕە دوو سەد و بیست و سێیدا بوو.

دواتر گوتی:
– ئەو گیایە بکوتە.

هەموو توورەکەکانی کردنەوە و لەهەریەکەیان شتێکی دەرهێنا ڕەنگی هەمووشیان جیاواز بوو، فەروقلیقا بە دەنگی خۆی گوتی:
– دەنکە شانی ڕەش، تۆوی گولەسیلین، ڕەگی گیای ڤالین، ڕوحی سوژ، چاوی دارسین. هێلکەی داسنی مۆر، دڵۆپە مرواری ڕەش، خەپڵەی شلۆ.

هەموویانی بە ژمارە و بە ئەنداز لێک جیا دەکردەوە و لەسەر بەردێکی سوور و لووسی دانان، ڕووکاری بەردەکە وەک گەلگامێش بەسەریدا گریابێت کونج کونج ببوو.

نایلۆنێکی کردەوە کە شووشەیەکی سپی لێ پێچا بوو، بە نووکە دەرزییەک ڕۆنێکی لێ دەرهێنا، بۆنێک چووە ناو لووتمەوە هەناسەم تا قووڵایی دەریاکە درێژ بۆوە. بۆ یەکەم جار ڕامسن جووڵەیەکی کرد کە تەنیا من هەستم پێ کرد کەوتە سەر کوڵمی. دەنکە تۆوەکانی بەو دەرزییە چەور کرد و دەیدایە ڕامسن. سێیەم ڕۆژ شلەیەکی سەوزی تاریکی بەو گیایە گرتەوە کە من کوتابووم. تۆزێکی خستە سەر لێوەکانی ڕامسن. دواتر پووشێکی چەوری لەبن قژی خۆی هێنایە دەر و لەو شوێنەی تیرەکەی بەرکەوتبوو بەڕۆن چەوری کرد و ئاگرێکی بچووکی لەسەر کردەوە، ئاگرەکە ڕەنگی سوورێکی تۆخ بوو. ڕامسن هاواری کرد، دەریا کەوتە شەپۆلدان و ئاسمان بە هەموو هێزی خۆی باوێشکێکی داو بارانێک وەک ئەوەی لە چلەم ڕۆژی تۆفانەکەی نووح باری دەستی پێکرد، هەموو کونوکەلەبەرەکان و دەروازەکانی کەشتییەکەمان داخست و چووینە قووڵایی ژوورەکانییەوە، ڕامسن بە ئاگا هاتبوو وەک کێوێک فەرمانی دەدا، هەر بە هەمان ناوی ئەو ژنەی سەرتاپای ئاو بوو، قژی وەک کانیەڕەش ئاوی لێ هەڵدەقوڵا، ئەو ژنەی کە تا ئێستا ناوی فەروقلیقا بوو، بانگی کردم:

– دیۆس، ئەی هەڵاتووی مەیدان، وەرە شمشێرەکەت هەڵگرە و وەرە جەنگی من.

سالاری خۆش نیشان وەک سەربازێک سەیری ڕامسنی دەکرد، لەوکاتەوە بە ئاگا هاتبۆوە ئەو سەربازە چەند سانتیمەترێک کورتتر ببۆوە، سەرسام وەستابوو، ڕامسن بۆ لای ئەو هاواری کرد:

– تۆ ئەوە ناناسی وەزیری حیکمەتمەندم، چۆن هێشتت بێتە ناو پاپۆڕەکەم، لە دوو لەشکری گەورە، لەدوو پاشاگەردانی گەورە من و ئەو ماوین. ئەو پیاوە بوودەڵە و هیچە چاوی بڕیوەتە فەروقلیقا. ئەو دیۆسە بەکرێگیراوەکەی بابی فەروقلیقایە، بەڵام حەیف ئەو عاشقە درۆزنە سەربازێکی ئازاشە، بۆ مەیدانبازی من هاتووە، هاسوپاسالاری جێگای متمانەم خۆ ڕێگات نەداوە دەستی بەدەستی دەزگیرانەکەم بکەوێت.

هەستم کرد باران و لافاو وەک لەشکرێکی گەورەتر پەلامارمان دەدات، هەوڵمان دەدا خۆمان بەپایە و کۆڵەکەی کەشتییەکەوە ببەستینەوە، سەرەگێژەمان پێکەوت و ڕشاینەوە، سەرتاپای ئەو لاپەڕانە ڕشانەوە بوون، بۆ ژمارەی لاپەڕەکان دەگەڕام، بەڵام کەوتبوونە بن ئەو خواردنە بۆگەن و ڕەشانەی لە قوڕگی دەریاوان و پاسەوانەکانەوە دەهاتە دەر. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شمشێرەکانمان فڕێ نەدا، ڕامسن دەستی بەکراسە درێژ و شینە کاڵەکەی فەروقلیقاوە گرتبوو، دەیگوت:

– نەترسی کەو یارم نەترسی، ئەو پیاوە هەر بۆ خۆشی و پێکەنینی تۆ دەکەمە سەد لەت.

فەروقلیقا چاوێکی بۆ لای من سووڕاند و گوتی:

– نا، پاڵەوان نا، لەشارە دوورەکان ئەو فریام کەوتووە، لە دارستانە هەرە چڕەکانی ناو دەریا ئەو پاراستمی، ئەو تەنانەت سەیریشی نەکردووم، نەیهێشتووە ئەو کڵێو خوێنانەشی بۆ بسڕمەوە کە بە سنگیدا دەهاتنە خوار، بێ دەنگ یەکە یەکە دوژمنەکانی لەناو بردووە، من ڕام دەکرد و ئەویش وەک تیرێک پشتی ئەو دوژمنانەی کون کون دەکرد کە دەستیان دەگەیشتە کراسەکەم.

ڕامسن لەوکاتەدا دەستی بەکراسی فەروقلیقاوە بوو، دەستی تۆزێک لەرزی و هێمنتر لەجاری پێشوو گوتی:

– ئەوە فێڵبازە، دڵ هەڵخەڵەتێنە، ئەو ئۆبنبازە سێ ڕۆژ لەمەوبەر، تەنیا سێ ڕۆژ هاتە سەر ڕێگام و تۆی فڕاند. لەبیرت نییە ئازیزەکەم لەبیرت نییە بەسواری عارەبانەیەک تۆی فڕاند، من تایەی ئەو عەرەبانەم نەدیت و باڵی گرتبوو و باڵ، لەبیرت نییە سینگی پێکام و هەڵات.

* * *

من بە چاوێکی نیوەکراوەوە سەیرێکی فەروقلیقام کرد و ڕامام، ویستم بڵێم من دانیشتووانی ڕاستەقینەی ئەو کەشتییە نیم، هەروا ڕاگوزاری بەو لاپەڕانەدا تێدەپەڕم، شمشێرەکانتان لە ئاویش بێت منی پێ دەکوژرێت، بەڵام خوێنی من لەو لاپەڕانە نابێتەوە، لەدڵی خۆمدا هاوارم دەکرد؛ هەموو دنیا دایکم و باوکم، براکانم و ئامۆزاکانم دەستگێرەکان و ڕۆژنامەفرۆشەکان، هەتیوباز و نوێژکەرەکانی هەموو خەڵکی گەڕەک بەشێتە بانگیان دەکردم، ئەو زرێپۆشانە چییە لەبەر منتان کردووە، من و لەشکر، من و شەڕ و مەیدان گرتن. ویستم بڵێم ئەو لاپەڕە هەڵدەمەوە ئیدی تەواو ژیان لەو دیوی ئەو پەڕە تەنکە شتێکی دیکەیە، باسەلامەت تێپەڕین، ویستم بڵێم تەنیا پەنجەیەکەم تەڕکەم و بەو لێوارەی دابێنم و هەڵیدەمەوە ژیانی هەموومان دەگۆڕێت. زمان وەک ماسییەکی بچکۆلە و پان کەوتبوو ناو خۆڵەمێشەوە و هەڵدەبەزییەوە، هیچم بۆ نەگوترا، ڕامسن گوتی:

– چاوحیزی فێڵاوی شمشێرەکەت ئامادەکە، شەرت

بێ میل بە چاوەکاندا بێنم.
فەروقلیقا دەستی ڕامسنی گرت و سەیری منی کرد، ناتوانم جووڵەی کەشتییەکە بوو لەبەر زەبری لافاو باران، یان هەر خۆی ویستی، بەرەو لای من خزی، ڕامسن شمشێرەکەی ڕاوەشاند و ئەو کراسە قورسەشین و شۆڕەکەی لێکەوت، بەژێر کراسێکەوە لەسەر ڕیتمی لەنگینی کەشتییەکە کەوتە سەماکردن و من دانیشتم، شمشێرەکەم لە تەختەی کەشتییەکە چەقاند و گوتم:
– سەد لەتم کە چاو ناترووکێنم،
ئەو بە پێخواسی سەمای دەکرد، لەسەر ئاوازی ئاو، من وەک بەرانبەر سڵاوی نیشتمانی وەستابم جووڵەم نەکرد، دەبێ شمشێرەکان بێ دەنگ و با ئارام و باران بە خوڕ بێت کاتێک ژنێک سەما دەکات. من هەرگیز سەمای ژنێکم نەدیوە وەک لاولاو لەشی خۆی بابدات، من ژنم لەودیو جلە قورسەکانەوە دیوە، دانیشتم و گوتم:
– ڕامسنی شەڕکەر، ئەو شێرەی بەرەو لای من دەوەشێنرێ دەبێ لە هەوا بۆ سەمای ژنێک بوەستێ.
ڕامسن گوتی:
– ئەوە دیۆسی شەڕکەر و جادوو بازە، ئەوەتا شیر لە هەوادا ڕادەگرێت، ئەو زۆڵە ژنەکانی شار و ناو لەشکری هەمووی عەشقی خۆی کردووە، ئەو ژن هەڵخەڵەتێنە دوای فەروقلیقا کەوتووە، کچێ لێی نزیک نەبییەوە تا سەری دەپەڕێنم.
فەروقلیقا هێشتا وەک نەمامێکی ناو ئاو بوو، یاسای لاپەڕەی پەیمان ئەوەبوو ئەگەر ژنێک سەما بکات دەبێ هەموو شتێ بوەستێ، ڕامسن یاساشکێن بوو، وەک ئەو جەردە دەریاییانە بوو یاسای دەریا نەبینن. بە هەموو هێزی بۆ لام هات و شمشێرەکەی ڕاوەشاند، دەستێک کە بازنەیەکی مووروی مۆری تێدابوو لاپەڕەکەی هەڵدایەوە، من چاوم نووقاند تا نەزانم چەند لەت دەبم، جارێ شمشێرەکەم دەرنەهێنابۆوە، چاوەڕێ بوو کەللەسەرم بکەوێتە سەر تەختەی کەشتییەکەو خوێنم بەدرزی تەختەکاندا بچێتە خوار و تێکەڵ دەریابێت.
ئەو شمشێرە هەرگیز نەگەیشتە من، گەیشتبووینە لاپەڕە سێ سەدویەک، ئەو لاپەڕەیە چەند خۆش بوو، فەروقلیقا دەرمانێکی دابۆ ڕامسن تا ڕام بێت و مێشکی بێتەوە جێگای خۆی. سەری منی کە هێشتا بە خۆمەوە بوو خستبۆ سەر ڕانی خۆی، تائێستا لاپەڕەی وا نیانم نەدیوە، پەنجەی بە ئاستەم لەگوێیەکانم دەدا، دەستی بەملمدا دەهێنا، گەیشتە جێ شوێنێکی بریندار لەسەر شانم و گوتی:
– دیۆسی ئازیز مەرج نییە ژیانت بەقژی منەوە ببەستییەوە.
جێ تەقەڵەکانی برینەکەمی دەژمارد.
– نۆ، دە، یازدە.. دەبێ نۆزدە تەقەڵ بێت، بۆنی گیای ئورجی لێدێت، لەبیرتە بەلاسکی ئەو گیایە بۆم دوورییەوە. ئەوانەی شەڕت لەگەڵ کردن ئەوانە دۆستی منن، منیان خۆش دەوێت، خۆشەویستییەک لەوپەڕی توندوتیژیدا، منیش لەوان نەرمونیانتر نیم لەوان شەڕانگێزترم تەنیا لەخۆشەویستیدا. ئەوان پەیژەی منن، بەسەر سەری ئەواندا هەنگاو دەنێم، دەچمە کۆشکی ڕەش، من لەکۆشکی ڕەشدا هەم– ئەو کۆشکە کە تەواوی لەمرواری ڕەشی دەریایە لەشێوەی کیسەڵدا ڕۆنراوە، لەسەر چوار پایە وەک لاقی فیل ڕاگیراوە، بەدەمێکدا کە تەواو لەسەری کیسەڵ دەچێت دەچینە ژوورێ، پێم بڵێ تۆ چۆن هاتبوویتە ناو ئەو کۆشکە، چۆن توانیبووت لەناو باخی سپیدا خۆت بشاریتەوە.
حەزم دەکرد ئەو لاپەڕە تا ئەودیوی باخەکانی فەروقلیقا درێژ بێتەوە و هەرگیز تەواو نەبێت. با شانم بریندار بێت و هەزار تەقەڵی پێوە بێت. بۆنێک لە قژ و دەموچاو و سنگی ڕژایە سەر چاوم، هێرشێک لە لەزەت، تیژتر لە شمشێرەکەی ڕامسن، قورستر لە بەردەکەی عەلی داگیری کردم. کە تەقەڵەکانی دەژمارد و سەری نزم دەکردەوە لە لێوەکانییەوە بۆنی خەیاری تازە قاشکراو بەسەرمدا دەهات. ئەو خەیارەی کولۆکیان لێنەکرابێتەوە، چەند خۆشە دیۆس بوون، بە ئاستەم چاوەکانم کردەوە، ئەو لەوپەڕی گەشانەوەیدا بوو، گوتی:
– ئەوان هێزیان لە بازوویاندایە، ئەوان هێزیان لەجنس و زەکەریاندایە، ئەوان هێزیان لە هەناسە و نەفەسیاندایە، بەڵام تۆ هێزت لەو چاوانەتدایە. خودایە چەند خۆشە ئەو لاپەڕەیە ئەبەدی بێت، ئەو چاوە هەتاو بردووانەی من هێز و توانابن، با من لەو لاپەڕەیەدا بەو تەمەنەوە بەجێ بمێنم، با هەموو دنیا هەنگاوم بەسەر هەڵێنن و من لێرەبم. خۆ من پاڵەوان نیم لاپەڕە بەلاپەڕە بمەن، کورسی بە کورسی هەڵمگرن و شار بە شار بمگوازنەوە. من نامورادێکم، بریندارێکم با لەو لاپەڕەیەدا هەر خوێنم لێبڕوا. خوێنی من بە تەقەڵ و دەرمان و دەرزی ناوەستێ. خوێنی من بە بۆنی قژی، بە بۆنی خەیاری تازە قاشکراوی لێوی بۆ ئەبەد بەهەمان ئەو تازەیەی خۆیەوە دەڕوات.

خۆ من ناپلیۆن نیم گەلێک لەوپەڕی پێشکەوتندا لاپەڕە بەلاپەڕە و کتێب بە کتێب و نەوە بۆ نەوە بمگێڕن. نا من گاندی نیم وشە بە وشە بمگوازنەوە، نا من محەمەدی فاتیح نیم ناوم بە قوتابخانەکاندا بگێڕن و کەشتییەکانم بەسیم پەڕاندبێتەوە و کەنیسە و مەسیحییەکانم بە شمشێر سەر بڕیبێ.

من کتێبێکی موقەدەسم نەهێناوە ڕستە بمگوازێتەوە بۆ ڕستە و بەردەمۆر بماتە دەست بەردەمۆر و لە بڵند گۆیەکەوە هەڵفرمە سەر بڵند گۆیەکی کە. هەر نەتەوە و کەلاکێک لە مێژوو لەگەڵ خۆی دەگێڕێ، بۆیە هەموو کتێبەکانی مێژوو بۆنی جەندەکیان لێدێت. من تازە دەبمە نیشتەجێی هەمیشەیی ئەو لاپەڕەیە.

فەروقلیقا گوتی:

– تۆ کوا ئەوەندە لاوازی ئەو پیاوانەت بەزاند کە لەکێو بەهێزتر بوون، دەبێ بڕۆین، ناکرێ چاوەڕێ بین.

گوتم:

– من لەمۆم دروست کراوم لەسەر کۆشی ژنان دەتوێمەوە، بەهەناسەی توورە بەسەریەکدا دەکەوم با هەر لێرە بین زۆر نا تا سەدەی سی و یەک و بەس، یان کاتێک دەڕۆین ئەو دەریایە بووبێتە شارێک تا ئەوسەری دنیا، با هەر بەو جلە سەیرانەمەوە بمخەنە مۆزەخانەوە، بەڵێن بێت ئەوکاتە بەو سیما کۆن و مۆمییەی خۆمەوە بە دەنگی بەرز حیکایەتی ئێرەیان بۆ بگێڕمەوە. بێ ئەوەی دڵم لەگەڵی بلەرزێ، بێ ئەوەی بیری کەس بکەم و فرمێسکم بۆ کەس لە دڵدا قەتیس بێت، بێ ئەوەی بەزەییم بە پەڕەسێلکەی باڵ شکاودا بێتەوە.

فەروقلیقا گوتی:

– وەرەوە سەر خۆت من ژنی دنیایەکی دیکەم، دەعبایەک نیم بۆ گریان و پاڕانەوە، ئەو لەشکرەی تۆ تەفر و توونات کردن هەر هەموویان ڕۆژێک لە ڕۆژان دڵدارم بوون، منیش دوایان کەوتم و ئارەقەی بن باڵیانم خواردۆتەوە، تۆوی دڵیان لەسەر بەردەستم و تۆوی جەستەیان لەسەر ناوکم ڕوواوە، دواکەسیان ڕامسنە، ئێستا دیلی ئەوم، ئەوان لەشکری پیاوە وەحشی و دۆڕاوەکان، تۆ بەو خەیاڵە هیچوپووچانەتەوە دەکەوییە بن پێیان، ئازاترینیان پێستی هاوڕێ ڕکەبەرەکەی دەکاتە پێڵاو.

* * *

من شمشێرەکەم بەدەستەوە گرتبوو، گەیشتبووینە لاپەڕە سێ سەد و چوار، یەکە یەکە پیاوەکانی ڕامسنم دەبەزاند، سالاری خۆش نیشان، تاکە هاوڕێ و ناسیاوم دەیگوت:

– خۆت بەدەستەوە بدە نامەوێ بتکوژم ئەی خیانەتکار، فەروقلیقا خۆشەویستی ڕامسنی گەورەمانە پێوەندی بەتۆی بەستەزمانەوە چییە؟

دەمویست وەڵامی دەمەوە و بڵێم من وێنەیەکم کەوتوومەتە ئەلبوومێکی هەڵەوە، دەمویست بڵێم من وشەیەکی سادەم و ئەو هەموو خاڵ و فاریزەیە چییە لەسەر منتان داناوە؟ ئاخر من تەنیا حەزم دەکرد ببمە بێستانەوان، سەر ئەو دەریایە بکەمە خەیار، تا ئەوسەری ڕەگی خەیار شۆڕبێتەوە، من چیم لەو هەموو کوشتنە داوە تەنیا دەمەوێ مۆخی ئاوەکان، گەردەکانی هەوا، لینجایی ناو ئێسقان بۆنی کلۆکی خەیاری لێبێت.

ویستم بزانم لەلاپەڕە چەند دام، دڵۆپێک خوێن کەوتە سەر ژمارەکە و داپیۆشی، شمشێرێکی باریک سەری لەسکمەوە دەرهێنا، ڕامسن پێکابوومی، من گوتم:

– هەی بێ مێشک بۆ لەدواوە شمشێرم لێدەدەن، هەموو کەسێک دەتوانێ لەبەردەمم بوەستێ و بمکوژێ و فێڵم لێ بکات. هەموو برینە قوولەکانی من لە پێشەوەن، من ڕووبەڕوو سادە و ترسنۆکم، ڕووبەڕوو زیاتر پێوەدەبم، هەڵدەخەڵەتێم. لەو شمشێرە مەترسن بەدەستمەوەیە، ئەوە تەنیا چەند هێڵێکە و لەسەر کاغەزێک کێشراوە.

هەر لەناو کەشتییەدا لە قەفەزێکی تەختە کرابووم. فەروقلیقا لەگەڵ ڕامسن لەسەر دۆشەکێک کە بە کەوڵی تووک درێژ ڕازابۆوە ڕاکێشابوو، لاقیان لەسەر یەکتر دانابوو، یەکتریان ماچ دەکرد و لەژێرەوە سەیری منیان دەکرد، ئاخ دەستم گەیشتبا دەرێ و ئەو لاپەڕەم دڕاندبا، ورد وردم کردبا. شەڕابیان لەدەمی یەکتر دەخواردەوە، زمان و لێویان سوور ببوو، سالاری خۆش نیشان خەریکی برینەکەم بوو، من خەریک بوو بێهۆش بم، دەمویست فەروقلیقا بەو دەرمانانەی هێناونی چارەسەرم کات، بێ ئەوەی ئاگای لەمن بێت توند پێکەنی و بۆنی خەیارێکی تازە قاشکراو بەسەرمدا هات و وریابوومەوە.

قەفەزەکە بە پەتێک هەڵواسرابوو، ئەگەر ئەو دووانە حەزیان لەڕابواردن بایە منیان شۆڕدەکردەوە ناو ئاوەکە، نقووم دەبووم، ڕابواردنەکەیان چەند زۆرتری کێشابا، لەزەتیان چەند قووڵتر بایە من زیاتر ڕۆدەچوومە ناو ئاوەکە، لەناو ئاوەکە هەوای ناو سینگم تەواو دەبوو، بەوەهمێک دەژیام ئەویش ئەوەبوو فەروقلیقا تەنیا لە

ترسی ڕامــسن یارمــەتیم نادات، دەنا لە دڵی خـۆیدا حەزدەکات لەگەڵ من بمرێت. حەز دەکات پڕ بە سییەکانی هەناسەم بۆ بێنێ و بێـتـە ناو ئاوەکـە، ئەو بیـرو خـەیاڵە تاکە ئۆکسجینی من بوو.

چاوەڕێی ئەو دەسـتـە ژنانەیە بووم کـە بازنەی مـۆری تێـدابوو، بێـتـو سەد لاپەڕە بەسـەریەکـەوە هەڵداتەوە، باخـراپـتـر بێ، با من لەقـەفـەزەکـەمـدا بووبمە پەیکەری ئێـسک، با جومگەکانیشم لێکترازابن و چاڵی چاوم و کونە ڕەشەکانی لووتم پڕ بووبن لە مێژوو، هەر لەوکاتەدا هەڵیانکێشامەوە، سەر کەشتییەکە بە کەسانی نەناس و زۆر داگیرکرابوو. شمشێرەکەی ڕامسن کەوتبوو، ئەوان هەر هەموویان باڵا بەرز و سینگ پان و پتەوبوون، وەک دێو تەواو وەک دێو پێـدەکـەنین، یەکـێکیـان کـە چاوی چەپی تانەی لەسەر بوو، گوتی:

– ئەوەتا، ئەو هەتیوە خەیانەتکارەی هات بۆ کۆشکی ڕەش.

یەکێکی دیکەیان پرسی:

– ها پاڵەوانی دەریاکان بۆ بەندکراوی؟

من هیچ قسەیەکم بۆ نەهات و ئەو بۆ خۆی گوتی:

– فەروقلیقا دڵی بەپیاوی پێست نەرم ناکرێتەوە.

یەکـێکی دیکەیان کـە وێنەی شـمـشـێـرێکی لەسـەر سینگی کێشرابوو گوتی:

– ئەو بدەن بە من با فەروقلیقا بۆ خۆتان بێت.

فـەروقلیـقـا لەسـەر کەشـتـیـیـەکـە بە ئازادی دەهات و دەچوو، لە باوەشیان دەکرد و ماچیان دەکرد، ئەو پیاوەی خۆی لەمن خۆش کردبوو، دەیویست ڕامکێـشێـتـە سـەر کەشتییەکە و لە قەفەزەکە کە تا ئەوکاتە هەڵواسرابوو بمهێنێتە دەرێ.

فەروقلیقا شمشێرێکی لەو گوریسەدا قەفەزەکەی پێوە هەڵواسـرابوو، لەو بەرزییـەوە کـەوتمە نـاو دەریاکـە و بەخێرایی نقووم بووم، لێرەوە دەکرێ هەمـوو لاپەڕەکانی کـتـێـبەکـە بتلیـسـێنەوە و وشەکـان تێکەڵ بن و هەرگـیـز نەخـوێندرێنەوە، منیش هەر بەو قـەفـەزەوە بکەومـە بن تاشە بەردێک.

لەپڕ فـەروقلیـقـا وەک مـارمـاسـیـیـە تیـژ تێـپـەڕەکـان هاتەخوارێ و ئەو پارچە گـوریسـەی بەقـەفـەزەکـەمـەوە مـابۆوە ڕایکێـشـا، هێندە خـێـرا خەریک بوو ئاوەکـە لە پێستمەوە بچێتە ناو لەشم، هەر بەو خێراییە بردمییە ناو ئەشکەوتێکەوە، لەوێ لە کونێکەوە فـڕێی دامـە خـوارێ تەنیا ئەوەندەم لەبیرە لەگەڵ بەربوونەوەم قەفەزەکە پارچە پارچە بوو.

* * *

ئێـرە لاپەڕە سێ سـەد و نەوەد و نۆیە، ئەو ژمـارەیەم دابەش کـرد بەسـەر سێ دا، حـەوت سـێی تێـدایە، کـۆم کردەوە دەبێتە بیست و یەک، ئەو ژمارەیەم خۆش ویست وەک نهـێنیـیـەک لەگـەڵی ژیام، هێـزی خـۆشـەویسـتـیش لەنهـێنی بوونیـدایە، بەڵام ئەو ئاشکرابوو لاپەڕەیەک نەبوو نەخـوێندرێتـەوە. فـەروقلیـقـا لەوپەڕی ناسکی و جـوانیــدا هاتە ژوورێ، باڵا بەرز و باریک، ڕووناک، جەستە ڕووناک، گوتی:

– ببوورە ئازیزم، ببوورە. من زۆر درەنگ فریاکەوتم.

من هیچم نەگوت تەنیا لەوپەڕی شادمانی و بێ دەنگی عاشقێکەوە سەیرم کرد، ئەو گوتی:

– ئێستا قەرزدارت نیم، هێنامییەوە نیشتمانی خۆت.

من دیسـانەوە سـەرسـام و حـەیران سـەیرم کـرد و ئەو گوتی:

– ئەوەتا هەمــوو ژوور و دەرگــاکــانی وێنەی تۆیان لەسەرە.

بیـرم لەوە دەکـردەوە دەبێ نەکـەوتبـمـە ناو فـیلمـێک لەوانەی لە فـیـرعـەونەکـان دەدوێن. دەبێ دەست دەمـە بەردێک و ئەشکەوت و کۆشکەکە بەسەرمدا نەڕووخێ. دەبێ ئەو دەرگـا و پەنجـەرانە ژمـارەی نهـێنیـیـان لەسـەر نەبێ.

ئەو دەستی گرتم و بردمییە ناو ژوورێکەوە پڕ لە هەڵم، جلەکـانمان وەک لەکـاغـەز بن توانەوە، فـەروقلیـقـا یەک هەسـتـی هاوبەشی هەبوو لە هەمـوو کـاتێک و لەگـەڵ هەمـوو پیـاوێک ئەویش جنس و خـۆشـەویسـتی بوو. چووینە ژوورێک و نانمان خـوارد، بە مـێـرغـوزارێکدا تێپەڕین، ئەو گوتی:

– ئەو هەمـوو دنیـا جـوانەت لەکـوێ بوو، چ فکر و پلانێکی جــوانت هەیە، ئەو هەمــوو ژوور و باغ و ڕێگایانەت لەکوێ بوون، من وەک کوڕی پاشـایەکی ناو ئەفسـانەکـان بم و هەموو ئەو مـاڵ و کێـڵگە و باخـەم بۆ بەجێ مـابێ شانازییەکی خاوەن ماڵی و خاوەن شکۆیی دەچووە ناو لووتمەوە و لەوێشەوە دەگەیشـتە ناو سینگم. ڕاسـتە من پاشا بووم و حوکمی ئەو مەملەکەتەم دەکرد، چونکە پاشـایەتی هیچ نیـیــە جگە لە جلوبەرگـێک و تاجێک، ئەو ژنەش باوک و مێرد و سەرۆک وەزیرم بوو. بوومـە ئەو پاشا منداڵەی تەنیـا بۆ خـۆی لەدنیـادا مـابێ ناچاربم بەتەمـەنێکی هەشت ساڵی حوکمی وڵات بکەم.

لەوە زۆر دەترسام، چونکە ئەو پاشا منداڵانە خاوەنی چارەنووسی خۆیان نین، دەستێک لە نادیارەوە نا، دەستێک لە تەنیشتەوە ئەو پاشا منداڵانەی وەکو من بەسەر ڕۆژەکاندا دەگوازێتەوە. ئەو دەستە چەند ژیانبەخش بوو سەد ئەوەندەش مەرگهێن بوو. من بۆ خۆم دەمدی لەپشت دیوارەکانەوە کۆمەڵەی وەزیران و پیاو ماقووڵان و ڕمڵ لێدەران لەسەر میراتی ئەو پاشا منداڵە یەکتر دەکوژن و پیلانی ترسناکیان بۆ یەکتر دادەنا کە دەگەیشتنە بەردەمی منیش پێدەکەنین و لەخۆشگوزەرانی ژیانی ناو کۆشک و حیکمەت و قسەی پڕ گەوهەرەکانی من دەدوان. من تەنیا لەو پاشایەتییەمدا دڵم بەو خۆش بوو، مادام دوانەوەی پاشایەتییەکی کۆن و ڕاستەقینەم لەکۆتاییدا کۆمەڵێک لە دڵسۆزان و پاڵەوانی گیانفیدا لەکاتی مەترسی ڕاستەقینەدا هەڵم دەگرن بۆ دوور دەمگوزنەوە و گیانی خۆیان بە هەدەر دەدەن و من واتا خوێنی پاشایەتی ڕزگار دەکەن، لەو کاتانەدا زۆر خۆپەرست بووم و ڕوحیەتی پاشایەتی کەللەی داگیرکردبووم و ئەوەی گرنگ بوو تێکنەچوونی ژەمەکانم و پیس نەبوونی پێڵاوەکانم و نەگەچڵانی جلەکانم بوو با لەو پێناوەشدا خوێنی بەنرخی دەیان لەو فیداکارە بەستەزمانانە بڕژێ، بەڵام من پاشایەکی خاکەڕام و وەختێک دەمخەنە سەر پشتی یەکێک لەو ئەسپە باڵا نزمانەی ئەوەندەی کەرێک دەبن، بۆ هاوسەنگی گیسکێکی سپی دەخەنە لا تێرەکەی بەرانبەرم، لەوێش ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە دەست بەملدا هێنانی ئەو گیسکە و ڕوانینە ناوچاوەکانی کە هیچ ترس و هەڕەشەیەکیان تێدانییە لەزەتێکە زۆر لە حوکمکردن و پاشایەتی خۆشترە.

* * *

ئێستا گەیشتبوومە لاپەڕە چوارسەد و چل و دوو، فەروقلیقا زوو زوو دەیگوت:

– بەڕاستی تۆ پاشا و پاڵەوانی ژێر دەریاکانی، تۆ پاڵەوانی جنس و ڕابواردنی، تۆ عەسای دەستی مووسای. دڵی هەموو زیندەوەرەکان لە دەستی تۆدایە.

لەوکاتەدا لە ژوورێکدا بووین، لەسەر تەختێک نووستبووین نەرم و شل بێ ئەوەی ڕۆچێ، جلەکانمان کە نەمدەزانی لەچ لاپەڕەیەکەوە دامان کەندبوو، لەسەر چەند سندووقێکی زێڕ دانرابوون کە تایبەت بۆ و مەبەستە دروست کرابوون. بێ گومان من ئەو جۆرە ڕەنگ و دووروونەم هەرگیز نەدیبوو تەنیا بەوە ناسیمەوە کە جلی منە. وەختێک زۆر زووتر لای ئاپارتمانێکی تازە دروستکراو تێپەڕیبووم بۆیاغێکی سوور کەوتبۆسەر قۆڵی چەپم. هەر بەو بێ بەرگییەوە فەروقلیقا چووە سەر کورسییەکی و پەنجەرەیەکی کردەوە و گوتی:

–وەرە بڕوانە.

دیتم ئاو، تا چاو بڕکات ئاو، کۆمەڵێک مێروولەی بێژمار، بەلاق و دەست و سەری گەورەوە هێندەی ماتۆرێک دەبوون. بە پردێکی ئاویدا دەپەڕینەوە، پردە زۆر کورت دیار بوو، ئەوانیش هەنگاوی گەورەیان دەنا کەچی پردەکە تەواو نەدەبوو، جار جار لەکونی زۆر بچووکەوە دەکەوتنە خوارێ و لەت لەت دەبوون. کۆمەڵێک کوللە دەرکەوتن و هەریەکەیانی هێندەی فیلێک دەبوون، لەگەڵ هەر خۆ هەڵدان و یاریکردنێک شەپۆلی گەورە دروست دەبوو، بەچەند بارێک پردی مێروولەکان ڕووخا، بەبێ ئەوەی کوللە فیلەکان ئاگادارین، یان حەز بەو وێرانکارییە بکەن. بۆقەکان هەر کامێکیان بەباڵای حوشترێک بەرزبوون، لەگەڵ هەر پێکەنینێکیان کەس نەیدەزانی چەندان گەردەلوول و لافاو دروست دەکەن.

هەر لەو دنیای ژێر ئاوە خۆرهەڵات و بە بریسکەیەکی نارنجی هەموو کون و کەلەبەرێکی ڕۆشن کردەوە. خۆرێکی تەڕ و بڕ، کوڕ و کچی بچووک و ڕەنگاوڕەنگ بەباڵای باریک و وشکیانەوە دڵنەوایی یەکتریان دەکرد، بلبلە بچووکەکان وەک لەسەر تەلی کەمان بنیشنەوە لەسەر قژی کچەکان کە ئاو بڵاوی کردبوون دەنیشنەوە و بەو دەندووکە باریک و دەرزی ئاسایەیان دانەدانەی قژەکانیان ڕایەڵی یەکتر دەکرد. منداڵەکانیان لەسەرپشتی کیسەڵە بچووک و لووسەکان دەخلیسکان و دەکەوتنە ناو شەپۆلێک و بەتیشکی نارنجی خۆرە تەڕەکە هەڵدەگەڕان و خۆیان هەڵدەدایە ئەو گوڵە ئاوییە سەد ڕەنگانەوە کە لەگەڵ کەوتنی ئەوان دەمیان دەکردەوە.

من ویستم پەنجەرەکە بکەمەوە و دەستێک لە ئاوەکە دەم، یان بچمە ناو ئەو بنیادەمە بچووکانە، فەروقلیقا خێرا دەستی گرتم و گوتی:

– نەکەی، وەک ئەوان بچووک دەبییەوە، جگە لەوە ئەوە پەنجەرەیەکی ئاسایی نییە.

گوتم:

– زۆر باشە، ئەوە ئەو دنیایەیە من دەمەوێ، من لەو دنیا زەبەلاحە بێزارم، با خێرا خۆمان فڕێدەینە ناو ئاوەکەوە، با بچووک بینەوە، بچووک بچووک بەختیاری

لەو بچووک بوونەوە دایە.
ئەو دەستی دەگرتم و من خۆم ڕادەپسکاند، ئەو بە پەلە پەل قسەی دەکرد:
- لەبەر من هەڵدێی، تۆ نازانی ئەو ژیانە چ ڕەنگە، تۆ نازانی لەزەت و تاڵی لەو بچووکییەدا چییە؟ خۆت فرێ مەدە کەس نازانێ بەچەند ساڵ دەگەیە لای ئەوان. تائێستا کەس لەزەتی منی جێ نەهێشتووە.
دەنگی فەروقلیقا هەر دەهات من دەمگوت:
- تۆش وەرە، با بڕۆین، من هەمیشە حەزم لە بۆنی کلۆکی خەیارە.
نەمدەزانی چەندە لە دەستی ئەو بەرەڵابووم، کەوتبوومە ناو بۆشاییەک، بۆشاییەک لە هەواو ئاو، ئێرە لاپەڕە چوار سەد و نەوەد و نۆیە. نازانم دەکەومە خوار، یان بەرەو سەر دەڕۆم، بۆشاییەک لەنێوان هەوا و ئاودا، ئەو لاپەڕەیە لاپەڕەی تەنیایی بوو، تەنیایی لە ئاو و خاک و هەوا و ئاگر. تەنیاییەک دەکەوێتە ناوەندی تەمەنەوە، دوور لەژن و دوور لە جەستەی خۆت. تەنیاییەک دەکەوێتە ناوەندی ڕەگ و لقوپۆپی درەختەوە. ئەو لاپەڕەیە لاپەڕەی تەنیایی بوو، تەنیا مەرەکەب لە شووشەوە تا سەر کاغەز، تەنیا تیشک لەماوەی هەشت چرکە و نیودا. تەنیا دوای تێکشکانی خۆشەویستییەکی شێتانە. تەنیا هەڵخلیسکانی چاو بوو بەقەدی ڕووتی گوڵەبەڕۆژەدا. تەنیا پرتەقاڵەکەی ناو مێژوو پێش ئەوەی نیوتن ببینێ. تەنیا ئەو ڕۆمانەی لەسینگی نووسەرەوە دێتە دەر تا دەگاتە لای عاشقێک. تەنیاییەک لەنێوان خۆم و ناوەکەم. لەنێوان دیۆسی پاڵەوان و خاوەن شکۆی بنەماڵە و ئەو زیندەوەرە بچووکانە. لاپەڕە چوارسەد و نەوەد و نۆ لەو لاپەڕەیەدا گۆچانێک نییە دەستی پێبگری. تەنیایی ئەو پیتە تەنیا و تەریکانەی جارێ نەبوونە وشەیەک. تەنیایی ئەو هەزاران هەست و شعوورەی بەدنیادا بڵاوبوونەوە و جارێ شاعیرێک سەردانی نەکردوون. تەنیایی وشەی ئەڤین لەناو کتێبی فەرهەنگدا. ئەو لاپەڕە تەنیایەی نەخەمناکە و نەدڵشاد. نە ژیانە و نە مردن. لەو لاپەڕەیەدا کەوتبوومە ناو قاوغی شکاوی هێلکەیەکەوە کە دایکم بۆ دۆستەکەی لەڕۆنی کردبوو.

* * *

کەوتمە سەر پشتی کیسەڵێک کە هەر هێندەی گوڵی لاولاوێک دەبوو، ئەی خودایە ژیان بەو بچووکییە خۆش بوو. بەبۆنی هەرمێیەکی دەریا سێ ڕۆژ دەژیام. ئێرە لاپەڕەی پێنج سەد و سی و چوار بوو، سەر نشینەکانی هاوڕێم جلوبەرگیان نەدەناسی و لەگەڵ یەک بوون و نەیاندەزانی وشەی عاشق بۆچی بەکاردێت و پیاوەتی و مەردایەتی هەر نەبوون، هەموو ئێوارەیەک بەدیار خۆرە نارنجییە تەڕ و بڕەکەوە دادەنیشن و بە پەنجە دەرزیلەکانیان کە هەریەکەیان ڕەنگێک بوو ئەو ڕۆژەیان لە قووڵایی ئاودا دەنووسییەوە ئەویش هەمووی تێکەڵ دەکردن و ئەو هەموو ڕەنگە تێکەڵەیان بەیەکدا دەدا و لەگەڵ چاولێکنانێکی خۆرەکەش ئیدی کاتێک نەدەما بەناوی ڕابردوو، ڕۆژی بەسەرچوو لەسروشتی ئەواندا نەبوو. بەمردن و ئازار ئاشنا نەبوون، کەسەکان وەک گەڵا دەوەرین و سواری پشتی سەمایەکی ئاو دەبوون، یان وەک دڵۆپە شەرابێک لە ئاوەکەدا بڵاودەبوونەوە و دەنکە دەنکە دەچوونەوە ناو خۆرەکەوە، کچێک بە قامیشێکدا گۆرانی دەگوت و وەک مۆسیقا بڵاودەبۆوە و کوڕێک لەسەر گەڵامێوێک سەمای دەکرد و کوڕ و کچێکی دیکە سەریان بە سینگی یەکتر دەکرد و دوو کەسی دیکە دەستیان بەقەدی ڕێحانەیەکی ئاوی گرتبوو سەیری چاوی یەکتریان دەکرد، کەسێک ئامیرێکی لەخۆی گەورەتری نەدەویست بۆ سەفەرکردن، بەناو چاوی یەکتر بۆ دوورترین شوێنی ئەو دنیایە سەفەریان دەکرد، لە قووڵایی یەکتردا پشوویان دەدا و لەبن ساباتی ناخی یەکتر ڕادەکشان و پێیە بچووک بچووک و قامکە وردیلەکانیان لەناو کانیاوی ڕوحی یەکتر دەنا و قژیان بەگەرمییەک لەدەمی یەکتر دەهات شانە دەکرد. لەو سەفەرانەی ناخی یەکتر کەس نەدەکوژرا و کەس پارچە پارچە و شوێن بزر نەدەبوو. زمانێکیان نەبوو بۆ گوتنی ئەو هەموو ڕستە بێ بایەخانەی عەشق و قەڵەمێکیان نەبوو بۆ نووسینەوەی ئەو هەست و سۆزە ناسک و پڕ ڕیاو حەیابەرانە. زمانێکیان نەبوو بۆ گوتنی ئەو هەموو ڕستەی موحیبەتانە. دووچاو و دوو پەنجە و سینگێکیان هەبوو بۆ یەکتر.
گوتم با ئەو لاپەڕە، با ئەو دنیایە ئەبەدی بێت، هەر لەوکاتەدا بەسەر لاسکی گوڵە شەڤینی ئاودا دەخلیسکام، بەو پێیە بچووکانەم لاپەڕەکە هەڵدرایەوە، لەو لاپەڕەیەدا هەموو زانیبوویان من هاتوومە ناویان، بێ ئەوەی تەعریفێکیان هەبێ بۆ من، ترسام بمخەنە ناو قاوغی کیسەڵێک لەوانەی هێندەی گوڵە لاولاوێک دەبن، بەڵام ئەوان ترسی ئەوەیان نەبوو کەسێک دوام کەوێت و بێت بەهۆی منەوە دنیاکەیان وێران کات، یان

فەروقلیقا بێت و لە ئاوی دڵیان دەرمان دروست کات. زانیم ئەوان ئەو لاپەڕەیە بە تیشکی پێشوازی دەزانن و هەریەکەیان هاتو لاسکی گوڵێکی خۆی لە دەورم ڕوواند. دە لاپەڕەی تەواو هەر ڕەنگی گوڵ بوو، ئەو گوڵانەی کە بۆنی و تامورەنگی خۆیان هەیە. من نازانم ئەو لاپەڕانە ناوبنێم چی، ناویان بنێم لاپەڕەی شیعر، شیعر بەو هەموو خوێن ڕشتن و شەڕە قورسانەیەوە، ئەو لاپەڕانە ناوبنێم لاپەڕەی خۆشەویستی و ئەوین بەو هەموو خیانەت و دڵ کونکردن و بێ چاو و ڕوویی خۆیانەوە، ناوی بنێم عەشق و موحیبەت بەو هەموو ڕقەڕەش و داغ نان بە جەرگی یەکترەوە، ناوی چ ڕەنگێکی لێ بنێم ئالوودە نەکرابێ بە گوناح و چاوسوورکردنەوە و مەرگ.

گوتم نا با ئەو ناوانە نەیەنە ناو فەرهەنگی ئەو مەخلوقە کرم ئاسایانە، باعەشق وێرانیان نەکات، با ئەڤین ئەو دوژمنە گەورەی پێکەوە ژیان لەتوپەتیان نەکات، با خۆشەویستی بەو هەموو فیز و خۆ بە گەورە زانینەی خۆیەوە خەڵتانی خیانەتیان نەکات، چییان ناو بنێم، ناویان بنێم قەڵەم و نووسین، کتێب و دەفتەر، ئایەت و موقەدەسات! دەستی خۆمم بەددانە ئیسفنجییەکانم گەست و بەخۆم گوت: نەکەی، ئەوانە تاوانبارە سەرسەختەکانی ژیانن، کەم نین ئەوانەی لەناو لاپەڕە و ئایەتەکاندا سەربڕان، کەم نین ئەوانەی بە ئەمری قەڵەم و مەرەکەب سڕانەوە، سوپاس ئەم جارە، تەنیا ئەم جارە عەقڵ هێزی دامێ و نەیهێشت ئەو هەموو شمشێرە بریقەدارانەی لەناو کتێبەکان هاتنەدەر بهێنمە ژیانی ئەو مەخلووقانەوە.

تاکە کەسێک کە دیاری بۆ نەهێنابووم، ژنێک بوو، ویستم خۆم بکەم بە کوڕی ئەو، زانیم بۆیە دیاری نەهێناوە، چونکە پەلکی گوڵێکی کردۆتەماڵی خۆی و لەوەش زیاتر بەهی خۆی نازانێ تا بیبەخشێ، گوتم چەند ساڵە لەوێ دەژی، تێیان گەیاندم کە پێنج سەد و هەشتاو یەک ساڵی تەواوە، چ ببینم من گەیشتوومە لاپەڕە پێنج سەد و هەشتاویەک.

چەند کەسێک بە گاڵتە و پێکەنینەوە ڕایان دەکێشام و لەلاپەڕەیەکەوە فڕێیان دەدامە لاپەڕەیەکی دیکەوە. چاوم بەسەر لاپەڕەکاندا نەدەگێرسایەوە، نەمدەزانی لاپەڕەکان سپین، یان من ناتوانم بیانخوێنمەوە.

لەناکاو دەستێک کتێبەکەی بەتوندی پێوەدا و من کە لاپەڕەیەکم بە دەستەوە بوو، فڕێی دام و بە دیوارێکیدا کێشام و وەک بەردێک کەوتمە خواروێ، چەند دڵۆپەبارانێک بەردەم و چاوم کەوتن و وام هەست کرد بەناو گەردەلوولی باراندا دەڕۆم کەسێک لەوسەری دنیا چاوەڕێم دەکات. هەمان پیاوی دوکاندار، چوست و چالاک و کورتە باڵا، دەیگوت:

– ئەوە گەیشتوویەوە ئێرە، لە چ دنیایەکەوە هاتووی، ئەو جلانەت لەکوێ بوون.

من هەروا سەرسام دەمڕوانی، دیتم سالاری خۆش نیشان لەگەڵ ژنێک کە زۆر لە فەروقلیقا دەچوو هێمن و لەسەرخۆ دەڕۆیشتن، خێرا هەستام و گوتم:

– ئێوەش لەکتێبەکەوە هەڵڕژان؟

سالار دەستی لەناو ڕیشە سپی و درێژەکەی نابوو، بزەیەکی فەیلەسووفانەی هاتێ، کابرای دوکانداریش پرسی:

– کام کتێب؟


من بەترسەوە دەستم بۆ کتێبی سەر ڕەفەکە درێژکرد، ئەویش زۆر بەسووکی دەستی برد و هێنایە خوارێ و گوتی:

– خۆ ئەوە تەنیا بەرگی کتێبێکی کۆنە و هیچ لاپەڕەیەکی تێدا نییە هەر بۆ جوانی لەوێم داناوە.

من لاپەڕەکەی لەکاتی فڕێدانمدا بەدەستمەوە هاتبوو، لەبن باڵم شاردمەوە و ڕۆیشتم.

ئێستا ئەو لاپەڕەیەم لایە و بەجۆرە زمان و جۆرە پیتێک نووسراوە هەرکەسە و بەجۆرێک دەیخوێنێتەوە تەنیا من هیچی لێ تێناگەم.

**کۆتایی ۲۰۰۸ و سەرەتای ۲۰۰۹ هەولێر**



# فڕین بەدەم خەونەوە

**جووتیار ئەحمەد**
**(سلێمانی)**

ئێستا چۆنێتی مردنی خۆمتان بۆ باس دەکەم، کە لەکاتێکدا خەونم دەبینی، لەو خەونەمدا تووشم بوو بە تووشی سەفەرێکی دوورودرێژەوە. ئەو خەونەم کە ئێستاش بەردەوامە، لەو زەمانەدا بوو کە دەمویست لەسەر شێوازی چیرۆک نووسینی خۆرخە لویس بۆرخیس لە خەوندا پەی بە خەونی کەسێکی تر ببەم. واتە دەبێ ئێستا لە خەونی ئەوکەسەوە دەست بەگێڕانەوە بکەم کە ویستم بزانم ئەو کەسە خەون بە چییەوە دەبینێت، ئێوە تا خەونی ئەو نەبیستن ناتوانن خەونەکەی من بخوێننەوە، واتە کلیلی تەفسیری خەونەکەی من خەونی ئەو کچەیە.

(١)

ڕەفتاری زۆر سەیر بوو بەشێوەیەک کە لە هەموو کچەکانی تر جیاواز بوو، هاوڕێیەتی کەسی نەدەکرد، هەمیشە بە تەنیا بە ڕێگەدا دەڕۆیشت و چاوەکانی لێکدەنا و لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، دەیانوت لە حەوشەدا خەریکی دروست کردنی باڵە تا بفڕێت. سەرەتا وتیان دەیەوێ ببێتە جادووباز، بەڵام پاش ماوەیەک کە هیچ دەرنەکەوت وتیان شێت بووە، دەیانوت کوڕێکی خۆشویستووە، ئەو کوڕە بووە بە پەڕەسێلکە و فڕیوە، لەبەر ئەوە ئەم کچەش هەوڵی فڕین دەدا، ئەم قسەیەی دواییان زۆر ئازاری براکەی دەدا. باڵەکانی لە شان دەبەست و دەچووە سەر ستارەی خانووەکەیان بە چاو نوقانەوە ڕادەوەستا بۆ ماوەی کاتژمێرێک وێردی دەخوێند، کە هیچ کەس لێی تێنەدەگەیشت، لەهیچ زمانێک نەدەچوو غەڵبە غەڵبێکی سەیر بوو، لە زمانی دنیایەکی تازە دەچوو، چەندین جار باڵەکانی ڕادەوەشاند، بەڵام بەرەو

ئاسمان بەرز نەدەبووەوە، پاشان دەستی دەکردە گریان و دادەبەزی دەچووە ژوورەوە. ئەو قسـانەی کـە خـەڵک دەیانوت هیچیـان ئەوە نەبوون کـە مرۆڤ بڕوایان پێ بکات.

خـەڵکی گـەڕەک هەمـوویان لە دەوری مـاڵی ئەوان کۆدەبوونەوە، تا گەیشتـە ئەو ڕادەیەی برا گـەورەکـەی نەهێڵێت لەحەوشەوە سەر بەرز بکاتەوە بۆ دەرەوە و خەڵک بیبینن، یان لەماڵ بچێتە دەر، چونکە زۆربەی کـات بەخۆی و باڵەکانییەوە لەسەر ستـارەکە بوو، بە زمانە تایبەتییەکەی خۆی دەستی دەکرد بە وێرد خوێندن، بردیانە لای باشترین پزیشکی دەروونی، بەڵام چارەسەر نەکرا، لەو زەمانەدا یەکێک لە شارەزاکانی زمـان کـە ناوبانگێکی جـیـهـانی هەبوو، بۆ خـوێندنەوەی بەردەنووسراوەکانی مێژووی شار هاتبوو، کە شارەزای زۆربەی زمانە زیندووەکانی دنیا و زمانە مردووەکانیش بوو، کـچـەیان برد بۆ لای ئەو زمـانزانە تا لە ڕێگەی تێگەیشتنی زمانەکەیەوە نەخۆشییەکەی چارەسەر بکا، شـوێنەوار ناسـە زمـانزانەکـە وتبـووی پێـدەچێت ئەوە زمـانێکی تایبەت بەو کـچە بێت، کە دنیایەکی تری بۆ خۆی دروست کـردبێت، تا ئێـستـا زمـانی لەم جۆرەم نەبیستووە، ئەمە زمانێکی تازەیە کە بێ گومان سەر بە دنیایەکی ترە، واتە چارەسەری نەبوو.

ئێمە لەگەڵ ئەواندا ماڵێکمان بەین بوو، من زۆر حەزم دەکـرد بزانم ئەو کـچـە چ ئاواتێکی هەیە، لەدڵەوە چاودێریم دەکـرد، هەمیشـە گوێ قوڵاغ بووم تا بزانم چی بەسـەر دێت. پاش ئەوەی براکەی لە خـەڵکی گـەڕەک دایبـڕی، بە ڕۆژ نەمـەدەبینی ناچار دەبوایە شـەوان لەسەربانەوە سەیر بکەم، لەوە بەدواوە من بەڕۆژ دەخەوتم و بەشـەو ئێشکگری ژیانی ئەو کـچە بووم. هاوین بوو ئەوان لە حەوشە دەخەوتن، تەنیا کاتی خەو کچەکەیان دەهێنایە حەوشە ئەویش بۆ خەوتن، من تەنیـا ئەوکـاتە دەمبینی، باوکی و برا گەورەکەی هەریەکە و دەچوونە بن باڵێکییەوە و دەیانبردە سەر نوێنەکـەی، ئەو کچە هیچ ئاگای لەخۆی نەبوو، خەون بۆ ئەو ببوو بە ژیان، هەموو شەوێک بەو شێوەیە بوو. کاتێک نەیان هێشت بچێتە دەرەوە لەنێو مـاڵێکی بچووکدا هەر بەچاونووقـانەوە لە هاتوچۆدا بوو، بەردەوام بوو لە خەون بینین، باڵەکـانی ڕادەوەشـاند، بەڵام بۆی دەرکـەوت ئەو مـاڵە سنوورەکەی ئەوەندە بچووکە کە ناتوانێت باڵەکانی تێدا ڕاوەشێنێت، زۆر غەمبار بوو، لە دنیای بینین هیوا بڕاو بوو، گەیشتە ئەو بڕوایەی کـە خـەون ببـینێ، بەڵام خـەونێک بۆ هەمـیشـە، ئەمەش لە ڕێگەی دەرمـانی خـەوەوە دەهاتە دی، کـە دکـتـۆر بۆی نووسـیـبـوو، کـە هەسـتی دەکـرد خەونێکی ئەبەدی پێ دەبەخشێت.

شەوێکیـان کە خەڵکی شار نقومی خەو بینین بوون، کـاتژمـێر سێی شەو کـچەکە لە خەو هەستـا بەخۆی و باڵەکـانییـەوە، چووە دەرەوە بێ ئەوەی کـەس ئاگـای لێ بێ، بەرەو چۆڵەوانییەکەی قەراغ شار بەڕێکەوت، کە لە گەڕەکەوە نزیک بوو، لەو چۆڵەوانییـەدا تەنیـا گـوێت لە وەڕینی سـەگـەکـان دەبوو. منیش دووراودوور شـوێنی کـەوتم، تا لەمـاڵ دوور دەکـەوتینەوە. گـوێم لێ بوو لەبەر خـۆیەوە ورتە ورتی دەکـرد، لەتری دەدا و خـۆی ڕاست دەکـردەوە، سەرەتا وام دەزانی کەسێک لەو چۆڵەوانییـە چاوەڕوانێتی، بەڵام کەسم بەدی نەکرد، چەند خولەکێک لەوێ ڕادەوەسـتـا لەبەر خۆیەوە قسـەی دەکـرد بێ ئەوەی بجووڵێت، پاشان دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، کەس بە خەبەر نەبوو دەچووە سەر جێگەکەی دیسانەوە دەخەوتەوە.

گومـانم لا دروست بوو کـە کەسێک لەگەڵ ئەم کـچەدا ژوانی هەیە، بەڵام ئەوکـەسـە نایە بۆچی؟ لەبەر ئەوەی بەنیـازە ئەم کـچە فـریو بدات. پێشـهـاتەکە پێچەوانەی بۆچوونەکەی من بوو، شەوی دواییش بە هەمان شێوە لە هەمان کاتدا ماڵی بەجێهێشت بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێ، بەرەو چۆڵەوانییـەکەی قـەراغ شـار بەڕێ کـەوتەوە، کـاتێک بەشـوێنی کـەوتم بینیم بەهەمـان شێوەی شـەوی ڕابردووە، لێی نزیـک بوومـەوە تا بزانم ئاگای لەخۆیەتی، بەڵام زانیم کـە بەهیچ شـێـوەیەک من نابینێت، هەست بەبوونم ناکات. ئیدی بۆم ئاشکرا بوو کە ئەو کچە بەدەم خـەونەوە دەڕوا، لەدنیـای واقـیع دابڕاوە، لە خـەوندا بەشوێن ئاواتەکەی خۆیدا دەگەڕێت. وەک شەوی ڕابردوو بەرەو مـاڵ بەڕێکەوتەوە، من بە تەنیشتییەوە دەڕۆیشتم کە هیچ هەستی بەبوونم نەدەکرد، کـاتێ هەورازەکـەمـان جێـهێشت و مـاڵەوەمان لێدەرکەوت، لە دوورەوە بینیم کەسێک لەتاریکاییەکەی بەردەم ماڵەوەیان ڕاوەستابوو، دەستبەجێ لەو جیابوومـەوە، ڕێگەیەکی ترم گـرتەبەر تا ئەو کـەسە نەمناسێتەوە، خۆم لەتاریکی هەڵکێشا. کچەکە بەدەم خەوەوە گەیشتە بەر دەرگای ماڵەوە، گوێم لەدەنگی گـوللە بوو، مـوچڕکـەیەک وەک هەورە برووسکە جەستەمی ڕاچڵەکاند، لەو کاتەدا دنیا بەشێوەیەکی سەیر تاریک داهات، تاریکایی پڕبوو لەدەنگە دەنگ، ئەو ڕێگەیەی کە من گرتمە بەر درەنگتر دەیگەیاندمە ماڵەوە، بەڵام پاش ئەوەی گـوێم لەدەنگی گـوللە بوو زیاتر هەنگاوەکـانم هەڵێنا، بینیم خـەڵکی گـەڕەک مـاڵی کچەکەیان تەنیوە، جەستەی کچەکە لەو ناوەدا کەوتبوو، ڕوخساری بەخوێن سوور ببوو، براکەی گوللەیەکی نابوو بە تەوێڵییەوە، بێ ئەوەی بهێڵێ خەبەری بێتەوە، بێ ئەوەی خەونەکەی بپچڕێنێ هەناسەی لەبەر بڕیبوو، واتە

کچەکە بەدەم خەون بینینەوە گیانی دەرچووبوو، چاوەکانی لێک نەدەنا، دایکی چەند جارێک دەستی خستە سەر ناچەوانی، تا کچەکەی بۆ هەمیشە چاولێکنێ، بەڵام کچەکە چاوەکانی لێک نەدەنا، نەیدەویست بمرێت، چونکە ئەو لە خەون بینین بەردەوام بوو.

گوێم لە دەنگی ژنێک بوو دەیوت ڕۆڵە ئەو قەتڵەت بۆ کرد، ئاخر ئەو داماوە خۆ ئەقڵی لەسەردا نەبوو، خۆتان نەتانوت هەمیشە دەخەوێ و ورێنە دەکات. پیرەژنێک لەو لاوە بەدەنگێکی زیکن دەیوت باشبوو زوو کوشتتان ئەگینا سەری ئەم گەڕەکەی شۆڕ دەکرد. براکەی کە بە تەنیشت باوکییەوە ڕاوەستابوو دەمانچەکەی لەدەستیدا دەخولاندەوە، کە لە پەیکەرێکی ڕەش دەچوو، وتی کوشتم، وەک دەڵەبەبایەک تۆپاندم. گوێم لە دەنگی نێرینەکانی گەڕەک بوو دەیانوت زۆر جوان ناوچەوانی پێکاوە، ئافەرین بۆ خۆت و پیاوەتیت، ئیدی ئێمە وەک برا گەورە لێت دەڕوانین. ئەو شەوە ئەوەندە تاریک بوو کە هیچ کەس نەدەناسرایەوە، ئەستێرەی بەختی ئەو کچە شەوانی ڕابردوو بەشێوەیەک دەدرەوشایەوە کە دۆست و دوژمن لە تاریکیدا زۆر بە ئاسانی جیادەکرانەوە، بەڵام بە کوژرانی ئەو کچە ئەستێرە ون بوو، هیچ ئەستێرەیەکی تریش توانای ڕاونانی تاریکیان نەبوو، لەو زەمانە دەچوو کە ژنە جاودووبازەکان پێشبینی سەردەمێکی ترسناک دەکەن. گوێم لەدەنگی نێرینەیەک بوو کە نەمدەناسییەوە جەستەی لە شەو ڕەشتر، لە سێبەرێکی ڕەش دەچوو، وەک ئەوەی نقومی خەم بووبێت، سەری ڕادەوەشاند و تفی لە دەوروبەری خۆی دەکرد، زۆر بە لەش داهێزراوییەوە بەرەو ماڵ بەرێ کەوتەوە، کاتێک قسەی دەکرد پشتی لە خەڵکەکە بوو، قسەی هاوڕەگەزەکانی بەدرۆ دەخستەوە بەدەنگێکی پڕ سۆزەوە دەیوت، دەستت بشکێت خۆزگە لە ئەزەلەوە هەردوو دەستت نەبوایە، ئاخر ئەو کچە تەنیا دەیوست بفڕێت، چ تاوانێکی هەبوو؟ ئەی لە جنسی زەوی بوگەن، ئەو دەیوست لە ئاسمانی بێگەردا ژیان بەسەر بەرێ، ئیدی لەم گەڕەکەدا هیچ خونچەیەک ناپشکوێ، هیچ کوڕێکیش ناتوانێت کچێک بکات بەژن. لەناو خەڵکەکەدا هیچ کچێک بەدی نەدەکرا، کچەکان زۆر ترسا بوون، تەنانەت نەیاندەوێرا بێنە حەوشەش، ئەوان لە پەنجەرەکانەوە سەیری ڕووداوەکەیان دەکرد، کە لەو شەوە تاریکەدا ڕوخساریانم نەدەبینی، بەڵام ددانە سپییەکانیان وەک مرواری دەدرەوشایەوە، چاوەکانیان وەک چاوی گورگ زیت کردبووەوە، تا هەستی براکانیان بخوێننەوە.

دایکی کچەکە ڕووی لە خەڵکەکە کرد وەک پاکانەکردنێک بۆ داوێن پاکی کچەکەی دەیوت، هاوار خەڵکینە ئەو لە ئاوی کانی ڕوونتر بوو، بەخودا بەدەم خەونەوە ڕۆیشتە دەرەوە، ئەو لەخەوندا ژیانی دەبردە سەر، وەرن سەیری بکەن ئێستاش چاوانی لێک نانێت ئەو ئێستاش زیندووە، بەڵام خەون دەبینێت. براکەی وەک جوامێرێک خۆی نیشانی خەڵکەکە دا، بەسەر ئاماژەی بۆ ئەو کوڕە کرد کە تفی لە دەوروبەری خۆی دەکرد و بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشتەوە، دەیوت خۆم دەزانم بۆ کوشتم بەم نیوەشەوە لەگەڵ کوڕێکدا لەو چۆڵەوانییەی قەراغ شار دەگەڕایەوە، بەڵێ خۆم کوڕەکەم بینی کە پێش ئەوەی نزیکی گەڕەک ببنەوە لێی جیابووەوە، تاریکی هەڵی لووشی ئەگینا ئێستا خوێنی ئەویشتان دەبینی، هیچ کەس ناتوانێت بەدەم خەونەوە ڕێگەی درێژ ببڕێت، خوشکەکەم کە گەیشتە بەر دەرگا چاوی لە ئاست من شۆڕ بوو.

کاتێک براکەی وتی لەگەڵ کوڕێکدا بینیومە هەستم کرد ئەژنۆم پێوە نەماوە، منیش تفێکم ڕۆکردە سەر زەوی، بێ ئەوەی ئاگام لە خۆم بێ خەڵکەکەم جێهێشت.

جگە لە دایکی کەس خۆی لە تەرمەکە نەدەگەیاند هەموویان بەقاچ ئەم دیو ئەو دیویان دەکرد، وەک ئەوەی بیانەوێ لاکی سەگێکی تۆپیو بپشکنن، بەقێزەوە لێیان دەڕوانی، هەندێک دەمولووتی خۆیان گرتبوو، براکەی نەیهێشت دایکیشی دەست بۆ تەرمەکە ببات، خەڵک بڵاوەیان لێکرد، براکەی دایک و باوکی بردە ژوورەوە، لە سەربانەوە چاوم لێبوو ئەو کچەیان بە تەنیا لەتاریکیدا جێهێشت، دەرگەیان بەسەردا داخست، ئەویش بەدەم خوێن دانانەوە بەردەوام بوو لە خەوبینین. بەیانی کاتێک لە خەونێکی بێزارکەر هەستام وتیان تەرمی کچەکە نەماوە، هەندێک دەیانوت لە پیسیدا گۆڕیشی بەنسیب نەبوو، ئێمە ئەم شەو دوای ئەوەی بەتەنیا جێمان هێشت بینیمان هەر پارچەیەک لە جەستەی بەدەم سەگێکەوە بوو، کە لە سەگی ئەم شارە نەدەچوون کەڵبەکەکانیان لە شفرەی بەراز دەچوو، دەوەڕین و جەستەیان لە کەمتیار دەچوو، لەچاو تروکانێکدا لاشەکەیان خوارد و بزربوون. کچێک سوێندی خوارد کە دەمەوبەیان لە پەنجەرەکەوە چاوی لێ بووە بەرەو ئاسمان فڕیوە، ئیدی بۆ بوختانی بۆ دەکەن.


لاشەکەی بزر بوو، بەڵام لە شوێنەکەیدا پەڵە خوێنێکی سوور لە شێوەی گوڵاڵە سوورەدا بەجێما، کە بوو بەکابووس بۆ براکەی، بەهیچ شێوەیەک نەیتوانی ئەو پەڵە خوێنە لەبەر دەرگای ماڵەوەیان بسڕێتەوە.

(٢)

هەمیشە خەیاڵم لای ئەو کچە بوو، هەمیشە باڵندەیەک بوو لە خەیاڵمدا، بۆم دەرنەکەوت تا بزانم چ خەونێک دەبینێت، ئیدی منیش هۆگری ببووم، دەمووت دەبێت خەونی بەچ شتێکەوە، یان شوێنێکەوە بینیبێت؟ وا بەدەم خەونێکی ئەبەدییەوە کوژرا بێ ئەوەی خەبەری بێتەوە. هۆگربوونی من بۆ ئەو خۆشەویستی نەبوو، بەڵکو حەزم دەکرد بەو شێوەیە بمرم، واتە بەدەم خەونەوە، ئەو خەونەی ئەو دەیبینی مردنی لێ دوورخستەوە، دۆزینەوەی دنیایەکی تازە بوو. دوای ون بوونی لاشەکەی کە دەتوانم بڵێم (جەستە)شی چونکە ئەو نەمردبوو، هەستم بەوە کرد کە ئەو نەمردووە، بەڵکو خەونەکە ئەبەدییە و تا ئێستا خەبەری نەبووەتەوە. دوای ون بوونی ئەو زانیم کە مرۆڤ لەکاتی خەون بینیندا دەمرێت، هەست بە مردنی خۆی ناکات، جگە لەوەش لەوکاتەدا ترس بوونی نابێت، هۆی هەموو ئەوانەش ئەوەیە کە ئاگای لە گیان کێشانی خۆی نییە و نازانێ ئازار چییە، چونکە ئەو لەدنیایەکی تایبەت بەخۆیەتی، ترس لە مەرگ هۆیەکە بۆ دروستبوونی ئازار، ترسی سەرگەردان بوونی ڕوح بە هەمان شێوە هۆیەکە بۆ دروستبوونی ئازار. دەمووت ئاخۆ کاتێک مردن لەکاتی خەوبینیندا یەخەت بگرێت، ئیدی خەونەکەت دەبێتە سەفەرێکی ئەبەدی، بۆ تەواوکردنی خەونەکانی واقیع؟ ئەو کچە و خەونەکەی نەک خەیاڵ بگرە ژیانیشیان داگیرکردم، وتم هەر دەبێت بزانم چ خەونێکی بینیوە، بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو خەیاڵی خۆم لەو کچە و خەونەکەیدا نقوم کرد تا خەوم لێکەوت، کەوتمە ناو دنیای خەونەوە، ئەو دنیایەی کە دەترسی، بەڵام نازانی شەکەت بوون چییە، حەز دەکەیت کۆتایی کارەساتەکە ببینی، دنیای خەون خۆڵەمێشییە وەک ئەوە وایە لە پەنجەرەیەکی تەڵخەوە دنیا ببینی. کچەکەم بینی لە ڕۆیشتن بەردەوامبوو، ئەو لە پێشەوە دەرۆیشت من لەدواوە، مەودای نێوانمان بۆ دیاری نەدەکرا، بەڵام دەمزانی کە لەم دنیا خۆڵەمێشییەدا چاوەکانی هەڵێناوە، چونکە خەونەکە بەهۆی تیشکی چاوەکانییەوە وەک تەمێکی سپی ڕووناک دەبووەوە.

کچەکە بەسەر بیاباندا دەفڕی، کەمێکی تر دەگەیشتە دەریایەک، پاشان دەگەیشتەوە بیابان، لەوێشەوە بۆ دەریا، لەبیاباندا سەرابێکی بەدی دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی بیگاتێ، واتە بیابان لەدەریایەکی بێ ئاو دەچوو، لە دەریاشدا وشکانییەکی بەدی دەکرد بە هەمان شێوە نەیدەتوانی بیگاتێ، ئیدی بەو شێوەیە فڕین بەردەوام بوو کە بە ئاستەم قاچی لەزەوی بەرز دەکردەوە، کاتێک دەگەیشتە دەریا لەوە دەچوو کە بەسەر ئاوەکەدا بڕوات، بەڵام سەیر بوو ڕووپۆشی ئاوەکە نەدەژاکا. سەرم لەوە سوڕمابوو کاتێک دەفڕی زۆر لەمن دوور دەکەوتەوە، بەڵام هەستم دەکرد چاوەکانم دوو پەپوولەن، دەفڕین و هەمیشە بەشوێنیەوەن، یان جیهانی خەون بە ئارەزووی دڵی مرۆڤەکان دەخولقێت، یان کات و شوێن لێک دەترازێن، چیدی واقیع مرۆڤ فریو نادات، بەڵکو مرۆڤ ئاگای لە دوورترین شوێن دەبێت. ئیدی بینیم کە کچەکە وەک پەڕەسێلکە بەسەر وشکانی و دەریادا سەما دەکات و نەمردووە. خەون و دەرکەوتنی سەر زەمینی تازەی خۆڵەمێشی بەردەوام بوو کە دەبووە هۆی ئەوەی خەبەرم نەبێتەوە، زۆر لە کچەکە دوورکەوتمەوە ئیدی لە خەمی زیندووکردنەوەی خۆمدا بووم، بەڵام دەریچەیەک نەبوو تا لێیەوە بێمەوە سەر زەمەنی واقیع، کات و شوێن بە جۆرێک بوونیان نەمابوو کە هەر ساتەو لەسەر زەمینێک بووم، هیچ سنوورێکی جوگرافی نییە، دنیا لەبەرچاوم جامێک ئاوە.

خەبەرم نەبووەوە لەسەر زەوی دابڕام، جەستەم نەما تەنیا سێبەر بووم، جارێکی تر نەمتوانی بێمەوە سەر زەوی، مردنەکەم زۆر بێ ئازار بوو، یان دەڵێیت هەست ناکەم کە مردووم، چونکە ئێستاش خەونەکەم بەردەوامە، گومانم لە مردنی خۆم و ئەو کچە هەیە، ئەو ئاگای لەمردنی خۆی نییە، منیش نازانم جەستەم چی بەسەرهاتووە، ئێمە ئێستاش ژیانمان بەردەوامە، شتی تازە دەبینین کە هەرگیز لەسەر زەوی نەمان بینیوە، ئێمە سێبەرین، واتە هیچ بەربەستێک نایەتە ڕێگەمان، هەر لەبەر ئەوەش کە سێبەرین ناتوانین هیچ گرێیەک بکەینەوە، کاتێک کە زیندووش بووم لە خەونەکانمدا نەمدەتوانی قایشی پانتۆڵەکەم بکەمەوە، چونکە سێبەر هێزی تێدا نییە، خەونیش هێز قبووڵ ناکات، بەڵام گرێ بۆ بکرێتەوە کە هەموو ڕووداوەکانی ئەم دنیا خۆڵەمێشە لەیاری منداڵان بچێت، یان مەرگ بوونی نەبێت؟ لەم دنیا خۆڵەمێشییەدا ترس بوونی نییە، یان زۆر زوو هەست دەکەیت ترس شانۆیەکە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بیر لە ئازار بکەیتەوە.



# ئاسکەڕاو

**کاوە عیزەتخا**
**(بۆکان)**

ئێرە وڵاتی ئێمەیە، لێرەوە تا هیندوستان هەشت وێستگەی قەتارە. ئێستا کاتژمێر یەکی نیوەشەوی هەینی و شەوی یەکەمی مانگی خاکەلێوەیە. من و دایکم، یان با بڵێم دایکم بەمنەوە سواری قەتار دەبێ و بەرەو هیندوستان وەڕێ دەکەوێ.

ئێستا دایکم لاقی ڕاستی لەسەر عەرزی قەراغ ڕێ ئاسنەکەیە و لاقی چەپی لەسەر هەوەڵ پلیکانێی نێو دەرگای قەتارەکە. بیر لە ڕۆژی چوارشەممەی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو دەکاتەوە کە نۆکەر و مەیتەر و کارەکەری دیوەخانی باوە گەورەم، واتا باوکی دایکم، هەموو بۆ ڕێوڕەسمی بەڕێکردنی سوارەی دیوەخان بۆ ئاسکەڕاو چووبوونە دەروازەی شار.

بۆ ئاگاداریتان با بڵێم هەموو ساڵێ ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمە کوڕێک لەژێر ناوی ئاسکەڕاو بەڕێوە دەچوو. بەر لە هاتنی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمە کوڕەلاو و سوارچاکی عێل هەموو ڕەخت و فیشەکدانیان لەخۆیان دەدا و ئەسپیان دێنا دەرێ و لەنێو چەپڵە و هوڕا و هانی جەماوەردا نان و تێشووی سەفەریان لە خورجینێکی تەشپی گوڵی ڕەنگاوڕەنگدا لە دەستی کچی گەورەی ئاغا وەردەگرت و زۆر تامەزرۆیانە چاوێکیان بە بەژن و باڵای ڕێکوپێکیدا دەگێڕا و لە ناخی دڵەوە ئاخێکیان هەڵدەکێشا و جڵەوی ئەسپیان وەردەگێڕا و بەرەو دەروازەی شار وەڕێ دەکەوتن.

ئەگەر هەرکام لەوانە بیتوانیبایە ئاسکێکی سپیی چاوڕەشی یەک ساڵە کە هێشتا کەڵی نەگرتبێ (پێتان سەیر نەبێ ئاخر باوە گەورەم هەمیشە کە لاشەی ئاسکەکەیان دێناوە، بۆ خۆی زگی دەدڕی و نەدەبا ئاوس بێت) ئەوە لە دەروازەی شار باوە گەورەم واتا باوکی دایکم بەگەرمی پێشوازی لێ دەکرد و دەست لەمل و شان بەشان بە کوڵانە بەفەرش و چنراوەکانی شاردا دەیهێنا و داوای لە کچی گەورەی دەکرد بە دەفرێک ئاوی کانی نێو دێوە لە پلیکانەکانی دیوەخان بێتە خوارێ و بەرەو پیرییان بێت، لە پلیکانەکانی دیوەخان دەیبردە سەرێ و کچی گەورەی خۆی پێشکەش دەکرد و کاتژمێر نۆی هەر ئەو شەوە بە وەسڵی یەک شاد دەبوون. نێچیرەکەشیان کە ئاسکێکی سپیی چاوڕەش بوو لە بەردەرکی ماڵی باوە گەورەم کە خانی ئاوایییە ڕادەکێشا و دەستە دەستە خەڵکی ئاوایی دەهاتن لە بەردەمیدا چۆکیان دادەدا و قاچە بازووەکانیان ماچ دەکرد و نیازیان دەکرد. پاشان کوڕ و کچە گەنجەکان دەستی یەکیان دەگرت و بەدەوری نێچیرەکەوە تا

کاتژمێر نۆی شەو ڕەشبەڵەکیان دەگرت و پاشان دەیانبردە چێشتخانەی ماڵی باوە گەورەم کەوڵیان دەکرد و گۆشتەکەیان لەدیار ئاوی چوارشەممە سووری دەبرژاند و جنکە جنکە بە کولاوکەی ماڵاندا بەریان دەداوە خوارێ و یەکدەنگ دەیانگوتەوە: «خەوتوون، یان بەخەبەرن؟ لە ژوورن، یان لە دەرن، وەرنە دەرکی دیوەخان، دەرکەن قوڵە چوارشەممەتان.» پاشان یەکێک لە هەرە کۆنە ڕاوچییەکانی دیوەخانی باوەگەورەم، باوکی دایکم، کە خانی ئاوایی بوو، مقەستێکی بەدەستەوە دەگرت و هەرکام چەند تیسکی لە تووکی پشت ملیان هەڵدەپاچی و تێکەڵ بە تووکی ئاسکەکەی دەکرد.

با ئەوەش بڵێم: باوە گەورەم واتا باوکی دایکم نۆ کچی هەیە کە دایکم کچی چکۆلەیەتی.

باوە گەورەم نۆ ساڵ لەمەوبەر کاتێک کە سواری ئەسپێکی سپی بوو، دەستێک ڕانک و چۆغەی بووزووی لەبەردا بوو، ڕستێکی ئاوریشمی لە باسک ئاڵاندبوو، گوڵتاژییە سپییە چاوڕەشە قاپ و قول ئەستوورە قەد باریکە پەنجە خەنەییە بوڕاقە یەک ڕاوەی کە ناوی ئاسکە ئاسکە بوو، ڕێک ئەو ڕۆژە یانی ئەو ڕۆژەی نۆ ساڵ لەمەوبەر بۆ یەکەم جار باوە گەورەم بردبووی بۆ ڕاو، ئەو ڕۆژەش نیشانی دابوو کە چەند تاژییەکی خێرا و بەهەڵم و دەم گەرمە، لە ڕستدا بوو لە ڕاو دەهاتەوە، لە دەروازەی شار لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەڵک بەرەو ڕوو بوو، هۆمەر کوێخا کە کوێخای باوکی و یەکێک لەکۆنە ڕاوچییەکانی باوکی بوو، تێی گەیاند کە باوکی عومری درێژی بەو داوە...

دایکم بیر دەکاتەوە کە چۆن شەوی پێشتر قەرەواش و کارەکەرەکانی ماڵی باوە گەورەم، واتە باوکی دایکم، لە گەرمەی پێچانەوەی نانی سوارەی ئاسکەڕاودا سرت و خورت و قاقاکێشان بوو لەبن خۆیانەوە چاویان لەو دەکرد. پاشان بەیانی ئەو ڕۆژە لەسەر سەکۆی دیوەخانی خانی ئاوایی لەسەر سەکۆکە نۆ پلیکان بڵیند بوو ڕاوەستا و قەرەواشەکان هەر کامە و بوخچەیەک نان لە دەستدا و لە دوایەوە ڕاوەستابوون، مەحتەڵ بوون تا بوخچەکەیان لێ وەربگرێ و بیدا بە یەکێک لە سوارانی ئاسکەڕاو ئەو بەرێ بکا و یەکێ دی و ئەو بەرێ بکا و یەکێ دی و ئەو بە... ئەوو... ئەوو..

بیر دەکاتەوە کە چۆن بەپەلە و بەتامەزرۆییەوە خێرا خێرا بوخچەکانی دەدایە دەست سوارەکان و چاوێکی بەقەڵافەتیاندا دەگێڕا و بەرێی دەکردن.

بیری ئەو ڕۆژە دەکاتەوە، ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو کە دەستێک لیباسی سەرتاپا سووری وەک بووکی لەبەردا بوو، وەک گوڵ خۆی خەملاندبوو، لەسەر سەکۆی دیوەخانی خانی ئاوایی کە باوەگەورەم، واتە باوکی دایکمە، ڕاوێچکەی دەکرد و چاوی بڕیبووە دەروازەی شار، قەرەواشەکان یەکە یەکە بە پەنایدا تێدەپەڕین و لەبەری پێیەوە تا تۆقی سەری تێیان هەڵدەڕوانی.

دایکم کاتێک لە یەکەم وێستگەی قەتار واتا یەکەم وێستگە لەو هەشت وێستگەیەی کە کەوتوونەتە نێوان وڵاتی ئێمە و هیندوستان، بۆ مەبەستی خواردنی شێو لە شەمەندەفەرەکە دەهاتە خوارێ، بیری کەوتەوە کە چۆن ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو کاتێک کە بە بەرگێکی سەرتاپا سووری وەک بووکەوە لە پلیکانی یەکەمی سەکۆی دیوەخانی ماڵی خان هاتە خوارێ، ئاپۆرە چاویان تێبڕیبوو، بێ ئەوەی سەرنجی بداتە تێڕامانی خەڵک، سەری داخستبوو، چاوی بڕیبووە پەنجەی لاقی ڕاستی خۆی کە سەری پەنجەی لەخەنە نابوو، کەوشەکەی شینی ئاڵەقزوونەدار، بەلەکی وەک بەفری کوێستان ترووسکەی دەهات.

لە وێستگەی دووەم واتا دووەمین وێستگە لەم هەشت وێستگەیە، بیری لەو کاتەی ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو دەکردەوە کە لە پلیکانی دووەمی سەکۆی دیوەخانی ماڵی خان دەهاتە خوارێ، ئاپۆرەی خەڵک چاویان بەردابووەوە و بێ ئەوەی سەرنج بداتە چاوی خەڵک، لە هەنگاوەکەی خۆی ڕامابوو.

لە وێستگەی سێیەم، بیری کەوتەوە ئەو چرکەیەی کە لە پلیکانی سێیەمی سەکۆ هاتە خوارێ و ئاپۆرەی خەڵک بە سەرسووڕمانەوە چاویان لە چاوی یەک بڕیبوو.. بێ ئەوەی سەرنج بداتە چاوی خەڵک، چاوی بڕیبووە لۆچی داوێنی کراسە سوورە گوڵ چندراوەکەی خۆی کە ئاڵقە ئاڵقەی سپی پێوە بوو.

لە وێستگەی چوارەم بیری کەوتەوە ئەو چرکەیەی کە لە پلیکانی چوارەم هاتە خوارێ و ئاپۆرەی خەڵک تێکڕا ڕوویان وەرگێڕابوو، بێ ئەوەی گرنگییەک بەڕووی خەڵک بدات بەوردی چاوی لە باوکی دەگێڕا.

لە وێستگەی پێنجەم واتا پێنجەمین وێستگە لەم هەشت وێستگەیە، لەکاتی هاتنە خوارێ بە مەبەستی خواردنی شێو لە شەمەندەفەرەکە کەوتەوە بیری ئەو چرکەیە لە بیست و یەکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو کە بە بەرگێکی سەرتاپا سووری وەک بووکەوە لە پلیکانی پێنجەمی سەکۆی دیوەخانی ماڵی خان هاتە خوارێ، چاوی بە باوکی کەوت کە ڕستێکی ئاوریشمی لە قەڵافەتە سوورە بەگوڵ چنراوەکەی تاژییە سپییە چاو ڕەشەکەی کە ناوی ئاسکە ئاسکەیە ئاڵاندبوو بە کۆڵانە بە فەرش چنراوەکانی شاردا دەهاتە خوارێ.

لە وێستگەی شەشەم بیری کەوتەوە ئەو چرکەیەی کە لەپلیکانی شەشەمی سەکۆکە هاتە خوارێ، ئاپۆرەی خەڵک

لەوپەڕی بێدەنگیدا لە سەکۆی دیوەخانی ماڵی خان کە باوەگەورەم، واتە باوکی دایکمە، دوور دەکەوتنەوە و بێ ئەوەی گوێ بداتە ترپەی پێی خەڵک، بە تامەزرۆییەوە چاوی لەدەمی باوکی بڕیبوو. لە وێستگەی حەوتەم بیری کەوتەوە ئەو چرکەیەی لە پلیکانی حەوتەمی سەکۆ هاتە خوارێ و ئاپۆرەی خەڵک بە سەرسوڕمانەوە ئاوڕیان دابۆوە.

بێ ئەوەی گرنگی بداتە ئەو ئاوڕدانەوەیە دەستی چەپی بە داوێنی کراسەکەیەوە گرتووە و دەستی ڕاستی بۆ لای باوکی درێژ دەکات.

لە وێستگەی هەشتەم لە کاتی هاتنە خوارێ لە شەمەندەفەر بە مەبەستی خواردنی شێو، بیری کەوتەوە ئەو چرکەیە لە ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوو کە بەرگێکی سەرتاپا سووری وەک بووکەوە لە پلیکانی هەشتەمی سەکۆی دیوەخانی ماڵی خان هاتە خوارێ و بەوردی چاوی بە قەڵافەتی ئاسکەئاسکەدا گێڕا. پەنجە خەنەییەکانی، قاپ و قولە ئەستوورەکەی، قەدە باریکەکەی، قەڵافەتە سوورە بەگوڵ چنراوەکەی و بەتایبەت بن زگە تووکنەکە گوریل ئاساکەی، بیری دەکردەوە کە چۆن باوکی بەتووڕەییەوە دوای ئەوەی کە فەرمانی لەداردانی ئاسکەئاسکەی بە تاوانی ئەوەی کە نێچیرەکەی خواردووە دەرکرد، چووە ژووری دیوەخان و دەرگای لەسەر خۆی پێوەدا، دایکیشم ئاسکە ئاسکەی بردە ژوورێ.

ئێستا سەری ساڵی زایینییە و نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ لەو ڕۆژە تێدەپەڕێ دایکم لە هیندوستان لە شاری «بەنارەس» لە بەردەرکی مەعبەدی «کارناتاکا» لە شەمەندەفەرەکە دێتە خوارێ و بەنێو ئەو ئاورە گەورەیەدا کە پۆستێرفرۆشەکان لە بەردەرکی پەرستگەکە کردوویانەتەوە تێدەپەڕێ و لە حەوزی پەرستگەکەدا خۆی دەشوا و لە ڕووی پەیکەرەکەی «شیوا»دا کە لەنێو زریق و بریقی زێڕ و زێودا بەو پەنجە سوور و قاپ و قولە ئەستوورەیەوە لەسەر سەکۆکەی ڕا کە نۆ پلیکان بڵندە لەگەڵ وریشانەوەی تۆقە زێڕەکانیدا چاوی لە دایکم بڕیوە کە زوڵفە شێواوەکانی بەسەر شان و ملیدا هاتوونە خوارێ و بەدەستێک لیباسی سەرتاپا سپییەوە چۆکی داداوە و لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوێ.

دایکم لە پلیکانی یەکەم چاوێکی بە بن میچی پەرستگەکەدا گێڕا کە لە چوار لاوە تیشکی خۆرەکە هاتبووە ژوورێ و لەچاوی دەدا.

لە پلیکانی دووەم چاوی بڕییە بەردی پلیکانەکان کە لە بەردی کێوی «کیلاس» بوو.

لە پلیکانی سێیەم دەفرێک ئاوی کە لە چۆمی «گۆنگ»ەوە هێنابووی بە سەرەوە نا.

لە پلیکانی چوارەم پڕ بە سییەکانی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

لە پلیکانی پێنجەم لەگەڵ کارت پۆستاڵەکەی «سیتی» بەدەست پۆستەر فرۆشەکەوە بزەی هاتێ.

لە پلیکانی شەشەم ترپەی پێی منداڵێک کە بە دوایدا لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوت وەخۆی هێناوە.

لە پلیکانی حەوتەم نیگای لەسەر لینگە ڕووتەکانی منداڵێک گیرسایەوە.

لە پلیکانی هەشتەم چاوی بە خوێنی سووری خۆی کەوت بەسەر پلیکانەکانی پەرستگەکەوە.

لە پلیکانی نۆیەم لە گەرمەژانی بووندا دەنگی منداڵێکم تێکەڵ بە زیقە و نووزەی نیازی دایکم پچڕ پچڕ دێتە گوێ کە دەڵێ: ساڵنامە، ساڵنامەی شیوا، نۆ ڕووپیە خانمی «سیتی» تەنیا نۆ ڕووپیە، وەبزانە نەزرت کردووە.

ئێستا لەیەکەم چرکەی بووندا بیر لەو ڕۆژە دەکەمەوە کە نۆکەر و مەیتەر و کارەکەری ماڵی باوە گەورەم، واتە باوکی دایکم و تەنانەت تەواوی خەڵکی شار سواری شەمەندەفەر دەبن و نۆ وێستگە ڕێگە دەپێون و لێرە لە شاری بەنارەس لە پەرستگەی کارناکاتا لە ڕووی پەیکەرەکەی دایکمدا چۆک دادەدەن و نۆ پلیکان وەسەر دەکەون و منداڵێکی لنگ ڕووتی هیندی دەپەڕێتە نێو پارانەوەکەیان کە یەک دەنگ هاوار دەکەن: ئەی «سەنتووشی ماتاس» و دەڵێ: ئاغا، خانم، ساڵنامە، ساڵنامە، ساڵنامەی «سیتی»، نۆ ڕووپیە، تەنیا نۆ ڕووپیە، وەبزانن نەزرتان کردووە.

**ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی- ٢٠٠٧ز.**

**تێبینییەکان:**

**١- بەنارەس: شاری لووتکەی پیرۆزییە ئوستوورەییەکانی هیندوستان.**

**٢- شیوا: گەورەترین خودای ئەفسانەیی هیندوستانە.**

**٣- چۆمی گۆنگ: لە ئەفسانەی هیندیدا ناوی ئەو چۆمە ڕاستەوخۆ لە ئاسمانەوە دێتە خوارێ و ئاوێکی پیرۆزە.**

**٤- ویرپاکشا، کارناکاتا: ناوی پەرستگەیەکە لە هیندوستان کە وێنەی شیوا لەکاتی ژن هێناندا لە میچەکەی کێشراوە.**

**٥- کیلاس: کێوێکی پیرۆزە لە ئەفسانەی هیندیدا کە بەردەکانی موتفەڕکن (پیرۆزن).**

**٦- سیتی: هاوسەری شیوا و یەکێک لە خواوەندانی ئەفسانەی هیندی.**

**٧- سەنتووشی ماتا: دایکی ڕەزامەندی، یەکێکە لە خواوەندە تازەکانی هیندوستان.**



# ئاوێنه

**فەوزی بیلگە**
**(باتمان)**

دەستێ خوە گۆت «گورم» و ل ئاوێنەیێ خست. ئاوێنەیا کەڤناری ئەنتیکه یا کو ل ئۆدەیا وێ ب داردا‌کری بوو ب قرچین دەرزی. گولێ هێدیکا نێزیکی وێ بوو ل روویێ خوە نهێری، ب هەزاران دەرز کەتبوون ئاوێنەیێ، پەرچەیەک ژی ژێ نه پەکیابوو، ل روویێ خوەیی نەخوەشک و قەرمیچەکێن کوور کەتنێ، ل پۆرێ خوە یێ کن نۆلا پەیایان قوساندی کو یەکحەبێن تایکێ سپی کەتبوونێ نهێری. دەستێ خوە ئاڤێت ناڤا پۆرێ خوە، هسران خوە خاری چاڤێن وێ یێن کو ب کۆرت دە چووبوون کرن و هێدی هێدی جەمدین. روویێ وێ بوو بوو هەزار روو. یەک نە بەس بوو ئێدی هەزار، بێتر هێرس بوو و راهشت ئاوێنەیێ هەیا هێز تێ دە هەبوو بلند کر و ئاڤێت ل بن گوهێ ئەردێ خست. ئاوێنه ب شیرقین ژ چاچۆڤەیا خوە دەرکەت و ل ئەردێ هوور هووری بەلاوەلا بوو. روونشت پەرچەیەک ژ ناڤا وان هلدا و دیسا ل خوە نهێری و ب وی روویێ کو پیر بوو بوو روو ب روو ما. ژ خوە ڤەجنقی، چ پەرچەیێن ئاوێنەیێ هەبوون یەک ب یەک دان هەڤدو و ئەو ل ئەردێ خستن، هەیا گشی هوور هووری بوون و بوون مینا پەرچەیێن مۆزاییکان. راهشت پەرچەیەکا ئاوێنەیێ یێ هەری بچووک و دیسا ل خوە نهێری. روویێ خوە دیسا تێ دە دیت. ب دەست و لەپان کەت ناڤا وان، گش راپێچان، ئەو خستن ناڤا داوا خوە. داو ل خوە کر گولۆک و بر کو وان بئاڤێژه حەوشێ، پۆشمان بوو، ئاوێنەیێ مالێ یێن دن هاتن بیرێ؛ یا ل هێوانێ، یا ل ئۆدەیا مێڤانان و یا ل سەرشۆکێ. ب لەز ئەو ژی دان هەڤدو و گشی برن حەوشێ ئەو ژی شکەناندن. ب دەست و لەپان ئەرد کۆلا و دناڤا خوین و خوێدانێ دە گشی بەرا کورتکا کو ڤەدابوو، دان. ئاخ ئاڤێت سەروان. ئاخا رەپین مینا گۆرستانەکێ دخویا. رابوو ڤەگەریا ئۆدەیا خوە. ژ راستیا خوە، ژ روویێ خوە یی پیر بوو بوو، خەلاس بوو بوو ئێدی.ل مالێ تو ئاوێنه نەمابوون.

رۆژ ل بەر ئاڤابوونێ بوو، تاریێ خوە هێدیکا بەرا سەر ناڤچەیێ ددا. دێ و باڤێ وێ دڤێ هەتا نها بهاتنا مالێ.

هەردەم ئەو تەنێ نەدما. ئاخر دێیا وێ ژی چوو بوو ناڤ مالان و وێ دلێ خوە ل ئاوێنەیان رەحەت کربوو. دێیا وێ ل مالێ بوویا ما یێ بهشتایا کو دلێ خوە ل ئاوێنەیان رەحەت بکرا؟ کەت ئۆدەیا خوە و پەردە بەردان. ئۆدە تاری بوو، دەری ژ پار دە ل خوە گرت. کەسەرەکە ژ کوور ڤە کشاند و گۆت:

– ئۆخ، ئەز ژ وان خەلاس بووم، ئێدی ئەزێ روویێ خوەیی پیر بوویی نەبینم و نەقەهرم.

هێ وەرێ دفکری دەنگێ دێیا وێ، ژ پاش دەری هاتێ؛

– پەپووک، ڤێ دینێ ئاوێنەیێن مە تەڤ دە شکەناندنە! ئێ هەی لاو تۆپا خوەدێ ل تە کەتێ! کەچێ، دینا حەرام! تە چما ئاوێنەیێن مە تەڤ دە شکەناندنە؟ تێ هەی قیزێ، خوەدێ حەقێ ژ تەرە نەهێلە! ما ئەز چ بکەم، چ گوو د خوە بدم واخ، واخ..! ئەز نەوێرم سەریەکی بدم مالا جیرانەکی خوە. چەند رۆژ بەرێ تە پۆرێ خوە تەڤدە دا بەر مەقەسان، بەری وێ ژی تە روویێ خوە دابوو بەر قەرامووشکان. هەو مایە تو ئێگر ب هوندر بخی.

– نە فکرەکە خەرابە ها.

– هەو ئەو ژ مە کێم مایە. ما لاو سووجێ من چ یە؟ گونەحێن من چ یە؟ تو ڤان سۆسرمەتان تینی سەرێ من. ما من گۆت بلا تو نەری، نەخوینی؟ ئەز سەد جاری ل بەر چاڤێ تە ل بەر وی گەڕیام. من گۆت وێ بشینە بلا هەرە، بلا ببە قاحپکا کوچەیان. وی گۆت نا، ما ئەز چەر بکەم؟ گاڤا کو ئەو ببێژە نا، ئەز ل سەر چ، ل بەر چ مە؟ ئاخ خوەدێییۆ تو من ژ دەستێ ڤێ دینێ خەلاس بکی، یا عەمرێ من، یا یێ وێ بستینە. ئەو بوو چەند سال قەی تو نەما ژ بیر بکی. ما کا من خوەندیە، چ ب من هاتیە؟ من سەد جاری ژ تەرە گۆت پسمامێ خوە بکە، تە گۆت نا. پشتی وێ ما چ ب مووساعیی هاتبوو؟ لێ تەو لاوێ حەجی عەلی، وەللا مینا فێرزەکی بوو. نا، نا، نا، کی هات تە گۆت نا، ئەزێ بخوینم. عەمرێ تە مەزن بوویە و ئێدی کەس نایێ تە ناخوازە ماسووچێ منە؟ ل دۆرا خوە هەڕە و وەرە دبستانێ ژ سەرێ خوە بئاڤێژە، خوەدێ مەزنە. هەو تە دیت عەزیزێ تە ل تە پۆشمان ببە. ئەو نە باش بوو. بوو بژیشک ئێدی ب تە قایل نەبوو. ما من گۆت بلا ب تە قایل نەبە؟ ئێجار کی بیرا، ببێژە ئەز بوومە بژیشک و وێ نەخوەندیە ئەز وێ ناکم.

دەرێ ئۆدەیا وێ هێدیکا ڤەبوو. دێیا وێ دبستانا کو کار کربوو ئائیبوو بیرا وێ. دەردێ وێ بێتر تەڤ راکربوو. نێزی دێیا خوە بوو، چاڤێن وێ یێن فرەه چووبوون ناڤا سەرێ وێ. د فرنکێن خوە دە هلم دستەند. ژ نشکا ڤە باز دا سەر دێیا خوە و دەست ئاڤێت قرکێ و ژداند. دێیا وێ ل بەر خوە ددا کو خوە ژ ناڤا لەپێن وێ خەلاس بکە. ژ نشکاڤە دەرێ هێوانێ ڤەبوو و باڤێ وێ خوە گهاندە وان، ژنا خوە ژ ناڤا لەپێن وێ دەرخست. ژ قاهران قوونا خوە دانی سەر دیوانێ و روونشت. روویێ وی زەر، هلم لێ چکیابوو. ب زۆر گۆت؛

– ئێدی چارە نەمایە. دڤێ ئەم وێ بئاڤێژن تیماخانەیێ.

هیقەهیقا گولێ بوو، دکەنیا. دێیا وێ ب گری خوە خژی ناڤا چاڤێن مێرێ خوە کر و گۆت؛

– من ژ تە ڕە گۆت بلا هەرە، تە گۆت نا. وەللاه دنیا ژی هلوەشە ئەز ناهێلم کو تو وێ بئاڤێژی تیمارخانەیێ، هەرە، تو تێکەڤی تیمارخانەیێ، ئێ دین تویی!

– ئەز دینم؟ وەللاه ئەز نە دینم، ئا هوڕ و دین تویی!

ژنک د ناڤا نقریسکان دە ژ نشکا ڤە راوەستیا ب کەنەکی عەجێب گۆت؛

– مادەم ئەز دینم و تو ژی دینی وێ چاخێ یا بئاقل ما گولێ. ل گولێ نهێڕی و گۆت؛

– کەچێ گولێ رابە، ل تەلەفۆنێ بخە، یا خوەندنێ دزانە تویی. ل تیمارخانەیێ بگەڕە ببێژە دو دینێن مە هەنە، بلا وەرن مە راکن ببن.

گولێ هێدیکا بەر ب تەلەفۆنێ ڤە چوو، ب هێرس راهشت بهیستۆکێ، نمرە زیڤڕاندن و گۆت؛

– ئەلۆ، ور نە نەخوەشخانەیا دینایە؟ دو دینێن مە هەنە، ناڤنیشانێ دبێژم...

بهیستۆک ل بن گوهێ عەردێ خست و ب کەن ژ دەرێ دەرڤە دەرکەت. دێیا وێ و باڤێ وێ ژ پار دە ب چەند دەنگان بانگ ل وێ کرن. گولێ ل دوو خوە ژی نەنهێڕی. هێدی هێدی ژ بەرچاڤێن وان وەندا بوو، چوو.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «دینن» رووپەلێن (٦٦– ٦٩) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبۆلێ و ب رێنڤیسا لاتینی ژ ئالیێ وەشانخانەیا بەلکی ڤە هاتیە چاپ و بەلاڤکرنێ. هەژییە بێژین کو فەوزی بیلگە ل سالا (١٩٦٢)ێ ل دێرکێ هاتیە دنیایێ و، پشتی خوەندنا لیسێ ل قۆسەرێ تەمام کری، مالباتا وی کۆچی ستەنبۆلێ کربوون و ل وێرێ وی دو دبستانێن بلند خوەندنە. هەتا نها (٣) کۆ کورتەچیرۆک چاپکرینە:**

**– ژ دلارا– ل سالا (٢٠٠٢)ێ.**


**– ٢٩+ ١– ل سالا ٢٠٠٥.**

**– دینن– ل سالا ٢٠٠٦.**

**«رامان»**

# چاوی شووشە

**سادق چووبەک**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**



چاوەکە ئامادە بوو، دوکتۆر خستییە هێلوونی چاوی کوڕەکەوە و گوتی:
– دەی چاوت هەڵێنە کوڕم، ئێستا بیقووچێنە، چاوت بقووچێنە. زۆر چاکە. وەک هەوەڵی لێ هاتووەتەوە.
پاشان ڕووی کردە دایک و باوکی کوڕە و گوتی:
– چاوی لێکەن زۆر تەواو و ئەندازەیە. موو بە بەینی پێڵوویدا ناچێ. کوڕە پێنجساڵان بوو. قیت لەسەر کورسیلەیەکی نزیک مێزی دوکتۆرەکە دانیشتبوو. دایک و باوکی لەپاڵیدا ڕاوەستابوون. باوکی لەپشت سەریەوە بوو، ڕووبەڕووی دوکتۆرەکە. بە لاچاوێک لە دەموچاوی کوڕەکەی دەڕوانی. دایکیشی لەولاترەوە ڕاوەستابوو پشتە سەری کوڕەکەی دەدی و نەهاتە پێشێ کە بیبینێ «زۆر تەواو و ئەندازەیە و موو بە بەینی پێڵوویدا ناچێ.»
ئێستا شەو بوو، دایک و باوکی کوڕەی چاو شووشەیی لەماڵێ لەسەر مێزێک دانیشتبوون. منداڵێکی شیرەخۆرەش دەمی بەمەمکی دایکییەوە بوو. سمێڵی ڕەشو پانی پیاوەکەش بەسەر ڕوومێزیی نایلۆنیدا نووشتابووەوە و چاوی لەسەر لایەکی دەموچاوی کوڕە چاو شووشەییەکەی گیرسابووەوە.
«عەلی گیان ئیتر چاوە جوانەکانت وەک هەوەڵیان لێ هاتووەتەوە. وەک چاوی ئێمە.» باوکی ئەوەی گوت و هەستا لەسەر تاقەکە ئاوێنەیەکی چکۆلەی هەڵگرت و بردی بۆ لای. کوڕە زەق زەق لە ئاوێنەی دەڕوانی. چاوە شووشەییەکەی بێ جووڵە بوو. ئاوی پێدا دەهاتە خوارێ. لەپاڵ ئەوەدا چاوەکەی تری کە ساغ بوو، لەسەر ئاوێنەکە زەق وێستا بوو.

پاشـــان لەپڕ چاوی لە باوکی کـــرد و پێکەنی. چاوی دایکی فرمێسکی تێزابوون و تەماشای نەکردن. سەری داخستبوو و چاوی لە ڕوومەتی منداڵە بەرمەمکانەکەی بڕیبوو. دیسان دەنگی پیاوەکە بەرز بووەوە.

«ژنەکـە دەنا وانییـە؟ دەنا چاوی عـەلی وەک هەوەڵی لێ نەهاتووەتەوە؟»

ژنەکـە تفی لینچـقی گـەرووی قـووت دا و سـەرێکی لەقاند و تیـشکی چراکە لەپشت فرمـێسکەکـانییـەوە لەرزییەوە و بەدەنگی گڕ وتی:

– ئەرێ وەک هەوەڵی لێ هاتووەتەوە.

پاشان بە پەلە منداڵە ساواکەی لە باوەش کرد و بردی لە گۆشەی وەتاغەکە لە لانکەی ناو و خەواندی.

پیاوەکە هەستا چووە بەر پەنجەرەکە و چاوی لە حەوشە بڕی. ژنەش چوو لە پەنا مـێـردەکـەیەوە چاوی بڕییـە حەوشـەکـە. حەوشـەکـەیان سـارد و سڕ و تـاریک و چۆڵ بوو. پیـاوەکە هەسـتی بەسێـبەری گـەرمی ژنەکـەی کـرد لەدوایەوە و بەدەنگێکی گڕ و بوغز لێ نیشتوو گوتی:

– من ئیـتـر دڵم بڕوایی نادا. بە تەنیـا جێی مەهێڵـە بچۆ بۆ لای.

ژنەکە دەنگی لەرزی و چاوی کەوتە ڕێشکە و پێشکە و بەگـریانەوە: «من خـەریکم دەکـەوم بە عـەرزدا. ئەگـەر دەتوانی تۆ بچۆ بۆ لای.»

پیـاوەکـە وەرگـەڕاوە و چاوی لە چاوی ژنەکـەی بڕی. ڕوومەتی خـووسابوو، تنۆکی فرمـێسـک لەسەر سـمێڵی بەزەنگۆڵ وێستا بوو. ژنە وتی:

– ئەگەر ئاوا بتـبـینێ دڵـی دەتۆقێ. فـرمـێـسکەکـانت بسڕەوە.

خۆشی لەهیچ لە قوڵپەی گریانی دا و سەری داخست. چاوی لەسەر لاقە ڕووتەکانی خۆی گیرسایەوە.

بەهێواشی دەستی ژنەکەی گرت و گوتی:

– مـەگـری. وەرە بچین بۆ لای. ئەم شـەو لە هەمـوو شەوێ خۆشحاڵ ترە. نەتدی پێدەکەنێ؟ چاوی خۆی سڕی و چڵمەکەی هەڵووشی. سنگ و شانی ژنە لەرزییەوە و لەگەڵ هەنیسکێ گریانەکەی قووت دایەوە. هەردووکیان چوون بۆ لای کوڕەکە و لەپشت سەری وێستان و چاویان تێ بڕی.

کـوڕە ئاوێنەکـەی لەسـەر مـێـزەکـە دانابوو. چاوە شـووشـەکـەی لە هێلوونی چاوی دەرهێنا بوو، لەسـەر ئاوێنەکـەی دانابوو. گـۆی پڕ لە سـپیـایی چاوەکـەی بە بیلبیلە مـردووەکـەیەوە لەسـەر ئاوێنەکـە زەق بـبـووەوە. چاوەکەی دیکەشی بەقـیـچی لەسەر ئاوێنەکە ڕاگرتبوو، بەسـەرسـوڕمـانەوە تێی دەڕوانی. هێلوونی ڕەش و قـەڵپـووچیـشی بەخـاڵی لچی لە چاوە شـووشـەکـە هەڵدەقورتاند.

**سـەرچاوە: گـزیدەی داسـتـان کـوتاە، صـادق چوبک، چاپ اول ۱۳۷۹ تهران.**

## هاوڕێ

دووکـەس باشـتـرن لە یەک کـەس، چونکە پاداشـێکی باش بۆ زەحمەتەکەیان وەدەست دێنن.

هەر کـاتێک یەکـێـان لەپێ بکەوێ، ئەوی دیکەیان دەچێتە بن پیلی و هەڵی دەستێنێتەوە، بەڵام لێقەوماو ئەو کـەسـەیە کـە بەتەنیـا دەمـێنێتـەوە، چونکە هیچ کـەسـێکی دەست ناکـەوێ یارمـەتی بدا و هەڵی بستێنێتەوە.

**تەورات ئایەتی ۹ و ۱۰ بەشی چوارەمی کتێبی جامیعە**

دوو گـورگی برسی و لەسـەرمـانا کـەسیـرەبوو، کـاتی بوولێڵـە بەتیـرەشـانی کـێـوێکدا داگـەڕان و گـەیشـتنە دەشتێک. بەفرێکی قورس و زاڵم دەشتەکەی داپۆشیبوو. باڕووشک و بادەوەگـێـژی دەدا و چاو هەڵنەدەهات کەندولەند و چاڵوچۆڵ لەژێر تەوژمی بەفـر و لوورەی بادا لووس و سـامـاڵـسـا بوون. ئەو جـووتە گـورگـە برسی و هێـزلێـبـڕاوە بەسـەر بەفـرەکـەدا خـۆیان کـێش دەکـرد و لاتراسکەیان دەبەست. لە برسـانا لمـۆزیان لە بەفـرەکـە هەڵدەچەقـاند و زمـانیـان پێـدادەهێنا و بە کـەڵپـە و شەویلاکەی لەرزۆک و بێ هێز بەفریان دەجاوی.

جێ پێی قـووڵ و ڕەشی ڕەوە ئاسکی پێـشـتـر لەو شـوێنەوە تێـپـەڕیو، دەتگوت ڕەشکەیە بەسـەر بەفـرەکـەدا پرژاوە. یەسقـانی سـەرولاق و لاتەڕافی ئاژەڵی لەمـەوبەر مـردوو لەبەفـرەکـە وەدەرکـەوتبـوون. ئەو جـووتە گـورگـە نەیاندەزانی بچن بۆ کـوێ. شـەکـەت بوون و بەجـارێ هێزیان لێبڕابوو.

قامچی کزەبا و بادەوە و سۆڵەی سەرما و برسیەتی بۆ پێشـــەوە ڕایدەدان. هاژوهووژی بارووشک و لوورەی زریان نەدەبڕایەوە. برسیەتی لەناخەوە سڕی کردبوون و ئێسکی لەشیان دەیزیڕاند. زڵلەی بادەوە و سۆڵەسۆڵی سەرما ددانی وەشەقە شەق خستبوون و وەک مێژۆکە دەلەرزین. بەیەکـــدادەران و لێک هەڵدەنگوتن. هەریەکەی بۆ لایەک تلاسکەیان دەبەست و دەکەوتنە چاڵوچۆڵەوە. لەو کـــرێوە و بادەوەیەدا چەواشـــە و سەرلێشێواو دەڕۆیشتن و بیابان دوایی نەدەهات.

ڕۆیشتن، ڕۆیشتن هەتا گەیشتنە لای پیرە داربیبەکی لە ڕەگوڕیشە دەرهاتوو کە لایەکی ببووە سەڵکەبزووت و سەرما وەقرچەقرچی خستبوو و لقە وشکەڵەکانی وەک پەنجەی ڕەقەڵ بەرەو ئاسمان ڕاسابوون. یەکیان لاقی لە بەفرەکە هەڵچەقی و جەستەی سڕ و بێ هێزی کەوتە لەرزین و لەجێی خۆی ویشک بوو. لەشی هێندە قورس بوو دەتگوت بە بەفرەکەوە دووراوە، نەیدەتوانی ببزوێ و جووڵەی لێ بڕا. هاوڕێکەی بە پەلە و چاو برسی هات بەلایەوە ڕاوەستا و قورسوقایم لاقی لەسەر بەردێکی ژێر بەفرەکە دانا، جێی خۆش کرد و چاوی لە هاوڕێ کەلەلا و داماوەکەی بڕی.

هاوڕێی لە هەڕەکە کەوتوو ترس گیانی خستە لەرزین و پێڵووی چاوی داکەوت، بەزۆر پێڵووی هەڵێنایەوە و هەموو هێزی خۆی لە چاوە بێ سۆماکەیدا کۆکردەوە و سەرنجی لەسەر هاوڕێ چاوبرسی و بەتەماحەکەی گیرسایەوە. هەرچی هێزی لە خۆی دا، نەیتوانی هەنگاو هەڵێنێتەوە. لە ناکاو نیگای وەلەرزین کەوت و لەژێر تەوژمی دڕی چاوی برسی هاوڕێکەیدا تاقەتی نەهێنا، پێڵووی چاوی داکەوت و لاقی بێ هێزی نووشتایەوە و بەلادا هات.

ئەوەی بەپێوە بوو، چاوەبرسی و پڕتەماحەکەی لەو سیمایە بڕی کە سەردەمێک هێلانەی گەرمی نیگا بوو. ئێستا ئیتر ئەو چاو و ڕوخسارە لەسەر عەرزی سڕ و گەردالە بەفر پێڵووی بەقورسی داکەوتبوو. هاوڕێی بەخوێن تینوو، تینی هیوایەک دەناخی گەڕا و لوورەیەکی برسی و لەرزۆکی لە کەلێنی کەڵپەو ددانیەوە دایە دەرێ.

گورگی بەلادا هاتوو، هەوڵی دا هەستێتەوە. تووکە قرژەکەی لەژێر باپووسکەی بەفرەلووکەدا کەرویشکەی کرد و جەستەی زیاتر لە بەفرەکە ڕۆچوو. دەمی داچەقی و زاری وشکی داچەقاند و پووکە شینەکەی و کەڵپە تیژەکەی وەدەر خست و کەڵپی تیژ و برسی لە گەرووی هاوڕێ داماوەکەی هەڵچەقاند و خوێنی گەش لە دەماری مل و قورقوڕۆچکەی هەڵقوڵی و بەفرەلووکەی سپی و ویشک، بوو بە بەفرێکی تەڕ و گەش.

**سەرچاوە:**

**کتێبی (انتری کە لوطی اش مردە بود) چاپ اول، ١٣٨٥، انتشارات نگاە- تهران.**

# دوایین گەشتی کەشتییەکی خەیاڵی

**دەقی: گابریێل گارسیا مارکیز**
**ڕەخنەو وەرگێڕانی: تەها ئەحمەد ڕەسووڵ**
**(سلێمانی)**

**«ئێستا دەیبینن من کێم»**

بەدەنگێکی گڕی تازە پیاوانەوە ئەوەی وت.. پاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەسەر بینینی یەکەم جاریدا کە لەو شەوەدا ئۆقیانووسبڕێکی گەورەی هاتە پێش چاو، وەختێک بە بەردەم گوندەوە ڕەت دەبوو، بەبێ ڕۆشنایی و ژاوەژاو.. بەوێنەی کۆشکێکی گەورەی چۆڵکراو، کە درێژتر بوو لە گوندەکە و بەرزتریش بوو لە بورجی کڵێساکەی، کەشتییەکە بەردەوام دەریاکەی دەبڕی و لەنێو تاریکیدا بەرەو ئەو شارەی داگیرکەران ملی دەنا، کە لەدژی چەتەکانی دەریا شوورەیەکی بەقەڵای بۆ کرابوو و دەکەوتە بەرێکی تری کەنداوەکەوە.. بەخۆی و دەرگا ڕەشە کۆنەکەیەوە، لەگەڵ ئەو قووللەیەدا کە دەسوڕایەوە و باڵەکانی بە تیشکێکی خەمناک دەگەڕاو لە هەموو پازدە چرکەیەکدا گوندەکەی دەکردە ئۆردووگایەکی سپی سەوزئامال کە خانووەکانی دەدرەوشانەوە و شەقامەکانیش بەوێنەی بیابانی گڕکان دیاری دەدا.. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو وەختە هێشتاکە هەر منداڵێک بوو و نەببووە خاوەنی دەنگێکی گڕو پیاوانە و هەمیشە مۆڵەتی لە دایکی دەخواست کەتا ساتەوەختێکی درەنگ لەسەر ڕۆخەکە گوێ لە ئاوازی شنەبای شەوانە بگرێت، هێشتا دەیتوانی ئەوەی بیر بکەوێتەوە، کە دەیبینی کەشتییەکە ون دەبوو کاتێک تیشکی قووللەکە لێی دەدا و دەردەکەوتەوە کە تیشکەکە لەسەری لادەچوو.. کە وا پێدەچوو کەشتییەکی کەرت کەرت بێ و دەرکەوێت و ون بێتەوە کە ڕووە و کەنداوەکە دەڕۆیشت، بە ئاگاداری و وریاییەوە لەو بەلەمانەش ورد دەبۆوە کە ڕێی نۆکەندی دەربەندەکەیان بۆ دەستنیشان دەکرد، بەڵام لەوە نەچوو

شتێک لەمیلی کاتژمێری ئاراستەکەیدا لەکار کەوتبێ، چونکە ڕووە و بەردەلانەکە ئاراستەی گرت و تێکوپێک شکا، پاشان پارچە پارچە بوو و بێ ئەوەی هیچ دەنگێک بنێتەوە، نقوم بوو، سەرباری ئەوەی کە پێدامالێنێکی بەو چەشنە بەتاوێرەکانی دەریادا دەنگ و زایەڵەی ئاسن و تەقینەوەی مەکینەکانی لێ بەرزدەبێتەوە و ئەو ئەژدیها خەوتووانە لە ترس و لەرزا سڕ دەکات کە لەپێش مێژووەوە لەو دارستانەدان، کە لەدوا ڕێگەکانی گوندەوە دەستی پێدەکرد و لەبەرێکی تری جیهانەوە دوایی دەهات.

بەو چەشنە، لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوەی ڕووی داوە ڕەنگە خەون بووبێت، ڕۆژی دواتر کاتێک پێشانگەی بوونەوەرە ئاوییە درەوشاوەکانی کەنداوی بینی، کە تێیدا ڕەنگی کوخەکانی ڕەش پێستەکان لەو ڕۆخەدا لەگەڵ ڕەنگی ئەو بەلەمە چارۆکەدارە بچووکانەدا نەدەگونجا کە هی چەتەکانی گۆیانا بوون و ئەو برە تووتییە بەستەزمانانەیان دەهاتە دەستەوە کە چیکلدانیان پڕ لە مرواری بوو..

بیری کردەوە.. خەو بردوومییەوە کاتێک ئەستێرەکانم ژماردووە و خەونم بەو کەشتییە گەورەیەوە بینیوە.. تەواوێ بەوە قایل بوو، ئیدی کەسێکیشی لەو بارەیەوە ئاگادار نەکردو دیمەنەکەشی هێندە بیر نەما، تاوەکو لە شەوێکی مانگی مارتی داهاتوودا کە لە دەریاکەدا بەدوای پاشماوە و نیشانەی دۆلفینەکاندا دەگەڕا، بەڵام ئەوەی کە بینییەوە ئۆقیانووسبڕە خەڵەتێنەرەکە بوو، تۆخ، پەرت و تێکشکاو، بەهەمان ئاراستەی هەڵەیەوە کە ڕۆیشتبوو لەگەڵ یەک جیاوازیدا، ئەویش ئەوەبوو ئەم جارەیان دڵنیابوو لەوەی بێدارەو نەخەوتووە، غاری دایە لای دایکی تاوەکو پێی ڕابگەیەنێت، ئەویش سێ هەفتە دەبوو لە بێ هیوایی و نامورادی خۆیدا دەنووزایەوە «چونکە تۆ مێشکی خۆت تێک دەدەیت ئەوەندە بەهەڵگەڕاوەیی بیر دەکەیتەوە، لە ڕۆژدا خەوتوویت و شەوانەش خەریکی سەرکێشیت، هەروەکو ئەو خەڵکانەی کە ژیانێکی خراپ دەژین».

لەو ڕۆژانەدا دایکی نیازی ئەوەی هەبوو بچێتە شار، بۆ ئەوەی شتێکی باش ببینێتەوە تا لەسەری دابنیشێ و بیر لە مێردە مردووەکەی بکاتەوە، چونکە کورسییە دیلانێیەکەی خۆی لە ماوەی ئەو یازدە ساڵەدا بە ڕاژەنین هاوسەنگی لەشی تێکدابوو و نەیدەتوانی باش ڕەوت بکات، ئەوەی بە هەل زانی کە لەگەڵ کابرای خاوەن بەلەمدا، کاتێک بەنێو بەردەکانی دەریادا ڕەت دەبن، ئیدی کوڕەکەی بتوانێت ئەوەی بینیویەتی بەڕاستەقینەیی لەنێو دەریای ڕۆشندا تەماشای بکاتەوە.. ئەوینی منتاڕایس لەبەهاری ئسفەنجی دەریادا و ماسی پارجۆی گوڵ گوڵێن.. ماسی کۆرفینای شێن و کەوەیی لەو چاڵە ئاوە فشەلانەدا خۆیان نقوم دەکرد، کە لەشوێنێکی ئاوەکەدا هەبوون، تەنانەت ئەو پرچ و قژە دروستکراوانەی مردووەکانی نێو کەشتی داگیرکاری نغرۆبووش، بەڵام هیچ پاشماوەیەک بۆ ئۆقیانووسبڕی زەبەلاحی بێ شومار و منداڵێکی مردووش دیاری نەدا.

کەچی زیاد لەوەی کە دایکیشی بەڵێنی پێ دابوو لە هەمان شەوی مارتی ئاییندەدا دەیباتەوە بۆ دیدەنی ئەو جێگەیە، ئەو هێشتا هەر لەو بەردەوامییەی سوور بوو.. دایکی بە باوەڕەوە ئەو بەڵێنەی پێ دابوو، لەو ساتەشدا بێ ئەوەی پێ بزانێت تاقە باوەڕێکی لە ئاییندەدا بۆ دەبێتە کورسییەکی زەمەنی فرانشیز دراکی، کە لە مەزادێکی تورکیدا کڕیبووی، لە هەمان شەودا لەسەری دانیشت، بۆ ئەوەی برێک بحەوێتەوە.. «ئەی هۆلۆفیرنسی بەدبەختم، گەر باش دەڕوانیت و دەبینیت، ئەوەتا ئێستا لەسەر ئەم قەدیفە و جێ مەرگی شاژنەدا» بیرت لێ دەکاتەوە.. بەڵام چەندیش یادەوەری مێردە مردووەکەی دەهێنایەوە بیری خۆی، ئەوەندەش شپرزەییەکانی ناوەوەی زۆرتر دەبوون و خوێنی نێو دڵی دەبووە چوکلێتێکی خەست.. هەروەک ئەوەی لەبری دانیشتن ڕابکات و لەنێو لەرزوتادا نقوم بووبێ، هەوای پڕ لە تەپوتۆزیش هەڵمژێت.

کوڕە کاتێک دەمەو سپێدە گەڕایەوە، دایکی لەسەر کورسییەکەی بەمردوویی بینییەوە، هێشتا گەرم بوو، بەڵام نیوە بۆنکردوو هەروەک گژوگیای کوڵیو.. تەواوێ وەک ئەوەی لەو چوار ژنەشدا ڕوویان دا کاتێک لەپاش ئەوەوە مردن بەرلەوەی لەدوا جاریشدا کورسییە کوژەرەکە فڕێ بدەنە دووری دەریاوە، بۆ ئەوەی بۆ کەسێکی تریش نەبێتە مایەی ناخۆشی هێن، سەرباری ئەوەش لە زۆرینەی هەموو سەدەکاندا بەکارهێنرابوو و توانای بەخشینی حەوانەوەشی لەدەست دابوو.. ئیدی پێویست بوو خۆی لەسەر مەینەتی هەتیوبی ڕابهێنێ، لای

هەمووانیش ڕوون بوو کە ئەوە کوڕی ئەو بێوەژنە بوو، کە کورسییە شوومەکەی هێنابووە گوندەوە، دەژیا و نەک لەبەر ئەوەی کاری باشی ئەنجام دەدا، بەڵکو بەو ماسییانە دەژیا، کە لە بەلەمی ماسیگرەکاندا دەیدزین.. لەو ماوەیەشدا هیچ لەو دەنگە ورووژاوانە نەهاتنەوە وێزەی و بیری لە ڕۆژانی بەسەرچووی نەدەکردەوە، تاوەکو شەوێکی تری شەوانی مارت هات و لەناکاوێکدا تەماشای دەریای کردەوە.

ئای دایە، ئەوەتا ئەوە نەهەنگێکی گەورەیە کە لە ریسێکی ئاوریشمی دروست کراوە، ئاژەڵێکی بەڵەکە وەرن تەماشای بکەن.. بەشێتییەوە هاواری دەکرد، وەرن بۆ تەماشاکردنی، هەموو ژاوەژاوی حەپەی سەگەکان و ترس و لەرزی ئافرەتەکانی ورووژاند و شێواند، تا ئەو ڕادەیەی کە پیاوە زۆر بەتەمەن و پەککەوتەکانیش ترسی باووباپیرانیان بۆ گەڕایەوە و خۆیان مەڵاس دا، بەو باوەڕەی گوایە ولیەم دامبییر دیسانەوە گەڕاوەتەوە.. ئەوانەی کە چوونە دەرەوە هیچ ئامێرێکی وایان نەهاتە پێش چاو کە ئەبلەقیان بکات و سەرسام بمێننەوە، لەبەر ئەوە چەند شتێکیان پێ وت و جێیان هێشت تاوەکو خۆی لوول کردەوە، لەو وەختەشدا لە تووڕەییدا لیکی لێ دەچۆڕاو دەیوت: دەیبینن من کێم..

بەڵێنی دا کە ئەو خۆڕاگرییەی لەگەڵ کەسدا بەش نەکات، تاوەکو ساڵێکی تەواو تێدەپەڕێ و ئەو بیرە نەگۆڕەی (دەیبینن من کێم) لەچاوەڕوانی دەرکەوتنی ئەو شەبەنگانەدا بهێڵێتەوە کە سەرلەنوێ دێنەوە و بۆیان دەسەلمێنێ.. بەو شێوەیە، یەکێک لە بەلەمەکانی دزی و بەنێو کەنداوەکەدا ڕۆیشت، تاوەکو ئێوارە تێپەڕی و چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لە سەختی بەندەرەکەدا ئەو ساتە بێتە پێشەوە کە شۆربایەکی مەرگی مرۆڤی کاریبی ببینێ، چونکە هێندەش نغرۆی ئەشکەوتی ئەو ئەندێشەیەی ببوو، ڕانەوەستا تاوەکو وەک جارانی پێشووی لەبەردەم دووکانی هندییەکاندا فەرمانبەرانی ئیمپراتۆری هەڵکۆڵراو لەسەر عاجی ساغی شفرەی فیلەکان ببینێتەوە.. بە نارەحەتیشەوە بڕوانێتە ئەو پێست ڕەشە هۆڵەندییانەی کە بە سواری پاسکیلە کۆن و شێواوەکانیانەوە بوون، وەک جارانی پێشوو هیچ گاڵتەی بەخەڵکانی مالایۆ نەهات، کە قژیان بە ڕەنگی برۆنزی بوو و لەنێو ئەو دووکانە نهێنیانەدا کە پارچە گۆشتی بەرازیلی سەر خەڵووزیان لێ دەفرۆشرا. پشتیان دەکردە خەڵکی و خەیاڵ دەیبردنەوە. ئاگای لەهیچ شتێکی ئەوێ نەمابوو، لەبەر ئەوەی شەوانی پڕ ئەستێرە ئیدی نەدەهاتنەوە وێزەی، یان ئەو دارستانەی دەنگێکی خۆشی دەخستەوە ناو گوڵی سپی و قۆرییە بۆن کردووەکانەوە.. ئەو ئێستا سەوڵ لە بەلەمی دزراو دەدا و دەچێتە نێو زارکی کەنداوەکەوە، لەگەڵ لایتێکی کوژاوەدا تا سەرنجی پاسەوانەکان ڕانەکێشێت، لە هەموو پازدە چرکەیەکدا لەنێوەندی تروسکەی سەوزی قوللەکەدا دەبووە ئەندێشەو وەختێکیش تاریکی دەگەڕایەوە، دەبۆوە بنیادەم.. دەشیزانی لەنزیک ئەو بەلەمانەوە تێدەپەڕێ، کە ڕێی نۆکەندی دەربەندەکەیان وەدەردەخست، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی بریسکانەوەکانی بەباشی دەبینی، بەڵکو بۆنی ئاوەکە دەگۆڕایە سەر خەمناکی..

ئاوا هەر سەوڵی لێدەداو لەبیرکردنەوەدا نقوم ببوو، لەناکاوێکدا نەیزانی لەکوێوە هەناسەبڕکێیەکی ماسییەکی قرشی کەوتە بەرگوێ، کە وای کرد شەوەکە چڕتر بێتەوە و لەپڕێکدا ئەستێرەکانی ئاسمان خەفە ببنەوە.. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە ئۆقیانووسبڕەکە بەهەموو قەبارە ناماقووڵەکەیەوە لەوێ بوو.. ئای دایە.. لە هەموو شتێکی گەورەی تری جیهان گەورەترە و لە هەموو شتە تاریکەکانی سەر ڕووی زەوی و ناو ئاو تاریکترە.. سێ سەد تەن لە بۆنوبەرامەی ماسی قرش تێدەپەڕی و ڕووبەڕووی بەلەمەکە دەبۆوە، کە دەشیتوانی هێڵەکانی پێوەلکانی ئاسنە پۆڵاییەکان ببینێ، بەبێ هیچ تروسکاییەکیش لەچاوانی ناکۆتای گاجووتدا، بەبێ هیچ هەناسەبڕکێیەک لەمەکینەکاندا، بەبێ گیان، بێ دەنگ هەروا مابۆوە.. ئاسمانێکی خاڵی و هەوایەکی مردوو و زەمەنێکی داخراو.. دەریایەکی پەرەوازەش کە جیهانێکی تەواوی ئاژەڵە خنکاوەکانی لەخۆ گرتبوو.. هەموو ئەوانە لەگەڵ تیشکی قوللەکەدا ڕەوینەوە، بۆ تاوێک هەموو ئەو شتانە گۆڕانەوە بە کاریبییەکی ڕوون و شەوێکی مانگی مارت، بوونەوە بە ئاسمانێکی ڕۆژانەی سەقاکوژ و کەڵکەکان.. ئیدی بەتەنیا لەنێوان بەلەمەکاندا مایەوە و نەیدەزانی چی بکات، بەسەرسامییەوە پرسیاری دەکرد.. ئەگەر بەڕاستی بێدارە و خەون دەبینێ، نەک تەنیا ئێستا بەڵکو لە هەموو جارەکانی پێشووشیدا.

هێشتاکە لەو پرسیارانەی تەواو نەببوو، کە فوویەکی نادیار هەمـــوو ئەو بەلەمـــانەی یەک لەدوای یەک دامرکاندەوە.. بەو چەشنە، کاتێک تیشکی قوللەکەی تێپەڕاند، ئۆڤیانووسبرەکە سەرلەنوێ وەدەرکەوتەوە.. هەنووکە قیبلەنوما ونبووەکانیشی دەستگیر کردبوونەوە کە نەدەزانرا لە چ جێیەکی دەریادا بەدوایاندا گەڕابوو و هێنابوونییەوە، بە وردی لە دووی نۆکەندە نەبینراوەکە ئاشکرا بوو، کە ئەو ڕووداوە دژوارەی بەلەمەکان دوا کلیلی شکاندنی تاریکین، لایتی بەلەمەکەی هەڵکرد و تیشکێکی سووری کزی هەبوو، کە هیچ لەوانەی پاسەوانەکانی قوللە نەیان دەبینی، بەڵام بۆ دەریاوانەکان دەبووە خۆرێک لەساتی هەڵاتندا.. ئۆڤیانووسبرەکەش توانی بەوە ئاسۆ و ئاراستەکەی ڕاست بکاتەوە و بچێتە نێو دەروازە گەورەکەی نۆکەندەکەوە.. ئیتر هەموو تیشکەکانی لەیەک ساتدا هەڵکردن و پێچکەکانی کەوتنەوە هەناسەبڕکێ، ئەستێرەکان لە ئاسماندا درەوشانەوە و کەلاکی ئاژەڵەکان ڕۆچوونە بنی ئاوەوە، دەنگی قاپ و بۆنوبەرامەی هەڵقرچانی ڕۆن زەیتوونێکی خۆشیش لە چێشتخانەی کەشتییەکەوە هاتە بەر لووتی، گوێی لە تەقەتەق و زرینگە و خلیسکانی ئەو چەتاڵە زبوبیانەش بوو لەگەڵ هەراو بەزمی دەریاوانەکاندا، بەڵام هێشتاکە هەر تووڕە بوو، چونکە بەو بەزمە سەرسام نەبوو، هیچ لەو پەرجووەش نەترسا، وەلێ بە باوەڕێکی زۆرترەوە وتی: کەس نابینێت ئێستا من کێم.. نەفرەت، ئێستاکە دەیبینن.

لەبری ئەوەی بەلایەکدا خۆی لابدات، تاوەکو ئەو ئامێرە گەورەیە پانی نەکاتەوە، کەچی لەبەردەمیەوە هەر سەوڵی لێ دەدا.. چونکە ئێستا دەزانن من کێم.. ئیدی لایتەکەی ئاراستەی کەشتییەکە کرد و هێندەش لەسەر بڕیارەکەی سوور بوو کە تا ناچاری کرد بەرەو ئاراستەی شۆستەکە مل بکێشێ، لەنۆکەندە نەبینراوەکەوە دەریپەڕاند و وەک بەرخێک پڕی بە گوریسەکەیدا کرد و دایە بەر تیشکی گوندە خەواڵووەکە.. کەشتییەکی زیندوو، ساغ و تەواو لەبەر تیشکی قوللەکەدا کە هەنووکە نەیدەشاردەوە، بەڵکو لە هەموو پازدە چرکەیەکدا دەیکردە ئەلەمنیۆم.. ئیدی لەوێدا خاچی کلێساکەی ناسییەوە، مەینەتی خانووەکان و وەهم.. ئۆڤیانووسبرەکەش لەپشتییەوە هەر دەڕۆیشت.. دوای کەوتبوو بە هەموو ئەو شتانەیەوە کە باری کردبوون.. کاپتنی خەوتوو لەسەر دڵی ئارامی.. گای ڕمبازێن لە بەفری سندووقەکانی خواردندا.. تاقە نەخۆشێک لە نەخۆشخانەکەیدا، ئاوی هەتیو لەتانکییەکانیدا.. دەریاوانێکی نامۆش کە بەردەلان و سەر شۆستەکەی لێ تێکەڵ ببوو، چونکە لەو ساتەدا دەنگی گەورەی شەیپوورەکەی بڵند ببووەوە، ئەویش بەبارانی هەڵم کە لەسەرەوە دەپرژایە خوارەوە، تەڕببوو، کاتیش تەواوێ درەنگ ببوو.. گوێچکەماسی و بەردەکانیش لەسەر ڕۆخەکە بوون.. دەرگای خەواڵوو و گومڕاکانیش، گوندیش ڕۆشن ببووەوە بە تەرزی ئۆڤیانووسبری تۆقیو.. وەلێ ئەو هەلی ئەوساتە هەبوو کە لێی دووربکەوێتەوە و ڕێی پێ بدات تا ئەو تۆفانە تێپەڕێ، لەنێو ئەو ژاوەژاوەشدا هاواری دەکرد: (ئەوەتانێ لەوێ مۆڵکی ئێوەیە.. ئەی تیۆس).

چرکەیەک بەر لەهەڵوەشاندنی پەیکەری پۆلایینی گەورە و زەبەلاح بەزەویدا، دەنگی خاپووربوونێکی ئاشکرای نەوەد هەزار و پێنج سەد بوتڵە شەمپانیا کە یەک لەدوای یەک دەشکان و لەنووکەوە دەستی پێ دەکرد تاوەکو پاشکۆی کەشتییەکە هاتنە بەرگوێ، ئیدی دنیا ڕۆشن بووەوە، ئەوەش سپێدەیەکی مانگی مارت نەبوو، بەڵکو پاش نیوەڕۆیەکی چوارشەممەی خۆش بوو، توانی چێژێکی تەواو لە بینینی گومڕاکان وەرگرێت کە بەدەمی داپچڕاوەوە دەیانڕوانییە ئۆڤیانووسبری گەورەتر لەجیهان و جیهانەکەی تری ملکەچ بەرانبەر کلێسا.. سپیتر لە هەموو شتەکان، درێژتر بە بیست ئەوەندەی قوللەکەو نەوەدو حەوت جار گەورەتر لەگوند.. بە ناوە نەخشێنراوە پیت ئاسنینەکەیەوە (هالاکسیلاژ) کە لەلاکانییەوە ئاوی دێرین و ساردی دەریاوانی مەرگی لێ دەتکایەوە.

## بەپارچەبوون و دواخستنی گێڕانەوە
## پەرتبوونی زەمەن لە شێوازی مارکیزدا

ئەم چیرۆکەی گابریێل گارسیا مارکیز (دوایین گەشتی کەشتییەکی خەیاڵی) دەهێنێت کە لە هەموو ڕوویەکەوە لەسەری ڕابووەستین و شرۆڤە و ڕانانی هەمەجۆری بۆ بکەین، چونکە چیرۆکێکە تژی لە بەهەمەلایەنی و نەدرکاندنی هەموو ئەو شتە نادیار و نەوتراو و شاراوانەی بوونەتە هۆکار بۆ بەکارهێنانی ئەندێشەی

کارەکتەری منداڵ و هۆی دروستبوونی بیرۆکەیەکی لەو چەشنە لە دید و ڕوانینی پاڵەواندا تا ئاکامیش نووسەر بەهاوشانی ئازادییەکانی کارەکتەر لە چینینی خەیاڵی نەبڕاوەیدا جڵەو شل بکات، یان دۆخێک ڕۆبنێت کە هەم نووسەر هەم خوێنەریش دیسانەوە ڕۆڵیان لە شتێکدا هەبێت کە لەڕاستیدا لەنێو دەقدا بەڕاستەقینە بوونی نییە، ئەم چیرۆکە جڵەو شلکردنە بۆ ڕووداو، بۆ ئەندێشمەندیی بەناوی کارەکتەرەوە، ئەو کارەکتەرەی لەدەریای کاریبیدا هەست بە پەراوێزبوون و تەریکی دەکات و خاوەنی خەونەکانی خۆیەتی، بێ ئەوی هیچ کەسێک دەرکیان پێ بکات و تێیاندا بژی، بەڵکو ژیانیشی بەندە بەو خەونانەوە، بەو ئەندێشە سەمەرانەوە کە بۆ خۆی دروستی کردوون و بەهایەک دەبەخشنە ئەو ژیانەی کە هەرگیز لە واقیعدا چ بەهایەکی نییە، تەنانەت بۆ ڕازیکردنی منداڵێکیش تا تێیدا هەست بە بەختەوەری بکات.

زمانی ئەم چیرۆکە چڕوپڕە بەشێوەیەکی خۆشڕەوت پەل دەهاوێ و بەسادەیی خۆیەوە پڕە لە بیرۆکە و کەرەستە و ڕووداو، پڕە لە بینین و ئەزموونی چیرۆکبێژی.. نووسەر بەجۆرێک تێکەڵ بەو ئەندێشەیەی پاڵەوان بووە کە بە (ئەشکەوتی ئەندێشە) ناوی دەبات، لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا ماوەتەوەو هێندە سەربەستی بەخشیوەتە پاڵەوانەکەی وەختە سەربەستی خۆی تێدا زەوت بکرێ و دەستی بە چ گوتارێکیش ڕانەگات، هەر لەناوونیشانی چیرۆکەکەوە ئاکامێک دیاری دەدا، ئەویش ئەو ئاکامەیە کە ئەم گەشتەی کەشتییەکە دوایین گەشتە و چیتر گەشتێکی وەها بەخۆوە نابینێتەوە، ئەو دوا گەشتەش کە بڕیارە بەم چیرۆکە دوایی پێ بهێنرێت لەو زەمەنە دایە کە ئێستایە، کە لەزەمەنی ناوەکی دەقدا، بەڵام ئەو ئێستایە کە بڕیاردەرە و دوا گەشت و ئاکام دەخەملێنێ دەپرسین چ ئێستایەکە؟!

سەرەتای کردنەوەی چیرۆکەکە، واتە لە دەسپێکی چیرۆکدا ئاماژە بەو ئێستایە دەکرێ و بە دەستەواژەی (ئێستا دەیبینن من کێم) دەکرێتەوە.. ئەم بڕیارە خۆسەلمێنەرە لە پیشاندانی خود بۆ بەرانبەر، یان بۆ ئەوانی دی بێ چەندوچوون گرێچنێک لەخۆ دەگرێت تا پێ بەپێی هەنگاو هەڵگرین، ئەو بڕیارە کە پێ دادەگرێتەوە لە (ئێستا) هەروەکو ناوونیشان لە بەدەرخستنی ئاکامی چیرۆکەکە کاردەکات، نەک دەسپێکی چیرۆک، لەبەر ئەوەی دوا بەدوای ئەو بڕیارە، ئەو وتەیە، ئێمە تەفرە دەدرێین و دەڕژێینە ڕابردووی پاڵەوانەوە و بەڕۆژانی بەسەرچووەوە گیرۆدە دەبین، نەک ئەو ئێستایەی دەستبەجێ خۆیمان پیشان دەدات، لێرەدا، لە یەکەم چرکەوە لەبەردەم گێڕانەوەیەکداین کە بە پارچە بووە و دواخراوە، (ئێستا) ئاکامی چیرۆکە و ئەو ڕووداوەیە کە هەمیشە خۆی تەئجیل دەکات و خۆی دەخاتە دواترەوە تاوەکو شتەکانی دی بەدەرنەخرێن، ئەویش بەدەرناکەوێ، چونکە وا پێویست دەکات هەموو ئەو شتانەش بزانین کە بوونەتە هۆی دەربڕینی ئەو وتەیە کە خوازیارە سەلماندنی بوونی خود ڕابگەیەنێت، سەرباری ئەو جوگرافیایەش کە سەلماندنەکەی تێدا دەکرێت، وەلێ وێڕای پیشاندانی ئەو جوگرافیایە، هێشتان هۆکارەکانی ئەو بڕیارە نەزانراوەو نادیارە و بە کراوەیی جێهێڵراوە، کەوتووەتە نێوان دێرەکانەوە و شاردراوەتەوە، ڕووداوی چیرۆکەکە کە هەمووی تێکڕا خەونی منداڵێکە و لە فانتازیا و ئەندێشەی خۆیدا نغرۆیە هەرگیز مۆڵەت نادات گۆشەنیگاکان لەسەر ئەو خاڵانە گردببنەوە کە خولقێنەری ئەو ڕەوشەن.

دەبینین پاش کردنەوەی چیرۆکەکە لە دەستەواژەی (ئێستا دەیبینن من کێم) کە بە دەنگێکی گڕی تازە پیاوانەوە دەیڵێت، دەستبەجێ دەکەوینە بەردەم پاش ساڵانێکی زۆرەوە کە بۆ یەکەم جار پاڵەوان تێیدا ئەو ئۆقیانووسبڕە دەبینێ کە بە بەردەم گوندەکەیاندا بە هەموو وردەکارییەکانییەوە ڕەت دەبێ، وەلێ سەرەتا وەهای بەخەیاڵدا دێت کە ڕەنگە خەو بردبێتییەوە بەردەم ئەستێرە ژماردنەوە و بەخۆی دەڵێت خەونم بەو کەشتییە گەورەیەوە بینیوە، هەر بۆیە لە بەراییدا کەسی لێ ئاگادار ناکاتەوە و بە پەنهانی لای خۆی دەیهێڵێتەوە.. هەمیشە ئەو بینینە خەڵەتێنەرەش لە ساتەوەختێکی ساڵدا دێتەوە پێش چاوی کە لە شەوێکی مانگی مارتدایە، ئەم ڕەفتارەی پاڵەوان کە دەردەکەوێت لە منداڵییەوە پەیڕەوی دەکات بەوەی شەوانە مۆڵەت لە دایکی دەخوازێت تا ساتەوەختێکی درەنگ بڕواتە سەر ڕۆخەکە و گوێ لە ئاوازی شنەبای شەوانە بگرێت، چونکە لەدەستپێکدا، دوای زەمەنی ئێستای دەق کە گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوو، ئەوە خراوەتە ڕوو لەپاش تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆرەوەیە

که سەرلەنوێ ئەندێشە دێرینەکەی سەرهەڵدەداتەوە، واتە یەکەم بینینی لەشەوێکی مانگی مارتدایە کە ساڵانێک بەسەریدا ڕەت دەبن، ئێمە نازانین چەند ساڵن، بەڵام لە ئێستای دەقدا ئاشکرایە کە کارەکتەری منداڵ ئەوەتا بووە بە هەرزەو خاوەنی دەنگێکی گڕی تازە پیاوانەیە.

لەسەرێکی تریشەوە ئەوە بەیان دەبێت کە دایکی بۆ ماوەی یازدە ساڵ لەسەر کورسییەکی دیلانێی کۆن خۆی ڕادەژەنێ تا خەمەکانی بەبادا بدات، هەڵبەتە دایکی دواتر دەردەکەوێت کە بێوەژنێکەو مێردەکەی مردووە، پاڵەوان باوکی نییە هەر بۆیە شەوانە مۆڵەت لە دایکی دەخوازێت بچێتە سەر ڕۆخەکە. لەم نەوتراو و نادیارەدا بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە یازدە ساڵە دایکی بێوەژنە و ئەمیش ئەوەندە ساڵە ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکاتەوە، دەنا پاش ساڵانێکی زۆر هەر ئەوە دەگەیەنێت؟!

لەگەڵ هاتنی هەموو مانگێکی مارتدا، ساڵانە بیر لەو شتە دەکاتەوە کە خۆی بینیوبەتی و کەسێکی تر پەی پێ نەبردووە، لە دووەم جاریشیدا، دوای تێپەڕینی ساڵێکەو (لە شەوێکی مانگی مارتی داهاتوودا) کە لەدەریاکەدا بەدوای پاشماوەی دۆلفینەکاندا دەگەڕێ، ئۆقیانووسبڕەکە دەبینێتەوە، نووسەر لەم بینینەیدا بە (ئۆقیانووسبڕە خەڵەتێنەرەکە) ناوی دەبات، واتە لەدەرەوەی ئەندێشەی پاڵەوانەکەیدایە و وەک ئەو هێشتاکە گیرۆدەی هەمان هەست نەبووە، چونکە دواتر پێ دەزانین نووسەر چۆن لە پرۆسەی بەردەوامبووندا خۆشی دەکەوێتە ئەو خەیاڵەوە کە خەیاڵی تایبەتی پاڵەوانە و لە وردەکارییەکاندا تایبەتمەندی ئەندێشە ون دەبێت، نازانرێت ئەوە خەیاڵی پاڵەوانە کە بە تەنیا زمان و وەسف دوای دەکەوێت و بەرجەستەی دەکات، یان ئێمە لە خەیاڵدانی نووسەرێکیشداین وەها لەسەر وردەکارییەکانی ڕامان دەگرێت و گەشتمان پێ دەکات، واتە ئەم دەقە بۆ خۆی دەبێتە دەقێکی گوماناوی و ئەستەمە لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا دوا بڕیاری خۆمان بدەین، ئایا پاڵەوان لەنێو ئەندێشەی نووسەردایە، یان نووسەر وابەستەی فانتازیایەکە کە ناتوانێت لەدواجاردا، لە ئاکامی چیرۆکبێژیدا لێوەی دەرباز بێت؟!

(ئێستا دەبینین من کێم) وەک وتمان هەمیشە خۆی دەخاتە گێڕانەوەیەکی دواترەوە، ئەمەش لەوێوەیە کە نووسەر دەیەوێت ئەو شتانەمان بۆ دەربخات کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و سەرەتای بینینەکانی پاڵەوان بێنێتە بەرچاومان، ئینجا گەیشتن بە بینینی ئێستای، پیشاندانی دۆخی ژیان لەگەڵ دایکیدا کە کەسێکی بێ هیوایە لەپاش مردنی مێردە بەدبەختەکەیەوە، هەروەها ئەو گوندەش کە هەمیشە بەهەستی پاڵەوان گومڕان و دڕدۆنگن و بەتێڕوانین و ڕەفتارەکانی قایل نین.. ئەم لایەنە لە چۆنێتی بە پەراوێزکردنی پاڵەوان هەرگیز نەوتراوە و لە ڕووپەڕدا نەخراوەتە ڕوو، بەڵام لە چەند هەڵوێستێکدا داوا لە ئێمەی خوێنەر دەکرێت بۆ خۆمان دەستنیشانی بکەین. لە پانتایی چڕی چیرۆکەکەدا،کە زێتر چوونە ناو فانتازیایە، دەرفەت نەدراوەتە ڕۆشنکردنەوەی ئەو لایەنانەی کە پێویستییان بە لەسەر وەستانەوەیە.

هۆکاری دروستبوون و هاتنەکایەی بیرێکی وا لای منداڵێک بۆ ئەو جێگەیە پەلکێشمان دەکات کە بڵێین لە سۆنگەی ئەوەی ئەم منداڵە بێ باوکە و خاوەنی دەرامەتێکی وەها نین کە پێی بوترێت، ژیان، واتە لای خەڵکی گوند چ حسابێکیشی بۆ ناکرێت، لە هەمان کاتیشدا، لەنێوەند خەموخەفەتی دایکەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەردەوام بۆ مێردە مردووەکەی دەنووزێتەوە، دۆخی خەمۆکی ماڵ کارەکتەر بۆ ئەوێ دەبات جڵەوی خەیاڵی شل بکات و لە دنیای ڕۆتین خۆی نەبان بکات، لەدووەم بینینیدا کە ئەم جارەیان دڵنیایە بێدارە و نەخەوتووە، پاش بینینی ئۆقیانووسبڕی گەورە و زەبەللاح غار دەداتە لای دایکی تا ئەو بینینە سەمەرەیەی بۆ بگێڕێتەوە، وەک ئەوەی دەسکەوتێکی باشی بۆ بباتەوە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع دایکی بۆ ماوەی سێ هەفتەیە لە بێ هیوایی و نامورادی خۆیدا دەنووزێتەوە و پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو ڕەفتارە جگە لەسەرکێشی چیتر نییە و شایانی گاڵتە پێکردنیشە، پێی دەڵێت: «چونکە تۆ مێشکی خۆت تێک دەدەیت ئەوەندە بە هەڵگەڕاوەیی بیردەکەیتەوە، بەڕۆژ خەوتوویت و شەوانەش خەریکی سەرکێشیت هەروەکو ئەو خەڵکانەی کە ژیانێکی خراپ دەژین».

ناچار دایکی ئەو ڕۆژەی کە بە نیازە بە بەلەم بچێتە شار تا شتێک ببینێتەوە و لەسەری دابنیشێت، چونکە کورسییە دیلانێکەی خۆی لەماوەی یازدە ساڵدا هاوسەنگی لەشی تێکداوە و ناتوانێت بەباشی بڕوات،

بڕیار دەدات لەگەڵ کابرای خاوەن بەلەمدا کوڕەکەشی ببات تا بە ڕۆژی ڕووناک سەیر بکات، ئەوەی بینیویەتی هیچ نەبووە و درۆیە لەناو درۆدا، لە یاداشتێکی مارکیزدا دەردەکەوێت کە بە منداڵی لەگەڵ دایکیدا گەشتێک دەکات و بە بەلەم ڕووەو ماڵە باپیرەی دەڕۆن، لەم چیرۆکەدا ئەزموونی ئەو گەشتە لە بینینەکانی کەسێتیی پاڵەواندا ڕەنگ دەداتەوە، واتە بەشێکی ئەو بینینەی دەریای کاریبی لای پاڵەوان بینینی ڕاستەقینەی مارکیزی منداڵ بووە. دایک لە ئاکامی ئەو چوونەی بۆ شار کڕینی کورسییەکە کە زەمەنەکەی بۆ زەمەنی فرانشیز دراکی دەگەڕێتەوە کە لە مەزاتێکی تورکیدا دەیکڕێت، بێ گومان دواتریش لە گێڕانەوەی دواخراو و بەپارچەبوودا دەزانین کە کورسییەکی دیلانێی کەم بەهایە، چونکە (سەرباری ئەوەش کە لە زۆرینەی هەموو سەدەکاندا بەکارهێنرابوو و توانای بەخشینی حەوانەوەشی لەدەستدابوو) دواتر دەگەڕێتەوە سەری و وەسفی دەکات.

هۆکارێکی دیکە کە بەلامەوە لە هەموو هۆکارە نەوتراوەکان لەسەر دەروونی پاڵەوان کاریگەرترە تا زیاتر وابەستەی ئەندێشەکەی ببێتەوە ئەوەیە لە گێڕانەوەی دواتردا ئاشکرا دەبێت کە دایک هەر ئەو شەوە لەسەر کورسییەکە دادەنیشێ بۆ ئەوەی بڕێک بحەوێتەوە، وتراوە: «ئەی هۆلۆفیرنسی بەدبەختم، گەر باش دەڕوانیت و دەبینیت، ئەوەتا ئێستا بیرت لێ دەکاتەوە لەسەر ئەم قەدیفە و جێ مەرگی شاژنەدا».. هەر ئەو شەوە یادەوەریی مێردە مردووەکەی شپرزەییەکانی ناوەوەی زۆرتر دەکات و لە دەروونێکی شەکەتدا خوێنی ناو دڵی وەک چوکلێتێکی خەست، خەست دەبێتەوە، یان لە بری دانیشتن ڕابکات و دووچاری لەرزوتا بووبێت، هەناسەی سواربێ و هەست بکات هەوای پڕ تەپوتۆز هەڵدەمژێت، دەمەو سپێدە وەختێک کوڕە بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، دەبینێت دایکی گیانی سپاردووە، هیچ لەم ڕووداوە ڕاتەکاندن نابەخشنە پاڵەوان و لەبارەیەوە چ شتێک نەورووژێنراوە، وەلێ لەگێڕانەوەیەکی بەپارچەبووی دواتردا ڕوون دەبێتەوە کە لەپاش ئەو شەوەوە کە دایک لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشێ و دەمرێت، کورسییەکە دەگاتە لای کەسانێکی تر، دەستاودەست دەکات و چوار ژنی دیکەش بەخۆوە دەبینێ، واتە هەر چوار ژنەکە لەماوەی جیاجیادا وەختێک لەسەر ئەو کورسییە دادەنیشن دواتر دەمرن و تاوەکو ئەو تەلیسمەش یەکالا نەبێتەوە لای گوندییان نازانن کە ئەو کورسییە کوژەرەو مایەی ناخۆشی هێنە، کورسییەکە کە ئەوەی لەسەری دابنیشێ ئیدی مەرگی بۆ دێت و سیحر و ئەفسوون، جادوویەکی تێدایە و تا ئەو ساتەش، لە پاش تێپەڕبوونی چەند سەدەیەک ئینجا دەردەکەوێت کە کورسییەکی شوومە.. لەکاتێدا لە هەستی دایکەوە ئەوە بەرجەستە بووە کە (جێ مەرگی شاژن) ئەو کورسییەیە کە کڕیویەتی، ئەمە دزەکردنی پێشوەختی پێزانینی نووسەرە بە جێ مەرگی شاژن وەسفی کورسییەکە دەکات، یان تەنیا هەستێکە لای بێوەژنەکە کە ڕۆژێک دەبێ هەر لەسەر ئەو کورسییە بمرێ، چونکە چ ئومێدێکی بەژیان نەماوە؟! ئەم پرسیارە بۆ ئەوەیە کە دیسانەوە بە پارچەبوونی گێڕانەوە دەستنیشان بکەین کە ئەم جارەیان لەزەمەنی بەر لەخۆیەوە پێشکەوتووە و زووتر خراوەتە ڕوو.. ئاکامی کورسی ئەوەیە کە فڕێی دەدەنە دووری دەریاوە، تا مەرگی کەسێکی تریش لەخۆیدا هەڵنەگرتبێت، بەڵام ئەوەش دوا هەڵوێستی گوندییان نییە بۆ کۆتایی هاتنی پرسە، بەڵکو بێوەژنەکە لەپاش مردنییەوە بە کەسێکی ناخۆشی هێن لە قەڵەم دراوە، دەوترێت: «لای هەمووانیش ڕوون بوو کە ئەوە کوڕی ئەو بێوەژنە بوو کە کورسییە شوومەکەی هێنابووە گوندەوە».. پێدەچێت لە سۆنگەی ئەو زانینەشدا پاڵەوان لەلایەن خەڵکییەوە ڕووبەڕووی سووکایەتی پێکردن بووبێتەوە، کە ئەمەش هەرگیز نەوتراوە.

ئەم هۆکارە بۆ خۆی کاریگەرییەکی سەرەکی لەهەست و نەستی کوڕەکەدا هەیە کە بیەوێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، یان دیوێکی بەهێزی خۆی نمایش بکات تا باوەڕی پێ بهێنن و چیتر بە کەسێتییەکی سادە تەماشای نەکەن، پێشتر دایکی باوەڕی پێ ناکات، ئینجا هەموو گوندیش، ئەویش جگە لەو چەکە کە چەکی بینینە و تێپەڕێنەری بیروبۆچوونی سەراپای خەڵکییە، هیچی دیکەی نییە تا بەهۆیەوە ڕووبەڕووی دنیای دەرەکی ببێتەوە، ژیانێکی بەناو ژیان دەژی، بەڵکو نە کار دەکات نە هیچ و تەنیا بەو ماسییانە دەژی کە لە بەلەمی ماسیگرەکاندا دەیاندزێت.. لە زەمەنی ئێستای دەقدا کە

گەورە بووە و لە شەوێکی دیکەی مانگی مارتدا سەرلەنوێ ئۆقیانووسبڕەکە دەبینێتەوە، دیسانەوە ئەو ئێستایە نییە کە چیرۆکەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە، هاوار دەکات و هەموو گوندەکە دەخرۆشێنێ، دەڵێت: «ئای دایە، ئەوەتا ئەوە نەهەنگێکی گەورەیە کە لە ڕیسێکی ئاوریشمی دروست کراوە، ئاژەڵێکی بەڵەکە وەرن تەماشای بکەن» ترس و لەرز دەخاتە ناو دڵی گوندییەوە و وەختێک هەموو دێنە دەرەوە و هیچ نابینن، چەند شتێکی پێ دەڵێن تا بەخۆیدا بشکێتەوە و هێندەی تر تووڕە بێت، هەڵبەتە ئەمەش پیشەی یەکەم جاری نییە، هەربۆیە لەسەرەنجامدا بە درۆزن و شت دروستکەر ناوزەد دەکرێ و سەرزەنشت و جنێو دەچنێتەوە. لەوێشەوە ئیدی بەڵێن بەخۆی دەدات کە ئەم جارەیان خۆی ڕادەگرێ و بەکەس ناڵێت تا چاوەڕێی هاتنی ساڵێکی تر بکات و ئەو شتەیان بۆ بسەلمێنێ کە ڕاستییەو هەمووانیش بە دەبەنگ و هیچ نەزان بخاتەوە پێش چاوی خۆیان. واتە بۆ هاتنی ئەو ساڵە کە هاتنی ساڵێکی دیکەیە، ئینجا ئێستا لە زەمەنی دەق ئاشکرا دەبێت و دەچینە گێڕانەوەی هەنووکەییەوە.

شێوازی مارکیز کە شێوازی فرە لایەنی و پەلهاوێشتن و گەمەکردنە بە ئاوێتەکردنی زەمەنە جیاجیاکان، لێرەشدا، لەو زەمەنەی ئێستاشدا کە چاوەڕێی هاتنی مانگی مارتی داهاتووە و وا هەنووکەی تێدایە، دەربەستی وەلانانی ڕابردوو نابێتەوە و لەگەڵ دزینی یەکێک لە بەلەمەکاندا دێنەوە و ئاوێتەی ئێستا دەبنەوە، وەک: «ڕانەوەستا تاوەکو وەک جارانی پێشووی لەبەردەم دووکانی هندییەکاندا فەرمانبەرانی ئیمپراتۆری هەڵکۆڵراو لەسەر عاجی ساغی شفرەی فیلەکان ببینێتەوە.بە نارەحەتیشەوە بڕوانێتە ئەو پێست ڕەشە هۆڵەندییانەی کە بەسواری پاسکیلە کۆن و شێواوەکانیانەوە بوون»، ئەمەش ئەوە دەردەخات پێشتر هەموو ئەو دیمەنانەی بینیوە و خەڵکانی بیانی نارەحەتیان کردووە، یان: «وەک جارانی پێشوو هیچ گاڵتەی بەخەڵکانی مالایۆ نەهات کە قژیان بەڕەنگی برۆنزی بوو و پشتیان دەکردە خەڵکی و لەنێو ئەو دووکانە نهێنیانەدا خەیاڵ دەیبردنەوە کە پارچە گۆشتی بەرازیلی سەر خەڵووزیان لێ دەفرۆشرا»، یان: «ئەو دارستانەی دەنگێکی خۆشی دەخستە ناو گوڵی سپی و قۆرییە بۆنکردووەکانەوە» هەموو ئەمانە بەوەوە گرێ دەداتەوە کە پاڵەوان لە ئێستای ڕاستەقینەدا ئاگای لە هیچ شتێک نەماوە و چاوەڕێی بینین و کارەساتێکی کاریبی دەکات، بەڵام لەسەرێکی تریشەوە دیسانەوە ئەو شتە بە تەواونەکراوی ماوەتەوە، یان نەوتراوە و تەنیا لە هەستێکی ڕاگوزەردا بەیان دەبێت، ئەویش ئەوەی دیوێکی بیرکردنەوەی پاڵەوان دەخاتە ڕوو بۆ ڕق لێبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو ڕابردووانەی کە بینیونی، هۆیەکی دیکەش لەپێناوی خۆ سەلماندندا، چونکە لەمیانی دەقەکەوە ئەوە دەردەکەوێت کە شارێکی کۆلۆنیالی دەکەوێتە بەرێکی کەنداوەکەوە کە ئەو کەشتییە دەیەوێت بۆی بڕوات، وەها وەسفی کراوە: «کەشتییەکە بەردەوام دەریاکەی دەبڕی و لەنێو تاریکیدا بەرەو ئەو شارەی داگیرکەران ملی دەنا کە لەدژی چەتەکانی دەریا شوورەیەکی بەقەڵا بۆ کرابوو و دەکەوتە بەرێکی تری کەنداوەکەوە، لەگەڵ ئەو قوللەیەدا کە دەسووڕایەوە و باڵەکانی بە تیشکێکی خەمناک دەگەڕاو لە هەموو پازدە چرکەیەکدا گوندەکەی دەکردە ئۆردووگایەکی سپی سەوز ئاماڵ کە خانووەکانی دەدرەوشانەوە و شەقامەکانیش بەوێنەی بیابانی گڕکان دیاریان دەدا».

گوند لەبەر تیشکی ئەو قوللەیەدا کە لەپێناوی پاسەوانیدا دانراوە وەک ئۆردووگایەکی لێ هاتووە، هەروەها شەقامەکان بەوێنەی گڕکان خۆیان پیشان دەدەن و وا لە پاڵەوان دەکات بەرانبەر ئەو شارە کۆلۆنیالییە هەڵوێست وەربگرێت و ڕکی لە خەڵکانی هۆڵەندی و هندییەکان و مالایۆییەکان بێتەوە، هەر ئەمەیە سەرچاوەی خوڵقاندنی ئەندێشەکەی، لەبەر ئەوەی یەکەم خاک و زێدی داگیرکراوە و دووەمیش خەڵکی گوندەکەی کە هەم خۆی و بنەماڵەیان بەباش وەسف ناکەن و کەسانێکی بەدگومانن، لەسەرێکی تریشەوە هەردەم لە ترس و لەرزدا دەژین و بەرانبەر بە خەڵکانی بیانی و داگیرکەران چ هەڵوێستێکیان نییە، بەرەنگاربوونەوەی پاڵەوان لە جیهانە دەرەکییەکەی لەم سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەق هەرگیز لەسەری ڕاناوەستێتەوە، لە نەوتراو و شاراوەییدا دەیهێڵێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیە نەزانراوەشە پاڵەوان تامەزرۆیە لەبینینی نوێییدا کارەساتێکی گەورە ببینێ کە وەها ئاماژەی بۆ کراوە:

«چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لە سەختی بەندەرەکەدا ئەو ساتە بێتە پێشەوە کە شۆربایەکی مەرگی مرۆڤی کاریبی ببینێ».

ئیتر ئێستای ڕەها لێرەوە دەست پێ دەکات، ئەو ئێستایەی کە کەشتییەکە وەک ماسییەکی قرش بەهەناسەبڕکێوە دوابەدوای بەلەمەکەی دێت و ئەمیش بە تیشکە سوور و کزی لایتەکەی دەستی ئاراستەکەی ڕووەو ڕۆخ و سەر شۆستەکە بەرێت تا کەشتییەکە تێک بشکێ و مەرامەکەی لە دروستکردنی کارەساتێکی وەهادا بێتە دی و بینینی گوندییانیش بەدەمی داپچڕاوەوە کە سەلماندنی خودی تێدا دەگاتە پلەی ئارەزوومەندی.

وەلێ دیسانەوە لە خەیاڵێک زیاتر چیتر نییە و ناوونیشانی چیرۆک ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەمە دوایین گەشتی کەشتییەکی خەیاڵییە، بەڵکو دیسانەوەش بە پارچەبوونی گێڕانەوە، دەقەکە لە بنیادێکی بازنەییەوە دەئاڵێنێ، واتە ئاکام هەر لەدەسپێکی چیرۆکبێژییەکەدا خراوەتە ڕوو و دواتر یەکالادەبێتەوە کە پێشتریش هەمان بینین ڕووی داوە، لە دەسپێکدا، لەدوای بینینی یەکەم جار و دووەم جاری ئۆقیانووسبڕەوە تاوەکو دوا بینین هەمان ڕووداو دووبارە دەکاتەوە، لەدەسپێکدا هاتووە کە: «بەڵام لەوە نەدەچوو شتێک لەمیلی کاتژمێری ئاراستەکەیدا لەکار کەوتبێ، چونکە ڕووە و بەردەڵانەکە ئاراستەی گرت، تێکوپێک شکا، پاشان پارچە پارچە بوو و بێ نانەوەی هیچ دەنگێک نقوم بوو، سەرباری ئەوەی کە پێدامالینێکی بەو چەشنە بە تاوێرەکانی دەریادا دەنگ و زایەڵەی ئاسن و تەقینەوەی مەکینەکانی لێ بەرزدەبێتەوە».. دەبینین ئاکامی چیرۆک هەمان ڕووداوە، هەمان بینینە، تەنانەت لە دووەم جاریشدا جەختکردنەوە لەسەر دیمەنێکی هاوچەشنی دوایین هەیە، دەوترێت: «بەڵام ئەوەی بینییەوە ئۆقیانووسبڕە خەڵەتێنەرەکە بوو، تۆخ، پەرت و تێکشکا و بەهەمان هەڵەیەوە کە ڕۆیشتبوو».

لەدوا بینیندا کە وتمان هەمان بینینەکانی پێشووە و گێڕانەوە وەها شتەکانی بەش بەش کردووە لە شێوازی بەپارچەبووندا، بەڵام پێداگرییەک زیاتر لە هەموو جارەکان دەبینینەوە، نووسەر لە ئەشکەوتی ئەندێشەی پاڵەواندا هەموو شتەکان بە ڕاستەقینە دەکات و دەڕژێتە وەسفی ورد و ڕاوەستانەوە لەسەر وردەکارییەکان، هێزی بڕوامەندی لەم دەقەدا هێندە کاری بۆ کراوە وەک وتم دەمانخاتە نێو گەرداوی گومانەوە، گرتەی ڕووداوەکە هێندە گۆشەنیگاو زوومی بۆ دەکات بڵێین ئەوەی دەگێڕێتەوە تەواو واقیعە، بەو پێیەی لە بینینەکاندا کە خەیاڵ وەها چنیونی هەر بە خەیاڵ دەمێننەوە، بەڵام جەختکردنەوە لە هەڵوێستی نەگۆڕی پاڵەوان بۆ دوا بینین بڵێین ڕووداو ڕاستەقینەیە و بەدیهاتنی ئەو ئەندێشەیەیە کە سەروەختێکە چاوەڕێی دەکات، ئەم گومانە، هێشتنەوەی خوێنەر لەنێوان خەیاڵ و واقیعدا لە ڕەگەزێکی بە توانستەوە دێتە مەیدانەوە کە ئەویش ڕەگەز و هونەری باوەڕپێکردنە، لۆژیکی ناوەکی دەقە کە زەمینەی لەباری بۆ ڕەخساوە و نووسەر پێ بەپێی پاڵەوان ئەندێشە بەرفراوانتر دەکات و بە موفرەدەکانی قایلکردن کاردەکات.

فانتازیا و پێداگری لەسەر ئەندێشە لە زێدەڕۆییەکدا دەمانخنکێنێ کە نەتوانین بێینەوە دەرەوەی دەق و لەوێوە بڕیار بدەین، بەڵکو پتەوتر بڕوامەندی دەستگیر دەکات و باوەڕمان پێ دەهێنێ کە ئەوە تەنیا ئەندێشە نییە و لە واقیعێکی تەواوداین. پاڵەوان بەهاواری شەوانەی وا لە گوندێک دەکات هەموو لەترسێکی ڕاستەقینەدا داچڵەکێن، دەوترێت: «تا ئەو ڕادەیەی کە پیاوە زۆر بە تەمەن و پەککەوتەکانیش ترسی باووباپیرانیان بۆ گەڕایەوە و خۆیان مەلاس دا بەو باوەڕەی کە ولیەم دامپییێر دیسانەوە وا گەڕاوەتەوە» پاشان ئەو کەشتییە خەیاڵییەی دەڵێت زۆر ڕوون و تەنکەو لە شووشە دروست کراوە تا هەموو ناوەوەی ببینرێت، ئاماژەی وەها بۆ کراوە: «کاپتنی خەوتوو لەسەر دڵی ئارامی.. گای ڕمبازێن لە بەفری سندووقەکانی خواردندا.. تاقە نەخۆشێک لە نەخۆشخانەکەیدا» تەنانەت گای ڕمبازێن لە بەفری سندووقەکانی خواردندا.. تاقە نەخۆشێک لە نەخۆشخانەکەیدا» وا هەست بکەین کە پاڵەوان ئاو دەپرژێتە سەر گیانی «ئەویش بە بارانی هەڵم کە لەسەرەوە دەپرژایە خوارەوە تەڕببوو».. نغرۆبوون لەناو ئەندێشەی دروستکراودا دەگاتە ئەوەش: «دەنگی خاپووربوونێکی ئاشکرای نەوەد هەزار و پێنج سەد بوتڵە شەمپانیا کە یەک لەدوای یەک دەشکان» لەکۆتاییشدا بینینی ئەو شتە خەیاڵییە بە: «سپیتر لە هەموو

شتەکان، درێژتر بە بیست ئەوەندەی قوللەکەو نەوەدو حەوت جار گەورەتر لەگوند بەناوە نەخشێنراوە پیت ئاسنینەکەیەوە هالاکسیلاژ کە لەلاکانییەوە ئاوی دێرین و ساردی دەریاوانیی مەرگی لێ دەتکایەوە».. هەموو ئەمە جەختکردنەوەیە لە کارکردن لە فانتازیایەکدا کە بە لۆژیکی ناوەوەی دەق پشت ئەستوور تا لە هونەری باوەڕپێکردنەوە لە برگە سەمەرەکانی خۆیدا بەشداری بە خوێنەریش بکات، بەلام سەربارى ئەم دەستنیشانکردنەش دەپرسین ئاخۆ کارەکتەری منداڵ، یان مێردمنداڵ و هەرزە کاتێک هەموو ئەو شتانە ببینێ کە ڕووە و ڕاستەقینە پەل دەکێشن و پێزانینی پێش وەختەی هەبێت لە بینینی شتەکاندا، دەرک بەو دیمەنانە بکات کە لە ڕێڕەوەی چیرۆکدا وا خراونەتە ڕوو کە پێشتر نەیبینیون، دەپرسین لەکوێوە هەموو ئەو شتانەی هاتنە پێش چاو؟! چۆن لەگەڵ زرینگەی قاپ و خلیسکانی چەتاڵەکانی ناو کەشتیدا بۆنی ڕۆن زەیتوونی هەڵقرچاویش بکات و لەلای ببێتە شتێکی سەیرو سەمەرەو سەلماندنی خۆی بەو بینینە بێنێتە کایەوە؟! ئایا پێشوەخت پاڵەوان ئەو شتانەی بینیوە تا وەها بچێتە ناو خەونەکەیەوە، یان هەموو ئەوە بینینی نووسەرە و دەیبەخشێتە کەسێتیی چیرۆکەکەی؟! ئەگەر پێشتر بەبیریدا ڕانەبوردبێت، نەهاتبنە بەرچاوی چ هێزێکە وای لێ دەکات بیانبینێ؟! کە ئەمەش بۆ خۆی تێکەڵاوبوونی ئەندێشە تایبەتییەکانی پاڵەوانە و ئەندێشەی نووسەر لەو بینین و پێکهاتەیەدا بێبەش نییە و خوڵقێنەری بنیادنانیانە، ئەم تێڕوانینە ڕەخنەییە بۆ ئەوەیە جیهانی تەریکی کاریبی بخەینە ئەو چوارچێوەیەوە کە مرۆڤەکانی ببینین لە تەریکی ژیانیاندا پەنا دەبەنە بەر ڕۆنانی ئەندێشەو ئەو واقیعەی بە جادوویی ناوی هاتووە. دواجاریش ئەوە دڵنیا دەکەینەوە کە ئەگەر تەنیا وشەی (خەیاڵی) لەناوونیشانی چیرۆکەکە داببڕین ئەندێشەی چیرۆک گومانمان ناهێڵێت کە ئەو شتەی ڕوودەدات ڕاستەقینەیە و تەواو ڕەزامەند دەبین لە چیرۆکێکی واقیعیداین.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری الثقافة الأجنبية، ژمارە (٢)، ١٩٨٧، ت: عباس العويني.**



**زوهێر حەسیب:**
**گەلێ ئەستێرەی دیاری هونەری شێوەکاری لە سووریا کوردن.. منداڵێکی بچکۆلەش هەیە پێم دەڵێ فەرموو ئەوە وێنە و هێما**

**ئا: تاریق کاریزی**

ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٦، کە بە بۆنەی دامەزراندنی ئەو سوپایەی بۆ دەیان ساڵ گەلی کوردی لە باشووری کوردستاندا، سەرکوت دەکرد، لە وڵاتی ئێمەدا پشووی ڕەسمی بوو. دنیای سیاسەت مرۆڤ دەباتە بن باری واوە، کە هەرگیز لایەق بە شان و شکۆی نییە، بەڵام دەبێ شانی بداتە بەر. هەڵبەت شەشی کانوون پشوویەکی سارد و سڕە، خەڵک ناچێتە سەر کاری ڕەسمی، فەرمانگەکانیش بە یادی شەشی کانوونی دووەمەوە، دەرگەکانیان کڵۆمە، من سێ جار لە سوپای عیراق سەربازیم کردووە، بە خۆشی بێت، یان بە ترشی، پێنج ساڵی تەمەنی هەرەتی گەنجیم لە نێو ڕیزەکانی ئەو سوپایەدا، زۆر بە سەخت و زەحمەتی بەسەر بردووە. من و بەشی هەرە زۆری عیراقییەکان، بە ناچاری و زۆرداری دەبووینە سەرباز، هەر بۆیە سەربازی هیچ هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە عیراقدا تێدا نەبوو. لە کوردستاندا خەڵک بە بڕوا و متمانە و حەزەوە دەبوونە پێشمەرگە. پێشمەرگەش نەک هەر خۆی، بەڵکو کەسوکاریشی شانازییان پێوە دەکرد.

ئا لەم ڕۆژە سەیر و سەمەرەیەدا، لە گەلەریی ڕۆژدا، کە هونەرمەند (نامیق عەلی قادر) دایمەزراندووە و بەڕێوەی دەبات هونەردۆستانی



هەولێر لە وادەی ژوانی هونەرمەندێکی گەورەی کوردی سووریادا بوون. زوهێر حەسیب لە ٢٠٠٨/١٢/٣٠دا لە گەلەری، یان مۆزەخانە، یان هۆڵی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی، پێشانگەکەی کردبووەوە. دیارە لە سلێمانییەوە بۆ کردنەوەی ئەو پێشانگەیە ئاسانکاریی بۆ کرا بوو. ئەم هونەرمەندە یەکەمین جارە پێشانگە لە پارچەیەکی نیشتمانی خۆیدا دەکاتەوە.

هەڵسووڕێنەرانی ئەم چالاکییە کارێکی باشیان کرد، کە هونەردۆستانی هەولێریشیان لە دیتنی پێشانگەکەی ئەم هونەرمەندە بێ بەش نەکرد.

هەر لە سلێمانی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، خانمی یەکەمی عیراق بەشی هەرە زۆری تابلۆکانی کڕیبوو. بەشێ لە تابلۆکانی هەر لە سلێمانی ئیزن نەدا بێنە هەولێر. هەڵبەت هێرۆ خان کەسێکی هونەرناسە، تا ئێستا- هێندەی من بزانم- دەیان تابلۆ و بەرهەمی دانسقەی شێوەکارانی کوردی کڕیوە و لە ماڵی تایبەتی خۆیدا هەڵیگرتوون و پاراستوونی.

لە دووەمین ڕۆژی پێشانگەکەدا، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێز عەدنان موفتی سەردانی پێشانگەکەی کرد. وەک ڕێزگرتن لە هونەرمەند ویستی دوو تابلۆ بکڕێت، زۆربەی ئەو تابلۆیانەی ئەو دەیویست بیانکڕێ و بەدڵی بوون، دەردەکەوت پێشتر هەر لە سلێمانی هێرۆ خان کڕیبوونی.

تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە، بەرهەمی زۆر بەرز و دانسقەن، بە بڕوای من سامانێکی زۆر گرنگە و پاراستنیان لە کوردستاندا زۆر پێویستە. ئەو سۆفییەکی دنیای هونەر و ئیستێتیکایە. توانیویەتی ئاستی کار و تەکنیکی یەکجار پێش بخات. لە چەندین لایەنەوە ئەو هونەرمەندێکی کارامە و بەتوانا و دەست ڕەنگینە. خاوەن هزر و بۆچوونکی بەرز و مرۆییانەیە. ئەو لە یەک کاتدا پابەندی ڕەگوڕیشەی نەتەوەییانە و جوگرافیانەی خۆیەتی. کورد و هەرێمی جزیرە لە کوردستانی سووریا، ڕەگوڕیشەی بەرایی ئەون. ئەو دوو توخمە ڕەسەنەی پێکهاتەی بوون و کەسایەتیی ئەو، لە نێو بوونێکی فراوانتردا، کە ڕۆژهەڵاتە، ئاوێتە بووە. هەروەها بە دیدێکی فراوانەوە لە بوون و سەراپای جیهان دەڕوانێ. ئەو بە کارابیەوە خۆی بە بەشێک لە مرۆڤایەتی دەزانێ.

کاتێ هونەرمەند دید و دیدگایەکی جیهانی و سەراپاگیری دەبێت، ئیدی خۆی لە ئاستی بەرپرسیارەتی و خەباتێکی گەورەدا دەبینێتەوە. لە هەمان کاتدا ئەم بەرپرسیارەتییە وزەیەکی سەرسوڕهێنەری کارکردنی پێ دەبەخشێت. ئەو وزەیە لە ئاستی تیۆری و کرداریشدا خۆی دەنوێنێ. لە ئاستی تیۆریدا هونەرمەند تێگەیشتنێکی فراوانی دەربارەی ژیان لەلا گەڵاڵە بووە، ئەو تێگەیشتنە پاساوە بۆ کار و ئەفراندنی هونەرمەند، کار و ئەفراندنیش مەیدانی مانۆڕ و بەرهەم هێنانە، دنیای هونەریش دنیایەکی ئازاد و بێ سنوورە. هاوکێشەی کاری هونەرمەند لە گۆشەنیگای دیدێکی ڕەوا و نزیک بە واقیع و کردارەوە سەرچاوە دەگرێت. هونەر هەرچەندە کار و چالاکییەک بێت لە ئاستێکی باڵا و پێشکەوتوودا، وێڕای ئەوە لە ناخ و قووڵایی ژیاندا خۆی دەنوێنێ و کار و کۆششێکی مرۆییانەیە، کە سەرچاوەکەی تاکە کەسێکی هەستیارە و لە نێو کۆی بوونی کۆمەڵ و گەردووندا تواوەتەوە و ئاوێتە بە ژیان دەبێت.

ئەگەر هونەر عەشق و خولیایەکی دەروێشانە بێت، ئەم هونەرمەندە بە متمانە و هێزێکی زۆرەوە دەروێشی ڕێبازی هونەرە. دنیای هونەر دەروازە و سەرەتای هەیە،

بەڵام دنیایەکە بە کۆتایی ناگات. جیهانێکی فراوان و سیحراوییە، تەمەنی هەریەک لە ئێمە بۆ پەی بردن بە نهێنی و ڕازەکانی ئەو جیهانە، کورت دەهێنێ. هەر بۆیە دەروێشی سەرگەرمی چون زوهێر حەسیب، بۆ گەیشتن بە زۆرترین قۆناغەکانی ئەو جیهانە و هەڵدانەوەی زۆرترین لاپەڕەکانی کتێبی جوانی و پەی بردن بە ڕازی سیحراویی هونەر، شەو و ڕۆژ بە یەکدا دەدروێت، کەچی وا هەست دەکات هێشتا زۆر لەوە دووره پێ ڕابگات.

## دەمەتەقێ

نامیق عەلی قادر، خاوەنی گەلەریی ڕۆژ پێی ڕاگەیاندنم: لەبەر خاتری پێشانگەکەی زوهێر حەسیب، پیشانگەیەکی زۆر چاک و تایبەتی خۆم دوا خست، کارێکی بەجێی کرد. پێشانگەی ئەو هونەرمەندە کوردەی سووریا، هونەرمەند و هونەردۆستانی پایتەختی باشووری کوردستانی بە جۆش هێنا و سەرسامیشی کردن.

ئەم هونەرمەندە بە دەسەڵاتێکی زۆر گەورەی هونەرییەوە هاتە پێش. تابلۆکانی بە تەکنیکێکی بەرز و دارشتنێکی تۆکمە گەڵاڵە کرابوون. ڕەنگی بە شێوەیەکی کارامە بەکارهێناوە. بە گشتی گوتارێکی جوان و دیدەیی جێگیری پێ گەیاندووە و خەملاندوویەتی. ڕوانین و تێگەیشتنێکی ڕوون و ڕەوان بوونەتە پاشخانی کارکردنی.

ڕۆژی حەفتی کانوونی دووەم، دووەمین ڕۆژی پێشانگەکە، وادەی ژوانم بوو لەگەڵ زوهێر حەسیبدا. پرسیار و سەرنج زۆر بوون دەربارەی هونەر و بەرهەمەکانی ئەو. هەر نیو سەعات دەرفەتم لە بەردەمدا بوو. ژمارەیەک ڕۆژنامەنووس و پەیامنێر بە نیازی دیداری هونەرمەند، هاتبوونە گەلەریی ڕۆژ. من لە نێویاندا ۳۰ چرکەی سەرەتای کاتەکەم بەرکەوت.

بەدەم ڕێڕۆیشتن بە نێو گەلەرییەکەدا، پرسیار دروست بوو. هونەرمەندیش بە بڕوا و متمانەیەکی زۆرەوە، لۆژیکییانە بەرسڤی دەدامەوە:

* هۆی چییە هێندە ئافرەت لە نێو تابلۆکاندا ئامادەیە، تەنانەت تابلۆیەکت نییە مێیینەی تێدا نەبێت؟

– زۆر لەمێژە ئافرەت هێمایەکی بەرزە لە ژیانی مرۆڤدا. لە ژیار و شارستانیەتی دێریندا، ژن هێمای پیت و فەڕ و بەخشین و لە دایک بوون و جوانی بووە. بۆ نموونە عەشتار و ڤینۆسی خوداوەندی جوانیمان هەیە. جگە لەوە کۆمەڵگای پێشین دایکسالار بووە. ئافرەت هەر خۆی بنەچە و بنەوان بووە. ئەو دایکە، زینی خۆشەویستە. ئێمە ئافرەت بە شێوەیەکی گوزارەساز و ویژدانی لە کێڵگە و لە نێو چیاو لەبەر نان دەبینین. ئافرەت هێمایە بۆ خاک، بۆ نیشتمان و جوانی، ئافەریدەیەکە هەڵگری گەلێ واتا و ناوەڕۆکە. لەو کاتەوە کە پێشانگە دەکەمەوە، ئەوی ناسک و نازدار خانمی سەر تەختە، بە چەشنی داری لاولاو، ڕەگوریشەی لەتابلۆدا داکوتاوە.

وەک ئاشکرایە گەردوون پێکهاتە و ئاوێتەیەکە لە ژن و پیاو، سارد و گەرم، پۆزەتیف و نێگەتیف. واتە دوانە و دوالیزم. ئەم دوانەیە هەموو هەست و هۆشێک لەخۆ دەگرن. ئیبن عەرەبی کە فەیلەسوفێکی ئیسلامە دەڵێ: «ئەو شوێنەی بە مێ نابێت، جێی متمانە نییە.»

* لە تابلۆکاندا ڕوانگە و قووڵایی بەدی ناکەین. واتە تابلۆ ڕوو تەختە و بە دوو مەودای پانی و درێژیدا دەکشێ. بۆچی ڕوانگە لە تابلۆکانتدا فەرامۆش دەکەیت؟

– من تابلۆی نوێ دروست دەکەم، بەرهەمی من زیاتر لە مەودایەک و دوو مەودای تێدایە. تابلۆی من چوار تا پێنج مەودایان تێدایە. نوێخوازی و نوێگەری ڕەگوریشەی بەشارستانیەت و مێژووەوە بەندە. ڕابردووش لە نێو ئێستا و ئایندەدا خۆی دەنوێنێ.

**من لە پشکنینی بەردەوامدام بۆ دۆزینەوەی هەرچی نوێیە**

من وێنە ناکێشم، بەڵکو تابلۆی نوێی هونەری دەکێشم کە خۆم متمانەم پێی هەیە. بە پەیدابوونی ڕێبازی هەستخوازی (ئینتیباعی)، مەودا و دوورایی سێیەم تێک شکا. پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە بەو سیفەتەی مەودای سێیەم ئەندازە و هێڵکاری بوو، تێکیان شکاند. پەیڕەوکارانی ئەم ڕێبازە بە ڕەنگ مەودای سێیەمیان بە کارەکانیان بەخشی. پاپلۆ پیکاسۆش، بە ڕەنگ مەودای سێیەمی تێک شکاند. ئەو تابلۆکانی هەموو تێکشکان بوون، هەر بۆیە لە تابلۆدا هەموو مەوداکانی بەرجەستە کرد، وەک مەودای بیر و دەروون و...تاد.

قوتابخانە تازەکانی هونەر مەودای سێیەمیان تێک



شکاند. مافووری ماڵێکی گوندی بەرهەمێکی ڕووتەڵ (تەجرید)ە، بەڕەو مافووری میللی یەک پارچە نەخش و هێمایە، ڕۆژهەڵات و شارستانییەتەکەی، چاوگ و خوداوەندی ڕووتەڵین.

* تابلۆکانت چڕن، پڕ فیگەرن. ئەو چڕی و قەرەباڵغییە لەبەرچی؟ چۆن هەموویان پێکەوە کۆک و تەبا دەبن؟

– من کاتێ نیگار دەکەم، تابلۆ دروست دەکەم، منداڵێکی بچکۆلە هەیە ناوی زوهێر حەسیبە. ئەو بۆ لای زوهێری گەورە و فامیدە دێت و دەڵێ: ئەوە هێما و وێنە و دەستاوەر و نیشانە و واتا، فەرموو بیانبە. من لەو وێنە و هێما و واتا و نیشانانەوە شت هەڵدەهێنجم و دەست بە نیگار کردن دەکەم. جاری واش هەیە نقومی نێو وێنەم دەکات و ناچار پێی دەڵێم: ئیدی بەسە. من باوەڕم وایە و پێم باشە تابلۆکەم وێنە و فیگەری زۆری تێدا بێت. تابلۆی من دەوڵەمەندە، تۆ دەتوانیت ڕۆمانێ، چیرۆکێکی لێ دروست بکەیت. بینەر دەتوانێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات. بەرهەمەکانی من لەو منداڵەوە هاتوون. تابلۆ بریتی نییە لە پێوەندیی چەق بەستووی ماتماتیکانە، بەڵکو پێوەندیی کیمیاوین و کار لە یەک دەکەن. من وەک ڕووبارێکم، بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێڕەوی خۆم دەگرم، لە هەردوو بەری ڕووبارەکەش، شت دەڕنم و وەردەگرم.

* لەوە دەچێ هونەرمەندێکی پڕ بەرهەم بیت. تێکڕای تابلۆکانی پیشانگەکەت هی ساڵی ٢٠٠٨ن، کە تابلۆی زۆر گەورە و چڕ و پڕن. لەم جەنجاڵییەی ژیاندا چۆن فریای هونەر دەکەویت؟ هەروەها دەبینین قوماش و ڕەنگی ڕۆنی بەکار دەهێنی؟

– هونەرمەند وەک گەڕیدەیەکی پێ سووتاوە، بەردەوام، بێ پسانەوە لە گەڕاندایە. ساڵی ٢٠٠٧ تابلۆکانم بە خۆڵ و لم پڕ دەکردەوە، هەروەها هەندێ قوماشیشیان تێ دەکەوت. من دەڵێم هەموو مادده و کەرەستەیەکی خاوی نێو سروشت، بابەت و کەرەستەی هونەرن. هەروەها وزە و تواناشیان تێدایە، ئەگەر بتوانین لە شوێنی دروست و شیاوی خۆیاندا لە تابلۆدا بەکاریان بهێنین. هونەر گەڕان و پشکنینی بەردەوامە و ئەو پشکنین و گەڕانەش کۆتایی نایەت. هەر کاتێ هونەرمەند بگاتە پلەی لەخۆ ڕازی بوون، ئیدی کۆتایی دێت. هونەر دەریایە، پشکنینی بێ کۆتاییە، ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەردەوامە. هونەرمەند هەرچەندی تابلۆیەک دروست دەکات، هەست دەکات کارێکی بچووکی کردووە. هونەرمەند هێڵێکی ڕێنوێنە، هەڵدەکشێ و دادەکشێ، سەرکەوتن و نشوستی دەبینێ. خۆشییەکەش لەوەدایە، من لە پشکنینی بەردەوامدام بۆ دۆزینەوەی هەرچی نوێیە.

* فۆرم، یان واتا، جوانی، یان ناوەڕۆک، بە لای تۆوە گرنگە؟

– تابلۆ هزر و فۆرمیشە، شێوە و ناوەڕۆکیشە ئەگەر هاتو بیرۆکەکە زۆر بەرز و باڵا بوو، ئامراز و شێوازی تۆش نەیانتوانی بیرۆکەکە بگەیەنن، خۆت ماندوو مەکەو دەست لە هونەر و نووسین هەڵگرە. پێویستە فۆرم ناوەڕۆک بەرز بکاتەوە، هەروەها ناوەڕۆکیش فۆرم بەرز بکاتەوە. ئەم دوو توخمە پێکەوە و لەگەڵ یەکدا دەڕۆن. هەردووکیان پێکەوە لە دنیای هونەردا هەنگاو هەڵدەهێنن. بە پێچەوانەی ئەوە، دەکەوینە داوی پۆستەری سیاسی، یان بیروبۆچوونی نەگۆڕی ئایدیۆلۆژییەوە. ئەمەش بە هانای هونەرمەند نایەت. هونەرمەند وەک دارێک وایە، لە هەر وەرزە ڕەنگ و شێوەیەکی هەیە. هەڵبەت داری جوان، لە هەر وەرزێکیشدا ڕەنگێکی جیاواز لە وەرزەکانی دی دەپۆشێ. هونەرمەند خاوەن خەمێکی مرۆڤانەیە. لە هەر پیشانگەیەکدا، بە تەکنیکێکی تازە و پشکنینی تازەی ڕەنگییەوە دێتە پێش، بۆ ئەوەی بە تەکنیک بیرۆکەی خۆی بگەیەنێت.

* فۆرمی هەڵبژاردە و سەرەکی تابلۆکانت ئافرەتە. ئەو

ئافـرەتانەش سـەر و سـیـمـا و جلوبەرگێکی کوردانەیان پێوە دیارە. جـا ئاخـۆ ئەو جلوبەرگـە سـەرنج ڕاکـێـشـەی لە بەریاندایە، جلوبەرگی میللیی کوردی سووریا و بە تایبـەتی هی ئافـرەتـانی حـەسـەکـە (حسچایێ)یە؟

– لەوە گـرنگتـر ئەگەر بڕوانی، بڕوای من وایە کـە ئەو کـەسـانەی لە نێـو تـابلۆکـانمدان و من زیـاد لە پێـویست درێژتر، یـان کـورتتـریان دەکـەمـەوە، مـەبەسـتـمـە بگەمـە حاڵەتی گوزارە کردن. گوزارە کردن لە ئێش و ئازار. وەک دەبینی ئافـرەتانی نێـو تابلۆکـانم پێـخـواسن و لە نێـو دەریایەک لە سپێتیدا مەلە دەکەن. تۆ دەبینی سروشت چەندە بەرانبەریان دلڕەقە، هەروەها مرۆڤیش بەرانبەر بە مرۆڤ دلڕەقە. هەر یەکەشیـان جووڵەیەکی جیاواز لەوانی دیکەی هەیە. هەر خـانمە و خـەم و خـۆشـیـی خـۆی دەشـارێتـەوە. کـەسـەکـان دەبینی بەپاڵ یـەکـەوەن، ڕەنگە بەهۆی ترسێکەوە بێت. گرد بوونەتەوە و هـاتوونەتە تەک یەک، بەبێ ئەوەی هیچ کـامـیـان تایبـەتمەندیی خـۆی لەدەست بدات.

ئەو جلوبەرگـەی لە بەریشـیـانـدایە، ئەوە جلوبەرگی خـۆمـانـە، دایکم، خـوشکم، پوورم و ئـامـۆژنم، ئەو جلوبەرگەیان لەبەر دەکرد. ڕەنگی زەردی نێو تابلۆکان لە تەبارەی گەنمەوە سەرچاوەیان گرتووە. ڕەنگی زەرد وەک کانزایە، پیاوانیش وەک مرواریـن.

* لە دروست کـردنی تابلۆدا، جڵـەو بۆ هەست، یان بۆ نەست شـۆڕ دەکـەیت، تا کـاروانی قـافـڵـەی کـار و ئەفراندنت بڕانی؟

– لە لای من هەست و عـەقڵ پێکەوە کـار دەکـەن. کـاری هونەری ئەگـەر هەسـتی لەگـەڵدا نەبێت، دەبێـتـە کـارێکی پیـشـەیی، هیچ تـامـوبۆیەکی هونەری تێـدا نامێنێ. لە سەرەتای دەست پێ کردنی تابلۆدا، جڵەو بۆ هەست شـۆڕ دەکـەم، هەروەها بـوار بە نەسـتـیش دەدەم و دەکرێ چاو بچووقێنم و کار بکەم. ئینجا دواتر دادگایی کردنی عـەقڵانە دێت. ئیدی عـەقڵ و هەستی جوانناسی پێم دەڵێن: ئەم توخمە لێرەدا زیادە و لادەدرێت. دەبینی دوو ڕەنگی تەنیشت یەک، لەگەڵ یەکدا بەشەڕ دێن. دێم ڕەنگی سێیـەمـیان لە نێواندا دادەنێم تا ببێتە دادوەری

**لە لای من هەست و عەقڵ پێکەوە کار دەکەن، کاری هونەریی ئەگەر هەستی لەگەڵدا نەبێ، دەبێتە کارێکی پیشەیی**

نێوانیان. جاری واش هەیە دوو ڕەنگ لە تەک یـەکـدا دادەنێم، کـە لە دووریشـەوە تەمـاشـا دەکـەیت، ڕەنگی سێیەم دەبینی. هەرچەندی بیرۆکە بەرز و جـوامـێرانـەش بێت، هەر دەبێ فـۆرم ناوەرۆک بەرز بکاتەوە.

* بۆچی خـەم و پەژارەت بە کـەس و فیگەرەکانی نێو تابلۆکانت بەخشیوە؟

– خـەمی جـوان لە ڕێی ڕەنگەوە خـۆی دەئاخنێـتە نێـو دڵانەوە، هەروەها جوانییش بە دڵی خەڵکی دەبەخشێت. هەر ئەمـەشـە ئەرکی هونەرمـەند. هەمـوو شـتێ دەڕوات و ئاوا دەبێت، بەڵام جـوانی هەر دەمـێنێ و نەمـرە، ئەمـەش ڕازی ژیان و یاسـای نەمـری ئەوە. هەڵبـەت لە ژیانـدا ناشـیـرینیش هەیە. ئێـمـە بەپێی توانا هەوڵ دەدەین، لە ڕێی هونەرەوە ئەو دڕندەیەی لە ناخی مرۆڤدایە، ماڵی و دەستەمۆی بکەین. وەک چۆن غاندی تیۆری و فەلسەفەی ناتوندوتیژیی برەو پێ دا.

* تۆ وەک هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی سووریا، خـاڵی وێکچـوون و جـیـاوازیی نێـوان هەردوو هونەری کوردی و عەرەبی لە چیدا دەبینی؟

– دەکـرێ هەردوو هونەرەکـە، هەردوو ئـازارەکـە، هی کـورد و هی عـەرەبیش، بەرز بن. بیـرکـردنـەوەی ئێـمـە بە ئاراستەی مرۆڤی جوانە. ئەرکی ئێمە بریتییە لە داکۆکی کـردن لە مـرۆڤ و مـرۆڤـایەتی. ئەرکی پیـرۆزیش ئەوەیە داکـۆکی لە مـرۆڤی چەوسـاوە بکەیت. تابلۆ بە چەشنی میـوزیک زمـانێکی جیـهـانییـە. دەتوانی لە ڕێی ئەوەوە، هەرچی هەتە پەرچڤـە و گـەلاڵەی بکەیت و ئەوانی دیکەش تێی دەگەن.

* وەک دەبینین بە گـشـتـی سـوودت لە کـولتـووری ڕۆژهەڵات وەرگـرتووە. لە قـوتابخـانەی هونەری نیـگاری ئیسلامیـدا، ڕووبەر تەختە و تابلۆ بە قـووڵاییدا ناچێت. تا چەند پابەندی خەسڵەت و کولتـووری کوردیی و تا چ ڕادەیەکیش ئاوێتە بە هونەری تێکڕای ڕۆژهەڵات بوویت؟

– ئێـمە لە چاوگی کولتـوور و شارستانیـەتی خۆمانەوە شت هەڵدەهێنجین، هەڵبـەت کـولتـوور و کـەلەپووری گەلانی ڕۆژهەڵات لە یەکەوە نزیکن و یەکتربڕن. کەلەپوور و مـێـژووش تـابووتێکی وشـک و ڕەق نین، کـولتـوور و کـەلەپوور لە ئێـمـەدا هەیە و بەردەوامیـشـن. کـەلەپوور



خۆبەخۆ شتێکی مردووە. تۆ شتی لێ وەردەگریت، پاشان بۆ ئاییندە وزەیەکی داهێنەرانەی پێ دەبەخشیت. هەر لە جێی خۆیدا و وەک خۆی، کەلەپوور نابێتە شتێک، بەڵکو گرنگ ئەوەیە تۆ بە کار و بەرهەمی خۆت چی دەخەیتە سەر. کار و بەرهەمی هونەری دەبێ جووڵەدار بێت، لە یەک کاتدا لە ئێستا و ئاییندە و ڕابردووشدا دەژی.

هەر تابلۆیەکی ئەم مەرجانە وەدی نەهێنێ، دەمرێ و دەبێتە تابووتێکی بێ گیان و کارێکی مۆزەخانەییانە. تابلۆ بە هیوای دان و ئاوە، ئەویش وەک پارچە زەوییەکە کە دان و هەوا و ئاوی پێ نەدەیت. بەم شێوەیە بێت، هیچ سوودێکی نابێت و دەمرێ و پشتی تێ دەکەین. تابلۆش هەمان شتە، دەبێ بژیت و بەردەوامیش بێت، تا بتوانێ شوێن و زەمان تێپەڕێنێ. بە گوێرەی ئەم هاوکێشەیە، تابلۆ دەبێتە شتێکی باش. مرۆڤ بەرهەم و زادەی خۆیەتی، واتە ئەوەی لە کولتوور و کەلەپووری خۆی دوور بکەوێتەوە، سەرەنجام دەمرێ.

* وەک دەزانین داهێنەرانی کورد لە سووریادا پێگەیەکی بەهێزیان هەیە. هەر بۆ نموونە سەلیم بەرەکات دەرەوشاوەترین ناوە لە دنیای ڕۆمانی عەرەبیدا. هونەرمەندانی شێوەکاری کوردیش لە سووریا کەسانی خاوەن پێگەی بەرزیان تێدایە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ڕۆڵی هونەرمەندانی کورد لە بزووتنەوەی شێوەکاریی سووریادا چییە؟

– هونەرمەندانی کورد لە سووریا توانیویانە بە ئەزموونی هونەرییانەی خۆیان، دنیای هونەری شێوەکاریی سووریا دەوڵەمەند بکەن. گەلێ ئەستێرەی دیاری هونەری شێوەکاری لە سووریا کوردن. ئەو هونەرمەندانە دابەشی سەر چەند نەوەیەک دەبن. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە چەند ناوێکی گەورە لە هونەرمەندانی شێوەکاری کوردی سووریا بکەین: فاتیح مودەڕیس، کە بە ڕاستی هونەرمەندێکی جیهانییە، بەهرام حاجۆ، بەشار عیسا، عومەر حەمدی کە بە مالڤا ناسراوە، محەمەد ساڵح مووسا و گەلێکی دیکە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە نەوەیەکی گەنج و نوێی شێوەکارانی کوردی سووریاش بکەین، بە تایبەتی ئەوانەی کە جێ پەنجەیان لە بزاڤی هونەری شێوەکاریی سووریادا دیارە، وەک: عەدنان عەبدولڕەحیم، حەسکۆ حەسکۆ، عەبدولکەریم مەجد ئەلبێگ، عومران یوونس، نیهاد گولێ و چەندانی دی.

* ئەدی تۆ سەر بە نەوەی گەنجی، یان نەوەی ئەزمووندارانی بە تەمەن؟

– زوهێر حەسیب لە ناوەڕاستی هەردوو نەوەکە، یان لە نێوانی هەردووکیاندایە.

* ئاخۆ بەرهەم و هونەری هونەرمەندانی کورد، چ تایبەتمەندییەکی تێدایە؟

– زۆربەی هونەرمەندانی کورد شێواز و ستایلی ڕووکارانەیان هەیە، هەندێکیان شێوازی ڕووتەڵ (تەجرید)یان هەیە، ساغە ڕووتەڵ و لە چوارچێوەی تەکنیکی دیاری کراودا. هەندێکیشیان هونەریان بە شێوازی بەرجەستەکارییە. هەندێکی دیکەشیان پشت بە کەلەپوور دەبەستن.

هەڵبەت بەیەک گەیشتن و یەکتربڕی لە نێوانی هونەرمەندانی شێواز ڕووتەڵ و شێواز بەرجەستەکاردا هەیە. هەر لایەکیان ئێستێتیکاو تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەهایەکی هونەری و شێوەکارانەیان بە تابلۆی شێوەکاری بەخشیوە.

**پیشانگەکە و چەند سەرنجێک**

ڕەنگە هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە بۆ من هێندە ئاسان نەبێت. یەکەمین جارە ناوی دەبیستم و بەرهەم و تابلۆی دەبینم. هەڵبەت تابلۆکان گەواهییەکی ڕوون و ڕەوان بوون، بەوەی ئێمە لە ئاست هونەر و داهێنانێکی بەرزداین. لەگەڵ هونەرمەندێکی خاوەن دیدگایەکی پڕ لە متمانە و دنیابینییەکی واڵا و بەربلاودا، بەرەو ڕوو دەبینەوە.

پیشانگەکە زیاتر لە بیست تابلۆی قەبارە گەورە بوو. بە تەکنیکی بەرز و سەرنجڕاکێش دروست کرا بوون. هەموو تابلۆکان بەرهەمی ٢٠٠٨ بوون. ئێمە لە ئاست دەروێشێکی خەڵوەتگەی هونەرداین. قەڵای کار و داهێنانی دەیسەلمێنێ، کە ژیانێکی پڕ لە خەون و خەیاڵ کراوەتە بارمتەی هونەر. بارمتەبوونێکی ئازادانە. واتە بە بڕیاری پێش وەختە، کە ئامانجێکی مرۆیی و خواستێکی جوان دۆستی، پەلی دەگرێت و ڕێتمی نەوەستاوی شەو و ڕۆژی تەی دەکات.

ڕەنگی ئەکریلک و ڕووبەری پێوانەی (١٢٠× ١٥٠)سم، کە بە شێوەیەکی فراوان کوتاڵی تەنکی تێکەڵ دەبێت، سیمای دنیای هونەری ئەم هونەرمەندە، یان بابلێین تابلۆکانی ئەو پیشانگەیەی بوون. ئافرەت شافیگەری تابلۆکانیەتی. ڕەنگە هەستی سۆز و بەزەیی، یان حەز و ئەڤین بێت کە ئەویان وابەستەی دنیای خانمان کردووە. لە ڕاستیشدا ئافرەت سیمبۆلێکی گەورەی واتاو جوانییە. جا بۆیە هەوڵی داوە تا دوایین قۆناغ، هەر وابەستە بە دنیا سیحراوییەکەی خانمان بێت.

هەرچەندە دەموچاوی خانمانی نێو تابلۆکانی لەیەک مۆدێل دەچن. لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەند توانیویەتی هەمەڕەنگییەکی زۆریان پێ ببەخشێت. بەهێزترین مەزندە ئەوەیە کە ئەو مۆدێلە هەر دەبێ یار و دڵدارەکەی بێت. دەشکرێ خانمێکی دیکەی نزیکی ئەو بێت.

تۆپۆگرافیای کولتووری کورد لە تابلۆکانی ئەم هونەرمەندەدا نەخشی بەرجەستەی نواندووە. جگە لە ڕەنگ و ڕووی خانمان و جلوبەرگی کوردانەیان، گەلێ توخمی دیکەی تابلۆکان کەش و ژینگەی کوردانی جزیرە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا (بەشێ لە کوردستانی سووریا) دەخەنە روو. تانوپۆی تابلۆ، ڕەنگی بەکارهێنراو، هێما و سیمبۆلی هەمەجۆری کوردەوارییانە، هەموو ئەو شتانە جۆرە ناسنامەیەک بە هونەری ئەم هونەرمەندە دەبەخشن.

هەڵبەت لە ڕووی بابەت و ناوەرۆکیشەوە، ئێمە خەج و سیامەند، ئەفسانەی کوردی، وردە دابونەریتی کۆمەڵایەتییانەی جڤاکی کورد. هەموو ئەو بابەتانە بەشێکن لە ژیانی ڕابردووی ئەو، لە پاشخانی کۆبیری کوردانەی و دەبنە هەوێنی تابلۆکانی. کارێکی گرنگیشی کردووە، کە بێ سڵەمینەوە بەرەو دنیای داهێنانی دەرەوەدا کراوەتەوە. دەروازەی هونەری خۆی بەرەو ڕووی کولتووری ڕۆژهەڵات و سەراپای جیهاندا کردووەتەوە. هەڵبەت ئەو نەهاتووە ئەفراندنی خۆی بە کۆپی کردنی ئەزموونی هونەرمەندانی دی، کاڵ بکاتەوە، بەڵکو بە متمانەیەکی زۆرەوە مانۆڕی خۆی دەکات و ئەزموونێکی بێ ترس و سەرکەشانە، بەڕێوە دەبات.

بە بڕوای ئەو، هونەر هاوکات ناسنامەیەکی تایبەت و لۆکاڵی هەڵگرتووە، هەروەها پێناسەیەکی گەردوونی، یان جیهانیشی هەیە. هەڵبەت لێرەدا هونەر بە واتای داهێنان لە ئاستی بەرزی ئەفراندندا. دەکرێ بە دڵنیاییەوە هەردوو مۆرک و هەردوو پێناسەکە لە سیمای بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندەدا بەدی بکەین. دنیای هونەر دنیای ئازادییە، وەک پێ دەچێ ئەویش بە باشی لەو چەمکە و ڕەهەندی کردەییانەی حاڵی بووبێت. هەر ئازادیی کار و ئەفراندنە ڕێ بۆ هونەرمەند خۆش دەکات کە بکەوێتە سەر ڕیتمی ئەزموون و مانۆڕی بەردەوامەوە.

ئەگەر هونەرمەند گەیشتبێتە پێگە و پایەی هونەر، واتە ڕاستە ڕێی گرتبێتە بەر، ئیدی تێدەگات کە ئەو ملی ڕێگایەکی گرتووە، سەرەتای هەیە و کۆتایی نییە. کەواتە ڕێبواری ئەم ڕێگایە نە ماندوو دەبێت و نە بێزار. لە دووڕیانێکیشدا هونەرمەند ڕەنگە لە بەژنی ئەفراندن خۆی بڕوانێ. لەم هەڵوەستەی لەخۆ ڕوانینەدا دەروێش و شەیدای هونەر لە ئاوێنەی بڕیاری ناخدا خۆی بە یەکێ لەم دوو کەسە دەبینێ:

١- من هونەرمەندی پایەبەرز و بێ هاوتام.

٢- من شاگردێکی کڵۆڵ و دەست کورتی مێرگی هونەرم.

کەسانی نیوە هونەرمەند، یان چارەک و دەییەکە هونەرمەند با لە دەرەوەی بازنەی قسەکانی ئێمەدا بن. بۆ بەر مەیدانی ئەوان قسە زۆرە، هەرچەندە تا ئێستا فرە



کەممان گوتووە. بەڵکو دەخوازم بڵێم کەسی هونەرمەند لە هەردوو خــــــاڵی یەک و دوودا، لە بـازنـەی هونـەر دەرناچێت. دەزوویەکی باریک، لە ڕووی دەروونەوە ئەم دووانە لە یەکـدی جـیـا دەکـاتەوە. هونەر ئەفـراندنە، ئەفراندنیش بلیمەتییە و پاساو بە هونەرمەند دەدات کە وا خـۆی بێـتـە پێش چاو، ئەو هێندەی خـشـتـێک لە خـەڵکانی دی بڵند و بەرزترە. خـۆ ئەو هونەرمـەندە ئەفرێنەر و بلیـمـەتە ڕەنگە وەک زوهێـر حەسیب بیـر بکاتەوە. هیچ خۆی لە خەڵکانی دی جیا ناکاتەوە. ئەو جوانی و ئەفراندنەی لە شێوەی گوتارێکی ئێستێتیکیدا گـەڵاڵەی دەکـات و وەک بەرهەمێکی هونەری دەیخـاتە بەردەمی ئەوانی دی، وەک بەشـێکی نواندنی عـەشق و خولیایەکی دەروێشانەیە بەلای ئەوەوە.

ئەم هونەرمەندە لە تابلۆکانیدا هەردەم بۆ دنیای خەون و خەیاڵ و یادگاری دەگەڕێتەوە. مێ بووەتە سیـمبـۆلی هەڵبژاردەی ئەو، ئەو دنیا پڕ لە ناز و عیشـوەیەی ناوی ئافرەتە، کچە، ژنە، یارە، خەجە، زین و شیـرینە، دڵ و دەروونی زوهێـر حـەسـیـبی بە تەلیـسـمـێکی نادیار بەستووەتەوە. بە بڕوای من، هەرچەندە لێم نەپرسی، لەوە دەچێ ژنی نەهێنا بێت. کەسێکی ژیانی هاوسەریی دیت بێت، زەحـمـەت بـتـوانێ هێندە بێگەرد و جوامـێـرانە لە ئافرەت بڕوانێ. دامرکاندنەوەی حەزی سێکس و جەستە، وردە گرێوگۆڵی ژیانی خێزان و پەیوەست بوون بە هاوسەر و هاوژینەوە، یەک بار شیرینی بە لێشاوێک تفتوتاڵی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ. ئەم شتانە ڕوانینی نێر بۆ مێ، مەم بۆ زین، دەڕووشێنێ و شەوقی سیـحراویی عـیـشق و ئەوین و یۆتۆپیای ئەڤین، کز و خامۆش دەکات.

زوهێـر حەسیب مێینە لە دنیـایەکی بێگەرد و پاک و وەنەوشـەییـدا دەبینێ. ئافـرەت لە لای ئەو لە بەرزترین پلەو پایە و پێگەدایە، هەرچەندە لە نێو تابلۆکـانی ئەودا زۆرجار دەبێـتە هێـمایەک بۆ بەزەیی پێدا هاتنەوە، یان دەبێـتە فیگەرێک بۆ دەربڕینی گەلێ ئازار و وەی و ژانی نەبڕاوەی مـرۆیی. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئافـرەت شـای سـەر تەختی هونەری زوهێـر حەسیـبە، ئێـمـەی بینەرانیش کەمەندکێشی ئەو سیحر و تەلیسم و جوانی و بەهایانە دەکـات، کە تابلۆکـانی دەیخەنە ڕوو. لە کـاتێکدا دنیـا سەرقاڵی بزووتنەوەی ژنانە، لە کوردستـانیشدا گرفتی ژن کـوشتن و توندوتیـژیی دژ بە ئافرەتان لە ئارادایە. زوهێـر حەسیب لە تابلۆکانیدا، خوێندنەوەیەکی دی بۆ ئافرەتان دەخاتە ڕوو. ئەگەر بە تێـزە ئێستـێـتیکاییـەکەی ئەو بکەین، (گـــورگ و مـــەڕ)ی نێـــر و مێ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە. ئەو لەو خەونە جوانەدایە، بەڵام خـۆ ئادەم و حەوا لە بەهەشـتی بەریندا نەحـەوانەوە و بۆ سـەر زەوی هاتنە خوارێ.

ئەزمـوونی چڕ و دەوڵەمـەندی زوهێـر حەسیب، ئەوەی گـەیاندووەتە ئەو ئاسـتـەی کـە لە دارشـتنی تابلۆدا هێـز و تۆکـمـەیی بنوێنێ. لە گـەڵاڵـە کـردنی فـیگەردا توانا و تایبـــەتمەندی دەخـــاتە ڕوو. لە بەکـــارهێنانی ڕەنگدا، کـارامـەیی و شـارەزایی دەخاتە ڕوو. ئەو توانیـویەتی لە تاریک و ڕوونی هەردوو ڕەنگی ڕەش و سپـیـدا، ڕیتم و هارمـۆنیـا و جـوانی بە فـۆرم و پێکهـاتەی تێکڕای تـابلۆ ببـەخـشێ. جـۆشـدانی وزە و توانای ڕەنگ لە ڕووبەری تابلۆدا، مـانۆڕێکی ئاسـان نیـیـە. زوهێـر حـەسیب لەم مانۆڕەدا سەرمەشق و سوارچاکە.

هەڵبـــەت ئەو لە کـــۆکـــردنەوەی گـــورزەیەک ڕەنگی هەمـەجـۆر و جۆشدانی ئەو ڕەنگانە لە گرێچنی تابلۆدا، پاشـان بە دیهـێنانی ئەتمۆسفـیـرێکی جـوان و دڵگیـر و پێکهـاتەیەکی جـێگیـر و دامەزراو، نەک هەر پاشەکشە

ناکـات، بەڵکو بە هەمـان تەوژم و تینەوە دێتـە دەست و هونەر دەنوێنێ. بۆ پەی بردن بە نهێنی و لایەنی شاراوەی ڕەنگ و بارگـــەی واتا و جـوانی و ڕەونەق و ڕەهەندی دیکەی ڕەنگ، بە ڕاسـتـی ئەزمـوونی چڕ و مـاوە درێژی دەوێ، چونکە هەرچەندی هونەرمـەند هەوڵ بدات توخم و کەرەستەی جۆراوجۆر لە تابلۆدا بەکاربهێنێ، بۆ هەمیشە هێڵ و ڕەنگ وەک کـاریگـەرترین جـووتە ڕەگـەزی تابلۆ دەمێننەوە.

لە هەلومەرجێکی لـەم جۆرەشدا، پەیداکردنی دەسەڵات لە بەکـارهێنانی هێـڵ و ڕەنگدا کـاریگەرترین فـاکـتـەری دەسـەڵات و گرنگـترین پێـداویسـتی کـار و ئەفراندنە لە دنیـای هونەردا. مـەشقی هونەر بـە شێـوەیەکی بنەڕەتی بە هێڵ دەست پێ دەکات. هێڵکاری بەردی بناغەی هونەری شێوەکارییە. ڕەنگیش تەلار و تانوپۆیەتی، بەڵام لەکات و قـۆناغـێکدا کـە هونەرمـەند دەگـاتە قـۆناغـێکی باڵا و هونەر لە ئاسـتـانەی شـاکـاری نزیک دەبێـتـەوە، ڕەنگ دەبێـتە کـەرەسـتـەی هەرە باڵا لە هونەری نیگاردا. ڕادەی دەسـەڵات و توانایی لە بەکارهێنانی ڕەنگدا، پێم وایە بۆ هونەرمەندی نیگارکێش دەبێتە سەنگی مـەحەک، چونکە لەو قـۆناغـەدا ئیـدی هێڵ دەبێـتـە دەرئجامی جـوولەو جێ گرتنی ڕەنگ لەسەر ڕووبەردا.

ئەو قـسـانەی کـە کـران کـاڵای قـەدەر باڵای تابلۆکـانی زوهێر حەسـیبن. ئەو کـاتێ ویسـتـوویەتی وردی و سۆزی زیاتر بە تابلۆکانی ببەخشێ، لەوە دەچێ کـوتاڵی ناسک و تەنکی، لەو جـۆرەی خـەجی دڵ پێی جـوانە و لەبەری دەکـات، هێناوە و تێکـەڵ بە پێکهـاتەی تابلۆکـانی خـۆی کردووە. ئەو کوتاڵەی ئەو وەک کەرەستەیەکی دی لە پاڵ ڕەنگی ئەکـریلیکدا بەکـاری هێناوە، بە چەشنی کـوتاڵ فـرۆش نمایش نەکـردووە، بەڵکو کـەوتووەتە بن توێژاڵی ڕەنگ و بووەتە بەشێک لە گەوهەری جوانیی تابلۆ.

**زوهێر حەسیب لە چەند دێڕێکدا:**

**– سـاڵی ١٩٦٠ لە شـاری حەسەکـە ناوەندی هەرێمی جزیرەی کوردنشین لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە دایک بووە.**

**– یەکـێکە لە سـەدان هەزار کـوردی سـووریا کە بێ ناسنامـەیە، حکوومـەتی سـووریا پاسـەپۆرتێکی کـاتیی بۆ مـاوەی یەک سـاڵ داوەتێ.**

**– دبلۆمی باڵای لە هونەرە جوانەکان لە دیمەشق بەدەست هێناوە.**

**– لە کـۆشکی ڕۆشنبـیـری، لە شـاری دریسـدن لە ئەڵمـانیـا، پیشانگەی تایبەتی کردووەتەوە.**

**– لە شاری بێرن لە سویسرا پیشانگەی تایبەتی کردووەتەوە.**

**– لە چەندین پـیـشـانگەی جـیـهـانی و ناوخـۆی سـووریادا بەشداریی کردووە.**

**– بەشداریی لە پێشانگەی جیهانیی لاوان لە سۆفیا کردووە.**

**– بەشداریی لە بینالەی مەسقەت بۆ لاوان لە ١٩٩٠دا کردووە.**

**– بەشداریی لە بینالەی خۆشەویستی لە لازقیەدا کردووە.**

**– لەگـەڵ هونەرمـەندی گـەورە و ناودار، فـاتیح مـودریس، پێشانگەیەکی دووقۆڵیی کردووەتەوە.**

**– پیشـانگەیەکی سێ قـۆڵیی لەگـەڵ هونەرمـەندان ئایە خـێـر، محەمەد ئەلوهێبی کردووەتەوە.**

**– سێ پـیـشـانگەی تایبـەتی لە گـەلەریی نەسـیـر شـوورا کردووەتەوە.**

**– چەندین پیشانگەی لە شاری حەلەب کردووەتەوە.**

**– بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەند عومەر حەسیبی برای لە ٢٠٠٣دا بەشداریی لە پیشانگەیەکی هاوبەشدا کردووە.**

**– لە ٢٠٠٤دا بەشداریی لە پیشانگەیەکی هاوبەش لە گەلەریی دار ئەلکەلیماتدا کردووە.**

**– لە ٢٠٠٤دا بەشـداریی لە پـیـشـانگەیەکی هاوبەش لە هۆڵی ئەلسەید لە شاری دیمەشقدا کردووە.**

**– بەشـداریی لە پـیـشـانگەیـەکی هاوبەش لە شـاری دیبـیـرل لە سویسرادا کردووە.**


**– لە ٢٠٠٥دا بەشـداریی لە پـیـشـانگەیەکی هاوبەش لە ئەمنە سوورەکەی سلێمانیدا کردووە.**

**– چەندین پـیـشـانگەی جـیـاجـیـای تایبەتی لە شـار و شـوێنانی جیاجیادا کردووەتەوە.**

**– بەشـداریی سـەرجـەم پـیـشـانگەکـانی وەزارەتی ڕۆشنبـیـریی سووریای کردووە.**

**– لە ســـووریادا تـابلـۆی لە وەزارەتـی بەرگـــری، وەزارەتی ڕۆشنبیری، مۆزەخانەی نیشتمانیدا هەیە.**

**– لە چەندین وڵات و شـاری جـیـاجـیـادا تابلۆی هەیە، وەک: ئەڵمانیا، سویسرا، سوید، پاریس، عەرەبستانی سعوودی..تاد.**



# ڕاو بۆچوونەکانی نەجیب مەحفووز دەربارەی ڕۆمانی عەرەبی

**گفتوگۆکردنی: ڕەجاء ئەلنەقاش**
**وەرگێڕانی: محێدین مەحموود**
**(سلێمانی)**

گفتوگۆی نێوان من و (نەجیب مەحفووز) بە نیمچە گلەییەک لەلایەن ئەم نووسەرە مەزنەوە دەستی پێکرد ئایا (نەجیب مەحفووز) بووە بە کۆسپ لە ڕێگای ڕۆمانی عەرەبیدا؟)

ئەمە ئەو پرسیارە بوو، کە لە دوو وتارەکەی پێشوودا کردبووم و تێیدا باسم لە لایەنێک لە لایەنەکانی قەیرانی ڕۆمانی عەرەبی کردبوو، ئەم لایەنە خۆی لە ترسی نەوەی نوێ لە کەسایەتی (نەجیب مەحفووز)دا دەنوێنێت و کەوتنە بەر کاریگەرێتی ئەو تا ئاستی دووبارە کۆپیکردنەوە.

لە سەرەتاوە دەمزانی کە دیاردەی کاریگەرێتی (نەجیب مەحفووز)ە، یان دووبارەکردنەوەی یەکێکە لە دیاردە گشتییەکانی قەیرانی ڕۆمانی عەرەبی، لەبەر ئەم هۆیە لەوەتی ئەم بابەتەم وروژاندووە نیازم بوو بە (نەجیب مەحفووز) بگەم و لەگەڵیدا دەربارەی ئەم کێشانە بە تەواوەتی گفتوگۆ بکەم و بە ڕوونی و ڕەوانی لە بۆچوونی دەربارەی لایەنە ورد و درشتەکانی ئەم کێشە ئەدەبییە لێ ببیستم، چونکە (نەجیب مەحفووز) لە ئەدەبی عەرەبی سەردەمدا خاوەنی گەورەترین و قووڵترین ئەزموونی ڕۆمانە و هونەرمەندێکە خۆی گۆشەگیر نەکردووە و دەرگەی لە ڕووی تەوژمە جیاوازەکانی ئەدەب دانەخستووە، بەو تەوژمەش کە نەوەی ڕۆماننووسە لاوەکان دەینوێنن، لێرەوە ئەو دەتوانێت دەربارەی قەیرانی ڕۆمانی عەرەب وتەیەکی ڕوون و دیار بڵێت. بێ گومان ئەو لە پاشاندا تیشک دەخاتە سەر ئەم قەیرانە و ڕەگوڕیشە و دیاردە جیاوازەکانی.

دەستپێک. بە زمانە پڕ لە ڕێز و ناسکەکەی پێی وتم: ڕانەهاتووم قسەی ڕەقت بخوێنمەوە، بەڵام

دوا وتارت توندبوو، پێم خۆش نەبوو ئەم هەڵوێستەت ببێت.

پێم وت:

ڕەقی وەڵامەدانەوەکە لە ئەنجامی هەڵوێستی ئەوانە نەبوو کە لە بارەی وتارەکەمەوە دوابوون، بڕوای تەواوم بەوە هەیە کە گفتوگۆی ئەدەبی ئەگەرچی توند بێت بۆ خودی ژیانە ئەدەبییەکە بە چاکە دەشکێتەوە، بەڵکو ڕواڵەتی بووژاوەیی هەر ژیانێکی هزری لەگفتوگۆ و ململانێ و فرە بۆچوون دایە، ژیانی ئەدەبی سستیش ئەوەیە کە تاقە بۆچوونێکی وشکی تێدا باڵایە، کە هەمووان دەیڵێنەوە، ئەم جۆرە ژیانە بێ بەهایە و سوودی نییە، چونکە گفتوگۆ و ململانێ و ناکۆکییەکان هەموویان بۆ بووژاوەیی و نوێبوونەوە، پێویستییەکی بنەڕەتین، بەڵکو لەوەش زیاتر داوا دەکەم، داوای (مستەکۆڵە)ی ئەدەبی دەکەم، چونکە (مستەکۆڵە) ئەدەبییەکان بۆ جەستە لاوازەکان نەبێت نە زیان و نە مەترسییان دەبێت، بەڵکو ئەم (مستەکۆلانە) لە بەخشینی تەوژمێکی هەڵقوڵاو بێ وەستان بە ژیانە ئەدەبییەکە بەشداریی دەکەن و لەبری ئەوەی ئەم ژیانە ببێتە گۆمێکی وەستاو و بۆگەن، بەڵام هەندێک لەوانەی لە ژیانی ڕۆشنبیریماندا دەنووسن و دەژین زۆرجار لە گیانی ئەدەبی ڕاستەقینە لادەدەن و دەکەونە ململانێیەکی تایبەت و قسە هەڵبەستن و بوختان و دەرچوونی تەواو لە بابەتەکە، ئا ئەمەیە کە بە توندی دژایەتی دەکەم و بە دڵڕەقی و یەکلاییکردنەوە نەبێت هیچ ڕێگەیەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نابینم..؟. پێویستە هەموومان بۆ پاراستنی ژیانی ئەدەبیمان لەو کەسانە یەک بگرینەوە، کە شێوازەکانی چەتەگەری و چەقۆ وەشێنەکانی بەسەردا دەسەپێنن و هەروا گەلێک لادان کە هەرگیز نە بەهایان هەیە و نە سوودیش. من لە گفتوگۆ لادان بۆ لایەنە تایبەتەکان ڕەت دەکەمەوە، هەمیشە خۆزگەی ئەوە دەخوازم کە لە چوارچێوەی هزر و ئەدەب و ڕۆشنبیریدا ڕێک بکەوین، یان ناکۆک بین، لەپێناوی ئەمەدا پێم باشتر بوو لە وەڵامدانەوەی ئەوانەدا کە قسە و قسەڵۆکی تایبەتییان خستە ناو گفتوگۆ ئەدەبییەکەوە دڵڕەق بم. لەو بڕوایەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم لادانە لە ڕەفتاری ئەدەبیدا ئەم شێوازە دروستە. پاش ئەوە بە (نەجیب مەحفووز)م وت:

وتارێکی ڕەخنەگرێکی لاوم خوێندەوە کە (عەبدولڕەحمان ئەبو عوف)ـەو تێیدا بە تەواوەتی دژی بۆچوونم بوو دەربارەی قەیرانی ڕۆمانی عەرەبی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە وتاری ڕەخنەگرە لاوەکە تووڕە نەبووم و بەبایەخ پێدانێکی تەواوەوە خوێندمەوە و سوودیشم لێ وەرگرت، ئەگەرچی ئەو تەواو دوور بوو لەوەی کە لەگەڵ بۆچوونەکەمدا ڕێک بکەوێت، چونکە ئەو گفتوگۆکەی لە بواری ئەدەبییە بابەتییە دروستەکەی هێشتەوە.

وتی: منیش لەگەڵتدا، لە بۆچوونەکەتدا دەربارەی ڕۆمان ناکۆکم و ... ناکۆکیم لەگەڵتدا ناکۆکییەکی تەواو بابەتەکییە.

وتم: بەم ناکۆکییە پێخۆشحاڵم و تکا دەکەم گفتوگۆکە دەست پێ بکەین و کەوتینە گفتوگۆ..

نەجیب وتی:

دەربارەی هەڵوێستی هەنووکەیی لەمەڕ ڕۆمانی عەرەبی لێم دەپرسیت و پێت دەڵێم..

هەموومان لە ڕەخنەگران چاوەڕوان بووین ڕاستێتی هەڵوێستی ڕۆمان لە هەموو ئەدەبی جیهاندا بۆ ئێمە بخەنەڕوو. ڕەخنەگرەکان لێرەدا بەرپرسیارن، بەتایبەتی ئەوانەی هاتوچۆی هەندەران دەکەن و ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی ئەدەبی ڕۆژئاواوە دەکەن، وەک دکتۆر (لویس عەوەز) کە بۆ ئەوروپا زۆر دەڕوات و لە ڕێگەی ئەم پێوەندییە ڕاستەوخۆیەوە دەزانێت چی لە واقیعی ژیانی ئەدەبی ئەوێ ڕوودەدات، بەڵام ئێمە بە وردییەکی پێویست ناتوانین هەڵوێستی ڕۆمان لە ئەدەبی جیهانیدا بزانین، چونکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک کتێبی بیانی پێمان ناگات و ئەمە بۆ ئێمە سەبارەت بەم بوارە بە تێڕوانینێکی تەمومژاویمان دەگەیەنێت.

ئەوەی وێنەکە تەمومژاوی تر دەکات ئەوەیە کە ئەو ڕاوبۆچوونانەی باسی قەیرانی ڕۆمان دەکەن و پێمان دەگەن بە تەواوەتی ناکۆکن، لێدوانێکی هونەرمەندی ناسراو (یۆجین یۆنسکۆ) هەیە، تێیدا دەڵێت: (ڕۆمان مرد و ئایندەیەکی نەماوە) و لە هەمان کاتدا لە یادمە کە بۆچوونێکی دی ڕەخنەگرێکی ئەوروپایم خوێندبوو، کە تێیدا دەڵێت: (کورتە چیرۆک مرد و ڕۆمان ئەو هونەرەیە کە هێشتا دڵی بەژیان لێدەدات).

ڕۆمان مرد..!! ڕۆمان نەمردووە..! ئێمەش دۆش داماوین، بە وردی و ڕاستێتی نازانین و تەنیا بەپێوەندی ڕاستەوخۆ بە واقیعی ئەدەبی لە ڕۆژئاوادا نەبێت نایزانین.

ئەم پێوەندییە تەنیا لە ڕێگەی ئەو ڕەخنەگرانەوە دەبێت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم واقیعە دەناسن، یان لە ڕێگەی بوارداران بە کتێبی بیانی تاکو بەبێ هیچ کێشە و گرفتێک پێمان بگات و ئەوسا ڕوخسارە ئەدەبییەکەی ئەوروپا وەک خۆی بەڕاستی دەناسین. ئەگەر نەتوانین بە وردی و ڕوونی باسی ڕۆمانی ئەوروپایی بکەین، ئەوە ئیتر ناتوانین باس لە ڕۆمان لە میسردا بکەین، چونکە ئێمە بە بزووتنەوەی ڕۆمان تێکەڵین و ڕۆژ بەڕۆژ

لەگەڵیدا دەژین.. ئایا ڕۆمانی عەرەبی لەمیسر مرد..؟ واقیع پێمان دەڵێت، نەخێر..

ئەو نەوەیە هەیە کە پاش نەوەی (تەها حوسێن و عەققاد و حەکیم)ە و دەکرێت بەنەوەی دووەم ناوزەدیان بکەین.

واتا نەوەی (یووسف ئەلسباعی و ئیحسان عەبدولقدووس و شەرقاوی و عەبدولحەلیم عەبدوڵلاو سەحار..)ە. ئەم نەوەیە دەستی لە ڕۆمان نووسین هەڵنەگرتووە، چونکە هەموویان دەنووسن و کاری ڕۆمان بەرهەم دەهێنن. ئەوەی سێیەمیش هەیە کە نەوەی (سەروەت ئەبازە و نەجیب گەیلانی و مستەفا مەحموود و عەبدوڵلا تۆخی و محەمەد عەفیفی و ساڵح مورسی) و کەسانی تره.. ئەم نەوەیەش لە بواری ڕۆماندا چالاکی بەردەوامی هەیە.

کەواتە لە ڕووی بەرهەمهێنانی ڕۆمان لە ڕۆمانی عەرەبیدا قەیرانێک نییە و ئەگەر هەبێت ئەوە لە ڕووی چۆنیەتییە نەک چەندێتی و ئەمە بۆ ڕەخنەگرەکان بە جێماوە تاکو بە ڕوونی و بە وردی بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵام پێم خۆشە لە ڕێگەی دوا وتاردا گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم.

لە وتارەکەتەوە هەستم کرد کە تۆ لە ئەدیبی لاو چاوەڕوانیت یەکەم ڕۆمانی لەلایەنە هونەری و هزرییەکەیەوە لە هەموو ئەو ڕۆمانانەی پێش خۆی پێشکەوتووتر بێت، ئەوسا بەپێی پێوەرەکانت دەبێتە کارێکی هونەریی پێگەیشتوو.

ئەم جۆرە ڕێسایە لە تەکنۆلۆزیادا دروستە و لە هونەردا دروست نییە، لە تەکنۆلۆژیادا کەس ناتوانێت (ئۆتۆمۆبیلێک)ی تازە دابهێنێت، کە بە ڕاستی لە ساڵی (١٩١٩)دا داهێنرابێت. ئەو بەپێی پێوەرە زانستییەکان زۆر دواکەوتوو دادەنرێت و لەبەر ئەمە ئەگەر ویستی داهێنراوێکی ڕاستەقینە پێشکەش بکات، دەبێت شتێک بخاتە سەر ئەوەی کە لە ساڵی (١٩٦٨)دا دەرکەوتووە، ئەگینا لەلایەنە زانستییەکەوە بە هەموو ماناکانی وشە دواکەوتووە، بەڵام لە ئەدەبدا کێشەکە بە تەواوەتی جیاوازە، ئەوەندە بەسە کە یەکەم کاری ئەدیبی نوێ بە یەکەم کاری نووسەرەکانی پێش خۆی بەراورد بکەین. ئەگەر لە چاو ئەو یەکەم کارانە پێشکەوتووتر بوو، ئەوە مافی ئەوەی هەیە سەرنجمان ڕابکێشێت و ئەرکی سەرشانمانە چاوەڕێی شتێکی بەهاداری لێ بکەین، بەڵام بێین و ئەدیبێکی تازە دەست پێکردوو بە گەورەترین ئەدیبان بەراورد بکەین و داوای لێ بکەین لە ئەوان پێشکەوتووتر بێت، ئەمە داخوازییەکی سەختە و نادروستە.

بەپێی ئەم پێوەرە لەو بڕوایەدام کە نەوەی ڕۆماننووسی نوێ لە سەرەتاکەیدا ئەوەی ئەنجام داوە، کە لە چاو سەرەتاکانی نەوەکانی پێشوو بە پێشکەوتووتر دابنرێت.

(نەجیب مەحفووز) لە قسەکانیدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

ئەگەرچی واقیعی ئەدەبیمان بەردەوامبوونی ڕۆمان بەرهەمهێنان و بەڵکو زۆربەکەشی تۆمار دەکات، بەڵام بۆچوونێکی تایبەتی خۆمم هەیە دەربارەی کێشەی ڕۆمان، ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە من لەو بڕوایەدام کە ئەم کاتەی ئێستا هەرگیز بۆ هونەری ڕۆمان لەبار نییە و سەبارەت بەخۆم لەو باوەڕەدام کە ئەوەی دەینووسم ڕۆمان نییە، بەڵکو شتێکی ترە.

لێرەدا لە (نەجیب مەحفووز)م پرسی: ئەی ئەو کارانەت بە دەستپێکردن لە (دز و سەگەکان)ەوە تا (میرامار) بەچی ناوزەد دەکەیت..؟

وتی: پاش سیانەی (لەنێوان دوو کۆشک)ەکەدا کەماڵئاواییم لە ڕۆمان کردووە و ئێستا شتێکی دی دەنووسم، ئەوەیە کە ئینگلیزەکان بە (نۆڤلێت)ی ناوزەد دەکەن و باشترین وەرگێڕان بۆ ئەم وشەیە (چیرۆک)ە.

بەم بۆنەیەوە لە یادمە کە ڕەخنەگری مەزن خوالێخۆشبوو (د. محەمەد مەندوور) سێ ناوی لە هونەرەکانی چیرۆک نابوو لە (چیرۆکۆکە) بۆ کورتە چیرۆک و (چیرۆک) بۆ نۆڤلیت و (ڕۆمان) بۆ چیرۆکی درێژ، بە بڕوای من ئەم سێ ناوە ورد و دروستن و دەبێت لە زمانی ئەدەبیماندا دەربڕینی دەستاودەست پێکراوبن.

ئەوەی ئێستاش دەینووسم دەکرێت بە (چیرۆکی گفتوگۆ)ی ناوزەد بکەم، چونکە ئەم کارانەی دەیاننووسم لە بنەڕەتدا بۆ نمایشکردنی بیرۆکە و هەڵوێستەکان پشت بە گفتوگۆ دەبەستن. لەوانەیە لێم بپرسیت بۆچی ئەم جۆرە کارە هونەرییە بە (شانۆگەری) ناوزەد ناکەم.. لە ڕاستیشدا بە (شانۆگەری)یان ناوزەد ناکەم و ناتوانم بەمە ناوزەدیان بکەم. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ئەمانە کارێکن ناکرێت وەک خۆیان بەبێ ئامادەکردنێکی شانۆیی تایبەت لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێن.

خودی ئەم خاڵە لەوانەیە پرسیارێک دەربارەی هەڵوێستم لە شانۆدا بورووژێنێت و پێت دەڵێم کە ناتوانم بۆ شانۆ بنووسم، چونکە نووسەری شانۆ دەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندییەکی ڕاستەقینەی بە شانۆوە هەبێت، دەبێت لەشانۆدا شتێک بێت، ئەگەر قسە بێ وتن کاریش- ملقن- بێت، چونکە پێوەندی بە شانۆ و ژیانی شانۆییەوە پێویستییەکی بنەڕەتییە بۆ شانۆنووس، بەڵام بێم و لە ژوورەکەی خۆمدا دوور لە ژیانی شانۆییەوە بۆ شانۆ بنووسم، ئەمە کارێکە لەگەڵیدا

ڕێک ناکەوم و ناتوانم بیکەم. شانۆگەرییەکان ناکرێت لە ژووره داخراوەکاندا دەرچن..! تێبینییەک: سەیر لەوەدایە کە پاش ئەم گفتوگۆیە (نەجیب مەحفووز) چەند (شانۆگەرییەکی یەک بەشی)-ی نووسی و ئەم شانۆگەرییانە لە کۆمەڵە چیرۆکی (لەژێر چەترەکەدا) دەرکەوتن.

پێم وت:

ئایا ئەم چیرۆکی گفتوگۆیەی مەبەستتە ئەو چیرۆکەیە کە شانۆ و ڕۆمان کۆ دەکاتەوە..؟ ئایا هەر ئەوەیە کە (تۆفیق ئەلحەکیم) لە (بانقی نیگەرانی) بانگەشەی بۆ کردبوو، بە (مسروایە- شانرۆمان)-ی ناوزەد کردبوو..؟

نەجیب وتی:

نەخێر، جیاوازییەکە گەورەیە لەنێوان چیرۆکی گفتوگۆکەی مەبەستمە و نێوان (شانرۆمان)دا، چونکە چیرۆکی گفتوگۆ، وەک بۆ تۆم باسکرد ناکرێت لەسەر شانۆدا پێشکەش بکرێت. لە کاتێکدا (شانرۆمان)ەکە دەتوانێت وەک ڕۆمان بیخوێنیتەوە و دەکرێت لە هەمان کاتدا لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێت، یان ببینیت.

پاش ئەوە (نەجیب مەحفووز) بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی لە (هونەری ڕۆمان)دا دەگەڕێتەوە و دەڵێت:

پوختەی هەڵوێستی ئێستام ئەوەیە کە هونەری ڕۆمان بووە بەهۆکارێک بۆ گوزارشتکردن لە سەردەم بە کەڵک نایەت، ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆمە، چونکە دیارە کە (بۆچوونێکی گشتی) نییە، بەو بەڵگەیەی وەک وتم: ڕۆمان هەیە و ڕۆماننووس هەن و لە پێشکەشکردنی کاری ڕۆمانیاندا بەردەوامن.

ئەو هۆکارەی پاڵم پێوە دەنێت ئەم بۆچوونە تایبەتەم دەربارەی هونەری ڕۆمان بڵێم ئەوەیە، کە ئەو ڕۆمانەی هەتا (سیانییەکە) دەمنووسی، بەمانا نەریتەکەی ڕۆمان بوو، ئەم جۆرە ڕۆمانە تەنیا لەکۆمەڵگەیەکی ئارام و سیما دیار گەشە دەکات، نەک لە کۆمەڵگەیەک کە لە هەموو ساتێکدا ڕوو لەگۆڕانە و ئەگەر ڕۆمانی نەریتی بە وەسفی کۆمەڵگەوە بەندبێت. ئەوە ئیتر کۆمەڵگەی پێشکەوتوو کە خێرا دەگۆڕێت، ئەوەندەی هانی بیرکردنەوە دەدات هانی وەسفکردنی نادات و بیرکردنەوە لە کۆمەڵگە پێشکەوتنەکانی بۆ لای ئەوەمان دەبات کە دەکرێت بە ئەدەبی هزری ناوزەد بکەین. لە ئەدەبی هزریدا پاڵەوانەکە ئەو (کەسە تایبەتە) دیاریکراوە- ئەگەر دەربڕینەکە دروست بێت- نابێت، بەڵکو لێرەدا پاڵەوانەکە کەسە گشتییەکەیە، کە مرۆڤە و لە کێشە هەمەکی و سەرەکییەکانیەتی و ئەم (مرۆڤە گشتییە) بە کەڵکی ئەو ڕۆمانە نایەت کە بە وەسف و گێڕانەوەوە و بەندە، بەڵکو بۆ ئەو چیرۆکە دەست دەدات کە بە بیرکردنەوە و گفتوگۆوە بەندە و ئەوەیە کە بە (چیرۆکی گفتوگۆ) ناوزەدی دەکەم.

پێم وت:

پاش شیکردنەوە و لێکدانەوەی هەڵوێستی هونەری و هزریت ڕوون بووەتەوە کە تۆ لەگەڵ ئەو بیرۆکەیە نیت کە لە دوو وتارەکەی پێشوودا باسم کردوون، واتا تۆ بەم پلە ئەدەبی و هونەرییەت لە لووتکەی ڕۆمانی عەرەبیدا بووی کە بەکۆسپێک لە ڕێگەی ڕۆمانی عەرەبیداو بەتایبەتی بۆ هەندێک لە ڕۆڵەکانی نەوەی نوێ کە لاساییت دەکەنەوە، یان لێت دەترسن.. لەگەڵ ئەوەشدا هیوادارم بۆچوونی خۆت دەربارەی ئەم کێشەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوون بکەیتەوە..

نەجیب وتی:

سەبارەت بەم کێشەیە و بەو شێوەیەی خستووتەڕوو لەگەڵتدا ڕێک ناکەوم، بەڵکو لەوەدا لەگەڵ تۆدا ناکۆکم، چونکە بە بڕوای من ناکرێت نووسەر بۆ ئەوانەی پاش خۆی دێن کۆسپ بێت، چونکە ئەوان خاوەنی ئەزموونی تایبەت و جیاواز و تێڕوانینێکی سەربەخۆن.. بەپێی سروشتی شتەکان نەوەی نوێ تێپەڕاندنی دەوێت نەک لاساییکردنەوە و وەستان لە سایەی ئەوانەی پێش خۆی بوون، لەبەر ئەمە هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم کە من لە ڕێگەی ڕۆڵەکانی نەوەی نوێ، یان ئەوانەی پێش ئەمان کۆسپ بم، لە کاتێکدا دەکرێت نووسەر لە ڕێگەی ڕۆڵەکانی نەوەی خۆی، یان ئەوانەی پێش خۆی کۆسپ بێت، بۆ نموونە لەوانەیە یەکێک لە ڕۆڵەکانی نەوەکەم بیر بکاتەوە دەربارەی ئەزموونێک بنووسێت کە لە ئەزموونە (سیانییەکە)م بچێت، بەڵام کاتێک دەبینێت بۆ ئەمە پێشی کەوتووم، هەست بە جۆرە زەوتکردنێک دەکات و بەوە من کارم تێکردووە و ڕێگەم لە پرۆژەیەک لە پرۆژە هونەرییەکانی گرتووە، بە پەلەش پێت دەڵێم: خۆشبەختانە ئەمە لە نەوەکەم ڕووی نەداوە، بەڵام سەبارەت بە نەوەی نوێ هیچ بوارێک بۆ پەیدابوونی ئەم کێشەیە نییە، چونکە ئەزموونم جیاوازە و ئەزموونی ئەوانیش جیاوازە.

بە (نەجیب)م وت:

هیوادارم لە وتاری داهاتوودا گفتوگۆیەک و پێداچوونەوەیەک سەبارەت بەم بۆچوونە و بۆچوونەکانی ترت بکەم، بەڵام پێم خۆشە گوێ لە بۆچوونەکانی ترت دەربارەی ڕۆمانی عەرەبی و ئەو قەیرانەی تێی کەوتووە بگرم، ئەگەر قەیرانێک هەبێت.

(نەجیب مەحفووز) وتی:

ئەو خاڵە ماوە و پێم خۆشە لەگەڵ تۆدا باسی بکەم کە کێشەی دزیی ئەدەبییە، چونکە لە دوا وتارتدا باسی ئەم

کێشەیەت کردووە و ئەدیبێکی لاو کە (سەمیر نەدا)یە بە دزیی ئەدەبی تاوانبارت کرد. لێرەشدا لەگەڵ تۆدا ناکۆکم و لەگەڵ تۆدا ڕێک ناکەوم، نە سەبارەت بەم ئەدیبە لاوە و نە سەبارەت بە کەسێکی تریش.

بۆ ئەوەی بە ڕوونی و وردی باسی ئەم بابەتە بکەین، پێم خـــۆشـــە بڵـــێم: کـــە بابەتی (دزیی ئەدەبی) جیاکردنەوەیەکی ورد لەنێوان سێ شت لە ئێمە دەخوازێت کە: لاساییکردنەوە و کاریگەرێتی و دزیبە، چونکە سێ شتن لەگـەڵ یەکـدیدا بە تەواوەتی جـیـاوازن و ئەمـە بۆ باسکردنی خودی کارە هونەرییەکە دەمانبات. دەتوانین کـاری هونەری بۆ: بابەت و ناوەرۆک و تەکنیک دابەش بکەین. سـەبارەت بە بابەتەکـە دەبینین بە ناچارییـەوە وەرگیراوە، لە مێژووەوە وەک (قەیسەر و کلیۆپاترا)یان لە ئەدەبەوە وەک (ئەفسانەی بیگمالیۆن) و ئەفسانەی (ئۆدیب) کە چەندین ئەدیبی سەردەم وەک (ئەندریی جید و تۆفیق ئەلحەکیم و بیرنارد شۆ) و کەسانی تر باسیان کردووە، ئەگەرچی ئەدیبە یۆنانییـەکان بەر لە دوو هەزار ساڵ باسی ئەم بابەتانەیان کردووە.

هەندێک جـار بابەتە ئەدەبیـیـەکـە لە خـودی ژیان وەردەگـیـرێت، چونکە ئەدیب بابەت دانانیت، بەڵکو تێبینیی دەکات و هەڵیدەبژێریت و دەربارەی دەنووسیت و دەکـرێت هەر چیـرۆکـێکی (شکسـپـیـر) بگرێت، لە لاپەڕەی ڕووداوەکـانی (ئەلئەهرام)«١» دا بیبینیت، بۆ نموونە دەکـرێت هەر لاوێک بگریت کە بۆ (مـەلوا)«٢»، یان هەر شارێک، یان گـوندێک بگەڕێتـەوە و ببـینیت پاش مردنی باوکی، دایکی شووی بەمـامی کردووە، ئەم ڕووداوە دەیوروژێنێت و بۆ ئەنجـامدانی تاوانی کـوشتن پاڵی پێوە دەنێت و ئەمە هەمان ڕووداوە دەرەکیـیەکانی ناو شـانۆگـەریی (هاملێت)ـە. سـەبارەت بە چیـرۆکی (ئۆتیللۆ) کە دڵـپـیـسی پاڵی پێـوە نابوو هاوسەرەکەی بکوژێت، دەبینین چیـرۆکـێکی ئاسایـیـە و دەکـرێت لە گەڕەکی (ئەلحوسەین)، یان (ئەلسەیدە)، یان (ئەلدەربل ئەحمەر)، یان هەر گەڕەکێکی میللیی تر ڕوویدات.

بابەتە دەگـمـەنەکـان لە ئەدەبدا ئێـجگار کـەمن و ئەو بابەتانەی ئەدیبان باسـیـان دەکـەن هەمـیـشـە ناسراون و پێشتر هەبوون.

ئەگـــەر لە بابەت بگەڕێین و باسی ناوەرۆک بکەین، هەمـــان شت دەبـینین، چونکە ناوەرۆک ئەوەیە کـــە لە دەربڕینی باودا بە (مەغزا) ناوزەدکراوە. لێرەشدا دەبینین وەرگرتن هەیە و خـۆ لێ دەربازکردنی نییـە و ئەوەی هەر کـــارێکی هونەریی کـۆن، یان نوێ دەیلـــێت، دەبینیت لەمـــانا گـشـتـیـیــەکـان وەرگـیـراوە، کـە لە هەمـوو کۆمەڵگەیەکدا باون. وەرگرتن لە فەلسەفە میللییەکان،

یان فـەلسـەفـە پێـگەیشـتـووەکـان کـە لە زانکـۆ و پەیمانگەکاندا ددانیان پێدا نراوە، یان لە ئاییینەکان، یان لەهەر سـەرچاوەیەکی دی هەیە. ئەدیب نـاوەرۆکی ئەدەبەکـەی، یان (مـەغـزا)کـەی دانانێت، بەڵکو لەسەرچاوەیەک وەریدەگرێت، لێرەشدا ناتوانین دەربارەی ناوەرۆک لەئەدیبەکە بپرسینەوە و ناتوانین پێی بڵێین: شـتـێکی تازەت نەهێناوە، چونکە لەم لایەنەوە (هیچ شتێکی تازە لەبەر خۆر نییە).

پاش بابەت و ناوەرۆک لە ئەدەبدا توخـمی سـێـیـەم مـاوە، مـەبەسـتم لە: تەکنیکە.. لە بواری تەکنیکدا دەتوانین بڵـێین: تەکنیک تاکـە شـتێکە کە هونەرمـەند دایهێناوە، بەڵام شێوازەکانی تەکنیک لەبواری ئەدەبدا و بەدرێژایی سەردەمە جیـاوازەکان لە دە شێـواز تێناپەڕن، وەک کلاسیک و ڕۆمانسییەت و ڕیالیستی و ناماقووڵ و..تاد. تەنیا دە قوتابخانەن، کە زیاتر ناکرێن و دەتوانن هەمـوو (ڕەنگەکـانی تەکنیک) لە هونەر لەخـۆ بگرن و ئەگەر بەپێی تەکنیک لە ئەدیبەکان بپرسین دەبینین تەنیا دە ئەدیبـمـان هەیە کە بنەمـا جیـاوازەکـانی قـوتابخـانە هونەرییـەکـایان داهێناوە. ئایا جگە لەوان ددان بە ئەدیبـەکـانی تردا نەنێین..؟ چونکە شـێـوازی نوێیـان لە تەکنیکدا دانەهێناوە. بێ گومان ناکرێت لەم هەڵوێستەدا بین، چونکە ئەمـە زۆر لە ناوە ئەدەبییـە درەوشـاوەکـان پشتگوێ دەخات.

لەگەڵ ئەمەشـدا تێبـینییـەکی دی و دیار لەمـێـژووی ئەدەبی جـیـهـانیـدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کـە ئەوانەی (تەکنیکی) نوێیـان داهێناوە مـەرج نییـە گرنگتـرین و مـەزنترین ئەدیب بن، بۆ نموونە، ئەو ئەدیبەی کە تەوژمی هۆش، یان ئەوەی بە (مۆنۆلۆگی ناوەوە) ناوزەد دەکرێت، داهێناوە، ئەدیبـێکی کـەم بایەخ و بێ بەها بوو، لەگـەڵ ئەوەشـــدا لـەم بوارەدا یەکـــەم داهێـنەر بـوو، بەڵام داهێنانەکەی بۆ ئەو بەکەڵکی هیچ شتێک نەهات و بۆ ئاسـتی ئەدیبـە مـەزنەکـان بەرزی نەکـردبووەوە، بەڵکو سـەرەڕای داهێنانە هونەرییـەکـەی لە بەهادا هەر بە بچـووکی مـایەوە. ناوی ئەم نووسـەرە (ئیـدوارد دی چاردان) بوو.. نووسـەرێکی فـەرەنسی کـەم بایەخ بوو، سەبارەت بە ڕۆمانەکەی کە تێیدا (مۆنۆلۆگی ناوەوە)ی داهێنابوو، ئەویش ڕۆمـــانێکی کـــەم بایەخ بوو، ناوونیـشـانەکەی (درەختـەکـانی زەیزەفـوون وشک بوون) بوو..

ئەوانەی شـێـوازی ئەدەبی نوێیـان داهێنابوو هەمـیـشـە ئەدیبی مـەزن نەبوون، بەڵام زۆرجار دەبینین هەندێک لە ئەدیبـە مـەزنەکـان لەم بوارەدا هیـچیـان دانەهێناوە. بۆ نموونە (بەلزاک) کە ڕۆمـاننووسێکی ڕیالیـستی مـەزنە،

یەکەم ڕیالیست نەبوو، بەڵکو لە ڕیالیستییەکەیدا شوێن پێ هەڵگری کەسانی تر بوو، کە لە پێش خۆی، یان هاوسەردەمی بوون، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر لووتکەی ڕۆمانی فەرەنسی و بەڵکو ڕۆمانی جیهانیدا دەوەستێت.

ئەگەر کارەکە لە بابەت و ناوەڕۆک و تەکنیکدا بەم شێوەیە بێت، ئایا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئەدەب وەرگرتن بە وەرگرتنە..؟ کەواتە لە کاری ئەدەبیدا چی نوێیە..؟

بە بۆچوونی من (نوێ) کە خودی ئەدیبەکەیە، چۆن هەر گەڵایەکی درەخت لە سروشتدا بیگریت لە چاو گەڵاکەی تر جیاوازە، هەروا هونەرمەندیش کە لە هونەرمەندێکی تر ناچێت، لە هەموو کارێکی هونەریدا پەنجە مۆرێک کە تاکەمەندی و سەربەخۆیی هەیە.. لە شێوازی هەڵچوونیداو لە شێوازی بەکارهێنانی ئەو توخمانە کە لە مێژووەوە، یان لە ئەدەبەوە، یان لە ژیانەوە وەریان دەگرێت. دەردەکەوێت ئێمە ئەگەر تەماشای ژیانی ڕۆژانەمان بکەین، دەبینین کێشەکە بەتەواوەتی ڕوونە.. بۆ نموونە لە (چێشت لینان)دا دەبینین هەر (چێشتێک) لە توخمە سەرەکییەکانییەوە کە چێشتەکەی لێ پێکدێت، جیاواز نییە و لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین چێشتێک نرخەکەی پێنج قروشە و چێشتێکیش هەیە کە نرخەکەی پەنجا قرووشە.. هەمان توخمن، بەڵام جیاوازییەکە لە توانای (چێشت لێنەر)ەکەدایە و کەسایەتییە تایبەتە سەربەخۆکە چڕ دەبێتەوە.

تێبینییەکی دی هەیە کە تێبینییەکانی دی تەواو دەکات، ئەویش ئەوەیە کە هەر ئەدیبێکی نوێ یەکەم جار لە ڕێگەی کاریگەرییەتی و لاساییکردنەوەی ئەوانەی پێش خۆی دروست دەبێت، تا لە دواییدا خۆی دەدۆزێتەوە و دەگاتە ڕەسەنایەتی تەواو و لەسەر پێی خۆی دەوەستێت.. سروشتییە ئەدیبێک لەسەرەتادا کاری تێ بکرێت تا خۆی بە تەواوەتی دەناسێتەوە و لەمەدا هیچ جۆرە دزییەکی ئەدەبی نییە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێبینییانەدا داوات لێ دەکەم چاوێک بەتاوانبارکردنی هەندێک ئەدیبی لاو، بەوەی کە لە من، یان لە کەسانی تر دزییان کردووە، بخشێنیتەوە.

(نەجیب مەحفووز) لە قسەکردندا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

لە مێژووی ئەدەبدا نموونەی لە یەکچوونی سەیر هەیە، کە هەندێک جار سەرسامیان کردبووم و لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگرانی ڕۆژئاوا باسی (دزی) ناکەن، بەڵکو بەبێ هیچ تاوانبارکردنێک لە لێکچوونە ئەدەبییەکە دەکۆڵنەوە..!

پێم خۆشە هەندێک نموونەت بۆ بهێنمەوە:

١- لێکچوونی نێوان شانۆنامەنووسی سویدی (سترێند بێرگ) و نووسەری چیک (کافکا)، بۆ نموونە سەرسامی کردبووم.. وامان دەزانی کە شێوازی نوێ و داهێنراوە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا بۆم دەرکەوت کە ئەم شێوازە و تا ئاستێک هەروەک خۆی بەر لە کافکا لەلای (ستریند بێرگ)ەوە هەبووە و بەتایبەتی لە شانۆنامەی (زیندە خەون)دا.

٢- لێکچوونێکی زۆر دیار لەنێوان (ئارسەر میللەر) لە شانۆنامەی (هەموویان ڕۆڵەی منن) و (ئەپسن) لە شانۆنامەی (کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە)دا هەیە.

٣- لێکچوونێکی دیار لەنێوان ڕۆمانی (نامۆ)ی (ئەلبێر کامو) و ڕۆمانەکانی (کافکا)شدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا وەک باسم کرد ڕەخنەگرە ڕۆژئاواییەکان وەک ئێمە باسی دزیی ئەدەبییان نەکردووە.

پاش ئەوە (نەجیب مەحفووز) دەڵێت:

لەو بڕوایەدام کە ئێمە حیکایەتی (دزیی ئەدەبی) لە ڕەخنەی عەرەبی دێرینمانەوە بۆ ماوەتەوە، چونکە ڕەخنەگرە عەرەبە کۆنەکان بایەخێکی زۆریان بە دزیی ئەدەبی دابوو. ئەو هونەرەی باسیان دەکرد و گفتوگۆیان لەسەر دەکرد، هونەری (شیعر) بوو بە مانا دێرینەکەی، کە لەسەر یەکێتی (بەیت) بنیاد دەنراو دزییە ئەدەبییەکە لە دارشتندا، یان لە بیرۆکەدا بە تەواوەتی دیار دەبوو، بەڵام لە هونەرە نوێکانی وەک ڕۆمان و شانۆنامەدا ئێمە ناتوانین پێوەرەکانی ڕەخنەی عەرەبی دێرین پراکتیزە بکەین، چونکە تا وەرگرتن بەو مانایەی ئاماژەم بۆ کردبوو، کە لە توانای هەمووانە، بواری دزیی نییە، چونکە هەمیشە کەسایەتی ئەدیب و هونەرمەند فاکتەری یەکلاکەرەوەیە و ڕەسەن لە نارەسەن جیادەکاتەوە.

بەدەم کۆکردنەوەی کاغەزەکانم و ماڵئاواییکردنەوە بە هونەرمەندی مەزنمانم وت: سوپاست دەکەم.. ئەمانە بۆچوونی قووڵ و بەنرخن، چونکە ئاوەهان، شایستەی گفتوگۆی بابەتی بەرینن و هیوادارم لە وتاری داهاتوومدا ئەوە بکەم.

**پەراوێزەکان:**

**١- مەبەستی لە ڕۆژنامەی (ئەلئەهرام)ـە.**

**٢- شارۆچکەیەکی میسرییە.**

**سەرچاوە:**

**لەکتێبی (أتحدث إليكم) چاپی یەکەم ساڵی (١٩٧٧)، دار العودة، کتێبەکە بریتییە لە کۆمەڵێک گفتوگۆی هەڵبژاردە، کە لەگەڵ (نەجیب مەحفووز)دا کراون و ڕەخنەگری میسریی ناسراو (سەبری حافز) هەڵیبژاردوون و پێشەکی بۆ نووسیون.**

# تیۆری جۆرەکانی ئەدەب

**ڕێبین خەلیل قادر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)**

**پێشەکی**

بواری جۆرەکانی ئەدەب لە ڕووی تیۆری ئەدەبییەوە کێشەیەکی تیۆری زۆر ئاڵۆز دروست دەکات، چونکە جۆرەکانی ئەدەب خۆی لەخۆیدا بوارێکی یەکجار فراوانی دنیای ئەدەبە. کە دەڵێین جۆرەکانی ئەدەب، یان (ژانرەکانی ئەدەب، فۆرمی ئەدەبی جیا، جۆرە ئەدەبییەکان...) هەموویان یەک مانا و دەلالەت دەدەن، مەبەستیش بریتییە لە هەموو ئەو ژانرانەی ئەدەب کە لە کۆن و ئێستادا سەریان هەڵداوە، یان بریتییە لەو قاڵبە هونەرییە جیاوازانەی نووسەران بۆ بەرجەستەکردنی هەست و سۆز و بیروباوەڕەکانیان لەناو دەقێکی ئەدەبیدا بەکاریان دەهێنن. هەڵبەتە هەموو شتێک بە یاسای گۆڕان و پەرەسەندندا ڕەت دەبێ، ئەدەبیش لە یاسای گۆڕان و پەرەسەندن بەدەر نییە، بۆیە تا ئێستا چەندین جۆر (ژانر) لەدایک بوون و پاشان بە تێپەڕبوونی کات لەناوچوون و جۆری دیکەی نوێ سەریان هەڵداوە، لەکۆنەوەش تائێستا ئەم گۆڕان و پەرەسەندنەی جۆرەکانی ئەدەب زۆر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە، کە هەندێکیان لە ڕوانگەی زانستی دیکەوە بوون و هەندێکی دیکەشیان هەر لەناو چوارچێوەیەکی داخراوی دەقی ئەدەبی لەم بوارەیان کۆڵیوەتەوە. ئێمە لێرەدا بابەتەکەمان بەسەر دوو تەوەرەی سەرەکیدا دابەش کردووە، لەتەوەری یەکەمدا بەکورتی باسمان لە چەمکی پەرەسەندن و پەرەسەندن لە ئەدەبدا کردووە. لە تەوەری دووەمیشدا بەکورتی باسمان لە چەمکی جۆرەکانی ئەدەب کردووە.

**تەوەری یەکەم: یاساکانی پەرەسەندنی ئەدەب:**

پێش ئەوەی بەناو بابەتەکەدا شۆڕببینەوە، دەکرێ باس

له چەمکی پەرەسەندن(گەشەکردن- development) بکەین، بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەو چەمک و مانا و مەغزایەی کە زاراوەی (پەرەسەندن- development) هەیەتی، زیاتر بەناو بابەتەکەدا شۆڕ بینەوە و بەشێوەیەکی قووڵتر و وردتر لە چەمکی پەرەسەندن و گەشەکردنی ئەدەب بەگشتی و جۆرەکانی بەتایبەتی بگەین.

پەرەسەندن بەو کردارە لەخۆوە خۆڕسکە دەوترێ کە لە سادە و ساکارییەوە بەرەو ئاڵۆزی و لێکدراوی دەچێت و ڕوخسارە ناوخۆییەکان و کرۆک و جەوهەری دیاردەکان دەدۆزێتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شتی نوێ. پەرەسەندن لە ڕوخسارێکی لوولپێچی و بازنەیی بەڕێوە دەچێت و هەر کردارێک لە کردارەکانی پرۆسەی پەرەسەندن سەرەتا و کۆتایی هەیە. هەر بازنەیەکیش تەواو بێت و کۆتایی پێ بێت ئاماژە بە سەرەتایەکی نوێ دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین (پەرەسەندن) کردارێکی بەردەوامە و بەشێوەی یەک بەدوای یەک و لێک نەپچڕان بەردەوام دەبێت. لێرەدا دوو ڕەوتی دژی یەکتر سەر هەڵدەدەن، ئەوانیش (کۆن و نوێ، القدیم و الجدید- old and new)، کێشەی سەرەکی لەنێوانیاندا بریتییە لە کرداری پەرەسەندن، چونکە هیچ شتێک لە قاوغە کۆنەکەی خۆیدا نامێنێتەوە، هەر دەبێت بەکرداری گۆڕان و پەرەسەندندا بڕوات، بۆیە کۆنی و نوێیی لەکرداری پەرەسەندندا لە ئاوێتەبوونێکی دیالێکتیکی (جدلی) دان، نوێ لە کۆنەوە دەردەچێت، دەرکەوتنی شتی نوێ هەمیشە وەکو بازدان وایە و کۆتایی هەموو ناکۆکی و دژیەکی و سەرەتای سەرهەڵدانی ناکۆکی و دژیەکییەکی نوێترە. هەمیشە ئەم زۆرانبازییەی نێوان کۆن و نوێ بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی یەکێکیان بتوانێت بەسەر ئەوی تردا زاڵ بێت، بەڵام هەمیشە نوێ بەسەر کۆندا زاڵ دەبێت.(١)

دوای ئەوەی چەمک و مانای زاراوەی (پەرەسەندن)مان بۆ دەرکەوت، ئێستا دەبێ ئەوە بزانین کە هەمان زاراوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەموو دیاردەکانی ژیانەوە هەیە. هیچ شتێ نادۆزیتەوە کە بە پرۆسەی پەرەسەندن و گۆڕاندا تێنەپەڕێت و ڕوخسار و ناوەرۆکێکی نوێتر وەرنەگرێت، کەواتە هەموو شتێ لە ژیاندا بەگۆڕان و پەرەسەندن و گەشەکردن مەحکوومە. واقیع بەگشتی و هەموو بوونێکی ماددی- مرۆڤانە لەگۆڕان و پەرەسەندنی بەردەوامدان و هەر گۆڕان و پەرەسەندنێکیش لەهەر قۆناغێکدا ڕوودەدات، ئەوە وێنەی ئەو واقیعە و شارەزایی مرۆڤ لە دەست بەسەرداگرتنی سروشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە هەر قۆناغێک لەو قۆناغانەدا ڕوون دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هونەر و ئەدەبیش ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا و تێیدا پەیوەندی لەنێوان مرۆڤ و سروشت و کۆمەڵگا ڕەنگ دەداتەوە (واتە لەنێوان مرۆڤ و واقیع بەگشتی) ئەوە هونەر و ئەدەبەکەش دەگۆڕێت و (بەگۆڕانی واقیعەکە) پەرە دەسێنێت. کەواتە گۆڕان و پەرەسەندن و گەشەکردنی کۆمەڵگا دەبێتە هۆی گۆڕان و پەرەسەندنی هونەر و ئەدەب بەگشتی و بەپێی پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە ڕوخسار و ناوەرۆکێکی تازەتر وەردەگرێت، چونکە ئەدەب و هونەر هۆیەکن لە هۆیەکانی هۆشیاری کۆمەڵگا و وێنەیەکن لە وێنەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، بۆیە دەکرێ بڵێین یاسا مێژووییەکان بۆ گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەب و هونەر بەهەماهەنگی و هاوتەریبی یاسا مێژووییەکانی گۆڕان و پەرەسەندنی کۆمەڵگا کاردەکات و بەڕێوەدەچێت، بەڵام ئەم هەماهەنگییەی نێوان ئەدەب و هونەر و کۆمەڵگا تاڕادەیەک ڕێژەییە و یاساکانی گۆڕان و پەرەسەندنی ئەدەب و هونەر تاڕادەیەک سەربەخۆیی خۆیان هەیە، ئەمەش لەبەر ئەو سروشتە تایبەتییەی کە هەیانە.(٢)

لەسەدەی نۆزدەیەم (کە بەسەدەی مێژوو) ناسراوە، زانایانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی ئەوانەی خاوەن ڕەوتێکی مێژوویی بوون، پێیان وابوو هەموو شتێ مێژوویەکی تایبەتی هەیە، ئەم ڕەوتە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەموو زانستەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتی هەبوو، هەر لەسەردەستی ئەمانەوە شۆڕشێکی میتۆدی تەواو و پێگەیشتوو بەرپا بوو لە بابەت چۆنییەتی ڕوانینی جیهانی ماددی و بوونی مرۆڤ و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە و ڕێگەکانی بیرکردنەوەوە. هەر ئەم ڕێبازە هەندێ بیروبۆچوونی کۆن و کلاسیزمانەی ڕەتکردەوە لەوانەش (ڕەهایی و جێگیری و سرەوتن) و هەموو ئەم بیرە کلاسیزمییانەی بەرەو (ڕێژەیی و جووڵان و گۆڕان) برد، بەڵام لە ژینگە زانستی و فیکرییە جیاوازەکاندا کۆمەڵێک میتۆدی پەرەسەندن سەریان هەڵداو بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵ مێژووی هەر دیاردەیەکدا کرد، وەکو دەفرێکی داخراو وابێت و لەمێژووی دیاردەکانی دیکەیان

دادەبڕی، واتە مـێـژووی هەر دیاردەیەک بەشـێـوەیەکی کەنارگیـر و دوور لە مـێـژووی دیاردەکـانی دیکە بێت. لێـرەوە مـێـژووی هەر دیاردەیەک، یان مـێـژووی هەر چالاکییەکی مرۆڤانە بوو بە یەکێک لەم دوو دیاردەیە:

١- یان دەبێتە مێژوویەکی زەمەنی (دەرەوەیی)، واتە بە بەردەوام بوونی کـات و ڕەتکردنەوەی هەر یاسایەکی ڕاڤەکار بۆ ئەو بەردەوامییە.

٢- یان دەبێـتـە مـێـژوویەکی (ناوخۆیی) ڕاڤـەکـار بۆ یاسـا ناوخۆییـە تایبەتییـەکانی پەرەسەندنی دیاردەکە، لەگەڵ ڕەتکردنەوەی هەر یاسایەکی گشتگیر کە دیاردەکە لە پێــوەندی لەگــەڵ هەمــوو دیاردەکــانی دیکە لێک دەداتەوە.

ئەمــانە لایەنگرانی ڕەوتی (مــێــژوو) بوون بە مــانا مـیـتـافـیـزیکیـیـەکەی. بیـرۆکەی پەرەسـەندن و شـێـوازە پێگەیشـتـووەکەی لەناو جیـهـانی فـەلسـەفـەدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت. فەیلەسووفێکی ئایدیالیزمی وەکو (هیـگڵ- Hegel) (١٧٧٠-١٨٣١) پەرەســـەندنی کردۆتە جووڵە و بزاوتنی گشتی دیاردە و ڕووداوەکان لە سروشت و مێژوو و کۆمەڵگا و مرۆڤ. (هیگڵ) ڕێبازە ئایدیالیزمەکەی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە کە بیر، یان گیـانی ڕەها جەوهەر و کرۆکی جیهـانە. گیـانی ڕەها لەلای (هیگڵ) لە پەرەسەندنیدا دەچێتە ژێر باری جووڵە و بزاوتنێکی دیالێکتیکی، واتە ململانێیەکی ناوخۆیی کـە بەرەو جـووڵان و گـۆڕان وگـوێزانەوەی دەبات. ئەوەی لەبیروبۆچوونەکانی (هیگڵ) گرنگە بریتییە لە میـتـۆدە دیالێکتـیکییـەکەی نەک میـتـۆدە ئایدیالیـزمییـەکـەی، چونکە مـیـتـۆدی دیالێکتـیـکی ئەوەی ڕوون کـردەوە کـە هەمــوو شت و دیاردەیەک لە گـۆڕان و پەرەســەندنێکی بەردەوامــدایە. هەر بەهۆی ئەم مـیــتـۆدەی (هیـگڵ)ەوە هەندێ یاســای بۆ پەرەســەندن دیاری کـرد، کـە دەکـرێ بزانرێ و لێی بکۆڵرێتەوە. (هیگڵ) پێی وابوو هەروەکو چۆن گیـانی ڕەها لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لە سێ قۆناغدا دەســتـەبەر دەبێت، ئاواش لەمــێــژووی هونەر و ئەدەبدا بەسێ شـێـوازی هونەریدا ڕەت دەبێ، کـە هەریەکـەیان قۆناغێک لە سێ قۆناغەکەی مێژوو دەنوێنێ: شێوازی یەکەم بریتـیـیـە لە (شێـوازی ڕەمزی)، شێـوازی دووەم بریتییە لە (شێوازی کلاسیکی)، شێوازی سێیەم بریتییە لە (شــێــوازی ڕۆمــانسی). ئەمــەش لەبەر ئەوەی لای (هیگڵ) هونەر بریتییە لە دەستەبەرکردنی گیانی ڕەها لە بابەتی هەستپێکراودا، گیـانی ڕەها جۆرەکانی هونەر لە هەر قـۆناغێکی مێژووی هونەر و مرۆڤ دیاری دەکات، بەلای (هیگڵ)ەوە هەر قـۆناغـێک لە قـۆناغـەکـانی مـێـژووی هونەر جۆرە هونەرێک باوی هەیە، بەڵام ئەمە مـانای ئەوە نییـە کە هیچ هونەری دیکە لەو سەردەمـەدا نەبێت، بەڵکو جۆری دیکەی هونەریش بەرچاو دەکەوێت کــە بەهونەری (جــانبی) دادەنرێت. بۆ نموونە هونەری (نحت- هەڵکۆڵین) بە هەر سێ قــۆنـاغـی (ڕەمــزی و کلاسـیکی و ڕۆمـانسی)دا تێـپـەڕیوە، کـەچی تەنیـا لە قۆناغی (کلاسیکی)دا گەیشـتە لووتکەی پەرەسـەندن، یان (هونەری شـیـعـر) بەهەر سێ قـۆناغـدا ڕەت بووە، کـەچی لە قـۆناغی (ڕۆمـانسی) گـەیشـتـە ئەوپەڕی(٣).

هەمـوو ئەمانە بەشێک بوون لە فەلسەفەی ئیستێتیکی (هیگڵ)، مــەســەلەی پەرەســەندن هەر لەناو بواری فـەلسـەفـەدا هەسـتی پێناکـرێت، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکــانی زانســتــدا هەیە، بەتایبــەتی لە زانســتی (بایـولۆژی)دا ئەم زاراوەیە لەگــەڵ لێکۆڵینەوەکــانی (چارلز داروین)ی زانای سـروشـتی ئینگلیـزی برەوی پەیداکـرد، لەم بارەیەوە بەناوی (أصل الأنواع عن طریق الانتـخـاب الطبـیـعي أوحـفظ الاجناس المنفـصلة في الصراع من أجل الحیاة) لەساڵی (١٨٥٩) کتێبێکی نووسـیـوە، لەم کـتـێـبەدا دۆزە سـەرەکـیـیـەکـانی تیـۆری پەرەسەندنی ڕوون کردۆتەوە. دیسانەوە لەکتێبی (سلالة الأنسان و الانتخاب بالنسبة للجنس- ١٨٧١)دا باسی پەرەســەندنی مـرۆڤ لە ڕەگـەز و نەژادی گـیــانەوەران دەکـات. هەمــوو ئەم لێکۆڵینەوانەی (داروین) وای لە هەندێ شارەزا و ڕەخنەگری بواری ئەدەبی کرد ئەم کردارە بگوێزنەوە ناو دنیــای ئەدەب و لەبواری لێکۆڵینەوەی جـۆرەکـانی ئەدەبیـدا سـوودی لێ وەربگرن، لەسـەرووی هەمـووانیـشـەوە (فێـردیناند برونتـیـێـر)ی فرەنسی بوو. (برونتـیـێر) هەر لە (١٨٨٦)ەوە. مامۆسـتـای مێژووی ئەدەب و ڕەخنە بوو لە (خانەی مـامۆسـتـایانی بەرز) لە (پاریس) پاشــان لە (١٨٩٣)ەوە بووە ســەرنووســەری گۆڤـاری (العـالمین) و یەکێک بوو لەوانەی بە ئەدەبیـاتی ســەدەی حـەڤـدەم ســەرســام بوو، دژی بزاڤی (هونەر بۆ هونەر) بوو.(٤)

(برونتـیـێـر) هەوڵی دا هەمـان تیـۆری پەرەسـەندنی داروین لەسـەر ئەدەب جـێـبـەجێ بکات، لەم بارەیەوە کـتـێـبـێکی بەناوی L'Evolution des genresdans

L'Histoire dela litterature) نووسیوە: دوای ئەوەی سەرنجی لە جۆرەکانی ئەدەبی و سروشتی هەریەکەیان دا، بینی پێــوەندییــەکی زۆر لە نێــوانیــاندا هەیە و ئەو پێــوەندییــانەش لەبەردەوام بوون و پەرەســەندنیــاندا شێوەیەکی پلەکاری وەردەگرێت. بۆ نموونە (وێنە) بەچەند قۆناغ و پلەیەک تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە قۆناغی واقیعی، سەرەتا ئایینی دواتر ئەفسانەیی، دواتر مێژوویی، پاشان بۆتە واقیعی و مرۆڤ توانیویەتی هەرچی لە دەوروبەریدا هەیە لە کەلوپەل و کەسایەتییــەکان وێنەیان بکێشێ. چیرۆکیش هەر بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە، سەرەتا داستانی ئەفســانەیی بووە، دواتر خــەیاڵی مــرۆڤـایەتی و دواتر ڕۆمانتیکی و پاشان واقیعی.

(برونتییێر) بەهۆی ئەم لێکۆڵینەوانەیەوە گەیشتە دوو ئەنجــام: یەکــەمــیــان: وای بۆچوو جــۆرەکــانی ئەدەب بوونێکی دەرەکی جێگیر و جیاکەرەوەیان هەیە کە تێیدا هەر جۆرێکی ئەدەبی تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەیە و جیــایە لە جۆرەکــەی دیکەی ئەدەبی، سەرەڕای بوونی هەندێک لایەنی لێکچوون لەنێوانیاندا.

دووەمــــیــان: هەر جــۆرێکی ئەدەبی لە کــاتێکی دیاریکراودا لە دایک دەبێت و گــەشە دەکـات و پاشــان لەناو دەچێت (واتە هەر جــۆرەکــەی ئەدەبی کــاتێکی دیاریکراوی هەیە). هەر جــۆرە و ژیان و زەمــــەنێکی تایبــەتی هەیە، هەروەکو جـۆرەکـانی گـیـانەوەر. پاشــان (برونتییێر) لە پێوەندییە ناوخۆییەکانی هەموو جۆرەکانی ئەدەب دەکـۆڵێـتـەوە، ئایا پێـوەندییــەکی ڕێکەوتە؟ یان پەرەسەندنێکی چارەنووسسازە و بەهۆکارە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکانەوە پەیوەستە؟ ئایا دەکرێ چیرۆکی واقیعی لەپێش چیــرۆکی داســتــانی و خــەیاڵی هەبووبێ؟ ئایا دەکرێت وێنەی مرۆڤ و سروشت لەپێش وێنە ئەفسانەیی و ئایینەکانەوە هەبووبێ؟.. تاد، (برۆنتــیـێـر) ئەم جـۆرە گریمانانە ڕەت دەکاتەوە، پاشـان لە پێوەندی نێـوان جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و هەریەکە لە پێوەندییە مـێـژوویی و هونەری و زانســتــیــەکـان ڕوون دەکـاتەوە، مەبەستی لە پێوەندی مێژوویی ئەوەیە: ئایا سەرهەڵدانی هەر جۆرێکی ئەدەبی لە ئەنجامی ڕێکەوتە، یان هەر جۆرە ئەدەبێک لە جــــۆرێکی دیکەی ئەدەبی لەدایک بووە، هەروەکو چۆن ڕەگەزە جیـاوازەکانی گیـانەوەران لەدایک دەبن. مەبەستی لە پێوەندییە هونەرییـەکان بریتـیـە لە پێوەندی وێنە هونەرییـەکـان لەنێوان جۆرەکـانی ئەدەب و دیاریکردنی باشی و پەرەسەندوویی هەر جۆرێکی ئەدەبی لەگــەڵ ئەوەی پێش خــۆی، بۆ نموونە پێی وابوو شــانۆ لەداســتـان پێشکەوتووترە، چیـرۆک بەمانا نوێیـەکـەی لە حیکایەتە میللییەکان پێشکەوتووترە.

مەبەسـتـیش لە پێوەندییە زانسـتـییەکان بریتـییـە لەو یاسـایانەی کـۆنتـرۆڵی ئەو پێـوەندییـانـە دەکـات، کـە جۆرێکی ئەدەبی لەگەڵ جۆرێکی دیکەی ئەدەبی هەیەتی. هەروەها ئەو یاسـایانەش کـە لە هەر یەکـێک لەو جـۆرە ئەدەبییـانە لە سنووری بوون و پەرەسەندن و پاشان نەمان و لەناوچوونی ئەو ژانرە، تەحــەکــوم دەکـــات. بۆیە (برونتیێر) کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێت، لەوانەش: جــۆرەکــانی ئەدەب چۆن لە دایک دەبن؟ ئەو بارودۆخــە کـاتی و شــوێنییــە چین کە زەمـینەی سـەرهەڵدانی سـاز دەکـەن؟ ئەم جـۆرانە چۆن لە یەکـتـر جـیـادەکـرێنەوە و جـیــاوازییــان هەیە؟ چۆن گـەشـە دەکـەن، وەک ئەوەی زیندەوەران گـەشـە دەکـەن؟ پاشـان چۆن نامـێنن و لەناو دەچن؟ پاشــمــاوەکــانی چۆن دەبنە شـێــواز و ڕەگـەز بۆ جـۆرێکی نوێی ئەدەبی؟ ئەم پرسـیــارانە بەهۆی تیــۆری پەرەســەندنەوە چارەســەر دەکـرێن. ئەمـــە بە بۆچوونی (برونتـیێر). کەچی لێکۆڵینەوەکانی لەبابەت جۆرەکانی ئەدەبەوە، ڕووبەڕووی کـۆمـەڵێک ڕەخنەی توند بووەوە. لەوانەش جۆرەکانی ئەدەب بوونێکی سەربەستیان نییە تاوەکـو ملکەچی پەرەسـەندنی حەتمی بن وەکـو ڕەگـەزی گـیــانەوەران، یان ئەوەی کــە گــرنگیــیــەکی زۆری بە لێکۆڵینەوەی جۆرەکـانی ئەدەب لە خودی خۆیاندا دەدا، لەگـەڵ ئەوەی کـە پێـویسـتــە گـرنگی بە لێکۆڵینەوەی مـیللەتان و پەرەسـەندنیان و ئەو دابونەریتانە بدرێت کە کۆمەڵگاکانی بەسەر ئەدەبدا دەیسەپێنن لەگەڵ ئەو ئامانج و مەبەستانەی کە لێی داوا دەکرێت. هەروەها هەڵەیەکی زەقیشی لە کرداری پراکتیک کردندا ئەنجام دا، کاتێک پێی وابوو شـیـعـری لیـریکی لە گـوتاری کـلاسـیـکی ئـایینیـــیـــەوە ســــەری هەڵداوە.(٥) بۆیە دەبینین بۆچوونەکانی (برونتـیێر)یش لە بارەی جۆرەکانی ئەدەب سەرکەوتنێکی بەرچاوی بە دەست نەهێنا، چونکە ناکرێ پێوەرێکی زانستی بەبێ دەستکاری و وەکو خۆی بەسەر ئەدەبدا پراکـتـیک بکرێ، بەتایبـەت ئەگـەر ئەو زانسـتـە هیچ پێـوەندییـەکی بەئەدەبەوە نەبوو. سروشتی کـارەکەی (برونتـیـێـر)یش وابوو، ئەو هەمـوو بنەمـاکـانی تیـۆری پەرەسەندنی لای (داروین) وەرگرت و لەسەر جـۆرەکانی

ئەدەب تاقیکردەوە، لەمەشیان زۆر هەڵەی زەقی ئەنجام دا.

هەندێک ڕەخنەگر لە ڕوانگەی زمانەوە سەیری جۆرەکانی ئەدەب دەکەن، بەتایبەتی ڕەخنەگرە زمانەوانی و ڕەخنەگرە شیکارییەکان، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەدەب هونەرێکی زمانییە و تێیدا زمان گرنگترین کەرەستەی بنیادنانی دەقێکی ئەدەبییە. ئەم ڕەخنەگرانە هەڵوێستە لەسەر ئەو یاسایە خودییانەی دیاردە ئەدەبییەکان دەکەن و لەو یاسا خودییانەش پێکهاتەی زمان لە ڕێی پێوەندییەکان و شێواز و ڕوخسار و ڕێکخستن و ئاوێتەبوونیانەوە دەدۆزێتەوە، هەروەها پێکهاتە هونەرییەکەش لەڕێی دەلالەتەکان و هێماکانەوە دەدۆزنەوە. لە هەموو ئەمانەشدا خۆیان لە بنەما مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بەدوور دەگرن. ئەم ڕەخنەگرانە لێکدانەوەکەیان بۆ هەریەکە لە هەڵوێستە هونەرییە سیانییەکە (لیریکی، داستانی، درامی) لەسەر سێ ئەرک کە بۆ زمانی دەگێڕنەوە، بنیاد دەنێن، ئەوانیش بریتین لە: (گوزارشت کردن (التعبیر)، نواندن، یان لاسایی کردنەوە (التمثیل)، بانگەشە، یان پاڕانەوە (النداء). هەریەکێکیش لەم سێ ئەرکە بە جێناوێکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە گوزارشت کردن بە جێناوی قسەکەرەوە (الضمیر المتكلم) پەیوەستە، نواندن بە جێناوی نادیارەوە (الضمیر الغائب) پەیوەستە، بانگەشەش بە جێناوی کەسی گوێگرەوە (الضمیر المخاطب) پەیوەستە. پاشان وا لە ئەرکی گوزارشت کردن دەکەن ببێتە ڕاڤەکاری هەڵوێستەی لیریکی و ئەرکی نواندن ببێتە ڕاڤەکاری هەڵوێستەی داستانی و ئەرکی بانگەشە ببێتە ڕاڤەکاری هەڵوێستەی درامی. هەرسێ ئەرکەکەش لە داڕشتن و شێوازی گشتی ئەدەبیدا هەن، بەم جۆرە هەرسێ ئەرکەکەی زمان بەرانبەر هەر سێ هەڵوێستە هونەرییەکە دەوەستێت، بۆ نموونە شیعری لیریکی گوزارشت کردنی تێدا زاڵە، شیعری داستانی نواندنی (تمثیلی) تێیدا زاڵە و شیعری درامی بانگەشە، یان پاڕانەوە (النداء أو الدعاء)ی تێیدا زاڵە. کەواتە جێناوی قسەکەری (من: ئەرکی گوزارشت کردن) بەرانبەر شیعری لیریکی دەوەستێت و ڕاڤەی دەکات، جێناوی نادیاری (ئەو: ئەرکی نواندن) بەرانبەر شیعری داستانی دەوەستێت و ڕاڤەی دەکات و ڕاناوی نادیاریش (ئەو: ئەرکی بانگەشە) بەرانبەر شیعری درامی دەوەستێت و ڕاڤەی دەکات.

نزیکترین شیکردنەوەش لەوەی کە ئێمە ڕوونمان کردەوە، شیکردنەوەکەی (ت.س. ئیلیەت «١٨٨٨-١٩٦٥» Eliot, thomas Stearns)ە. (ئیلیەت) هەرسێ هەڵوێستە هونەرییەکەی بەناوی (سێ دەنگەکانی شیعر- أصوات الشعر الثلاثة- The three Voices of Poetry) ڕاڤەکرد، کاتێک لە ساڵی (١٩٥٣) موحازەرەیەکی لەم بارەیەوە پێشکەش کرد. بەلای (ئیلیەت)ەوە دەنگی یەکەم دەنگی شاعیرەکە گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی دەکات، دەنگی دووەمیش دەنگی شاعیرە کاتێک ڕوو لە جەماوەرێکی زۆر، یان کەم دەکات بە قسەکردن و گفتوگۆ، دەنگی سێیەمیش دەنگی شاعیرە کاتێک گفتوگۆیەک لەنێوان کەسایەتی خەیاڵیدا دروست دەکات. پێشتریش لە ساڵی (١٩٥٠) دا لەموحازەرەیەکیدا بەناوی (شیعر و دراما) خۆی دەڵێت: لەو موحازەرەیەمدا جیاوازیم لەنێوان ئەو شاعیرەی گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی و ئەو شاعیرەش کە گفتوگۆ لە ڕێگەی کەسایەتییە خەیاڵییەکانەوە ئەنجام دەدات، کردووە، کەچی بەڕوونی هیچ جیاوازییەکی دەنگی دووەمم نیشان نەداوە. واتە تەنیا جیاوازی لەنێوان شیعری لیریکی و شیعری درامی کردووە، کەچی لەو موحازەرەیەی کە بەناوی (سێ دەنگی شیعر) پێشکەشی کردووە. بەڕوونی جیاوازی لەنێوان هەر سێ شیعری لیریکی و داستانی و درامی کردووە. بەبڕوای (ئیلیەت) ئەم دابەشکردنە تەنیا بۆ مەبەستی نیشان دانی زاڵبوونی دەنگێکە بەسەر دوو دەنگەکەی تر لە شیعرێکدا، چونکە جاری وا هەیە تەنیا لەیەک شیعردا هەست بەبوونی هەر سێ دەنگ دەکرێت، یان هیچ شیعرێک نییە بەتەواوی یەک دەنگی تێدا بێت، بۆ نموونە لە شیعری لیریکی دەنگی یەکەم بەسەر دوو دەنگەکەی تردا زاڵە، ئەوەش کاتێک شاعیر لەگەڵ خودی خۆی دەدوێت و هەست و سۆز و دەروون و ناخی خۆی نیشان دەدات.(٦)

بەم شێوەیە چ ئەوانەی دیاردە ئەدەبییەکانیان بەهۆی دیاردەی ترەوە لێکدایەوە، چ ئەوانەی دیاردە ئەدەبییەکانیان وەکو دەفرێکی داخراو و لەچوارچێوەی یاسا تایبەتییەکانی ئەدەب لێکدایەوە، سەرکەوتنێکی تەواو و سەد لە سەدیان بەدەست نەهێنا، چونکە هەریەکەیان بەشێوەیەکی توندڕەوانە بەلای مەسەلەکەدا دەچوون و هەندێ لایەنیان فەرامۆش دەکرد کە پێوەندی

راستــەوخـۆی بەچۆنیــەتی پەرەسـەندن و سـەرهەڵدان و لەناوچوونی هەر جـۆرێکی ئەدەبییــەوە هەبوو، بۆ نموونە ئەوانەی وەکو دەفرێکی داخراو سەیری ئەدەبیان دەکرد و لەڕوانگەی زمانەوانییەوە لێکیاندەدایەوە، ئەوە ڕەهەندە مــێــژوویی و کــۆمــەڵایەتی و دەروونی و..تاد. لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دووردەخستەوە.

ئەوانەش کە سوودیان لە دیاردەکانی زانستەکانی دیکە بۆ لێکۆڵینەوەی جـۆرەکــانی ئەدەب وەردەگـرت، ئەوە هەمان یاسای ئەو زانستەیان وەردەگرت و بێ یەک و دوو لەسەر ئەدەبیـان پراکتـیک دەکرد، وەک ئەوەی ئەدەبیش وەکو گیانەوەر و مرۆڤ پەرە بستێنێت.

بەگشـتی ڕێبازێکی زۆر بۆ لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی چۆنیەتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەدەب و لەناوچوونـیان و سەرهەڵدانی جۆری دیکەی ئەدەبی نوێ لە ئارادایە، بۆ نموونە گریمانەی (فەلسەفی) کە جۆرەکانی ئەدەب لەسـەر بنەمـای (خودی و بابەتی) لێکدەداتەوە. هەروەها گـریمانەی (دەروونی) کـە پێی وایە جـۆرەکـانی ئەدەب بەرانبـەر پێـویسـتـییـە دەروونییـەکـانی مـرۆڤ یەکـســانە، جـا چ لەلای داهێنەرەوە بێت، یان لەلای وەرگرەوە بێت بـۆ تاکـێک، یان بۆ کـۆمـەڵە کـەسانێک بێت. هەروەها گـریمانەی (مـێـژوویی) کـە باسی قـۆناغـە مــێــژووییــەکــان دەکــات و هەر جــۆرێکی ئەدەبی بە قۆناغێکی دیاریکراوەوە دەبەستێتەوە، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لە پێـوەندییـە کـۆمـەڵایەتییــەکـانی ئەو قــۆناغــانە بداتەوە. (٧)

سـەرەنجـام دەگـەینە ئەو باوەڕەی کـە هونەر بەگـشـتی و ئەدەب بـەتایبـەتی هۆیـەکن لە هۆیەکــانی هۆشــیــاری و ڕۆشنبـیـری کـۆمـەڵگا و لەگـەڵ گـۆڕان و گـەشەکـردن و پەرەسەندنی کۆمەڵگا دەگۆڕێن و پەرەدەسێنن، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە وەنەبێت ڕەهاو یەکـلا کـەرەوە بێت، بەڵکو ڕێژەییە، چونکە دەکرێ هونەر و ئەدەبیش لەکاتی گۆڕان و پەرەسەندنیاندا کۆمەڵێک یاسای تایبەتییان هەبێت و تەحەکوم بە پرۆسەی پەرەسەندنەوە بکات.

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هەر قۆناغێک لە قۆناغە مـێـژووییـەکـان، جـۆرە هونەر و ئەدەبێک سـەرپشـکی جــۆرەکــانی دیکەی هونەر و ئەدەب بووە. گــۆڕان و پەرەسـەندنیش دیاردەیەکی دیار و ئاشکرایە لە ژیاندا و هیچ شـتێ (بەگـیـان و بێ گـیـان) نیـیـە لە جیـهـاندا نەکەوێتە بەر یاسای گۆڕان و پەرەسەندن، هەموو شتێ لە گـۆڕانێکی بەردەوام و ناجێگـیـردایە، ئەدەب و هونەریش کـە ئاوێنەی ژیان و ڕەنگدانەوەی ئەو کـۆمـەڵگایەن کـە تێیدا سەرهەڵدەدەن، لەم گۆڕان و پەرەسەندنە بەدەر نین.

دەکرێت بڵێین لە مـێژووی ئەدەبدا زاراوەی پەرەسەندن چەمکێکی نوێتـر هەڵدەگرێت، ئەگـەر زانایانی مێژووی سروشت کرداری گۆڕان و پەرەسەندنی پلە بەپلەی ڕووەک و گـیـانەوەریان ناوناوە (کـرداری پەرەسـەندن)، ئـەمـەش لەژێر کاریگەریی ژینگەی دەرەوەیە کە تێیدا دەژین، یان لەژێر کاریگەری ناوخۆیی پێکهاتەی سروشتی، بۆ نموونە داری (سنۆبەر) لە هەموو وڵاتێکدا نییە. ئەوە لە ئەدەبدا (پەرەسەندن) گوزارشتە لەکۆمەڵێک شێواز کە جۆرێکی ئەدەبی وەریدەگرێت وەکو داستان، دراما... تاد. ئەمەش لەژێر کــاریگەری زیرەکی مـرۆڤ و شــارســتــانیــیــەتە جیـاوازەکـانەوە دەبێت. (٨) کـەواتە پەرەسـەندن لەبواری ئەدەبدا چەمکێکی نوێتر و تازەتر وەردەگرێت، جیـا لەو چەمکەی کە لە بواری زانستەکانی دیکەدا وەریدەگرێت.

**تەوەری دووەم: جۆرەکانی ئەدەب (ژانرەکانی ئەدەب):**

بەکـارهێنانی زاراوەی تایبـەتی لە بوارە جیـاوازەکـانی زانسـتـدا کـارێکی ئاسـان نیـیـە، بەڵکو پێـویسـتی بە شــارەزایی و لێــهــاتوویی هەیە، لەم بابەتەشـدا تووشی جـۆرێک لە ئاڵۆزی و کـێـشـە دەبینەوە، چونکە چەندین بەکارهێنانی زاراوەییمان هەیە، کە دەکرێت بڵێین مانا و چەمکی هەمـوویان لەیەکـتـرییەوە نزیکن، بەڵام لەبواری لێـکۆڵـیـنـەوەدا هـەبـوونی زاراوەی زۆر بـۆ یـەک دیـاردە دەبێتە هۆی سەرلێشێوان و دروستبوونی کێشە، چونکە نازانی کامە زاراوە ڕاستترە و بۆ بەکارهێنان دەشێ.

لێـرەوە ئێـمـە کـۆمـەڵێـک زاراوەمـان هەیە (جـۆرەکـانی ئەدەب، جـۆرە ئەدەبییـەکـان، ژانرەکـانی ئەدەب، فـۆرمی ئەدەبی جـیـا..) هەرچەندە مـانا و چەمکی ئەم زاراوانە زۆر لە یەکتـرییەوە نزیکن، بەڵام دەکرێت تەنیا یەکێکیان لە بواری لێکۆڵینەوە و خـوێندندا بەکـاربهـێنرێت. ئەگـەر سەرنج لە زمانانی جیهانی بدەین دەبینین لە هەر زمانە و زاراوەیـەکـی تـایـبــــــــــەتی بـۆ ئـەم بـوارەی ئـەدەب بەکـاردەهێنرێت، بەڵام بەگـشـتی زۆربەی زاراوەکـان زۆر لەیەکتـرییەوە نزیکن، بۆ نموونە لەزمانی فرەنسی زاراوەی (genres litteraires) و لـەزمــــانـی ئەڵـمـــــانـی (litearischen gattungs) و لە زمــانـی ئـیــســپــانـی (generos literarios) و لە زمــــانـی ئـیـنـگـلـیــــزی

(literary generes) بەکاردێت، هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزی لەجیاتی وشەی (genres) هەندێ جار وشەکانی (kinds)، یان (Species) بەکاردەهات کە بەمانای (جۆرە)، یان (پۆل) بەکاردەهات، کەچی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زاراوەی (literary genres) لە ئەدەبی ئینگلیزی چەسپا.(١)

وشەی ژانر (genre) بەواتای (جۆر) بەکاردەهێنرێت و لەبواری ئەدەبیاتدا بە واتای جۆرەکانی ئەدەبی بەکاردەهێنرێت. مەبەست لەجۆرەکانی ئەدەب بریتییە لەو قالبە هونەرییە تایبەتییانەی کە نووسەران بۆ بەرجەستەکردن و دارشتنی ئەو بیرەی کە لەمێشکییاندا دەخولێتەوە، بەکاری دەهێنن، یان بۆ چارەسەرکردنی هەر بابەتێک کە لەوانەیە بە شیعر، یان بەچیرۆک، یان بەڕۆمان، یان بە داستان، یان بە پەخشانە شیعر.. چارەسەری بابەتەکە بکات.

مرۆڤ بەدرێژایی مێژووی ژیانی شارەزای کۆمەڵێک شێوە و قالبی هونەری بووە، بەکارهێنانی هەر قالبێکیش لەو قالبە هونەرییانە لە ئەنجامی هەوڵ و تەقەللای کەسی، یان بارودۆخێکی ئارەزوومەندی نەبووە، بەڵکو لە ئەنجامی ڕەچاوکردنی کۆمەڵێک شت و کۆمەڵێک ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە بووە، کە ئەو قالبە هونەرییە بۆ ئەو ئەرکە گونجاو بووە، کە لەوانەیە یەکێکی دیکە نەیتوانی بەجێی بهێنێ. هەر لەبەر ئەوەیە هەندێک قالبی هونەری کاتێک توانای بەجێهێنانی پێویستییەکانی کۆمەڵگایان نامێنێ، لەناو دەچن، یان لەوانەیە بۆ قالبێکی هونەری پێشکەوتووتر پەرە بسێنن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەفسانە و داستانەکان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا ئەمانە سەرپشکی جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبی بوون، کەچی ئێستا نەماون.(٢)

لە بواری جۆرەکانی ئەدەبدا کۆمەڵێک پرسیار دەوروژێنرێت، بۆ نموونە: دراما و چیرۆکی شوانکارە لە ئەدەبی ئەوروپایی چۆن گەشەیان کردووە؟ بۆچی دراما لەسەدەی شازدەیەم لە فەرەنسادا گەشەی کرد؟ بۆچی لەسەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدرا؟ بۆچی چیرۆکی مێژوویی لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم لە هەموو ئەوروپادا بڵاوبووەوە؟ بۆچی لەناوەڕاستی هەمان سەدەدا وازیان لێ هێنا؟..(٣)

بەگشتی لە لێکۆڵینەوەی جۆرەکانی ئەدەبدا پرسیارگەلێکی زۆر دەوروژێنرێت و پێویستە وەڵام بدرێنەوە. هەر لەم ڕوانگەیەوە جۆرە ئەدەبییە کۆنەکانی وەک ئەو چیرۆکانەی لەسەر زمانی گیانەوەرانەوە دەگێردرێنەوە، لێیان دەکۆڵدرێتەوە لەو ڕووەی چۆن سەریانهەڵداوە و چۆن هاتوونەتە ناو ئەدەبی عەرەبی و چۆن ئەوروپاییەکان سوودیان لە هەوڵەکانی (عەبدوڵڵای کوڕی موقەفع) وەرگرتووە و ئەم ژانرەیان گواستۆتەوە ناو ئەدەبی ئەوروپایە. لێکۆڵینەوەش لەم جۆرە بابەتانە ڕەوتێکی مێژوویی وەردەگرێت، ئەمەش زیاتر دەچێتە خانەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە، چونکە لێکۆڵەر هەوڵ دەدات وردەکارییەکانی هەموو جۆرێکی ئەدەبی جیا دەستنیشان بکات و لێیان بکۆڵێتەوە، ئەم جۆرە ئەدەبییانە چۆن سەریان هەڵداوە؟ مەڵبەندی سەرهەڵدانیان کوێیە؟ چ هۆیەک بۆتە بنەمای سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ئەدەبییە جیاوازانە؟ کێن ئەوانەی ڕۆڵی گرنگیان لە پەرەسەندنی هەر جۆرێکی ئەدەبیدا هەبووە؟ ئەم جۆرە ئەدەبییانە چۆن هاتوونەتە ناو ئەدەبی نەتەوایەتی و چۆن گەشەیان کردووە؟ ئایا هیچ تایبەتمەندییەکی ئەدەبی نەتەوایەتییان وەرگرتووە؟ ئەمانە و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە لەبواری لێکۆڵینەوە لەجۆرەکانی ئەدەبدا وەڵام دەدرێنەوە.

یۆنانییە کۆنەکان، لە سەرووی هەمووشیانەوە (ئەفلاتوون و ئەرستۆ) بەو چاوە سەیری ئەدەبیان کردووە کە لە کۆمەڵێک جۆری ئەدەبی پێکهاتووە، واتە قالبی هونەری گشتی و هەریەکەیان جیاوازی لەگەڵ ئەوی دیکەدا هەیە، ئەمەش چ لە ڕووی سەردەمی سەرهەڵدانیان، یان دانەرەکانیان، یان بنیادی هونەری هەر جۆرێکی ئەدەبی، بەڵام ئەوەی سەیرە ڕەخنەگر و فەیلەسووفی ئیتالی (بەنەدیتۆ کرۆچە) کە لەساڵی (١٩٥٢)دا کۆچی دوایی کردووە، هەموو جیاوازییەکانی نێوان جۆرەکانی ئەدەبی (ژانرەکانی ئەدەبی) ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە.

هەرچەندە ئەم بۆچوونەی (بەنەدیتۆ کرۆچە) لەهەندێ لایەنی ئەدەبییەوە نرخێکی تایبەتی هەیە، بەتایبەت ئەم بۆچوونانەی وەکو کاردانەوەیەکن لە دژی کلاسیزمەکان و ئەو توندڕەوییەی کە هەیانە، بەڵام (کرۆچە) ڕاستییە هونەرییەکان و مێژووی ئەدەبی فەرامۆش کردووە.(٤) مەسەلەی جیاوازی نێوان جۆرەکانی ئەدەب باسو خواسێکی زۆر هەڵدەگرێت، بێ گومان هەموو جۆرەکانی

ئەدەب جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیە و هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندی و خەسڵەتی جیاوازن، کە سنوور و ڕەگ و ڕیشەی هەر جۆرێکی ئەدەبی دیاردەکەن.

لەلای یۆنانییەکان (وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ کرد) ئەم جیاوازییە بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێت، تەنانەت جۆرەکانی شیعر بەلایانەوە لەڕووی کێش و بنیادنانەوە جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە کێشی شیعری شەش هەنگاوی (Hexametre) تایبەت بووە بە شیعری چیرۆک ئامێز، کەچی ئەو دابەشکردنەی پێی دەوترێت (Stroph) کە لەکۆمەڵێک دێرە شیعر پێکهاتووە، تایبەت بووە بە شیعری لیریکی. ئەو کێشەش کە بە (lambe) ناسراوە، لەچەند هەنگاوێک پێکهاتووە و هەر هەنگاوەش لە دوو پارچە پێکهاتووە کە یەکێکیان درێژ و ئەوی تریان کورت، ئەمەیان تایبەت بووە بەو جۆرە شیعرەی کە بە (شیعری گفتوگۆ) لەنێوان دوو کەسدا ناسراوە، هەروەکو لە (تراژیدیا و کۆمیدیا)دا هەستی پێ دەکرێت.(٥) لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین کە جۆرەکانی ئەدەب لەگەڵ یەکتر جیاوازییان هەیە و جێگیر نین و لەگۆڕانی بەردەوامدان، لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، یان لە ڕێبازێکەوە بۆ ڕێبازێکی دیکە گۆڕانکاری لە هەر جۆرێکی ئەدەبیدا ڕوودەدات و تێیدا هەر جۆرێک ئەو مۆرکە لەدەست دەدات کە پێشتر جەوهەری ئەو جۆرە ئەدەبییە بووە. بۆ نموونە شانۆگەری لەسەردەمی کلاسیزم بەشێوەی شیعر بوو، دواتر لەسەردەمی نوێدا بە شێوەی پەخشان نووسرا.(٦)

(ئەرستۆ)ی داناو زانایەکەم کەس بووە جۆرەکانی ئەدەبی کردۆتە بنەمایەک بۆ ڕەخنەی کۆن. (ئەرستۆ) بەشێوەیەکی ورد هەوڵی جیاکردنەوەی شیعری تراژیدی و کۆمیدی و داستانی داوە، خاسیەت و جیاوازی هەریەکەیانی بەدرێژی لەکتێبی (هونەری شیعر- فن الشعر)دا ڕوون کردۆتەوە، هەرچەندە ئەو بەشەی تایبەتە بە (کۆمیدیا) لەناو چووە و نەماوە، بەڵام ئەرستۆ بە پچڕ پچڕی باسی لێوە کردووە.

(ئەرستۆ) پێی وابووە جۆرەکانی ئەدەب وەکو زیندەوەران گەشە دەکەن و دەگۆڕێن تا دەگەنە سنووری کامڵبوون و پاشان لەپەرەسەندن و گەشەکردن دەوەستن. بۆ نموونە لەبارەی تراژیدیاوە دەڵێت: «تراژیدیا لاسایی کردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتووە و کە درێژییەکی دیاری هەیە و بەزمانێکی پاراو نووسراوە کە چەندین بابەتی هونەری تێدا هاتووە کە لەگەڵ بەشەکانی شانۆگەریدا دەگونجێن و ئەمەش هەمووی بەشێوەی درامی نەک بە گێڕانەوە ئەنجام دەدرێ و ڕووداوی وای تێدایە کە بەزەیی و ترس دەرووژێنێ و بەمەوەش پاکبوونەوە لەم دوو سۆزە دێتە دی»(٧)

هەر لە بارەی ڕەگەزەکانی تراژیدیاوە، (ئەرستۆ) دەڵێت: «لە شەش ڕەگەز پێک دێت کە خاسیەت و بەهای تراژیدیاکە دیاری دەکەن. ڕەگەزەکانیش ئەمانەن: چنین، کەسێتی، داڕشتن، هزر، دیمەن، گۆرانی».(٨)
لەبارەی کۆمێدیاوە دەڵێت: «کۆمیدی بەشێوەیەکی خراپتر لەواقیع لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە، بەڵام خراپتر بەو مانایەنا کە هەموو جۆرە خراپییەک و هەرچی خراپییەکی هەبێ، بەڵکو بەو مانایەی گاڵتەجاڕی جۆرێکە لەدزێوی و خراپی، چونکە گاڵتەجاڕی لەهەندێ شێوەی چەوتی و دزێوی پێکدێ کە ئازار، یان زیانیان تێدا نییە».(٩)

لەبارەی داستانیشەوە دەڵێت: «پێویستە چنینی [داستان] وەکو چنینی تراژیدیا بەشێوەی درامی داببڕێژرێ، واتە: سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی هەبێ، بۆ ئەوەی داستانەکە وەکو بوونەوەرێکی زیندووی تەواو تامووچێژی دروست و تایبەتی خۆی هەبێ، داستان نابێ وەکو ڕەوتی مێژوویی ئاسایی وابێ،...».(١٠) بەم شێوەیە (ئەرستۆ) هەرچی تایبەتمەندی و خەسڵەت و جیاوازی لەنێوان ئەم جۆرانەدا هەیە بە وردی ڕوونیان دەکاتەوە. هەر (ئەرستۆ)شە شیعر بۆ چوار جۆر دابەش دەکات، بەم شێوەیە:

**یەکەم:** هۆنراوەی جوێندان و هەجوو، کە لەدەروونی شاعیری بەدخوو و شەڕخوازەوە هەڵقوڵاوە و وردە وردە پەرەی سەندووە تا شیعری کۆمیدی بەرهەمهێناوە.

**دووەم:** هۆنراوەی ستایش و مەدح، ئەمەشیان لەدەروونی شاعیری چاکەخوازەوە هەڵقووڵاوە و وردە وردە پەرەی سەندووە تا هۆنراوەی تراژیدی بەرهەم هێناوە.(١١)

بەلای کلاسیزمەکانیشەوە هەر جۆرێکی ئەدەبی سنووری دیار و تایبەتی خۆی هەبووە، هیچ جۆرێکی ئەدەبی تێکەڵی جۆرێکی تر نەکراوە، ئەوان پەیڕەوی ئەو دەستوور و یاسایانەیان کردووە کە (ئەرستۆ و هۆراس و نیکۆلا بوالۆ و...تاد) دایان ڕشتووە، بۆیە نەدەکرا تراژیدیا تێکەڵی کۆمیدیا، یان داستان بکرایە، بە پێچەوانەشەوە.

یەکێک لە هەڵەکانی (بواڵۆ- Boileau) بە تایبەتی و ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەکانی (١٧-١٨) زایینی، ئەوەبوو کە باوەڕیان وابوو جۆرەکانی ئەدەب وەکو قاڵبێکی جێگیر وان و بەهیچ جۆرێک توانای جووڵە ناکەن و لە داهاتووشدا ملکەچی گۆڕان و پەرەسەندن نابن، کەچی دواتر بەهۆی لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا دەرکەوت کە هەموو جۆرەکانی ئەدەبی لەگۆڕان و پەرەسەندندان. (١٢)

لەسەردەمی نوێدا تێڕوانین بۆ جۆرەکانی ئەدەب گۆڕانکاری بەسەردا هات. لێکۆڵینەوەکان لەم بوارەدا مۆرکێکی وەسفی (وصف)یان وەرگرت، لەم تێڕوانینە وەسفییە زانستییەشەوە دەکرا جۆرێکی ئەدەبی ئاوێتەی جۆرێکی تر بێت و ژانرێکی نوێ بەرهەم بێنن، وەکو لە تراژیدیای خواوەندەکان (المأساة الآلهية دەبینرێ). (١٣)

### ئەنجام

بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە جۆرەکانی ئەدەب (ژانرەکانی ئەدەب) بریتییە لەو قاڵبە هونەرییە جیاوازانەی کە نووسەران بۆ دارشتنی هەست و سۆز و بیرەکانیان بەکاریان دەهێنن، هەریەکێش لەم جۆرە ئەدەبییانە خاوەنی تایبەتمەنی و خەسڵەتی جیاوازن. هەر لەکۆنەوە لەسەردەمی یۆنانییە کۆنەکانەوە هەوڵ دراوە جۆرەکانی ئەدەب دەستنیشان بکرێت و لەیەکتر جیا بکرێنەوە، تەنانەت لەلای (ئەرستۆ) وەکو بنەمایەک بۆ بنیادنانی ڕەخنەکەی خۆی بەکاری هێناون. لەهەر قۆناغێکیش تێڕوانین و سەرنجدان بۆ جۆرەکانی ئەدەب، یان چەمکی جۆرەکانی ئەدەب گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەلای (ئەفلاتوون و ئەرستۆ)وە هەر جۆرێکی ئەدەبی جیاوازی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی ئەدەبی هەیە و ئەدەب بەگشتی بریتییە لەو جۆرانە، جۆرەکانی ئەدەبیش بە یاسای گۆڕان و پەرەسەندندا ڕەت دەبن و جۆری دیکە لەدایک دەبن، کەچی بەلای کەسانێکی وەکو (نیکولا بواڵۆ و بە نەدیتۆ کرۆچە)وە شتەکان پێچەوانەوە دەبنەوە. (بواڵۆ) پێی وابوو کە جۆرەکانی ئەدەب جێگیرن و ناکەونە بەر یاسای گۆڕان و پەرەسەندن. (کرۆچە)ش هەموو جیاوازییەکانی لەنێوان هەموو جۆرەکانی ئەدەبدا ڕەتکردەوە و پێی وابوو هیچ جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

(١) الموسوعة الفلسفية، لجنة من العلماء و الأكاديميين السوفيات، بإشراف: م. روزنتال و ب. يودين، ت: سمير كرم، دارالطليعة، بيروت، ١٩٨١، ل١٢٩ و ١٦٣.

(٢) مقدمة في نظرية الأدب، د. عبدالمنعم تليمة، ط٢، دارالعودة، بيروت، ١٩٧٩، ل٨٩.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٩١-١٠٧.

(٤) الأدب المقارن، د. محمد غنيمي هلال، دارالنهضة، القاهرة، ١٩٧٣، ل٧٣.

(٥) سەرچاوەی پێشوو، ل٧٣-٧٧. هەروەها بڕوانە (مقدمة في نظرية الأدب، د. عبدالمنعم تليمة، ل١٢٧-١٢٨).

(٦) مقدمة في نظرية الأدب، ل١٢٨-١٤٠.

(٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٦.

(٨) نظرية الأنواع الأدبية، ڤينسنت، ت: د. حسن عون، منشأة المعارف بالاسكندرية، ١٩٧٨، ل٣٥-٣٦.

(٩) الأدب المقارن، ل١٣٧.

(١٠) فنون الأدب، د. محمد حسن عبدالله، ط٢، دارالكتب الثقافية للنشر، الكويت، ١٩٧٨، ل١٣-١٤.

(١١) الأدب المقارن، ل٩٨.

(١٢) الأدب المقارن، ل١٣٨.

(١٣) نظرية الأنواع الادبية، ل٣٤-٣٥.

(١٤) الأدب المقارن، ل١٣٨-١٣٩.

(١٥) هونەری شیعر، ئەرستۆ، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٧.

(١٦) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

(١٧) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(١٨) سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

(١٩) ڕەخنەسازی (مێژوو و پەیڕەوی کردن)، د. کامیل حەسەن بەسیر، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ١٩٨٣، ل٢٤.

(٢٠) نظرية الأنواع الادبية، ل٣٦-٣٧.

(٢١) الأدب المقارن، ل١٤٠

# شیعر چییە؟

پێشڕەو عەبدوڵڵا

**(١ - ٢)**

ئایا شیعر لە کوێوە دێت؟ ئایا شیعر تەعبیر لەچی مرۆڤ دەکات؟ ئایا بۆ گەڕان بۆ چییەتی شیعر بچینە کوێ؟ ناو شیعرەکان، یان ناو مرۆڤ؟ شیعر چی بۆ مرۆڤ هەڵگرتووە؟ شیعر لە جەوهەری خۆیدا چییە؟.. ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە خەمی ئەم باسەن و هەوڵ دەدەین سەرچاوەی ڕەسەنی شیعر دیاری بکەین، دواجاریش هەنگاوێک بچینە پێش بۆ ئەوەی بزانین شیعر چییە؟ بۆ ئەمەش سەرەتا کۆمەڵێک چەمک هەن کە پێوەندییان بە باسەکەوە هەیە دەبێ ڕوونیان بکەینەوە. دواتر دێین بەم چەمکانە مەبەستەکانی خۆمان ڕووناک دەکەینەوە. هاوکات ئەم باسە پاشکۆیەکی لەگەڵە، کە تایبەتە بە خوێندنەوەیەکی ڕۆشنبیرییانەی ڕۆشنبیری کورد دەربارەی شیعر و دیاردەکانی بۆ ئەوەی بتوانین زەمینەی ئاشکرابوونی چەمک و دیاردەکان بسازێنین، ئەمەش بە تەنیا بۆ ئەوەی چەمک و دیاردەکان خۆیان لەسەر چییەتی خۆیان گەواهی بدەن.

### بە دەنگەوە هاتن

سەرەتا بیرمان کردەوە کە (تووش هاتن) بەکاربهێنین، بەڵام لەناو فەزای ئەم بیرکردنەوەیەدا بووین. (بە دەنگەوە هاتن) بەبیرماندا گوزەری کرد و حاڵەتەکەی لەناو خۆیدا وەک بیرکردنەوەیەک هێشتەوە. (تووش هاتن) بۆ مرۆڤ هەمیشە ئەگەری خراپی هەیە وەک ئەوەی تووشی نەخۆشی هات، بەڵام بەدەنگەوە هاتن حاڵەتی ڕزگارکردنی مرۆڤ لە بێ ئومێدییەکی قارسکەر هەیە. ئەوەش لێرەدا کارایە بیرکردنەوەیە. ئەو جۆرە لەبیرکردنەوە کە هەمیشە ڕزگارکەری مرۆڤ و توانای بە دەنگەوە هاتنی هەیە.

یانی چی بیرکردنەوە بەدەنگ مرۆڤەوە دێت؟ دیارە مرۆڤ بەردەوام لەبەردەم ئەوەدایە کە بیربکاتەوە، کە چۆن و باشتر لەواقیعدا بمێنێتەوە. ڕاستی ئەم بیرکردنەوەیە بە دەرەوەی مرۆڤەوە پێوەندی هەیە. واتە مرۆڤ لەژێر کاریگەری دەرەوەی خۆیدا ناچارە بیر لە واقیع بکاتەوە. بیربکاتەوە برسی و ڕووت نەبێت. دواجاریش بگاتە پلەی ڕەمزی واقیع و کۆمەڵگە. ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەیە مرۆڤ دەباتە ناو (ون) بوونەوە، چونکە مرۆڤ لە دەرەوەی گیانی خۆیدا بەشتەکانی دەرەوەی خۆی پابەندە، هەر بۆیە ئەوانیش بیرکردنەوەی پێ دەبەخشن و لێشی دەستێنن، واتە مرۆڤ پەرت دەبێت. لێرەدا دەتوانین (تووش هاتن) بەکاربهێنین، چونکە مرۆڤ بەردەوام لە مەترسی ونبووندایە. لێرەدا مرۆڤ ناچاری گەڕانەوەیە بەوەی نەکەوێتە ناو ونبوونەوە. ئەمەش ئەو کاتەیە مرۆڤ



مەحوی

بەرەو پیری (بوون) دەڕوات. ئەم بە دەنگەوە چوونە بۆ بە دەنگەوە هاتن سەرەتای دەستپێکردنی ژیانی مرۆڤە، بەڵام ئاخۆ خودی (بەدەنگەوە هاتن) چییە؟. بەدەنگەوە هاتن، جەمسەرێکی دیکەی هەیە ئەویش بە دەنگەوە چوونە، چونکە بەبێ بوونی ئەم بەدەنگەوە چوونە، کە مرۆڤی تێیدا ئازادە لە کردن و نەکردنی، بەدەنگەوە هاتن بەسەر مرۆڤدا دەگوزەرێ و هەر بە پەتێتی خۆی دەمێنێتەوە و نایەتە ناو عالەمەوە. لەگەڵ ئەمەشدا (بەدەنگەوە هاتن) لەکاری خۆی ڕاناوەستێ. یانی بوونی بەبوونی بەدەنگەوە چوونەوە پێوەندیدار نییە، بەڵام لێرەدا هەر لەناو عەدەمدا کە عەدەمی حزووره دەمێنێتەوە.

کاتێک ئێمە دەڵێین (بەدەنگەوە هاتن) هەمیشە ئەو ئاماژەیە بۆ یەکێکی دیکە، واتە یەکێکی دیکەیە کە بەدەنگمانەوە دێت، بەڵام ئەدی ئەوەی بەدەنگمانەوە دێت کێیە؟ هەتا ئێمەش بەدەنگییەوە بچین. واتە بۆ کێ خۆمان سازکەین تا ئەو بە دەنگمانەوە بێت؟ ئەدی بۆچی وشەی (هاتن) هەیە، (هاتن) بۆ حاڵەتی کەسێکە کە ڕوودانی هاتنەکەی هەمیشە لە دەستی خۆیدایە، نەک ئەوەی بانگی دەکات، یانی مرۆڤ ناتوانێت هەر کاتێک بەدەنگەوە چوونی هەبوو، ئیدی (هاتن) ڕوودات، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ تووشی بێ ئومێدی دەکات، بەڵام ئەمەش دەبێت وا بێت، یانی ئیرادەی مرۆڤ دەکەوێتە ژێر ئیرادەی حاڵەتەکەوە. (بەدەنگەوە هاتن) یانی چی؟ لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە بە دەنگەوە هاتنە نەک هەر جۆرێکە لە بیرکردنەوە، بەڵکو هەر خۆی جەوهەری بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوە بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی، ئەم (بە دەنگەوە هاتن)ەیە. کە مرۆڤ لەو حاڵەتی ونبوونەی خۆی دەردێت، یانی لەناو ئەم بیرکردنەوەیەدا مرۆڤ بینین پیادە دەکات و دەکەوێتە ناو ئازادی ڕەهاوە. لەوێدا مرۆڤ ڕووبەڕووی جەوهەری خۆی دەبێتەوە، نەک وێنەی خۆی، مرۆڤ لە ئێستای خۆیدا دەژیت و دەکەوێتە ناو خۆیەوە. بەدەر لەوە هەمیشە مرۆڤ لەحاڵی ڕابردوودایە، ڕابردوو بەو مانایەی مرۆڤ کە لەناو وێنە زەینییەکانی خۆیدا دەژیت و هەمیشە ئێستای خۆی نابینێ. دەی کەوا بێت مرۆڤ لە دەرەوەی ئەم حاڵەتە هەمیشە لەناو مەترسی ونبووندایە. جێگیربوون و دامەزراندنی ڕاستەقینە ئەم حاڵەتەیە و هەر ئەمەش وا دەکات ئێمە لە بوونی ڕاستەقینەی خۆمان نزیک بینەوە. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەینەوە: ئەوەی بەدەنگمانەوە دێت، چییە؟. ڕاستی ئەوە (بوون)ی ئێمەیە، خۆمان نزیک بینەوە. ئێستا با ئەو پرسیارە بکەینەوە: ئەوەی بەدەنگمانەوە دێت، چییە؟ ڕاستی ئەوە (بوون)ی ئێمەیە، واتە بوونی خۆمان بەدەنگمانەوە دێت، ئێمە دەکەوینە ناو ئەوەی چۆن بوونی خۆمان بەدەنگمانەوە دێت، ئەو هەمیشە لە کاری ئەوەدایە ببین، بەڵام مرۆڤ کە بینینی نامێنێ ئەویش نابینرێ، دەبێت مرۆڤ جارێکی دیکە خۆی سازکاتەوە هەتا بیر بکاتەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی (بوون)ەوە بگەڕێتەوە ناو مرۆڤبوونی خۆیەوە، ئەمڕۆ دنیای تەکنەلۆژیا مرۆڤی بە ئاقارێکی خراپدا بردووە و تووشی ئەوەی کردووە هەمیشە بەدەنگ دەرەوەی خۆیەوە بچێت. واتە هەمیشە لە ناو ونبووندا بێت، ونبوونی مرۆڤ ئەوەیە کە ئێمە بەدەنگەوە چوونمان تێدا نەبێت بۆ بیرکردنەوەی ڕەسەن. بیرکردنەوەی ڕەسەن هارمۆنییەتە لەگەڵ بوونی خۆماندا. ئێمە کە دەکەوینە ناو هەماهەنگی لەگەڵ بوونی خۆماندا ئەوکاتە بەڕاستی بیر دەکەینەوە، ئەو کاتە لەبەردەم ئایدیاڵی ڕووتی خۆمان و جیهاندا دەوەستین، چونکە بوون هەر بەتەنیا خۆمان نییە، واتە هەر مەرجەعی دڵنیابوونی خۆمان نییە لە ناسینی خۆمان، بەڵکو مەرجەعی ناسینی دەرەوەی

خۆشمانە. ناسینی دەرەوەی خۆمان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو هەمیشە لەدەرەوەی حەقیقەتین، حەقیقەت لە ناو کرانەوەی بوون و ئەویتردا دەردەکەوێت.

پاش ئەوەی هەڵوەستەیەکی کورتمان لەسەر مانای (بەدەنگەوە هاتن) کرد، پێویستە چەمکی دووەم ڕاڤەکەین.

## بەدەنگەوە چوون

لێرەدا حاڵەتێک هەیە ئەویش مرۆڤ سەردارە لەوەی ئەم بەدەنگەوە چوونەی هەبێت، یان نا؟ ڕۆشناییەکیش هەیە کە حاڵەتەکەیە، سەرچاوەی ڕۆشناییەکەش (بوون)ە، مرۆڤ لەوێدا گوناهبارە کە (بوون) نابیستێ، واتە سەرچاوەی دەنگەکە هەموو خەیاڵ و بیرکردنەوەی بەو شتانەوە دەبەستێتەوە کە هەمیشە دەبیەنەوە ڕیزی بوونەوەران، چونکە مرۆڤ داوای ڕوحێکی جیاوازە وەک لەوەی لەناو بوونەوەراندایە. بوونەوەران سەردار نین، بەڵکو ئەوان مەحکوومن بەوەی بۆیان دانراوە. دار هەنجیرێکی هەزار ساڵ لەمەوپێش هەمان کاری دار هەنجیرێکی ئێستای کردووە، بەڵام مرۆڤ سەردارە لەنێوان (بەدەنگەوە هاتن) و (ونبوون)دا کە کامیان هەڵبژێریت و دارای بیرکردنەوە و ئیختیارە، مرۆڤ لەم بارەدا لەبەردەم دوو جیهانی جیاوازدایە، جیهانێک کە ئامادە و دیارە و هەموو شتەکان بەخۆیان و ماناکانیانەوە ئامادەن، ئەویش واقعییە. جیهانێکی دیکە کە ناوەکییە و شتەکان خۆیان و ماناکانیان دیار نین، واتە لە خاڵی سەرەتادان، کە مرۆڤ بەدەنگیانەوە بچێت، یان نا. واقیع لەبەردەم مرۆڤدایە، نان بخوات و شوێن پێداویستییە جەستەیی و سایکۆلۆژییەکانی خۆی بکەوێت، ئەمانە هەمیشە بەدەرەوەی مرۆڤەوە بەستراون. چاو پێویستی بە ڕووناکییە، تا تەنێک ببینێت، یان مرۆڤ پێویستی بەوەیە تەنێک هەبێت هەتا سێکسی لەگەڵ بکات، جا ئەو تەنە وێنە بێت، یان واقیع، وێنە وەک ئەوەی لەناو خەودا هەیە، ئەمانە بە تەنیا هەن، بەڵام دەبێت (بوون)یان لەپشتەوە بێت، بەڵام بێ (بوون) مرۆڤ تووشی تەنیایی دێت.

واقیع وەک شوێنی دەنگدانەوەی مرۆڤ وایە، واتە بوونی خۆی لەدەوروبەری خۆیدا دەبینێتەوە، ئەوەش وێنەی خۆیەتی، بەڵام جەوهەری مرۆڤ بە تەنیا بوونیەتی، مرۆڤ لە بوونیەتی، مرۆڤ لە بووندا لەناو بیرکردنەوەدایە، لەوێشدا جارێکی دیکە ڕێگە بۆ ناسینی خۆی هەیە. دنیا و ئەم بوونەش کاتێک ئاشکرا دەبێت کە مرۆڤ بۆ ئەم بەدەنگەوە هاتنە بەدەنگەوە چوونی هەبێت، هەتا مرۆڤ لەوە دەرچێت کە گیاندارە، واتە جارێکی دیکە ببێتەوە مرۆڤ. ئەم حاڵەتەش بەتەنیا بۆ ئەوانەیە کە ئامادەباشی تەواویان کردووە و زەمینەیان سازاندووە بۆ ئەوەی بەدەنگ ئەم بەدەنگەوە هاتنە بچن. بەدەنگەوە چوونی حاڵەتی بەدەنگەوە هاتن مرۆڤ بوونی مرۆڤە، چوونە ناو حاڵەتی کرانەوەی ئایدیاڵی شتەکانە لەبەردەم مرۆڤدا. ژیان ئەو کات مانا ڕاستەقینەکەی خۆی ئاشکرا دەکات و ئەم هارمۆنییەتە ڕوودەدات، جا پێدەچێت بێ دەنگی بێت، یان کردار، یان قسە بێت، واتە دەرکەوتنی تەنیا لەناو بارێکدا نییە، بەڵکو جیاوازە، واتە فەلسەفاندن تەنیا قسە نییە، بەڵکو کرداریشە، بەڵکو.. تاد... مرۆڤ ئەوکات دەچێتەوە ماڵی ڕاستەقینەی خۆی کە ئەویش (بوونیەتی)، ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەبەردەم دوو خەزنەی گەورەدایە ئەوانیش زانست و فەلسەفەن، خەزنەی یەکەم کە زانستە، جەستە و سایکۆلۆژیای ئێمە دەدوێنێ، واتە مرۆڤ ناچار دەکات لەدنیاکەی خۆیدا بگوزەرێت، هەر گوزەرانێکیش مرۆڤ دەکەوێتە ناو مەترسی ونبوونەوە. ئەوە مرۆڤ نییە فەرمانڕەوایە بەسەر تەرازوودا، بەڵکو ئەوە تەرازووە فەرمانڕەوایە لە نێوان مرۆڤەکاندا. لەم دنیایەدا کە زانستە مرۆڤ دادەبەزێنێتە خوارەوەی خۆی و تووشی ونبوون دێت. خەزنەیەکی دیکەی مرۆڤایەتی فەلسەفەیە، فەلسەفە مرۆڤ بەخۆیەوە دەبەستێتەوە، واتە ڕێگەی خۆدۆزینەوەی مرۆڤە، فەیلەسووفان پێش ئێمە لەم ڕێگەیەدا ڕۆشتوون و میراتیشیان جێ هێشتووە، میراتێک بەمانای ڕابردوو نا، زانست هەمیشە ڕابردووە، مۆبایل قسەکردن نییە لەگەڵ کەسی بەرانبەردا، بەڵکو قسەکردنە لەگەڵ وێنەی کەسەکەدا کە وێنەکەش حاڵەتێکی وەستاوی ئەو کەسەیە لە ڕابردوودا. ئەمەش وێناکردنە وێناکردنیش هەمیشە ڕابردووە. فەلسەفە لەوێدا زیندووە و میراتێکی هەنووکەییە، کە نابێتە ڕابردوو، واتە شتێک نییە زەمەنی هەبێت بەمانا واقیعییەکەی. بۆیە هیگڵ پێی وایە فەلسەفە مێژووی نییە، چونکە نابێتە ڕابردوو و ڕووداوێک نییە تێپەڕێت. ئەوەی فەلسەفە پێشکەشمان



**هیگڵ**

دەکات ئەو ئاگاییە تایبەتەی مرۆڤە... کە هەمیشە (بوون) بانگهێشت بکات هەتا مرۆڤ وەک هەبوویەک هەبێت، نەک وەک ئامانج و بابەت و شت.

بەدەنگەوەچوون واتە فەلسەفاندن واتە هارمۆنیەت لەگەڵ بوونی ڕەسەندا، ئەو کاتە ئێمە دەچینە ناو ئەوەی بە پیر بوونەوە بچین کە ئەو بەدەنگ ئێمەوە دێت و ئەو کاتە ئێمەش دەکەوینە ناو بیرکردنەوەی فەلسەفی، واتە بیرکردنەوەی ڕەسەن لەم بارەدا دێتە ئاراوە، نەک بەتۆبزی و زۆرلێکردن ڕووبەڕووی شتێک، یان چەمکێک ببینەوە.

«گونجان لەگەڵ بوونی هەبوو، فەلسەفەیە، ئەمەش هەر تەنیا ئەو کاتە دەبێت کە گونجانەکە بەدی دێت و پیادە بکرێت، ئیتر بەهۆی ئەوەوە خۆی دەردەخات و ئەم دەرخستنە بڵاوو پەرش دەبێت، ئەم گونجانە بەشێواز و ڕێگای جیاواز ڕوودەدات» (١).

لێرەدا هایدگەر ڕێنوێنیمان دەکات بەوەی کە ئێمە کاتێک (بوون) بە دەنگمانەوە دێت، ئێمە بیرمان نەچێت هارمۆنیەت لەگەڵ (بوون)دا بکەین، نەک هەبوون، چونکە بەدەنگەوە چوونی هەبوو لە فەلسەفە دوورمان دەخاتەوە، بۆیە دەبێت دوو جۆر لە بەدەنگەوە چوون جیا بکەینەوە.

## بەدەنگەوە چوونی (بوون)

هایدگەر شتێکی گرنگمان بۆ ئاشکرا دەکات ئەویش (بوون)ە، واتە بەتەنیا (بوون) دەشێت کە مرۆڤ تێیدا دادەمەزرێ و بە دەنگ مرۆڤەوە بێت، ئەمەش تەنیا ئەوانە دادەمەزرێن کە خاوەنی بەدەنگەوە چوونن.

پێشتریش کەم تا زۆر ڕوونمان کردەوە بە تەنیا (بوون) پنتی سەرەکییە و هەر لە دارای ئەودایە کە بەشێوازی جیاواز دەرکەوێت، لەم بارەدا مرۆڤ دەکەوێتە ناو بیرکردنەوەی خۆیەوە، واتە بە تەنیا لە ڕێگەی بوونی خۆیەوە بکەوێتە ناو گفتوگۆ لەگەڵ فەیلەسووفەکان و فەلسەفە جیاوازەکاندا، نەک لە ڕێگەی فەیلەسوفەکانەوە، یان ئەو فەلسەفەیەی دەخوێنرێت بکەوێتە ناو گفتوگۆوە. ئەم بەدەنگەوە هاتنە بەخشندەیی (بوون)ە بۆ مرۆڤ. دیارە بەدەنگەوە چوون لەوێدایە کە مرۆڤ دەکەوێتە ناو هەماهەنگی لەگەڵ بووندا و ئیرادەی دەکەوێتە ژێر ئیرادەی (بوون)ەوە، ئیرادەش لەوێدا مانای ڕاستەقینەی خۆی دەدات، چونکە مرۆڤ بە تەنیا خۆیەتی کە ئیرادە دەکات.

ئێمە ئاماژەمان بەوەدا کە (بوون) دارای هەمەجۆری و هەمەڕەنگییە، چونکە هەر خۆی تەنیا یەکەمینە. گەر سەیر بکەین فەیلەسووفەکان شوێن یەکتر نەکەوتن، هیگڵ شوێن دیکارت نەکەوتووە بۆ ئەوەی ببێتە فەیلەسووف، یان لە فەلسەفە تێبگات، ئەمانە هەریەکەیان بەتەنیا لەحاڵەتی بەدەنگەوە چوون بوون لەگەڵ (بوون)دا ئەوکات (بوون) لەناو ئەواندا لەلای هەریەکەیان بەجۆرێک دەرکەوتووە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوان لەگەڵ یەک نەبوون، ئەوان لە پنتی سەرەکیدا لەگەڵ یەک بوون، کە (بوون)ە و ئەگەر نا لەناو خۆیاندا لە دەرکەوتە و زمان و شێوازدا جیاواز بوون. خۆ ئەگەر ئەوان لەگەڵ هەبوودا بچوونایە، واتە ئەوکاتە دەکەوتنە ناو یەکترەوە، واتە ونبوون، بەڵام ئەوان لەبەر ئەوەی لەگەڵ (بوون)دا بوون، هەر بۆیەشە جیاوازن، ئەمەش شایەتی ئەوە دەدات، کە ئەوان هەبوون، چونکە (بوون) هیچ جارێک لەناو یەک حاڵەتدا دووبارە نابێتەوە، واتە جارێک کە دەرکەوت لە فۆرمێکدا ئیتر لەو فۆرمەدا دەرناکەوێتەوە، بۆیە ئێمە تەنیا بەکۆمەکی بوون دەتوانین هەبووەکان بناسینەوە. بەدەنگەوە چوونمان بۆ بوونی هەبوو بەرەو میتافیزیکمان دەبات، چونکە

میتافیزیک بیر لەبوون دەکاتەوە لەناو هەبوودا. ئەمڕۆ مرۆڤایەتی زۆر بێ باکانە ڕووی خۆی لە (بوون) و وەرگێڕاوە خۆی بەشتێکی دیکەوە سەرقاڵ کردووە، کە ئەویش هەبووە. دیارە هەبووش دوای لەدایک بوون و هاتنە ئاراوەی، چونکە بیرکردنەوە لە هەبوو پێش لەدایک بوونی خودی بیرکردنەوەیە لە (بوون)، بەڵام (بوون) چووەتە قۆناغی کۆتاییەوە، کۆتایی بەو مانایەی کە (هەبووە) بووەتە پنتی سەرەتا و جەوهەری (بوون) بەبیر لێ نەکراوی بەجێ ماوە. ئەمڕۆ هەبوو بووەتە جەوهەر، زانستیش لێرەدا بەردەوام دەرکەوتە و خاسێتی دیکەی هەبوو دەدۆزێتەوە، هەر ئەم حاڵەتەشە وا لە هایدگەر دەکات بیر لە کۆتایی فەلسەفە بکاتەوە. بیرکردنەوەی میتافیزیکی نەماوە ئەم بەدەنگ نەچوونەی مرۆڤیش بۆ (بوون) خۆی خستۆتە سەر ڕێگەیەکی دیکە کە زانستی تێدا فەرمانڕەوایە. بوون هەمیشە وەک ماتەوزەیەکی زیندوو پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت کە ڕووبەڕووی دنیا ببێتەوە. کە ئەوەی وەک هەست پێمان دەبەخشێت دواجار لەڕێگەی عالەمەوە ببێتە (زانین). زانین ساتی وێک هاتنەوەی پەتێتی ئەو شتەیە لەگەڵ شتەکان لە جیهاندا. هەموو شتەکان پێشتر وەک یەکەیەکی سەربەخۆ و پەتی و ئەبستراکت لەعەقڵی مرۆڤدا هەن. هەر پاڵپێوەنانی ئەم یەکانەیە هێزێکی بێ پایان دەدەنە مرۆڤ، کە هەمیشە تووشی ڕاچەڵەکینی وەبیرهاتنەوە بێت. لەناو وەبیر هاتنەوەی ڕاستەقینەدا. مرۆڤ تووشی ڕاچەڵکین دێت. (بوون) ئەگەرچی زۆرجار کوێر دەکرێتەوە و زەمینەی بۆ ساز ناکرێ، بەڵام هەمیشە ئەو پاڵ دەنێت و وا لەمرۆڤ دەکات کە دەستی ڕابگات بەوەی کە (بوون)ی داوای دەکات. ئەم داواکردنە بانگی ڕاستەقینەی بوونە بەرانبەر بەمرۆڤ ئەو بەدەمەوە چوونی مرۆڤەش ساتی پێک گەیشتن و بەبیر هاتنەوەیە، ساتی بیرکردنەوەی ڕەسەنە.

ڕووبەڕووبوونەوەی شیعر بەرانبەر بەدنیاو بەرانبەر بە بوون، ئەوە نییە جیهانێکی دیکە دروست بکات. شیعر وەک کایەیەک و وەک بەشێک لە پێداویستی بۆ دەرکەوتنی (بوون)، وەک کەرەستەیەکی خاو ئامادەیە (بوون) بگرێتە خۆی. بوون کاتێک دەکەوێتە ناو زەمینەکانی خۆیەوە ئەو کات دەست بە ئاشکرا بوون و درەوشانەوە دەکات. هەموو دەرکەوتنی ئەم بوونەش هەمیشە لە فۆرم و میتافۆری جیاوازدا ڕوو دەدات. ئەمەش مرۆڤ دەبێتە شوێنی دیاری کردنەکە، بوون قەت لە کەرەستە و فۆرمەکانی یاخی نییە، هەر کاتێ مرۆڤ بەدەمەوە چوونی بۆ هەبێت، ئەو بێ یاخی بوون خۆی نیشانی ئێمە دەدات با بڵێم خۆمان دەبینین. شاعیر کاتێک بوونی دەبیستێ، شیعر وەک هەبوو دەبێت، لەناو ماهیەتی خۆیدا کە زمانە جەوهەری شیعر بوونە و ماهیەتیشی لەزماندا دەردەکەوێت.

شیعر یەکێکە لەحاڵەتەکانی بوون ئەو کاتەی بوون ئاوارە دەبێت و ماڵەکانی دیکە دەرگەیان داخراوە، شیعر دەبێتە ماڵی بوون، بەڵام بوون خۆی خاوەن ماڵە. شیعر بەبێ بوون شیعر نییە و مێژووە. ڕابردووە، کە هەمیشە شتێک دووبارە دەکاتەوە، کە لەدایکبووە و دەرکەوتووە، بەڵام بوونی شیعر جیاوازە. بوون کە شیعراوی دەبێت، هەمیشە شیعر وەک بوویەکی تازە و دووبارە نەکراوە دەردەکەوێت، وەک هەبوویەک کە ساتی لە دایک بوون و کامڵی یەکە. بوون کە لە شیعردا دادەنیشێ شەرەفی پاسەوانی دەبەخشێتە شیعر. پاسەوانە بەوەی کە وەک جەستەیەک پارێزگاری لەمانەوەی ئەم ڕوحە دەکات. ئەم بوونە وەک بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ هەمیشە بەوە ناوەستێ کە هەر خۆی ئاشکرا بکات، بەڵکو چییەتی شتەکانیش ئاشکرا دەکات. وەک ڕووناکییەک کە دەردەکەوێت ئەوەشی لەبەر ئەم ڕووناکییەدایە دەردەکەوێت. بوون بەوەی نادیارە هەمیشە وەک هێزێکی خوایی و ئیلهام...تاد ناونراوە. شیعر کە میوانداری بوون دەکات، هەمیشە بوون شیعراوی دەکات و شتەکانیش شیعراوی دەکات. شیعر ئاگاییەکی تەواوی شاعیرە بەرانبەر بەخۆی و بە دەوروبەری. ئەوەی میوانداری شیعر دەکات لە شتەکاندا فۆرم و خاسیەت و وێنەی شتەکان نییە، بەڵکو جەوهەری ئەو شتەیە، جەوهەریش هەمیشە لەتوانا هەستییەکانی مرۆڤ بەدەرە، بوون ئەم ئەرکە لە ئەستۆی خۆی دەگرێت. بوونی مرۆڤە ئەوە ساز دەکات کە شاعیر هەبێت، شاعیریش لەم ڕووداوەدا پێش شیعر دەکەوێت. ئەم حاڵەتە هەر نووسینی شیعر نییە، بەڵکو شاعیرییەت جۆرێکە لەژیان.

واقیع هەمیشە لە شیعردا دەڕووخێ، ئەوەی شیعر دەیبینێت هەمیشە وەک ئەلتەرناتیڤی واقیع

دەردەکەوێت، بۆیە شیعر حاڵەتێکی ترسناکی مرۆڤە، کە واقـــــیع تووشی هەڵوەرین دێت. ئەوەش ڕوودەدات کرانەوەی بوونە نەک دروستکردنی دنیایەکی دیکە، وەک ئەوەی لەناو ڕۆشنبیری ئێمەدا هەیە. شیعر بوون دەردەبڕێت، ئیتر ئەم دەربڕینە هەمیشە ڕووداوە و وەک ڕووداو دەردەکەوێت.

ئەگەر بوون وەک هێزێک بانگمان بکات ئەوە شاعیر هیچ نییە، جگە لە گوێگرێکی قسەکەر، گوێگرێک کە لە ساتی گوێگرتندا بیستن وەک قسە بەیان دەکات، شیعر گوێگرتنی شاعیرە لە بوون. شاعیر هەم لەناو ڕووداوەکەدایە و هەم گێڕەرەوەی ڕووداوەکەشە، ئەم ساتە ساتی بیستنی بوونە بەهۆی گوێی شاعیرەوە. شاعیرە کە خەونەکە دەبینێت و لەهەمان کاتیشدا دەیگێڕێتەوە. ساتی والا بوونی بوونە و ڕۆشتنیەتی بۆماڵی شیعر. جەوهەری شیعر هەر بوون خۆیەتی. ئەوە بوونە ئەوە دیاری دەکات کە چۆن دەرکەوێت، واتە شیعر لەژێر داواکاری بووندا خۆی بەیان دەکات کە چۆن دەرکەوێ. ئایا شیعر بۆچی گرنگە؟ ئایا شیعر چی لەزمانی ئاسایی زیاترە؟ ئایا شیعر چ هەواڵێکی بۆ ئێمە هەیە؟

ئاشکرایە زمانی ئاسایی لێک گەیشتن و زمانی واقیعە، واتە واقیع دەچێتە زمانەوە، زمان وێنەی واقیع دەگرێ، ئەمەش پێوەندی بەدەرەوەی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام شیعر شتێکی ناوەوە دەهێنێتە دەر. بوون کاتێک شیعر بەڕێگەی خوڵقان دەیهێنێتە ناو زمانەوە. ئەم بووە کە بە بوون بوو بە بوو، وەک هەر شـــتـــێکی ســـروشـــتی دەردەکەوێت، لێرەدایە بەهای زمانی شیعری لە بەهای زمانی ئاسایی گرنگترە.

هایدگەر دەڵێت «زمان ماڵی بوونە» (٢)، بوون لەزماندا دادەنیشێ، ئەمەش زیندوویەتی زمان ڕادەگرێ، زمان بەبێ بوون وەک تەختە وایە دۆخی ڕاستەقینە و دۆخی ساختە هەیە بۆ زمان، زمان خاوەنی دوو دۆخی جیاوازە. دۆخەکانی زمان بە دەرەوەی خۆیەوە بەستراون، زمان لەدۆخە ڕاستەقینەکەیدا ئەمەیە بوونی لەناودا بێ.

لەم بارەدا شیعر وەک بوویەک دێتە دنیاوە، ئەم هاتنی (بوون)ە بۆ ناو شیعر هەبوو دێنە دنیاوە. هەبوو کە شیعرە وەک هەر کائینێکی سروشتی بەها وەردەگرێت، واتە شیعرێک کاتێک (بوون)ی مرۆڤ دەردەبڕێت ئەم شیعرە بەهای مرۆڤە سروشتییەکە وەردەگرێت، لێرەوەیە بەهای جیهانی ئاسایی شیعر لە جیهانی ڕاستێتی واقیع زیاترە. ئەم خوڵقانەش بریتییە لەوەی ڕوحێک هاتووەتە ناو جەستەیەکەوە، کە زمانە لەناو شیعردا. ئەم کردەی خوڵقانەش شاعیر بەویستی بوون ئەنجامی دەدات. ئێستا با بپرسین ئایا شاعیر بەوەی خالیقە نابێتە خوا؟ سەرەتا کاتێک شاعیر بوونی دەبیستێ ئەو کات بوون لەماڵەکەی ئەودا، کە شیعرە، دەبێتە هەبوو. ئەوەی شاعیر دەیکات ڕاستی خوڵقاندنی بوونی (بوون) نییە، بەڵکو خوڵقانی هەبووە لە ڕێگەی بەدەمەوە چوونی بۆ بەدەنگەوە هاتنی بوون. واتە بوونی بوون دەکەوێتە پێش شاعیرەوە، ئەوە خوایە بوونی (بوون)ی خوڵقاندووە، لێرەدا شاعیر دەچێتە ژێر باری خوا و نزم دەبێتەوە. خوا (بوون) دەخوڵقێنێت و هێزی هاتنە ئارایشی تێدەخات تا خۆی ئاشکرا بکات. شاعیر زەمینەی ئاشکرابوونی (بوون)ە لەخۆیدا، شاعیر (بوون) دەباتە پلەی ئەوپەڕی دەرکەوتن و کامڵ بوون، ئەم کامڵ بوونەش هەمیشە یەک شت لەخۆیدا ئاشکرا دەکات، کە ئەویش (بوون)ە هەبوو بەبوون هەبووە. هەبوو بەبێ بوون لە هەبوویەتی خۆی دەکەوێت و دەبێتە بوونەوەر، بوونەوەر بەوە لە هەبوو جیاوازە کە بوونی نییە. ئایا شیعر هەبووە؟ ئایا شیعر بەچی دەبێتە هەبوویەک لە هەبووەکان؟ شیعر بەوەدا بوون میوانداری دەکات هەبووە، شیعر دەرکەوتەیەکی بوونە. ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی شیعرەوە بوون ببیستین. شیعر ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی پرسیار لە بوون بکەین. زمان ئەو کاتە لە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیدا هەیە کە بوونی تێدایە، ئەوەی شیعر بەدنیاوە دەبەستێتەوە، هەر ئەم (بوون)ەیە. شیعر ڕاستەوخۆی جەوهەری شتەکان وێنا دەکات، بەڵام هەمیشەش وەک گەمەیەک دەردەکەوێت، وەک خەیاڵ خۆی نیشان دەدات، بەڵام حەقیقەتی هەڵگرتووە، واقیعیش کە وەک حەقیقەت خۆی نمایش دەکات وەهمی هەڵگرتووە. لێرەدا شیعر هەبووە و واقیع هەبوو نییە. شیعر حەقیقەتە و واقیع وەهمە، «شیعر دەبێتە مایەی دەرکەوتنی ناڕاستەقینە و خەون و ئەندێشە لە بەرانبەر واقیعی پەی پێ براو و جەنجاڵ کە ئێمە لەو باوەڕەداین لەوێدا نیشتەجێین، بەڵام بەپێچەوانەوە واقیع ئەوەیە کە شاعیر گوتوویەتی و بوونەکەی پەسەند کردووە» (٣)، بەڵام زمان وەک چۆن دۆخی ڕاستەقینەی هەیە، ئەوهاش دۆخی ساختەیی هەیە. دۆخی ساختەیی زمان دۆخی

دابڕانی (بوون)ە لە زمان خۆی. زمان لە دۆخی ساختەیدا زمـانە بۆ بەرێ کـردنی واقـیع، لە هامـان کـاتیـشـدا ئاوارەکـردنی (بوون)ە. بوون لە زمـان ڕەسـەنتـرە. زمـان هیچ کات جەوهەری بوون نییە. ئەو کاتەی بوون حزوور لە شاعیردا پەیدا دەکات. شاعیر دەچێتە ناو کرانەوەی بوونەوە، کرانەوەی بوون هەمیشە شاعیر دەخاتە بەردەم دنیایەکی نەبینراو و تاقی نەکراوە. شاعیر لێرەدا لەحاڵی ناچاری خـولـقـاندنی زمـاندایە. ئەوە کـرانەوەی بوونە شاعیر ناچار دەکات زمان بخوولقێنێ و دواجاریش کار لەسـەر ئەو زمـانەش بکات کـە لە کـۆمـەڵگەوە وەری گـرتووە. بوون شـاعـیـر ناچار دەکـات ئەم زمـانەش هەڵوەشێنێتەوە و بەو شێوەیە ڕێکی بخاتەوە کە بوون داوای دەکـــات. هـەروەک چۆن ئـەوە ئـایـدیـاڵـی کورسییەکەیە، دارتاشەکە ناچار دەکات تەختەکان وا ڕێک بخات کە ئایدیاڵەکە داوای دەکات.

زمان بە بوونی زمانە لە دۆخە ڕاستەقینەکەی خۆیدا. بێ بوونی بوون لەزمـاندا، زمـان دەبێـتـە دەنگدانەوەی هەبوو، لێـرەدا زمـان هیچ ناکـات جگە لە لاسـاییی کردنەوەی شـتەکان. لاسایی کردنەوە واتە وێنەسازی، وێنەسازی واتە کۆنکرێت کردنی خەسڵەت و خاسیەتی شتەکان و ونکردنی شتێک کە جەوهەرە، بەڵام کاتێک شیعر حزوور پەیدا دەکات، ئەوە بوون کە تەواو ناوەکییە دەهێنێتەدەر و بەم هاتنە دەرەوەیە. بوون دەبێتە هەبوو. بەدەنگەوە چوونی شـاعـیـر بۆ هاتنی بوونی شـیـعـرە. ئەمەش حاڵەتی تەنیا بوونەوەی شاعیرە، گەر شاعیر لە ساتەکانی دیکەدا هەمیشە دەفرێک بێت بۆ بیستنی ئەوانی دیکە، ئەوە لێرەدا منی ناوازەی شاعیر تەنیا و تەنیـا قسـە دەکـات و تەنیـاو تەنیـا بوون دەهێنێـتـە ناو زەمەنەوە. ئەم حاڵەتە حاڵەتێکی وەستاو و جێگیر نییە، بەڵکو ناوەختە و لەدەستی شاعیردا نییە، هەر کاتێک بیەوێ بیکات. شاعیر بە تەنیا لە حاڵەتی عەدەمدا، کـاتێک دنیـا و ئەوانی دیکە پاشـەکـشێ دەکـەن و هەڵدەوەرن، لەم هەڵوەرینی ئەوانی دیکەدا بوون وەک ڕۆشناییەک دێت و شاعیر بەخۆی ئاشنا دەکاتەوە.

**«بێ چوونە عەدەم و پەی بە سۆراغی دەمی نابەی فاییز ببە بەم گەوهەرە لەو بەحرە بەڕۆچوون» (٤)**

مەحوی زۆر ورد ئەم حاڵەتە شاعیرانە دیاری دەکات. مەحوی لێرەدا عەدەم دەکاتە مەرجی هاتنی بوون. واتە حاڵەتی هاتنی بوون سەرەتا حاڵەتی عەدەمی شاعیرە لە ئەوانی دیکە. عـەدەم هەڵوەرینی هێـزەکـانی دەرەوەی مرۆڤە لە مرۆڤدا. گەر هۆڵدەرلین شاعیری شاعیران بێت بۆ ئەڵمان. ئەوە مەحوی شاعیری شاعیرانە بۆ کورد، چونکە لە خەوەکەدا خەوەکە دەگێڕێتەوە. مەحوی ئەو ئیـرادەیەی هەیە کـە ڕوو لە هەبوو وەردەگـێـڕێت و بەرەو (بوون) دەڕوات، ئەم ئیرادەیە مەحوی دەبێتە شاعیری شاعیران. دەبێتە ئەوەی کە نەک هەر بوون والا دەکات، بەڵکو ڕوحی نەتەوەش بەیان دەکات. گەر شێرکۆ بێکەس جەسـتـەی نەتەوە نیـشـان بدات و بەخـتـیـار عـەلی سایکۆلۆژیای نەتەوە نمایش بکات، ئەوە مـەحـوی ڕوحی نەتەوە بەیان دەکات. بەمەش مەحوی هەمیشە لەسەرووی شاعیرانەوەیە و تەنیاترین شاعیریشە کە هاوشاعیری نییە. ئەوەش مەحوی دەهێڵێتەوە، زمان و تەکنیک و قافیە و سەروا... تاد نییە، بەڵکو ئەو بوونەیە لەناو ئەودا، ئەگـەر نا، زمـان و شـێـوازی مـەحـوی دەمـێکە بەسـەرچووە، بەڵام مـەحـوی نەک هەر بەسـەر ناچێت، بەڵکو هەمیشە هەیە، چونکە مەرجی هەبوونی ئەو بوونە نەک هەبوو، نەک واقیع و دنیـا و ئەوانی دیکە. ئەوەی لای مەحوی گرنگە زمان و شێواز نییە، بەڵکو (بوون)ە، ئیـتـر ئەم بوونە چۆن دەردەکەوێ و چۆن تەجەللی دەبێت گـرنگ نـیـیـە. مـەحـوی هەمـیـشـە بەشوێن دەمی هاتنی بوونەوە بووە، هەمیشەش خۆی سەرزەنشت کردووە، کە بۆچی ئەوانی دیکە لەناویدا حزوور پەیدا دەکەن و بوونی خۆی بزر دەکات، بۆیە هەمیشەش دنیا لەناو خۆیدا ڕەت دەکاتەوە. لای مەحوی دنیا واتە هەبوو. ئەوەی مەحوی لەناو خۆیدا کردوویەتی پرۆسەی ڕەتکردنەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو پرۆسەی تێگەیشتنە لە ڕابردوو. مەحوی کە لە دنیـا تێـدەگـات، ئەوجا تووشی عـەدەم دێت، چونکە عـەدەم ڕەسـەنە و ناکـردنیش ناڕەسـەنە. عـەدەم ڕەسـەنە بـەوەی (بـوون) دێـت و ئـەوانـی دیـکـە هـەڵـدەوەرن، ناکردنیش بەوە ڕەسەن نییە، کە هەمیشە ئەوی دیکە وەک دژە هێز بەهێز دەکات. شیعر فڕینی شاعیرە بۆ بوون، حاڵەتی هەڵوەرینی ئەوانی دیکەیە، هاتنی بوونە بەدەمـەوە چوونە بۆ هاتنی بوون. مـرۆڤ لەم بەدەنگەوە هاتنی بووندا هەست بە ئارامی و هێمنی تەواو دەکات و لە بەختـەوەری ڕاسـتـەقـینە نزیک دەبێـتـەوە. دەبێـتـە

هەڵگری حەقیقەت و لەتەنیایی و پەرتەوازەیی و بێ جێگەییدا دێتە ناو ئارامی و لەماڵەکەی خۆیدا دادەمەزرێ.

«شیعر وەک گەمەیەک دێتە بەرچاو، کەچی واش نییە، گەمە خەڵک پێکەوە کۆدەکاتەوە بەو جۆرە کە هەر یەکێک ڕاستەوخۆ خۆی لەبیر دەچێتەوە، کەچی لە شیعردا بە پێچەوانەوە مرۆڤ لەسەر بنچینەی بوونەکە کۆ دەبێتەوە لەودا هێمن دەبێت، بەڵام نەک هێمنییەکی ڕواڵەتییانە و ناڕاست، کە لە بێ چالاکی و پووچی بیر کەوتبێتەوە، بەڵکو ئەو هێمنییە بێ کۆتایی و بێ سنوورەی کە هەموو هێز و توانا و پێوەندییەکانی تێدا چوست و چالاک دەبن و دەورووژێن»ە.

### بەدەنگەوە چوونی هەبوو

(هەبوو) بە کۆمەکی (بوون) هەبووە، (هەبوو) لەساتی یەکەمی بوونیدا ڕەسەنە، بەڵام کاتێک وەک هەبوو دەمێنێتەوە ئەوکاتە وەک جادووکەرێک دەردەکەوێت. هەمـــــوو بەدەنگەوە چوونێکی هەبوو بۆ هەبوو دوورکەوتنەوەیە لەبوون، چونکە لەم بارەدا مرۆڤ پڕ دەبێت لەنیاز و مەبەست، (بوون)یش لە بێ نیازی و بێ مەبەستی مرۆڤدا دەردەکەوێت. هەبوو کاتێک دەردەکەوێت لەجیهانی ڕوحەوە دێت و دەچێتە ناو جیهانی هەستییەوە و ئەوکاتەش حازر دەبێت و وەک شتێکی واقیعی دەردەکەوێت، لێرەدا (شوناس) ئاشکرا دەبێت و ماهیەت کە خەستترین خەسڵەتی خۆیەتی ڕوون دەبێتەوە. هەر بەدەمەوە چوونێک لەدوای ئەم پرۆسەیەوە دوورکەوتنەوەیە لە (بوون)، چونکە (بوون) تەنیا لەناو خۆماندا ئیمکانی ئەوەی هەیە تێیدا دامەزرێت. ئەوکاتەی (هەبوو) لەبەردەمماندا هەیە، ئێمە لەبەردەم جیهانێکین لەدەرەوەی خۆمان، بەڵام بۆ (بوون) هەمیشە دەبێ لەناو خۆماندا بین و لەماڵەکەی خۆماندا حزوورمان هەبێت. ئێمـــە لەناو بەدەنگەوە چوونمان بۆ (هەبوو) دەکەوینە ناو ئەوی ترەوە بە لە دەستدانی خۆمان لەبەردەم بووندا بێ ئاگایانە دەمێنینەوە. ئەگەر سەیر بکەین لە ناو زماندا ئەوکەسەی یەکەم جار وشەی ئازادی بەبیردا هاتووە، پێشتر لەناو بیرکردنەوەیدا بووە، سەبارەت بە حـــاڵەتی ئازادی واتە لەگـــەڵ ئایدیاڵی ئازادیدا لە گفتوگۆدا بووە. دواجار بۆ کۆنکرێت کردنی ئەم حاڵەتە وشەی ئازادی بەبیردا هاتووە، ئەو کاتە ئازادی لای ئەم، تەنیا وەک چەمک نەماوەتەوە، بەڵکو بۆ خۆی بیرکردنەوە بووە، بەڵام کاتێک ئەم وشەیە، یان ئەم چەمکە گشتی دەبێتـــەوە، بەردەوام مـــرۆڤ لە ئایدیاڵی ئازادی دوور دەکەوێتەوە، چونکە کەوتووەتە ناو واقیعیەتی ئەم حاڵەتەوە، ئێمە بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە دەبێت بەناو ئەو حاڵەتەدا بڕۆینەوە، ئەوکات دەزانین ئازادی چییە؟ بەڵام چەمکەکانی وەک ئازادی، خوا، چاکە..تاد کاتێک لە ئایدیاڵی خۆیان دادەبڕێن و دەچنە ناو زانستەکانەوە ئەو کاتە هەوڵی ئەوەمان لەگەڵ دەدرێت کە پرەنسیپ و یاسایان بۆ دانێین. ئەمڕۆ ئەو هەوڵەی ئەکادیمیا دەیدات، هیچ نییـــە جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ مـــردنی ئایدیاڵی چەمکەکان. ئەکادیمیا چەمکەکان لە ئایدیاڵ دادەبڕێت و شوێن خەسڵەتەکانی دەکەوێت و دەیەوێت کۆنترۆڵیان بکات، هەمـــوو کـــۆنتـــرۆڵ کردنێکیش دوور کەوتنەوەیە لەبیرکردنەوەی ڕەسەن، دوورکەوتنەوەیە لەوەی مرۆڤ شوێن (بوون) نەکەوێت و شوێن ئەو پلەبەندییە بکەوێت کە (بوون) دادەبڕێت لە شتـەکان و دەیانکاتە بابەت. ئەکادیمیا بۆیە وەڵامی یەکلاکەرەوەی نییـــە، چونکە بەشـوێن (هەبوو)ەوەیە تا کـــۆنتـــرۆڵی بکات. ئەمـــڕۆ ئەکادیمیا تەنیا لەناو ڕای کەسیدا ماوەتەوە، ئەکادیمیا وا خۆی نیشان دەدات کە پەیڕەوی لە سیستمێک دەکات، بەڵام کۆلاجێکی تێکەڵوپێکەڵە، چونکە سیستم واتە پەیڕەوکردنی (بوون)، واتە خۆدانە دەست (بوون) نەک کۆلاجکردنی ڕا و حاڵەتی جیاجیا، کە ئەمڕۆ لەناو زانست و ئەکادیمیادا بەرچاوە و لەسەری دەڕۆن.

ئەمـڕۆ زمـان بەگشـتی لە ئەسڵ و مـاهیـەتی خـۆی دابڕاوە. سۆسێر کە باوکی زمانەوانی ئێستایە، لەیەکەم هەنگاویدا زمـان دەخـاتە دەرەوەی مـرۆڤ و لە ئایدیاڵی خۆی دادەبڕێنێت. ئەمـەش ئەو پشـتکردنەی مـرۆڤـە لە چێـژی گـیـانی باڵا، ئەمـڕۆ جیـهـان بە شـتـانێکی زۆر بچووکتر لەمرۆڤ سەرقاڵە، کە مرۆڤ مادام خاوەنی گیانە شایەنی زۆر لەوە گەورەترە و باڵاترە. زانست مرۆڤ کوێر دەکاتەوە، کە جیهانی بۆ حازر دەکات و ناهێڵێت بیربکاتەوە. ئەم قـەیرانە بەتەنیـا لەناو کـورددا نییـە، بەڵکو تەواوی جیهانی داگیرکردووە. ئەڵمانیای ئێستا ئەڵمانیای هایدگەر و هیگڵ نییە، فەڕەنسای ئێستا فەڕەنسای دیکارت نییە. دنیا لەناو وەهمێکی گەورەدا

پەرە بە خۆی دەدات. ئێمە ئومێد دەکەین کە بیرکردنەوە لەناو کوورددا خۆی پاک بکاتەوە، لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانین مەعریفەی دروستمان لەسەر خۆمان و دۆزەکەمان هەبێت. ئەمەش بەتەنیا بەوە دەبێت بە دەنگ بە دەنگەوە هاتن بچین، دیارە ئەمەش تەنیا لەخۆماندا دەبێت کە خۆمان جارێکی دیکە ڕێگە بدەینە (بووغان) دەرکەوێت.

هەبوو کاتێک دێتە دنیاوە سیفەت و خاسیەت وەردەگرێت و وەک شتێکی واقیعی لەبەردەم هەستەکانی مرۆڤدا دادەمەزرێ، کە هەستەکان دەتوانن مامەڵەی لەگەڵ بکەن و وێنای بکەن و هەستی پێ بکەن. ئەوەی شیعر لە هەبوودا دەیبینێ (هەبوو) خۆی نییە، بەڵکو (بوون)ە. بوون دەکەوێتە ئەودیوی دەسەڵاتی هەستەکانەوە. بوون مانای خۆی و جیهانیشی هەڵگرتووە. مامەڵەکردنیش لەگەڵ بوون ڕاستەوخۆ دەمانبەستێتەوە بە ئەقڵەوە، ئەقڵیش هەمیشە بیرکەرەوەیە. ئێستا با بپرسین ئایا شیعر بیرکردنەوەیە؟ ئایا شیعریش وەک فەلسەفە و هزر خاوەنی مەعریفەی تایبەتە؟ کەم تا زۆر لە بەشەکانی دیکەدا ئەمەمان ڕوون کردووەتەوە، بەڵام ئەوەی دەبێ بگوترێ شیعر بیرکردنەوەیەکی ڕەسەنە، یەکێکە لە حاڵەتەکانی مرۆڤ، بیرکردنەوەش بەمانا سوکراتییەکەی یادهێنانەوەیە، یادهێنانەوە حازرکردنەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکو دەرکەوتنی بوونە لە جیهاندا، شیعر یادهێنانەوەی بوونە، ڕزگارکردنی جیهانە لە هەموو مانا و وێنا سەپێنراوەکان کە بەسەریدا ساغ کراونەتەوە. شیعر بردنەوەی جیهانە بۆ جێی خۆی، ڕزگارکردنی ئەو چەمکانەشە کە سواون و بەکاردەهێنرێن. سەندنەوەی زمانە لەکۆمەڵگە و دانەوەیەتی بۆ دەست بوون، زمان کاتێک وەک خانوویەک کۆمەڵگەی تێدا دادەنیشێت، هەمیشە بابەت و شتە، بەڵام شیعر ئەو غەریبەی ناو زمان دەردەکات و خاوەن ماڵ دێنێتەوە کە بوونە.

«شاعیر خواوەندەکان و هەموو شتەکان خۆیان چۆنن وەها ناویان دەهێنێ، ئەم ناوهێنانە بەو جۆرە پێک نەهاتووە شتێک پێشتر ناسرابێ ناوێکی پێ بدرێت، بەڵکو بەوە دەبێ کە شاعیر ناوی وشە جەوهەرییەکە دەهێنێ و بەو ناوهێنانە لەپێشدا هەبوو، ئەو ناوەی دەدرێت کە خۆی چییە، ئینجا وەک هەبوو دەناسرێت» (٦).

بەرانبەر ئەوە هەبوونایەتی شیعریش هەیە. کە هەبوو بۆ ناو شیعر بانگ دەکرێت، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەمە گشتی تر باس بکەین. هەر کاتێک شیعر هەبووی کردە خەمی خۆی، هەمیشە لەبەردەم دارشتنەوەی واقیعدایە، جا، یان وەک خۆی، یان وەک وێنا دایدەڕێژێت. هەرکە شاعیر لەبوون دابڕا، ئەوە لەبەردەم هەبووەکاندایە، کە لە دەرەوەی خۆی دەیانهێنێ و لە میتافۆری جیاجیادا پەخشیان دەکاتەوە. شاعیر لێرەدا ناکەوێتە ناو کردەی خولقانەوە، بەڵکو دەکەوێتە ناو پیشەسازی و دروستکردنەوە. دروستکردنیش هەمیشە بیرێکە لە دەرەوەی مرۆڤەوە دێتە ناو مرۆڤەوە، کە پێداوستییەکی جەستەیی، یان سایکۆلۆژییە و مرۆڤ ناچار دەکات کە وەک هێزێک پەخشی بکات. ئەوەش کە لەم کردەیەدا هەیە چێژی دەسەڵاتە، حەزی خۆپیشاندانە بۆ بەرانبەر. شارستانییەت هیچ نییە جگە لە خۆپیشاندانی مرۆڤ بۆ دەرەوەی خۆی، بەڵام هونەر بەگشتی خۆی نیشانی دەرەوە نادات، بەڵکو زەمینە بۆ هاتنە ئارای بوونی شتەکان دەسازێنێ. لێرەدا بەرهەمی کارگەکان و بەرهەمی هونەری لەیەک جیا دەبنەوە. ئەوەیە وا دەکات مۆنالیزا زیاتر لە بووکە شووشەیەک ڕامانبگرێت. شیعر لە بنەمادا پێویستییەکی ڕوحییە، ئەم بیرە لە دەرەوەی مرۆڤەوە نایەت. شیعر هیچ ئەرکێکی واقیعی و کۆمەڵایەتی نییە، مەبەستێک نییە لە پشتی ئەوەوە هەتا بۆی بژیت. ئەوەی شیعر دێنێتە ئاراوە پاڵەپەستۆی بوونە بۆ سەر مرۆڤ، شاعیر خۆیشی نازانێ چی دەنووسێ. شیعر وەک قەدەرێک دوای هاتنە ئارای خۆی دەزانرێ چییە؟ دوای تەواوبوونی شاعیر ئینجا دەزانێ چی نووسیوە. شیعر کە هەبوو دەبێتە مەبەستی و هەر ئەوە دەگوازێتەوە کە لە بەردەمماندایە، کێشەی ئەفلاتوون لەگەڵ شیعردا کێشەی بەدەنگەوە نەچوونی شیعری ئەو کاتی یۆنانە بۆ بوون. ئەوانەی پێیان وایە ئەفلاتوون دژی شیعرە هەڵەن، ئەفلاتوون ئەو شیعرە دەردەکات کە شوێنی نمایشی هەبووە، بۆیە چانسێک دەداتە شیعر «ئێمە لەو هێزە سەرنجڕاکێشەی شیعر بێ ئاگا نین، بەڵام خیانەتکردن لە حەقیقەتیش هیچ کاتێک بەڕەوا نازانێت» (٧).

ئەفلاتوون دواتر دێت باسی ئەوە دەکات گەر شیعر توانی بوون دابەزێنێت، ئەوە ڕێگەی هەیە بێتەوە ناو شار، «کەواتە ئایا ڕەوا نییە دوای ئەوەی شیعر بە

بەرهەڵستی تر بەرگری لەخۆی بکات، دووبارە ڕێگەی بدەین بێتەوە ناو شار»(٨).

ئەفلاتوون خۆشی هەست دەکات شیعر لە بنەڕەتدا ئەوە نییە کە هۆمیرۆس دەیڵێت، بەڵکو دەزانێ شیعریش توانای هەڵگرتنی بوونی هەیە. بۆیە دواتر لە گفتوگۆی خواندا قسەی خۆی لەسەر شیعر دەکات، کە هەر هەمان بنەمای قسەکانی هایدگەری هەیە. «ڕەنگە بەدەمەوەچوونی هاتنی شتێک لە عەدەمی حزوورەوە بۆ ناو حزوور شیعر بێت»(٩).

ئەم وتەیە تەواوی ئەو ڕایانە ڕەت دەکاتەوە کە لەسەر ئەفلاتوون وتراون، بەدەمەوە چوونی هاتنی شتێک لەکوێوەیە لە عەدەمی حزوور، واتە (بوون). حزووری یەکەم (بوون)ە، حزووری دووەم جیهانە، واتە بوون عەینی بێتەوە و لە عەدەمی خۆیەوە ئاشکرا بێت و هەبوو بخوڵقێ. دواتر ئەفلاتوون لە گفتوگۆی ئایۆندا. لەسەر ئەم بنەمایە باسی (دانایی شیعر) دەکات، دانایی شیعر بوونە لە شیعردا. «ئەگەر هاتو فێری دانایی شیعر بووین بەیاسا، ئەوە دەتوانین قسە لەسەر هەموو ئەوانی دیکە بکەین»(١٠).

یاسا یاسایەکی کۆنکرێتی و واقیعی نییە، لێرەدا یاسا خودی (بوون)ە، واتە (بوون) هەمیشە خاوەنی مەرجی خۆیەتی بۆ دەرکەوتن، مرۆڤ دەبێت بە یاساکانی (بوون)دا بڕوات. نەک (بوون) بە یاساکانی خۆیدا بڕوێنێت.


**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- فەلسەفە چییە، مارتن هایدگەر، و: حەمید عەزیز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١١٢)ی ساڵی ٢٠٠٦، هەولێر، لاپەڕە ١٣٨.**

**٢- هۆڵدەرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، و: حەمید عەزیز، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٠٤) ساڵی ٢٠٠٦، هەولێر، لاپەڕە ١٣٥.**

**٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٧.**

**٤- دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، ساڵی ١٩٨٤ بەغدا، لاپەڕە ٢٤٤.**

**٥- هۆڵدرلین و گەوهەری شیعر، مارتن هایدگەر، لاپەڕە ١٣٧.**

**٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٣٥.**

**٧- کۆمار، ئەفلاتوون، و: ڕێبوار قارەمانی، سۆران عومەر، مەهدی چۆمانی، دەزگای وەرگێران، ساڵی ٢٠٠٦ هەولێر، لاپەڕە ٤٩٨.**

**٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٩٨.**

**٩- خوان، ئەفلاتوون، و: ئاوات ئەحمەد، زنجیرە کتێبی سەردەم، ساڵی ١٩٩٩ سلێمانی، لاپەڕە ٦٦.**

**١٠- ئایۆن، ئەفلاتوون، و: ئاوات ئەحمەد، چاپخانەی سیما، ساڵی ٢٠٠٤ سلێمانی، لاپەڕە ١٠٥.**

# کاری هونەری و ڕاستی

مارتن هایدگەر
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب)

(۲ – ۲)

ڕێکخستنی هەقیقەت (ڕاستی) لەکاری هونەریدا، بەرهەمهێنانی بوونەوەرێکی لەم جۆرەیە کە پێشتر نەبووە و لە دوا ڕۆژیشدا هیچ جارێک نایەت، بەرهەمهێنان بە ڕوخسارێک بوونەوەر دەخاتە نێو کراوەیی، ئەوەی دەبێ بهێنرێ لە پێشەوە کراوەیی کایەی کرانەوە ڕووناک دەکاتەوە کە تێیدا هاتووەتە پێشەوە. لەو جێگایەی بەتایبەتی بەرهەمهێنانی کرانەوەی بوونەوە، ڕاستییەک دەهێنری، ئەمە بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکەیە. ئەم بەرهەمهێنانە داهێنانەکەیە. وەک هێنانێک ئەو پتر پێشوازیکردن و وەرگرتن لە چوارچێوەی پێوەندی بوون بە نەشاردراوەیی. بەم پێیە ئەوی داهێنراوە لە چی پێکدێت؟! بە دوو دەستنیشانکردنی بنەڕەتی و جەوهەرییانە ڕوون دەکرێتەوە:

ڕاستی خۆی لە کارە هونەرییەکەدا ئاراستە دەکات. ڕاستی تەنیا لە ململانێی نێوان بەدەرکەوتن و شاردرانەوەی دژایەتی جیهان و زەویدا پێدەگات. ڕاستی وەک ئەو ململانێیەی جیهان و زەوی دەخوازێ. بەرەو ناو کارە هونەرییەکە ئاراستە ببێ. نابێ ململانێیەکە لەنێوان بوونەوەرێکدا بەلایەکدا بخرێ کە دەبێ بەتایبەتی بەرهەم بهێنرێ، هەروەها نابێ بخرێتە ژێرەوە، بەڵکو دەبێ لەوەوە بکرێتەوە. ئەم بوونەوەرە هەر بۆیە پێویستە تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی ئەم ململانێیەی لەخۆیدا هەبێت. لەو ململانێیەدا یەکێتی و یەکڕەنگی جیهان و زەوی بەکۆشش دەستگیر دەبێت. کاتێک جیهانێک خۆی بۆ مرۆڤایەتییەکی مێژوویی دەکاتەوە، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، ڕەحمەت و نەفرەت، ئاغایەتی و بەندایەتی، بەلایەکدا دەخات. بەرزبوون و دەرکەوتنی جیهان وادەکات ئەوەی بڕیاری لەسەر نەدراوە و بەلایەکدا نەخراوە و ئەوەی پێودانگی نییە بەدەربکەوێ و ئیتر

شاردراوەیی ناچاری پێودانگ و بەلایەکدا خستن ئاواڵە دەکاتەوە.

بەڵام ئەگەر جیهانێک خۆی ئاواڵە دەکاتەوە زەوی بەدەردەکەوێ. ئەو وەک هەڵگری هەموو شتێک، وەک ئەوەی لە قانوونەکەیدا پارێزراوە و هەمیشە خۆ لەسەر خۆی داخستووە خۆی نیشان دەدات. جیهان بەلاداخستنەکەی و پێودانگەکەی داوا دەکات و ڕێگا دەدات بوونەوەر لە کراوەیی بەڕێڕەوەکەی بگات. زەوی بەو نیازەیە لە هەڵگرتن و دەرکەوتندا بەداخراوی بمێنێتەوە و هەموو بچنە ژێر باری قانوونەکەیەوە. ململانێیی درز نییە بەو واتایەی کەلەبەرێک بکەوێتەوە، بەڵکو ململانێیەکە بریتییە لە توندوتۆڵی پێوەندی ململانێکاران بەیەکترییەوە. ئەم درز و کەلەبەرە دژ بەیەکترییە لە بنەڕەتی یەکگرتنیانەوە لە بنەما یەکڕەنگییەیاندا پێکەوە ڕادەماڵێ.

ئەمە کە لەبەر و درزێکی بنەڕەتییە. ئەمە درزێکی کراوەیە کە تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی کرانەوەی درەخشانی بوونەوەر نیشان دەکات. ئەم درزە ڕێگا نادات دژ بەیەکترییەکان پەرتوبڵاوبن، ئەو دژ بە یەکتری بوونی پێوەر و سنوورەکان بەرەو دەوروبەری یەککگرتوو دەبات.

ڕاستی هەر بەو جۆرە خۆی ڕێک دەخات وەک ململانێیی نێو ئەو بوونەوەرەی کە دەبێ بەرهەم بهێنرێ، کە ململانێیەکە لەو بوونەوەرەدا هەڵبگیرسێ، واتە ئەمە خۆی دەهێنرێتە نێو درز و کەلەبەرەکەوە. درز و کەلەبەرەکە بریتییە لە یەکەیەکی یەککگرتووی درز کراوە و درزی بنەڕەتی، درزی ناوەوەو دەوروبەر. ڕاستی خۆی لە بوونەوەردا ڕێک دەخات، بەو جۆرەی کە ئەمە خۆی خاوەنی کراوەیی ڕاستییە. ئەم خاوەندارێتییە دەکرێ تەنیا هەروا بدیترێ کە ئەوەی دەبێ بهێنرێتەدی، دەرزەکە، بە ئەوە بسپێرێ خۆی لەسەر خۆی دادەخات کە لە کراوەییدا بەدەردەکەوێ. دەبێ دەرزەکە بۆ سەر قورسایی کێشکەری بەردەکە، بۆ سەر سەختی چڕی تەختەکە، بۆ سەر درەخشانی تیری ڕەنگەکە بگەڕێتەوە. کاتێک زەوی درزەکە دەگرێتە خۆی، ئەوە درزەکە لەخۆیدا لەنێو کراوەییدا دروست دەکرێت و لەودا ڕادەگیرێت، واتە لەوەدا کە خۆی وەک خۆ داخستوو خۆ پارێز لە کراوەییەکەدا بە دیاردەکەوێ، دادەنرێت.

ئەو ململانێیەی خراوەتە نێو درزەکەوە و گەڕێنراوەتەوە سەر زەوی و جێگیرکراوە بریتییە لە ڕوخسار Gestalt.

داهێنانی کاری هونەری وادەگەیەنێ: جێگیربوونی ڕاستی لەڕوخسارەکەدا. ئەو ڕێکوپێکییە و دەفرەیەکە بەهۆیەوە درزەکە خۆی ڕێک دەخات. درزە ڕێکخراوەکە کەلەبەری بەدەرکەوتنی ڕاستییە. ئەوەی لێرەدا بە ڕوخسار ناودەبرێ: هەمیشە لەو مەڵبەند و دانانەوە دەبێ بیری لێبکرێتەوە کە کارە هونەرییەکە ڕوودەدات، ئەوەندەی ئەو خۆی دادەنێ و بەرهەم دێنێ.

لە داهێنانی کاری هونەریدا پێویستە ململانێیەکە وەک درزێک ببرێتەوە سەر زەوی، زەوی خۆیشی پێویستە وەک خۆداخراوێک بەدەربکەوێ و بەکاربهێنرێ، بەڵام ئەم بەکارهێنانە زەوی وەک کەرەسە قڕ ناکات و بە بەدی سوودی لێ وەرناگرێ، بەڵکو ئەو بەتایبەتی خۆی بۆ خۆی ئازاد دەکات. ئەم بەکارهێنانەی زەوی کارلێکردنێکە لەگەڵیدا ئەگەرچی وا دێتە بەرچاو کە جۆرە بەکارهێنانێکی پیشەی دەستی کەرەسە بێت. لێرەوە وا زانین دێتە کایەوە، داهێنانی کاری هونەری چالاکییەکی پیشەی دەستی بێت، بەڵام ئەمە هیچ جارێک وانییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە بەکارهێنانی زەوی لە جێگیرکردنی ڕاستی لە ڕوخساردا دەمێنێتەوە. بەپێچەوانەوە دروستکردنی ئامرازەکە هیچ جارێک ڕاستەوخۆ بەدیهێنانی ڕووداوی ڕاستییەکە نییە. دروستکردنی ئامرازە کە ڕوخسار، هەبوونی کەرەسەیەکە و تەنانەت بەوەی بۆ بەکارهێنان لەبەردەستدابێ.

تەواوکردنی ئامرازەکە بەو واتایەیە کە بەسەرخۆیدا بۆ ئەودیو ئازاد کراوە بۆ ئەوەی بچێتە ناو بەکارهێنانەوە. داهێنانی کارە هونەرییەکە بەو جۆرە وانییە. ئەمە بەهۆی نیشانی دووەمەوە کە باسی دەکەین ڕوون دەبێتەوە. تەواوکردنی ئامرازەکە و داهێنانی کارە هونەرییەکە لەوەدا گونجاوانە پێکەوە دێنەوە کە هەردووکیان بوون بە بەرهەمهێنان دیار و دەستنیشان دەکەن، بەڵام داهێنانەکەی کارە هونەرییەکە لەبەرانبەر دروست کردن و دەرهێنانی تردا تایبەتمەندییەکەی لەوەدا دەردەکەوێ داهێنراوەکە ئەو بوونەی بۆ دەهێنرێ، بەڵام ئایا ئەمە هەموو بەرهەم هێنراوێک و دروستکراوێک ناگرێتەوە؟! ئەگەر یەکێک شتێکی لەگەڵ دروستکراوێک بدرێتێ، ئەوە بوونی دروستکراوەکەش دەبەخشرێ. بەدڵنیاییەوە، بەڵام لە کارە هونەرییەکەدا بوونی داهێنانەکە بە تایبەتی

بە داهێنەرەکە دەدرێ، بەجۆرێک لەوەوە ئەوەی بەو شێوەیە بەرهەم هێنراوە دەکەوێتە بەرچاو. ئەگەر شتەکە وابێت، ئەوە پێویستە ئێمە بکرێ بوونی داهێنراوەکە بەتایبەتی لە کارە هونەرییەکەوە شارەزابین.

بەدەرکەوتنی بوونی داهێنراوەکە لە کارە هونەرییەکەوە ئەو ناگەیەنێ لە کارە هونەرییەکەوە هەستی پێ بکرێت کە لەلایەن هونەرمەندێکی مەزنەوە دروست کراوە. داهێنراوەکە نابێ وەک بەڵگەی چالاکی داهێنەرەکە دابنرێت و بەهۆیەوە داهێنەرەکە ناوبانگی پێ ببردرێ. نابێ ئیمزای N.N (فلانەکەس) رابگەیەنرێ، بەڵکو دەبێ و «راستییەکی» سادەیە لە کارە هونەرییەکەدا لەکاری کراوەدا بهێڵرێت: ئەمە، نەشاردراوەیی بوونەوەر لێرە رووی داوە و وەک ئەمەش ئێستاکە رووداوەکە رووەدەدات: ئەمە، ئەو کارە هونەرییە هەیە و نەک پتر نە بوونە، پاڵنەرەکە لەوەوە دەکەوێتەوە کە کارە هونەرییەکە خۆی کاری هونەرییە و پەک نەخستنی ئەم پاڵنەرە نادیارە بەردەوامی و لەنێوخۆدا ئارامی لە کارەکەدا دیار و دەستنیشان دەکات. لەو جێگایەی هونەرمەند و رووداوەکە و رەوشەکانی پەیدابوونی کارە هونەرییەکە بە نەزانراوی دەمێننەوە، ئەم پاڵنەرە ئەم (کە)یەی بوونی داهێنانەکە بە بێگەردترین شێوە لە کارە هونەرییەکەوە دێتە کایەوە.

ئەگەرچی دروستکران بەشی هەموو ئامرازێکی لەبەردەستدا بوو بەکارهێنراوە، ئەوە ئەم (کە)یە لە ئامرازەکەوە نایەتە کایەوە، بەڵکو لە بەکارهێناندا لەبەرچاو بزر دەبێت. چەندە ئامرازێکی دەستی لەبەردەستدا بێت، ئەوەندە بۆ نموونە ئەو چەکوشە بە سەرنج رانەکێشی دەمێنێتەوە، ئەوەندە ئامرازەکە تەنیا خۆی لەئامرازبوونیدا دەهێڵێتەوە. بەگشتی ئێمە دەتوانین لە هەموو لەبەردەستدا بوویەکدا هەست پێ بکەین کە ئەو هەیە، بەڵام ئەمە پێشەکی تێبینی کردنە بۆ ئەوەی دەستبەجێ alsbald بە لەبیرچوویی بەپێی ئەوەی باوە، بمێنێتەوە. چی لەوە باوترە بوونەوەر بوون بێ؟! لە کارە هونەرییەکەدا بەپێچەوانەوە ئەوەی وەک ئەمە هەیە باو نییە. لەوەدا کارە هونەرییەکە داهێنانە، هیچ جۆرە لاسایی کردنەوەیەک لەکارەکەدا نییە، بەڵکو کارەکە هەمیشە ئەو رووداوە دەخاتە بەردەمی خۆی و دەوروبەری کە کارە هونەرییەکە بەوەی کە کاری هونەرییە، بوونە.

چەندە کارە هونەرییەکە لە بنەڕەتدا خۆی ئاوالا بکاتەوە، ئەوەندە تاکی و دەگمەنییەکەی کە ئەو بوونە و نەک پتر بوون نییە دەدرەوشێتەوە. چەندە ئەم درزە بێتە نێو کایەی کرانەوە و ئاواڵەییەوە، ئەوەندە کارە هونەرییەکە نامۆ و بەتەنیا گۆشەگیر دەبێت. لە بەرهەمهێنانی کارە هونەرییەکەدا «کە ئەو هەیە» دەخرێتە پێش چاو.

دەبوو بپرسین دەربارەی داهێنانی کارە هونەرییەکە ئێمەی لە لایەنی کارە هونەری کارەکە و ریالیستییەکەی نزیک کردبایەوە. داهێنراوی کارە هونەرییەکە بەوە پەردەی لەسەر لادەدرێ کە بەهۆی درزەکەوە ململانێیەکە لەنێو روخسارەکەدا جێگیرە. لێرەدا داهێنراوییەکە خۆی دەخاتە نێو کارە هونەرییەکەوە و وەک پاڵنەرێکی هێمنی ئەو «کە» Dass وابووە لەکایەی کراوەییدا دەبێ، بەڵام لە داهێنراویی کارەکەدا ریالیستی کارە هونەرییەکە بە تەواوەتی تەواو نابێ. ئیتر بەپێچەوانەوە لەو سۆنگەیەوە کە جەوهەری کارە هونەرییەکە داهێنراوە دەبێتە مایەی ئەوەی ئێمە بتوانین هەنگاوێک بهاوێژین کە هەرچی تا ئێستا گوتراوە بەدوایدا کۆشش دەکەن. چەندە کارە هونەرییەکە گۆشەگیر einsamer بێ و لە روخسارەکەدا جێگیرە، چەندە بەروونی دەربکەوێ کە پێوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤدا بپچڕێ، ئەوەندە پاڵنەرەکە کە ئەو کارە هونەرییەیە بە سادەیی دەچێتە ناو کایەی ئاواڵەوە، ئەوەندە لەبنەڕەتدا پاڵەپەستۆ لەناباوەکە دەکرێ و ئەوی تائێستا بە باو و ئاسایی و گومان هەڵنەگر دانراوە، هەڵدەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو پاڵنەرە فرە رەنگییە هیچ توند و تۆبزی و تیژییەکی نییە، چەندە کارە هونەرییەکە بەرووت و بێگەردی بچێتە نێو ئەو کایە ئاواڵەیەی بەهۆی ئەوەوە کراوەتەوە، ئەوەندە ئێمە بە ساکاری دەباتە نێو کایەی کراوەیی لە هەمان کاتدا لە رەوشی باو و لەگەڵدا راهاتوو دەمانهێنێتە دەرەوە. بەپێی ئەم راگواستنە مانای وایە: گۆڕینی هەموو پێوەندییەک بە جیهان و بەزەوییەوە و ئینجا خۆپاراستن لە هەموو کردن و پاراستنێک لە ناسین و سەرنجدانێکی باو، بۆ ئەوەی لەو راستییەی لە کارە هونەرییەکەدا رووەدەدات بخایەنرێ. سڵ و پارێزی ئەم خایاندنە دەبێتە مایەی ئەوەی داهێنراوەکە ببێ بە کارە هونەرییەکە کە خۆی وایە. ئەمە: رێگادراو کارە هونەرییەکە کاری هونەری بێت، ئێمە بە پاراستنی کارە هونەرییەکە ناوی دەبەین.

تەنیا بۆ پاراستنەکە کارە هونەرییەکە خۆی لە داهێنرانەکەیدا بەشتێکی هەڵکەوت دەخاتە بەرچاو، واتە: ئێستا: لە ئارادابوونی کارێکی هونەرییانە.

زۆر بە کەمی کارێک دەکرێ کاری هونەری بێ، ئەگەر داهێنراو نەبێ، هەروەها لە جەوهەردا پێویستی بە داهێنەر هەیە، زۆر بەکەمیش داهێنراوەکە خۆی بەبێ پارێزەرانی دەکرێ بوون بێت.

ئەگەر کاری هونەری پارێزەران نەدۆزێتەوە، ئەگەر ڕاستەوخۆ نەیاندۆزێتەوە، کە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی لە کارە هونەرییەکەدا داهێنراوە بێنەوە، ئەوە ناگەیەنێ کارە هونەرییەکە بەبێ پارێزەران کاری هونەری دەبێت. ئەو هەمیشە وادەمێنێتەوە ئەگەر بە ڕاستی کاری هونەری بێت، پابەندی پارێزەران بێ، تەنانەت بەتایبەتی ئەگەر ئەو تەنیا هەر چاوەڕوانی پارێزەران بێت و هاتنەوەیان بۆ ناو ڕاستییەکەی بەدەست بهێنێ و بە تەنگییەوە بێت. تەنانەت لەبیرچوونەوە کە دەکرێ کارە هونەرییەکە دووچاری ببێ، نەک هیچە، ئەوە جۆرە پاراستنێکە، لەسەر کارە هونەرییەکە دەژی. پاراستنی کارە هونەرییەکە. بەو مانایەیە: لەنێو ئەو ئاوالەییەی بوونەوەردابین کە لەنێو کارە هونەرییەکەدا داهێنراوە. ئەم پێداگرتنەی Instandigkeit پاراستنی جۆرێکی زانینە. زانین تەنیا هەر لەناسینی ڕووت و بۆچوون دەربارەی شتێک پێک نایەت. ئەو کەسەی بەڕاستی بوونەوەر بزانێ و بناسێ، دەزانێ لەناوەڕاستی بوونەوەردا چی دەخوازێ.

ئەو خواستەی لێرە ناوی هێنرا کە نە زانست لە پێشدا دەیگرێتەوە، نە پێشییانە بڕیار دەدات، لە بنەڕەتی شارەزایی هزرەوە لە «بوون و کات»دا بیری لێکراوەتەوە. زانین کە خواستنێکەو Wollen خواستنیش بەزانین دەمێنێتەوە بریتییە لە دەرەکی بەدیار بوونی مرۆڤی هەبوو لەنێو نەشاردراوەیی بووندا. ئەو بڕیاردانی بە بڕواوە (Ent- Schlossenheit) کە لە «بوون و کات»دا بیری لێکراوەتەوە کارێک نییە خود بڕیاری لەسەر بدات، بەڵکو ئاوالابوونی لێرەدا بوونە لە حەپەسانی بوونەوەرەوە بەرەو کرانەوە و ئاوالەیی بوون. لە بووندا مرۆڤ لە ناوەکییەکەوە بەرەو دەرەکییەک ناڕوات، بەڵکو جەوهەری بوون Existenz گیرۆدەبوونە بە دەست لەناوەوەدا بوون لە لەبەر یەکترازانی بنەڕەتی ڕووناکی ئاوالەیی بوونەوەردا. نە لەو داهێنانەی پێشتر ناوی هێنراو نە لە ئەو خواستەی ئێستا ناوی هێنرا بە دەسکەوت و کاری خودێک کە خۆی بەئامانج دادەنێ و سەرگەرمە بەدوایدا کۆشش دەکات بەبیردا نەهاتووە.

خواست بڕیاردانی بە بڕوای تامەزرۆی ئەو بوونەوەرەیە کە سنووری خۆی دەبەزێنێ، کە خودی خۆی ڕووبەڕووی کایە کراوەکەی بوونەوەر دەکاتەوە کەلە کارە هونەرییەکەدا دانراوە، بەم پێیە پێداگرتنەکە خۆی دەباتە نێو قانوونەوە. پاراستن و سەقامگیربوونی کاری هونەری وەک جەوهەرێک پێداگرتنێکی تامەزرۆیە nuchtern لەو ڕاستییە ناباو نا ئاساییەی لە کارە هونەرییەکەدا ڕوودەدات.

ئەم زانینە کە وەک خواست لەنێو ڕاستی کارە هونەرییەکەدا جێگیر و نیشتەجێ دەبێت، دەبێ بەزانینێک و هەر وا دەمێنێتەوە، کارە هونەرییەکە لەنێو لەخۆیدا بوون ناهێنێتە دەرەوە، ڕایناکێشێتە ناو بازنەی ئەزموونی ڕووتی ژیان و کارە هونەرییەکە ناهێنێتە خوارەوە بەرەو دەور و ڕۆڵی ئەزموونی ژیان ورووژێنەر. پێداگرتن و مانەوەی کارە هونەرییەکە مرۆڤ لە ئەزموونی ژیانیاندا تاکوتەرا ناکات، بەڵکو ئەوان دەباتەوە سەر ئەو ڕاستییەی لە کارە هونەرییەکەدا ڕوودەدات، لەپێناو و لەگەڵ یەکتری بووندا وەک ئەوەی بوون Da- Sein بچێتە ژێر باری مێژووی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ نەشاردراوەییدا هەیەتی، دادەمەزرێنێ. زانین بەو پێیەی شێوازێکی مانەوە و پێداگرتنە لەوەی کە تەنیا بریتییە لە چێژتنی ناسینی ڕوخسارەکی لە کارە هونەرییەکە و تایبەتمەندێتی و ورووژاندنەکان لە خۆیاندا بەتایبەتی دوورە. زانین وەک زانینی پێشووتر بەلایەکدا خستنێکە، لە ئارادابوونە لەنێو ئەو ململانێیەدا کە کارە هونەرییەکە خستوویەتییە نێو درز و کەلەبەرەکەوە.

شێوازی بەدروستی پاراستنی کارە هونەرییەکە تەنیا هەر لەپێشەوە بەهۆی کارە هونەرییەکە خۆیەوە دەکرێ و نیشان دەکرێ. پاراستنەکە بە چەند پلەیەکی جیاوازی زانین بەپێی ڕادەی بڕکردن و بەردەوامی و ڕوون و ڕەوانییەوە ڕوودەدات. ئەگەر کارە هونەرییەکە تەنیا بۆ چێژ وەرگرتنی ڕووتی هونەر بخرێتە بەرچاو، ئەمە ساغی ناکاتەوە کە ئەو وەک کارێکی هونەری بووە بەوەی

پاراستن بیگرێتەوە.

هەر بە وەرگــرتنی ئەم پاڵنەرە لە بەرانبــەر ناباو نائاسـایی لەنێـو باو ئاسـایی و زانراودا ڕێکخسـتنی هونەری کارە هونەرییەکە دەستی پێکردووە. گواستنەوەی وریا و بەپارێزی کـارە هونەرییـەکـان خـۆیان و کـۆشـشـی زانستییانە بۆ جارێکی تر هێنانەوە، یان بەهیچ جۆرێک ناگـاتە بوونی کــارە هونەرییــەکــە، بەڵکو تەنیــا وەبیرهاتنەوەیەکی ئەوان دەبێ. ئەمە دەتوانێ جێگایەک پێـشکەش بە کـارە هونەرییــەکــە بکات لێــیــەوە لە ڕەنگڕشتنی مێژوو بەشداری دەکات. ڕیالیستی تایبەتی کارە هونەرییەکە تەنیـا ئەو کاتە بەدەردەکەوێ کە کارە هونەرییەکە لەو ڕاستییەی بەهۆی ئەو خۆیەوە ڕووی داوە بپارێزدرێ.

ڕیالیــسـتی کـارە هونەرییــەکــە لەتایبــەتمەندییــە بنەڕەتییــــەکـــاندا بەهۆی جــەوهەری بوونی کـــارە هونەرییەکەوە دەستنیشان دەکرێ. ئێستاکە ئێمە دەتوانین پرسـیـارە سـەرەتاکـە جـارێکی تر بکەینەوە: ڕەوشی ئەو شمەکێتییە لە کارە هونەرییەکەدا کە دەبێ واقیعیـەتی (ڕیالیستی) ڕاستەوخۆی خۆی بپارێزێ چۆنە؟ شتەکە بەم جۆرەیە: ئێمە ئێستاکە هیچی تر لەبارەی شمەکێتی لە کارە هونەرییەکە پرسیار ناکەین، چونکە ئێمە ئەگەر بێتو لە بارەیەوە بپرسین ئێمە کارە هونەرییەکە یەکسەر و پێشبیـانە و بەشێوەیەکی کۆتایی بە کەرەستە بابەتێکی لەبەردەسـتدا هەبووی دادەنێین. بەم شێـوازە ئێمـە هیچ جارێک نەک لە کارە هونەرییەکەوە، بەڵکو لە خۆمانەوە پرسیارەکە دەکەین. لە ئێمەوە کە ئێمە بەمە ڕێگا نادەین کارە هونەرییەکە کارێکی هونەری بێت، بەڵکو پتر وەک بابەتێک وێنای دەکـەین، کـە دەبێ لە ناخی ئێـمـەدا ئەم چەند جۆرە ڕەوشانە بووروژێنێ.

لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوەی لە کـارە هونەرییـەکـەوە وەک کەرەستە و بابەت وەرگیراوە کە وەک شمەکێتی بەمانای چەمکی باوی شمەک، کە لە کارە هونەرییەکەوە شارەزای بووبین، وادێتە بەرچاو، زەمینەی کارە هونەرییەکە بێت. زەوی لەکـاری هونەریدا بەدەردەکـەوێ (ragt) چونکە کـارە هونەرییەکە وەک خـۆی بەو پێـیـە ڕاسـتی لە کـارە هونەرییــەکـەدا هەیە، ڕوودەدات، چونکە ڕاسـتی تەنیـا ئەوکـاتە ڕوودەدات کـە خـۆی لەنێـو بوونەوەرێکدا ڕێک دەخـات، لەسـەر زەوی کـە لە بنەڕەت و جـەوهەردا وەک خـۆداخـەریک دێتـە کـایەی کـراوەی کـراوەیی ئەوپەڕی بەربەرەکـانی کـردنەکـەی و بەهۆیەوە جـێگای مـەڵبـەندە هەمـیـشـەییـەکـەی خـۆی دەدۆزێتـەوە کـە دەبێ تێـیـدا ڕوخسارەکە جێگیر بکرێت.

ئایا بەدواداچوونی ئەو پرسیارەی دەربارەی شمەکێتی شتەوە کرا ئەوەی نەدەهێنا قسەی لێ بکرێت؟! نەخێر، ڕاسـتـە ناکـرێ بەهۆی شـمـەکـێـتـییـەوە کـارە هونەرییـەکە دەستنیشـان بکرێت، بەڵام بە پێچەوانەوە پشت ئەستوور بە زانینی کـارێکی کـارە هونەرییـەکـە دەکرێ بپرسین لە بارەی شـمـەکـێـتی شـتـەکـەوە بەڕێگای ڕاسـتـدا بـکرێت. ئەمەش شتێکی کەم و ساکار نییە، ئەگەر ئێمە بێتەوە بیرمان کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی هەر لە کۆنەوە باوبووە دەسـتدرێژی بکرێتە سەر شمەکێتی شت و شرۆڤەکردنی بوونەوەر بەتێکڕایی بکرێت بە ئاغا و دەسەڵاتدار کە بۆ پەیبـردن بە جـەوهەری ئامـراز و کـارە هونـەرییـەکە بەهیچ لەدەست نەهاتوو Untuchtig دەمێنێتەوە، هەروەها لە بەرانبەر جەوهەری بنەڕەتی ڕاستی نابینا دەبێت.

بۆ دەستنیشـانکردنی شمەکێتی شت نە ئەو دیدەی کە بەهەڵگری چەند تایبـەتمەندییـەکی دادەنێ و نە بەوەی کـە فرە ڕەنگی هاوردە هەستییەکانە لە یەکڕەنگییەکەیدا، نە چوارچێوەی کـەرەسـتـە- فـۆرم کە بۆ خـۆی وێناکـراوە، ئەو چوارچێـوەیەی لە ئامـرازییـەکەوە وەرگیـراوە بەسە و بەش دەکات. سـەرنجدانی پێشـبیـانە کـە قـورسایی بەلایەکدا خـەرە بۆ لێکدانەوەی شـمـەکـێـتی شت دەبێ ڕوو لەوە بکات شت سـەر بە زەوییـە. جەوهەری زەوی بەو پێـیـەی پەردەی لەسەر لادەدرێ. ئەم ململانێیە لە ڕوخساری کارە هونەرییــەکـەدا جـێگر بووە و بـەهۆی ئەمــەوە بە ڕوونی ئاواڵە دەبێت. ئەوەی دەربارەی ئامراز دەگونجێ، کە ئێمە ئامــرازێتی ئامــراز بەشێــوەیەکی تایبـەتی بەهۆی کـارە هونەرییەکەوە شـارەزا و خەبەردار دەبین، لەگەڵ شمەکێتی شتیـشدا دێتەوە. ئەگەر ئێمە دەربارەی شمەکێتی هیچ شتێـک ڕاستەوخۆ نەزانین و زانینەکە تەنیـا دەستنیشـان نەکراوبێت، ئەوە پێویستیـمـان بەکارە هونەرییەکە دەبێ، ئەمـەش ناڕاسـتـەوخـۆ نیـشـانی دەدات، کـارێتی کـاری هونەری ڕوودانی ڕاسـتی، خـۆ ئاواڵاکـردنی بوونەوەر لەکارە هونەرییەکەدا دەبێت.

بەڵام ئێـمـە حـەز دەکـەین لەکـۆتاییـدا بەپێـچـەوانەوە بڵێین، ئایا پێویست نابێ کارە هونەرییەکە لەلای خۆیەوە

و بگره پێش و لەپێناو ئەوەی داهێنراوبێ پێـــوەندی بەشتەکانی زەوی و سروشتەوە هەبێ، ئەگەر بەجۆرێکی تر بێ شمەکێتی پێویست بێ بە دروستی بێتەوە نێو کـایەی ئاواڵەییەوە؟! یەکێک کە دەبوو ئەمە بزانێ ئەلبـرێخت دووریر Albrecht Durer ئەم قسـە بەناوبانگەی کـردووە: «ئەوی ڕاسـتی بێت هونەر لە سروشتـدا شاردراوەتەوە، ئەو کەسەی بتوانی لەوێ بیپچڕێ و دەری بهێنێ، ئەوی هەیە.» بیپچڕی لێرەدا مـانای هێنانەدەری دەرزەکەیە و درزەکـە بە پەڕەمـووچ لەسەر تابلۆ ڕەنگ بڕێژی، بەڵام ئێمە دەستبەجێ دژە پرسیارێک دەهێنین: دەبێ چۆن درزەکە بهێنرێتە دەرێ و بپچڕێنرێ، ئەگەر ئەو وەک درز، واتە ئەگەر ئەو پێشتر وەک ملمـلانێی نێوان پێودانگ و بێ پێوەری بەهۆی پرۆژە داهێنراوەکەوە نەهێنرابێتە نێو کایەی ئاواڵەوە؟! بەدڵنیاییەوە لەنێو سروشتـدا درزێک شاردراوەتەوە، پێـــودانگێک و چەندین سنوور هەیە، ئەو توانایەی دەرهێنان کـە پێیەوە بەندە هونەرە. هەروەها جـێگای دڵنیاییە کە ئەم هونەرە لە پێشەوە لەسروشتـدا بەهۆی کـارە هونەرییەکەوە بڵاو دەبێتەوە و بەدەر دەکەوێ، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا لە کـــارە هونەرییـــەکـــەدا شاردراوەتەوە.

کۆشش کردن لەپێناوی ڕیالیستی کاری هونەریدا دەبێ ئەو زەمینەیە خۆش بکات بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لە کارە هونەرییە ڕاستەقینەکەدا هونەر و جەوهەرەکەی بەدەست بهێنین. پرسین دەربارەی جەوهەری هونەر، ڕێگا بەرەو زانینەکەی، دەبێ لەپێشەوە جارێکی تر ببرێتە سەر بنەمایەک. وەڵامی پرسیارەکە وەک هەموو وەڵامێکی ڕاستەقینە دوورکەوتنەوەیەکی ئەوپەڕی دوا هەنگاوی زنجیرەیەک ئەنجامی چەند هەنگاوێکی پرسیارکردنە. هەر وەڵامێکیش وەک وەڵام هێز و توانای خۆی دەمێنێ ئەوەندەی ڕەگوڕیشەی لەپرسیارکردندا داکوتابێ.

ڕیالیستی کارە هونەرییەکە نەک تەنیا هەر بەهۆی ئەوەوە کاری هونەرییە لەلامان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵکو لە هەمان کاتدا لە بنەڕەت و جەوهەردا بە پیت و پێز بووە. داهێنەر و پارێزەکـان بەشـێـوەیەکی بنەڕەتی جەوهەرییانە سەر بە داهێنراوەیی کارە هونەرییەکەن، بەڵام کارە هونەرییەکە ئەوەیە کە لە جەوهەردا کاری داهێنەرانەکە شیاوەکی دەکات و لە جەوهەرەکەیدا پێـویستی بە پارێزەرەکـان هەیە. ئەگـەر هونەر بنج و سەرچاوەی کاری هونەری بێت، ئەوە ئەمە بەو مانایەیە: دەبێتـە مـایەی ئەوەی ئەوانەی لە جەوهەردا لە کـارە هونەرییەکەدا سەر بەیەکترین، داهێنەر و پارێزەران لە جەوهەرەکەیەوە هەڵدەقوڵێن، بەڵام ئایا هونەر خۆی چییە، تاوەکو ئێمە بەڕاست و ڕەوانی بە سەرچاوەیەک ناوی بەرین؟! لەکاری هونەریدا، بەشێوازی کارێک لە کـارە هونەرییەکـەدا، ڕاستی ڕوودەدات. بەپێی ئەمە پێشییانە جەوهەری هونەر وەک ڕاستی لەنێو- کاری هونەری- دانان دەستنیشان دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دەستنیشانکردنە بەهۆشیارییەوە دوو واتاییە، جارێکیان دەڵێ: هونەر بریتییە لە جێگیرکردنی ڕاستیی کە خۆی لە ڕوخساردا ڕێک دەخات. ئەمە لە داهێناندا وەک هێنانە پێشەوەی نەشاردراوەیی بوونەوەر ڕوودەدات. لەنێو- کارە هونەرییەکە داینێی لە هەمان کاتدا ئەو واتایە دەگەیەنێ: کارێتی بوونە کە وای لێ بکرێت ببزوێ و ڕووبدات. ئەوە وەک پاراستن ڕوودەدات. کە وابوو هونەر بریتییە: پاراستنی داهێنەرانەی ڕاستی لەکارە هونەرییەکەدا. کەوابوو هونەر پەیدابوون و ڕوودانی ڕاستییە، ئایا ڕاستی لەهیچەوە پەیدادەبێ؟ بەڕاستی ئا، ئەگەر مەبەست لە هیچ ناکردنێکی سادە و ڕووتی بوونەوەر بێت و ئەگەر لەگەڵیدا بوونەوەر وەک ئەو لە ئارادابووە و باوە وێنابکرێت، ئیتر ئەوەی دواتر لە ئارادابوونی کارە هونەرییەکە دەردەخات ئەوەیە تەنیا بە ڕواڵەت وەک بوونەوەری ڕاستەقینە دەردەکەوێ دەلەرزێنرێت. لە شتی لەبەردەستداو لە شتی باو هیچ کاتێک ڕاستی دەستگیر نابێت. پتر کرانەوەی ئاوالابوو ڕۆشن بوونی بوونەوەر تەنیا ئەو کاتە ڕوودەدات کە پرۆژەی ئاواڵەیی نێو باو و لەگەڵدا ڕاهاتوو ڕەنگڕێژ بکرێت.

ڕاستی وەک ڕۆشنایی و شاردرانەوەی بوونەوەر ڕوودەدات ئەگەر ئەو«٢٢» بهۆنرێتەوە. هەموو هونەر وەک ڕێگادانی قەومانی هاتنی ڕاستی بوونەوەر وەک ئەمە لە جەوهەردا هەڵبەست هۆنینەوەیە، جەوهەری هونەر کە کاری هونەری و هونەرمەند پشتی پێدەبەستن، بریتییە لەوەی ڕاستی خۆی- لەنێو- کارە هونەرییەکەدا- دابنێ. لەم جەوهەرە شیعرییەی هونەرەوە ئەوە دەقەومێ، ئەو لەناوەڕاستی بوونەوەردا مەڵبەندێکی ئاوالا دەکاتەوە کە

له ئاواڵەییەکەیدا هەموو شتێکی تر بە پێچەوانەی باوەوەیە، بەپێی هێز و توانای ئەو پرۆژەیەی لەنێو کارە هونەرییەکەدا رەنگڕێژراوە کە لەلای ئێمە دەبێتە نەشاردراوەییەکی بوونەوەر کە خۆی بۆمان دەهاوێژێ، بەهۆی کارە هونەرییەکەوە هەموو باوەکان و ئەوانەی لە ئارادان دەبن بە نابوونەوەر. ئەمە ئەو هێز و توانایەی بوون لەدەست دەدات. کە وەک پێودانگ بداتە دەست و بیپارێزێ. ئەوەی لێرەدا سەیر و سەمەرەیە ئەوەیە کارە هونەرییەکە بەهیچ شێوازێک کار لە بوونەوەری تائێستا لەئارادابوو ناکات کە بەهۆی پێوەندی کارلێکردنی هۆیەکییەوە. کار لەشت کردنی کارە هونەرییەکە دەیکات کە لەو کارەدا نییە، ئەو لەوەرچەرخانی نەشاردراوەیی بوونەوەردایە کە لە کارە هونەرییەکەدا روودەدات و ئەمە دەڵێ: هی بوون«۲۳».

هەڵبەست دانان هزر و بیرکردنەوەیەکی دروستکراوی پەرشوبڵاوی بێ سەروبەری کەسانێک نییە و بۆچوونێکی رووتی بەشەقەی باڵ فڕی و ئەندێشەی لەنێو ناڕیالیستیدا نییە. ئەوەی هەڵبەستدانان وەک رۆشنکەرەوە نەخشەی دەڕێژێ لە ناشاردراوەیی لە یەکتری ئاواڵە دەکاتەوە (auseinanderfalten) و بەرەو پێش دەیهاوێژێ، ئەو کراوەییەیە کە رێگای دەدات و رووبدات و بەراستی بەو شێوەیەی کە ئێستا ئەو کراوەییە لەناوەراستی بوونەوەردا دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو بەرەو درەوشان و لەرینەوە و زرنگان بەرێت، سەرنجدانی بنەڕەتی جەوهەری کارە هونەرییەکە و ئەو پێوەندییەی بەرووداوی راستی بوونەوەرەوە هەیە دەبێتە جێگای ئەگەر و پرسیارکردن و گومان ئایا جەوهەری هەڵبەست هۆنینەوە، ئەمە لەهەمان کاتدا جەوهەری نەخشە رشتنەکەش دەگرێتەوە، لە سۆنگەی ئەندێشە و هێزی خەیاڵەوە دەکرێ بە تەواوەتی بیری لێبکرێتەوە. جەوهەری هۆنینەوەی شیعر کە ئێمە لە دوورەوە نەک بەشێوەیەکی دەستنیشان نەکراو شارەزای بووین، دەبێ لێرە وەک بابەتێکی ئەگەر و گومان هەڵگر جێگیر بکرێ و دەبێ«۲٤» بیری لێبکرێتەوە. ئەگەر هەموو هونەرێک لە جەوهەردا هۆنینەوە Dichtung بێت، ئەوە پێویست دەبێ هونەری بیناسازی، هونەری وێنەکێشان، هونەری دەنگ ببرێنەوە سەر شیعر، ئەمەش شتێکی هەڕەمەییە. بەدڵنیاییەوە، ئەوەندەی ئێمە مەبەستمان ئەوە بێت ئەو هونەرانەی ناویان هێنرا چەند جۆرێکن لە هونەری زمان، ئەگەر بێتو بشێ ئێمە شیعر بەو ناوونیشانە کە دەکرێ بە ئاسانی بەهەڵە تێبگەیشترێ و لێک بدرێتەوە نیشان بدەین، بەڵام شیعر تەنیا شێوازێکی نەخشەی رۆشنکەرەوەی راستییە، واتە هی هۆنینەوە بە واتا فراوانەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا هونەری زمان، هۆنینەوە بە تەنگەبەرترین واتای، شوێن و پایەیەکی ئەوپەڕی لەبەرچاوی لە چوارچێوەی تێکڕای هونەرەکاندا هەیە.

بۆ ئەوەی ئەمە ببینین، پێویستی تەنیا بە چەمکی راستودروستی زمان هەیە. بەپێی بۆچوونی باو زمان بەجۆرێکی پێراگەیاندن دادەنرێ. بۆ وتوویژ و رێککەوتن، بەگشتی بۆ لە یەکتری گەیشتن بەکاردێت، بەڵام زمان تەنیا هەر دەبرینی دەنگ و نووسینی ئەوە نییە کە دەبێ رابگەیەنرێ mitgeteilt ئەو تەنیا هەر کراوە و داپۆشراو کە مەبەستە بۆ چەند وشە و رستەیەک راناگوێزێ، بەڵکو زمان لە پێشدا بوونەوەر وەک بوونەوەر دەبێتە نێو کایەی کراوە و ئاواڵەوە. لەو جێگایەی هیچ زمانێک روونادات West وەک لە بوونی بەرد و رووەک و زیندەوەردا، لەوێش هیچ کایەی ئاواڵەیی و کراوەیی بوونەوەر نییە و بەم پێیە هیچ وەک ئەمەیەکی نابوون و بۆشایی نییە.

لەوەدا زمان بۆ یەکەم جار بوونەوەر ناودەبات، ئەو ناوبردنە بوونەوەر بۆ وشە و بۆ دەرکەوتن دەبات. ئەو ناو لێنانە بەپێی ئەمەوە بوونەوەر بۆ بوونەکەی ناوزەد دەکات. ئەم گوتنە دارشتنی پرۆژەی رۆشناییە، کە تێیدا بڕیار دەدرێ و دەگوترێ: بوونەوەر وەک چی دەچێتە نێوکایەی کراوەوە. رشتنی رەنگی نەخشە«۲٥» بەرەڵلاکردنی هاویشتنێکە، وەک ئەوە شاردراوەیی خۆی بۆ نێو بوونەوەر وەک ئەمە رەوانە دەکات. ئەم دەربڕینە نەخشەسازە لە هەمان کاتدا دەبێتە رەتکردنەوەی هەموو ئاژاوەیەکی تەمومژاوی، کە تێیدا بوونەوەر خۆی دادەپۆشێ و دەکێشێتەوە«۲٦» entzieht.

ئەو گوتەیەی نەخشە دادەرێژێ هۆنینەوەی هەڵبەستە: گوتەی جیهان و هی زەوی، گوتەی شانۆی ململانێیەکەیان و ئینجا هی هەموو جێگا و هەموو نزیکی و دوورییەکی خواوەندەکان Gotter. شیعر دانان گوتەیەکی نەشاردراوەیی بوونەوەرە. ئەو زمانە رووداني ئەم گوتەیەیە، کە بەهۆیەوە میللەتێک مێژووییانە

جیهانەکەی دەکاتەوە و زەوی وەک داخراوێک دەپارێزێ. گوتە نەخشەسازەکە ئەوەیە کە ئەوی دەکرێ بگوترێ و لەهەمان کاتدا ناکرێ بگوترێ وەک ئەمە بەرەو جیهانی دەبات. لەم جۆرە گوتەیەدا میللەتێکی مێژوویی چەمکەکانی جەوهەرەکەی، واتە بەوەی سەر بە مێژووی-جیهانە پێشیییانە دادەرێژێ.

هۆنینەوەی هەڵبەست لێرەدا بەواتایەکی فراوانی و لە هەمان کاتدا بەو پێوەندییە توندوتۆڵە بنەڕەتییەی بە زمانەوە و بە وشەوە هەیە بیری لێکراوەتەوە، تا ئەو ڕادەیە دەبێ بە ئاوالەیی بمێنێتەوە، ئایا هونەر و بگرە لە هەموو شێوازەکانیدا لە هونەری بیناسازییەوە تاوەکو هەڵبەست Poesie جەوهەری هۆنینەوەی هەڵبەست دەپێکی و دەگرێتەوە.

زمان خۆی بەواتا فراوانەکەی هۆنینەوەی هەڵبەستە، چونکە زمان ئەو ڕووداوەیە تێیدا، کە هەموو جارێک بوونەوەر وەک بوونەوەر خۆی بۆ مرۆڤ ئاوەڵا دەکاتەوە، هەربۆیە هەڵبەست، هونینەوە بە واتا تەنگەبەرەکەی، بنەڕەتیترین هۆنینەوەی هەڵبەستە بە واتا جەوهەرییەکەی. زمان نەک لەبەر ئەوەی هۆنینەوەی هەڵبەستە، بەڵکو شیعر خۆی لەنێو زماندا ڕوودەدات و دەگونجێ، چونکە ئەمە جەوهەرێکی بنەڕەتی هۆنینەوە دەپارێزێ. بیناسازی و وێنەکێشان بەپێچەوانەوە هەمیشە و تەنیا بەردەوام لەکایەی کراوەیی گوتە و هی ناو لێ ناندا ڕوودەدات. لەمەوە ئەوان بڵاودەبنەوە و ئاراستە دەکرێن. هەر بۆیە ئەوان وەک ڕێگایەک و شێوازێکی تایبەتی دەمێننەوە، چۆن ڕاستی خۆی لەنێو کاری هونەریدا ڕێک دەخات. ئەوان هەریەکەیان هۆنینەوەیەکی تایبەتییە لە چوارچێوەی ڕۆشنایی بوونەوەردا، کە پێشتر و بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت لەنێو زماندا رووی داوە.«٢٧»

هونەر وەک ڕاستی خستنە نێو- کاری- هونەرییەوە هۆنینەوەی هەڵبەستە. داهێنانی کاری هونەری تەنیا سروشتی هۆنینەوەی نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەمەدا تەنیا بەشێوازی تایبەتی خۆی هۆنینەوەیە dichterisch، هەروەها پاراستنی کارە هونەرییەکەش هەروایە، ئیتر کارێکی هونەری وەک کارێک تەنیا ئەوکاتە هەڵکەوت ڕاستەقینە دەبێ، ئەگەر ئێمە خۆمان لەوەی باوە دابڕین و بچینە نێو ئەوکاتەی لەلایەن کارە هونەرییەکەوە کراوەتەوە، بۆ ئەوەی جەوهەری خودی خۆمان لەنێو ڕاستی بوونەوەردان بە ڕاوەستاوی بوەستێنین«٢٨».

جەوهەری هونەر هۆنینەوەیە. جەوهەری هۆنینەوەش دامەزراندنی ڕاستییە. ئێمە لە واتای دامەزراندن -Stif ten لێرەدا بە سێ جۆر تێدەگەین: دامەزراندن وەک بەدیاری بەخشین، دامەزراندن وەک بنیادنان و دامەزراندن وەک دەستپێک. دامەزراندن تەنیا لە پاراستندا شتێکی ڕاستەقینەیە. بەم جۆرە هەموو شێوازێکی دامەزراندن لەگەڵ یەکێکی پاراستندا دێتەوە. ئەم بیناکردنە جەوهەرییەی هونەر ئێستاکە ئێمە دەتوانین تەنیا لە چەند خاڵێکی کەمدا بیخەینە بەرچاو، هەروەها تەنیا بەو ڕادەیەی ئەگەر نیشانکردنەکەی پێشووی جەوهەری کارە هونەرییەکە نیشان و بەڵگەیەکی سەرەتایی دەربارەی بداتە دەست.

دانانی ڕاستی لەنێو- کارە- هونەرییەکەدا پاڵەپەستۆ لە نا- باوەکە دەکات و لە هەمان کاتدا باوەکە و ئەوەی مرۆڤ بەوی دادەنێ سەراوبن دەکات و هەڵیدەگێڕێتەوە. ئەو ڕاستییەی خۆی لە کارە هونەرییەکەدا ئاوالە دەکاتەوە، ناکرێ لەوەوە تا ئێستا زانراوە پشت ڕاست بکرێتەوە و لێوەی بخرێتەوە (abzuleiten). ئەوی تائێستا زانراوە لە تەنیا ڕیالیستییەکەی خۆیدا لەلایەن کارە هونەرییەکەوە پووچەڵ دەکرێتەوە. ئەوی هونەر دایدەمەزرێنێ، هەربۆیە ناکرێ بەهۆی ئەوەی لەبەردەستدایە و لەئارادایە مەزندە بکرێ و یەکێکی تر لە جێگای دابنرێ. دامەزراندن پتر لە پێویستییەکە، بەخشینێکە.

نەخشەڕێژی هۆنینەوەی ڕاستی کە خۆ لەنێو کارە هونەرییەکەدا وەک ڕوخسار دادەنێ، بەهیچ جۆرێک لەنێو بۆشایی و دەستنیشان نەکراودا تەواو ناکرێ. ڕاستی لە کارە هونەرییەکەدا پتر بۆ پارێزەرانی هاتوو، واتە بۆ مرۆڤایەتی مێژوویی دەهاوێژرێ. ئەوی دەبێ بهاوێژرێ Zugeworfne لەگەڵ ئەوەشدا هیچ جارێک سەپێنراوێکی هەڕەمەکی نییە. نەخشەڕێژراوە ڕاستەقینە سروشت هۆنینەوەکە بریتییە لە ئاوالەکردنی ئەوەیە پێشتر بوون (Dasein) وەک شتێکی مێژوویی فرێدراوەتە ناوییەوە. ئەمە زەوییە و بۆ میللەتێکی مێژوویی خاکەکەی ئەو بنەما داخراوەیە کە پشتی پێ دەبەستێ لەگەڵ هەموو ئەوەی هەیە و چییە و تا ئێستا

شاردراوەیە لێی، ئەویش خودی خۆیەتی. ئەمە بەڵام جیهانەکەیەتی کە بەهۆی پێوەندی -بوون- بە شاردراوەیی- بوون- بڵاو و دەستبەکار دەبێت. هەربۆیە پێویستە لە پرۆژە نەخشەکەدا هەموو ئەوەی دراوە بەمرۆڤ لە بنەما داخراوەکە بهێنرێتە دەرەوە و بەتایبەتی لەسەر ئەمە دابنرێت. بەم پێیە تەنیا بەو شێوەیەی بنەمایەکی هەڵگرە دادەمەزرێ.

لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە هێنانە، هەموو داهێنانێک دەرهێنان و هەڵهێنجانە (ئاوهێنان لەسەرچاوەوە) ڕێبازی خودێتی مۆدێرن Subjektivismus بە ئاشکرا بەهەڵە و چەوتی چالاکی داهێنرانە لێک دەداتەوە وای دادەنێ داهێنانێکی بلیمەتانەی خودێکی خاوەنی خۆیەتی. دامەزراندنی ڕاستی تەنیا دامەزراندن نییە بەمانای بەخشینێکی ئازاد و سەربەستانە، بەڵکو دامەزراندن لە هەمان کاتدا بەمانای دامەزراندنی بنەمادانانی ئەم بنەمایە. نەخشەسازییە سروشت هۆنینەوەکە لەهیچەوە بەدەردەکەوێ، بەو پێیەی ئەو بەخشینەکەی لەوەوە وەرناگرێ کە باوە و لە ئارادایە. ئەو لەگەڵ ئەوەشدا لەهیچەوە نایەت، ئەوەندەی بەهۆی ئەوەوە هاوێژراوە تەنیا هەر دەستنیشانکردنێکی بە پارێز و سڵ کردنەوەی بوونی مێژوویی خۆیەتی.

بەخشین و دامەزراندن لەخۆیاندا سروشتی ناوبژی نەکردنی ئەوەیان تێدایە ئێمە بەدەسپێکێکی ناودەبەین. بگرە ئەم ناوبژی نەکردنەی دەسپێک تایبەتمەندییەکەی بازدان کە لەناوبژی نەکردنەوە هاتووە، بەدوور ناگرێ، بەڵکو دەیگرێتە خۆی و تێیدایە کە سەرەتایەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ و بەبێ ئەوەی سەرنج بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، خۆی«٢٩» ئامادە دەکات. دەسپێکی ڕاستەقینە وەک بازدانێک هەمیشە بازدانێکی پێشییانەیە تێیدا پێشەکی هەموو هاتووەکان بەسەردا بازدان و تێپەڕاندنە، ئەگەرچی وەک پەردە بەسەر دادانێکیش بێت. دەسپێک«٣٠» پێشییانە شاراوەیی کۆتایی تێدایە. دەسپێکی ڕاستەقینە سروشتی سەرەتایی ئەوەی سەرەتای ساکارە تێیدا نییە. سەرەتای سادە و ساکار Primitiv بێ دوارۆژە، چونکە بازدانی بەخشەر و دامەزرێنەر و بازدانی پێشەکییانەی نییە. ئەو ناتوانێ هیچ شتێک لەخۆیەوە بەرەڵڵا بکات، چونکە ئەو هیچی تری تێدا نییە لەوە بەولاوە کە لەناویدا گیراو

و دەست بەسەرە.

دەسپێک بەپێچەوانەوە هەمیشە پڕی نەکراوەیی باوی تێدایە و واتە، هی ململانێ لەگەڵ باودا. هونەر وەک هۆنینەوە دامەزراندنە، بە واتای سێیەمی هەڵگیرساندنی ململانێی ڕاستی، دامەزراندنە وەک دەسپێک. هەمیشە ئەگەر بوونەوەر لە تێکڕاییەکەیدا وەک بوونەوەر خۆی پێ لەسەر بنیادنان لە کایەی کراوەییدا دابگرێ، هونەر وەک دامەزراندن بە جەوهەرە مێژووییەکەی دەگات. ئەو بۆ یەکەم جار لەخۆرئاوا لە کەلەپووری یۆناندا بەمە گەیشتووە. ئەوی لەدوارۆژدا بە بوون ناودەبرێ، بەپێودانگێکی بنەڕەتییانە لەکارە هونەرییەکەدا دانراوە.. ئەو بوونەوەرەی بەتێکڕایی بەم جۆرە کراوەتەوە، لەدواییدا گۆڕاوە بە بوونەوەر، بەو واتایەی لەلایەن ڕەببەوە داهێنراوە (خەلق کراوە) Geschaffen. ئەمە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕووی داوە. ئەم بوونەوەرە جارێکی تر لە سەرەتاو پرۆسەی سەردەمی نوێ جارێکی تر گۆڕاوە. بوونەوەر بووە بەو بابەتەی دەکرێ بە ژمێرە کۆنترۆڵ بکرێت و نهێنییەکانی پەردەیان لەسەر لاببردرێ. هەموو جارێک جیهانێکی نوێی بنەڕەتی بەدەردەکەوێ. هەموو جارێک پێویست بووە کایەی ئاواڵەیی بوونەوەر، بەهۆی جێگیرکردنی ڕاستی لە ڕوخسارەکەدا، لە بوونەوەر خۆیدا جێگیر و ڕێکوپێک بکرێت. هەموو جارێک نەشاردراوەیی بوونەوەر ڕووی داوە. ئەو خۆی لە کارە هونەرییەکەدا دادەنێ، ئەم دانانە هونەر تەواو جێبەجێ دەکات.

هەمیشە کاتێک هونەر ڕوودەدات GeSchieht واتە کاتێک دەسپێک هەبوو، پاڵنەرێک دێتە ناو مێژووەوە، مێژوو یەکەم جار، یان جارێکی دیکە دەست پێدەکات. لێرەدا مەبەست لە مێژوو بەدوای یەکتری داهاتنی چەند قەوماوێک نییە، لەکاتێکدا با گرنگیش بن. مێژوو بریتییە لە دەرچوونی میللەتێک لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە وەک چوونە ناو ئەوەی لەگەڵیدا دراوە.

هونەر دانانی ڕاستییە (هەقیقەت) لەنێو- کاری- هونەریدا. لەم ڕستەیەدا دوو دەلالەتی بنەڕەتی شاردراوەتەوە، بەم پێیە ڕاستی لە هەمان کاتدا بکەر و بەرکار، خود و بابەتی ڕستەکەیە، بەڵام بکەر و بەرکار لێرە دوو ناوی ناگونجاون. ئەوان بەربەست دەبن، بیر لەو جەوهەرە دوو دەلالەتە بکرێتەوە، ئەمە ئەرکێکە هیچی تر

سەر بەم ڕامان و سەرنجدانە نییە. هونەر مێژووییە و وەک مێژوویەک داهێنەری پاراستنی ڕاستییە لە کارە هونەرییەکەدا. هونەر وەک هۆنینەوە ڕوودەدات. ئەمە دامەزراندنە بە سێ جۆری واتای بەخشین، بنیادنان و دەستپێک. هونەر وەک دامەزراندن لە جەوهەردا مێژووییە. ئەمە تەنیا هەر بەو واتایە نییە: هونەر بە واتا دەرەکی و دوورەکەی مێژوویەکی هەیە، لەگەڵ گۆڕانی کاتدا شان بە شانی فرە شتی تر ڕوودەدات و دێتە پێشەوە و لەگەڵیدا دەگۆڕێ و لەناو دەچێ و دیمەنی گۆڕاو و جیاواز پێشکەش بە مێژوو دەکات. هونەر بە واتا بنەڕەتییەکەی مێژوو کە ئەو مێژوو دادەمەزرێنێ.

هونەر ڕێگا دەدات ڕاستی هەڵبقوڵێ. هونەر وەک دامەزرێنەری ڕاگیرکردنی ڕاستی بوونەوەر لە کارە هونەرییەکەدا بەگورمباز بەدی دەهێنێ. شتێک بە بازدان بەدی بهێنی لە دامەزرێنەری بازدانەوەی بنەماو بنجە جەوهەرییەکەوە بۆ نێو بوون بیبەی، ئەوەیە کە وشەکە مەبەستیەتی.

بنجوبناوان و سەرچاوەی کاری هونەری، واتە لە هەمان کاتدا هی داهێنەر و ڕاگیرکار، گوتەی بوونی مێژوویی میللەتێک، هونەرە. ئەمە وایە، چونکە هونەر لە جەوهەریدا سەرچاوەیەکە: شێوازێکی دیار و بەرچاوە، چۆن ڕاستی دەبێ بە بوونەوەر، واتە دەبێ بە مێژوویی.

ئێمە دەربارەی جەوهەری هونەر دەپرسین. بۆچی ئێمە ئاوەها دەپرسین؟! ئێمە ئاوەها دەپرسین بۆ ئەوەی بە تایبەتی بتوانین بپرسین، ئایا هونەر لە بوونی مێژوویی ئێمەدا سەرچاوەیەکە، یان نەء، ئایا لە چ هەلومەرجێکدا دەتوانێ ئەو بێ و پێویستە ئەو ئەو بێ.

ئەم جۆرە وردبوونە هزرییە ناتوانێ تۆبزی لە ڕوودانی هونەر و گۆڕانەکەی بکات. ئەو زانینە هزرییە بریتییە لە سەرەتایەکی کاتی و ئینجا خۆ ئامادەکردنێکی گرنگ و پێویستە بۆ ئەوەی هونەری تەنیا ئەو جۆرە زانینە جێگاو«٣١» شوێن بۆ کارە هونەرییەکە ئامادە دەکات و ڕێگا بۆ داهێنەران خۆش دەکات و بۆ ڕاگیرکاران مەڵبەندەکەیان دەستەبەر دەبێ.

لەو زانینەدا کە دەتوانی هەر بە هێواشی و لەسەرخۆ گەشە بکات، بڕیار دەدرێ ئایا هونەر دەکرێ سەرچاوەیەک بێت و ئینجا دەبێ ببێ بە پێشەنگ، یان ئایا دەبێ ئەو تەنیا هەر بەوە بمێنێتەوە کە شتێکی زێدەیە هەروەک ئەو دیاردەیەی کولتوور کە بووە بە باو باسی بکرێت و بهێنرێت.

ئایا ئێمە لە بوونماندا مێژووییانە لەلای سەرچاوەکەین؟ ئێمە دەزانین، واتە ئێمە بایەخ بە جەوهەری سەرچاوەکە دەدەین؟! یان ئێمە لە کردارماندا بەرانبەر بە هونەر تەنیا هەر بە چەند زانینێکی ڕۆشنبیری سەرلەبەردابوو پشت دەبەستین؟!

بۆ ئەم یان و یاخودە و بڕیاردانەکەی نیشانێکی تەفرە نەدەر هەیە.

هۆڵدەرلین، ئەو شاعیرەی کە دەبێ ئەڵمانەکان بەرهەمەکەیان بەردەوام لەبەرچاو بێت، ئەوەی ناوبردووە، لەوەدا ئەو دەڵێ:

**«بەزەحمەت ئەوەی،**
**لەنزیک سەرچاوەکەوە نیشتەجێیە،**
**جێگایەکە بەجێدەهێڵێ»**

گەشتەکە، بەرگی چوارەم (هێلینگرات)«٣٢»، ل١٦٧.

**پاشکۆ**

بیرکردنەوەکانی پێشوو پێوەندییان بە مەتەڵی هونەرەوە هەیە، ئەو مەتەڵەی کە خۆی بۆ خۆی هونەرە. داخوازیمان لەوەوە دوورە ئەم مەتەڵە هەڵبهێنین، ئەرکەکە ئەوەیە لێی تێبگەین.

مرۆڤ لە هەمان کاتەوە بەلای کەمەوە کە سەرنجدانی تایبەتی هونەر و هونەرمەندان دەستی پێکردووە، ئەو سەرنجدراوانەی بە ئیستێتیکی ناوبردووە. ئیستێتیک کاری هونەری دەکات بە بابەتێک و بگرە وەک بابەتی ئەیزتێسیس aisthesis هی وەرگرتنی هەستەکی بە فراوانترین واتا. ئەمڕۆکە ئەو وەرگرتنە بە (Erleben) ئەزموونی ژین ناودەبرێت. ئەو جۆرە، چۆن مرۆڤ، هونەر بە ئەزموون دەژی، دەبێ دەربارەی جەوهەرەکەی زانیاری بدات. ئەزموونی ژیان نەک تەنیا هەر بۆ چێژتنی هونەر، بگرە بە هەمان شێوە بۆ داهێنانی هونەریش سەرچاوەیەکی بنەڕەتییە. هەموو شتێک ئەزموونی ژینە. لەگەڵ ئەوەشدا دوور نییە ئەزموونی ژینەکە ئەو کەرەسەیە بێت کە تێیدا هونەر دەمرێت«٣٣». مردنەکە ئەوەندە بەهێمنی و لەسەرخۆ ڕوودەدات، چەند سەدەیەکی دەوێ و پێدەچێ.

ڕاســتـــە نەمـــردنی کـــارەکـــانی هونەر و هونەر وەک بەهایەکی نەمر باس دەکرێت. بەم پێیە بەو زمانە کە هەمــوو شــتـە جـەوهەرییە بنەڕەتییـەکـان بە وردی و تەواوەتی باس نەکات و وەرناگرێ، قسە دەکرێ، چونکە ئەو دەترسێ لەوەی شــتـــەکـــان بە وردی و تەواوەتی وەربگیرێن ئەو واتایە دەدات: بیرکردنەوە. چ ترسێک ئەمرۆ لەوە گەورەترە کە لە بیرکردنەوەدا هەیە؟! ئایا قسەکردن لە کارە نەمرەکان و نەمریی بەهای هونەر ناوەڕۆک و ڕاگیری هەیە؟! یان ئەوانە تەنیا چەند جۆرێکی ئاخاوتنن کە هەر نیمچە بیرێکیان لێکراوەتەوە لەسەردەمێکدا کە هونەری گەورە و مەزن بە تێکڕای جەوهەرەکەیەوە لە مرۆڤ دوورکەوتۆتەوە.

سەرتاپاگیرترین سەرنجدانێکی گەوهەری هونەر کە ڕۆژئاوا هەیبێ، لەبەرئەوەی لە سۆنگەی میتافیزیکەوە بیـــری لێکراوەتەوە، لە «چەند وانەیەک دەربارەی ئیستێتیک»ی هیگڵدا ئەو ڕستانە هەیە:

«هیچی تر هونەر بۆ ئێمە بەرزترینی ئەو شێوازە نییە کە بەهۆیەوە ڕاستی بوون بۆ خۆی دەستەبەر دەبێ» (تێکڕای بەرهەمان، ١٠، ١، ل١٣٤).

«دەکرێ هیوای ئەوە بکرێ هونەر هەمیشە پتر پلەوپایە بەرزتر و خۆی تەواوتر بکات، بەڵام ڕوخسارەکەی دەستبەرداری ئەوە بووە بەرزترین پێداویستی گیان بێ.» (هەمان سەرچاوە: ل١٣٥).

«لە هەمـــوو ئەو پێـــوەندییـــانەدا هونەر وابووە و وادەمێنێتەوە، لە لایەنی مەبەستە دەستنیشان کراوە باڵایەکەیدا بۆ ئێمە شتێکە سەر بەڕابردوو.»
(هەمان سەرچاوە: ١٠، ١، ل١٦).

ئەو گوتەپەندەی لەو ڕستانەدا هیگڵ کردوویەتی، ناکرێ لابدرێ بەوەی ساغ بکرێتەوە، لەو کاتەوە هیگڵ بۆ دواجار لە کۆرسی زستانەی ساڵی (١٨٢٨- ٢٩ز)دا لە زانکۆی بەرلین وانەی ئیستێتیکی گوتۆتەوە، ئێمە فرە کاری هونەری و ڕێبازی هونەریمان دیوە دروستبوون هیگڵ هیچ کاتێک نەیویستووە حاشا لەو شیاوەکییە بکات. پرسیارەکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە:

ئایا هونەر هەر شـێـوازێکی بنەڕەتی جـەوهەری و ناچاریی ڕوودانی ئەو ڕاستییەیە کە بۆ بوونی مێژوویی ئێمە شتێکی بەلایەکدا خەرانەیە، یان هونەر هیچی تر ئەوە نەمـــاوە؟! ئەگـەر ئەو هیـــچی تر ئەوە نەمـــابێ پرسیارەکە ئاوا دەبێت: بۆچی ئەوە وایە؟! بڕیار دەربارەی گوتە پەندەکەی هیگڵ تائێستا نەدراوە.

هزری خۆرئاوا لەسەردەمی یۆنانەوە لەپشت ئەو گوتە پەندەوە دایە، ئەو هزرەی لەگەڵ ڕوودانی ڕاستییـەکی بوونەوەردا دێتەوە. بڕیاردان لە بارەی ئەو گوتە پەندەوە Spruch ئەگەر درا، لەو ڕاستییـەی بوونەوەرەوە و دەربارەی ئەو دەدرێ. تا ئەوکـاتە ئەو گـوتە پەندە بەدەستبەکاری دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەوە بەتەنیا پرسیارەکە ناچارییە، ئایا ڕاستییەکە کە گوتە پەندەکە دەیڵێ دواجارەکییە و ئیتر چی دەبێت، ئەگەر ئەو وابێت؟

ئەو پرسیارانە کە جارێکیان بە ڕوون و ئاشکرایی و جارێکیان بە لێڵی بەلامانەوە گرینگن، کاتێک دەکرێ بکرێن، ئەگەر ئێمە لەپێشدا بیر لە جەوهەری هونەر بکەینەوە. ئێمە هەوڵ دەدەین چەند هەنگاوێک بهاوێژین بەوەی کە لە بارەی سەرچاوە و بناوانی کاری هونەرییەوە دەپرسین. دەبێ کارەکتەری کاری کارە هونەرییەکە بهێنینە بەرچاوی خۆمان، لێرەدا وشەی سەرچاوە چی دەگەیەنێ لە جەوهەری ڕاستییەوە بە بیردا دێت.

ڕاستی، کە قسەی لێدەکرێ ئەوە نییە کە بەو ناوەوە دەزانرێ و سەر بە ناسین و زانینە و وەک خەسڵەتێک بە زانست دەبەخشرێ، بۆ ئەوەی لە جوان و لە چاکەکاری کە بەناوی بەهاکانی کردەوەی ناتیۆرییانە دادەنرێن، جیا بکرێتەوە.

ڕاستی نەشاردراوەیی بوونەوەرە وەک هی بوونەوەر. ڕاستی ڕاستی بوونە. جوانی شان بە شانی ئەو ڕاستییە نایەت. کاتێک ڕاستی خۆی لە کارە هونەرییەکەدا دادەنێ، دەردەکەوێ. دەرکەوتن جوانییەکەیە (وەک ئەو بوونەی ڕاستی لە کارە هونەرییەکەدا و وەک کاری هونەری). بەم جۆرە جوانی سەر بە ڕوودانی ڕاستییە. ئەو تەنیا سەر بە پەسندکردن نییە و هەر بابەتی ئەو نییە. جوانی ئەگەر لە فۆرمدا بڕەخسێ، ئەوە تەنیا بۆیە چونکێکم فۆرمەکە Forma لەکۆندا لە بوونەوە وەک بوونەوەرێتی بوونەوەر خۆی وشاندووە، ئەو کاتە بوون وەک ئایدۆس eidos ڕووی داوە. ئایدیا idea خۆی لەنێو مۆرفێدا morphe ڕێک خستووە، سونۆلۆن، تاکە تێکڕایی مۆرفێ و هلێ hle، بەتایبەتی ئێرگۆن er-gon، لەسەر شێوازی ئێنێرگائیە energeia.

ئەو شـــــێـــــوازەی بوونی لە ئارادابوون بووە بە ڕاســتــەقــینەیی (actualitas) بوونی کـردەکی ens actu. ئەو ئەکـتـوالیـتـاسـە بووە بە ڕاسـتـەقـینە (Wirklichkeit). ڕاسـتـەقینە بووە بە بابەتییانە، بابەتییانەش بووە بە ئەزموونی ژین، بەو شێوازە چۆن بوونەوەر بۆ جـیـهـانی دەسـتـنیـشـانکراوی ڕۆژئاوا ڕاستەقینە (واقیعی) دەبێت، پێوەندییەکی تایبەتی جوانی لەگەڵ ڕاستیدا شاردراوەتەوە. گۆڕانی جەوهەری ڕاستی لەگەڵ مێژووی جەوهەری هونەری ڕۆژئاوا دێتەوە. ئەو هونەرە بەهۆی جوانییەوە کە وەک خۆی وەربگیرێ، هەروەک بەهۆی ئەزمـــوونی ژینەوە بەکـــەمی تێی دەگەیشترێ، ئەگەر وا دابنرێت کە چەمکی میتافیزیکی هونەر لەودا بە جەوهەر دەگات.

**پەراوێز:**

**6- Reclam- Ausgabe 1960: umkehren-wohin?**

**7- Reclam- Ausgabe 1960: Da-sein.**

**3.Auflage 1957: Ereignis.**

**8- Reclam- Ausgabe 1960: Verlauten, Sprechen.**

**9- Reclam- Ausgabe 1960: un Zu-reichend.**

**10- Reclam- Ausgabe 1960: heisst? vgl. “Das Ding” das Ge- Viert.**

**11- Reclam- Ausgabe 1960: Ereignis.**

**12- 3. Auflage 1957: Nur da? oder hier nur in der gebauten Weise.**

**١٣- چاپی ڕێکلام ١٩٦٠ز: واتە ڕووداوەکە.**

**14- Reclam- Ausgabe 1960: Wenn nicht Lichtung geschahe, d.h. Er-eignen.**

**15- 3. Auflage 1957: Ereignis:**

**- چاپی سێیەم ١٩٥٧ز: ڕووداو.**

**١٦- چاپی یەکەم ساڵی ١٩٥٠: ڕووداو.**

**١٧- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: قەوماو.**

**١٨- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: هیچ وەڵامێک نییە، پرسیارەکە وادەمێنێتەوە: ئەمە چییە، چی لە چۆنیەتییەکاندا ڕوودەدات؟**

**١٩- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: ڕووداو.**

**٢٠- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: مانای چییە؟ بیی بەکار؟ فرە واتایە.**

**٢١- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: «جیاوازی ئۆنتۆلۆژی» دەخرێتە سەر. بڕوانە: «لەیەکچوون و جیاوازی». ل٣٧ بەدواوە.**

**٢٢- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: ئەو «شیعر»ەی جێگای پرسینە- وەک بەکارهێنانی و پێویستی گوتە. پێوەندی نێوای کایەی ئاواڵەیی و شیعر بە تێروتەسەلی باس نەکراوە.**

**٢٣- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: بەش ناکـــات- پێــــوەندی نەشاردراوەیی و «بوون»، بوون= لەئارادابوون. بڕوانە «کات و بوون».**

**٢٤- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: ئیتر هەروەها جێگای- ئەگەر و پرسینە تایبەتمەندییەکانی هونەر.**

**٢٥- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: پلاندانان- کە لەبەر و درزەکە.**

**٢٦- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: تەنیـــا هەر ئاوەها؟ یان وەک نێردراو بڕوانە das Ge-stell.**

**٢٧- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: ئەوە چی دەڵێ؟ ئایا ڕۆشنایی بەهۆی زمانەوە ڕوودەدات؟ زمان و لەش (دەنگ و نووسین).**

**٢٨- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: بە واتای جــــێگیـــری لە بەکارهێناندا.**

**٢٩- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: «بازدان» بڕوانە: لەگـــەڵ ئەوەدا (وەک یەکی و جیاوازی» وتارێک دەربارەی وەک یەکی.**

**٣٠- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: سەرەتا و دەستپێکردن ڕووداوییە سەبارەت بە هزر وەک دەسپێک.**

**٣١- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: جێگای مانەوە و نیشتەجێ بوون.**

**32- Die Wanderung, Bd. IV. (Helling rath), S.167.**

**٣٣- چاپی ڕیکلام ١٩٦٠: ئەو ڕستەیە ئەوە نابێژێ کە هونەر بەسوکی کۆتایی هاتووە. .ئەوە کاتێک دەبێت ئەگەر هاتو ئەزموونی ژین بە ئاسانی بۆ هونەر مابایەوە، بەڵام بابەتەکە پێوەندی بەوەوە هەیە بەهۆی ئەزموونی ژینەوە بە بوون Da-Sein بگەیشترێ و پتر دەبێژێ: بە تەواوەتی کەرەسەیەکی دیکە بۆ «گۆڕان- پەیدابوونی» هونەرەکە بەدەست بهێنرێ.**

**سەرچاوە:**

**Heidegger, Martin., Der Ursprung des Kunstwerkes. (1933- 1936). In: Holzwege. Frankfurt Am Main 1977 (Gesamt aus-gabe Bd.5.) Vittiorio Kloster mann 1977.**

# واتاسازی

له عەرەبییەوە: نەریمان خۆشناو
(زانكۆی كۆیە - كۆلیژی زمان)

## پێشەكی

واتاسازی توێژینەوەیەكی زانستی واتایە لەزماندا، لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە تاكو سەدەی بیستەم بەشێوەیەكی فراوان بەكارنەدەهێنرا، كەچی ئەو بابەتگەلەی كە ئەم زانستە لێیان دەكۆڵێتەوە، زۆر دێرینن كە بۆ كەڵە فەیلەسووف و لۆژیكناسانی گریك دەگەڕێتەوە، وەكو ئەفلاتوون و ئەرستۆ و ئەوانی دی.«١»

جا ئەم زانستە لەم ڕۆژگارەدا جێی بایەخ پێدانی ئەو زمانەوانەیە كە پرۆگرامەكانیان باس لە توێژینەوەی تایبەتمەندییەكانی واتا دەكەن و بەشێوازێكی زانستی و بابەتی ڕێكوپێك ئەنجام بدرێن، ئەم كارەش بەگەڕانەوە بۆ قسەوێژان و زمانە بێژراوەكانیان مەیسەر دەبێت، كەواتە لێرەوە دەزانین كە پرۆگرامی زمانەكان لە توێژینەوەی مانادا فراوانتر و گشتگیرترە لە هەموو كۆششەكانی ئەو فەیلەسووف و لۆژیكناسانەی كە هەمیشە لەچوارچێوەی یەك زماندا جەختیان لەسەر توێژینەوەی ڕستە دەكرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیتەڵكاری فەلسەفی لۆژیكی مانا بەردەوام كاریگەری لەسەر شیتەڵكاری زمانەوانییە نوێكاندا هەیە.

هەر پرۆگرامێكی زانستی بۆ توێژینەوەی واتا پێویستە لەو توێژینەوە ئاساییە گومانیانە جودا بكرێتەوە كە لە ڕێگای بەكارهێنانی باوی زاراوەی (واتا- الدلالة)ەوە پێشكەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، نەخاسمە كاتێك كە لەلای هەموو خەڵك، (واتا) ئەو ڕێچكەیەیە كە لەگوزەرگاكەوە، دەشێت زمان ببێتە پاڵەپەستۆیەك بۆ لادان لە زانینی كرۆكی مەرامەكان، وەك ئەوەی كەسێك لە گفتوگۆیەكدا بڵێت: (ئەم گوزارشتە تەنیا واتایەكە)، ئەمەش مەبەستی ئەوەیە كە تەنیا ئەمە قسەیەكە و هیچ پێوەندییەكی بەم جیهانەی ئێمەوە نییە، جا ئەم چەمكە گشتی و باوەی زاراوەی (واتا) ناخزێتە چوارچێوەی ئەو باس و خواسانەی كە ئێمە لەم پێگەیەدا پێشنیاریان

دەکەین، چونکە واتاسازی توێژینەوەی زانستی بابەتی مانایە لەچوارچێوەی زماندا.

**١- واتاکانی واتا:**

هەردوو نووسەر (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) ساڵی **١٩٢٣** لە کتێبە ناودار و بەناوبانگەکەیاندا کە ناوی (واتای واتا)یە (The meaning of meaning) نووسیویانە، نزیکەی (١٦) بەکارهێنانی وشەی (واتا)یان خستووەتەڕوو، کە ئەمانە هەندێکیانن:

1- John means to write (In tends) مەبەستێتی

2- agreen light mwans go. (Indicates) واتا دەبەخشێ

3- Health means every-thing. (Has important) گرنگی هەیە

4- His book was full of meaning. (Special important) گرنگییەکی تایبەتی هەیە

5- What is the meaning of life? (purpose) ئامانج

6- What dose (capitalist) mean to you? (convey) تێگەیشتن

7- What does (cornea) mean? (refer to in the world.) واتا بەخشین

دوایەمین نموونەی وشەی (mean) (واتا بەخشین)ە، ئەو شتەیە کە واتاسازی زمانەوانی جەختی لەسەر دەکات، بەڵام ئەم وشەیە جۆرێکی تایبەتی ئاراستەکردنی پرسیارە دەربارەی زانست و زانین، پرسیار پێویستە سەبارەت بە پێناسەکان بکرێت، ئەو پێناسانەی کە تارادەیەک خاوەن شکڵێکی ئاسایی نین، بۆ ئەوەی وەڵام بدرێنەوە کە زیاتر لە فەرهەنگەکاندا بەدی دەکرێن نەک لە ڕستە و شێوازی ڕستە و ئاخافتنی ڕۆژانەدا، ئەم شێوازە، (وەرگێڕان)ێکی وشە زەحمەتەکەیە بۆ چەند وشەیەکی ئاسان، واتە شرۆڤەکردنی ئەم وشەیە و ڕوونکردنەوەی ماناکانی. لێکۆڵینەوەی تایبەتمەندییەکانی پێناسەی وشە بەشێکی گرنگی واتاسازی پێکدەهێنێت، بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە واتاسازی درکێندراو و نووسراو لە کلاوڕۆژنەی پێوەندییەکانمانەوە پێ دەگەیەنن.

**٢- سێ بۆچوون بۆ واتا:**

أ- وشەکان ـــــ شتەکان (ئەو وشانەی کە گوزارشت لەشتەکان دەکەن).


بۆچوونی باو دەڵێت: وشەکان ناوی شتەکانن، یان ئەو وشانەن بۆ شتەکان دەگەڕێنەوە. ئەفلاتوون لەسەر ئەم بۆچوونە دەڕوات، چەند ناوێکی وەکو (لەندەن، بیل، کوڕ، باوک) ئاماژە بۆ ئەم بۆچوونە دەکەن، هەروەک لە گوزارشت و وشەگەلی دیش ئەم جۆرە بۆچوونە بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە وەکو ئەو ناوانەی کە ئاماژە بۆ ئەو شتانە دەکەن کە لە دووکان و بازاڕەکاندا بۆ فرۆشتن دانراون.

بەڵام لێرەدا ژمارەیەکی زۆری وشەکان لەزماندا هەن کە نایانبینین و پێی دەوترێ (شتەکان، یان گەڕانەوە) وەکو (کارەکان): (دەپرسێ)، یان (دەدۆزێتەوە)، وەکو (ئاوەڵناوەکان): سەخت، یان گشت، هەروەها وەکو ناوەکانی (چەسپاو، یان لاسایی کەرەوە)، لە ڕاستیدا زۆربەی زۆری وشەکانی زمان وا دەردەکەون کە توانای پەیوەست بوون، یان گەڕانەیان بەهیچ شێوەیەک بۆ شتەکان نییە.

ب- وشەکان ـــ تێگەیشتن ـــ شتەکان (وشەکان گوزارشت لە چەمکگەلێک دەکەن کە ئەمانیش بەدەوری خۆیان گوزارشت لەو شتانە دەکەن).

ئەم هاوکێشەیە لەسەر پایەی پەیوەست نەبوونی ڕاستەوخۆی نێوان وشەکان و شتەکان دامەزراوە. بەڵگەشی ئەوەیە کە پەیوەست بوون لەم حاڵەتەدا تەنیا لەبواری بەکارهێنانی هزری مرۆڤەوە دەبێت، چونکە هەموو وشەیەک بەپێی ئەم بۆچوونە، چەمکێکی هەیە کە وشەکە و ئەو شتەی گوزارشتی لێ دەکات چەمکەکە پێکەوەیان دەلکێنێت.

جا باشترین وێنە ئەم پێوەندییە بخاتەڕوو، ئەو هاوکێشەیە کە (ئۆگدن) و (ڕیچاردز) **١٩٢٣** دایانناوە.



ئەو ڕەخنەیەی کە ئاراستەی ئەم هاوکێشەیە کراوە، ئەوەیە کــە لە زەحـــمـــەتی و دژواری زانینی کــرۆکی چەمکەکانەوە (concepts) سەرچاوە دەگرێت، چونکە هیچ ئاسان نییە ئەو چەمکەی کە لەژێر وشەیەکی وەکو (لاسـایی) جـێی دەبێـتـەوە پێناسـە بکەین، ڕاسـتـە هەندێک وشـە هەن کـە هەڵگری مـاناگـەلێکن و دەتوانین بەشـێـوەیەکی ساناتر بیـانـزانین و دەرکیـان پێ بکەین، بەڵام لەهەمـان کــاتیـــشـــدا وێنەگــەلێکی بینراوی ڕێکوپێکمـان نیـیـە، کە هەمـوو وشـەیەک لە زارمـانەوە دەردەچن، بەو شـتـانە ببەسـتـینەوە کـە خـودی وشـەکـان گوزارشتیان لێ دەکەن.

سەرباری ئەوەش هیچ زامنێک لەئارادا نیـیـە کـە ئەو چەمکەی بەهزرمدا بۆ وشەی (مێز) گوزەر دەکات، هەر هەمان ئەو چەمکەش لەهزری تۆدا دروست بکات.

ج- ورووژێنەر ـــــ وشـــەکـــان ـــــ وەڵامــدانەوە (ورووژێنەرەکـان دەبنە ئەو وشـانە کە ئەوانیش بەدەوری خـۆیان دەبنە کـاردانەوە و وەڵامـدانەوە)، بلۆمـفـیـلد لەکتێبەی خۆیدا (زمان- language) ساڵی ١٩٣٣ ئەم بۆچوونە ڕەوشـتـکارییـەی شــرۆڤـە کــردووە، واتا بەبۆچوونی ئەو لەوانەیە لەو حاڵەتەوە بێـتـە ئەنجام کە قسـەی تێدا بەکـاردەهێنرێت، ورووژێنەری (S) مـرۆڤ بەرەو قـسـەکـردن پەلکێش دەکـات، کـەواتە ئاخـاوتن وەڵامـــدانەوەی (r)ە و ئەم وەڵامـــدانەوەیەش (R) دەرەنجامی قسەی (S)ە، هەروەها (بلۆمفیلد) حاڵەتی مانای ڕەوشتکاری لەم وێنەیەوە خستەڕوو:

S---- r ---- s----r

جا نموونەکەی (بلۆمفیلد) لەسەر ئەم هاوکێشەیە بەم جـۆرەیە: کـچـۆڵـەیەک بەناو (جـیل) کـەبرسـیـەتی و سـێـوێکی لەسـەر درەخـتـەکـە بەرچاو دەکـەوێ (s= ورووژێنەرێکی فـیـزیۆلۆژی)ە، بۆیە بە لاوەکـە (جـاک) دەڵـێ کـــە ئەو ســـێـــوەی بۆ لێ بکاتەوە (R)، ئەم ورووژێنەرە قسەییە (S)، وا لە جاک دەکات کە سێوەکە لێـبکاتەوە (R= وەڵامـدانەوەیەکی قـسـەیی)، جـا بلۆمفیلد دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئێمە دەتوانین مانای ورووژێنەر و کاردانەوەکانی لەگوزەرگـای تێبینی کردنی ئەو ڕووداوانەی کـە لەگـەڵیـدان بزانین و بەجـوانی دەرک پێ بکەین.

بەڵام گـرفـتی هاوکێشەکـەی (بلۆمـفـیلد) لەوەدایە کە چەندین حاڵەت هەن کە زۆر سەختە ئادگارە ڕێژەییەکانی ورووژێنەر، یان کـاردانەوەکـانی بزانرێت. گـرفـتـەکـەش لەحـاڵەتێکدا زیاد دەکـات کــە ڕووداوەکـان بە مـانـا فـیـزیاییەکەی بینراو نەبن (هەروەک لەگوزارشت کردنی سۆزدا)، سەرباری ئەمەش لەڕووی زانستییەوە سەختی و دژواری چارەسەری ئەو حاڵەتانە سەلمێنراوە کە خەڵکیان بەشـێـوەیەک تێـدا بەرچاو دەکـەوێت، کـە بەشـێـوازێکی پشکنەرانە مـامـەڵە ناکـەن، وەکـو گـریمانەی ئەوەی کـە (جاک) ئەو سێـوە بۆ (جـیل) کچۆڵەکە لێ نەکـاتەوە بەهۆی ئەوەی کـە پێش دوو سـاڵ لەو (مـۆنتی کـارلۆ) زیزبوونێک کەوتبووە نێوانیانەوە.

### ٣- واتاسازی هاوچەرخ

لەڕابردوودا مـشـتـومـڕ لەسـەر دۆزینەوەی کـرۆکی واتا بوو، (ئایا مــانا چیــیــە؟)، ئەویش وەکــو چەمکێکی سـەربەخـۆ، ئەم بۆچوونەش وای لێ کـردین کـە دەرک بە پـتـربوون و فـراوانبـوونی گـرفـتـەکـە بکەین، بەڵام هیچ پێناسەیەکی باوەڕپێکراوی (واتا) لەئارادا نیـیـە، بەڵکو ئەم زاراوەیە هەندێک تەمـومـژی لەسـەرە هەروەک لەلای خودی ئەفلاتوون ئەم تەماوی بوونە لەئارادا هەبووە.

بەڵام پرسـیـــار لەوەدایە، بۆچی زاراوەی (واتا) هەر بەتەمـــاوی و ســەخـــتی و زەحـــمـــەتی مــاوەتەوە؟ زمـانەوانەکـانی ئەمـڕۆ گـەیشـتـوونەتە ئەوەی کـە (واتا) توخـمـێک نیـیـە کـە جـودا و بەدەربێت لەتەواوی زمـانە بەکـارهێنراوەکـە، هەروەکـو توخـمـەکـانی دی زمـان، کـە هەمـوو ئاوێتە و تێکهەڵکێشن، بۆ نموونە وەکو بەرزی و درێژی، کە جۆرێک لەبوونی سەربەخۆی هەیە، جا ئەگەر بڵـێین کـە شـتـەکـان جـۆرە بەرزییـەکـیـان تێـدایە ئەوە ئامـاژەیەکـە بۆ ئەوەی کـە لێـرەدا ژمـارەیەک لە یەک بەرزەکان لەئارادا هەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە خـەسڵەتێکی بەرزی ڕووت و ڕەها بەدەر لە شتـەکان لەئارادا هەبێت.

بەهەمـان شێوەش کە دەڵێین: ئەو وشانەی کـە واتایان هەیە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو وشـانە بەشێوازێکی تایبـەت لە ڕسـتـەدا بەکـاردەهێنرێن، بۆ نموونە دەتوانین مـانای وشـە تاکـەکـان (بەجودا) تاقی بکەینەوە، پاشـان مـانای ڕستـەکان بزانین، بەڵام مـانایەک ئیـتـر لەپاش ئەم دوو حاڵەتەوە بەدەست ناکەوێ.

کــەواتە لەزانســتــە زمــانەوانیـــیــە تازەکــانـدا واتا لەگوزەرگای شیـتـەڵکاری وردی ئەو ڕێچکەیەوە تاووتوو

دەکرێت کە وشەکان و ڕستەکان بۆیان بکرێت ڕێسا دەست نیشانکراوەکان بەکاربهێنرێن، جا ئەم ئاراستەیە، یان ئەم پرۆگرامە ژمارەیەک لە فەیلەسووفان و دەروونناسان پەیڕەوی دەکەن، (لودوی ویتگنشن) (L.wittgensten) بەتایبەتی جەختی لەسەر ئەم ئاراستەیە کردووەتەوە، ئەویش لەو وتەیەیدا کە دەڵێت: مانای وشە ئەو مانایەیە کە لەچوارچێوەی بەکارهێنانی لەزماندا دەیبەخشێت.

## ٤- هەست کردن (مێشک) وەکو دژکارێکی سەرچاوە (واقیع)

واتاسازی گرنگی بەتوێژینەوەی جیهانی دەرەکی و چۆنێتی تێگەیشتن و دەرک کردنمان بەو جیهانە نادات. جیهانی دەرەکی (دوور لە زمان) دەکەوێتە چوارچێوەی پسپۆڕی فیزیاناسی و جوگرافیناسی و دەروونناسان، سەرباری ئەوەش واتاسازی ناتوانێت باری توێژینەوەی چۆنێتی گەڕانەوەی زمان بۆ ئەو جیهانە دەرەکییە لە ئەستۆ بگرێت؟ (واتە چۆن لەڕێگای وشەکانەوە فۆرمەلەی بکات)، چونکە واتاسازی تەنیا لەو شێوازە دەکۆڵێتەوە کە کۆمەڵانی مرۆڤ بەهۆیەوە هەندێک وشە بەهەندێکی دی لەچوارچێوەی ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەن بەیەک دەبەستنەوە (واتە لەڕێگای هەست کردن و بەکاربردنی مێشکی زمانەوانی خۆیانەوە نەک لەڕێگای گێڕانەوەی سەرچاوەی ئەو وشانە بۆ جیهانە دەرەکییەکە)، جا جیاکردنەوەی نێوان هەست و سەرچاوە مەسەلەیەکی گرنگە، چونکە ئەم جیاکارییە توێژینەوە و تاووتوو کردنی چەند حاڵەتێکمان لەکاتی بەکارهێنانی وشەکاندا بۆ دەردەخسێنێت، هەرچەندە بەشێوەیەکی سروشتی ناگەڕێتەوە سەر ئەو شێوازەی کە لە جیهانە دەرەکییەکەدا تێیدا دروست بووە.

دۆزینەوە و دەرک کردن بەم شتەش لەحاڵەتی توێژینەوەی زمانێکی گۆشەگیردا زۆر سەخت و دژوارە، بەڵام ئەگەر بڕوانینە زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان، ئەو ساتە وەختە ئەم تەرزە جیاکارییە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێت، بۆ نموونە: لەجیهانی واقیعدا چەندین باوک و دایک هەن، کە برا و خوشکیان هەیە، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا وشەگەلێکی تاک و تەنیا لەئارادا نین کە گوزارشت لەم مانایانە بکەن وەکو (برای دایک) و (برای باوک) و (خوشکی دایک) و (خوشکی باوک)، لەبەر ئەوە ئەگەر بخوازین ئەم چەمکانە لەیەک جیا بکەینەوە ئەوکاتە پێویستە پشت بەحاڵەتە بەکارهێنانەکە (پێگەییەکە) «٢» ببەستین.

تەنانەت لە دووتوویی زمانیشدا پێویستیمان بەهەست کردن بە سەرچاوە هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو شێوازەی کە زمانی عەرەبی لەپرۆسەی دابەشینی فیزیاوی ئەنجامی دەدات کە لەواقیعدا هیچ بوونێکی نییە.

لەڕاستیدا پۆلێنکارییە زانستییە وردەکان (بەو واتایەی کە هەموو ناوێک شوێنێکی لە سیستەمی وشەکاندا هەیە) شتێکی کارپێکراو نییە، لەژیانی ڕۆژانەماندا دەبینین کە ئەم وشانە بەکاردەهێنرێن:

گردو شاخ، فنجان و گڵاس، جۆگەلە و ڕووبار، ئەم چەمکانە لەجیهانی دەرەکیدا دەستنیشانکراو نین، بۆ نموونە چ کاتێک جۆگەلە دەبێتە ڕووبار؟ چ کاتێکیش گردۆڵکێک دەبێتە شاخ؟.

بەگوزارشتێکی تریش دەکرێت بڵێین کە ئێمە هەمموومان ساز و تەباین لەسەر ئەو ڕاڕاییەی دەیانگرێتەوە کە بخوازین سەرچاوەی وشەی کورسی بۆ شکڵە واقیعە هەمە چەشن و ڕەنگەکانی دی وشەکە بگەڕێنینەوە، لێرەدا گرفتێکی دیش هەیە کە لە چۆنێتی وەڵامدانەوەمان بۆ ئەم پرسیارە چڕ دەبێتەوە: ئایا واتای وشە چییە؟ یا لەخەیاڵماندا وادابنێین کە یەکێک گوێی لەوشەی (کورسی) دەبێت و ناشزانێت واتای چییە؟ لەم حاڵەتەدا ئەوکەسە نەزانە دەبەین و کورسییەکەی نیشان دەدەین، بەڵام ئەم ئاکارە لە ڕاستیدا کۆمەکییەکی سنووردار و کەمە بۆ ناسینی مانای وشەی کورسی، ئەویش لەبەر ئەوەی ئەم کەسە چۆن پاشان دەتوانێت دەرک بەسەرچاوەکانی و شکڵەکانی دی کورسی بکات تا هەموویان بناسێتەوە، لەوانەشە هەڵەیەک لەم پرۆسەیە ڕووبدات، چونکە ئەو سەرچاوەی بۆ ناسینی کورسی بەکاری دەهێنین لەوانەیە سیفەتی ئەو سەرچاوەیە بێت (بۆ نموونە سەرچاوەی ئەوەی کە بڵێین کورسییەکە لەدار دروست کراوە)، یان ئاماژە بۆ چەمکێک بکەین کە بە فەرش و کەلوپەلەوە پەیوەست بێت، ئەم جۆرە هەڵەیە وێکچووی ئەو هەڵەیەیە کە هەندێک منداڵ لەکاتی فێربوونی وشەدا تێی دەکەون.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە باشترین ڕێگا بۆ ناسینی وشە ئەوەیە، کە کاتێک پێناسە بۆ نموونە کورسی دەکەین، هەستەکانمان شرۆڤە بکەین، واتە بڵێین: کە

کورسی شوێنێکه بۆ دانیشتن دەست دەدات و لەچوارپێ و پاشبەندێک پێکدێت، جا ئەم بەکارهێنانە وامان لێ دەکات کە بیر لەسەرچاوەی دی بکەینەوە، کە لە ڕووی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانیانەوە وێکچووی یەک بن، پاشانیش لەتوانادا دەبێت کە وشەکە بەشێوەیەکی گونجاو بەکاربهێنرێت، بەڵام ئەم پرۆسە هەمەگیرانەی فێربوونی وشەکان هەر بەردەوام دەبێت، بەبێ بوونی هیچ سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ شتەکانی جیهانی دەرەکی، لەبەر ئەوەی پشت بەستنێکی هەمەگیری بەکارهێنانی وشەکان لەپێناو شرۆڤەکردنی هەستەکانمان سەبارەت بە وشەکانی دی لەئارادایە (واتە ئاخافتن دەربارەی ئاخافتن لەپێناو واتادا)، ئەم پرەنسیپەش دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامە لۆژیکییەی کە بەکارهێنانی فەرهەنگی زمانە.

## ٥- پانتاییە واتاییەکان

دەروونناسان و زانایانی زمان گرنگییەکی زۆر بە (تایبەتمەندییەکانی واتا)ی وشە تاکەکان دەدەن، لێرەدا چەندین پرۆگرام بۆ دۆزینەوەی دووبەرەکییە واتاییەکان پاشانیش پێوانەی ماوەی دەروونی نێوان وشەکان پێشنیارکراوە.

یەکەمین ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا قۆڵیان لێ هەڵماڵی، دەروونناسی زمانەوان (چارلز ئۆگدن) و (جۆرج سوسی G. suc) و (پۆل تاننبۆم P. tan-nenbaum)ە، لەو کتێبەی کە بەناو (پێوانەی واتا) the measurement) لە ساڵی ١٩٥٧ دەریان کرد، (of meaning) کە لەتوێژینەوەی مانای کاریگەریان (کارلێکراو) پێکهاتووە، واتە ئەو کاردانەوە سۆزئامێزانەی کە پێوەندییان بە وشەکانەوە هەیە، هەموو وشەیەک لای ئەوان تاقی دەکرایەوە کە ناویان نابوو (باکگراوندە واتاییەکان)ی وشە، ئەو ناوزەدکردنەوەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە دەڵێت لەوانەیە مانا بۆ زنجیرەیەک لەمەودا جۆراوجۆرەکان شی بکرێتەوە، (ئۆگدن) نموونەیەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەزموونە نیگارکێش کردووە کە گەمەیەکە لە (٢٠) پرسیار پێکدێت و هەموو پرسیارێک دانانی چەمک لەڕووبەرە واتاییە گونجاوەکەیدا بە ئامانج وەردەگرێت، بۆ نموونە (ئەم شتە باشە، یان خراپە؟ پەلەیە، یان سستە؟ گەورەیە، یان بچووکە؟) جا ئەم پرسیارانە لەسەر شێوەی نەخشەیەک کە لەحەوت خاڵ پێکدێت، پێشکەشکراوە لەگەڵ بوونی چەند سیفەتێکی دژواتا لەکۆتایی هێڵەکەدا:

خراپ ـــــــــــ باش

جا ئەو کەسانەی کە ئەم پرسیارانەیان ئاراستەکرا، داوایان لێ کرا کە وشەکان بەپێی ئەم خاڵانە دابنێن، بۆ نموونە ئەگەر وشەی ئۆتۆمبێل ئەو هەستەیان پێ دەبەخشێت کە شتێکی باشە ئەوکاتە هێمایەک لەلای ئەو وشەیە دادەنێن، واتە لەکۆتایی هێڵی بەیانی یەکەمدا (لای چەپەوە) ئەگەر ئەو هەستەشیان دەداتێ کە ئەو وشەیە خراپە، ئەوکاتە دەبێ هێمایەک بەئاراستەی ئەم وشەیە دابنێین؟ واتە لەکۆتایی هێڵی بەیانی لای پێچەوانەوەکەیەوە (لەلای ڕاستەوە)، بەم شێوەیە حەوت خاڵەکە بواری هەمەجۆری هەست و سۆز بەپێی حاڵەتە دەروونییەکە دەرەخسێنن.

جا ئەم شێوازە بۆ بەراوردکردنی نێوان دوو کۆمەڵەی ڕۆشنبیری جودا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وشەی (نالەباری- هەراوزەنا) لە کۆمەڵگای ژاپۆنییدا چەمکێکی زۆر کارایە، کە وەڵامدانەوەیەکی سۆزدارانەی جیایە لەوەڵامدانەوەی سۆزداری ئەمریکی، یان سۆزداری تیرە و هۆزە هیندییە ئەمریکییەکان، هەرچی چۆنێک بێت پراکتیزە واتاییەکانی پێواندنی سۆز و هەستەکان هەمبەر وشەکان چەند پراکتیککارییەکی سنووردارن، چونکە زانیاری دەربارەی واتای سەرەکی وشە پێشکەش ناکەن، لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو سۆزانە پێشکەش دەکات کە وشە بەرهەمی دەهێنێت، بۆ نموونە دەڵێت وشەی (دایک) وشەیەکە دەشێت (زۆرباش) بێت، تاڕادەیەکیش بەهێزبێت،... تاد، بەڵام ئەوەمان پێ ناڵێت کە وشەکە مانای (دایکە.. مێینەیە، ژیرە)، جا بۆ ئەوەی مانا و چەمکەکانی دی بزانین دەبێت شێواز و ڕێچکەی دی لە ئارادا هەبن بۆ زانینی ڕووبەرە ڕاستەقینەکانی وشەکە، دەتوانین شایەتحاڵی ڕووبەرێکی واتایی وردتربین ئەویش لەدەلاقەی بەکارهێنانمان بۆ ئاکامەکانی ڕێچکەیەکی تەکنیکی کە خەڵکی لێیەوە بتوانن حوکم بەسەر شتەکاندا بدەن، با لەناخماندا وا وێنا بیکەین کە ناوی ئاژەڵە (مەمکییەکان) دەکەونە خستنە یەکەوە کە مەودا ئاسۆییەکەی بارستاییەکەی پێکبهێنێت، هەروەها مەودا ستوونییەکەشی دڕندەییەکەی پێکبهێنێت، جا ئاژەڵە گەورەکان دەکەونە لای چەپی خشتەکەوە و ئاژەڵە زۆر دڕندەکانیش دەکەونە

خوارەوەی هەر وێکچوون و شوبهاندنێکیش لەنێوان ئەو دوو ئاژەڵەدا بەدی بکرێت، ئەوە شـوێنەکـانیـشـیـان لە یەکدی نزیک دەبنەوە.

بەڵام ئەو شیـتەڵکارییە زۆر سادەیە و ناتوانین لەسەر وشـەکـان پراکـتیـزەی بکەین، چونکە ڕەهەندەکـانی واتا بەڕوونی نیگارڕێژ نەکـراوە، وەکـو (ئەو وشـانەی کـە پێوەندییان بەکەلوپەلی ناومـاڵ و فەرشەوە هەیە، ئیـتر هەرچی چۆنێک بێت ئەم ڕێچکە و شێـوازە) بۆ ناسـینی ڕووبەرەکـانی مـانا و ڕەهەندە هەمـەجـۆرەکـانی، بەسوودمەندی و کارایی دەمێنێتەوە.

### ٦- بنیاد و چەمکی (یەکەی واتایی) (Lexeme)

پرۆگرامی بنیادگەری باشترین پرۆگرامە بۆ ئەنجامدانی شـیـتـەڵکاری وشـەکـان، بەپێی ئەم پرۆگـرامـە زمـان لەتۆڕێکی ئەو پێـوەندییـە سیـسـتـمیـانە پێکدێت، کـە تەرزێکی پەیوەست بوون لەنێوان یەکە زمانەوانییـەکاندا دروست دەکات.

بۆ نموونە لەبواری دەنگەکاندا ئەم پێوەندییانە لەنێوان دەنگەکـان، یان ئەو (فـۆنیـمـانە) خـاوەن خـەسڵـەتە جیاکارانەیە کە بەزمانی ئینگلیزی بە (distinctive features) گوزارشـتی لێ کـراوە، بەڵام ئەم حـاڵەتە لە (واتاییـەکان)دا چۆن دەبێت و چۆنیش یەکە واتاییـەکان بەیەکدیییەوە پەیوەست دەبن؟

تاکـو ئێسـتـا ئێـمە زاراوەی (وشـە)مـان بەکـارهێناوە، ئەویش بۆ تاووتووکـردنی دیاردە واتاییـەکە، ئەمـەش بێ گـومـان بەکـارهێنانێکی لاسـاییـانەی ئەو زاراوەیەیە، چونکە ئێـمـە بۆ ئاماژە پێ کـردنی مـانای وشـە بەکـاری دەهێنین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت دیاردە واتاییەکە بە وردی و قـووڵی دەرک پێ بکەین، ئەوە زاراوەی (وشـە) هیـچ وەڵامێکی تێروتەسەل و پڕ بەپێستی ناسینی سروشتی مـانای پێ نیـیـە، لێـرەوە پێـویسـتـە ئەم زاراوەیە بە زاراوەیـەکی دی بـگۆڕیـن، ئەویـش لەبـەر ئەم هـۆیانـەی خوارەوە:

١- زاراوەی (وشە) بەچەند شێوازێک بەکاردەهێنرێت کـە لەوانەیە توێژینەوەی واتا بشـارێتـەوە، بەم شێـوەیە وشــەگـــەلی وەکـــو (دەڕۆیـن) (walk) و دەڕوات (walks) و ڕۆیـــشــتن (walking) و ڕۆیـــشـــت (walked) دەتوانرێت بە وشەگەلی جۆراوجـۆر ناوزەد بکرێن، بەڵام لەڕوانگەی واتای بنیادگەرییەوە هەموویان بەشکڵی هەمە چەشنی و جۆراوجۆری یەکە واتاییەکەی بنیادی قووڵ، واتە (ڕۆیشت) هەژمار دەکرێن. جا ئەگەر ئەم شکڵە هەمەجۆرانە بە وشە دابنێین ئەدی بنیادی قووڵ چی پێ دەوترێت؟، چونکە دادپەروەری و لۆژیکیانە نییە بڵـێین (ئەم چوار وشـەیە شکڵ و شێـوەی هەمـە جـۆری خودی وشەکەن).

٢- هۆی دووەمـیش زاراوەی وشـە هیـچ سـوودێکی بۆ توێژینەوەی ئەو گوزارشتە زاراوەییانە (idioms) نییە، کە بەیەکەی واتایی هەژمـار دەکرێن، نموونەی ناسـراو و شۆرەتداری ئەم مـەسـەلەیە، لەو گـوزارشـتـە زاراوەییـەدا بەرجەسـتـە دەبێت (kick the bucket) کـە مـانای (مـردن) (died)«٣» دەگـەیەنێت، ئەم گـوزارشـتـە یەکـەیەکی واتایی گـەڵاڵە دەکـات، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لەسێ وشە پێکهاتووە، لەبەر ئەوە زۆر زەحمەتە کە ئەم یەکـە واتاییـە بە وشـە دابنێین، یان وا دابنێین کـە ئەم وشەیە لە سێ وشە پێکهاتووە.

٣- هۆکاری سێـیەم و کۆتایی ئەوەیە کە ئێـمە لەسەر بەکـارهێنانی زاراوەی وشـە لە شـوێنەکـانی وانە زمـانەوانییـەکـانی دیدا ڕاهاتووین، هەروەکـو چۆن لە ڕێزمانیشدا بەکاری دەهێنین، چونکە وشە لێرەدا خاڵێکی گەیاندنە، یان پەیوەست کردنێکی نێوان زانستی ڕێزمان، یان ڕسـتـەسـازی (syntax) و زانسـتی وشـەسـازییـە (morphology)، هەموو ئەم هۆیانە وای لەزمانزانان کرد کە باس لە یەکە سەرەکییەکانی شیتەڵکاری واتایی بکەن بـە زاراوەیەکی نوێ کـــە (Lexeme)ە، واتە (یەکەی واتایی) بەم شێـوەیە دەتوانین بۆ نموونە بڵـێین: یەکـەی واتایی (ڕۆیشت) (walk) بەچەند شێـوەیەک دروست دەبێت وەکـو (دەڕوات) (walks) (ڕۆیشتن) (walking) و (ڕۆیشت) (walked).. تاد.

بەرانبـەر بەمـەش دەتوانین بڵـێین: کـە یەکـەی واتایی (kick the bucket= مـردن) لە سێ وشـە پێکدێت، کـەواتە یەکە واتاییەکـان (Lexemes) وەکـو شێـوەی سەرەکی لە فەرهەنگدا دادەنرێت، پاشان بەکارهێنانی لق و پۆپەکانی وشە سەرەکییەکە دەست پێ دەکات.

### ٧- کێڵگەکانی واتا

یەک ڕێچکە لەتوێی ڕێچکەیەکی جـۆراوجـۆر لە ئارادا هەیە،«٤» کە لەدەلاقەی ئەو ڕێچکانەوە دەتوانین مـانای وشــەکـان بەوردی و گـــشــتـگیــری بزانین، ئەویش لە

چوارچێوەی کێڵگەکانی واتا (semantic fields) هەموو کێڵگەیەکی واتایی، یەکە واتاییەکان هەریەکە و ئەوی دیکە دەست نیشان دەکات و لەچەند ڕێچکەیەکی زۆر وردەوە تێکهەڵکێشی یەکدی دەبن. بۆ نموونە یەکە جۆراوجۆرەکانی بەشەکانی لەش، وەکو (سەر و مل و هەردووشان... تاد.) کێڵگەیەکی واتاییە، بە هەمان شێوەش یەکە هەمە چەشنەکانی وشەکانی وەکو (عارەبانەکان، میوەجات) کێڵگەیەکی واتایین، ئەمەش وای لە زانایانی واتاسازی کردووە کە لەو باوەڕدابن کە وشەکانی زمان لە کێڵگەکانی واتادا خڕبوونەتەوە، بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە هەمە جۆرییەکی فراوان و چڕ لەم مەسەلەیەدا هەیە، نەخاسمە ئەگەر لە کێڵگەیەکەوە بۆ کێڵگەیەکی دی زمانەوانی لەتوێی یەک زماندا هاموشۆ بکەین.

بۆیە لێرەدا سەختییەک بەرەنگارمان دەبێتەوە ئەگەر هەموو یەکە ئینگلیزییەکانی پەیوەست بە بەشەکانی جەستەی مرۆڤەوە کۆبکەینەوە، بگرە ئەم کارە سەختتر و دژوارترە کاتێک کە بخوازین یەکەکانی وەکو (هەراوهۆریا)، یان (لێدان ژەنین) کۆبکەینەوە.

لەڕاستیدا چەندین کۆششی زمانەوانی و فەلسەفی لەئارادا هەبوو بۆ سازدانی پۆلێنکاری چەمکەکانی زمان بەتایبەتی ئەو کۆششانەی کە لەسەدەی (١٧)ەوە خرانەگەڕ بۆ داهێنانی زمانێکی جیهانی، بەڵام لەم چەرخەدا مەزنترین و شۆرەتدارترین کار ئەو توێژینەوەیە کە توێژەری فەرهەنگی (بیتەر مارک ڕۆجێت) (Roget) (١٧٧٩-١٨٦٩) کە لەفەرهەنگە واتاییەکەی (Thesaurus)ە کە لەساڵی ١٨٥٢ بڵاوی کردووەتەوە، (ڕۆجێت) یەکە زمانەوانییەکانی بۆ شەش بەشی سەرەکی دابەش کردووە:

١- ئەو یەکانەی کە خاوەن پێوەندییەکی ڕووت و ڕەهان.
٢- ئەو یەکانەی کە خاوەن پانتایی واتایین.
٣- یەکە کاروبارییەکان.
٤- یەکە هزرییەکان.
٥- یەکە ئارەزووییەکان.
٦- یەکە سۆزدار و خاوەن کاریگەرییەکان.

جا هەر بەشێک لەم بەشانە زۆر وردەکاری و پۆلینکاری لەتوێی دەگرن و نزیکەی هەزار وتەی واتایی بەرهەم دێنن.

ئەم فەرهەنگە واتاییە بۆ چەند زمانێک بووەتە پێشەنگ و تا ڕادەیەکی زۆریش سەلماندوویەتی کە پرۆژەیەکی بەسوودی ژمارەیەک چالاکی زمانەوانی پراکتیکییە وەکو نووسینی پیشەیی و وەرگێڕان و بەکارهێنانی وشەگەلێک لەشوێنە گونجاو و ڕاستەکانی خۆیدا..تاد، بەڵام سەبارەت بە زانایانی واتاسازی بەهای ئەم نرخە لەکەمی دەدا و بەگشتی سنوور ڕێژ دەبێت، چونکە زانیاری دەربارەی پێوەندییە هەستیارەکانی نێوان دوو یەکەی واتایی پێشکەش ناکات. پاش ئەوەش دەبێت بزانین کە وشە پۆلێنکراوەکانی ناوی لەچەند توخمێکی پیشەیی، یان کۆمەڵایەتی، یان جوگرافی بەبێ هیچ توانجێک کۆکراونەتەوە.

بەم شێوەیە بەپێی بۆچوونی واتاییەکان ئەگەر بخوازین توێژینەوەیەک بۆ بنیادی کێڵگە واتاییەکان، بەوردی ئەنجام بدەین، ئەوە لەو حاڵەتەدا پێویستە ئاوڕ لە پێوەندییە هەستیارەکانی ئەو یەکە واتاییانە بدەینەوە، کە خوازیاری بەکارهێنانیانین.

## ٨- پێوەندییە هەستییەکانی واتا

ئایا چۆن یەکە واتاییەکان لەزماندا ڕێک دەبن؟ جا ئەگەر بمانەوێت بەو شێوازەی کە بینیمان لەڕێگای فەرهەنگەوە ڕێکی بخەین، ئەو شێوازە بەس نییە، چونکە ئەمە شێوازێکی تەماوی شێوێنەرە، چونکە لێرەدا واقیعێکی واتایی لەئارادا نییە کە بەپێی پلە ئەبجەدییەکان بێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە، پلە ئەبجەدییەکان خۆیان بنیادە واتاییەکان کەرت و پەرت دەکەن، بۆ ئەوەی پاشان پارێزگاری لەو یەکە واتاییانە بکەن کە سەر بەیەک کێڵگەی واتایین (وەکو ئامۆژن- پلک) (مام- خاڵۆ). بەم شێوەیە زانایانی واتاسازی بۆیان دەرکەوتووە کە پێویستە دی سەبارەت بەمەسەلە واتاییەکان پێش ببرێت کە پشت بە ئەو گومانە ببەستێت کە یەکە واتاییەکان واڵا بکات کە لە ڕێگای هەست (sense)ەوە بەیەکەوە پەیوەست بن.

ئەم چەمکەی کە لەسەر پەیوەست بوونی هەستی بنیادی واتایی دامەزراوە بەچەند پێوەندییەکی هەستی لەنێوان یەکە واتاییەکانی دەناسێنێت، ئەو یەکە واتاییانەش هەندێکیان لە دەلاقەی پێوەندییە گونجاو پێکهاتەکاندا دەرکیان پێ دەکرێت و هەندێکیش

لەدەلاقــەی پێــوەندییــە جــیگۆڕکــێــیــەکــانەوە (paradigmatic)«٥» دەزانرێن، لەڕاســتــیــدا چەند جۆر لە پێوەندییــە جێگۆڕکێــیەکان لەئارادا هەن، کە دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

**أ- هاوواتا (synonmy)**

واتای پێوەندییــە وێکچــووەکــانی مــانا دەگــەیەنێت، هەروەک لەم وشانەدا دەردەکەوێت (kingly/Royal/ Regal)، (مـیـکی) لەڕاسـتـیـشـدا تاووتووکـردنی دیاردەی هاوواتاکان وەکو ڕاهێنانێکی زمانەوانی وایە، کە پێوەندی بە پرۆسەکانی خوێندن و فێرکردنەوە هەیە، بەڵام پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت کە یەکە واتاییەکان بەکــەمی هەڵگری هەمــان مــانا دەبن، چونکە هەمــوو مــانایەکی یەک کــێــڵگەی واتایی لەڕووی شــێــواز و جوگرافیاو سۆزەوە لەواتای تر... تاد.

سەربارى ئەوەش ئەو بەکارهێنانەی کە ئەم، یان ئەو مــانایەی تێــدا ڕوودەدات، ئەو بەکــارهێنانەی کــە بە تەواوەتی هەمــەچەشنی مــانا و جــوداکــارییــەکــانی دەستنیشان دەکات.«٦»

بەڵگەش لەسەر ئەمە لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە دوو یەکەی واتایی دەتوانین لە ڕستەیەکدا هاوواتای یەکدی بن و لە ڕستەیەکی دیدا دژواتای یەکدیش بن. هەردوو وشـــەی (selection) و (range) بە دوو وشـــەی هاوواتای ناو ڕستەیەک هەژمار دەکرێن وەکو:

ئەم (هەمەچەشنی/ هەڵبژاردن)ەی کەلوپەلەکانی ناو ماڵ چەند ڕێک و جوانە.

- what a nice (range/selection) of furnitures.

بەڵام لەم ڕستەیەدا هاوواتا نین، وەکو:

لەوێ زنجیرەیەک چیا هەیە.

- There's the mountain (range/ selection).

* لەوێ هەڵبژاردنێکی چیایی هەیە.

**ب- گرتنەوە Hyponymy**

ئەم جۆرەی واتا بەربڵاو نییە، بۆ چەمکی لەتوێگرتن و لەخۆگرتن دەگەڕێتەوە، لێرەدا دەتوانین بڵێین کە (X) جۆرێکە لە (y)، واتە یەکەم (X) لەتوێی دووەمدایە کە (y)یە، نموونەشمان لەسەر ئەمە ئەوەیە کە یاسەمین (Rose) لە ڕەگەزی (گوڵە) و ئۆتۆمبێل (car) لەڕەگەزی عەرەبانەکانە، سەربارى ئەوەش دەکرێ ژمارەیەک لە یەکە واتاییەکان (کە هەریەکێکیان ڕەگەزێک پێکبهێنێت)، واتە سەر بەڕەگەزێکی گەورەتر بێت.

جارێکی دی پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئەم شیتەڵکارییە، شیتەڵکارییەکی زمانییە و شیتەڵکارییەکی جیهانی ڕاستەقینە نییە، چونکە زمانە مرۆییەکان لە پۆلێنکاری وشە و ڕەگەزدا جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە لە زمانی یۆنانی ڕەسمیدا یەکە واتاییەکانی: دارتاش و پزیشک و مۆزیکژەن و ناوی پیشەکانی دی، هەموو سەر بەڕەگەزێکن کە پێیان دەوترێت (demiurges)، لەکاتێکدا کە ئەم ڕەگەزە هیچ هەمبەرێکی لەزمانی ئینگلیزیدا نییە، چونکە لەزمانی ئینگلیزیدا هیچ ناوێکمان نییە بۆ ڕەگەزێکی پیشەیی وامان لێبکات کە بڵێین یەکەکانی (دارتاش) و (پزیشک) سەر بەڕەگەزێکی دیاریکراون، لەلایەکی تریشەوە لەزمانی ئینگلیزیدا یەکەی واتایی (پەتاتە) لەڕەگەزی (سەوزەوات)ە، بەڵام ئەم یەکەیە (kartful) واتە پەتاتە لەتوێی ڕەگەزی (gems) نییە، کە لە زمانی ئەڵمانی دەکاتە (سەوزەوات).«٧»

**ج- دژواتا (antonym)**

ئەم جۆرە بریتییە لە پێوەندییە دژواتاکانی (پێچەوانەکان)ی واتا، توێژەرەکان لەپێشدا وا گومانیان دەبرد کە ئەم جۆرە سەر بە (هاوواتا)کانە، بەڵام لەڕاستیدا وا نییە، هەروەکو لەپێشدا ڕوونمان کردەوە کە لەواقیعدا هاوواتای تەواو و ڕاستەقینە نییە، بەڵام چەندین جۆر دژواتا هەن.

گرنگترین جۆرەکانی دژواتا ئەمانەن:

١- دژواتای پلە بەپلە

وەکو: گەورە/ بچووک، باش/ خراپ. ئەم دژواتایەش بوار بۆ گوزارشت کردن لە پلە واتاییە پێچەوانەکان دەرەخسێنێت، وەکو: زۆر گەورە- گەورەتر، زۆر بچووک- بچووکتر- تاڕادەیەک بچووک.

٢- دژواتای تەواوکەر

ئەم جۆرە دژواتایە بوار بۆ گوزارشت کردن لە پلە واتاییە پێچەوانەکانی ئەم وشانە نارەخسێنێت، وەکو: ڕەبەن/ خێزاندار/ نێر/مێ، چونکە ناماقووڵە بڵێین زۆر نێرە، یان بڵێین تاڕادەیەک خێزاندارە.

٣- دژواتای پێچەوانە

ئەم جۆرە دوو ڕووی هەیە کە پشت بەیەکدی دەبەستن

وەکو: دەکڕێت/ دەفرۆشێت، یان باوک/ کوڕ.

**د- وێکنەچوو (Incompatibility)**

کۆمەڵە یەکەیەکی واتاسازی کۆکراوە دەچنە ژێر چەتری ئەم جۆرەی پێوەندی جێگۆڕکێیەوە، کە لە خودی ئەندامانی وتە واتاییەکانەوە، بۆ نموونە: سوور و سەوز.. تاد. یەکەی واتایی وێکنەچوون کە هەموو لەتوێی ڕەگەزی ڕەنگدان، چونکە ناتوانین بڵێین یەکەی واتایی (سوور) لەگەڵ یەکەی واتایی تردا وێکنەچوو نییە، وەکو یەکەی واتایی (خرۆکە)، چونکە شتێک دەشێت سووربێت، لەهەمان کاتیشدا خرۆکەش بێت، ئەمەش بێ گومان بە وێکنەچوو هەژمار ناکرێت.

بەڵام حاڵەتە ناوازە زمانەوانییەکان وامان لێ دەکەن گومان بەرین کە چەند بەکارهێنانێکی نارێسایی لەزمانی ئینگلیزیدا هەبن، چونکە دەبینین ڕەنگی ڕەش و سپی و خۆڵەمێشی هەمیشە لە تووێی ڕەگەزی ڕەنگدا نین وەکو ئەوەی کە بڵێین فلیمی ڕەش و سپی.

**و- هاوبەشی یەکە واتاییەکان**

لەو چەمکە واتاییە پێشڤەچوانەی کە پێوەندییان بەچەمکی هەستی ماناوە هەیە، ئەوانەیە کە زمانەوانی بەریتانی (جێڤری فێرس) (J.Firth) پێشنیاری کرد و ناوی نا (هاوبەشی یەکە واتاییەکان)، ئەم زانایە دەڵێت: «پێویستە وشە لەگوزەرگای کێڵگەی ئەو هاوبەشییەوە بزانین کە لە ناویدایە»، ئەم وتەیەش لەپرەنسیپی ئاراستە بنیادگەراییەکەی ئەو یەکە واتایانەوە درکاند کە لەگەڵ یەکدیدان و لەسەر بنەمایەکی پێشبینانە کاردەکەن.

بەم شێوەیە وشەی (شقار) شان بەشانی وشەی (شیعر)ە، وشەی (الصقر)یش شان بەشانی وشەی (مەڕ) دەبێت، جا وشە پێوەندارەکان (collocation) وشەگەلێکی پێشبینین دەربارەی یەکدی پێشبینی دەکەن. وشەی ڕێکوپێک (spick) دەربارەی وشەی پاک (span) پێشبینی دەکات وشەی دوو دڵ (addled) بەوشەی ئەقڵ (Brain)ەوە بەستراوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بیرۆکەی پەیوەست بوونە بیرۆکەیەکی ڕێژەییە، چونکە هەندێک وشە هەن کە پەیوەست بوونێکی جۆراوجۆر و شل و خاو بەدیار دەخەن، وشەی (Letter)، پێوەندی بە زنجیرەیەکی درێژی یەکە واتاییەکانەوە هەیە، وەکو: (ئەبجەدییەت)، لەلایەکی دیشەوە ئەو وشەیە بەیەکە واتاییەکانەوە پەیوەستە، وەکو (سندووقی پۆستە و نووسین).

سەربارى ئەوەش لێرەدا چەند یەکەیەکی واتایی لەئارادا هەن، کە پەیوەست بوونێکی پێشبینیکراویان نییە و لەسەر یەک ئاست و لەیەک چێوەدا بەکاردەهێنرێن، وەکو (get)،(have).

هەروەها پێویستە زاراوەی پەیوەست بوونی واتایی (collocation) و زاراوەی خستنی بەهزر (association of ideas) تێکەڵ نەکەین، چونکە ڕێچکەی کاری یەکە واتاییە پێوەندارەکان هیچ پێوەندی بەخستنە هزرییەکانەوە نییە، بەم شێوەیە یەکەی واتایی (قاوە) (coffee) دەشێت بە ئینگلیزی ببێتە سپی (white coffee)، هەرچەندە ڕەنگەکەشی قاوەییە (brown).

لەڕاستیدا پێوەندبوونی واتایی (collocation) لەنێوان زمانە مرۆییەکاندا جودایە، لەوانەشە ببێتە لەمپەرێکی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵ کردنی زمانە بیانییەکان، بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزیدا، واتای بەشێوازێکی دی غەیری ئەو شێوازەی زمانی عیبری گوزارشتی لێ دەکرێت، هەروەک لەم دوو ڕستەیەدا دیارە:

- we face problems and in-turret dreams (ئینگلیزی)

- we have to stand in front of problems and solve dreams (عیبری)

کاتێک کە بەزمانی ئینگلیزی دەڵێین: (ئێمە بەرەنگاری چەند گرفتێک دەبینەوە و ڕاڤەی چەند خەونێک دەکەین)، لە عیبریدا دەڵێین: (ئێمە پێویستە هەمبەر گرفتەکان ڕابوەستین و خەونەکان چارەسەر بکەین)، هەروەها لەزمانی ژاپۆنیدا کاری (دەخواتەوە drink) بە ئاو (water) و شۆربا (soup) و دەفری بچووک (fabled) و جگەرە (cigarettes)ەوە بەندە، پێویستە بزانین کە پەیوەست بوونی واتایی هەرچەندە چەسپاو بێ، ئەوەندە لە چەمکی گوزارشی زاراوەییەوە (idiom) نزیکە، کە پێویستە وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ نەک وەکو بەشێکی پەرتەوازە فێری ببین.

لە کۆتاییدا پێویستە ئێمە پەیوەست بوونی واتایی (collocation) کە هاوبەشییەکی واتاییە و چەند وشەیەکی دیاریکراو سەر بەون لەو پەیوەست بوونی

هزری- ئاکارییە (idiosyncratic) جودا بکەینەوە، کە هزرەکان لە نێوان خۆیاندا بە پەیوەست بوونێکی هزری- ئاکاری دەبەستێتەوە.

**٩- جیهانی بوونەکانی ڕەنگ و یەکە واتاییەکانی:**

چەمکی ڕەنگ بابەتێکی سەخت و زەحمەت و تەماوییە، چونکە ئەم چەمکە سنوورە واقعییەکان نازانێ، ئەمەش وای لە زانایانی واتاسازی کردووە، کە گرنگییەکی تایبەتی پێ بدەن، چونکە گەواهیدەرێکی واژەییە بۆ بەکارهێنانە واتاییە جۆراوجۆرەکانی بنیادی زمان:

- بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (١١)یەکەی واتایی سەرەکی ڕەنگ هەن، کە سپی (white) و ڕەش (black) و سوور (red) و سەوز (green) و زەرد (yellow) و شین (blue) و قاوەیی (brown) و مۆر (purple) و (پەمەیی – Pink) و پرتەقاڵی (orange) و خۆڵەمێشی (grey).

- لە لاتینیشدا هیچ یەکەیەکی واتایی هەردوو ڕەنگی قاوەیی و خۆڵەمێشی نییە، ئەو یەکە واتاییانەی کە گوزارشت لەم دوو ڕەنگە دەکەن، بەتایبەتی لە زمانەکانی سەر بەلاتینی و فەرەنسی، ئەوانە چەند یەکەیەکی خوازراوی گرووپی زمانی جرمانییەکانن (ئەڵمانی و ئینگلیزی).

- لە زمانی هیندی- ئەمریکی (ناڤهۆ)دا (Navaho) یەکەیەکی واتایی هەیە، بۆ گوزارشت کردن لە هەردوو ڕەنگی قاوەیی و خۆڵەمێشی، سەرباری ئەوەش ئەم زمانە لە ڕووی فەرهەنگییەوە جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەنگی سەوز و شیندا دانانێت، لەلایەکی تریشەوە لەم زمانەدا دوو وشە هەن کە گوزارشت لە ڕەنگی ڕەش دەکەن، وشەیەکیان بۆ ڕەشایی تاریکی و ئەوی تریش بۆ ڕەشایی بابەتەکان وەکو (خەڵووز- ڕەژوو).

- لە زمانی ڕووسیدا دوو وشە هەن کە گوزارشت لە ڕەنگی شین دەکەن کە هەردوو وشەی (gluon) و (sine)ن.

هەرچی زمانی ئینگلیزیشە وشەی هاریکاری تێدا بەکاردەهێنرێت بۆ ناسین و جیاکردنەوەی نێوان شین و نیلی (dark blue) و شینی ئاسمانی (sky-blue).

- لە زمانی هەنگاریدا دوو وشە هەیە بۆ گوزارشت کردن لە ڕەنگی سوور (red).

- لە ژاپۆنیشدا وشەی (awe) لەوانەیە ڕەنگی (green) یان شین (blue) یان ڕەنگێکی هەڵبزرکاو (pale) بگەیەنێت، ئەمەش دەوەستێتە سەر بەکارهێنانی ڕستەکە (کە لە بواری چەند یەکەیەکی وەکو سەوزەوات (سەوز) و دەریا (شین) و هەور (هەڵبزرکاو)ەوە دێت).

- لە چەند زمانێکی (غینیا)دا، تەنیا دوو وشە هەن، کە گوزارشت لە هەردوو ڕەنگی سپی و ڕەش دەکەن.

- لە زمانی هانۆنی فلیپینیدا (Hanno)، تەنیا چوار وشەی سەرەکی هەن کە گوزارشت لە ڕەنگەکان بکەن، کە ئەمانەن: ڕەش و سپی و سوور و سەوز.

- لە هەندێک زمانی ئەفریقیشدا وەکو (لشونەو باسە) زۆر سەختە کە ڕەنگەکان بە وشەکان گوزارشتیان لێ بکرێت. لەبەر ئەوە زۆر پێویستە نیگارکێشییەکی بۆ بکەین تا لە پۆلینکارییەکانی تێ بگەین:

| دوو زمانی ئەفریقیایی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئینگلیزی | نیلی | شین | سەوز | زەرد | پرتەقاڵی | سوور |
| شونە | سیپیرکا | سیتهما | سیسیپا | | سیپیرکا | |
| باسە | هوی | | | زیزا | | |

بەم جۆرە دەبینین جیاوازییەکانی زاراوەگەلی سەر بەڕەنگەکان لە زمانە هەمە جۆرەکاندا سەرسوڕهێنەرن.

ئەمەش وامان لێ دەکات کە بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو زمانێک سیستمی تایبەتی و هەڕەمەکی هەیە، بەڵام ئەو توێژینەوەی کە هەردوو توێژەر بیرلین (B. Berlin)و پۆکای (Pokey) ساڵی ١٩٦٩ پێشکەشیان کرد، پێچەوانەی ئەمە دەسەلمێنێت، ئەوەبوو پاش کۆڵینەوەی سستمەکانی ڕەنگ لە (٩٨)زماندا، ئەم دوو زانایە گەیشتنە ئەوەی گرووپێکی ڕەنگی کە لە (١١) ڕەنگ پێکدێت، هەموو زمانەکانی مرۆڤ بەکاریان دەهێنن، بەڵام ئەمە ئیدی دەرەنجامێکی ڕێژەییە و باسوخواسێکی زۆر هەڵدەگرێت.

جا پەیداکردنی تۆمارێکی باوەڕپێکراو و ڕاست و دروست، لە زاری قسە وێژانی زمانی زگماکەوە، گرفتێکی پرۆگرامیمان بۆ دروست دەکات، بەتایبەتی ئەگەر ئەم حوکمەیان لەسەر زمانگەلی دی بنیاد نرابێ، کە پێشوەخت فێربووبن، سەرباری ئەوەش هەندێک زمان هەن کە (١٢) زاراوەی سەرەکییان هەیە، بۆ نموونە زمانی ڕووسی، بەهەرحاڵ توێژینەوەکانی ئەم دوو زانایە

هەندێک خاڵی وێکچوویان لە تووێی زنجیرەیەکی زۆری زمانە جیهانییەکاندا چەسپاند.

**١٠- بەراووردکارییەکانی وشەگەلی خزمایەتی**

توێژەران لە کێڵگەیەکی واتایی دیکەیان کۆڵیوەتەوە، کە بە بەراوردکارییەکانی خزمایەتی ناوزەد دەکرێت، لەم بوارەدا چەندین جیاوازی و پێچەوانەییان لە تووێی زمانە مرۆییەکاندا دەستنیشان کراوە.

- زمــانی هەنگاری تاکــو ســەدەی (١٩) هەردوو زاراوەی (برا) و (خــوشک)ی تێـدا نەبووە، هەرچەندە دوو زاراوەی جیـای تێدا بووە، یەکێکیـان بۆ (برا- چ بچووک و چ گەورە) و ئەوی دیکەیشیـان (خوشک- چ گەورەو چ بچووک).

- زمــانی مــالیــزیش، یەک زاراوەی بۆ (ئامــۆزا- کوڕەمام) و (برا) و (خوشک)ی تێدایە.

- لە زمــانی ســویدیدا یەک زاراوەی ســەربەخــۆ بۆ (باپیر)یان (داپیرە) نییـە، بەڵکو بۆ (باپیرە- باوکی باوک) (far far ) و (باپیـــــــرە- باوکی دایک) (moor far) و (داپیـــــــــــرە- دایکی دایک) (murmur) بەکاردەهێنرێت.

- هەروەها لە یەکـێک لە زمـانەکـانی ئوسـتـرالیـادا زاراوەگـەلیک هەن، کـە گـوزارشت لە نەوە دوورەکـان دەکـەن، بۆیە دەتوانرێت، وشـەی (maili) بۆ (باپیر- باوکی باوک) و لە هەمـان کـاتیـشـدا بۆ خوشک (ژنی کوڕی) بەکاری بهێنێت، تێبینی ئەوەش دەکرێت کە ئەم دوو مانایە چەندە دوورن لەیەکەوە.

- لە لاتینیـشـدا جیـاوازییـەک لە نێـوان برای باوک (مامە) و خوشکی باوک (پلک) و برای دایک (خاڵۆ) و خوشکی دایک (میـمک)دا هەیە، بەرانبـەر بەمـەش زمــــانە تازەکــــان ئەم چەمکانـەیان لە دوو زاراوەی (uncle) مامەو خاڵۆ و (aunt) پلک و میمکدا چڕ کردووەتەوە، هەروەک زمـانی فەرەنسی کە ئەم شێـوازە کورت کراوەیەی تێدا ڕەچاو کراوە.

**١١- (نیشانە و جێناوەکان) (diesis)**

توێژەران بەهەمان شێوە لە (نیشانە و جێناوەکان)یان کـۆڵیــوەتەوە و چۆنێـتی دابەشکردنیــان بەســەر زمــانە مـرۆییــەکـاندا تاووتوو کـردووە، ئەو مـەرجـانەی کـە کـاریگەرییـان لەسـەر ڕەوشی بەکـارهێنانی ئەم زاراوانە هەیە، بوونەتە مـایەی ڕاکێـشـانی سـەرنجی زانایانی واتاسازی، ئەو زانایانە بینییان کە هەر زمانێک کۆمەڵە زاراوەیەکی تێدایە، کە لە دەلاقەی گـەڕانەوە بۆ بارودۆخ و شــوێنکاتی قــســەکــەرەکــە دەرکی پێ دەکــرێت، ئەم کۆمەڵەیەش لە تووێی سێ جۆری سەرەکیدایە.

- (نیـشـانە و جێناوە کەسییـەکان) وەکو (من و تۆ)، بەڵگەشە بۆ ئەو مرۆڤـەی کـە لە کـاتی ئاخـافـتندا قـسـە دەکات.

- (نیـشـانە و جێناوە کاتییـەکان) کە کاتەکان لەیەک جودا دەکاتەوە، ئەویش بەگەڕانەوە بۆ خودی قسـەکەرەکە وەکو: ئێستا و دوێنێ و ئەوکاتە، یان بەگەڕانەوە بۆ چەند جۆرێکی هێما کاتییەکان.

**١٢- هاوبێژی«٨»**

هاوبێـــژی وا دەگــەیەنێت کــە زاراوەی (lexeme) لەیەک مـانا زیاتری هەیە، بۆ نموونە یەکـەی زمـانەوانی (chip) یەک پارچەدار، یان خـۆراک وەک ئامـێـرێکی ئەلکترۆنی«٩» دەگەیەنێت، لە ڕاسـتیـدا قسـەکـەرانی زمانی ئینگلیزی لەم بارەیەوە هیچ گرفتێکیان نییە.

- زاراوەی (homonymy) مــانـای وایە کـــە دوو وشە، یان زیاتر هەن (lexemes) کە هەمـان شێـوەی زمانەوانییان هەیە، وەکو (bank) کە واتای باڵەخانە، یان ناوچەیەکی جـوگـرافی دەگـەیەنێت، جـا قـسـەکـەری زمانی ئینگلیزی بەهەمان شێوە سەبارەت بەم مەسەلەیە بەرەنگاری هیچ دژوارییەک نابێتەوە، چونکە ئەم یەکەیە لە دوو وشەی جودا پێکدێت.

- زاراوەی (homophones) مــانـای هاودەنگی دەگـەیەنێت، لە دوو یەکـە پێکدێت، کـە هەمـان وەتەرە دەنگییەکانیان هەیە، بەڵام لە ڕووی نووسین و واتاییەوە جـــودان، وەکـــو وشــــەی (threw) و وشـــەی (through)«١٠».

- زاراوەی (homographs) کـە مـانای هاوبەشی نووسـینە لە وشـەیەک پێکدێت، کـە خـاوەن شێـوەیەکی دەنگی وەتەری نـووسـینە، بەڵام بەدوو دەربڕینی جیـا، وەکـو وشـەی (Wind) لە زمـانی عـەرەبیـدا کــە بە (کــــەســــرە) (هەوا- با) (air movement) دەگــەیەنێت، بە ئەلفی نەرمــیش (گــیـــر و گـــواج) (پێچاوپێچ) (bend)«١١» دەگەیەنێت.

ئەم جیاکارییە بنیادگەرییە واتاییە زۆر ڕوون و دیارە فەرهەنگە زمانەوانییەکان بەشێوازێکی ڕوون و ئاشکرا چارەســەریان بۆ دۆزیوەتەوە، بەڵام مــەســـەلەکــە بۆ

تویژەرێکی واتاساز سانا نییە، کە لەبەراییەوە بڕیار بدات چ کارێک دەکات و چارەسەری چی دەکات، پاش ئەوەش فەرهەنگە زمانەوانییەکان هەندێک جار لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا جودا و دووبەرەکن، بۆ نموونە (table) کە کەلوپەلی ناومال دەگەیەنێت (furniture) و (table) کە لیستێکی ڕێکی تۆمارەکان دەگەیەنێت (arrangement)، یان دەتوانین بلێین کە دوو وشەی جودان، یان وشەیەکن بۆ دوو واتای جیاواز؟«١٢»

بەگشتی فەرهەنگەکان لەسەر ئەم ڕایەی دووەمن، چونکە هەردوو وشەکە وێکچووی یەکدین، بەلام لەلایەکی ترەوە تویژەری واتاسازی تووشی سەرلێشێوانێک دەبێت کە دەبینێت (pupil) کە دەکاتە قوتابی قوتابخانە (in school) و (Pupil) کە دەکا گلێنەی چاو (of the eye) هەردوو وا مامەلەیان لەگەلدا دەکرێت، کە دوو وشەی جۆراوجۆرن، هەرچەندە هەردووکیان لەیەک بنەچەوە هاتوون«١٣»

بەهەرحال ململانێی نێوان پێوانەی مێژوویی و پێوانەی هەنووکەیی لە چارەسەرکردنی (هاوبێژی) بە هەموو جۆر و ئاستەکانییەوە هەر بەردەوام دەبێت.

**١٣- پێکهاتە واتاییەکان (semantic components)**

ڕێگەیەکی دیش هەیە بۆ توێژینەوەی ماناکانی یەکە واتاییەکان (lexeme)، ئەویش لە گوزەرگای شیتەلکردنەوەی بۆ زنجیرەیەک لە (پێکهاتە واتاییەکان) یان (ئادگارە واتاییەکان) (semantic features)، یەکەی واتایی (پیاو) بۆ نموونە دەشێت لەسەر ئەو بنەمایە شیتەل بکرێت کە (بالغ) (مرۆڤ) (نێر)... تاد. دەگەیەنێت.

ئەم پرۆگرامە واتاییە زانایانی ئەنترۆپۆلۆژیا دایانناوە و بەکاریان هێناوە، ئەویش بۆ ئەنجامدانی ووردەکارییەکی وشە زمانەوانییەکانی تووێی کۆمەلگا و ڕۆشنبیرییە هەمە چەشنەکان، کە پاش ئەوانیش واتاسازان وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ شیتەلکاری ماناو لقوپۆپەکانی بەرەو پێشیان بردووە.

هەموو ئەو سیستەمە پێوەندییانەی کە بەیەکەوە پەیوەستن، دەشێن لە گوزەرگای بەکارهێنانی کۆمەلێکی بچووکی (ئادگارە واتاییەکان)ەوە بنیاد بنرێن، بۆ نموونە ئادگارەکانی وەکو (بالغ/ نابالغ) و (نێر/ مێ) دەکرێ بەم شێوەیە بەکاربهێنرێن.

- پیاو: (بالغ، نێر)
- ئافرەت: (بالغ، مێ)
- کوڕ: (نابالغ، نێر)

دەشتوانین هەمان ئەو ئادگارانە لە جیهانی ئاژەلاندا بەکاربهێنین، هەروەک لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دیارە:

| ژ | نێر | مێ | نابالغ |
|---|---|---|---|
| ١ | گا | مانگا | گوێلک |
| ٢ | بەران | مەڕ | کاور |
| ٣ | بەراز | بەرازی مێ | بەچکەی بەراز |

بەراوردکارییەکانی ئەم شیتەلکارییە واتاییە بەگشتی لە بواری بەکارهێنانی ئاماژەی (+) یان (-) دەبەسترێت، کە لە وێنەیەکی دیاریکراودا دادەنرێت، وەکو (+ نێر- مێ) یان (+ مێ - مێ).

بۆ کورت کردنەوەی زانیارییەکانی پێشوو دەتوانین بۆ یەکەکانی خوارەوە شیتەلکارییەکی واتایی بکەین بەم شێوەیە.

| | گا | بەران | بەراز | مانگا | مەڕ | بەرازی مێینە | گوێلک | مەڕ | بەچکە بەراز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | + | + | + | - | - | - | (+/-) | (+/-) | (+/-) |
| مێ | - | - | - | + | + | + | (+/-) | (+/-) | (+/-) |

لە ڕاستیدا ئەم شیتەلکارییە واتاییە لەگەل ئالۆزبوونی یەکە واتاییەکان زیاتر گرنگی وەردەگرێت، با ئێستا چەند نموونەیەک دەربارەی هەندێک لە چەمکە مرۆییەکان (کار)ەکان بهێنەوە.

| | سروشتی | پەلە | بەیەک ئاراستە بۆ پێشەوە | هەمیشە پەلە پێی لەسەر زەوی |
|---|---|---|---|---|
| دەڕوات | + | - | + | + |
| خلیسکێ دەکات | - | + | + | + |
| ڕادەکات | - | + | + | - |
| سەردەکەوێت | - | - | + | + |

جا له بواری بەکارهێنانمان بۆ ئەم شیتەڵکارییە واتاییە دەتوانین بە ئاسانی کەلێنە واتاییەکانی (semantic gaps)ی هەر زمـــــانێک بدۆزینەوە، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی پێشوو زاراوەی (یەکەی واتایی) دەرناخات، کە گوزارشت لە چەمکی ئەو مرۆڤە بکات، کە پێیەکانی بۆ بزاوت کـردن و جـوولە بۆ پشـــتـەوە بەکـاردەهێنێت، لەلایەکی تریشەوە هیچ سانا نییە، کە ئادگارە واتاییە گـونجـاوەکـانی ئەم زاراوەیە بچەسـپـێنین، کـە ئایا شێوازێکی دووانەیی (+/-) پراکـتیزە دەبێ یان نە‌ء: ئایا ئەم (کار)ە.

مـەلە دەکـات بۆ نموونە (+ خـێـراکـردن)ە، زاراوەی شۆربا، ئایا (+ خواردن) یان (- خواردن)ە؟.

## ١٤- واتای ڕستە

توێژینەوەی واتا پەلکێشمان دەکاتە ناو تاووتووکردنی پلەکانی لەسەرتاپای جەستەی زمانەوانیدا، لە هەمان کاتیشدا سەختی و دژواری کێشانی هێڵێکی ڕوون و جیاکەرەوە سەبارەت بە پێکهاتەی واتایی هەر چێوەیەکی زمانەوانی دەچەسپێنێت، لە پێشدا بایەخ پێدانەکان هەمـوو لەسەر مانای وشەکان چڕ دەبوونەوە، بەڵام ئەمڕۆ واتاسازی تازە بایەخ بەشیکردنەوەی مـانای ڕسـتـە دەدات، یان بەلای کەمییەوە بایەخ بە ڕووەکانی مانای ڕستە دەدات، ئەو ڕووانەی کە توێژینەوەی یەکە واتاییە گـۆشـەگـیرەکـان (lexemes) ناتوانن بە تەنیـایی بیاندۆزنەوە.

### أ- واتای دەنگی (عەرووزی)

واتای دەنگی ئەو مـانایەیە کـە ڕێچکەی دركـاندنی ڕستـە بە بەکارهێنانی ڕووی دەنگی زمان پەیدا دەبێت، چونکە هەر گۆڕانکارییەکی ڕەچاوکراو لە جەخت کردنەوە بۆ نموونە شیمانەی ئەوە هەیە کە پەلکێشمان بکاتە ناو جەنجـاڵی ڕاڤـەکـردنێکی پەلە و بەگوڕی ڕسـتـەوە. هەر ڕستەیەک لەم ڕستـانە مـانایەکی تایبەت و جیـاوازیان هەیە کە لە بەکارهێنانی نەبرەی دەنگییـەوە سـەرچاوە دەگرێت.«١٤»

1- Johns bought a red car (not a red bicycle).

جـۆن ئۆتۆمـبـێلێکی سووری کـڕی (نەک پاسکیلێکی سوور).

2- Johns bought a red car (not agree one)

جۆن ئۆتۆمـبـێلێکی سـووری کڕی (نەک ئۆتـۆمـبـێلێکی سەوز).

3-Johns bought a red car (not bill).

جۆن ئۆتۆمبێلێکی سووری کڕی (نەک بێڵ).

پێوانەی دەنگی وامان فێر دەکات کە ئەو زانیارییەی کـە بەشـێـوەیەکی ئاسـایی لە ڕسـتـەوە فـێـری دەبین (مانایەکی کۆنە) و بەهەمان شێوەش فێرمان دەکات کە بەدەستهێنانی زانیارییەکی تایبەت دەربارەی ئەو ڕستەیە (مانایەکی تازەیە).

### ب- واتای ڕێزمانی (پێکهاتەیی)

ئەو قسـانەی کە لەسەر بنیـادی شیـتەڵکاری ڕێزمـانی دامەزراون دەشێت لە ڕووی واتاییەوە شیتەڵ بکرێن.

بۆ نموونە ئەم ڕستەیە:

(جۆن دوێنێ کتێبێکی خوێند)

-John read a book yesterday

subject+ verb+ object+ adverbial

بکەر کار بەرکار ئاوەڵکار

ئەم ڕسـتـەیەی سـەرەوە دەتوانین لە ڕووی واتاییـەوە شیتەڵکاری بکەین و بڵێین کە لەم شتانە پێکهاتووە:

بکەر، کارێک دەکات و کارەکە دەکەوێتە سەر بابەتەکە لە کاتێکی دیارکراودا.

لە ڕاستـیـدا زۆر شت هەن کـە دەکـرێت دەربارەی ڕۆڵە واتاییـەکـان (semantic roles) بیـدرکـێنێ، کـە توخـمـە ڕێزمـانییـەکـان ئەنجـامی دەدەن، ئەم پرسـەش دەکەوێتە نێوان کێڵگە واتایی و کێڵگە ڕێزمانییەکان.

### ج- واتای کردارەکی (پراگماتیکی)

ئەو فەرمانەی کە ڕستە لە تەواوی ئاخفتندا گەڵاڵەی دەکات، پێویستە بەهەند وەربگیرێت، مانا لە ڕستەیەکی ئینگلیزی وەکو (there is some chalk on the floor) (هەندێک تەباشیـر لەسـەر زەویدایە) ڕوون و ئاشکرایە و هیچ تۆزێکی لەسەر نییە، بەڵام ئەم مـانایە هەندێ جـار لەوانەیە پرسـیـارکـردن بێت لە حـاڵەتێکی ڕاسـتـــەقــینە: واتە بگـوترێت: (have you any chalk) (ئایا هیچ پارچە تەباشـیرێکت بینیـوە؟). لە هەندێک حاڵەتی دیکەشدا لەوانەیە کە ئەو ڕستەیە وەکو فـەرمـانێک شـرۆڤـە بکرێت. بەتایبـەتی کـاتێک کـە

مامۆستا فەرمانێک بە قوتابییەک دەدات بە ئاماژەکردن بۆ تەباشیرەکەی سەر زەوی واتە: تەباشیرەکە هەڵبگرە. بەهەرحاڵ توێژەران ئەمڕۆ لەو مانا فەرمانیبیانەی ڕستەدا ڕۆچوونە کە ئاوێتە و تێکهەڵکێشی واتاییەکان دەبن.«١٥»

**د- واتای کۆمەڵایەتی**

هەڵبژاردنی ڕستە دەشێت کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بکاتە سەر پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان قسەکەران (بەشداربووانی پرۆسەی پەیوەست بوون) بەتایبەتی ئەو ڕستەیەی کە وشەکان پێوەندییان بە چەمکی ئەدەب و (زبری) و (ماوە)وە هەیە... تاد.

کە ئەویش بە دەوری خۆی کاریگەری لەسەر بارودۆخمان و ڕۆڵمان لە توویێی ئەو کۆمەڵەی تێیداین هەیە.

کاتێک کە گوێگر پرسیارێکی لە لایەن قسەکەرەوە ئاراستە دەکرێت (مەبەستت چییە کە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵ دەکەیت) ئەم شێوازە مەسەلەی گەورەتر لەو مانایەی کە یەکە واتاییەکە و ڕستەکە گەلاڵەی دەکەن دەوروژێنێت، چونکە لێرەدا شێوازێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەوروژێنێت کە لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو و خاوەن شیفرەیەکی واتایی دیاری کراوەوە بەرهەم هاتووە.

**هـ- واتای هەڵگری (فەلسەفی)**

گرنگترین ئاراستە لە واتاسازیدا گەڕانە بەدوای مانای ڕستەدا، ئەویش بەهەماهەنگی چەند بیروبۆچونێک کە لە فەلسەفە و لۆژیکەوە وەرگیراین.

لەم جۆرە ئاراستەیەدا پێویستە جیاوازییەک لە نێوان ڕستە و نێوان هەڵگرەکاندا بکەین (propositions) هەڵگریش یەکەیەکی واتاییە کە لە گوزەرگای بابەتی ئەو حاڵەتەی کە باسی لێ دەکات، پێناسە و ڕوونکردنەوەی خۆی دەخاتە ڕوو.

ئەم یەکەیە حاڵەتێک وەسف دەکات و شێوەی ڕوون و ڕاشکاوی ڕستە وەردەگرێت (declarative) وەکو (John loves mar)، لەم ئاراستەیەدا (کە واتای ڕاستەقینەی مەرجدار یەکێکە لە پرەنسیپەکانی) ڕستەکان، کە ڕستەکان گوزارشتیان لێ دەکەن، دەشکرێت ئەم هەڵگرانە بۆ زانینی ئەوەی کە ڕاستەقینەن یان درۆن بپشکنرێن بە گەڕانەوە بۆ جیهانی واقیع (واتە پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا)، لە ڕاستیدا ئەم تیۆرانە چۆک بۆ مشتومڕ و وتوویژ دادەدەن و نیازمەندیشیان بەشارەزاییەکی لۆژیکی شکڵی هەیە تاکو دەرک بە کرۆکی ماناکەیان بکەین. بەهەرحاڵ ئەمانە تیۆرگەلێکن کە تارادەیەک بەشداری لە شرۆڤەدانێکی گشتی دەکەن سەبارەت بە تێبینییە واتاییەکانی زمان.

**١٥- ڕێزمان یان واتا؟**

سنوورە تەماوییەکانی نێوان مانا و ڕێزمان (ماناو بنیاد) گرفتێکی دێرینی تیۆری زمانەوانییە و دەشتوانین لە گوزەرگای چەند ڕستەیەکی ئاساییەوە بەڵگەی لەسەر بێنینەوە، بەڵام بەشتێکی ناوەندی نێوان ڕێزمان و مانا هەژمار دەکرێت، هەندێک ڕستە هەن کە دەکەونە نێوان گوزارشتی زاراوەیی وەکو (it is raining cats and dogs) (واتە پشیلەو سەگ دەبارێ: ئەمە ڕستەیەک گوزارشت لە بارانێکی بەخوڕ دەکات) و نێوان ئەو ڕێزمانەی کە ڕێسا زمانەوانییەکان بەکاردەهێنێت وەکو: (the man kicked the ball) (واتە پیاوەکە پێ لەقەی لە تۆپەکەدا= کە مانایەکی فەرهەنگی ئاسایی دەبەخشێت)، لە توێژینەوەیەکی واتاییدا گوزارشتە بەکارهێنراوەکان بەشێوەیەکی ئاسایی و سەرچاوەی لە زماندا کۆکرانەوە، ئەم گوزارشتانە لەسەر یەک یەکەی واتایی کە (think) بنیاد نراون، ئەم توێژینەوەیە ئەم دەرەنجامانەی لێ کەوتەوە:

کاتێک کە بیرم لە مەسەلە کردەوە ئەوکاتە من
- comet think of it
ئایا ڕات چییە؟ - what do you think
گەیشتمە چارەسەرییەکی باشتر
-I thought better of it
گوێ بە پرسەکە مەدە -think nothing of it
پێش بڕیاردان بیر لە پرسەکە بکەرەوە.
- think it over
پرسێکی پوچە و شایانی بیر لێ کردنەوە نییە
- it doesnt bear thinking about.
وامزانی کە شارەزاییت لە پرسەکەدا هەیە
- I thogh you knew.
من وای دەبینم (سەبارەت بە ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر پرسێک) - I think so.
ئەوەی کە دەبینم ئەوەیە - What I think is.

به دەنگێکی بەرز بیر دەکەمەوە -I was just thinking almond

کێ ئەم شتەی بەبیردا دەهات - who would have thought it?

خۆت بەچی دەزانیت - Who do you think you are?

ئەو توێژینەوە واتاییە سەلماندی کە خەڵکی ئەم جۆرە گوزارشتانە دەپارێزن، وەک بەشێک لە پرۆسەی بنیادی ئاخافتنی پەیوەستدار و کارپێکراو، چ لەڕووی درکاندن و چ لەڕووی قسەکردنەوە (لەبەر ئەوەی کە ئەم دیاردەیە لەزمانی نووسیندا تێبینی کراو نییە).

لەلایەکی تریشەوە ئەم توێژینەوەیە دەستی خستە سەر ئەوەی کە ئەم فۆرمەلە ڕستەییە باوەڕپێکراو و زنجیرەکراوە فۆرمەلەیەکە لە ڕووی بنیادەوە چەسپاو نییە، هەروەک لە گوزارشتە زاراوەییە چەسپاوەکاندا (idioms) بەدی دەکرێت، پاشانیش دەکرێت ماناکەی لە گوزەرگای ئەو یەکە واتاییانەوە (lexemes) بزانرێت کە یاوەرین.

دەرەنجام: بەکارهێنانێکی یەکە زمانەوانییەکان لەئارادا هەیە کە دەکەوێتە نێوان ئەو پرۆسە ڕێزمانییەی کە جەخت لەسەر جۆرەکانی ڕستە بەرهەمهێنراوەکان دەکات و نێوان ئەو پرۆسە واتاییەی کە جەخت لەسەر ئەو ئەگەرانە دەکات، کە لە وشە تایبەت و دیاری کراوەکانەوە سەرهەڵدەدەن.

**بڕوانە: د. مازن الوعر، دراسات نحوية و دلالية و فلسفية في ضوء اللسانيات المعاصرة، دارالمتنبي للطباعة والنشر، سورية- دمشق، ٢٠٠١، ص٣١-٥٨.**

**پەراوێزەکان:**

**١- فەیلەسووفەکانی یۆنان یەکەم کەس بوون کە باسیان لە سروشتی واتا کردووە: ئایا واتا ئیلهامە، یان ڕێکەوتە، ئەم مەسەلەیەشیان لەدوو ئاراستەی جوداوە تاووتوو کردووە، یەکەمیان: ئاراستە سروشتییەکەیە کە ئیلهامە و ئەفلاتوون لەسەر ئەم باوەڕەبووە، ئەم بۆچوونە لەوەدا چڕ دەبێتەوە، کە پەیوەست بوونێکی ناوەکی سەرەکی و پۆزەتیڤانە لەنێوان دەنگ و ئەو وشەیەدا هەیە کە ئاماژەی بۆ دەکرێت، (واتە لەنێوان ئاماژە و واتادا) دووەمیش: ئاراستە دانراوەکەیە (ڕێکەوت) کە ئەرستۆ لەسەر ئەم ڕایە بووە، لەم ئاراستەیەدا ئەوە مەبەستە کە ئەم پەیوەست بوونەی نێوان بەکارهێنەرانی زماندا بەڕێکەوت دانراوە، بەهەرحاڵ هەردوو حاڵەتەکە ڕێژەیین، چونکە گەر تیۆرە سروشتییەکە ڕاست بێت، ئەمە مانای وایە کە ئێمە دەتوانین مانای وشەکان هەر بەگوێ لێبوونێک بزانین، ئەمەش مەعقوول نییە، مەگەر تەنیا ئەو وشانەی کە دەنگەکانی ئاماژە بەواتاکانی دەکەن، وەکو (وەڕین)، (حیلەی ئەسپ)، (لوورەی گورگ)، (خشکە)...تاد. تەنانەت ئەم دەنگانەش لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی دی دەگۆڕێن، هەرچی تیۆری دانراویشە لەڕاستەقینەوە نزیکە، ئەم تیۆرە جەخت لەسەر هەڕەمەکی بوونێک دەکات کە لەنێوان وشەکاندا هەیە، جگە لەو شتانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن، کە ئەم تیۆرە واتاسازی تازە پەیڕەوی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین کە زمانەکان هەموو لەڕێکەوتنی دانراوە سەرچاوەیان گرتووە، کە لەنێوان قسەپێکەرانیاندا بۆ ناوهێنانی شتەکان دەستنیشان دەکرێن، ئەم ئاکارە وا پێویست دەکات کە شێوەیەکی پێشینەی زمان هەر لەپێش مرۆڤەوە بوونی هەبێت، کە لەپاشاندا بۆ زمان پشتی بەم شکڵە بەستووە (نووسەر).**

**٢- ئەمەش بێ گومان شێوازێکە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا جیایە، کە بەوشەی دی گوزارشت لەم چەمکانە دەکات: بۆ نموونە برای دایک (خاڵۆ)یە و برای باوک (مام)ە و خوشکی دایک (میمک)ە و خوشکی باوک (پلک)ە. (وەرگێڕ).**

**٣- ئەم گوزارشتە زاراوەیە هاوکوف و هاومانای ئەو گوزارشتەی زمانی عەرەبییە، کە دەڵێ (فلانە کەس تەمەنی خۆی پێ بەخشێت)، یان (فلانە کەس چووە لای هاوەڵی باڵا)، یان (فلانەکەس بۆ دراوسێیی خودا گواستییەوە)، یان (فلانەکەس بۆ ژێر بەزەیی خودا گواستییەوە) کە هەموو ئەم گوزارشتانە مانای (مردن) دەگەیەنێت. (وەرگێڕ).**

**٤- توێژەرەوە ئەڵمانەکان یەکەم کەس بوون کە پرۆگرامی زمانەوانی پراکتیزەکراوی سەر کێڵگە واتاییەکانیان دانا، ئەم کارەش هەر لە سییەکانی سەدەی پێشوو و لەساڵی (١٩٣٠)دا ئەنجام درا، لەیەکێک لەو توێژینەوە بەرایییانەی کە (ج. ترير j.Trier) ساڵی (١٩٣٤) ئەنجامی دا دەبینین چۆنێتی گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەکانی کێڵگە واتاییەکان لەئان و زەمانە هەمە جۆرەکاندا دەخاتەڕوو، وشەگەلی زمانی ئەڵمانی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا و لەماوەی یەک سەدەدا گۆڕانکاری بێ وێنەی سەبارەت بەزانست و زانینی بەخۆوە بینیوە، لەساڵی (١٢٠٠) هیچ کێڵگەیەکی واتایی جودا (وەکو ئاوەڵناو) بۆ وشەی (زیرەکی) لەم زمانەدا نەبووە، بەڵام پاش سەد ساڵ لەو مێژووەوە وشەکان پێشڤەچوون و ماناکانیشیان لق و پۆپیان هاوێشت. (نووسەر)**

**٥- مەبەستمان لەپێوەندییە (پێکهاتەییەکان- گونجاوییەکان) (systematic) پێوەندی توخمی زمانەوانییە لەگەڵ توخمەکانی دی ئەو بوارە زمانەوانییەی کە گرتووەتەخۆ، لەکاتێکدا**

(جـێگۆڕکـێی) (paradigmatic) مـانای پێـوەندییـەکـانی زمانە لەگەڵ ئەو توخمانەی کە لەوانەیە جێگۆڕکێ لەگەڵ هاوکوف و جـێگرەوەکانی شایسـتەی خـۆیان بکەن، بۆ نموونە گەر بڕوانینە ڕسـتـەی (the cat is on the mat)، دەتوانین باس لە پێـوەندییـە گـونجـاوینەکـانی نێـوان هەردوو وشـەی (cat, mat) بـکەین، بەڵام ئەگـەر ئەم ڕسـتـەیە (the dog isotherm mat) بە (the dog isotherm mat) بەراورد بـکەین، ئەوکـاتە خـۆمـان هەمـبـەر پێـوەندییـەکی جـێگۆڕکـێـیانەی هەردوو وشەی (dog) و (cat) دەبینینەوە. بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە (علم الدلالة) ف. ر. بالمر ترجـمـة (صـبـری ابراهیم السید)(١٤٣٠، ص١٩٨٦) (وەرگێڕ).

٦- زانایانی عـەرەبی دێرین، باسـیـان لە دیاردەی (هاووا‌تا) کـردووە و لەم بارەیەوە بیـروبۆچوونی خـۆیان خـسـتـووەتەڕوو، هەندێک لەو زانایانە پشـتگیری لەهاووا‌تاکـان دەکـەن و باوەڕیان بەوە هەیە کە هاووا‌تا لەزمـاندا هەیە، کـەچی هەندێکیشـیـان دان بەهاووا‌تا نانێن، لێرەشدا گرنگ ئەو ڕەوشـەیە کە دان بەهاووا‌تا نانێت، بەڵگەشـیـان لەسـەر بۆچوونەکـەیان ئەوەیە کـە هەمـوو مانایەک بەکارهێنان و ڕێچکە و شێـواز و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی و پێگەی زمـانەوانی خـۆی هەیە، بەناوبانگتـرین ئەو توێژەرانە (الجـاحظ)ە کـە لەڕووی شێـواز و سـۆز و جـوگـرافـیـا و دەنگ و کـێشـەوە جیـاوازییـەکی خسـتـە نێـوان وشـەو هاووا‌تاکـانەوە، بەم شـێـوەیە (غـیث- باران) دەگـەڵ (مطر- باران)دا لە ڕوانگەی (جـاحظ)ەوە جـودان و یەک مـانا ناگـەیەنن، چونکە مـانـای هەر وشـەیەک لەم دوو وشـەیە بەکـارهێنان و پێگەو جیـاوازی خـۆیان هەیە، هەرچەندە دوو وشـەکـە هاووا‌تان، بەڵام (مطر- باران) لەبواری تووڕەیی خـواداو (غـیث- باران) لەبواری ڕەحـمـەت و بەزەیی یەزدانیدا بەکاردەهێنرێت...تاد.

بۆ زیاتر شارەزابوون بڕوانە: (البیان والتبیین) للجاحظ، المجلد الاول، (ص٢٠- ٢٥٠). تحقیق عبدالسلام هارون. (وەرگێڕ)

٧- ئەم دیاردەیە بەڕوونی لەجـیـهـانی ئاژەڵاندا دەردەکـەوێت لەزمانی ئینگلیزیدا ئاژەڵ یەکەیەکی واتایی تەماوییە، چونکە ئەم یەکەیە لەسێ ئاستی هەرەمیدا بەکاردەهێنرێت:

أ- بۆ ڕەگەزی شتە زیندووەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە دژواتا دەبێـتەوە دەگەڵ یەکەی واتایی سەوزەوات، بەڵام وشەکانی وەکو (پەلەوەر، ماسی، زیندەوەران) لەخۆ دەگرێت.

ب- دژواتای یەکـە واتاییـەکـانی وەکـو پەلەوەر و مـاسی و زیندەوەرانە، کـەچی وشـەکـانی وەکـو مـرۆڤ و دڕندەکـان لەخـۆ دەگرێت.

ج- دژواتای یەکـەی واتایی (مـرۆڤ) و بەگـشـتی هاودژیەکـان لەم وێنەیەدا دەردەکەوێت.

٨- هاوبێـژی لە دیاردەکـانی زمـانی کـوردی و عـەرەبییـە، زانا عـەرەبە دێرینەکـان بە وردی و گـشـتگیـری تاووتوویان کـردووە، بەتایبـەتی (ابن جنی) لە کـتـێـبـەکـەی خـۆیدا (الخـصـائص) و (السیوطي) لە کتێبی (المزهر) و جگە لەوانیش چەندین زانای دی عەرەب لە کتێبێکی جۆراوجۆردا باسیان لێوە کردووە. (وەرگێڕ).

٩- زۆر وشە لە زمانی عەرەبیدا زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرن، وەکـو: وشـەی (عین) کـە مـانای چاوی سـاحـیـرانەیە، لە هەمـان کـاتیـشـدا چاوی مـرۆڤ و سـەرچاوە (عین)ی ئاو و چاو (عین)ی حـاکم و فـەرزی (عـەین) واتە فـەرزی سـەریەک تاکـە کـەسـێک دەگرێتەوە... تاد. (وەرگێڕ)

١٠- دیاردەی هاودەنگی لە زمـانی عـەرەبیـدا زۆر بەربڵاو و فراوانە، وەکو نموونەش: (ما انقطع/ ومن قطع) (جاری/ وجار) وەرگێڕ.

١١- دیاردەی هاوبەشی نووسین دیسـانەوە لە زمـانی عـەرەبیـدا بەفراوانی بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: (ئاخافتن- الکلام) کەفـەتحە لەسـەر پیـتی (ک)ەکـەی بێت مـانای قـسـەکـردنەو (الکلام) کـە کەسرە لەژێر پیتی (ک)ەکەی بێت مـانای (برین-زام) دەگەیەنێت، هەروەها (الکلام) کە زەممە لەسەر (ک)ەکەی بێت، زەوی بەپیت و چاک دەگەیەنێت. (وەرگێڕ).

١٢- ئەم گرفـتەش بەهەمـان شێـوە بەخەست و خـۆڵی لە بواری زمـانەوانی عـەرەبیـدا باس کـراوە ئەویش لەبەر ئەوەی کـە توێژەری واتاسازی جاری وا هەیە لە پۆلێنکردنی هەندێک وشە بۆ هەندێک خـانەی واتایی دیاریکراو سـەری سـوڕ دەمـێنێت، ئایا دەتوانین وشەی (ضرب) کە مانای ئەنجامدانی کاری لێدانە و (ضرب)ێکی تریش کـە مـانای حیـسـاب و موحـاسـەبەکـردنە بەدوو وشـەی جیـا دابنێین!! یان هەردووکـیـان یەک وشـەن و دوو مـانای جیـاوازیان هەیە ؟! گرفتەکە لەلای ئێمە کاڵتر و سووکترە، ئەویش لەبەر بوونی تیـۆری ڕیشـەگـەرایی کـە لە زمـانی عـەرەبیـدا هەیە و هەمـوو ئەو مـانایانە بۆ یەک ڕەگ کـە (ض، ر، ب)ەیە دەگـەڕێنێـتـەوە، بەڵام گرفـتـەکە لەبەر دووری هەردوو مـانای ڕەگـە زمـانییـەکـە (کـامـەران لێدانـێکی بە ئازاری لە ڕزگاردا) و (کامەران خشـتەی بیستەکانی لە خشـتـەی سـیـەکـاندا) (کـامـەران شەشـەکـانی لە پێنجـەکـاندا) (وەرگێڕ).

١٣- لە زمـانی عـەرەبیـدا هەمـان گـرفت بەرەنگار دەبێـتـەوە بۆ نموونە لە وشـەیەکی وەکـو (کـتب) کـە مـانای ئەنجـامـدانی کـاری (نووسین)ە و (کتب)ە، کە مانای فەرزکردنی ئایینییە، ڕاستەوخۆ ئەم دوو وشـەیە یەک ڕەگـیـان هەیە، کە ئەم پیـتانەن (ک. ت. ب) بەڵام هەردوو ماناکە زۆر لەیەکدییەوە جیاوازن (کامەران نامەکەی نووسی) (یا أیها الذین أمنو کتب علیکم الصیام کما کتب علی الذین من قـبلکم لعلکم تتـقـون). وشـەی (کـتب) لێـرە فـەرزکردنی ڕۆژووگـرتـن دەگـەیەنێت، واتە (ئەی باوەڕداران خـودای گـەورە ڕۆژووی لەسـەرتـان فـەرزکـردووە هەروەک ئەو ڕۆژووەی لەسـەر

ئوممەتانی پێش ئێوەش فەرزکرابوو، ئەم فەرزکردنەی ڕۆژووش بۆ ئەوەیە بەشکو بەتەقوابن و بەو تەقوایە ترسی خوداتان لەدڵدا زیاتر بێت (وەرگێڕ).

١٤- ئەم پێوانە دەنگییە واتاییە لە زمانی عەرەبیدا هاوشێوەکەی پێوانەی ڕێزمانی واتاییە، چونکە مانا هەمەچەشنەکان لێرەدا لە پاشخستن و پێشخستنەوە سەرچاوە دەگرن، واتە کە دەڵێم (ئۆتۆمبێلە سوورەکە کامەران کڕی)، لەم حاڵەتەدا من ئەو شتە نەفی دەکەم، کە بڵێم (کامەران پاسکیلێکی سووری کڕیوە)، کاتێکیش کە دەڵێم (کڕیوەتی کامەران ئۆتۆمبێلێکی سوور)، ئەوە مانای ئەوەیە کە من جەخت لەسەر ڕەنگی ئۆتۆمبێلەکە دەکەمەوە، ئەویش لە گوزەرگای ئەو شێوازەوە کە لەلای ڕێزمانزانەکانی عەرەب بە (قطع الصفة عن الموصوف) ناسراوە، (واتە بڕینی سیفەتەکەو جوداکردنەوەی لە کەسە وەسفکراوەکە) واتە وشەی (سوور) لێرەدا سیفەتی ئۆتۆمبێلەکە نییە، بەڵکو (گوزارە) بۆ (نیهاد) حەزف کراو کە خەملاندنەکەی (سوور)ە، کاتێکیش دەڵێم (کامەران کڕی ئۆتۆمبێلی سوور) لەم حاڵەتەدا جەخت لەسەر خودی (کامەران) دەکەمەوە، چونکە ڕستەکە وەڵامدانەوەو پرسیاری کەسێکە پرسیار دەکات: (کێ کڕیوەتی ئۆتۆمبێلێکی سوور) بۆ شارەزابوونی زیاتری ئەم بابەتە: راجع الكتاب القيم (دلائل الاعجاز) للجرجاني (وەرگێڕ).

١٥- مانای کردارەکی لە ڕستەی عەرەبیدا فراوانە و چەندان لق و پۆپی هەیە و زانا عەرەبەکان بەتایبەتی (جاحظ) و (جورجانی) بەچڕی باسیان لێوە کردووە، چونکە ڕستەی (پرسیاری- استفهامی) عەرەبی یەک مانای پرسیارانەمان لا دروست ناکات، بەڵکو ماناگەلێکی خاوەن چەند کردارەکی و فەرمانمان بۆ دروست دەکات، کە هەندە پشت بە بنیادی ڕستە نابەستێت، بەو ڕادەیەی کە پشت بە فاکتەرەکانی دەرەوەی بنیادەکەوە دەبەستێت، وەکو فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و ڕۆشنبیری و فاکتەرە ڕیسکییەکان کە سەرچاوەکەی (دەق)ە و دەشتوانین لەم نموونانەی خوارەوە دەرک بەم شتانە بکەین:-

١٦- ئایا تۆ لە دۆزەخیان ڕزگار دەکەیت؟........ مانای (نەفی کردنە).

١٧- چۆن پێغەمبەرێکە خۆراک دەخوات وەک ئێمە و لە بازاڕیشدا ئاسایی دەڕوات بەڕێوە..... (سەرسوڕمان).

١٨- ئایا ڕووداوی سوور ڕەگەکەی دەزانێ و ئایا دەشزانێ کە کام لە ئاو بەخششەکانی ئەو ڕووداوە هەورەکانە؟.. (ئاوات خواستن).

١٩- ئایا دڵ و دەروونمان بۆ کراوەو والانەکرد؟... (بڕیاردان).

٢٠- منیان لە کیس خۆیان دا کە هەرزەکارێک بووم بۆ ڕۆژی جەنگ و سەنگەرگرتن بەکەڵک دەهاتم؟.... (بە گەورە زانین).

٢١- ئەمەیە کە خودا بە پێغەمبەر بۆ ئێمەی ناردووە؟..... (بەکەم زانین).

٢٢- کەی خوا سەرمان دەخات؟ چەند چاوەڕێم کردی؟..... (دێربوون).

٢٣- ڕۆژهەڵاتی زەوی لە کوێ و وڵاتی ئەندەلووس لە کوێ؟ من لە کوێ و تۆ لە کوێ؟..... (بەدوور زانین).

٢٤- لە مانگی ڕەمەزاندا دەخوێت و دەشکێنیت؟ (سەرزەنشت).

٢٥- ئەمەیە کە باسی خواکانتان دەکات؟- (خۆ بە گەورە زانین- تووڕەبوون).

٢٦- نازانم ئەو شتە کە وادەتان دراوەتێ دوورە، یان نزیکە؟... (هەموارکردن).

٢٧- ئایا نازانی کە خوداکەت چی بەنەتەوەی (عاد) کرد؟..... (هەڕەشە).

٢٨- نەوەی ئیسرائیلیمان لە ئازاری زەلیلی لە دەست فیرعەون ڕزگارکرد؟.... (گەورەکردنەوە).

٢٩- تۆ بۆ کوێ دەڕۆیت؟ گومڕا بوویت بگەڕێرەوە...... (هۆشداری).

٣٠- ئەی قوتابیان ئایندەیەکی گەشتان پێ نیشان بدەم؟ ماتماتیک و زمانەوانی بخوێنن..... (هاندان).

٣١- ئایا ئیتر بەس نییە؟...... (فەرمان کردن).

٣٢- لێیان دەترسێن؟ خودای گەورە شایستە ترە کە لێی بترسین ...... (دوورکەوتنەوە)

٣٣- ئایا سەردانمان ناکەیت تا دڵمان خۆش کەیت؟...... (پێشکەش)

٣٤- ئایا بۆ تاقیکردنەوە ئامادەسازیت نەکردووە؟...... (هاندان- نەدان).

بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم بابەتە بڕوانە: (علم المعنى) عبدالعزيز عتيق، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٧٤، ص (١٠٤- ١٢٠). (وەرگێڕ)

# ڕۆمانی سەدەی بیستەم

**دەیڤید دەیچز**
**جان ستۆلووردی**
**لە فارسییەوە: حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

سـالانی ١٩١٢ تا ١٩٣٠ زایینی «چاخـە زێڕینە»ی ڕۆمـانی مـۆدێرن و بەرهەمی ڕۆمـاننووسـانێکی وەکـو: جـۆزێف کـۆنراد، جـێـمس جـۆیس، دی – ئیێچ لۆرەنس، ڤیرجینیا وۆلف و ئی ئیێم فۆرستەر بوو.

گـۆڕانکاری تەکنیک و ڕوانگەکـانی ئەدەبی چیـرۆکی لەم سەردەمەدا بە گشتی سێ هۆکاری بوو. یەکەم هۆکار ئاگـادار بوونی نووسـەران لەو پێش بەسـتـێنە چیـرۆکـە گشتییە بوو کە ئەوانی لە هەڵکڕاندن و لێحاڵیبوونێکی هاوبەش سـەبارەت بە ئەزمـوونگەلێکی گـرنگ لەگـەڵ خەڵکی ڕەشۆکی و ئاساییدا یەکگرتوو دەکرد، کە ئەمە ئیـدی نەمابوو. لە ڕۆمانی سەردەمی ڤیکتۆریادا دەکرا قەیرانە سەرەکییەکانی گەلالەی چیرۆک لە گۆڕانکاری پلەوپایەی کۆمەلایەتی، یان بارودۆخی ئابووری و ماڵ و سامانی کەسێتییە سەرەکییەکاندا نیشان بدرێ، بەلام ئەم بایەخە گشتییانەی ڕۆمانی سەردەمی ڤیکتۆریا لە ڕۆمانی مۆدێرندا جێگای خۆیان داوەتە چەندان چەمکی تایبەتیتر لە بایەخەکان کە پاڵپشتیان زیاتر بە سەلیقە و هەستی ناسیاری خودی ڕۆماننووسەکانەوەیە، نەک بە بیرۆکەی گشتییەوە. ڤیرجینیاوۆلف (لە باسێکدا سـەبارەت بە جین ئاسـتین) دەنووسێ: «بڕوا پێکردن بەوەی کە هەڵکڕاندن و لێحاڵیبوونی کەسانە و تایبەتی ئێمە بە لای دیترانیشەوە بەڕاست دەناسرێن، ئێمە لە سنوور و کەندوکۆسپە تایبەتییەکانمان ڕزگار دەکات»، بەلام ڕۆماننووسە مـۆدێرنەکـان ئیـدی نەیاندەتوانی بڕوایەکی ئاوایان هەبێ. بەڵکو دەبایە بۆ دۆزینەوەی چەندان هۆکـار بە مـەبەسـتی بڕیار دەرکـردن سـەبارەت بەوەی کام لایەنی ژیانی مرۆڤ خاوەنی گرنگییە ڕوویان کردبایەتە کەسێتی «بە وتەیەکی دیکە، بۆ هەڵبژاردنی یاسـاگـەلێک بۆ مـەبەسـتی هەڵبـژاردنی بابەتی

بەرهەمەکانی خۆیان»، کەڵکیان لە زەوق و سەلیقەی تایبەتی خۆیان وەردەگرت. سەبارەت بەم هۆکارە، نووسەرانی مۆدێرن لێبڕابوون دروست بوونی بڕوای خۆیان سەبارەت بە گرنگبوونی ئەو ئەزموونە مرۆڤایەتییانەی کە بە نێوی بابەتی بەرهەمەکانیانەوە هەڵیاندەبژارد، بۆ خوێنەرانیانی بسەلمێنن. بەم چەشنە کاری ڕۆماننووس بە هۆی ئەو تەکنیکانەوە کە لە پەخشانی خۆیدا دەکاری دەکردن، دژوارتر بوو، چونکە ئیدی دەبایە لە جیاتی کەڵک وەرگرتن لە بایەخە ئامادەکان کۆیەکی تازەی لە بایەخەکان بنیاد بنایە. ڤیرجینیا وۆڵف تێکۆشا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بڕێک لە تەکنیکەکانی شیعر لە ڕۆمانەکانیدا بەکاربێنێ هەتا لەم ڕێگەیەوە هەڵکراندنی تایبەتی ڕۆماننووسی لە بایەخ و گومانی ئەوی سەبارەت بە جیهان نیشان دابێ. لە لایەکی دیکەوە، جێمس جۆیس هیچ هەوڵی نەدا تاکو ڕوانینێکی تایبەتی یەکە کاریگەر بکات، بەڵکو لە دژەکردە بۆ ڕووخاندنی بایەخە گشتییەکان، چەشنە نووسینەوەیەکی ڕەچاو کرد کە دەلالەتە جۆراوجۆرەکانی ئەو، دەربڕینی هاوکاتی ڕوانگە جیاوازەکان بێت و نووسەر لەم دۆخەشدا وێڕای پاراستنی بابەتخوازیی «عینیت گرایی» فرەلایەنە، نەبێتە پشتیوان و پارێزەری هیچکام لەم ڕوانگانە و - ئەڵبەت ئەم چەشنە نووسینە پێویستی بە پسپۆرییەکی بەرچاو لە بەستێنی تەکنیکەکانی چیرۆکنووسیندا بوو.

دووەم هۆکاری گۆڕانکاری تەکنیک و ڕوانگەکانی ڕۆمانی مۆدێرن، هەڵکراندنێکی تازە لە چەمکی زەمان بوو. لە ڕۆمانی سەدەی بیستەمدا، ئیدی زەمان بە هەودایەک لە کاتە یەک لە پاش یەکەکان دانانرێ کە بڕیار وابێ ڕۆماننووس بە نۆرە و جاروبارە بە نیگایەکی مەبەستدار و بە ئانقەستەوە بۆ ڕابردوو پێشکەشی بکات، وەکو (ئەم بابەتە وەیادی هێناوە کە ...، یان وە یادی هاتەوە کە ... و...) بەڵکو پرۆسە و ڕەوتێکی بەردەوام لە زەینی تاکدا دادەندرێ کە لەوێدا، ڕووداوەکانی ڕابردوو بەردەوام دەڕژێنە زەمانی ئێستاوە و ڕوانینی دووبارە بۆ ڕابردوو لەگەڵ پێشبینی داهاتوو ئاوێتەی یەکدی دەبن. ئەم هەڵکراندن و بۆچوونە نوێیە بۆ زەمان، پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ سێیەم هۆکاری کاریگەر لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆمانی مۆدێرندا هەیە:

تێفکرینە تازەکان سەبارەت بە سروشتی هۆش کە بە چەشنێکی گشتی لە توێژینەوە و کۆڵینەوە ڕێخۆشکەرەوەکانی سیگمۆند فرۆید و کارل گۆستاف یۆنگدا سەبارەت بە ئاوەڵناوی ناهۆشیار «نەست و ناهۆشیار»ەوە خۆیا دەبێ، بەڵام هەروەها بەشێک لە ڕوانگەی زاڵی زەمان بوو و تەنانەت لە ڕۆمانی ئەو نووسەرانەشدا کە بەرهەمەکانی هیچ کام لەم دوو دەروونناسەیان نەخوێندبۆوە، بەرچاو دەکەوت. بە پێی ئەم تێفکرینە نوێیانە، زەینی مرۆڤ خاوەن سروشتێکی چەند لایەنەیە، ڕابردوو بەردەوام لە یەکێ لە لایەن و ڕووکەشەکانی زەینی ئێمەدا ئامادەیە و هەمیشە کاریگەری بە سەر دژەکردەکانی ئێستای ئێمەدا هەیە. لە فەرەنسادا مارسێل پرووست لە ماوەی زنجیرەی چەند بەرگی ڕۆمانی بەرزی «بە دوای زەمەنی لە کیس چوودا» لەم بابەتەی کۆڵیبۆوە کە چۆن ڕابردوو کاریگەری بە سەر ئێستادا دەبێ و چۆن بیرەوەری دۆخ و قاوغ دەداتە زەینییەتی ئێمە. ئەم ڕوانگەیە کە دەڵێ (ئێمەی مرۆڤ لە بیرەوەری بەدەر هیچ نین، زەمانی ئێستای ئێمە کۆی داهاتی ڕابردووی ئێمەیە، کە بە لێکۆڵینەوە لە زەینی ئینساندا، دەتوانین سەرەندەری هەموو شتێ سەبارەت بە ئینسان بکەین، بە بێ ئەوەی پێویست بێ چاوەنواڕی تێپەڕبوونی ساڵژمێری زەمەن بین هەتاکو ئەوانە لە بارودۆخی دژواردا بە ئێمە بناسێنێ،) ئەمانە بە زۆرە ملە و چارە ناچار بوونە هۆی شۆڕش و گۆڕانکاری لە تەکنیکی ڕۆماننووسیدا، لە بەر ئەوەی ئیدی ڕۆماننووس لە جیاتی ئەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمان بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ لە مەودای زەماندا بەرنە پێشەوە، دەیانتوانی بە کۆڵینەوە لە قووڵایی زەین و بیرەوەری کەسێتییەکان، ڕۆمانێک بنووسن کە بە ڕواڵەت تاقە ڕۆژێکی ژیانی کەسێتییەکی سەرەکی لە خۆ دەگرێ (وەکو ڕۆمانی {ئوولیس}ی جێمس جۆیس و {خاتوو دەلۆو}ی ڤیرجینیا وۆڵف).

ئەم ڕوانگەیە سەبارەت بە کردەی هاوکاتی ڕووکەشەکانی چەند لایەنەی زەین وێڕای ئەو ڕوانگەیەی کە زەمان بە پرۆسەیەکی بەردەوام دادەنێ، نەک کاتە پچڕپچڕە جیا لە یەکەکان، بەو مانایە بوو کە ڕۆماننووسەکان لە جیاتی ئەوەی گەلاڵەیەکی دەرەکی لە گێڕانەوەیەک لە سەر بناغەی نەریتی زەمان بە دەستەوە

بدەن، وایان پێ باشتر بوو لە زەینی کەسێتییەکانی چیرۆکەکانیاندا بێن بخۆنەوە و لەم ڕێگەیەوە سەربوردی ئەوان بگێڕنەوە. تەکنیکی «شەپۆلانی زەین» کە نووسەر وێڕای کەڵک وەرگرتن لەو تێدەکۆشێ بنەمای زەینیی کەسێتییەکان ڕاستەوخۆ و بە بێ گێڕانەوەی تەواو عەیار و بێ کەموکوڕی نیشان بدات، لە دەیەی ١٩٢٠ دا بە چەشنی میتۆدێکی تازە و گرنگ لە ڕۆماننووسیندا بەکار دەهات. ئەم تەکنیکە، لانی کەم بۆ ئەو کەسانەی کە هەر خوو و خدەیان بە تەکنیکەکانی پێشووتری ڕۆمانەوە گرتبوو، خوێندنەوەی دژوارتر دەکرد، لە بەر ئەوەی هیچ «دەروازەی ڕێنوێنی«یەک بەکار نەهێنرابوو هەتاکو خوێنەر بتوانێ زانیاری سەرەتایی پێویست لە بۆچوونە ناو جیهانی ڕۆمانەکە وەدەست خات، بەڵکو ئەم زانیارییانە هاوکات لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکانی ڕۆمان، لە زەینی کەسێتییەکانەوە و لە نێوان دژکردەی ئەوان سەبارەت بە زەمانی ئێستا و وێڕای دەنگدانەوەکانی زەمانی ڕابردوو، وەچنگ دەکەوت. ڕۆماننووسان بە پێچەوانەی ئەو کارەی لە ڕابردوودا «باو» بوو، سەری تاڵە دەزوویەکیان بۆ خوێنەر دانەدەنا هەتاکو سەرەندەری چۆنیەتی هەموو شتێ بکات، چونکە بە بڕوای ئەوان ئەم کارە لێحاڵیبوون و هەڵکراندنی ڕاستەوخۆی خوێنەر ڕەت دەکاتەوە، بەڵام لە گەڵکو خوێنەر فێر بێ کە چۆن ڕێگای خۆی لەم وڵاتە بە بێ نیشانەی ڕێنوێنییەدا بدۆزێتەوە، وردبینینێکی تازەی لە بەستێنی ئیدراک «لێحاڵیبوون» و جوانییە تازەکانی هەرێمی ناسیاری ڕاستەقینەدا وەدەست دەکەوێ.

سەرنجدان و وردبوونەوە لە «شەپۆلانی زەین» و وەیادهاتنەوەی فیکرەکان لە زەینی تاکدا، لێبڕاوانە گەیشتە ئاکامی جەخت کردن لە سەر تەنیایی سروشتی تاک؛ لە بەر ئەوەی هەر زەینییەتێک خۆی لە خۆیدا تاکە و جیاوازی لەگەڵ زەینەکانی دیکەدا هەیە؛ چما ئەم جیهانە ڕاستەقینەیەش کە تێیدا دەژین هەر ئەم جیهانە تاک و کەسێتییەی ناو زەینی ئێمە بێ، چما ئەو بایەخە گشتییانەی کە لە ناو کۆمەڵگادا ناچارین لە قسەدا یارمەتیدەری بین، ئەو بایەخە ڕاستەقینەیە نین کە واتا دەدەنە کەسێتی ئێمە، دەیجا هەموومان بەرحوکمی ئەوەین کە لە بەندیخانەی زەینییەتی سەرەندەر نەکراوماندا درێژە بە ژیان بدەین. چلۆن دەتوانین لە جیهانێکی ئاوهادا هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دیتراندا هەبێ؟ ئەو فیگۆرە گشتییانەی کە کۆمەڵگا بەسەر ئێمەی دادەسەپێنێ؛ بیرای بیر ناتوانێ لەگەڵ پێداویستییەکانی ناخ و هەناوماندا سازگاری هەبێ. ئەم فیگۆرانە بە واتای ناحەزی وشەوە جیاواز و بە بێ دەروونن و چەشنێک هاوتابوونی گەندەڵ بە سەر جوانییەکانی بێ سنووری ئەزموونەکانی مرۆڤایەتیمان دادەسەپێنن.

بێتو هەوڵ بدەین بە چەشنێک سروشتی ڕاستەقینەمان نیشان بدەین، کاتێک ئەو هەوڵدانە لەلایەن سروشتێکی دیکەوە بخوێندرێتەوە کە کەسێتییەکی تەواو جیاوازی لەگەڵ ئێمەدا هەیە، حەتمەن خەراپی سەرەندەر دەکات. بەم هۆکارەوە، ناوەرۆکی زۆربەی ڕۆمانە مۆدێرنەکان بریتین لە ئیمکانی پێکهاتنی ئەوین و پێکهێنانی هەڵسوکەوتی سۆزخوازانە لە نێو زەینە تاک و تایبەتەکاندا. ناوەرۆکی ڕۆمانەکانی جۆیس و وۆڵف و فۆرستەر و کۆنراد (لە ئەندازەیەکی کەم و زۆر جیاوازدا و نەک هەمیشە بە چەشنێکی ڕاستەوخۆ) ڕوخسارگەلێکی جیاواز هەر لەم ناوەرۆکەن. تەقالا و هەڵسووڕانی لیئۆپوڵدبلوم لە ڕۆمانی {ئوولیس}دا بۆ مەبەستی پێکهێنانی هەڵسوکەوتی ڕۆحانییە و دوورەپەرێزی ناچارانەی ئەو، حاڵ و ڕۆژی مرۆڤ لە ڕوانگەی ڕۆماننووسەوە بە چەشنێکی هێمایین و سەمبۆلیک نیشان دەدا. فۆرستەر بە توێژینەوە لەو عورف و نەریتانەی کە بە ڕواڵەت ژین و ژیان ئاسانتر دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا دەبنە دژی پێکهاتنی پێوەندی ڕاستینەی مرۆڤایەتییەکان، وۆڵف بە وێناکردنی پێوەندی نێوان هەوجێی زات و سروشت بۆ خەڵوەت و هەوجێی زات و سروشت بە هەڵسوکەوتی ڕاستەقینە، دەست دەکەن بە لێکۆڵینەوە لە سەر چۆنیەتی ژین و ژیانی ئینسان لەم خولە نوێیەدا. ناوەرۆکی هەموو ڕۆمانەکانی لۆرەنس، پێوەندییەکانی مرۆڤە و ئەم نووسەرە تەواوەتی ماوەی نووسەرایەتی خۆی کەموزۆر لە پێناوی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە ڕوخساری ئارمانج خوازانەی ئەم پێوەندییەدا تەرخان کرد. بە بڕوای لۆرەنس عورف و نەریتە بە بێ ڕۆحەکانی کۆمەڵگا ،چەمک گەلێکی وەکو کردەوەی پەسند و شیاوی ڕێز و دەغەڵبازییەکان و جامەلووسیکییە باوەکانی ژیانی چینی نێوەڕاستی کۆمەڵگا وەکو دەسەڵاتخوازی و پوول و پارەپەرستی و

داواکاری سەرکەوتن، پێوەندییەکانی مرۆڤ زۆر بە سانایی لە ناوەرۆکی ڕەسەنی خۆی بەتاڵ دەکەن. بە متمانەوە دەتوانین بڵێین: درەوشاوەترین ڕۆمانە مۆدێرنەکان سەبارەت بە دژواربوون و لە هەمان حاڵدا لێبڕانی ئینسان بوونە. لە ڕاستیدا، ژیانی مرۆڤ لەم ڕۆمانانەدا هەروەها چەتوون و بێ سەرەوبەرەیە. بەڵام ئاگاداربوون لەو شتەی کە دیترانیش ئەم دژوارییەیان هەیە (ئاگادارییەکی کە لە ڕۆمانی {ئوولیس}دا زۆر عالی کاریگەری دەبێ و فۆرستەریش بە تەوس و توانجێکی زۆرەوە دەینوێنێ)،دەتوانێ هەم ڕووناک کەرەوە و هەم هێمنایەتی بەخش بێت.

ئەڵبەت تەواوی ڕۆماننووسانی ئەم خولە سەرقاڵی ئەم ناوەرۆکانەی سەرەوە نەبوون و تەکنیکی نوێی شیاوی ئەم ناوەرۆکەیان بەکار نەدەهێنا. ڕۆماننووسانی «بەڵگەنامەنووس» وەکو ئارنۆڵد بنێت و جان گالزوردی و ئێچ . جی . ڤۆڵز لانی کەم لە بڕێک لە ڕۆمانەکانیاندا – زۆر جار بە پسپۆڕییەکی زۆرەوە ڕوخساری بەرەو گۆڕانکاری کۆمەڵگایان وێنا کردووە و بە کردەی کەسێتی ڕۆمانەکانیان، زانیاری و هاوەدردییەکی زۆریان لە تۆمارکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم گۆڕانکارییە لە خۆیانەوە نیشان داوە. ڤیرجینیا وۆڵف ناوی ئەم چەشنە نووسەرانەی نابوو «مەتریالیست»، چونکە بڕوای وابوو کە ئەمانە ڕواڵەت دەنوێنن و بەس، ئیدی لەو لایەنانەی زەین، یان ژینی ناوەکی و ڕاستی ئێمە ناکۆڵنەوە کە لە خۆگری سروشت و هەناوی ئێمەن. لەبەر ئەوەی وۆڵف بۆ دادوەری سەبارەت بە بەرهەمی ئەو نووسەرانە یاسا و ڕێسای ناشیاوی دەکار دەبرد، ڕەنگە بتوانین بڵێین دادوەرییەکەی نادادوەرانە بووە. وێڕای ئەمانە، ڕەخنەی ئەدەب لەم خولی هاوسەردەمەدا دروستی بیر و بڕوای ئەوی سەلماندووە. لە زۆربەی ئەدەبی چیرۆکی مۆدێرندا (بەڵکەم لە هەمووان زیاتر لە {ئوولیس}دا) پاژەکانی ڕووکەشی سەرەوەی چیرۆک کە دەڵێی خاوەنی پێوەندییەکی لۆژیکی نین، لە ڕاستیدا بنەمای ژێرەوەی ئەویان لە هەر بابەتێکەوە حەشار داوە. ئەمە یەکێ لە داهاتەکانی ئاوێتە کردنی ڕیالیزم و سەمبۆلیزم، یان تێکەڵ کردنی شیمانەی ڕوودان و قەومانی ڕووداوێک لەم سەردەمەدایە و دەلالەتێکی هەمیشەییە. ئەڵبەت لە ئەدەبی چیرۆکی درەوشاوەی هەموو سەردەمێکدا، ئاوێتە کردنی ئاوا دەکردرێ، بەڵام نووسەرانی مۆدێرن لە چاو پێشینیانی خۆیان ئەم پێکەوە ژیانەیان بە خۆهۆشیارییەکی زیاترەوە پێکهێنا.

**تێبینی و پەراوێزەکان:**

**١- ڕەوتی شەپۆلانی زەین: شێوازی نواندنی دەروون و زەین و هۆشی مرۆڤ لە چیرۆک و ڕۆماننووسیندا، فارسەکان پێیدەڵێن «پروسەی سیال ذهن»، لە کوردیدا بە ڕەوتی شەپۆلانی زەین و پرۆسەی سێلاوی هۆش دەناسرێ.**

**٢- جوزێف کۆنراد: (١٨٧٥ – ١٩٤٢) ڕۆماننووسی بە ڕەگەز پۆڵەندی کە بەرهەمەکانی بە ئینگلیزی دەنووسی. لۆرد جیم – لاوی – دڵی تاریکی – لە چاوی ڕۆژئاواییەکەوە، لە ڕۆمانەکانی ئەون.**

**٣- جێمس جۆیس: (١٨٨٢ – ١٩٤١) ڕۆماننووسی ئیرلەندی خاوەن ڕۆمانی ئۆلیسوس و وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا و فینەگانەکان و کۆچیرۆکی دوبلینییەکان.**

**٤- دی ئێچ لۆرەنس: (١٨٨٥ – ١٩٣٠) ڕۆماننووسی ئینگلیزی و خاوەن ڕۆمانی خاتوو چەترلی – ڕێوی – ئەوین لە ناو کۆما یۆنجەکاندا و....**

**٥- ڤیرجینیا وۆڵف: (١٨٨٢ – ١٩٤١) خاتوو ڕۆماننووسی ئینگلیزی و خاوەن ڕۆمانی شەپۆلەکان – خاتوو دەلۆڤی – بەرەو فانووسی زەریایی و....**

**٦- ئی. ئێم. فۆرستەر: (١٨٧٩ – ١٩٧٠) ڕۆماننووس و ڕەخنەگری زۆر نێوداری ئینگلیزی و خاوەن کتێبی تیۆری «لایەنەکانی ڕۆمان» و ڕۆمانی گەشتێ بە ئیندیادا.**

**٧- زیگمۆند فرۆید: (١٨٥٦ – ١٩٣٩) دەروونناس و دەروون توێژەری نەمسایی.**

**٨- کارل گۆستاف یۆنگ: (١٨٧٥ – ١٩٦١) دەروونناسی سویسرایی، سەرەتا قوتابی فرۆید بوو، پاشان شێوازێکی جیاوازی گرتە بەر و بۆ ناسینی دەروون بایەخی بە سەمبۆل و تۆتەمەکانی مرۆڤ دەدا.**

**٩- مارسێل پرۆست: (١٨٧٥ – ١٩٢٢) ڕۆماننووسی مۆدێرن و ناوداری فەڕەنسی و خاوەن ڕۆمانی هەشت بەرگی «بە شوێن زەمەنی لەدەست چوودا» و....**

# کوشتنی هونەر لەپێناو ئەبەدییەتدا

**(١-٢)**

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**


**هونەر**

ئەوەی کە وا دەکات بەرهەمێکی هونەری لە یادەوەری ئێمەدا زیندوو بمێنێتەوە، یان ببێتە چەمکێکی خاوەن کاریگەری لەسەر ژیان و جیهان و بوونمان، پەیوەستە بەرێژەی ئەو پێوەندییەوە کە ئەو بەرهەمە لەگەڵ زەین و ئەندێشەی ئێمەدا دەیگرێت، یان بە واتایەکی دیکە پەیوەستە بەرێژەی ئەو کاریگەری و ئاسەوارەی کە لەسەر زەین و ئەندێشەی ئێمە دایدەنێت.

قسە لەسەر هونەر و کاریگەرییەکانی و چۆنیەتی پێوەندی گرتنی لەگەڵ دنیای ناوەکی و دەروونی مرۆڤەکان چەمکێک بووە کە لە مێژەوە بۆتە هۆی کێشە و مشتومڕی نێوان خاوەن ڕایان و بیرمەندانی بواری هونەر لە تەواوی چاخە جیاجیاکانی مێژووی هونەردا. لەو ناوەشدا بۆ هونەر پێناسە و بەکارهێنانی جیاجیا و زۆر جاریش دژ بەیەک دەستنیشان کراوە کە زۆرجار پێناسەکان تەواو هەڵە و ناڕاست بوون و زۆرجاریش ئەو پێناسانە هەر تەنیا یەک ڕەهەندی ئەو چەمکەیان دەرخستووە و نەپەرژاونەتە سەر لایەن و ڕەهەندەکانی دیکەی هونەر.

لەبارەی کاریگەرییەکانی هونەریشەوە دۆخەکە هەر بەو شێوەیە بووە. واتە هەندێک جار شێوەیەک لە کاریگەرییان بۆ هونەر دەستنیشان کردووە کە بەهیچ شێوەیەک هونەر ئەو کاریگەرییە نەبووە، بەڵام لەوەش گرنگتر ئەوە بووە کە تەنیا یەک کاریگەرییان وەک تاکە کاریگەری بۆ هونەر پێناسە کردووە و هەر بۆیەش ئەو پێناسەیە دەرگای لەسەر کاریگەرییەکانی دیکە داخستووە و کارێکی کردووە کە لایەنەکانی دیکە داپۆشرێن و فەرامۆش بکرێن.

بۆ وێنە زۆربەی خاوەن ڕایان لایان وابووە کە پەیامی



**تۆلستۆی**

سەرەکی و ئەرکی گشتی هونەر خولقاندنی «جوانی»یە. ئەم پێناسەیە لە بنەڕەتدا پێناسەیەکی ناڕاست و هەڵە نییە، بەڵام لێرەدا چەند خاڵێکی جێگەی لێوردبوونەوەیە کە لەو پێناسەیەدا نەخراونەتە بەر تێبینی و سەرنج. یەکەم ئەوە کە پێناسەی خودی «جوانی» چییە؟ واتە جوانی بە چ چەمکێک دەگوترێت؟! لێرەدایە کە لاوازی پێناسەی جوانی بۆ هونەر دەکەوێتە بەر ڕەخنە، یان ئەوەی کە جوانی لە لای هەمووی مرۆڤەکان یەک واتا دەگەیەنێت، یان ئەوەتا هەر مرۆڤێک بەپێی تێڕوانینی خۆی لەو بابەتە دەڕوانێت؟! هەروەها دەبێ ئەو پرسیارە زەق بکەینەوە کە پێوەندی نێوان هونەر و جوانی چ جۆرە پێوەندییەکە؟! ئایا هونەر جوانی دەخولقێنێت، یان دەیدۆزێتەوە؟ واتە جوانی خۆی چەمکێکی جیاواز و سەربەخۆیە، یان چەمکێکە کە پەیوەست بەهونەرە و بێ ئەو، پێناسەیەکی نییە؟!

ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە هەندێک لایان وایە کە هونەر خودی جوانییە و بەخودی چەمکی جوانی دادەنێن نەک بە کاریگەری و پەیامی هونەر. هەروەها هەندێک بڕوایان وایە کە جوانی تەنیا دەرکەوتەیەکی هونەرە و بەبێ ئەو بوونێکی نییە.

لەم ناوەدا ئەوەی کە زۆر زەق و بەرچاوە ئەو پێناسەیەی هونەرە کە لە ڕێی «چێژ»ەوە دێتە دەستنیشان کردن. واتە ئەو تاقمە لایان وایە کە هونەر بە چەمکێک دەگوترێت کە چێژ بە بەردەنگ، یان بە مرۆڤ ببەخشێت.

لەسەرەتادا دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە چەمکی «چێژ»، یان «لەزەت» چەمکێکە کە لەبنەڕەتدا پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەستەکانی مرۆڤدا هەیە، واتە کاتێک باس لە چێژ و لەزەت دەکەین، پێوەرمان بۆ ئەو چەمکە ڕادەی پێوەندی گرتنی هەستە عاتیفییەکانی مرۆڤە لەگەڵ هونەردا، هەر بۆیەش لەم ناوەدا فیکر و ئەندێشەی مرۆڤ کە پێناسە و شوناسی ڕاستەقینەی مرۆڤیان لەسەر ڕۆنراوە، دەکەونە پەراوێزەوە. لەم پێناسەیەی هونەردا (پێناسەی چێژ) مرۆڤ وەک بوونەوەرێک سەیر دەکرێت کە هەر تەنیا هەڵگری غەریزەیە و هەر تەنیا توانای چێژ وەرگرتنی هەیە و لە تێفکرین و تێڕامان دوورە، یان لانی کەم هونەر دەبێتە چەمکێک کە نەتوانێت پێوەندی لەگەڵ ئەو لایەنە دەروونییەی مرۆڤ بگرێت. جا لێرەدا لاوازی و چەواشەیی سەرەکی ئەم پێناسەیەی هونەر (پێناسەی چێژ) بە تەواوی خۆی دەردەخات و بەسەرنجێکی زۆر سادەوە کەموکوڕییەکانی زەق دەبنەوە و لایەنە لاوازەکانی خۆیان بەدەستەوە دەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی چێژ هەر وەک پێناسەی جوانی چەندین پرسیاری لێ دەورووژێتەوە کە بەرچاوترینیان ئەمانەن: یەکەم ئەوەی کە چێژ بە هەستێکی شادی ئامێز دەگوترێت، یان هەستێکی غوربەت خولقێن؟ بە واتایەکی دیکە پێناسەی خودی چێژ چۆن ڕاڤە دەکرێت؟! ئایا چەمکی چێژ چەمکێکی موتڵەقە و لەلای تەواوی مرۆڤەکان بەیەک شێوە خۆی دەنوێنێت؟! هەروەها دواجار پێوەندی نێوان هونەر و چێژ چ جۆرە پێوەندییەکە؟! واتە ئەو دوو چەمکە، ئاوێتەی یەکترن و بەیەکەوە مانا وەردەگرن، یان ئەوەتا هەریەکە خۆی چەمکێکی سەربەخۆیە و بە جیاواز پێناسە دەکرێت. ئەمانە و زۆر پرسیاری دیکە هەن کە لە پێناسەکردنی هونەر و دەرکەوتەکانیدا خۆیان دەردەخەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە ڕا و بۆچوونی جیاواز بێنە ناو پانتایی ڕەخنەی هونەرییەوە. ئەمە سەرەڕای زۆر پێناسە و دەرکەوتە و کاریگەری دیکەی هونەر، کە باسیان لێوە کراوە، بەڵام لێرەدا دەکرێ چاوپۆشییان لێ بکرێت. ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ لێرەدا بیخەینە بەر سەرنج و لێکۆڵینەوە، دژایەتی کردن نییە لەگەڵ چەمکی جوانی و هونەر، یان هونەر و چێژ، بەڵکو شی کردنەوە و ئاشکراکردنی


چۆنیەتی چێژ و جوانییە و پێوەندییەتی لەگەڵ دەرکەوتەکانی دیکەی هونەردا، بەتایبەت چەمکی چێژ، یان لەزەت کە لە پێوەندی لەگەڵ بەرهەمێکی هونەریدا جەختێکی زۆری لەسەر دەکرێتەوە.

لەم پێوەندییەدا وەک نموونە بۆچوونی «تۆلستۆی» دەخەینە بەر سەرنج تاکو بتوانین وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو قووڵایی باسەکەوە کەڵکی لێ وەربگرین. تۆلستۆی وەک یەکێک لە گەورەترین خاوەن ڕایان لە بواری تیۆری هونەریدا بۆچوونێکی لەو شێوەیەی هەیە کە ئێمە لەسەری کۆک بووین. واتە ئەو جەختێکی زۆر لەسەر دژایەتی کردن لەگەڵ چەمکی چێژ و پێوەندی لەگەڵ هونەردا دەکاتەوە. ئەو لە پێناسەکردنی هونەر و چێژدا هەر ئەو بۆچوونە ڕەخنەییە دەخاتە ڕوو کە مەسەلەی چێژ لە هونەردا هەڵگریەتی. ئەو لای وایە کاتێک بنەمای چێژوەرگرتن وەک بنەمای پێناسەی هونەر دەستنیشان کرا، ئەوە پێناسەیەکی دروستمان بەدەستەوە نەداوە، چونکە هیچ کە تەواوی لایەنەکانی ئەو مەسەلەیە ناخاتە ڕوو، بەڵکو نابێتە پردێکیش بۆ ئەو پێوەندییەی کە دەبێ لەنێوان مرۆڤ و هونەردا دروست بکرێت، یان ببێتە ئامرازێک بۆ ئەوەی کاریگەری تەواوەتی لەسەر مرۆڤ بەجێ بهێڵێت، بەڵام تۆلستۆی لای وایە کە هونەر لە جیاتی چێژ و لەزەت دەبێ هەستێک لە هونەرمەندەوە بۆ بەردەنگ (خوێنەر- بینەر- گوێگر) بگوێزێتەوە کە لەسەر بنەمای ئەم پێناسەیەش هونەر تەنیا لەسەر هەستی ئینسان کار دەکات و پێوەندی دەگرێت، نەک لەگەڵ ئەندێشەی مرۆڤدا. هەبۆیەش پێناسەکەی تۆلستۆیش بۆ هونەر پێناسەیەکی تاک ڕەهەندە و ماهیەتی هونەر بە تەواوەتی ناخاتە ڕوو، بەڵکو لە چوارچێوەیەکدا بەرتەسکی دەکاتەوە و بەکارهێنانی هونەریش بۆ یەکەیەکی دیاریکراو و سنووردار بچووک دەکاتەوە.

یەکەم ڕەخنەیەک کە دەکرێ لەم تێزەیەی تۆلستۆی بگیرێت ئەوەیە کە لێرەدا ئەو زۆرتر هونەرمەند و بەردەنگ (گوێگر- خوێنەر- بینەر) و پێوەندی نێوانیان بەرجەستە دەکاتەوە و گرنگایەتییەکی ئەوتۆ بەخودی چەمکی هونەر و ماهییەتەکەی نادات، بەڵکو تەنیا وەک ئامرازێک، یان پردێکی پێوەندی چاو لە هونەر دەکات و ئەمەش بە مانای هێنانە خوارەوەی تەواوەتی بایەخی خودی چەمکی هونەر و دابەزاندنیەتی بۆ ئاستێکی زۆر نزم کە هەر تەنیا دەتوانێت پێوەندی لەنێوان دوو تاقم مرۆڤدا دروست بکات و هیچی دیکە. بەواتایەکی دیکە ئەو خودی چەمکی هونەر لەبیر دەکات و تەنیا گرنگی بە کەسی هونەرمەند دەدات. ئەمە لەکاتێکدایە کە لە ڕەخنەی هونەری مۆدێرندا بایەخ و گرنگی سەرەکی بەخودی هونەر دەدرێت نەک بە کەسایەتی و کارەکتەری هونەرمەند. تەنانەت هەروەک دەزانین لەم دواییانەدا تێزەی «مەرگی داهێنەر»- کە یەکەم جار لەلایەن «ڕۆلان بارت»ەوە خرایە ڕوو، باوترین تێزی ناو دنیای ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی بووە. لەلایەکی دیکەوە دابەزاندنی خودی هونەر و ماهییەتەکەی تەنیا بۆ ئامراز، یان پردێک، زەبرێکی کاریگەرە کە بەکوشتن و لەناوبردن و لەیادکردنی خودی هونەر کۆتایی پێ دێت. دابەزاندنی هونەر تا ئەو ئاستە فەرامۆش کردنی خودی هونەرە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ کە دەتوانێت کاریگەری سەربەخۆی خۆی بەجێ بهێڵێت و دواجاریش وەک چەمکێکی سەربەخۆ و بێ سنوور بوونی خۆی بژیت، بێ پێوەندی و پەیوەست بوون بە خودی هونەرمەندەوە.

لەلایەکی دیکەوە تۆلستۆی بڕوای وایە کە هونەر ئامرازێکە بۆ پێوەندی نێوان مرۆڤەکان و بۆ ژیانی ئاسایی ئادەمیزاد و بۆ گەیشتن بە بەختەوەری تاک و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤەکان بە هەست و خولیایەکی هاوشێوە و یەکسانەوە لەگەڵ یەکدا پێوەندی دەبەستن.

ئەو پێناسەکردنە بۆ هونەر لەلایەن تۆلستۆی-یەوە لە دوو لایەنەوە جێگەی سەرنج و ڕەخنەیە. یەکەم ئەوە کە بەلای تۆلستۆیەوە مرۆڤەکان هەموو خاوەنی یەک شێوە هەست و سۆز و هەستەوەرین و وەک یەک چێژ وەردەگرن و وەک یەک سەیری هونەر دەکەن و دیسان وەک یەک پێوەندی دەبەستن و هەموو بەیەک ئاراستەدا ژیانیان تێپەڕ دەبێت، هەروەها چەمکی بەختەوەری بۆ هەمووان یەک واتا دەگەیەنێت و بەیەک ئاقاردا بەرەو ئەو دیاردەیە دەکشێن. ئەم پێناسەیە مرۆڤەکان دەکاتە کەسانێکی بێ دەسەڵات و بێ هەڵوێست و کۆپیکراوی یەکتر و هیچ جیاوازییەک لەنێوان تاکەکاندا ناهێڵێتەوە و چارەنووسی هەموویان وەک یەک دیاری دەکات. وەک ئەوەی کە ئاکام و دوائەنجامی هەموویان شتێکی موتڵەق و دیاریکراو



**ئەمبێرتۆ ئیکۆ**

بێت کە ئەویش لە ڕێی هونەرەوە بێتە بەرهەم.

لەلایەکی دیکەوە هەروەک دەزانین هونەر ئامــرازێک نیـیــە کــە تەنیــا ئەرکی، گــەیاندنی مــرۆڤ بێت بە بەختــەوەری. چمــا بەختــەوەری خــۆی هەر لەبنەڕەتدا چەمکێکی نادیار و زەینی و وەهمی وتەمــاییــە و هەر تاقم و دەســتــە و تەنانەت هەر تاکــێک پێناســەیەکی جیــاوازی لێی هەیە و هیچ کات ناکرێت پێناسـەیەکی ڕوون و ئاشکرای لێ بەدەستەوە بدەیت. هەروەها دەزانین کە هونەر زۆرتر نیشاندەر و ئاماژەیە بۆ چەمکەکانی وەک غــوربەت و تەنیــایی مــرۆڤــەکــان، بۆ ڕەنج و ئازارە ئەزەلییــەکـانی ئینسـان، بۆ دەردی ئینسـان بـوون، بۆ ئەو خــەمــانەی کــە لە هیچ ڕێگایەکی دیکەوە ناگــوترێن و نایەنە دەرخستن، کـە ئەمـانەش هیـچیـان ناچنەوە سـەر بەختـەوەری مرۆڤ بەو مـانایەی کە لە یادەوەری گشـتی مرۆڤەکاندا جێ کەوتووە. تەنانەت لێرەدا دەبێ بڵێین کە هونەرێک لە ئازار و ڕەنجی مرۆڤەکان و ماهیـیەتی بوون و ژیان نەدوێت، وەک هونەر پێناســە نـاکـرێت، تا ئەو شـوێنە کـە هەندێک بڕوایان وایە هونەرێک کـە بـاس لە شکست و دۆڕاندنی مرۆڤەکـان نەکات، ناچێتە خـانەی هونەرەوە، یان لە هەر چەشنە جەوهەر و مـاهیـیـەتێکی هونەری خــاڵیـــیــە. بەواتایەکی دیکە ئەرکی هونەر دەرخســتنی شکۆمەندییەکانی سـەرکەوتن نییـە، بەڵکو نواندنی جوانییەکانی دۆڕاندنە.

لەڕاسـتـیـشدا ئەگەر چەمکەکـانی شکست، دۆڕاندن، ڕەنج، تەنیــایی، غــوربەت و دەردەکــانی بوون و ژیـان و...تاد لە ناوەرۆکی هونەر وەدەر بخـەیت، ئیـتـر هونەر شــتـێکی بۆ پێـوەندی و بۆ درکـانـدن و دەرخـسـتن پێ نامێنێت.

ئەگـەریش باس لە «جـوانی» بکرێت وەک پێـوەرێکی هونەری، یان وەک پێناسـەیەکی هونەر، ئەوە دەزانین کـە هەر تەنیا بەختـەوەری و شادی (بەو مانایەی کە مرۆڤە ئاساییەکان لەسەری کۆکن) جوانی هەڵنەگرتووە، بەڵکو تێڕوانینی خودی تاکەکان دەگەڕێتەوە. واتە هەر تاکێک بۆچوونێکی جیــاوازی لەســەر چەمکی جــوانی هەیە. تەنانەت هەندێک لە تیۆرییە ڕەخنەییـەکان لە سەردەمی مـۆدێرن و بەتایبــەت پاش مـۆدێرندا چەمک و زاراوەی (گـرۆتێـسـک) بۆ ئەم مـەبەسـتـە بەکـاردەهێنن، چونکە یەکێک لە واتاکانی گرۆتێسک، بەو جوانییە دەگوترێت کـە لەناخی ناحـەزی و ناشـیـرینیـدا بەدی دەکـرێت، یان بەواتایەکی دیکە ئاماژەیەکە بەو جوانییەی کە ناشیرینی دەیهێنێتە بەرهەم، یان بەو پووچی و بێ ئاکامییە ناوزەد دەکـرێت کـە شـێـوەیەک لەجـوانی دەردەخـات. هونەری گـرۆتێـسک هونەرێکە کە لە دژی خـۆی دەوەسـتـێـتـەوە، شـۆڕشـێـک لەدژی خـۆی بەرپا دەکـات، هەر بۆیەش لەو حــاڵـەتەدا هونەر لە دواترۆپکی ئازادی خــۆیدایە، لە ئەوپەڕی ئازادی هونەردا وەســتــاوەتەوە. بەگـــشـــتی گــرۆتێــسـک بەو جــوانیـــیــە دەگــوترێت کــە چەمکە نێگەتیڤەکان دەیخولقێنن کە دەکرێت جوانی غوربەت و شکست و دۆڕاندنیش بچنە ناو ئەو خـانەیەوە. هەڵبـەت ڕەنگبێ ئەمە پێناسەی ڕاستەقینەی زاراوەی گرۆتێسک نەبێت، بەڵام لایەنێکیـەتی کە هەندێک لە ڕەخنەگـرانی نوێ لەسەری کۆکن.

ئەگــەر دیســان بگەڕێینەوە ســەر چەمکی «چێـژ» لە هونەردا، دەبێ بڵـێین کـە چێـژ و لەزەت وەرگـرتن تەنیـا بیــانوویەکـە بۆ خـۆ دەربازکـردن لە بازنەی بەرهەمـێکی هونەری بەو مـانایەی کـە بەردەنگ (خـوێنەر- گـوێگر- بینەر) لەڕێی ئەو چەمکەوە دەتوانێت خۆ لەسەرقاڵ کردن بە بەرهەمەکەوە دەرباز بکات و تەنیا بە لەزەت وەرگرتن، یا وەرنەگـرتن قـەنـاعـەت بـکات. لەکـاتێکدا کـە ئەرکی سـەرەکی بەرهەمـێکی هونەری کـاریگەری جێ هێـشـتـنە لەسـەر ئەندێشــە و فــیـکری مــرۆڤ، ئەرکی بەرهەمی ڕاستەقینە فڕاندنی خەیاڵە نەک تەنیا چێژبەخشین، یان

نەبەخشینی رووکەشیانە. کاتێک باس لە بەرهەمێکی سەرکەوتوو دەکرێت، دەبێ باس لەوە بکرێت کە ئەو بەرهەمە تا چ رادەیەک توانیویەتی، یان دەتوانێت کاریگەری لەسەر فیکر و ئەندێشەی بەردەنگ (خوێنەر- گوێگر- بینەر) بەجێ بهێلێت. تا چ رادەیەک دەتوانێ بەوەوە سەرقاڵی بکات کە لە دیوە شاراوەکانی سەر دەربینێت. تا چ رادەیەک دەتوانێت هانی بدات بۆ سەرکێشی لە دژی واقعیەتە کوشندەکانی کۆمەڵگا و ژیان و بوون. بەرهەمی راستەقینە و سەرکەوتوو بە بەرهەمێک ناگوترێت کە تەنیا چێژ و لەزەت ببەخشێت، بەڵکو بەرهەمی هونەری بەرهەمێکە کە توانایی خوڵقاندنی ئەندێشەی هەبێت. پێوەری ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی یەک بەرهەم دەبێ ئەوە بێت کە ئەو بەرهەمە تا چ رادەیەک دەتوانێت لەگەڵ ئەندێشە و زەینی مرۆڤدا پێوەندی ببەستێت و کاریگەری لەسەر بەجێ بهێڵێت.

رۆمانسییەکانی سەدەی (١٩) کاتێک باسیان لە بەرهەمێکی هونەری دەکرد، لایان وابوو کە تاکە رێگا بۆ پێوەندی لەگەڵ بەرهەمی هونەری تەنیا هەستەکانی مرۆڤن. واتە ئەوان لایان وابوو کە مرۆڤ تەنیا لە رێی هەستەکانەوە دەتوانێت پێوەندی بە بەرهەمێکی هونەرییەوە ببەستێت کە ئەمەش ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە جگە لە چێژ وەرگرتن و هیچی تر، بەڵام ئێستا بۆمان دەرکەوتووە کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی هونەری پێوەندی بە ئەندێشەی مرۆڤەوە دەبەستێت بەواتایەکی دیکە سەروکاری بەرهەمی هونەری لەسەرەتادا لەگەڵ خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤدایە نەک لەگەڵ هەست و چێژ و غەریزە.

پێناسەکردنی کەسێک کە کەڵک لەبەرهەمی هونەری وەردەگرێت وەک کەسێکی «چێژ وەرگر» خۆی لە بنەڕەتدا کوشتنی کەسایەتی ئەو مرۆڤەیە و گۆڕینیەتی بۆ کارەکتەرێکی بێ ناوەرۆک و بێ بیرکردنەوە کە هەر تەنیا خاوەن و هەڵگری هەست و غەریزە سەرەتاییەکانە و خاوەنی هیچ ئەندێشە و تێڕامانێک نییە. واتە مرۆڤێکە کە هەر تەنیا لە رووی غەریزەوە پێوەندی دەبەستێت نەک لەسەر بنەمای بیرکردنەوە و تێفکرینەوە.

خوێندنەوەی خراپ و لاواز و چەواشەی ئێمە بۆ بەرهەمێکی هونەری، لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە بە بەرهەمێکی چێژبەخشی دادەنێین. واتە کاتێک دەمانەوێ بەرهەمێک هەڵسەنگێنین پێوانەمان تەنیا ئەوەیە کە ئەو بەرهەمە چێژبەخشە، یان نا؟! لەکاتێکدا کە ئەم خوێندنەوەیە و ئەم شێوە هەڵسەنگاندنە تێنەگەیشتنێکی تەواو و کوشندە دروست دەکات کە هەم بە کوشتنی بەرهەمەکە و هەم بە کوشتنی کارەکتەری کەڵک وەرگر (خوێنەر- گوێگر- بینەر) کۆتایی پێ دێت. واتە بەرهەمەکە بۆ بەرهەمێکی رووکەشیانە دەگۆڕێت و کارەکتەری کەڵک وەرگریش دەکاتە بوونەوەرێکی بێ ئەندێشە و بێ فیکر و تێنەگەیشتوو کە توانای هیچ جۆرە هزر و خەیاڵ کردنەوەیەکی نییە.

لەراستیدا پێناسەکردنی هونەر وەک چەمکێکی موتڵەق و کۆنکرێتی چێژبەخش، قۆناغێکی ترسناکە کە ئاکامەکەی کپ کردنی ئەندێشەیە و ئەم بۆچوونەش تێڕوانینێکی رادیکاڵ و سامناکە کە تەواوی رەهەندەکانی پێوەندی گرتنی هونەر لەگەڵ مرۆڤدا دادەخات و دەیکاتە پانتاییەکی بۆش کە هیچ کاریگەرییەکی بە بایەخ و پڕ بەهای لێ ناکەوێتەوە.

هەروەها بەستنەوە و پێناسەکردنی هونەر تەنیا بە «چێژ»ەوە خۆی گوناهێکی گەورەیە کە دەرحەق بە هونەر دەکرێت سەرەڕای ئەوەی کە ئەم پێناسەیە لەلایەن زۆربەی بیرمەندانی ئەو بوارەوە پەسند کراوە و لەسەری کۆکن. بە تایبەت «کانت» کە وەک خاوەن رایەکی بواری «جوانیناسی» دێتە ئەژمار، چونکە هەروەک گوتمان بەم پێناسەیە چەمکی «ئەندێشە» بەتەواوەتی لە پانتایی هونەر وەدەر دەخرێت و هیچ بایەخێکی بۆ لەبەرچاو ناگیرێت. هەروەها هونەر دەبێتە گەمەیەک، یان دەبێتە ئامرازێک بۆ گەمەکردن کە هەر تەنیا لەزەت و چێژ دەبەخشێت و هەربۆیەش لەو ئاستە بەرزە دادەبەزێت کە خاوەنیەتی.

هەروەک گوتمان ئەگەر هونەر تەنیا پێوەندی لەگەڵ هەستی ئینسان ببەستێت و تەنیا کاریگەری لەسەر سۆزی ئینسان هەبێت، ئەوە ئیتر بە شوێنیدا هیچ بیرۆکەیەک لەزەینی بەردەنگدا نامێنێت و هیچ دەرەنجامێکی لێ ناکەوێتەوە و هەر تەنیا ئەو چرکەیە دەبێت کە خوێنەر، یان گوێگر، یان بینەرێک کەڵک لە هونەر وەردەگرێت، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هونەر ئەگەر تەنیا لەگەڵ سۆزی مرۆڤدا پێوەندی هەبێت، ئیتر مرۆڤ

نابێ هیچ لێدوان و بیروبۆچوونێکیش لەسەر هونەر بدات. بەو مانایە کە مرۆڤ ئەوکاتە باسی هونەر دەکات کە کاریگەری لەسەر ئەندێشەی دانابێت. ئەمەش ئاماژە بەوەیە کە ئەو هونەرە بێ گومان کارتێکەری لەسەر ئەندێشەی ئەو بەجێ هێشتووە، بۆیە هانی داوە لە بارەیەوە بدوێت، یان هەر نەبێت بیرۆکەی لێدوانی لەلا دروست کردووە، ئەگەر نا شتێک بە پێچەوانەی ئەوەوە بووایە، ئەو مرۆڤە بیروبۆچوونی خۆی نەدەخستە ڕوو.

هەڵبەت لێرەدا بەهەڵە نەچین کە چەمکی چێژوەرگرتن لە بنەڕەتدا شتێکی خراپ و نێگەتیڤ نییە، چونکە هەروەک گوتمان ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ جەختی لەسەر بکەینەوە و بیسەلمێنین دژایەتی کردن لەگەڵ چەمکی چێژوەرگرتن لەبەرهەمی هونەری نییە، بەڵکو دەمانەوێ ئەوە بسەلمێنین کە چێژی ڕاستەقینە لەبەرهەمێکی ڕاستەقینەی هونەری وەردەگیرێت کە ئەم چێژ وەرگرتنەش لە ڕێی ئەندێشەوە دەستەبەر دەکرێت. واتە چێژی هونەری پێویستییەکی تەواوی بەبیرکردنەوە و تێڕامان هەیە، نیازی بە فیکرێکی سەربەخۆ هەیە کە دەرگیری (یەکانگیری) بەرهەمەکە بێت، نەک زەینێکی داخراو کە هەر تەنیا بەهێمنی و بێ دەربەستی قەناعەت بکات. بەواتایەکی دیکە چێژی هونەری لە ڕێی ئەندێشە و تێفکرینەوە دێتە بەرهەم نەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە و لە ڕێی هەستە سەرەتاییەکانەوە. بە کورتی لەزەت وەرگرتن لە هونەر پێویستی بە کردنەوەی دەرگاکانی ئەندێشەوە هەیە نەک بە داخستنی ڕۆچنەی خەیاڵ و بیرکردنەوە. لە ڕاستیدا کاتێک مرۆڤ لە ڕێی ئەندێشەوە پێوەندی بە بەرهەمی هونەرییەوە دەکات خۆی هاوڕێیە لەگەڵ شێوەیەک لە چێژوەرگرتن لە ئاستێکی زۆر بەرزدا، بەڵام ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە ئەو شێوە ڕوانین و بۆچوونەیە کە «چێژ» وەک تاکە کاریگەری و تاکە بەکارهێنانی هونەر دێنێتە ئەژمار و ئەویش لە ڕێگەی هەستە سەرەتاییەکانی مرۆڤەوە نەک لە ڕێی ئەندێشە و تێڕامانەوە.

لەڕاستیدا چێژ وەرگرتنی ڕاستەقینە لە هونەری ڕاستەقینە پێویستی بە ئەندێشە و بیرکردنەوە هەیە نەک بە هەست و غەریزە سەرەتاییەکان. مرۆڤ لەو هونەرەدا ناکۆکییەکانی ناخی خۆی دەدۆزێتەوە و نامۆییەکانی خۆی تێدا بەدی دەکات و دواجاریش دەکەوێتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە و تێڕامان لێیان. کە ئەمە بەڕای من دەکرێت گەورەترین کاریگەری هونەر بێت و گەورەترین چێژیش ببەخشێت.

لە هەمان کاتیشدا دەبێ هونەر پێکهاتەیەکی سەربەخۆی هەبێت نەوەک بەستراوە و درێژکراوەی چەمکێکی دیکە بێت. سەربەخۆیی هونەریش لەوەدا بەرجەستە و زەق دەبێتەوە کە کاریگەرییەکی سەربەخۆ و دیاری هەبێت، کاریگەرییەکی بنەڕەتی نەک کاریگەرییەکی ڕووکەشیانە. بە وتەی مارکۆزە: «سەربەخۆیی هونەر هەڵگری ئەم بڕیارە نەگۆڕەیە: بارودۆخەکان دەبێ ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت.» بەڕای من ئەم ئاڵوگۆڕەش، ئەم کاریگەرییە بنەڕەتییەی هونەر، تەنیا لەڕێی کاریگەری و ئاڵوگۆڕەوە لەسەر ئەندێشەی مرۆڤەکان پێکدێت.

* * *

لە دنیای مۆدێرندا کە مرۆڤ کارەکتەری لێ سەندراوەتەوە و لە شوناسی ڕاستەقینەی مرۆیی خاڵی بۆتەوە و بە کەسایەتی سەربەخۆی خۆی نامۆیە و دواجاریش لەناو کۆیەکی گشتیدا تواوەتەوە کە لەودا تاکگەرایی و فەردانیەت مانایەکی ئەوتۆی لەلا نەماوە، هونەر تاکە ڕێگا و تاکە ئومێدە بۆ «نا» گوتن بەو نامۆبوونە، تاکە ئامرازە بۆ بەدەست هێنانەوە و گەڕانەوەی ئەو شوناسە ون بووەی مرۆڤ، واتە شوناسی تاک. هونەر تاکە شێوازە بۆ سەرکێشی کردن و ڕاوەستان لە هەمبەر ئەو دۆخە نالەبارەی کە مرۆڤی گۆڕیوە بۆ کارەکتەرێکی بێ دەسەڵات و کەسێکی چەقبەستوو و بوونەوەرێکی بێ ناوەڕۆک.

بەواتایەکی دیکە هونەری مۆدێرن (نوێ) هونەرێکی گرۆتێسکە. بەو مانایە کە هیچ یەک لە تایبەتمەندییەکانی جوانی سروشتیانەی، بەو واتایە کە لەسەردەمی کلاسیک، یان لەناو ڕیالیزمدا باو بوو، تێدا بەدی ناکرێت، ئەویش لەم مەسەلەوە سەرچاوە دەگرێت کە مرۆڤی ئێستایی بە دیدێکی ترەوە لەهونەر دەڕوانێت و لەناویدا بۆ چەمکێکی نامۆ دەگەڕێت نەک بۆ چەمکێکی دیاریکراو و ئاشکرا.

مرۆڤ کاتێک کەڵک لە بەرهەمێکی هونەری وەردەگرێت (خوێندنەوە، گوێدان، سەیرکردن) هەستێکی نامۆ لەلای دروست دەبێت، کەشوهەوایەکی غەریب

دەچێتە ناخییەوە کە دەکرێ ئەمە بە گەورەترین کارتێکەری هونەری دابنێین. ئەویش ئەو چرکە دەگمەنەیە کە هونەر دەیخوڵقێنێ و دەکرێ لەسەر پێناسەکەی تیۆدۆر ئادۆرنۆ بۆ مۆسیقا، ئێمەش ناوی «چرکەی هونەری» بۆ دەستنیشان بکەین.

## پێوەندی نێوان ئەندێشە و هونەر

ئەوەی کە دەڵێین هونەری ڕاستەقینە هونەرێکە کە دەبێ پێوەندی لەگەڵ ئەندێشەی مرۆڤ ببەستێت، وتەیەکی بێ هۆ و بێ بنەما نییە، چونکە لە بنەڕەتدا هونەر زادە و دەرکەوتە و بەرهەمی ئەندێشەی هونەرمەندە نەک خوڵقاوی هەستە سەرەتاییەکانی ئەو، بەو مانایە کە هونەر پەروەردە و بەرهەمی بیرکردنەوە و خەیاڵێکی چڕوپڕی کەسی هونەرمەندە و لە ئاکامی پرۆسەیەکی دوور و درێژی ئەندێشەکردندا دێتە بەرهەم، نەک ئەوەی کە دەرکەوتەی هەستێکی کاتی و ڕووکەشیانەی مرۆڤی هونەرمەند بێت. هەر بۆیەش هونەری ڕاستەقینە لە هەنگاوی یەکەمدا لەگەڵ ئەندێشەی بەردەنگ پێوەندی دەگرێت نەک لەگەڵ هەستە سەرەتایی و غەریزییەکانی.

جا ئێستاکە قسە لەسەر ئەوەیە کە کام هونەر لەگەڵ ئەندێشەدا پێوەندی دەبەستێت، یان بەواتایەکی دیکە چ جۆرە هونەرێک زادەی ئەندێشە و خەیاڵی کەسی هونەرمەندە؟ ئایا بەرهەمێک کە نەتوانێت لەگەڵ ئەندێشەدا پێوەندی ببەستێت دەچێتە ناو خانەی هونەرەوە، واتە وەک بەرهەمێکی هونەری دێتە ئەژمار؟!

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هونەرێک تراژیدیای تێدا نەبێت، هەڵگری غوربەت نەبێت، هەستێکی نۆستالۆژیکی تێدا بەدی نەکرێت، یان لە ئازار و ڕەنجەکانی بوون و ژیان نەدوێت، هونەر نییە، بەڵکو دەق و دەرهاوێشتەیەکی ڕووکەشیانەیە لە هونەر. هەروەک تیۆدۆر ئادۆرنۆ دەڵێت: «ڕەنج بەیانی [زمانحاڵ] هونەرە و ناوەڕۆک بە ڕواڵەتی ئەو دەبەخشێت. ناوەڕۆکی ئینسانی هونەر ڕەنجە، نەک لایەنی مسۆگەرانەی [ژیان]». هونەرێکیش خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەیە کە لە قووڵایی ئەندێشەی هونەرمەندەوە سەرچاوەی گرتبێت و کارتێکەری لەسەر ئەندێشەی مرۆڤ بەجێ هێشتبێت. لە ڕاستیدا ئەوە تراژیدیایە کە وادەکات مرۆڤ بیر بکاتەوە و خەیاڵی بفڕێت، غوربەتە وادەکات بە شوێن ڕەگەزەکانی ڕابردوودا وێڵ بێت و بیاندۆزێتەوە، ڕەنج و ئازار، وادەکات نامۆییەکانی بوون و ژیان بخاتە ڕوو. هەر بۆیەش ئەو شێوە هونەرە هونەرێکە کە کاردانەوەی ڕاستەقینەی لەسەر شێوەی ڕوانینی مرۆڤ بۆ جیهان و بوون هەیە و ڕەنگدانەوەی لەسەر شێوەی تێفکرین و ئەندێشەی ئینسان لەسەر دیاردە چارەنووسسازەکانی دنیا هەیە.

لە ڕاستیدا خودی چەمکە نێگەتیڤەکانی ناو زەین و ئەندێشە، واتە ئەوانەی کە لەسەرەوە بەتایبەتمەندی هونەری ڕاستەقینە دەستنیشانمان کردن، چەمکگەلێکن کە خوڵقێنەری ئەندێشە و بیرکردنەوەن. واتە کاتێک ئەو چەمکانە لە ناو زەیندا سەرهەڵدەدەن، مرۆڤ دەخەنە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە، لە ماهییەتیان و گەڕان بەشوێن هۆکارەکانیاندا و دواجاریش دەربڕینیان بەشێوەیەکی هونەری. بێ هۆ نییە کە کەسێکی وەک تۆماس مان دەڵێ: «تەنیایی جوانی دێنێتە بەرهەم». جا بۆیە هونەری ڕاستەقینە واتە هونەرێک کە ئەندێشەی لێ بکەوێتەوە دەبێ هونەرێک بێت کە هەوێنەکەی ئەم چەمکە ناوازانە بن کە تەنیا کەسانێکی دەگمەن هەستیان پێ دەکەن و هەڵگریانن. هەر بۆیەش کەسانی هونەرمەند کەسانێکی ناوازە و دەگمەن و بەرهەمی هونەریش هەر بەو شێوەیە و ئەوەش کە بەدەر لە پێناسەی ئەندێشە بێت بە بڕوای من بە هیچ پێوانەیەک ناچێتەوە ناو خانەی هونەرەوە.

لێرەدا وا باشە کە باسێکیش لە هونەری بە ناو شاد بکەین. هونەری «شاد» هونەرێکی بێ کاریگەرە. (کە لە بنەڕەتیشدا هەر ناکرێ ناوی هونەری شادی لێ بنێین، واتە هونەرێک بەناوی هونەری شادەوە بوونی نییە، بەڵام دەستەواژەیەکی هەڵەیە کە لەناو کایە هونەرییەکاندا جێی خۆی کردۆتەوە). ئەو بە ناو هونەرە هونەرێکە کە هەر تەنیا لەزەت و شادی دەبەخشێت و لە هەر جۆرە تێفکرینێک خاڵییە، بەڵام بەپێچەوانەوە هونەری نوستالۆژیک، یان هونەری گرۆتێسک هونەرێکن کە لە ڕێی چێژ و لەزەت و شادییەوە کاریگەر نین، بەڵکو لە ڕەهەندێکی دیکەوە کاریگەرییەکی قووڵ و هەمیشەیی بەجێ دەهێڵن و لەلایەنێکی جیاوازیشەوە دێنە ناو کایەکەوە.

شادی مەعریفە ناهێنێتە بەرهەم، ئەوە دڵتەنگییە وادەکات مرۆڤ بیر بکاتەوە و تێبگات. مرۆڤی شاد

مرۆڤێکی خاوەن مەعریفە و تێگەیشتن نییە، بەڵکو مرۆڤێکی تەمبەڵ و بێ دەربەستە، کە تێگەیشتنی ئەو لە سنووری شادییەکانییەوە زیاتر تێناپەڕێت. ئەو بەهایەک بە بیرکردنەوە نادات، بایەخێک بۆ تێگەیشتن دانانێت، تەنانەت توانای دەرک کردنی ئەو بەها و بایەخەشی نییە. ئەوەی ئەو هەستی پێ دەکات ئەو چوارچێوە تەنگ و بەرتەسکەیە کە شادی بۆی فەراهەم کردووە. ئەو جیهانە رووکەشییە درۆزن و بچووکەیە کە شادی هێناویەتییە بەرهەم. خۆشی و بێ دەربەستی چاوی ئەو مرۆڤەی بەستووە و کارێکی کردووە کە بیر لە شتێکی دیکە نەکاتەوە و دەلاقەکانی زەین و ئەندێشەی دابخات و هەر تەنیا بەوە قەناعەت بکات کە لەناویدا دەژی.

جیهانی مرۆڤی شاد ئەوەندە جیهانێکی داخراو و تەنگەبەرە کە تەنانەت وەهمیشی تێدا ناخولقێت، چونکە وەهم زۆرجار فرینی خەیاڵی لێ دەکەوێتەوە و خەیاڵیش خۆی رەگەزێکە لە رەگەزەکانی تێگەیشتن. شادی ئەو ئەفیونەیە، ئەو مادە سڕکەرەیە کە دەرگای زەینی مرۆڤ قفڵ دەدات، هەموو دەروازەکانی خەیاڵ و بیرکردنەوە دادەخات. چاوی ئەندێشەی مرۆڤ کوێر دەکات، یان بە شەوارەی دەخات و دەیخاتە ناو دۆخێکەوە هیچ ئاسۆیەکی دیکە نەبینێت جگە لەو ئاسۆ تەماوی و کورت مەودایەی خۆی نەبێت. شادی ئەو مادە پڕ مەترسی و سامناکەیە کە لە رێگەی فەرامۆشییەوە کارێک دەکات هەست بە مەترسی و کوشندەییەکەی نەکەیت. لە راستیدا مرۆڤی شاد مرۆڤێکی عەقڵانی نییە، تەنانەت مرۆڤێکی هەستیاریش نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی گەمژەیە کە لەنێوان ئەو دوو دۆخەدا گیری خواردووە. لەهەمان کاتیشدا تراژیدیاکە لەوەدایە کە ئەو خۆی هەست بە گیرۆدەیی خۆی ناکات.

بەو باریشدا جیهانی مەعریفە زادەی زەینی مرۆڤە دڵتەنگەکانە. مێژووی ئەندێشەی ئەوانە دەینووسنەوە کە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش هەستیان بەو شادییە ئەفیوناوییە نەکردووە. دنیای تێرامان دنیای مرۆڤی دڵتەنگە لە راستیدا مرۆڤ تا کاتێک هەست بە دڵتەنگی نەکات بیرکردنەوەش لەلای ناوروژێت. هەربۆیەش دڵتەنگی دەبێتە سەرەتایەک بۆ رۆچوون بەناو ئەندێشەیەکی قووڵدا کە ئەندێشەیەکی داهێنەر و بەرهەم خولقێنە.

بەواتایەکی دیکە دڵتەنگی خۆی لە بنەڕەتدا چەمکێکە کە بۆ لێ تێگەیشتنی بۆ گەڕان بەدوای توخم و رەگەزەکانیدا، بۆ تێگەیشتن لە رەهەند و هۆکارەکانی، بۆ خستنەرووی ئەو رەهەندە میتافیزیکییەی کە بە زەین و ئەندێشەی مرۆڤی دەبەخشێت. بۆ دەرک کردنی ئەو جیهانە خەیاڵئامێزانەی کە دەیانهێنێتە بەرهەم پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی پتەو و قووڵ هەیە.

جیهانی شاد سەرەتا جیهانێکی خوازراو و خۆویستە کە تارادەیەکیش پێوەندی بە زاتی خودی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام دواجار دەبێتە دۆخێکی داسەپاو کە دەرچوون و لێ رزگاربوونی، دەبێتە کارێکی نەکردە و ئەستەم.

بەکورتی مرۆڤی شاد تەنیا یەک جیهان بەدی دەکات و مرۆڤی دڵتەنگ زیاتر لە جیهانێک، جیهانی مرۆڤی شاد جیهانێکی داخراو و بەرتەسک و تاک رەهەندە کە تەنیا یەک رۆچنەی تێدا بەدی دەکرێت کە ئەویش بۆ دیتن و هەست کردنی شادییەکی گەمژەئامێز و زەین کوژە، بەڵام جیهانی مرۆڤی دڵتەنگ جیهانێکی کراوە و فرەرەهەند و بەربڵاو و فرە ئاسۆیە کە بە هەر لایەکدا دەرفەتی روانین و تێفکرین و تێگەیشتن هەیە و ئاسۆکانیشی ئەوەندە ناکۆتان کە هیچ سنوور و ئاستەنگێک بۆ بیرکردنەوە و فڕاندنی خەیاڵ لەبەردەمیدا نییە.

هەڵبەت لێرەدا بە هەڵە نەچین کە مەبەست لەمرۆڤی دڵتەنگ ئەو کەسە خەمۆک و پەراوێزنشینە نییە کە چاوی لە تەواوی جوانییەکانی جیهان پۆشیوە و چوارچێوەیەکی داخراوی فیزیکی و روحی بۆ خۆی دروست کردووە و چووەتە ناوی و ئیتر هیچ جۆرە چێژێک لە جیهان و جوانییەکانی نابینێت، بەڵکو مەبەست ئەو کەسەیە کە بە هۆشیارییەکی تەواوەوە لە سەرجەمی مەسەلەکانی ژیان و جیهان و بوون دەڕوانێ و بە دیدێکی ئاگایانەوە هەڵیان دەسەنگێنێ و بۆ تێگەیشتن لێیان هەوڵی بێ سنووری خۆی دەخاتە گەڕ، ئەویش لەرێی ئەو نامۆیی و دڵتەنگییەوە کە لەناخ و دەروونیدا هەستی پێ دەکات، چونکە ئەو کەسە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیارە سەرەکییەکانی جیهان و بووندا، هەست بەنامۆیی و سەرسامییەکی لە رادەبەدەر دەکات کە هەر ئەمە بەو دڵتەنگییەی کە ئێمە مەبەستمانە، پێناسە بکرێت.

لەهەمان کاتدا مرۆڤی شاد لێرەدا مەبەست لەو مرۆڤەیە

کە جگە لە دیاردە شاد و بێ ناوەرۆک و ڕواڵەتییەکان شتێکی دیکە هەست پێ ناکات و ئاسۆیەکی دیکەی بەرووردا نەکراوەتەوە تاکو لە ڕێیەوە لەو جیهانە گەمژەییانە بێتە دەر کە جیهانی بوونەوەرێکی بێ هزرە نەک جیهانی مرۆڤێکی خاوەن ئەندێشە.

* * *

چەمکێکی دیکە کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین، هونەرێکە بەناوی هونەری دیاریکراو، یان هونەری داخراو. هونەری داخراو یەکێکە لەو بوارانەی کە کەسانی ناشارەزا و بێ بەهرە بۆ خۆیانی دەستەبەر دەکەن، واتە چوارچێوەیەکی داتاشراوی دەستکرد بۆ هونەر پێناسە دەکەن و لایان وایە کە بەرهەمی هونەری نابێ لەو چوارچێوەیە هەنگاو بنێتە دەر و تەنیا لە پانتاییە دیاریکراوە بەرتەسکەدا بخولێتەوە، وەک ئەوەی هونەر بەپێی چەند فۆرمولّ و یاسا بێتە بەرهەم. چما هونەر مادەیەکی شیمیایی بێت کە لە تێکەڵ کردنی چەند مادەیەکی دیاریکراو و دروست ببێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەمووی ئەم هەوڵوتەقەلایانە بۆ لەناوبردن و بێ ناوەرۆک کردنی هونەرن، بۆ چەواشەکردنی ئەو جەوهەر و ماهییەتەیە کە هونەر خاوەنیەتی، بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو ناواخنەیە کە هونەر هەڵگریەتی.

ئەوانەی کە هونەری داخراو و سنووردار دەستنیشان دەکەن کەسانی بێ زەوق و بێ بەهرە و ئەندێشەن. ئەوان هەر لە بناغەوە درۆ دەکەن، چونکە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا پێناسەیەکی دیاریکراو و بەرتەسک بۆ هونەر دەدۆزنەوە. لە کاتێکدا کە هونەر پێناسەیەکی موتڵەق و دیاریکراوی لێ بەدەستەوە نادرێت، چونکە ئەگەر بە وردی بڕوانین هەر بەرهەمێک خۆی لە بنەڕەتدا هونەرێکە جیاواز لە تەواوی بەرهەم و دەق و هونەرەکانی دیکە. تا ئەو شوێنە کە دەتوانین بڵێین بەقەد تەواوی بەرهەمەکان هونەرمان هەیە. هەر ئەمەشە وادەکات کە هونەر خاوەنی پێناسە و شوناسێکی تایبەت نەبێت و هەر بەرهەمێکیش خۆی بوونێکی جیاواز و سەربەخۆ بژیت لە تەواوی هونەر و بەرهەمەکانی دیکە.

دەستەواژەی هونەری داخراو، یان دیاریکراو گەورەترین درۆ و فریوی ئەوانەیە کە لە بێ دەسەڵاتی هونەرییانەوە سەرچاوە دەگرێت. باقی لێدوانەکانیشیان لەسەر ئەم بنەمایە ڕۆنراوە کە بنەمایەکی چەواشە و لێک ترازاوە.

## پێوانەی نێوان هونەر و بەردەنگ
## (خوێنەر- گوێگر- بینەر)

هونەری ڕاستەقینە هونەرێکە کە لە ئازادی بێ سنووری مرۆڤ بدوێت، یان پانتاییەک بێت بۆ ئازادی ڕەها و ناکۆتای مرۆڤ. بەتایبەت لەم سەردەمەدا کە زانست و عەقڵانیەت تەنیا بۆ لەناوبردن و زەوت کردنی ئازادی مرۆڤ کەڵکیان لێ وەرگیراوە و هەربۆیەش لەو پانتاییەدا هونەر وەک تاکە ڕێگا دێتە ئەژمار، چونکە ئازادی خۆی لەخۆیدا هیچ سنوور و کۆتاییەک ناناسێت و تەنیا شوێنێکیش کە دەکرێ بێ سنوور بێت و هیچ ئاستەنگێک لە بەردەم خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤدا نەهێڵێتەوە، بەرهەمێکی هونەرییە. مرۆڤی خاوەن ئەندێشە لەناو وشەکان و دیمەنەکان و ئاوازەکاندا بۆ ڕەگەزێک دەگەڕێت کە خەیاڵی تا ناکۆتا ببات، بۆچرکەیەک دەگەڕێت کە لەودا هەست بە هیچ ئاستەنگێک نەکات و لەجیهانی جیاوازدا ئازادی بداتە ئەندێشەی خۆی و تژی بکات لە ڕەگەز و توخمی نەناسراو و نامۆ و تازە کە تا ئەوکاتە خەیاڵ و ئەندێشەی دەستیان پێی ڕانەگەیشتووە و بۆی نەدۆزراونەتەوە، «چرکەی هونەری» ئەو چرکە دەگمەنەیە کە دەبێتە خودی ئازادی و مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستێک کە تا ئەوپەڕ و تا دوا سنوور هەست بە ئازادی و ئینسان بوونی خۆی بکات. هەست بەوە بکات کە هەڵگری خەیاڵ و هەستێکی دەگمەنە کە تا ئەوکاتە تاقی نەکردووەتەوە و دەستی پێ نەداوە. چرکەی هونەری، ئەو چرکەیە کە ئینسان لە شوێن و کات جیا دەکاتەوە و مرۆڤ نە هەست بە شوێن دەکات و لەولاشەوە وا هەست دەکات کە لەزەمان جیا بۆتەوە و لەناو دۆخێکی بێ زەمەنیدا خەریکی سەیر کردن و ئەزموون کردنی هەستێکی نامۆ و دڵبزوێنە کە لەودا جگە لە ئازادی ڕەها و موتڵەق شتێکی دیکە هەست پێ ناکرێت.

لەهەمان کاتیشدا هەر وەک چۆن هونەرێک کە بەردەنگ فێری بیرکردنەوە نەکات ناچێتە خانەی هونەرەوە، بەردەنگێکیش (خوێنەر- گوێگر- بینەر) کە فێر نەبێت بیر بکاتەوە بەردەنگێکی هونەری نییە. واتە نە خوێنەرێکی چالاکە و نە گوێگرێکی هەستیارە و نە بینەرێکی خاوەن هەڵوێست، بەڵکو بوونەوەرێکی داخراوە کە زەینی ئەو، پانتاییەکی دیکە داگیر ناکات

جگە لەو رووکەشە کە جەوهەری پێوەندی نێوان هونەر و ئەندێشەی داپۆشیوە.

### شیعر

بێ گومان مرۆڤ (خوێنەر) کاتێک شیعرێک دەخوێنێتەوە، یان لەگەڵ دەقێکی شیعریدا مامەڵە دەکات، مانایەکی روون و ئاشکرای بۆ لێ دەستەبەر ناکرێت، بەڵام هەستێک، یان حاڵەتێکی تەمومژاوی و نادیار، واتە هەستێکی نامۆ و غەریب لە زەینیدا شێوە دەگرێت کە هەر دەکرێت ئەمە کارکرد و کاریگەری شیعر بێت. واتە شیعر چرکەیەکی ناروونی لەلا دەخوڵقێنێت کە مرۆڤ (خوێنەر) وا لێدەکات لەو چرکەدا بیری لێ بکاتەوە و ئەندێشەی خۆی پێوە سەرقاڵ بکات، بێ ئەوەی مانایەکی راستەوخۆ و ئاشکرای لێ دەستگیر بکات دەکرێ ئەم چرکەیە ناوی «چرکەی شیعری» لێ بنێین. چرکەی شیعری مەبەست لەو چرکەساتە نامۆ و غەریبەیە کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقێکی شیعریدا پێی سەرسام دەبێت و هەستی پێدەکات و دەیخاتە تێرامانەوە. لە راستیدا بەشێوەیەکی سەرەکی، یان بە روونی ئێمە ناتوانین ئەو چرکەیە پێناسە بکەین و کاریگەرییەکانی بخەینە روو، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو کاریگەرییانە دەروونین و لەسەر زەین و ئەندێشە و خەیاڵ کار دەکەن، بەڵام هەست بەوە دەکەین کە چرکەیەکی لەو شێوەیە بوونی هەیە و کاریگەری خۆشی دادەنێت. واتە چرکەیەکی روحییە کە لەگەڵ روحی خوێنەردا مامەڵە دەکات و کاریگەرییەکانیشی هەر لەوێدا بەجێ دێڵێت. هەروەک گوتمان لە بنەڕەتدا ئەو چرکەیە وجوودێکی دەرەکی نییە، بەڵکو بوونێکی دەروونی و ناوەکی دەژیت واتە خوێنەر هەست بەوە دەکات کە شتێک لەگەڵ زەین و ئەندێشەیدا مامەڵەی کردووە و ئەوی خستۆتە تێرامانەوە، جا با ئێستا ماهییەت و سنووری ئەم رامان و تێفکرینەش دیار نەبێت.

هەربۆیەش خوێنەر ئەگەر لە شیعردا بەدوای مانایەکی سەرەکی و روون و ئاشکرادا بگەڕێت ئەوە کارێکی ئەوتۆی نەکردووە جگە لەوەی کە هەوڵی داوە دەقەکە لەجێی خۆیدا بکوژێت. واتە گەڕان بە شوێن مانایەکی دیاریکراو و رۆتین لەدەقی شیعریدا هەوڵدانێکە لە پێناو بێ ناوەرۆک کردن و کوشتنی دەقی شیعری. بەواتایەکی دیکە کاتێک خوێنەر بۆ مانا و پەیامی شیعر بگەڕێت، لە راستیدا شیعر بۆ چوارچێوە و پانتاییەکی زۆر بچووک بچووک دەکاتەوە کە هەر جێگای پەیامێک، یان مانایەک دەبێتەوە. لەو کاتەدا خوێنەر ئازادی لەدەق دەستێنێتەوە و دەیکاتە زیندانێک کە هەر تەنیا جێی پەیامێک، یان مانایەک دەبێتەوە و هەر تەنیا هەڵگری تاکە تەفسیرێکە. لە کاتێکدا کە دەق رووبەرێکی بێ سنوور و ئازادە و جێگای بەندکرانی تاکە مانایەک، یان پەیامێک نییە. شیعر نەک هەر تەنیا دەقێکی مردوو نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی زیندوو و ئازادە کە هەڵدەدات و تەشەنە دەکات و رۆژ بە رۆژیش دەکرێ ئاماژەی زیاتری بۆ زیندوویێتی تێدا بدۆزرێتەوە. لێرەدا وا باشە کە ئاماژەیەک بە بۆچوونەکەی ئەمبێرتۆ ئیکۆ بکەین کە دەڵێ: «خوێنەری راستەقینە ئەو کەسەیە کە تێدەگات نهێنی دەق لە راستیدا بێ ناوەرۆک بوونیەتی.» لێرەدا مەبەستی ئیکۆ لە «بێ ناوەرۆک بوون» ئەوەیە کە دەق هەڵگری پەیام و ناوەرۆکێکی تاک و دیاریکراو نییە، بەڵکو مەبەستی ئەو هەر دەقێکی کراوە و ئازادە کە فرە مانا و فرە تەفسیرە.

سەیرکردنی شیعر وەک ئۆرگانیزم، یان بوونەوەرێکی زیندوو رووبەرێکی نوێ و خوێندنەوەیەکی تازە لە دنیای شیعردا دەکاتەوە کە تا ئێستا ئاماژەی پێ نەکراوە. بەو مانایە کە هەروەک چۆن شتێکی زیندوو بەردەوام لە نوێ بوونەوەدایە، شیعریش بەو پێیە بەردەوام ژیانێکی زیندوو دەژێت و مانا و تەفسیر و چرکەی شیعری نوێ و تازە دەخاتە بەر دەست و سەرسامی و نامۆیی نەدۆزراوە و کەشف نەکراو بۆ خوێنەر دێنێتە بەرهەم و تەفسیری نوێ دەخوڵقێنێت.

شوبهاندنی دەقی شیعری وەک بوونەوەرێکی زیندوو دەکرێ لەمە بەدوا سەرەتایەک بێت بۆ گۆڕینی تەواوی ئەو پێناسە و تیزە رەخنەییانەی کە تائێستا دەقە شیعرییەکانیان پێ خوێندراوەتەوە. بەو مانایە کە تاکو ئێستا باوترین تیزی ناو رەخنەی ئەدەبی و شیعری ئەو تیزە بووە کە گوایە بەرهەمی ئەدەبی بوونێکی سەربەخۆ و جیاواز دەژی لە داهێنەرەکەی واتە لە شاعیر، یان نووسەر، بەڵام سەیرکردنی دەق وەک گیاندارێکی زیندوو ئەم تیزەیەش دەگۆڕێت و دەیخاتە پشتگوێ و پێناسەیەکی نوێی بۆ دەستەبەر دەکات، چونکە تیزی «مەرگی نووسەر» تەنیا سەربەخۆیی دەبەخشێ بە دەقی

ئەدەبی و لە داهێنەری جیا دەکردەوە، بەڵام ڕوحێکی نوێی بە دەقەکە نەدەبەخشی، ڕوحێک کە هەردەم لە گۆڕان و تەشەنەکردندا بێت.

کەواتە با لێرەوە دەقی شیعری لە یەکەیەکی سەربەخۆ، بەڵام داخراو، بۆ بوونەوەرێکی زیندوو و سەربەخۆ و کراوە بگۆڕین کە خۆی هەردەم زیندووە و ژیان دەکات و هەر خۆشی مانا و تەفسیری نوێ دێنێتە بەرهەم.

ئەم پێناسە نوێیە بۆ دەقی ئەدەبی بە تایبەت شیعر ڕەنگبێ هەندێک ناکۆکی و دژوازی بخاتە ئاراوە، بەڵام بێ گومان ڕووبەرێکی بەربڵاوی خوێندنەوەی نوێ بۆ دەقەکان دەکاتەوە کە تاکو ئێستا داخراو بوون و وەک تێزێک نەهاتوونە ناو پانتایی ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

ئەگەر جارێکی دیکە بەسەر تیۆری «مەرگی نووسەر»دا بچینەوە دەبینین کە تەنیا خاڵێک کە لەم تێزەدا بەرجەستەیە ئەوەیە کە دەقی ئەدەبی بەتەواوەتی لە داهێنەر، یان نووسەر دادەبڕێت و بوونێکی سەربەخۆی پێ دەبەخشێت و لەو ناوەشدا خوێنەر وەک کارەکتەرێکی چالاک دەتوانێت دەور بگێڕێت، بەڵام خودی بەرهەمی ئەدەبی هەر تەنیا یەک پێناسەی هەیە و خاوەنی تەنیا یەک ماهییەت و بوونە کە تەنیا خوێنەر خۆی دەتوانێ بەپێی خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی خۆی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێنێت، بەڵام بەپێی ئەم تێزەیە کە دەق وەک گیانلەبەرێکی زیندوو چاو لێ بکەین هاوکێشەکە دەگۆڕێت و لەو ناوەدا هیچ کە دەق لە داهێنەر، یان نووسەر دادەبڕێت، بەڵکو خۆی دەتوانێ وەک دەقێکی چالاک بژیت و خۆی نوێ بکاتەوە و خۆی تەفسیر و دەربڕینی جیاجیا بەدەستەوە بدات، بەتایبەت لە پرۆسەی تێپەڕینی زەماندا. کە لەم ناوەشدا دەکرێ پرۆسەیەکی مانا بەرهەم هێنان بێتە کایەکەوە کە لەودا هەم خوێنەری چالاک دەور بگێڕێت و هەم دەقی چالاک و زیندوو، واتە بە یەکەوە چرکەی شیعری نوێ بخوڵقێنن.

* * *

بە بارێکی دیکەدا شیعر پانتاییەکە کە لەودا مرۆڤ ئازادی خۆی تاقی دەکاتەوە. ئازادیش لە بنەڕەتدا پێناسەیەکی سنوورداری نییە، چونکە پێناسەی سنووردار بۆ ئازادی خۆی لەخۆیدا دژی چەمکی ئازادییە و ئەمەش لەگەڵ ماهییەتی ئازادیدا ناکۆکە. هەر بۆیەش پێناسە دروست کردن بۆ شیعر بەرتەسک کردنەوەیەکی بێهوودەیە و دابەزاندنیەتی بۆ دەقێکی خاوەن چوارچێوەی دیاریکراو و سنووردار. گەڕان بەدوای چەمک، یان مانایەکی دیاریکراو لە شیعریشدا بە سنووردارکردنی ئازادی دەق و ئازادی خودی مرۆڤ کۆتایی پێ دێت.

کاتێک خوێنەر مانایەکی دیاریکراو، یان پەیامێکی موتڵەق بۆ شیعر دیاری دەکات لە ڕاستیدا چەمکی ئازادی لە شیعرەکە پاک دەکاتەوە و ماهییەتی ئازادی لێ زەوت دەکات، ڕەگەزی ئازادی لە شیعرەکە دەردەهاوێژێت کە لەبنەڕەتدا جەوهەری دەقەکەیە. سڕینەوەی جەوهەریش لە هەر دەقێک بێ ناوەڕۆک کردن و دابەزاندنیەتی تا ئاستی نووسراوێکی ئاوەکی و چەواشە کە هیچ فیکر و ئەندێشەیەکی هەڵنەگرتووە.

ڕەهەندێکی دیکەی ئازادی لەدەقی شیعردا بۆ پێگەی وشەکان دەگەڕێتەوە. دانانی هەر وشەیەک لە جێی خۆیدا – ئەویش بەسەرنج و وردبینییەوە- شێوازێکە کە فەلسەفە لە ئەستۆی گرتووە و لەو چەشنە دەقانەدا ڕەچاو دەکرێت، زانستی هێرمنۆتیکیش لەم نێوەدا تا ڕادەیەک یارمەتی دەدات، بەڵام لە شیعردا هاوکێشەکە دەگۆڕێت. لەدەقی شیعریدا وشەکان ئازاد و سەربەخۆن و خۆیان جێ و شوێن و پێکهاتەی خۆیان هەڵدەبژێرن. کەچی لە دەقی فەلسەفی، یان زانستیدا وشەکان دادەتاشرێن و زۆر بە وردی و بە وەسواسەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا نیشتەجێ و سەقامگیر دەکرێن. ئەمە وا دەکات کە دەقێکی فەلسەفی بەرتەسک و داخراو و وشک بێت و دەقێکی شیعریش ئازاد و ڕەهاو سەربەخۆ. فەلسەفە هەمیشە سنوور بۆ خۆی دادەنێت، بەڵام شیعر هیچ کە سنوور ناناسێت، بەڵکو هەمیشە لە پەل هاوێشتن و گەشەکردندایە.

لە «چرکەی شیعری»دا مرۆڤ جیهانێکی دیکە بۆ خۆی دەخوڵقێنێت، کە تەواو لە جیهانی واقیع جیاوازە ناتوانێ بە پێوەرەکانی دنیای واقیعیش پێناسەی بکات. خوڵقاندنی دنیایەکی جیاواز لە دنیای واقیع لە ڕێی شیعرەوە، کارێکە کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێیەوە ئازادی بێ سنووری خۆی مسۆگەر بکات، چونکە لە دنیای واقیعدا، دەستەبەر کردنی ئەو ئازادییە کارێکی ئەستەم و مەحاڵە.

چرکەی شیعری ساتەوەختێکە بۆ خۆشاردنەوە و ڕزگاربوون لەدنیای واقیع. چرکەیەکە بۆ دەربازبوون لەو جیهانەی کە مرۆڤ بێ ویست و ئیرادەی خۆی کەوتۆتە ناوی. بە واتایەکی تر چرکەی شیعری، چرکەی تەسلیم

بوون و بێ ئیرادەیی و دەست داشۆردن نییە، بەڵکو چرکەی سەرکێشی و «نا» گوتنە. مرۆڤ گەر بیەوێت بۆ ئازادی بێ سنووری خۆی بگەڕێت و بە شوێن دەستەبەر کردنیدا هەڵوەدا بێت، دەبێت خۆی بکات بەناو پانتایی شیعردا، دەبێ لەنێو «چرکەی شیعری»دا بتوێتەوە تاکو بتوانێ ئەو ئازادییە بدۆزێتەوە و دەستەبەری بکات.

ئەفلاتوون بۆیە شاعیران ڕێ ناداتە ئەکادیمیاکەی خۆی و وەدەریان دەنێت، چونکە لە زمانیان تێناگات و شیعر بە سەرچاوەی وەهم ناوزەد دەکات و وەک ئامرازێک بۆ دروست کردن و خولقاندنی وەهم چاوی لێ دەکات لەکاتێکدا کە ئەم وەهمە هەمان «چرکەی شیعری»یە کە لەلای مرۆڤ سەرهەڵدەدات. تا ئەو جێیەی من ئاگادار بم هیچ یەک لە ڕەخنەگران و شارەزایانی بواری هێرمنۆتیک سەرنجیان نەداوەتە ئەم هەڵوێستەی ئەفلاتوون، چونکە ئەفلاتوون کاریگەری شیعر بە تەواوی ناخاتە ڕوو و هەر تەنیا بە وەهم خولقێن ناوی دەبات و بە شتێکی ئەفسوونکاری دیاری دەکات. ئاماژەی ئەفلاتوون ناڕاستەوخۆ بەو «چرکەی شیعری»یەیە کە کار دەکاتە سەر ئەندێشەی قوتابیانی ناو ئەکادیمیاکە و پێوەندی لەگەڵ زەینیاندا دروست دەکات.

بەکورتی ئەفلاتوون بۆیە شاعیران وەدەر دەنێ، چونکە پێوەندی لەگەڵ ئەندێشەی قوتابییەکانیدا دەگرن و «چرکەی شیعری» لەلایان دەخولقێنن. چرکەیەک کە دەکرێ لەسەر تەواوی تێڕوانینی مرۆڤ کاریگەر بێت و کار بکاتە سەر تێفکرینی و دواجاریش ئاڵوگۆڕێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ لەلای دروست بکات. لەڕاستیدا کێشەی ئەفلاتوون لەگەڵ خودی چەمکی شیعر نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو ئازادییە ڕەها و بێ سنوورەدایە کە قوتابییەکانی لەناو شیعردا بەدی دەکەن.

## مۆسیقا

شۆپنهاوەر یەکەمین کەس بوو کە گوتی: «تەواوی هونەرەکان دەیانەوێ بگەنە پلەی (ئاستی) مۆسیقا.» لێرەدا ڕادەی ڕاست، یان ناڕاست بوونی ئەم وتەیە گرنگ نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەم وتەیە نیشاندەری گرنگایەتی ئەو هونەرە واتە مۆسیقایە. نیشاندەری ئەو کاریگەرییەیە کە مۆسیقا لەسەر خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤ بەجێی دەهێڵێت تا جێگایەک کە کەسێکی وەک شۆپنهاوەر بۆچوونێکی لەو شێوەیەی بێت. واتە ئەو مۆسیقا بە بەرزترین هونەر دادەنێت و لای وایە کە هەڵگری تەواوی ڕەگەز و توخمەکانی دیکەی هونەرە و کاریگەرییەکەشی ئاوێتەیەکە لە کاریگەری تەواوی ڕەگەزەکانی دیکەی هونەر. هەر لەم پێوەندییەدا ڤیتگنشاین بۆچوونێکی لەو شێوەیەی هەیە کە دەڵێ: «مۆسیقا لەناو تەواوی هونەرەکاندا، زانایانەترینە.» ئەم وتەیەی ڤیتگنشتاینیش دروست جەخت کردنەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لەسەر گرنگایەتی ئەو هونەرە سەبارەت بە هونەرەکانی دیکە لەلایەک و ئەندێشەیی بوونی هونەری مۆسیقا و پێوەندی لەگەڵ هزر و فیکری مرۆڤانە لەلایەکی دیکەوە.

لە هەمان کاتدا بۆچوونی «ڤاکنەر» کە خۆی یەکێکە لە مۆسیقازانانی گەورە و بلیمەت، دەڵێ مۆسیقا دەبێ لە خزمەت شیعردا بێت و تەواوی کونج و کەلێن و وردەکارییەکانی بەرهەمێکی شیعری بخاتە ڕوو. ڤاکنەر هەوڵی دەدا مۆسیقا بخاتە ژێر ڕکێفی خواستەکانی شیعرەوە و دەیەویست هارمۆنیایەک لەنێوان ئەم دووانەدا دروست بکات. (هارمۆنیایەک کە تەواوی توانا و لێهاتوویی خۆی دەربخات). لەم حاڵەتەدا شیعر و مۆسیقا ئامانجێکی هاوبەشیان هەیە و چرکەیەکی هاوبەش دەخولقێنن، کە هاوکات کار دەکاتە سەر ڕوح و ئەندێشەی کەسی گوێگر، بەڵام تۆلستۆی وەک تیۆریزانێکی بواری هونەر لەگەڵ ئەم بۆچوونەی ڤاکنەردا هاوڕا نەبوو.

ئەم بۆچوونەی ڤاکنەریش نازانین تا چ ڕادەیەک سەرکەوتووە، بەڵام نیشاندەری ئەم حەقیقەتەیە کە پێوەندییەکی قووڵ و نەپچڕاو لەنێوان شیعر و مۆسیقادا هەیە کە بەیەکەوە هارمۆنیەتێکی هونەری دەخولقێنن و دەکرێ بڵێین شیعر و مۆسیقا دوو ڕەگەزی هونەرین، کە تەواوکەری یەکن و لەئاکامیشدا کاریگەرییەکی نوێ دەخولقێنن، کە هیچ کامیان بە تەنیا ناتوانن هەڵگری ئەو کاریگەرییە بن. هەروەها شتێکی دیکە کە لەم وتەیەی ڤاکنەر بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە دەبێ هاوئاهەنگی و هارمۆنیەتێک لەنێوان شیعر و مۆسیقادا بێت بە چەشنێک کە ئەو هارمۆنیەتە ببێتە پردی پێوەندی نێوان ناوەڕۆکی شیعر و ئاوازی مۆسیقاکە و ڕێکخەرێک بێت لەنێوان ئەو دووانەدا.

بەڵام ئێستاکە ئەگەر خۆمان بێینە سەر باسی خودی مۆسیقا و کاریگەرییەکانی و هەڵسەنگاندنی چۆنیەتی

ئەو کـاریگەرییـانە و دەرکـەوتەکـانی، دەبێ دان بەوەدا بنێین کە مۆسیقا بەوە ناڵێن کە ڕوح لە هەژان بپارێزێت، بەڵکو ئەوەیە کە ڕوح بە توندترین و کوشندەترین شێوە بریندار بکات. بە واتەیەکی دیکە مۆسیقایەک غوربەتی تێدا نەبێت، یان حـاڵەتێکی نۆستـالۆژیکی لەمـرۆڤـدا دروست نەکـات، مـۆسـیـقـایەکـە کـە مـرۆڤـەکـان بەرەو گەمژەیی دەکێشێت، چونکە ڕەگەزی بیـرکردنەوەیان لێ زەوت دەکات و خـەیاڵی مرۆڤ دادەخـات و سەربەخـۆیی ئەندێشـەی لێ دەسـتـێنێـتـەوە، چونکە ئەوە هەست بە حەسرەت و دڵتـەنگی و نامۆیی و غـوربەتە وادەکـات کە مرۆڤ بیر بکاتەوە و ئەندێشەی بخاتە گەڕ. هەر بۆیەش مـۆسـیـقـای ڕەسـەن و ڕاسـتـەقـینە ئەو مـۆسـیـقـایەیە کـە لەکاتی گوێدانیدا، هەستێکی نامۆ لەلای مرۆڤ دروست دەکات و ئەم هەستەش بەهیچ شێوەیەک پێناسە ناکرێت، بۆیە کەسێکی وەک تیـۆدۆر ئـادۆرنۆ بەم چرکە نامۆیە کە لەکـاتی گـوێدانی مـۆسـیـقـا لەلای مـرۆڤ دەخـولقـێت، دەڵێت: «چرکـەی مـۆسـیـقـایی». ئەو لای وایە کـە ئەو چرکەیە لەهیچ چرکەیەکی دیکەی ژیان ناچێت و ساتێکی دەگمەنە کە پێوەندی بە ساتەکانی دیکەی ژیانەوە نییە و تەنیا مۆسیقاش دەتوانێ ئەم چرکەیە بخولقێنێ و لە ڕێی گوێ گرتنەوە دێتە بەرهەم. ئەو لای وایە کە ئەم چرکەیە سەروکاری ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ئەندێشەی مرۆڤ و تەنانەت بڕوای وایە کە هیچ مۆسیقایەک نییە کاریگەری لەسەر ئەندێشەی مرۆڤ بەجێ نەهێڵێت.

لە هەمـان کـاتدا مـۆسـیـقـا ئەو سـارێژەیە کـە لەسـاتە دەگـمـەنەکـاندا زامـەکـانی ڕوح سـارێژ دەکات و بەهانای مرۆڤەوە دێت. دواتریش قـووڵبوونەوە و سەرسامییـەکی دەگمەن بەجێ دێڵێت.

مرۆڤ هەمـیـشـە هەڵوەدای ئەو شـتـانەیە کە بۆی دەرک ناکرێن، هەمـیـشـە بەو دیاردانە سـەرسـام دەبێت کـە لە ماهییەتیان تێناگات. مۆسیقاش یەکێک لە گرنگترینی ئەو شـتـانەیە. من لەو بڕوایەدام کە هیچ کـەس بەدرێژایی مێژوو لە ماهیەتی مۆسیقا تێنەگەیشتووە، ئەگەرنا بایەخ و گرنگی خۆی لەدەست دەدا. مۆسیقا چەمکێکە کە هیچ کـات ناوەرۆک و مـاهـیـیـەتی خۆی بەدەسـتـەوە نادات. هەربۆیەش هەمـوان پێی سـەرسـام دەبن و لەئاسـتـیـدا دادەمێنن و هەمـوان دووچاری سەرسوڕمانێکی بێ وێنە و دڵبـزوێن دەکـات. من بێ گـومـانم کـە ژیان بەشـێـوەی مرۆڤانە بە مۆسیقاوە بەستراوەتەوە. واتە ئەوە مۆسیقایە

وای کـردووە کـە زیندووبوون ڕواڵەت و مـاهیـەتی ژیانی مرۆڤانە بە خۆیەوە بگرێت.

لێرەدا با هەڵوێستـەیەکیش لەسەر تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ مـۆسـیـقـا و چۆنیـەتی کـەڵک لێ وەرگـرتن بکەین، چونکە هەروەک دەزانین زۆربەی خەڵکانی ڕەمەکی گـوێ بۆ مۆسیقا هەڵناخەن، بەڵکو تەنیا دەیبیستن. ئەم وتەیە خـۆی جـێی سـەرنجە بەو مـانایە کـە گـوێ هەڵخسـتن بە مانای بیرکردنەوە و سەرنجدانە و بیستنیش حاڵەتێکە لە ڕووی نـاچـارییـــەوە. واتە گـــوێ هەڵـخـــستن بـۆ دەرک کردنیـەتی و بیـستنیش بەرگوێ کەوتنێکی بەرێکەوت و ناچارانەیە، یـان دەکـرێ بڵـێین کـە گـوێ هەڵخـستن پرۆسـەیەکە هاوڕێ لەگەڵ بیـرکردنەوە و تێـڕامـان، بەڵام بیـستن حاڵەتێکی نائیـرادییـە کـە دەکرێ هیچ شـتـێکی لەپشـتـەوە نەبێت، لەڕاسـتـیدا دەبێ گوێگرتن لە مۆسیـقا لەگەڵ ورووژاندنی کۆمەڵێک پرسیـاری تەمـاوی، لەگەڵ هەست کردن بە کۆمەڵێک چرکەی نامۆ و غەریب هاوکات بێت.

دەسـتـەواژەی «من گـوێ بۆ هەمـوو مۆسیقایەک دەگرم» زاراوەیەکی بێ بنەمـا و بێ تێـفـکرین و گـەمـژانەیە کـە خـودی خـاوەنەکـەشی لەوە تێناگـات کـە گـوێ لەچی دەگرێت. لە ڕاسـتـیدا دەبێ مـرۆڤ گوێ بۆ مۆسـیـقـایەک هەڵبخات کە «چرکەی مۆسیقایی» لەلای دروست بکات. ئەوەی کە گوایە گوێ بۆ تەواوی مۆسیقییـەکان ڕادەگرێت کەسێکە کە نە خاوەنی هەستی چێژوەرگرتنە تا چێژی لێ وەرگرێت، نە خاوەنی ئەندێشـە و فیکرێکی پتەوە، تاکو چرکـەی مـۆسـیـقـایی لەلا بخـولقـێت. هەر بۆیەش ئەم گـوتەیە، گـوتەیەکی کـوشندە و ترسناکـە کـە نەک هەر بنەمایەکی فیکری و مەعریفی نییە، بەڵکو لەڕاستیدا لە بێ فـیـکری و سـەرلێـشـێـواوییـەوە سـەرچاوە دەگـرێت. سـەرلێـشـێـواوی بەو مـانایە کـە کـەسی گـوێگر توانایی هەڵسـەنگاندن و لێک جـیـاکـردنەوەی هیچ چەشنە هونەرێکی تێدا بەدی ناکرێت. ئەو کەسەی کە ئاماژە بەم زاراوەیە دەکات کەسێکە لە بەرانبەر لێشاوی مۆسیقای بێ کـەڵکدا چۆکی داداوە و خـۆی بەدەسـتـەوە داوە و بۆتە مـــرۆڤـــێکی بێ دەســـەڵات کـــە توانایی هیچ جـــۆرە ئاڵوگۆڕێکی تەنانەت لەژیانی ڕۆژانەشیدا نییە، چونکە هونەر بەگشـتی و مـۆسـیـقـا بەتایبـەتی دژکـردەوەیەکـە لە هەمبەر کەموکوڕی و حەسرەتەکانی ژیان.

# وليەم شەكسپير و مەكبێس بەزمانی كوردی

مارف خەزنەدار

## پێشەكی

ئاشنايەتيم لەگــەڵ ئەدەبی نەتەوەكـــانی ئەوروپا لەســەردەمی خوێندنی دوای قـوتابخـانەی سـەرەتاييـەوە دەست پێ دەكا، ئەوكاتە بەزۆری زانياريم لەم بابەتەوە لە سـەرچاوەی عـەرەبی و كـتێبی توركی عـوسـمـانی كـۆن وەردەگرت. هێشـتا قوتابخانەی ئامادەييم تەواو نەكردبوو شـيـعـری هەندێ لە شـاعـيـرانی ئەوروپام لە زمـانی عەرەبييەوە وەردەگێڕايە سەر زمانی كوردی و لە ڕۆژنامە و گـۆواره كـوردييـەكـاندا بڵاوم دەكـردنەوە، بەتـايبـەتی لە ڕۆژنامەی «هەولێر= أربيل» (١٩٥٠- ١٩٥٣). لەوانە هەندێ شيعری شەكسپير و لامارتين و بايرۆن و شيللی و پووشـكين و هی ديكەم لە ڕۆژنـامـە كـوردييـەكـاندا بڵاو دەكـردەوە. لەناو چيـرۆكنووسـاندا چيـخـۆف و موپاسـان و برناردشۆم خۆش دەويست.

لە ماوەی ژيانی هەشت ساڵەی ڕووسيـام بايەخی زۆرم بە ئەدەبی ڕووسی دەدا، لە ڕێگەی ئەم ئەدەبەوە زانيـاريم لە ئەدەبی نەتەوەكانی ديكەی ئەوروپا بەتايبەتی ميللەتە گەورە و پێشكەوتووەكان فراوانتر بوو.

لەســاڵی ١٩٨٣ كـە زانســتگای عــەننابە لە وڵاتی جـەزائيـر داوەتيـان كـردم، بۆ ئەم مـەبەسـتـە كـورسی مـامۆستايەتييان لە ئامۆژگای زمان و ئەدەبی عەرەبی بۆ ئامـادەكـردم وەك پسـپـۆڕێك ئەدەبی بيـانی (ئەدەبی نەتەوەكـانی ئەوروپا) بلـێـمـەوە. لەو مـاوەيەدا جگە لەو زانسـتيـە «ئەدەبی بەراورد»يشم پێ سپێردرا. گرنگـترين سـەرچاوەم زۆربەی بەرهەمی ئەدەبی شـەكـسـپـيـر بوو، بە تايبـەتی شـانۆگـەری «هاملێت» و «ڕۆمـيـۆ و جـوولێت» جـێگـەی دياريان لە مـوحـازەرەكـانمدا هەبوو. بەگـشـتی ناوەرۆكی ئەدەبی بەراوردكـاری بريتی بـوو لە گـرێدانی ئەدەبی هەندێ لە نـەتەوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەكو



شەکسپیر

عەرەب و فارس و تورک و کورد بە ئەدەبی رووسی و ئینگلیزی و فرانسی و ئەوانی دیکە. «لەیلا و مەجنوون»ی ئەدەبی کلاسیکی و میللی عەرەبی سەرچاوەیەکی گرنگ بوو وەک نموونە بۆ دانان و روون کردنەوەی هەندێ لە تیۆرییەکانی ئەدەبی بەراوردکاری.

لە پاشان کەوتمە دوای شارەزایی پەیداکردن لەو بەرهەمە جیهانییانەی پێوەندی تایبەتییان بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە هەبوو. شەکسپیر مەیدانێکی فراوان بوو، زانیاری زۆرم لە بابەت هاملێت و رۆمیۆ و جوولێتەوە پەیدا کرد.

## (١)
## ولیەم شەکسپیر
### کورتەی ژیانی

ولیەم شەکسپیر لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤ لەشاری ستراتفۆردی سەر رووباری ئەیڤن لە بەریتانیا لە دایک بووە. لە نیسانی ساڵی ١٦١٦ هەر لەو شارۆچکەیە کۆچی دوایی کردووە، ئەوجا لەو کەنیسەیەی لێی تەعمید کراوە، بە خاک سپێردراوە. لە دایک بوون و مردنی بەر رۆژێکی مانگ و ساڵ کەوتووە. بەم جۆرە ٥٢ ساڵ ژیاوە.

جگە لە ئەدەب و هونەر، شەکسپیر لە ژیانیدا خەریکی بازرگانی و کرین و فرۆشتنیش بووە، ئەم پیشەیە لە باوکییەوە بۆی ماوەتەوە. بە بنەماڵە خۆی و باوکی هەڵسان و کەوتنیان لە بازرگانی دابوو، دەوڵەمەندی و هەژارییان بینیوە. لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا رووی کردۆتە لەندەن، ماوەیەک لەوێ ژیاوە و ئینجا گەڕاوەتەوە شارۆچکەکەی خۆی.

شەکسپیر گەورەترین شاعیری درامایە نەک تەنیا لە ئەدەبی ئینگلیزی، بەڵکو لە ئەدەبی کلاسیکی هەموو نەتەوەکانی گێتی. لە لێکدانەوە و شی کردنەوەی سۆزی ناوەوەی ئادەمزاد بێ هاوتایە. تەعبیر لەخۆشەویستی و کین، راستی و درۆ، چاک و خراپی ئینسان دەکا. وەسفی قووڵی نهێنی ناو دەروونی خەڵکی ناو کۆمەڵی خۆی و هەموو مرۆڤایەتی گێتی لە هەموو دەور و زەمانێکدا بە نەمری دەمێنن و لە کەڵک ناکەون، لەبەر ئەوە قسە و بۆچوون و بیروباوەڕی شەکسپیر کۆن نابن. شیعری تەنیا رۆمانتیکی و سیمبۆلی نییە، بەڵکو تەنگوچەڵەمەی ناو خەڵک و رەوشت و کرداری ناو کۆمەڵ و هەست و نەستی ناو دەروونی ئادەمزادن.

### بەرهەمی

بەرهەمی ئەدەبی شەکسپیر لەرووی روخسارەوە، هەمووی شیعرە و بەگشتی دەکرێ بە سێ بەش، بەپێی دابەش کردنی لە «مێژووی ئەدەبی نەتەوەکانی ئەوروپا».

١- شانۆگەری (تراژیدی و کۆمیدی).

٢- پۆیێم (قەسیدەی درێژ، مەلحەمە، داستان، بەیت).

٣- سۆنێت.

ئەم بەرهەمانە هەموویان بە شیعر هۆنراونەتەوە، تەنیا شانۆگەرییەکان نەبێ. ئەمانە زۆریان بە شیعر و هەندێکی دیکەیان بە شیعر و پەخشان گەیەنراونەتە ئەنجام.

١- شانۆگەری: تەواوی بەرهەمی شانۆگەری شەکسپیر بریتییە لە ٣٧ چیرۆکی شیعری شانۆ. ئەمانە ئەگەرچی هەموویان گرنگن و لە رووی هونەری شیعرییەوە لە لووتکەی داهێنان دان، بەڵام هەندێ لە گرنگەکانی ئەمانەن:

١- گەرداو (العاصفة).

٢- دوو جێنتیلمانی ڤیرۆنا.



**جادووگەری سێیەم:**
**مەکبێس، مەرحەبا، لە ئایندەدا تۆ دەبی بە پاشا**
**«هونەروەرێکی دەست ڕەنگین هێـڵـکاری ئەم وێنەیەی بۆ ئەم دوو دێرە شیعرە کێشاوە»**

٣- خەونی شەوێکی هاوین.
٤- بازرگانی ڤینیسیا.
٥- مەلیک جۆن.
٦- مەلیک ڕیچاردی دووەم.
٧- مەلیک ڕیچاردی سێیەم.
٨- مەلیک هێنری چوارەم.
٩- مەلیک هێنری پێنجەم.
١٠- مەلیک هێنری شەشەم.
١١- مەلیک هێنری هەشتەم.
١٢- ڕۆمیۆ و جوولێت.
١٣- یۆلیۆس قەیسەر.
١٤- مەکبێس.
١٥- هاملێت ئەمیری دانیمارک.
١٦- مەلیک لیر.
١٧- ئەنتۆنیۆ و کلیۆپاترا.

٢- پۆیێم: کـۆمـەڵێک پۆیێـمی هەیە، گـرنگەکـانی ئەمانەن:

ئا- عـەنقا و کیـسـەڵ، بریـتـییە لە ٦٧ دێرە شیـعر، لە سەر بەند دامەزراوە، هەر بەندی لە ٣ دێرە شیعر، یان ٤ دێر پێکهاتووە، واتە چوارینە.

ب- ڤـینۆس و ئەدۆنیس، بریـتـیــیـە لە ١١٩٤ دێرە شیعر، هەربەندی ٦ دێرە.

ج- گلەیی خۆشەویستێک (عـاشقێک)، بریتییە لە ٣٢٩ دێرە شیعر، هەر بەندی ٧ دێرە.

د- حاجی پڕ سۆز، بریتـییە لە ٤٢٧ دێرە شیعر، هەر بەندی لە ١٢ دێرە شیعر، یان ١٤ دێر پێکهاتووە.

٣- سـۆنێت: جـۆرە هونەرێکی شـیـعـرییـە لە ئەدەبی نەتـەوەکـــانی ئـەوروپا زیـاتر بـۆ گـــۆرانی و ئـاواز دەهۆنرێتـەوە، لەسـەدەکـانی ناوەڕاسـتـدا جێگەی دیاری لەناو خـەڵکی ئەو کـۆمـەڵانەدا هەبوو، بە تـایبـەتی لە ئەدەبی مـیللی و کـلاسـیکی ئیـتـاڵی و ئیـسـپـانیـدا. لە ڕووی ڕوخسـارەوە نموونەی سۆنێت لە ئەدەبی کلاسـیکی کوردیدا هەیە، ئەمە لە «تەرجیع بەند» و «تەرکیب بەند» دەکـەوێتــە بەرچاو، بەتایبـەتی لە بەرهەمی حـەمــدی ساحێبقڕان. لە تەواوی کاری شیعری شەکسپیردا ١٥٤ سۆنێت هەیە، هەر یەکەی بریتییە لە ١٤ دێر شیعر.

(٢)

## مەکبێس بەزمانی کوردی
## مەکبێس لە وەرگێڕانی سەلاح بابان


مــەکــبــێس یـەکـێکە لە چیــرۆکــە شــیــعــرییــە دراماتیکیـیـەکانی شەکسـپیـر. سەلاح بابان لە زمانە ئینگلیزییە ڕەسەنەکەی شەکسپیرەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. کەمال مەحموود فەرەج و شەوکەت مەلا ئیـسـمـاعـیل پێـیـداچوونەتەوە (ڕیداکـتـۆری بوون). لە چاپخانەی کاکەی فەللاح لە سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٧ چاپ کـراوە. وەرگـێـڕانە کـوردییـەکـە ٢٦٩ لاپەڕەیە؛ تێکستە ئینگلیزییە ڕەسەنەکەی شەکسپیر ٨٥ لاپەڕەیە. کـتـێبـەکە لە بڵاوکراوە و ڕاگـەیاندنی «التـفـسـیـر»ە لە هەولێر.

لەم ماوەیەدا باس لە داهێنانی هونەری شەکسپیر ناکەم لەسەرجەم بەرهەمی ئەدەبیدا، چونکە ئەم شاعیرە گەورەیە چوارسەد ساڵە تەنیا هەر کۆمەڵی ئینگلیزی نەبزواندووە و هۆشـیـاری نەکـردووەتەوە، بەڵکو سـەرنجی نێـوەندی

ئەدەبی و ڕۆشنبیری هەموو کۆمەڵانی سەر ڕووی زەوی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەم هەندێ لەو بیروڕا و تێبینییانەی لە بابەت وەرگێڕانی ئەم کارە ئەدەبییەوە لە لایەن سەلاح بابانەوە لە لام دروست بوون، بیانخەمە ڕوو.

پێش هەموو شتێک دەڵێم جێ پەنجەی هەردوو ڕیداکتۆر و کەسانی دیکەش بە زمانە کوردییەکەی سەلاح بابانەوە دیارن، وەکو خۆی لە پێشەکییەکەیدا دانی پێدا دەنێ و سوپاسی بێ پایانیان پێشکێش دەکا.

دوور لەو هەموو مەرجانەی بۆ وەرگێڕان دانراون بە گشتی، هەروەها دوور لەو نەخشە جیاوازانەی بۆ وەرگێڕان لەنێوان تێکستی زانستی و تێکستی داهێنانی ئەدەبی بە شیعر و پەخشان دانراون، دەڵێم سەلاح بابان لە کارەکەیدا زیاتر بە زۆری لە تێکستی زانستیدا پێڕەوی وەرگێڕانی حەرفی کردووە، ئەمەش بە زۆری لە تێکستی زانستیدا پێڕەو دەکرێ، کەچی ئەم کارە پێویستە لەگەڵ شەکسپیریش بکرێ. ڕاستە نووسین و ئەو داهێنانە پێوەندی بە ڕەمز و ڕۆمانتیزم و چێژ و خەیاڵ و خەون و سۆز هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی زمانی شەکسپیر کلاسیکییەکی تایبەتییە، بێ گومان مامەڵەی تێکستی زانستی لەگەڵدا دەکرێ. ئەمە و لەلایەکی




دیکەشەوە زمانی ئینگلیزی بەتەعبیر و لێکسیکۆنەوە زمانێکە درێژدادڕی و سینۆنیم (مرادف) و بە زۆری سیفەت لەدوای یەکەوە قبووڵ ناکا. هەروەها ئەگەر هەندێ جار زمانی شەکسپیر دوور بێ لە چێژ و سۆز و گەمەی ڕەوانبێژی تا دەگاتە نەبوونی کێش و قافیەش، بەڵکو هەروا بە قسەیەکی ساکار و ئاسایی پەخشانی ڕووت خۆی بنوێنێ ماکی داهێنانی هونەری تێدا دەبێ، چونکە زۆربەی قسەکانی لە ڕووی ماناوە ئەوەندە بەرزن بە پەخشانێکی ساکاری کلاسیکی و قسەیەکی فۆلکلۆرانەی میللی خۆیان بنوێنن وەکو داهێنانێکی هونەری ئستێتیکی دەکەونە بەر چاو.

ئەگەر هەندێ جار تەعبیر وشکی سەلاح بابان بکەوێتە بەر گوێ، ئەمە چەوتی و خراپی وەرگێڕان نییە، بەڵکو گیروگرفتی زمانە کۆنەکەی شەکسپیر و ئستیعاب نەکردنی زمانی تازەی کوردییە، لەبەر ئەوە دەڵێم بەگشتی وەرگێڕانی مەکبێسی ئینگلیزی شەکسپیر بۆ زمانی کوردی گونجاو و ڕێکوپێکە وەکو قسەی نەستەقی کوردی دەڵێ کاڵا بە قەد باڵایە.

ئەوەی گرنگی داوەتە وەرگێڕانە کوردییەکە ئەوەیە، سەلاح بابان هەوڵی داوە کێش و قافیەی ڕەنگاوڕەنگ لەناو وەرگێڕانەکەدا هەبێ، لە جێگەی دیکەدا ڕیتم و تۆن جێگەی کێش و قافیە دەگرنەوە و گیانی شیعرییەتی شەکسپیر تا ڕادەیەک دەپارێزن.

نموونەیەک لە وەرگێڕانە کوردییەکەی مەکبێس:

**مەکبێس:**
**خۆزگە سەعاتێ**
**پێش ئەمە بۆ خۆم بمردمایە**
**ئەوساکە دەمگوت:**
**ژینێکی خۆشم لە دنیا ڕابوارد**
**تا لەم ناوەوە**
**ئیتر لە ژینی مرۆکیم هەرگیز**
**تاکە شتێکی گرنگ نابینم**
**قەڵبن ئەوانەی من دەیانبینم**
**شۆخی و ناوبانگی ئەوانەی مردن**
**ژیان مەیەکەی دەرچوو لێی تکا**
**سەردابی بادەی، ئیتر لەمەولا**
**بەچی دەتوانێ شانازی بکا**
**جگە لەماوەی لێڵی و تڵپەکەی**

**دۆنالدبێن: چییە، چی بووە؟**
**مەکبێس: تۆیت و نازانی، هەتاکو ئێستا: سەرچاوەکانی**
**خوێنی تۆ وەستا**
**ماکدەف: باوکی شاهانیت، باوکت کوژرا**
**مالکەم: ئاخ، بەدەستی کێ؟**
**لینۆکس:**
**زۆر لەوە دەچێ**
**بەدەست ئەوانەی پاسەوانی بوون:**
**ڕوو و دەستەکانیان، هێنی هەردووکیان،**
**گشت خوێناوی بوون**
**خەنجەرەکانیان**
**هەر بە خوێنەوە، بێ سڕینەوە**
**لەسەر سەرینیان دۆزیمانەوە**
**چاوەکانیشیان**
**هەر وا بە زەقی کرابوونەوە**
**وەک بیر لە شتی تر بکەنەوە**
**ئەو جۆرە کەسە، قەد نەدەبووایە**
**جێگای باوەڕ و بڕوا بوونایە**
**مەکبێس:**
**لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر پەشیمانم؛**
**خۆم پێ نەگیرا، من هەردووکیانم**
**هەر لەو ئاستە کوشت (ل١٠٧- ١٠٩)**

لەم هەڵوێستەی سەر شانۆ ئەو ئەکتەرانەی قسە دەکەن ئەمانەن:

١- مەکبێس Macbeth، ئەکتەری سەرەکییە، شانۆگەرییەکە بەناوی ئەوەوەیە.

٢- دونالدبێن Donaldbain، کوڕە بچووکی (دەنکەنە) (دەنکەن مەلیکی سکۆتلەندەیە).

٣- ماکدەف Macduff، میری ناوچەی (فایف)ە.

٤- مالکەم Malcolm، کوڕە گەورەی دەنکەنە، لەدواییدا دەبێ بەمیری کەمبەرلاند و لەدواییتردا بەمەلیکی سکۆتلەندە.

٥- لینۆکس Lennox، میری ناوچەی لینۆکسە.

مەبەستی سەرەکی لەگواستنەوەی ئەم تێکستە لە وەرگێڕاوە کوردییەکەیەوە ئەوەیە بزانین تا چ ڕادەیەک سەلاح بابان مەکبێسی ئینگلیزی شەکسپیری لە کورد نزیک کردۆتەوە.

لەم لایەنەوە ئەم تێبینییانەی ڕۆشناییەک دەخەنە سەر مەسەلەکە.

١- کێشی دە بڕگەیی خۆماڵی کوردی (٥+٥) بەسەر وەرگێڕانی شانۆگەرییەکەدا زاڵە، هەروەها قافیەی ڕەنگاوڕەنگیش بەبێ ئەوەی ڕەچاوی سیستمێکی دیاری کراو بکرێ، واتە تاڕادەیەک لەسەر سیستمی شیعری ئەوروپایی ڕۆیشتووە، لەم لایەنەوە گوێی نەداوەتە شیعری عەرووزی کلاسیکی ئیسلامەوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (عەرەبی، فارسی، تورکی، کوردی).

٢- وەرگێڕان بە شیعر وەرگێڕی ناچار کردووە، هەندێ جار فرمان و ڕستەی کورت و درێژ و ئیعتیرازی پاش و پێش بخا وەکو هەندێ جار لە شێوازی (سەبک، ئوسلوب)ی شیعری کلاسیکی ئیسلامەوی بەرچاو دەکەوێ، وەکو:

**ژیان مەیەکەی دەرچوو لێ تکا**
**سەردابی بادەی، ئیتر لەمەولا**
**بەچی دەتوانێ شانازی بکا**
**جگە لە مایەی لێڵی و تلپەکەی**

ئەم وێنە ڕۆمانتیکییە پڕ لە گیروگرفت و ئاڵۆز دێتە بەرچاو. ئەگەر شەکسپیر وای نەنووسیایە و وەرگێڕی کوردی وای نەکردایە بە کوردی، نەدەبوو بە شیعر، چونکە ئەسڵی وێنەکە بەزمانێکی ساکار بەم جۆرەیە «ئەگەر سەرخۆشی لە ژیان جیا بووەوە و نهێنی بادە واتە بنەکەی دەتوانێ بەچییەوە شانازی بکا! دیارە هیچی بەدەستەوە نییە تلپی بادەکە نەبێ».

لێرەدا تەعبیری نامۆ دەکەوێتە ڕوو. ئەگەر چوار دێرەکەی شەکسپیر لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا کە بەزمانی کوردی نووسراوەتەوە، لەگەڵ شێوازی ئاسایی کوردی بەراورد بکرێ، لەماناندا هەردووکیان یەکێکن، بەڵام لە ڕوخسار و دەربڕیندا جیاوازن. ئەو جیاوازییە یەکەمیان تازەیە و زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکا؛ دووەمیان شێوازی زمانی ئاسایی کوردی خۆیەتی، لەبەر ئەوە هەمیشە بەرهەڵستی تازەگەری کراوە بەناوی ئەو بیروڕا چەوت و نازانستییەی کە دەڵێ «کورد وای نەگوتووە». ئەمە بیروڕایەکی سەقەت و نەزۆکە، لەناو نێوەندی ڕۆشنبیری هیچ نەتەوەیەک نییە، لەناو عەرەب نەبێ.

ئەوان سـامـانێکی نەتەوەیی بەرزیان هەیە، ئەوەی لە قـورئان و حەدیس و نـووسراوی کـلاسیکی پێشـینانیـان نەهاتووە بەنامـۆ و بێگانە و نادروسـتـیـان داناوە. تیـۆرییـەکی سـەیریان دروست کـردووە. بۆ هەر وشـە و زاراوە و تەعبیرێکی لە نووسینی کلاسیکییان نەهاتبێ گوتوویانە «عەرەب وای نەگوتووە». لەم ڕووەوە زیانیان کـردووە، بەڵام لەسەرەتای سـەدەی بیسـتـەم بەتایبـەتی لەدوای جەنگی یەکەمی گێتی کە هەندێ بەخۆهاتنەوە، فـریای زمـانەکـەیان کـەوتن و وازیان لە «عـەرەب وای نەگـوتووە» هێنا و زمـانەکـەیان دەوڵەمـەند بوو و ئێـستـا یەکێکە لەو شەش حەوت زمانەی بوون بە عالەمی.

٣- لەپێناوی پاراستنی زمان و دەربڕینی شەکسپیر لە شانۆگەری مەکبێس، وەرگێڕی کوردی ناچار بووە هەندێ وشـەی کـوردی تازەی بەکـار نەهێنراو لە نووسـیندا بۆ یەکـەمین جـار دروست بکا. ئەمـە کـارێکی باشـە. بێ گومان سەرچاوەی ئێمە بۆ ئەم مەبەستە زمانی قسە کردنە بە هەمـوو دیالێکتـە گـەورە و بچـووکـەکـانی زمـانی کوردییـەوە، بەڵام نابێ زیادەڕۆیی تێدا بکرێ، وەکو لەم دواییـەدا لەناوەوەی وڵات لەلایەن هەندێ نەفـامی دوور لە زانست و بۆرە خـوێندەوارەوە بە لێـشـاو وشـەی تازەی بەکـارنەهێنراو دێتـە ناو زمـانی نووسـینەوە، چونکە ئەم وشـانە بەجێ و مـاقـووڵیش بن، کـات و بەکـارهێنانی زۆریان پێـویسـتـە تا دەبن بە ئاسـایی لای خـوێنەر و خوێندەواری کورد. هەر چۆنێ بێ ئەم کارە لەکۆنەوە بووە و تا ئێـسـتـاش بەردەوامـە، ڕەنگە ئەمـە تا ڕادەیەک پەسـەند بێ، بەڵام ناپەسندی لەم دیاردە نالەبارەدایە کە ئێستا لەناوەوەیە. بە بار لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕۆژانە وشـەی «فـەرمی» (١)، «واژۆ»، «پەرجـوو» و گـەلێکی دیکەش بەکـار دەهێنرێن! بۆ بەڵگە لەم مـاوەیەدا دەڵێم. وشەیەکی وەکو «ڕەسمی» تەنیا لەبەر ئەوەی بە عـەرەبی دەزانن دەیانەوێ بیکەن بەکوردی. ئایا نازانن «فـەرمی» کوردی نییە و لاتینییە و وشەی «ڕەسمی»ش جێی خۆی گـرتووە و خـوێندەواری کـورد و ناخـوێندەواری ڕۆژانە بەکاری دەهێنێ. وشەکە لەلایەن خەڵکێکی زۆر بە ژمارە لە عەرەب زیاتر لەگێتیدا بەکار دەهێنرێ.

* * *

وەرگـێڕانی شـانۆگـەری «مـەکـبێس» بۆ زمـانی کـوردی تاقیکردنەوەیەکی گرنگە بۆ ناساندنی کورد بە بەرهەمی ئەم بلیمـەتە عـالەمـییـە و بۆ دەوڵەمـەند کـردنی زمـانی کـوردی. هەروەها بەر گـوێم کـەوتـووە گـۆیا سـەلاح بابان ئێـستا «هاملێت»یشی بەدەستەوەیە. کاشکی بەرنامەی دادەنا بۆ وەرگـێڕانی سـەرجەمی بەرهەمی شەکـسپیـر بۆ زمانی کوردی.

**پەراوێز:**

**(١) فەرمی: ئەسڵی وشەکە لاتینی کۆنە «Forma»، وشەی فـەرهەنگی زمـانێکە مـردووە و لە کـار کـەوتووە، بەڵام تا ئێـسـتـا زمـانانی هەمـوو نەتەوەکـانی گـێـتی دەوڵەمـەند دەکا، بەتایبـەتی زمـانانی ئەورووپا. لەو زمـانانـەدا بە زیاتر لە دە دوازدە مـەبەست و مـانا وەک وشـەی فـەرهەنگی و زاراوە بەکـاردەهێنرێ. زاراوەکـان پێـوەندییـان بە هەمـوو ئەو زانسـتـیـیـانەوە هەیە کـە لە خزمـەت مرۆڤـایەتین. ئەوەی لێـرەدا پێویسـتـە بیـڵـێم ئەوەیە ئێـمـە دەتوانین سـوود لە فـەرهەنگی زمـانە مـردووە کـۆنەکـانی گـریک و لاتینی (ڕۆمـانی) و ڤـیـدا و سـانسـکریتی و ئاڤـێسـتـا و هەمـوو ئەوانی دیکەش وەربگرین، بەڵام بە جۆرێک لە مەنتیق دوور نەکەوینەوە.**

**سەرچاوە:**

**١- سەرجەمی بەرهەمی ئەدەبی ولیەم شەکسپیر**

**The Illustrated StratFord SHAKE-SPEARE, Chancellor press 59, Grosvenor Sterrt, London, 1983.**

**٢- ولیەم شەکسپیر، مەکبێس، وەرگێڕانی دکتۆر سەلاح بابان، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ٢٠٠٧.**

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

**کتێبی مێژووی شاری کۆیەی**
**نەجیبەخانی جەلیزادە**
**١٩١٧ - ١٩٩٩**

کـتـێـبـەکـە (٢٠٨) لاپەڕەیە، لە لایەن سـەنتـەری لێکۆڵینەوە و پەخـشی کـۆیەوە، لە سـەرەتای ئەم سـاڵ (٢٠٠٩) چاپ کراوە، کـتـێبـەکـە بە پێشـەکـیـیـەک بە ناوونیشانی (ئەم کتێبە چییە؟)، لە لایەن کاک (سەلاح شێخ شەرەف) لێپرسراوی ئەو سەنتەرە دەستی پێکراوە، دوای ئەوەیان پێشـەکی نووسـەری کـتـێـبـەکـە خـانمی کـۆچکردوو نەجـیـبـەخـان دێت، کـە لە (١٩٥٨/٤/٦) نووسیویەتی.

کاک سەلاحی شێخ شەرەف لە پێشەکییەکەیدا، دێرێک شیعری حاجی قادری کۆیی نەمری داناوە، حاجی تێیدا ستایشی بنەماڵەی جەلیزادان دەکات:

**بە غەیری جەددی ئێوە کێهە دانا**
**بناغەی عیلمی لە کوردستانا دانا**

سـوپاسی بەڕێزان (سـەلاح شـێخ شـەرەف) لێـپـرسـراوی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە و (دانا جەلیزادە) دەکـەم، بەوەی هەریەکـە و لەلای خـۆیەوە دانەیەکی ئەو کتێبەیان پێشکەش کردم.

دوای خوێندنەوەی کتێبەکە هەندێ باری سەرنجم لەلا دروست بوو و خۆشبـەخـتانە هەندێ زانیاری نوێشم هەر لەو کتێبەدا دەستکەوت، بۆیە وا لە خوارەوە دەیانخەمە ڕوو:

**خاڵی یەکەم:** بە ڕای من دەبوو دەستنووسی ئەو کتێبە نیشانی کەسێکی لێهاتوو و شارەزای مێژووی ئەم شارە بدرێت (کە دیارە لە کۆیەش لەم جۆرە کەسانەمان زۆرن، هەر بۆ نموونە وەک بەڕێزان: مـەجـیـد ئاسنگەر، کـەریم شارەزا، عوسمان مستەفا ئەحمەد خۆشناو،نازم حەوێزی،



نەجیبەخانی جەلیزادە

عەبدولخالق عەلائەدین... تاد،) بۆ ئەوەی نووسینەکان هەم لە ڕووی ڕێزمان و هەم دارشتنیشەوە دەستکاری بکرێن تا بۆ ئەمڕۆ بشێت و هەم لە لایەنی (مێژوو)ەوە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی پێویستی بۆ بنووسرێت، سەرلەبەری کتێبەکەش دواجار هەڵەچنی بۆ بکرێت! چونکە دەستنووسەکە هی کەسایەتییەکی وەک (نەجیبەخانی جەلیزادە)یە، ئەو مرۆڤە لە لایەک کچی جەنابی (مەلای گەورەی کۆیە)یە و دیارە بەو پێیە خوشکی زانای گەورەی کورد (مەسعوود محەمەد) و یەکەم کچی کوردیشە کە لە کۆیە لەگەڵ کوڕان لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە قوتابخانەی (ئوولای سەرەتایی کۆیە) چۆتە بەرخوێندن، بۆیە بەڕای من دەبوایە ئەم ئەرک و ماندووبوونەی بۆ بکرێت و گرنگی زیاتر بەو بەرهەمە بدرێت.

سەیردەکەی زۆر ڕستەی ناو ئەم کتێبە بە ئاسانی ناخوێنرێنەوە، یان تەواو نەنووسراون، بۆیە مانا بە دەستەوە نادەن! بە تایبەتی گەر کەسێک خەڵکی کۆیە نەبێت و خۆشی شارەزایی لە نووسین و ڕێزمان و دیالێکتی ناوچەی کۆیە نەبێت. وەک دەزانین لە کۆیە زۆربەی پیتەکانی (ڵ) دەکرێنە (ر)! بۆ نموونە: لە زاراوەی کۆیە بە (ماڵ) دەگوتری (مار) و بە (کڵاو) دەگوتری (کراو) ...تاد.

**خاڵی دووەم:** لە زۆر شوێندا بە هۆی ناشارەزایی لە (Font)ەکان، وشەکان لە کاتی نووسینەوەیان بە (Computer) بە وشەی دی گۆڕدراون، دیارە ئەم کارە ئەوەندەی دی سەری لە خوێنەری ئەو کتێبە شێواندووە! هەر بۆ نموونە: لە پەراوێزی لاپەڕە (٢١)ی ئەو کتێبەدا (عضوي متفرغ) بووە بە (عچوی متفرغ). لە لاپەڕە (٢٢) بە دواوە لە زیاد لە شوێنێک و لاپەڕەیەک وشەی (عثمان) بە (عیمان) نووسراوە. هەر لە لاپەڕە (٢٢)دا زاراوەی (جهادي أعظم) بە (جهادی أعقم) نووسراوە. لە لاپەڕە (٢٦)یش ناوونیشانی (نائب السلطنة) بە (نائب السلگنه) گۆڕاوە. لە لاپەڕە (٢٨)یش وشەی بۆ (خاطري) کراوەتە (بۆ خاگری) و هەر لەم لاپەڕەیەش وشەی (طاعون) کراوە بە (گاعون)! دیارە لە زۆر شوێن و لاپەڕەی تریش چەندین وشەی تر بەو دەردە براوە! ئەم هەڵانەش وەک گوتم: لەبەر کەم شارەزایی لە نووسین بە کۆمپیووتەر کراون، کە دیارە لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا دەبێتە مایەی بێزاری و وەڕسبوون.

**خاڵی سێیەم:** بەڕای من هەندێ بابەتی ناو ئەو کتێبە دەبوایە پۆلێن و بەش بەش بکرێن و هەر بەشە ناوونیشانی بۆ دابنرێت، بۆ نموونە: کاتێک نەجیبەخان لە لاپەڕە (٢٢) دەنووسێت: (کەمێک باسی بابان و سۆران دەنووسم، کە کۆیە لەژێر دەستیان بووە و حوکمیان تێدا کردییە)... هەروەک چۆن لە لاپەڕە (١٠) ناوونیشانی (شاری کۆیە) دانراوە، بەڕای من دەبوایە لێرەش (بابان) و (سۆران) بە ناوونیشانی ئەو چەند لاپەڕەیە دابنرێت، لە لاپەڕە (٣٥)یش جارێکی تر (کۆیە) بە ناوونیشانێکی تۆزێ جیا دابنرایەتەوە.

**هەندێ زانیاری نوێ دەربارەی مێژووی شاری کۆیە کە لەم کتێبەوە دەستم کەوتن:**

وەک نووسەری ئەم کتێبە لە کۆچکردووان (شێخ نورەدینی جەلیزادە)ی مامی و لە (فەتاح ئاغا)ی بیستووە، لە دەستەچەپی گومبەتی سەرگۆڕی هەیبەسوڵتان لە دامێنی ئەو چیایە، دەوری (٣) کیلۆمەتر دوور لە شاری کۆیە، شوێنەوارێک هەیە (ئەسکی کۆیە)ی ناوە! هەرچەندە نووسەر ڕای خۆی بۆ ئەم مەسەلەیە دەربڕیوە و نووسیویەتی: لەبەر کەم ئاوی ئەو شوێنەوارە، ڕەنگە دێ بووبێت ... نەک شار!

نەجیبەخان هەر لەم دوو زاتەی سەرەوەی بیستووە کە: لە نێوانی ڕووباری کۆیە و شاری کۆیەدا، شوێنەوارێک جێماوە (مزگەوتۆکە)ی ناوە. هەر لەوانی زانیوە، کە لە سەردەمی (سەلجوقییەکان) کۆیە زۆر بەهات و قەرەباڵغ بووە، سەرداری (سوپا) لە کۆیە دانیشتووە و خاوەنی (عەسکەر) و (تەپڵ) و (ئاڵا) بووە، ئەوکاتە وا باوبووە، هەر شوێنێک (چوار) بلۆک عەسکەری لێ بوایە پاشناوی (سنجاق)یان پێوە لکاندووە! هەر لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری کۆیە و نزیک ڕەزی (بووزی) لە دامێنی کۆیە، شوێنەوارێکی دی هەیە (کاولەکۆ)ی ناوە، لە ناو ئەو شوێنەوارەدا خانوویەکی گەورە هەیە، کە لە (گێچ) و (بەردی چوارسووچ) دروستکراوە(١)، ئەم خانووە (کاولەسەرا)ی ناوە! نەجیبەخان هەر لەوانیشەوە بیستوویەتی و خۆی نەیدیوە، کە لەسەر چیای هەیبەسوڵتان شوێنێکی گەورە و بەرین هەیە (سەری سەرا)ی ناوە(٢). هەروەها لە دەمی کاک مەسعوود محەمەدی برایەوە بیستوویەتی: کتێبێکی دەستنووس هەیە (٢٠٠) ساڵ دوای فتووحاتی سوپای موسوڵمانان نووسراوە و باسی هەموو ئەو شەڕ و شۆڕانەی تێدا تۆمارکراوە کە ئەو کاتە لە کوردستان، لە نێوان هێرش




هێنەرانی موسوڵمان و بەرگریکارانی دانیشتووی ناوچەکە بەرپابوونە! هەر لەو دەستنووسەدا بۆ ناوی کۆیە (کۆسار) و (هەرمۆتە)ش هەر وەک خۆی نووسراوە.

بۆیە دەپرسم: تۆ بڵێیی لە کۆندا پێوەندی لە میانی ئەو دوو شوێنەدا مەبەستم (کاولەسەرا) کە دەکەوێتە نزیک ڕووباری کۆیە و (سەری سەرا) کە دەکەوێتە سەر چیای هەیبەسوڵتان، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: تۆ بڵێیی ئەو دوو شوێنە بۆ کاری سەربازی و بەرگری کردن پێوەندییان بەیەکەوە نەبووبێ؟ کە دیارە هەردوو شوێن پاشگری (سەرا)یان پێوەیە لە لایەک و لەلایەکی دی چونکە لەسەری سەراوە، هەموو کۆیە و دەورووبەری دیارە. لە لاپەڕە (١٢)شدا ئاماژە بەوە کراوە: ئەو (شوورە)یەی کاتی خۆی بە چواردەوری شاری کۆیەدا دروستکراوە، یەکەم جار بناغەیان بە (قیر) داڕژاندووە و دیواری شوورەکەش بە (گێچ) و (بەردی گەورە و مەحکەم) دروستکراوە و سێ دەرکەشی هەبووە:

(١) دەرکی یان دەرگەی خۆشناوان: لە باکووری شاری کۆیەیە و بەرەو ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی (ئەسحابان) چووە.

(٢) دەرکی گەلووسۆرکێ: بەرەو (کەرکووک) و (هەولێر) چووە، ئەو ڕێگەیەی بۆ کەرکووک چووە، جاری یەکەم بۆ (تەق تەق)، لێرە بە (کەڵەک)ی سەرئاو، تووتن و کەلوپەلیان بۆ (بەغدا) ناردووە. یانیش لە زێی بچووک پەڕیونەتەوە و بە دەشتی (قەرەناو) و دواتر بەرەو گوندی (حاجی بەی خان - بەهیەخان) شەوێک لێرە ماونەتەوە، ئەو دێیە کاروانسەرا بووە، ئینجا ڕۆژی دوایی بۆ شاری کەرکووک چوونە. بۆ هەولێریش بە گونداندا چوونە، لەم ڕێگەیەش زۆر باسی گوندی (حاجی وسوو)یان کردووە، کە کاروانچییەکان گەلێ جار شەو تێیدا ماونەتەوە.

(٣) دەرکی بابان: کە لە کۆیە (قۆنگری سەرشاخان)ی ناوە، ئەم دەرگایە بۆ هاموشۆی ناوچەی (شارەزوور) بووە، کاتی خۆی بۆ پارێزگاری شارەکە، لەم شوێنە (تۆپ)یان داناوە.

نەجیبەخان لە لاپەڕە (١٣)شدا دەنووسێ: ڕۆژێکی لە دیوەخانی (حەماغای غەفووری) باسی ئەوە دەکرێت، گوایە (حاجی بەکرئاغای حەوێزی) بووە، شوورەی کۆیەی تێک داوە! کەچی حەماغا لەو مەجلیسەدا دەڵێ: ئەوە بوختانە! چونکە شوورەی شارەکە بۆ خۆی لە گەلێک

جێگە رووخابوو، بۆ نموونە : لای (شێخ مووسێ) و (قۆنگری سەرشاخان).. بۆیە باوکم تێکی داو بەردەکانمان هێناو (خانی گەورەی مەحموودئاغا)مان پێ دروستکرد. لە لاپەڕە (١٤ و ١٥)شدا دەنووسێت: لە کۆیە دوو جۆر (نۆین - زێراب)هەبوو، یەکێکیان بۆ ئاوی پاک و ئەوی دی بۆ ئاوی پیس، لە (قسر - قسڵ) و (قوڕ) دروستکرابوون، بە جۆرێک دروستکرابوون هەرگیز ئاوی پاک و پیس تێکەڵ بە یەکتری نەبن! لە لاپەڕە (١٧)شدا، ئەم جارە نەجیبەخان لە مامە شێخ نەجمەدینییەوە بیستوویەتی: قەیسەری نوێ لەلایەن (حاجی عەبدوڵڵای مسکی ڕەبەن) و (حەماغای غەفووری)یەوە دروستکراوە، جا کاتێ بناغەی ئەو قەیسەرییە نوێیەیان لێداوە و گڵ و بەرد و خۆڵیان فڕێ داوە، شوێنەواری بناغەی قەیسەرییەکی کۆنتر بەدەرکەوتووە! لە لاپەڕە (١٨)دا هاتووە: لەو ساڵانەی پێشوو مەئمووری (ئەوقاف)ی کۆیە کەسێک بوو بە ناوی (سەید هادی)، خەڵکی شاری (سلێمانی) بوو، جا لە مابەینی قەیسەری و بازاڕ و ئەو قاوەخانەیەی کاتی خۆی لە تەنیشت مزگەوتی گەورە لەلایەن حاجی بەکرئاغای حەویزییەوە دروستکرابوو، بۆ (وەقف)ی ئەو مزگەوتە، دەرگایەکی لە گوزەری کورتان درووان بوو، دەرگایەکیشی لەسەر گۆڕەپانی بەردەرگەی ئەو مزگەوتە بوو، جا هەندێ زەوی (وەقف)ی لێبوو، مەئمووری ئەوقاف ویستی بیکاتە بازاڕ و دوکان، کاتێ بناغەیان لێدا، دیسان لێرانەش شوێنەواری قەیسەرییەکی کۆنتری دی بەدەرکەوت! (٣)

نەجیبەخان لە لاپەڕە (٢٨) دا نووسیوبەتی: کە کۆیە لە لایەن نەیارانەوە گەلێ جاران گەمارۆ دراوە. بۆ نموونە: مەحموود پاشای کوڕی ئاوڕەحمان پاشای بابان، کە بەگوێرەی نووسینی نەجیبەخان لە ساڵی (١٢٢٣) تا (١٢٥٣) ی کۆچی حوکومڕانی بووە، ئینجا ئەو پاشایە دێتە سەر کۆیە و (٤٥) ڕۆژان گەمارۆی دەدات. دواتر ڕێک دەکەون کە محەمەد پاشای حاکمی کۆیە بە سەلامەتی بەرەو بەغدا بڕوات. ئینجا مەحموود پاشا (عوسمان بەگ)ی برای دەکاتە حاکمی کۆیە... تاد. لە لاپەڕە (٣٢ و ٣٣)شدا نووسیویەتی: لە زەمانی (محەمەد ئاغای حەویزی) عەجەم هاتوونەتە سەر کۆیە و لە دەرەوەی شوورەکەوە گەمارۆی کۆیەیان داوە، ئەو ئاغایەش کۆبوونەوەیەکی بە خەڵکی شاری کۆیە کردووە و پێی گوتوونە: کورینە مەردینە.. دوژمن وا دەورەی شاری لێ گرتووین، ئازابن بەرگری بکەن و شارەکە بە دەستەوە مەدەن، منیش بە ماڵ و چەک قسووری ناکەم. دوای ئەوە بورج و قۆنگرەی سەر شوورەکان قایم دەکەن، دەرگاکان دەبەستن، لە سەر هەر قۆنگرەیەکیش تاقمە کوڕێکی ئازا بۆیان دادەنیشن، لە باکووری کۆیە لەوبەری ڕووباری گردێکی گەورە هەیە، دەمێکە گردی شەهیدانی ناوە، عەسکەری شازادەی عەجەمان تۆپی لەسەر ئەو گردە دادەمەزرێنن و شار تۆپباران دەکەن، خەڵکی شار بەو کارە زۆر سەغڵەت دەبن، کوژراو دەدەن و زەرەریان لێ دەکەوێت، بۆیە ڕۆژێکی تاقمە فەقێیەک بە خەنجەری ڕووتەوە لە شاری دێنەدەرێ، لە ڕووباری دەپەڕنەوە و هێرش بۆ سەر ئەو گردە دەبەن، هەرچەندە دوژمن دەیانداتە بەر هاڕژنی گوللە و هەندێ لە فەقێکان دەکوژرێن، بەڵام هەتا دەچنە سەر تۆپەکان ناگەڕێنەوە، تۆپچییەکان دەکوژن و ئەوانیش زۆربەیان شەهید دەبن! دوای ئەوە شەڕ دەوام دەکات و دواجار شازادە هیچی پێناکرێ و بە ناچاری بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە!

نەجیبەخان لە لاپەڕە (٢١)دا نووسیویەتی: کە لە ڕۆژی (٢٦)ی نیسانی ساڵی (١٩٨٥) لە مەجلیسێکدا لە دوکانی (کاکە عەلی شێخ نووری) ئامۆزای بە ئامادەبوونی: عەزیز ئاغای ساڵح ئاغای غەفووری و کاک حاجی غەفووری و مەلافەتاحی خاڵەعیزەت و فەقێ برایمی جەلی، نەجیبەخان گوتبووی: کاک مەسعوودی برام دەڵێ: قشڵە، ئیچ قەڵا نییە! جا عەبدولڕەحمانە ڕووتە کە لەو مەجلیسەدا بووە، گوتبووی: (ئیچ قەڵا کە بە واتای قەڵای ناو شارە)و ئەم (قشڵە)یەی ئەمڕۆ نییە! بەڵکو ئەم (دائیرەی ئینحیساری تووتنی کۆیە) لە جێگەی ئەو (ئیچ قەڵا)یە دروستکراوە، هەروەها ڕووتە گوتبووی: بە منداڵی لە گەڵ منداڵانی دی بۆ ئەو شوێنە بۆ یاری دەچووین، جارێ دیوار و بناغەی مابوو، ئیچ قەڵایان پێدەگوت! نەجیبەخان هەر لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا نووسیویەتی: دیقەتیش بکەن و بزانن بۆ ئیچ قەڵا لەو شوێنە بەرامبەری قشڵە دروستکراوە؟ لە ناو حەوشی قشڵەوە (لەغەم - ڕێگەی ژێرزەوی) لێدراوە! سەری دیکەی ئەو لەغەمە لە نزیک شوورەی شاری هاتۆتە دەرێ! ئەوەش بۆ ئەو کاتانەی دوژمن هاتووە و گەمارۆی کۆیەی داوە، لێرەوە هاتۆچۆی قشڵەیان کردووە و کەلوپەلی پێویستییان بۆ بردووە!

**هەندێ زانیـاری هونەری نوێ دەربارەی مێـژووی شاری کۆیە کە لەم کتێبەوە دەستم کەوتن:**

لە لاپەڕە (١٦) نەجیبەخان باسی بۆنەیەکی دیکەی بۆ کردووین، کە کاتێ خۆی لە کۆیە شایی تیداکراوە و دیارە گۆرانیشی بۆ گوتراوە. ئەویش بۆنەی (کۆڵکردن – جلک شوشتن)ە، نەجیبەخان نووسیویەتی: من خـۆم لە بیرمە جـارێکیـان لە گـەڵ ژنانی گـەڕەکی خـۆمـان، چوومـە (تاتووکان)، ئەو ڕۆژە جلکیان دەشووشت، مەنجەڵێکی گـەورەش (سـاوار بەترش)ی بە پیـازی گـەورەی پارچە پارچەکراو ئامـادەکرابوو، ئەو هینجـانەی کـە کـوڵیـان تێداکردبوو، جوان شووشـتیـان و ساوەرەکـەیان رووکردە ناوی، ئینجا بە پێکەنین و سوحبەت نانەکەمان خوارد، پاشـان تاوەکی خـۆش شـاییـان کـرد(٤)، ئینجـا دوای عـەسـرێ بەرەومـاڵ بووینەوە. لە لاپەڕە (٧٨)یشـدا بۆنەیەکی دیکەی بۆ دەسـتنیـشـان کـردووین و نووسـیـویەتی: بەهاران چەند جـار دەوڵەمـەند و ئەهلی کۆیە دەچوونە (ئەسحابان) چەند ئێستر و وڵاخ بە ڕایەخ و نوین و پێـخـەف و ڕوون و برنج و گـەنمە کـوتاوە.... باردەکران، کچ و منداڵ و پیاوە بەساڵاچووەکان بە سواری و گـەنج و جـحێڵـەکـانیش بە پێـیـان، جـحێڵـەکـان کـە کورتەکی (خامەکی مۆر)یان لەبەردابوو، تاقە مەخمەلی گـوڵدار و کـەلانگوچک لەمـلان و خـەنجـەری قـەزبێنی دەسک سپی لەبەر پشتێنان، (کارەک – کاڵەک)ی سەر بە گـوڵـینگەی ئاوریشم لە پێـیـان، لە بەردەم سـوارەکـان دەڕۆیشتن و (شیر)ی لەدار دروستکراو بە دەستیـانەوە، جارجارە شیربازییان دەکرد، دەنگخۆشەکـان (دیلانە – گـۆرانی)یان دەگـوت، ئەوانی دی بۆیان دەگـێـڕانەوە، بە چەپڵـەڕێزانەوە ئەم کـارەیان دەکـرد! سـەرەتا بۆ (دەرکی خۆشناوان)و ئینجا بەرەو چیـا دەڕۆیشتن، تا بە (مـیـر سەید) دەگەیشتن، دیارە ئەم شوێنەش بەشێکە لە چیای هەیبە سوڵتان، لەوێشەوە بۆ (دۆڵی ئەسحابان) دەچوون، گوایە (مەغدیدی ئەسوەد) لەوێ ناشتراوە. دیارە ئەمەی خوارەوە بەیتێکی یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەو بۆنەیەیە:

**هێ ڕەوشانێ هێ ڕەوشانێ**
**هێ چەلەنگێ پێش قۆشانێ**

ئینجـا چەندین گـۆلـک و گـاجـووت و ئاژەڵی تر سەردەبڕان، لە مـەنجـەڵی گەورەی زنجـیـردار (کەشکەک) لێدەنرا، پلاو و گۆشت و شلە ئامادە دەکـرا، سـەمـاوەر جۆش دەدرا، خـەڵکی گـوندەکـانی نزیک بـانگ دەکـران، ئەو ڕۆژە هەتا ئێواری شایی و هەڵپەڕکێ و بەزم و ڕەزم و گەمەکردن بوو، (دەفزەن) و تەنزیلە خوێنیـان لەگەڵ خۆدا هێنابوو، هەتا سـبـەینێی ئەو ڕۆژە واتە مـەلا بانگدانێ، کـە ئیـتـر (مـەولوود)دەخـوێنرا، بۆیە سـەیران و سـەفـای کۆییان لە شاران دەنگی دەدایەوە!

نەجـیـبـەخـان لە لاپەڕە (٤٣)دا دەنووسێ: (حـاجی مـحـەمـەد عـەلی)(٥) لە کـۆیە کە بە (حاجییە گەورە) ناوداربووە، دەباغـچی بووە و هامـوشـۆیان لەگـەڵ دەباغچییەکانی شاری (مووسڵ) هەبووە، حاجییە گەورە شان و بازووی بەهێز و خۆێشی چوارشانە بووە، هەروەها نەجیبەخان دەنووسێت: گەلەک جار دەمدیت، لە حەوشی دەباخانان لە کۆیە لەسەر کورسی دادەنیشت، ئێسـتـاش چەندین نامەی وەستا دەباخچییەکانی مووسڵێ کە بۆ حاجیـیە گەورەیان ناردووە، لای منە! حاجیـیـە گـەورە لەگەڵ دەباغچییەکانی مووسڵێ گەلێ جاران بۆ (وڵاتی شام) چووە، لێرە هونەرمەندی ناودار (سەید دەروێشی مـیـسـری) دیتـووە و دەربارەی هونەر و مـوزیک و مـەقـامـەکـان گـفـتوگۆیان کردووە! سـەید دەرویش دوو سەفەری شامی کردووە، یەکەمیان لە ساڵی (١٩٠٩) و دووەمیش لە (١٩١٢)، ڕەنگە دیتنەکەی حاجییە گەورە بۆ ئەو هونەرمەندە ساڵی دوایین واتە (١٩١٢) بووبێت. نەجیبـەخان لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەشدا نووسیـویەتی: ئەو کـاتەی من حـاجـیـیـە گـەورەم دیت پیـر بـوو، هی ئیشکردن نەبوو.

لە لاپەڕە (٦١)شدا هاتووە: جاران کاتێک (ژوورو) و (کـــەلەگی) و (هەیـوان) دروست دەکـــران، دوای دارەڕێکردنیان، قامیشبەندی کراون! بەو بۆنەیەوە سووکە شایی و زەمـاوەندکراوە و ئەو ڕۆژە وەک سـەیران وابووە، بەو بۆنەیەوە لە کۆیە کەسانی دەنگخۆشی موسوڵمان و دیانیان بانگ کردووە، نەجیبەخان دەنووسێت بۆ نموونە: لە قامیش بەندی ماڵی مامە شێخ نوورەدینم، (سێوە)، (قادری خەجەدارکەر)ی لەگەڵدا بوو.

لە لاپەڕە (٧٧)دا باسی (سـەیرانی کـۆییـان) دەکـات: کـە دەبێـتـە بەهار هەمـوو ڕۆژی (چوارشـەمـوان) کـۆیی دەچوونە سـەیرانێ، ژن و کـوڕ و کچ و منداڵ و پیـاو و جاحێڵ، بۆ (دەرماناوێ ئاشان) و (دەرماناوێ بنەی) و (دەرمـانـاوێ قەرەی) و ئەو تەرزە جێیـانە دەچوون، هەتا ئەو کـاتەی دنیـا مـەیلەوگـەرم دەبوو، ئەوجـا سـەیران

دەکەوتە ناو باخچە و (ڕەز - باخچە)ەکانی نزیک شاری، بەشی زۆری ڕۆژەکەیان بە (شایی) ڕادەبوارد، لە ڕەشبەڵەکدا کوڕ و کچ دەچوونە دەستی یەکتری، گەلێ جار کوڕ لەو تەرزە شایی و سەیران و بەزم و ڕەزم و زەماوەندە کچەکی بە دڵی خۆی هەڵدەبژارد. کە ئێوارانیش بەرەو ماڵان دەگەڕانەوە تا نزیکی شاری بە چەپڵە ڕێزان و گۆرانی گوتن و ناوەناوە کەمێکیش شایی دەکرا. ئەو (دیلانە - گۆرانی)یانەی ئەو کاتە زۆر باوبوون:

**(١) شیرنێ لەیلانێ لەیلانێ**

**شیرنێ هەم گوڵ هەم ڕەیحانێ**

**(٢) ئەو پەرچەمە دول پەرچەمە**

**ئەسمەر غەزالێ پەرچەمە**

**(٣) دەبێنن بێنن گالیسکان بێنن**

**یارم منداڵە دڵی مەشکێنن**

**(٤) هەی بەللار و بەللار و بەللارەوە**

**توو سەری باوکت وەرە ماڵەوە.......**

لە لاپەڕە (٨٠) ناوی ئامێرەکانی موزیکی خۆماڵی وەک (دووزەلە) و (نای) و (زوڕنا) هاتووە، کە لە کاتی داخوازی کردن و ژنهێنان ڕۆڵیان بینیوە.

لە لاپەڕە (٨١) یشدا کاتێک بووکیان بۆ (گەرماو- حەمام) بردووە، نووسیویەتی: کچ و کار بە (دووزەلە) و (نای) لێدان دەچوونە ماڵی بووکێ، پیاوەکان دووزەلە و نایان لێدەدا و لەپێش ژنەکانەوە دەڕۆیشتن...تاد.

لە لاپەڕە (٨٣) یش بۆ بووک گواستنەوە دەنووسێ: سێ شەو و سێ ڕۆژ شایی و ڕەشبەڵەک بە (دووزەلە) و (زوڕنا)وە دەکرا. شایی (ڕۆیینە) بە (دیلانە - گۆرانی) دەکرا. لە شوێنێکی دیکەی هەر ئەم لاپەڕەیەدا دەخوێنینەوە: بە شەوانیش خزم و برادەر و ئاشنا لە ماڵی زاوا کۆدەبوونەوە و (گۆیندەبێژ)یان دەهێنا، هەتا لای بەیانی بە (گۆتن) و (چەپڵەڕێزان) و یاری تر ڕایان دەبوارد. هەر لەم لاپەڕەیەدا باسی (خەنەبەندان)یشی کردووە.

لەلاپەڕەکانی (٨٤) و (٨٥)یش ناوی ئامێرەکانی موزیکی خۆماڵی وەک: (زوڕنا) و (دەهۆڵ) هاتووە.

لە لاپەڕە (٨٧) یش بۆ بۆنەی (منداڵبوون)ەوە دەنووسێت: کاتێ ژنان (لای لایە)یان بۆ منداڵی ناو لانک دەکرد...هی وایان هەبوو، دەنگی زۆرخۆش و بە سۆز بوو.

لە لاپەڕە (٩٠) یش بۆ بۆنەی (سونەتانە)وە دەنووسێت: ئەو ڕۆژە چەند (دەفژەن)یان بانگ دەکرد، بۆ ئەوەی (دەف) بژەنن و مەقامی (شێخانە)بڵێن، هەر ئەو ڕۆژە (شایی)کراوە و سەڵەوات لێدان و چەپڵەڕێزان بووە.

لە لاپەڕە (٩٤) بۆ بۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانیشەوە دەنووسێت: لە (مووسڵ) عارەبیان دەهێنا، ئەوانەی (ڕەبابە) لێدەدەن و (عەتابە) دەڵێن! چایچی وا هەبوو دەچوو (مەلاسمایل دەفژەن)(٦)ی دەهێنا، کە خەڵکی (شنۆ) بوو، بە ماڵەوە بۆ ئەم ناوە هاتبوو. کەسێکی (گەڕیدە) بوو، دواجار لە (هەولێر) نیشتەجێبوو، دەنگی زۆر خۆش بوو، ڕووگەش و دەم بە پێکەنین بوو، دەفژەنێکی زۆر ماهیر و شارەزا بوو، ئەوجا لە چایخانان مەقام و گۆرانی دەگوت و دەفی لێدەدا، ئەوە لە مانگی ڕەمەزانان، لە جەژنیش شەوەکی بۆ ماڵی ئێمە بۆ لای باوکم دەهات و مەقامی دەگوت و دەفیشی دەژەند. لە دامێنی ئەم لاپەڕەیەشدا دەربارەی (شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ کەریم)ەوە نووسیویەتی: بەیانیان لە تەکیەی (بەرزنجی) خاڵە شێخ نەجمەدین بانگی دەدا و کەباری دەکرد، دنیای زیندوو دەکردەوە، خۆشی و فەرامۆشی و جەزبەی دەهاویشتە دڵی مرۆڤەوە، سەرتاپای لەشی مرۆڤی دەهێنایە هەژان! ئەم زاتە لە (١٣١٤)ی کۆچی، کۆچی دوایی کردووە. هەر لێرانەدا نووسیویەتی: شەوانی ڕەمەزان (عەزە بەغدایی) (دومبەڵەک)(٧)ی لێدەدا، سەرەتا بە دومبەڵەک لێدانەوە بۆ سەربانی مزگەوتی گەورە و ئینجا کۆڵانەکانی کۆیە دەگەڕا.

لە لاپەڕە (٩٧) لەبارەی بۆنەی پرسە و تازیەوە نووسیویەتی: بۆ پرسەی (سەمەد ئاغای ڕەسووڵ ئاغای غەفووری) دایکم و پوورەکانم و مامۆژنم بۆ ئەو پرسەیە چوون، منیش (کافیەخانی مەلایان) لە کۆڵی خۆی کردم و بردمی، لەو پرسەیە ئەوە دێرەم بیر ماوە کە ئەو ڕۆژە ژنان شینیان بۆ دەکرد و دەیان گوت:

**لێدەن لە (دەهۆڵ) لە مەیتەرخانە**

**مەیتی کاک سەمەد لە خەستەخانە**

لە لاپەڕە (١٠٣)شدا دەنووسێت: (شەنگ مێرەم) و (سەحەر) دوو کچی کۆیی زۆر جوان و لاوچاک بوون، یەکەمیان موسوڵمان و سەحەریش جوولەکە بووە.

دواجار نەجیبەخان گەلێ حەکایەتی کۆنی بۆ تۆمارکردووین لەگەڵ هەندێ تێکستی گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەی کۆیەش کە دیارە سوودی زۆریان هەیە.

پەراوێز:

(١) لە هەندێ شوێنی دیکەی ئەو کتێبەدا دەبینرێت، کە لە کۆیە کۆشک و باڵاخانەکان لە (گێچ) و (بەردی چوارسووچ) دروستکراون! ڕەنگە بتوانین ئەمە بە شێواز و ستایلی ماوەیەکی دیاریکراوی باڵاخانەی ئەو شارەی دابنێین.

(٢) من خۆم (سەری سەرا)م زیاد لە جارێک دیوە، ئەمڕۆ چەندین خانووی جوانی گەشتوگوزاری لێکراوە، کە بەسەر شاری کۆیە و هەم ئەودیوی چیاکەشدا دەنۆڕن. هەرچەندە پێش ماوەیەک بەداخەوە لە یەکێک لە (TV)ییەکانی خۆمانەوە بیستم، کە تا ئەمڕۆ ئەم پرۆژەیە و چەندانی دی تەواونەکراون و وەک بێ خاوەن جێماون!

(٣) من ئەمڕۆ کە تەمەنم (٦١) ساڵە لەبیرمە زۆر منداڵبووم، ئامۆزاکانم بۆ دوکانی باوکم و مامم و (حەمە مەلا)ی باپیریشم کە دووکانی هەر لەو (قەیسەری)یە کۆنە بوو، دەستیان دەگرتم و دەیانبردم، ئێوە زەین بدەن، ئەو کاتە لەو ڕۆژگارە کۆنە، قەیسەرییەکە ناوی (قەیسەری کۆن) بوو! کەچی لەو جێگایانەش شوێنەوار و بناغەی قەیسەری تریان دۆزیوەتەوە! تۆ بڵێی شاری کۆیە تەمەنی چەند بێت؟

(٤) دیارە بەو پێیەی لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە، کاری گەڕانی مەیدانی بە دوای کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری و هەم کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی مێژووی ئامێرەکانی موزیک بەگشتی و مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیەش بە تایبەتی دەکەم.

(٥) دایکم هەرچەندە ئەمڕۆ بەداخەوە ئیفلیجی ناو جێگەیە، بەڵام لە ژیاندا ماوە، ئێستاش ناوی ئەو پیاوە بەم جۆرە دێنێ: (حاجی حەمەدەمینی عەلەی).

(٦) تا ئەمڕۆ ناوی ئەو هونەرمەندە دەفژەنەمان هەر بە (سمایل سەرمابردوو) بیستووە.

(٧) بەڕای من ئەو (دومبەڵەک)ە، هەر ئامێری (دەهۆڵ)ە و نەجیبەخان بەو شێوەیە گۆڕیویەتی، چونکە سەردەمی منداڵی ئێمەش لە کۆیە لەو مانگەدا (مام عەزیز زەینەل) ئامێری (زوڕنا) و (حەمە عەبۆ)ش ئامێری (دەهۆڵ)ی دەکوتا.

# دەنگە هەوەس بزوێنەکانی نۆڤلێتی ژنێکی منگن

**هاشم سەڕاج**

(خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن) دوو نۆڤلێتی «شێرزاد حەسەن»ن و ڤێکرا لە دووتوێی یەک کتێبدا چاپکراون، ئەم خوێندنەوەیە هەوڵێکە و ئاراستەی دنیای ئاڵۆز و جوانی نۆڤلێتی دووەم دەکرێ، واتە تێکستی «ژنێکی منگن» یان «ئەو ژنەی کە بە لووت دەدوێ» سەرەتا بۆ پێناسەکردنی یەکەی دەنگی ڕوو لە کتێبی «چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی» دەکەین کە لە نووسینی پرۆفیسۆر «وریا عومەر ئەمین»ە و تێیدا هاتووە «بچووکترین کەرەستەی زمان تاکە دەنگەکانیەتی، کۆمەڵە دەنگێک کە هەموو بەیەکەوە هەمان نرخیان هەبێ لە زمانێکی تایبەتیدا یەک «فۆنیم– Phoneme» پێکدەهێنن.. دەنگ+ دەنگ+ دەنگ... = فۆنیم چەند فۆنیمێک بەپێی یاسا و فۆنۆلۆژییەکانی تایبەت بە زمانێکەوە لە یەک دەدرێن و بڕگە Syllable دروست دەکەن، بەڵام فۆنیم + بڕگە= لایەنی بێ مانای زمان دەگرنەوە، بەیەک، یان زیاتر لە یەک فۆنیم، مۆرفیم Mor-phem دروست دەبێ کە واتا مۆرفیم= بچووکترین کەرەستەی ماناداری زمانە کە لە ڕێزمانا دەورێکی هەیە» ، بەڵام فۆنیم شتێکی موجەڕەدە abstruct تەمسیلی چەند دەنگێکی جیا دەکا لەزمانێکی تایبەتیدا، ئەم دەنگانە شێوەی جیا لەخۆ دەگرن بەپێی ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایانا دەردەکەون» ، هەروەها سەبارەت بە هەمان بابەت ستیفن ئۆلمان یەکە دەنگییەکان «فۆنیمگەلەکان» بە یەکەی بێ مانادار لە قەڵەم دەدات، چونکە بابەتی دەنگ، یان فۆنیم لە دنیای نۆڤلێتی ژنێکی منگندا پانتاییەکی بەرفراوانی داگیرکردووە، جا چ چرپە چرپ و سرپە سرپی دەنگی کەرخئامێزی ئەو ژنە شۆخوشەنگ و سەلار و شەرمنانە بێ کە ڕۆژانە ڕوو لە دوکانی گۆشتفرۆشی «مەمۆ»ی قەساب دەکەن، یان دەنگی



ئاوازداری دکتۆره لەیلا، دوور نییە بڕێک لەو لەتە دەنگانە بەخشکەیی دەرببڕدرێن و جۆرێک لە لەرەو سۆز و هەنسک و هانکە هانکی ئیرۆتیکی لەگەڵ خۆ هەڵبگرن، هاوکات پەیڤین و ئاخاوتنی دکتۆرە لەیلا وەک ژنە عەرەبێک پتر لە لەنجە و مۆسیقای ناوکۆیی ڕستە لادەر و مونحەریفەکانەوە سەرچاوە دەگرێ.. مەبەستم چێژی فۆنیمی و مۆسیقاو ئاوازی مۆرفیمییە، هەروەها چۆنیەتی گۆکردن و شێوەی دەربڕین و واژەکردنی پیت و وشەکانە.. کە بە سیاقی جیاجیا و جۆراوجۆری خۆرسکی گوزارە دەکرێن و لە هەمان کاتدا ئاسەوار و کارتێکردنی کۆمەڵێک نەغمەگەلی زمانی یەکەمیان لەسەرە.. ئەم حاڵەتەش پتر سەر بەجیهانی وشە و ڕستە و ناوکۆیی ڕستە و مانایە.. «بەیەک مۆرفیم، یان زیاتر وشە word دروست دەبێ، بەیەک وشە، یان زیاتر فریز Phras دروست دەبێ، چەند فریزێک ڕستە دروست دەکەن.. هەمان سەرچاوەی پێشوو» لێرەوە هەوڵ دەدەم لە گەمە دەنگییەکانی «منی چیرۆک» بدوێم و چۆنیەتی عیشق و شەیدایی و هەڵوەدابوونی بە دەنگە تاک و خودییەکان بخەمە ڕوو، جا بۆ پتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە، دیمەنێکی زمانی و سینەمایی لە کتێبی «هسهیسة اللغة»ی «ڕۆلان بارت» وەردەگرین. «بارت» دەڵێ تەماشای فلیمێکی «ئەنتۆنیتی»م دەکرد، فلیمەکە دەربارەی وڵاتی چین بوو، گرتەیەکی سینەمایی لەشەقامێک لە شەقامەکانی لادێیەکدا کۆمەڵێک منداڵ دانیشتوون و پشتیان بە دیوارێک داداوە و بەدەنگێکی بەرز دەخوێننەوە، هەر یەکێک لەو منداڵانە بۆ خۆی دەخوێنێتەوە، هەمووش پێکڤە و دەگەڵ یەکدا کتێبێکی جیاواز دەخوێننەوە، هەسهەسەی ئەو کۆمەڵەیە بەو شێوە جوانە دەتگوت ئامێرێکە و بەڕێنێکی باش ڕێدەکا، دیمەنەکە بە نیسبەت من چێژ بەخش بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە زمانی چینیم نەدەزانی، کەچی لە میان ئیدراکی وڕێنەکردووە و گوێم هەڵخستبوو، ئەوەندی ئەو ئیدراکە لە چڕی وردەکارییەکانی دیمەنەکەی وەردەگرت، گوێم لە مۆسیقا و دەروون و شڵەژاوی و وردەکارییەکان دەبوو، یان گوێم بۆ شتێ ڕادەدێرا لە ئامانجەکەی دەکرد، بارت لەم بابەتە زمانییەدا وشەی «هسهسە» لە بواری کانزا بەهادارەکان دەخوازێت، کە واتای زنجیرە بەستنی زێڕ و زەنبەر و زرێ دەگەیەنێ و لە بواری زمانیشدا مەبەستی ئەو دەنگە شاراوەیەیە، کە لەزنجیرەبەستنی دەنگی دالەکانەوە خۆی بۆ فرە چێژوەرگرتن دەردەخات، بەڵام «هسهسە» هیچ کاتێ دەنگێکی بەکۆمەڵ نییە، چونکە جەماوەر هەمیشە خاوەندی یەک دەنگییەکی بەهێزی تۆقێنەرە، ئەمە وەک پۆلێن کردنی دەنگ و دیاری کردنی لەرەو چرپە چرپی فۆنیمی دەنگی تاکەکەسی و ئەو هەستە بزوێنەرەی کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی دەنگەوە دەتوانێت هەوەس و ئارەزووەکان ببزوێنێت.. بەرەو فەزای نووسین..

ئیتر خوێنەر لەدەسپێکی نۆڤلێتەکەوە هەست بە ڕاڕایی و بێ ئۆقرەیی منی چیرۆکنووس دەکات، کە منێکی ئەقڵانی و لۆژیکییە پەیوەستییەکی ئەوتۆی بە پرۆسەی نووسینەوە نییە، کەچی لەسەرەتای نووسینەوە هەوڵی ئاشکرا کردنی بابەتی چیرۆکە گێڕدراوەکە دەدات، یان ئەو چیرۆکە پێش وەختەی کە ڕوودراوەکەی لەلایەن (پیرەی قەساب)ەوە دەگێڕدرێتەوە، پیرە بەرلەوەی حیکایەتخوانی نۆڤلێتەکە بێ، گێڕەوەی بابەتە ئەڤینییەکەی داستانی «ئاسلی و کەرەم»ە، کە داستانێکی عیشقئامێزی «ئازەری»یە، بۆیە چەمکی هەمان حاڵەتی دڵداری بەتۆزێک گۆڕانکارییەوە لە نۆڤلێتی «ژنێکی منگن» و لە ڕۆمانی «حیکایەتەکانی باوکم»ی «دکتۆر فەرهاد پیربال»دا ڕەنگی داوەتەوە کچە، یان دولبەرەکە لای فەرهاد پەرستارێکە، یان «سستەرێک» لای شێرزاد «دکتۆرە لەیلا»یە، بەڵام لە داستانە ئازەرییەکەدا ئاسلی کچی ددانسازێکە و ئەوەی ددانی بیەشێ سەردەخاتە بان ڕانی ئاسلی و باوکەش ددانەکانی چارە دەکات، جا کەرەم لەتاو ئاگری عیشقی ئاسلی ڕوو لە ددانسازییەکە دەکات و سەر دەنێتە سەر ڕانی ئاسلی و لە ماوەی چەند سەردانێکدا هەر سی و دوو ددانی دەردێنێ، ئەم بەسەرهاتە دڵدارییە. لەلایەن گۆرانیبێژانی ئازەرییەوە بە ئامێری «ساز» دەگوترێ و لە هەولێریش «مشکۆ» و چەندین گۆرانیبێژی تری هەولێری داستانی «ئاسلی و کەرەم»یان بە شێوەی مەقام گوتووە.

دیارە هەردوو تێکست لەڕووی ئەم بابەتەوە سەر بەیەک سەرچاوەن ئەویش گێڕانەوەکانی کابرای

حیکایەتخوانە و ڕووداوە ئەڤینییەکەش مانەندی دەقێکی کۆچەر ئاوێتەی جیهانی دەقئاوێزانی بووە و بەبنیادێکی جیاوازی زمانی بەرجەستەکراوە، ئەمە دەنگی «منی نووسەر- چیرۆکنووس»ە کە دەڵێ: [من دەمێکە ئەم چیرۆکەم لە خەیاڵە، پتر لە سی ساڵە، هەر جارە و بەجۆرێک دەینووسمەوە، هەرگیز لەسەر شێوەی داڕشتنەکەی مکوڕ نەبووم... ئەوەش کە وای کردووە تا هەنووکە شەرم لەنووسین و بڵاوکردنەوەی بکەم سەرسامیم بووە بەو پیرە قەسابەی کە چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە، سەیرە.. کەسێک لەژیانیدا ئەو هەموو مەڕ و بزن و مانگایە لە خوێندا بگەوزێنێت... لەتاو عیشقێکی ڕاگوزەردا... ئەو هەموو خوێنە لەدڵییەوە بڕژێت، ئەو هەموو فرمێسکە.. لاپەڕە ١٠١-١٠٢] ئەمە دەنگی منی چیرۆکنووسە و بەڕاناوی کەسی یەکەم دەدوێ و خەریکی بەرنامەڕێژی و دابەشکردنی ڕۆڵی کاراکتەرەکانە و دەیەوێ تێکستێکی پۆلیفۆنی بخوڵقێنێ، کەچی کێشەی سەرەکی لەم نۆڤلێتەدا نیگەرانی «مینی چیرۆک»ە، مانەندی خودێکی مەعریفی و خاوەن گۆشەنیگا، هەمیشە دژایەتی و ململانێیەکی شاراوەدایە لەگەڵ تێڕوانینە ئاکارییەکانی منی نووسەر و دەسەڵاتی گێڕانەوە و حاڵەتە پاتریارکییەکانی کاراکتەری سەرەکی نوڤلێتەکە مەمۆی قەسابە، کەواتە من وەک خوێنەرێکی ئەم نۆڤلێتە بەدوای پڕشنگی ئەو هزرانەدا دەگەڕێم کە لەکاتی نائاگایی نووسیندا دەترووسکێن، یان ئەو چەپکە هزرانەی کە لەخۆوە و لەناو کۆییەکانی زمانەوە دادەڕژێن و بەچرکە سەرمەستییەکانی منی چیرۆکەوە پەیوەستن و هەمیشە بەردەوام دژی گێڕانەوە و بابەتی ئامادەکراو دەوەستن.

جۆرج باتای لە بارەی زمانەوە دەڵێ [کەواتە وشەکان شتێکی دیکەی جگە لە خۆیان دەرنابڕن].. ئاخر کردەی نووسین چەشنی جەستەی ڕەوشەنی ئافرەت و ڕووەک بەشێنەیی و هێمنی گەشە و نەشونما دەکات و جارجارەش لە چرکە درەوشاوەکانی زماندا حاڵەتە نیگەرانی و وڕێنەئامێزەکانی منی چیرۆک خۆ لە کۆتوبەندی زیندانی دەسەڵاتەکانی زمان دەرباز دەکات و بەشێوەیەکی شاراوە مەینەتەکانی- بوون- دەردەبڕێ، دەکرێ بڵێم تێکستی «ژنێکی منگن» خاوەندی بنیادێکی شاوەتییە و بنیادێک هەڵگری ئاماژەگەلێکە دەربارەی جەستە و سێکس و لەنجەکانی فۆنیمی دەنگ، جوانی و شلەژاوی و نیگەرانی- هاوکات پانتاییەکی بەرفراوانی ئەم بنیادە شاوەتییە لە ڕێگەی ئەقڵییەتێکی باوکسالارییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، واتە زەینیەتێکی سەر بە جیهانی- مۆدێرنیتە-یە نوێنەرەکەی پاتریارکیترین کاراکتەرێکە و دەیەوێ پانتایی لەشی زۆرترین ئافرەتی نێو شارەکە داگیر بکات، بەتایبەتی ژنی ئاغا و بەگ و پیاو ماقووڵان. ئەم بۆچوون و تێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەش لە هەمان قۆناغی- مۆدێرنە-وە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام پاژ و ڕەگەزێکی تری شاراوەی بنیادە شاوەتییەکەی دەق پێوەندی بەکردەی هاوبەش و چێژبەخشی ئیرۆتیکییەوە هەیە، کە تێیدا جەستە لە ڕێگەی ئێستێتیکیترین گەمەی ئیرۆتیکییەوە دەگاتە دوایین چێژو لەززەتە ئاگرینەکانی پلەی ئۆرگازم، ئەمەش دەنگی شاراوەی منی چیرۆکە و زۆرجار لەدیدگەی دەروونشیکار پێکەوە لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی «مەمۆ»ی حیکایەتخوان دەڕوانێ و لە چەمکی چرکە شیزۆفرینیاکان ڕادەمێنێ، بەڵام بەگشتی تێکستی «ژنێکی منگن» لەسەر کاتیگۆرییە دوالیزمە ترادیسیۆنییەکان کاری کردووە وەک «ژن/ پیاو، خێر/شەڕ، خوێن ڕشتن/ عیشق، پێکەنین/ گریان، من/ تۆ.. تاد». ئەمەش لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی هەمان دنیای مۆدێرنەیە کە لەنێوان کولتووری باڵا و کولتووری نزمدا بڕوای بە سنوور هەیە، بەڵام پۆست مۆدێرنە کۆتایی بەم نێوان و سنوورانە دێنێ، زۆرجار تێکستی کراوە بەگشتی بەپێڕەوکردنی تەکنیکی گێڕانەوە و تێکەڵکردنی سنوورەکانی واقیع بە بوارەکانی فەنتازیا و دابەشکردنی ڕۆڵ و دیالۆگ و ڕووداوەکان بەسەر کاراکتەرەکاندا، خوێنەر دەگەیەنێتە ئاست و پلەیەکی بیرکردنەوە تێیدا ناتوانێت جیاوازی لەنێوان حەقیقەت و خەیاڵدا بکات، چونکە بەشێکی بەرفراوانی دەق بریتییە لە خەیاڵ و پڕشنگەکانی ناخودئاگایی جا خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی شاراوەی نێو تێکستەوە مانا بە کردەی نووسین ببەخشێ و پانتاییگەلێکی جیاواز جیاواز لە بەرهەمی دەلالی و

ئێستێتیکی تێکست بە ئاخاوتن بێنێ، دەق لەلای- بارت- جەستەیەکە لە وشە کە شوێنگەی وروژاندن و خرۆشاندنی نهێنییەکانی چێژە، دۆزینەوەی فەزا نیگەرانییەکانی پابەندی کردنەوەی کۆدەکانیەتی و لە هەمان کاتدا هەستکردنە بە چێژەکانی ڕاوکردنی مانا، ماناش بریتییە لە دەق+ خوێنەر، مەمۆ ئەو چرکە ساتانە هەست بەخۆشی و ئارامی دەکات، کە لە ئامێزی هاوسەرەکەیدا لە عیشق و جوانی دۆستە دڵفرێنەکەی دەدوێ.. «دەیەها شەو لە باوەشی ئەو ژنەمدا وەک هەتیوێکی بێ لانە و برسی و ڕووت و ڕەجاڵ بۆ ئەو خانمەی دۆستم دەگریام، ئەو ژنە چاکەم سکی پێم دەسووتا کە دەیزانی من بۆ ژنێکی دیکە ئاواهی ئاگرم تێبەربووە» ئەم برگە نووسینە هەڵگری [تێکستێکی پیوارە] ئەوەی تێکست بە ڕاشکاوی نەیگوتووە بەشاراوەیی تێیدا ماوەتەوە. وشەی دەیەها شەو دەلالەتێک فرێ دەدات بە ئاماژەیەکی خێرا لە دووپات کردنەوەی هاوسۆزییەکی چێژ بەخشی هاوسەرێتی دەدوێ. هاوچێژییەک تێکەڵ بە خەیاڵ و حەز و ئامادەیی شێوە و ڕوخسارێکی پیوار، یان بە شێوازێکی ئەپیکۆری چێژ و ئازار پێکڤە لە ئامێزێکدا ئاگر دەگرن. لەڕوویەکی دیکەوە تێکستی «ژنێکی منگن» مامەڵەی لەگەڵ هەر سێ توخمی ڕەنگ و بۆن و دەنگ کردووە بۆ ڕوونکردنەوەی حاڵەتەکەیش نموونەیەکی باوی کۆڕی دەنۆشی خراوەتەڕوو،

«تۆ دەزانیت خەڵکی بۆ حەز دەکەن پێکەکانیان لەیەکدی بدەن و زرنگەی بێت»

- نەخێر

«باوکە پێی بڵێ چونکە تۆ فێرت کردووم خواردنەوە بێ زرنگانەوەی پیاڵە مانای تەواو ناکات..

باوکی سەری نەخێر-ی لەقاند، ناچار شوان وتی:

«ڕەنگی هەر مەشروبێک لەوەی دیکە جیاوازەو دیارە.. بۆنیشی هەیە.. تەنیا دەنگ دەمێنێ کە لە ڕێی بەیەکدادانی پێکەکان ڕەنگ و بۆن و دەنگ تەواو دەبێ... حاڵی بووی؟» ئیتر «منی چیرۆک» کە بەشێوەیەکی شاراوە و سەرابی لە هەندێ لایەنی بیروبۆچوون و گۆشەنیگاکانی «مەمۆ»ی سەرەکیترین کاراکتەری نۆڤلێتەکەدا بە شاراوەیی و حەشاردراوی بوونی هەیە ئیتر تێکست هێدی هێدی ڕووە و کردەی دەقئاوێزانی هەنگاو دەهاوێژێت لەگەڵ ڕۆمانی «بۆن»ی باتریک زوسکیند»دا تێکەڵ دەبێت برێک لە سیفات و ئاکار و خەسڵەتی «جان باتێست غرنەوی» پاڵەوانی ڕۆمانەکە بەکەسایەتی مەمۆی قەساب دەبەخشێت. باتێست غرنەوی هەر کاتێ بۆن و بەرامەی ئەو کچە پرچ سوورەی بۆ بهاتایە «ئەو کچەی کە بەدەستی خۆی کوشتبووی»... ئەگەر ئەو بۆنەی بۆ جاری دووەم بدۆزیایە فرمێسکی خۆشی بەچاوانیدا دەهات و باتێست غرنوی بەدرێژایی ژیانی هیچ کچێکی خۆش نەویستبوو، ئەو تەنیا عەتر و بۆن و بەرامەی ئەو کیژانەی خۆشدەویست و بیست و چوار شووشە گوڵاوی لە بۆنی پاکیزان ئامادە کردبوو، غرنەوی هەر کاتێ بیویستایە ئەو عەترو بۆن و بەرامانەی لە ڕێگەی زەین و یادگەیەوە ئامادە دەکرد و چێژ و لەززەتێکی تایبەتی لێ وەردەگرتن.. عەتری لەشی کچە قژسوورەکە، بۆنوبەرامەی پرچ و جەستەی کچانی گراس..تاد. مەمۆ دەڵێ: من هەرگیز دەنگ و بۆنی ژنەمنگنەکانم لە یاد ناچێ.. هەرگیز ئەو ژنانەی کە من خۆشم ویستن و بەدزییەوە بۆیان گریام، هەر ئافرەتە و دەنگێکی جیاوازی هەیە کە هی هەندێکیان دەگاتە سەرپەڕەی ڕۆح و دڵ، دەنگ و هەم بۆنی جیاواز، هیچ کاتێک دەنگ و بۆنەکانم تێکەڵ نەکردوون، هەرگیز.. هەموو ئەو بۆنانەی حەزم لێ کردوون لە کەللەمدا هەڵیاندەگرم، هەر کاتێک بمەوێ بۆن و بەرامەکەی بۆم دێتەوە، هەر بەوەشەوە ماوم... لاپەڕە ١٦٣».. وێڕای بارگاوی کردنی دڵ و دەروون و زەینی مەمۆی قەساب بەهەست و نەستی زۆربایی و دید و گۆشەنیگای ئەپیکۆری دەربارەی بوون و زەمەن و مەرگ، دوایین جار داچاندنی تۆوی نهلیستی لەکێڵگەکانی بیروبۆچوون و دەربڕینە ڕاستەوخۆیەکانیدا، دەکرێ بڵێین «منی چیرۆک» هەوڵدەدات لەڕێگەی دەسەڵاتی گێڕانەوەوە مەینەتییەکانی پیری و ئەدگارەکانی شکڵ و سیماو ڕوخساری خۆی بنووسێتەوە، چونکە مەمۆ بارستاییەکە لە ڕەوتەکانی درێژدادڕی و گێڕانەوەی بێ کۆتا و هەمیشە و بەردەوام بەرەوشێکی بێ ئۆقرەیی لەنێو یادگە و ئەمبارەکانی ڕابردوودا دەژی و جارجارەش دەگەڵ چرکە نۆستالژییەکاندا ئاگر دەگرێت، بەرلەوەی لە چرپە چرپ و لەرەی

فۆنیمی دەنگە هەوەس بزوێنەکان بدوێین بەپێویستی دەزانم برێک لەرەوش و ڕۆڵی کەسایەتییەکانی تری نۆڤلێتەکە بخەمەڕوو نەخاسمە -عەبە-ی شمشاڵژەن و -شوان-ی موبتەلای دنیای فیلم و نواندن و شانۆ، کە هەردوو کەسایەتییەکان فەرزەندەکانی -مەمۆ-ی قەسابن و مەمۆ وەک هاوەڵ و برادەر ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکات و لەتەک ئەمانیشدا کەسایەتییەکی پارێزگار و گۆشەگیر و مەیلەو شەرمن، کە پتر ڕۆڵی چاودێرێک دەبینی، هەمیشە بەرانبەر هەڵسوکەوت و ڕەفتار و پێوەندییە ئازاد و سەربەستەکەی نێوان باوک و کوڕەکانی سەرسام و سەرسوڕماوە، باوک و کوڕ پێکڤە دەخۆنەوە و دانوستان و گفتوگۆی ڕاشکاوانە ئەنجام دەدەن، هەڵبەتە کەسایەتی چاودێر لەیرە و لەم دانیشتنی بادەنۆشییەدا ئامادەیی خودی واقورماوی منی چیرۆکنووسە، کە جار جارە بە ئەتەکێتەوە فرێک لە بەرداخە بیرە ڕەنگ ئاڵتوونییەکەی بەردەمی دەدات و بە پارێزەوە پرسیارێک ئاراستەی مەمۆی قەساب دەکات، بەڵام کوڕەکانی مەمۆ چاوکراوە و قسە لەڕوو و بێ دەربەست دەدوێن و هەندێک جار ڕستەی بێ سەروبەر فڕێ دەدەن و مەمۆش کە دەدوێ شای بە سەپانی خۆی نازانێ، پرۆسەی نووسین لەدیمەنێکی وەسف ئامێزدا پێوەندیی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی ڕۆشنبیری شارێکی غەمبار و پڕاوپڕ لە دابونەریتی چەسپاو و نەگۆڕ دەخاتە ڕوو، ئەو شارەی کە مەمۆی قەسابی تێدا پەروەردە کراوە، لەپاڵ ئەم وەسفەشدا سیحر و بەهرەیەکی ئۆرفیۆسی ئاوێتەی جیهانی مۆسیقائامێزی عەبەی شمشاڵژەن دەکرێت «عەبە شمشاڵ ژەنێکی شەیدا و سیحربازبوو.. کە دەیخواردەوە.. نەک دڵی ئێمە و بەس.. دڵی مەل و درەخت و داروبەردی دەڵاوانەوە، دەمانخواردەوە تا قەهری دڵی خۆمان بە با بدەین، حەسرەت و هەناسە ساردی سێ لاو، لەشارێکی غەمگین و پڕ لە تەپ و تۆز، سێ لاوی سەرمەست، خەمزەدە و پڕ خەون و خەیاڵ، لەشارێکدا کە باخچەیەکی گەورەی تێدا نەبوو تا لەژێر درەختەکانیدا سەربەستانە پیاسەیەکی لەگەڵ دڵخوازەکەتدا بکەیت...تاد»، بەڵام تێکڕای ئەو کەسایەتییانەی کە لەسەرەوە ئاماژەم بۆ کردن لە فەزای نۆڤلێتەکەدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ نابینن، بۆ نموونە عەبە و شوان لەسەرەتای دانیشتنەکەوە چوون هەڵسوڕێنەرێک، یان بزوێنەری کۆڕی مەینۆشییەکە هەڵسوکەوت دەکەن و برێک جاریش ڕستەیەک هەڵدەدەن، کەچی تاک دەنگییەکەی مەمۆی قەساب سەراپای فەزای تێکستەکە داگیر دەکات، لە ڕوویەکی دیکەوە مەمۆ لەگەڵ هەڵدانی پێکە عەرەقە یەک بە دوای یەکەکاندا دووچاری مەستی و درێژدادڕی و داڕژانی زمانی و جۆرێک لە قسە بڕسکاندن دەبێت و لەهەمان کاتدا گوشاری یادەوەرییە جۆراوجۆرەکان سەرتاسەری یادگەی داگیردەکەن، نەخاسمە چیرۆکە دڵدارییەکەی داستانی «ئەسلی و کەرەم».. ئەو دەمەی مەمۆ وەسفی خانمە ڕەش ئەسمەرەکە دەکات، ئەوە یادگەی مەمۆیە دەدوێت و سیفاتە قەشەنگەکانی «ئاسلی» لە میان وەهمێکی جوانەوە بە دکتۆرە لەیلا دەبەخشێ، ئەی ئەو دەنگە هەوەس بزوێنانەی ڕۆژانە چێژ و لەزەتێکی تایبەتی پێ دەبەخشن و هەستی سێکسی لەلا دەبزوێنن «ئافرەتی وا هەیە بەلووت قسان دەکات، هەندێکیان بەمەکر و نازەوە وا دەکەن، هەندێکیش هەر خودا وای خەڵق کردوون، ئافرەت هەیە هەر خۆی منگنە و بەگنەگنێکی خۆش و شیرینەوە دەدوێت.. ئافرەتی بەگنەگن دەیکوشتم، زرنکەیەک لە دەنگیان شێتم دەکات، دەنگێکە هەم کزۆڵە و غەمبارە خاوەنەکەی.. هەم پڕ هەوەس و ئارەزووە... دەنگی کەرخ و پڕی ئەو ژنە منگنانە لەگوێمدا تا ئەمڕۆکەش دەزرنگێتەوە، هیچ مەل و فرندەیەکی ئاسمانان بەقەد ژنێکی منگن لای من دەنگی خۆش نییە.. ئەوەندە هەوەسباز بووم جیاوازیم نەدەکرد، ژن و کچ و قەیرە و بێوەژن هەر هەموویان عەزیز بوون لام... لاپەڕە ١٤٥».. لێرە تێهەڵکێشییەک هەیە لەنێوان حەقیقەتگەل و خەیاڵی ئەدەبیدا، هەروەها لەنێوان کەسایەتییە شاراوەکەی منی چیرۆک و کەسایەتییە ئاشکراو بەرچاوەکەی مەمۆی قەسابدا، واتە مەمۆ لەیەکەم چرکەساتی قۆستنەوەی و بەبابەتکردنی بۆ گەمەیەکی ئەدەبی و ئێستێتیکی هەوڵ دەدرێ سەرەکیترین کاراکتەرێکی ئاوێتە، یان کەسایەتییەکی مورەکەب و لێکدراوی لێ بخوڵقێنرێت، کەواتە مەمۆی قەساب ئەمێستا لە پانتایی ئەم تێکستەدا تێکەڵەیەکە لە توخم

و ڕەگەزەکانی «لیبیدۆ»ی نووسین «لیبیدۆ.. وزەی ئەو، یان وزەی شاراوەی ناو نەست «نائاگەیی»ە کە لێپرسراوە لە هەموو ئەفراندنێک.. بەپێی تیۆرەکانی «فرۆید» لیبیدۆ غەریزەیەکی سێکسییە، بۆیە داهێنانی هونەری بریتییە لە گوزارشتکردن لە سەرکوتکردنی غەریزەی سێکسی».. دەکرێت هەر لەم ڕوانگەیەوە نۆڤلێتی «ژنێکی منگن» بە گەمەی لیبیدۆکان ناوزەد بکرێت.. مەمۆی قەسابیش کە هەڵگری ئەم لیبیدۆیەیە، پێکهاتەیەکە لە خەون و خولیای هەوەسبازی و چاوبگێڕی و شەبەنگەکانی شەبەقیەت، لەهەمان کاتدا خاوەندی هەستێکی ئێستێتیکییە و چێژ لە پرشنگی جوانی و لەرەی فۆنیم و دەنگی کەرخی ژنە منگنەکان وەردەگرێت و بە گولاری جەستەی درەوشاوەیان سەرمەست دەبێت، چونکە ڕۆحی تامەزرۆی ئەم کەسایەتییە مورەکەبە لە جیهانی بێ ئۆقرەیی و کۆت و بەندەکانی چەپاندنەوە سەرچاوەی گرتووە، «ئاخر منێکی خورت و خولق نێرەکەری دڵم بەو جۆرە ئافرەتانە ئاوی نەدەخواردەوە، شێتی ئافرەتی کەڵەگەت بووم، لەندە هۆر... و سینەپان و مەمک پڕ، ئاخر ئەسپێکی وەک من و مشکە ژنێکیان نەوتبوو، ئیبلیسی وەک خۆم نەبوو، چاک دەمزانی کامە ژن لە مێردەکەی تێرەو کامەیان برسی، کەمتر خووم دەدایە کچان.. پێشم گوناه بوو، منداڵکار و جیقنیش بوون.. لاپەڕە ١٤٦».. ئەم هێشوو وشە و ڕستەگەلانە هەڵگری دەلالەتگەلێکی بەرچاون و لە کانگەی زەینێکی چەپێنراوەوە دادەڕژێن!، یان لەشوێنێکی تردا دەڵێ: حەزم دەکرد ژنی پیاو ماقووڵانی شار بگەوزێنم و لەخۆڵ و تۆز و زبڵدانیان وەربدەم، بێ حەد ئیشتیهام دەکردن، نازانم هەوەس بوو، یان تۆڵە بوو؟ نازانم دەتوت ئەفەندی و ئاغاو بەگلەر و کوێخاکان دوژمنی باوک کوشتەی منن، هەر لە منداڵییەوە ڕقم لێیان بوو، چونکە باوکم جووتیارێکی ڕووتەڵە بوو.. هەمیشە زوڵم و زۆردارەکی ئەوانی بۆ دەگێڕامەوە کە وەک بارگیرێک باری زۆریان لێناوە.. لاپەڕە ١٥١» بەهەمان شێوەی پێشوو ناوکۆیی ڕستەگەلەکان تنۆک تنۆک ئاوەدۆنی بوغز و کینەی ئایدیۆلۆژی لێ دەڕژێت.. لێرە دەلالەیەکی سادە و شاراوەی نەگوتراو هەس بە ڕاشکاوی دەرنەبڕاوە و پێوەندی بەلایەنی دیۆنیسۆزبەتی کەسایەتی کاراکتەرەکەوە هەیە، ئەویش کەرنەڤاڵێکە لەگۆرانییە غەمبار و حەسرەتاوییەکانی «مشکۆی هەولێری»..

دەشێ گێڕانەوە درێژدادڕەکەی مەمۆ چین چین چینە ڕەوانبێژییەکانی لەسەر لابردرێت و پوختەی ژیانی ڕۆژانەی لە چەند ڕستەیەکدا کورت بکرێتەوە، مەمۆ وەک هەر قەسابێکی چوست و چاپووک دەگەڵ گەردی بەیانی دووکانی گۆشتفرۆشییەکەی دەکاتەوە و ئەو کەلەشە حەیوانانەی کە ڕۆژانە لە قەسابخانەوە بۆی دەهێنن یەک یەک بەقەنارەیان وە دەکات ئیتر دەپەڕژێتە سەرکار و هێدی هێدی کەلەشەکان بەجوانترین شێوە و بەرێکی لەت و پەت دەکات و ئەو دەمەی موشتەرییە تایبەتییەکانی ڕووی تێ دەکەن، نەخاسمە ئەو ژنە منگن و شۆخوشەنگ و مەلەک شێوانە کە بە تیلەی چاو و باخەڵی پڕ مەمک و ڕوخساری قودرەتی دەیخرۆشێنن و مەمۆ سەراپای عەقڵ و هۆشی لەدەست دەدات و ئێوارە وەختانیش هەر بە خەیاڵ و خولیای ڕوخسارجوانان، لەگەڵ گرۆی دۆست و یاوەرانی لە دەشتودەر، یان لە ئەگلەنجەکان پێک پێک عەرەق دەنۆشێت و بەدەنگە غەمگینەکەی «مشکۆ» سەرمەست دەبێ.. پرۆسەی نووسین بە وەسف و وردەکارییەکی گەرموگوڕ و جووڵەئامێز لەژیانی ڕۆژانەی مەمۆی قەساب دەدوێت «کە چەقۆم دەوەشاند گۆشت و ئێسقانم بەیەکەوە لەت دەکرد، سووکێ پێیان دەوتم- ئاگات لەخۆت بێ.. دەستی خۆت نەبڕی! من بێ باکتر چەقۆم دەوەشاند و ڕۆژ نەبوو خۆم بریندار نەکەم، هەمیشە سەوداسەربووم و خوێنی من و مەڕ و بزنەکان تێکەڵ دەبوو، جەژنان، جەژنی من بوو، ژمارەیەکی زۆرتر دەوریان دەدام، مەگەر خوا بەر بەزەیی خۆیم بخات، دەنا بایی ئەوەندەم کردووە کە لەگەڵ شەیتان بەیەک زنجیر ببەستنەوە!.. لاپەڕە ١٤٢»

یان لە شوێنێکی تردا یەکەی وەسفکاری بەم شێوەیە دەدوێ: «ڕانێک دەخاتە سەرکۆتەرە دارەکە و کێردێکی گەورۆنە و دەم تیژ دەهێنێ و شێتانە تێی دەکەوێت، گۆشتێکی زۆر سوور و خوێن تێزاو لە جێی نووک و دەمی تیژی کێردەکە دەردەکەوێت، هەر بەو کێردە خۆی شێت دەکاو لوولاقێک شەق دەکات،

مۆخی ناو ئێسقانەکە دەپژێ، هێشتا بازاڕ و بەردەمی دوکانە و کەچی لەناکاو دەستی شل دەبێ... لاپەڕە ١٥٤».. لەنێو دنیای پەیڤەکان و کەسایەتییە لێکدراوەکەی مەمۆی قەسابدا ئاماژە گەلێک هەس دەربارەی چەمکی خوێن و جەستە و جوانی و شاوەت و سێکس و مەرگ و پیری و هەستی نهلیستی، مەمۆ لەسەرتاسەری ژیانیدا سەدان مەڕو بزن و ڕەشەوڵاخی سەرژێ کردووە و بڕی بێ شومار گۆشت بەرخ و گۆشت گۆلکی بەئافرەتی شۆخوشەنگ و بێوەژنی هەژار و کەساس و بێ دەرەتاندا بەخشیوە، خودی مەمۆ وەک هەر بوونەوەرێکی ئاسایی سەر ڕووی ئەم زەمینە بنیادێکە لە ڕێژەکانی خێر و شەڕانگێزی، بەڵام ئەو لە دەروونڕا هەست بەنیگەرانی و خەتاو گوناهێکی شەیتانی دەکات و دوای تەوبەکردنیش ئەو هەستە گوناهبارییەی هەر بەردەوامە.. هاوکات کردەی نووسین لە ڕێگەی گەمەی لیبیدۆ و تابۆ و حەرام و بەکاربردنی تەکنیکی گێڕانەوە و دیالۆگەوە زەمەنێکی دوورو درێژی بەسەرچووی ئاوێتە بەچرکەساتەکانی ئازار و شادی، کە خۆی لە قەرەی پەنجا تا شەست ساڵێک دەدات، لە شوێنێکی کراوەی بەر ئاسۆ و ئاسمانی بە ئەستێرە ڕازاوەی بەتلێکی کورتی شەودا لە چەند کاتژمێرێکدا چڕ دەکاتەوە و لەهەمانکاتدا منی چیرۆک هەوڵ دەدات لە ڕێگەی یادەوەرییەکانی مەمۆی قەسابەوە ئەدگارەکانی پیریەتی شێوە و چرکە بێ ئۆقرەییەکانی گیان بنووسێتەوە، بەڵام شاڵاوی مەرگ مەودا نادات و لە پڕێکدا دەردەکەوێت و کۆتایی بەگەمە جوانەکان دێنێ «لەوە دەچێ ئەمشەو دوا شەوی عومرم بێ، چونکە زۆر مەستم.. مەستم بەژیان و بە مەرگێک کە وەک گورگێکی برسی وا لەو قوژبنی سەربانەوە خۆی مەڵاس داوە.. ئێوە گەنجن زەحمەتە وەک من ئەو گورگە هارە ببینن.. لاپەڕە ١٩٤» هەڵبەتە پانتایی دەنگ و لەتە دەنگ و مۆرفیم و مۆسیقای ڕستە لەنجەدارەکان کە لەلایەن ژنە منگنەکانەوە گۆ دەکرێن هەڵگری تایبەتمەندییەکی شاراوەی فرە چێژی نین، بەڵکو پتر چەپکە دەنگێکی هەوەس بزوێن و وروژێن و خرۆشێنی سێکسین و ئاراستەی جیهانە چەپێنراوەکەی کاراکتەرەکە دەکرێن و هەر زوو ئاگری درەوشاوەی چێژ و چێژوەرگرتن بە ڕەوشێکی تاکڕەهەندی دادەمرکێ، ئەم حاڵەتەش تا ڕادەیەکی زۆر پێوەندی بە عیشق و سۆز و هەست و نەست و ئاستی بیرکردنەوە و چۆنیەتی ڕوانینی کاراکتەرەکەوە هەیە بۆ دەوڵەمەندکردنی پێوەندی نێوان چێژ و عیشق بڕگەگەلێک لە ڕۆمانی «یازدە خولەک»ی «پاولۆ کۆیلۆ» دەخەینە ڕوو.. «ئەی باشە چۆن ئاسوودە دەبێت ئەگەر هیچ لێم تێ نەگات.. خۆ هیچ پێویست ناکات قسە بکەیت، مەسەلەکە تەنیا مەسەلەی ئاوازی دەنگتە».. «تەنیا شتێک کە مێشکی مرۆڤ دەگۆڕێت خۆشەویستییە».. «مانای ڕاستەقینەی ئازادی ئەوەیە گرنگترین شتی ئەم جیهانەت هەبێ بەبێ ئەوەی خاوەنی بیت، تۆ ڕووناکییەکی تایبەتیت هەیە لانی کەم بهێڵە باسکێچێکت لێ بکێشم».

«هەرکەسێ خاوەن هەست بێت دەتوانێت چێژ وەربگرێت و تەنانەت پێش ئەوەی دەستت بەر کەسەکە بکەوێت، وشەکان، نیگاکان هەموو نهێنییەکەیان هەڵگرتووە».. گەورەترین چێژ لە سێکسدا نییە، بەڵکو ئەو سۆزەیە کە پێی ئەنجام دەدەیت»..

ئیتر بەگوفتارێکی «نیتشە» کۆتایی بەم خوێندنەوەیە دەهێنم کە لە کتێبی «وەهای گوت زەردەشت»دا دەنووسێ «ژن توانای دۆستایەتی نییە، ئەو تەنیا ئەوین دەناسێ».

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: خەونی جاڵجاڵۆکەکان و ژنێکی منگن، بابەت: دوو کورتە ڕۆمان، نووسەر: شێرزاد حەسەن، ساڵی چاپ: ٢٠٠٦، چاپ و بڵاوکردنەوە: چاپخانەی ڕەنج.**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# مۆدێرنیتێ – Modernite

دەستەواژەی مۆدێرنیتێ کە لە عەرەبییەکەی (الحداثة)ی بەرانبەرە، لەم دە ساڵەی دوایی بەخەستی هاتۆتە ناو ڕۆشنبیری کوردییەوە، بە داخەوە ئەم زاراوەیە کە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی تایبەتی خۆی هەیە لەناو کولتووری جیهانی، چ وەک زمان و چ وەک ناساندن و مانای قووڵی خۆی، بە سەقەتی بەکارهێنراوە. هەندێ جار نووسراوە: مۆدێرنیتە، مۆدێرنیتی، کە ئەمەی دواییان فۆرمێکی ئینگلیزی هەیە. ئێمە بەجوان و گونجاوی دەزانین لە زمانی فرانسی چۆن بەکاردەهێنرێ بەو شێوەیەی بنووسین کە دەنووسرێ: مۆدێرنیتێ- Modernite، دەمێکیشە هەستمان بەو دیاردەیە کردووە، کە سترەکتور و فۆنێتیکی زمانە لاتینییەکان (فرانسی، ئیتاڵی، ئیسپانی...) زۆر لە سترەکتور و فۆنێتیکی کوردییەوە نزیکن، ئەگەر ئەم لایەنە سوودی لێ وەربگیرێ، هەڵبەت بە دروستی و پوختی، زمانەکەمان قەت تووشی کێشە و گرفتی تایبەتی نایێ، بەڵکو زیاتر دەوڵەمەندی دەکا، جا، ئەگەرچی ئێرە بواری باسکردنی ئەم دیاردەیە نییە، دەشێ بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ ئەنجام بدرێ، لەگەڵ ئەمەشدا، بەدرێژایی ئەم فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەییەی من کە زیاتر لە چوار ساڵە خەریکیم، ئەم لایەنە ڕەچاو دەکەم.

مۆدێرنیتێ وەک زاراوەیەک زۆر بە گونجاوی و جوانی لەسەر زمانی کوردی دێ وەک لە هەر فۆرمێکی تر.

زاراوەی مۆدێرنیتێ دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئاوەڵناوی مۆدێرن- Moderne، ئەمەش لەلای خۆیەوە لە زمانی لاتینییەوە هاتووە کە مۆدێرنوس-ە/ Modernus. ئەمەی دواییان زۆر کۆنە و هەردەم بە مانای (تازە، هاوچەرخ) بەکارهاتووە. بۆ یەکەمین جار بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە زمانی فرانسی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدە، لەو سەردەمەدا بەمانای (سەردەمی ئەمڕۆ) (ئێستا، هەنووکە) بەرانبەر بە سەردەمی کۆن، واتە سەردەمی هێلین و ڕۆمانی کۆن بەکارهاتووە. تا سەدەی هەژدەش هەردەم وەک پێچەوانەی کۆن بەکارهاتووە. لەم جیاوازییەش کێشەی (دابڕان و پچڕان) هەیە کە چەمکی سەرەکی پێکدەهێنێ بەرانبەر بە هەر شتێکی کۆن و ڕێگا بەوە دەدا مرۆڤ لەناو مێژوو بیر لە خۆی بکاتەوە. کە باس لە کۆنەکان دەکرێ بەرانبەر مۆدێرن، هەردەم خەیاڵ بۆ ئەوە دەچێ کۆنەکان سەر بە نەریت و میراتێکی نەریتخواز و بەسەرچوون.

مۆدێرنیتێ وەک چەمکێکی ئاڵۆزتر بە ئاراستەی ئەم ڕوانینەی سەرەوە، لەکۆتایی سەدەی حەڤدەمدا لە کولتوور و ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا گەلێک بواری جیاجیا

دەگــرێتــەوە، وەک: دەســـتـــەڵات و فـــەرمـــانڕەوایی حکوومەتەکان، دەوڵەتەکان، سەرهەڵدانی دەوڵەتی نوێ و نەتەوە و تەکنیک و پیشەسازی و هونەر و پێوەندییە سایکۆ- سۆسیۆلۆژییەکانی تاک و کۆمەڵانی خەڵک و ئەدەبیات و زمان..تاد.

لێرەوە، ئاماژە بە دوو لێکۆڵینەوە دەکەین کە لەم بارەیەوە بە لێکۆڵینەوەی بە پێز دادەنرێن:

یەکـەمـیـان: گـوتارێکی ژان بۆدریار- J. Bou- drillard بە ناوی: مۆدێرنیتێ کە لە «ئەنسکلۆپیدیای جیـهـانی» بڵاوبووەتەوە، دووەمـیـان لێکۆڵینەوەیەکی فـەیلەسـووف هێنری لۆفـێـڤـر- Henri Lefevre، بەناوی: دەروازەیەک بۆ مۆدێرنیتێ، کە لەشێوەی کتێب لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم نووسراون.

ژان بۆدریار بە چەشنێکی زۆر تایبـەت پێناسـەی مـۆدێرنیـتێ دەکـا، پەنجە لەسەر مـانا نێگەتیـڤـەکـان دادەنێ، چونکە مۆدێرنیتێ کاراکتەرێکی تایبەتی هەیە و دەڵێ: مۆدێرنیتێ چەمکێکی نە سۆسیۆلۆژی نە سیاسی نە مێژوویی، بەڵکو بریتییە لە مۆدێکی شارستانی کە فۆرمی جیـۆگرافی و سـەمبـۆلی جیاجیـا وەردەگرێ. سەرچاوەکەی ڕۆژئاوایە.

وەزیفـەی مـۆدێرنیـتێ وەک مـیـتـۆ- Mythe- یەک (أسطورة- خرافة) وایە، لە شێوەی کۆمەڵێک فۆرم و تێگەیشتن و ناوەرۆک خـۆی پیـشـان دەدا. یاسـایەکی نییە، بەڵام خاسیەتی خۆی هەیە، تیۆرییەکی نییە، بەڵام لۆژیکێکی هەیە کـە هەر بە مـۆدێرنیـتێ ناسـراوە. بە کورتی لەلای بۆدریارد بریتییە لە (نەریتی نوێخوازی- یان نەریتی نوێ) ڕەگـــوریشــــەکـــەی بـۆ شـــۆڕش و نوێبـوونەوەکـانی سـەدەی شـازدە دەگـەڕێتـەوە، بەڵام لەسەدەی نۆزدەمدا هەموو ئەوروپا دەگرێتەوە. بەم جۆرە دەبینین هیگڵ- Hegle لە کـتـێبی: پرەنسـیپـەکـانی فەلسەفەی قانوون- بەو جۆرە بە هێزەی خوارەوە باس لە مۆدێرنیتێ دەکا: (قانوون تایبەتمەندی بابەت-ی- Su- jet پڕی و کـامل بوونی خۆی دۆزیبیەوە، واتە، قـانوونی ئازادی مـەوزووعی، نوختـەی سـەرەکی و هەسـتـیارە کـە جیـاوازی سـەردەمی مـۆدێرن و کـۆن پیـشـان دەدا. ئەم قـانوونە، بە بچووکی و بێ مـانایی خۆی، لەلایەن ئایینی کـریسـتـیـانیـزمـەوە تەعـبـیـری لێ کـراوە و بووەتە پرەنسیپێکی (مبدأ) ڕاستەقانی و جیهانی فۆرمێکی دیکەی نوێی جـیـهـان. ئەو دیاردانەی لەم قـانوون و پرەنسیپانە نزیکن بریتین لە: خۆشەویستی، ڕۆمانتیزم، ئامانجی بەختەوەری نەمریی تاکەکەس...تاد.

دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتای پێناسەکەی بۆدریار کە هەردەم بە پەنجـەدانـان لەسـەر لایەنی نێگەتیـڤـەوە ئەم چەمکە دەناسـێنێ، بەڕای ئەو بیـرۆکـە، یان فـیکرەی (گـرفت- Crise) مـۆدێرنیـتێ دەناسێنێ، لەمـۆدێرنیـتێ: گـرفت دەبێـتـە نرخ و بەها، ئەخلاقێکی ناکـۆک. ئەمـەش وەک گـرفـتـێکی کـولتـووری، ڕۆژئاوا لەسـەدەی شـازدەوە تێی دەکەوێ، لەسەدەی نۆزدە دەگاتە لووتکەی ئاڵۆزی خۆی و لەگـەڵ کۆلۆنیـزاسـیـۆن و لەناوچەی کـۆلۆنیزاسـیـۆن بەناو جیهاندا بڵاودەبێـتەوە. ئەمـەش سـتروکـتوری مـێژوویی و ڕوانینی جـیـا و گـرفـتی خـۆی هەیە. خـاسـیـەتە کولتوورییەکانی ئەم گرفتەش بریتین لە: حەماسەتێکی مـەزنی مـەوزوعـیـیـەتی قـووڵ، عـاتیـفـە، بێ هاوتایی، ڕەسەنایەتی، تەمەن کورت و نەگیراو. هەروەکو هیگڵیش لەسەرەوە باسی لێوە کردووە. هەموو ئەم دیاردە، یان ئەم پێکهـێنەرانە (عنصر) وادەکـەن بەدوای نوێ بگەڕێین، بەدوای ئێـسـتـێـتـیـکی (جوانیناسی) دابڕان و پچڕاندا بگەڕێین، بەدوای داهێـنـانی تاکـــەکـــەسی، دیاردەی پێشـەنگ بگەڕێین. پێشـەنگەکـان و ئەدەبی پێشـەنگ (ئەڤـــــــانـگـارد- Avant-garde) (وەک ئـەدەبی پێشـەنگی سـەدەی بیسـتـەم) هەردەم لەناو نوێبـوونەوە و خـۆ نوێکردنەوە و خـۆتێکداندا دەژیێ، وێڕای دروست بوونەوە، بەردەوام فـۆڕمـە نەریتـخـوازەکـان و پێـوەرە زمـانەوانیـیـەکـان و خـیـتـابی کـۆمـەڵایەتی و ئەخـلاقی تێکدەشکێنێ و هی دیکەی لێ دروست دەکا..تاد.

لەبارەی مـۆدێرنیـتێ و ئەدەبەوە، هێنری لۆفـێـڤـر، تێکسـتـێـکی بۆدلێـر-Baudelaire بە نموونە دەهێنێتـەوە و ڕوانینی خـۆی لە بارەی جـێگیـر دەکـا، لە هەمـان کـاتدا هێنری لۆفـێـڤر گرینگی بە هونەری سەدەی بیستەمیش دەدا.

بۆدلێر پێی وایە کە هونەرمەند (هونەرمەند لێرە شاعیر و نووسـەر و شـێـوەکـار و مـوزیکی... دەگرێتـەوە) دەبێ باس لە (Ephe mere) بکا، (مەبەست لەمەش: کەم تەمەنە، وەک هەموو شتێکی کەم تەمەن و وەختی و خێرا لەناوبچێ، وەک: جـوانی کـەم تەمـەن، کـورت خـایەن. بەختەوەری کەم تەمەن و کورت خایەن، کە بەرانبەرەکەی


بەعەرەبی (Ephemere دەکاتە: زائل، سریع الزوال، وقتی)، بێجگە لەمە هونەرمەند دەبێ باس لە مۆد بکا، باس لە هەمـوو هونەر بکا، ڕوانینێکی سەرتاپاگیـری هەبێ، باس لە شارەزایی و دەست ڕەنگینی- artifice و نەشـارەزایی و زەیف- Factice-ی ژیانی مـۆدێرن بکا، چونکە بەڕای بۆلێـر ڕووی دووەمی نەشـارەزایی و زەیف بریتـییـە لە وەڕسی و مـەلەل، ئەمـەش لە هونەر و ئەدەبدا بۆ ئەوەمـان دەباتەوە زمـان و شـێـواز بۆ هونەر و ئەدەب خـۆیان بگەڕێنەوە، لەمـەشـەوە هونەر دەبێـتـە داهێـنانـێکی پـوخت و نـایـاب- Pure creation. هونەر لەلای بۆدلێر سیـفـەتێکی زۆری تەکنیکی هەیە، جوانی ڕووت و بێ هاوتایە، لە جیـهـانی کۆمـەڵایەتی و گشتی دوور دەکەوێتەوە، زمان و شێوازی شیعر بە تەنیا خۆی جیـهـانێکە، داهێنانی جیـهـان خـۆیەتی. هێنری لۆفـێـڤـر باس لەوە دەکـا ئەم شـێـواز و زمـانە، لەگـەڵ ئەزموونی شیعری ڤێرلین و ڕامبۆ و مالارمێ گەلێک زۆر گەشە دەکا.

بەڵام لەگـەڵ کـۆتایی سـەدەی نۆزدەم، مـۆدێرنیـتێ پێ دەنێتە قۆناغێکی دیکەی نوێ، لەم قۆناغـەدا لە ڕێگای کۆمـەڵێک بزووتنەوەی ئەدەبی و هونەری و فیـکری وەک دادایزم و سوریالیزم و بزووتنەوە هونەرییەکانی تر. زمان و شـێـواز، جـیـهـان و ڕوانین، دووچاری تێکشکان و لەناوچوون و نوێبـوونـەوەی تر دەبن، ئەمـەش تا کـۆتایی سەدەی بیستەم درێژە دەکێشێ. بەدرێژایی ئەم ماوەیەش تا دەگـاتە بۆرخـێس، مـۆدێرنیـتێ بەردەوام بریتی بووە لە جـەوهەری ناکـۆکی، گـەڕان بەدوای نوێ، گـەڕان بەدوای نەگوتراوەکان و هەردەم نەگوتراوەکان و باس نەکراوەکان- وەک بزووتنەوەیەکی هەمـیــشــەیی و ئەبەدی، هەردەم بەدوای کلاسیک و شاکارەکانی سبەی دەگەڕێ، ئەوانەی هێشتا لەدایک نەبوونە.

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**

**تێـبـینی: لەبەر زۆری سـەرچاوەکـان و دووبارە نەبوونەوەیان بە هەمـوو ژمـارەیەک، سـەرچاوەکـان لەکۆتایی ئەم فەرهەنگەدا دەنووسرێ.**



# مۆتیڤ و شیعر

**قەرەنی جەمیل**

هەر لە کۆنەوە لە هەموو وڵاتان هێڵکاری و نیگاری ڕەنگاوڕەنگ بۆ بابەتی ئەدەبی، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان کراوە، ئەم جۆرە کارە هونەری- ئەدەبییە زیاتر بۆ مەبەستی تەشویق و چێژ وەرگرتنی بابەتە ئەدەبییەکەیە لە ڕێگەی چاوەوە، ئینجا زۆر کتێب هەبوون بە نیگاری هەمەجۆر و نایاب لە لایەن هونەرمەندێک دەڕازێندرایەوە کە دەبووە هۆی ئەوەی زۆرینەی خەڵک بیخوێنێتەوە، بەڵکو لەدوایی دەستیش نەکەوێت، بەڵام کە گۆڕانکاری و گەشەسەندن لەنێو ئەدەب و هونەردا ڕووی دا، هەریەکەیان بوون بە خاوەنی هێز و ڕووگەی فیکری جیاجیای خۆیان، ئیتر نە شیعر پێویستی بە هێڵکاری و نیگاری ڕەنگاوڕەنگ ما، نە هونەریش ئامادە بوو بۆ ڕوونکردنەوەی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، کەچی لە کوردستان تا ئێستا وا باوە هونەرمەند مۆتیڤ بۆ شیعر دەکێشێت تا هێمای ناوەرۆکی شیعرەکە بگەیەنێت و خوێنەر بە چێژ و هەوەسێکی دیکەوە بچێتە نێو جیهانی شیعرەکەوە. ئەم نەریتە زیاد لە پێویست گرینگی پێدەدەرێ، لەناو گۆڤار و ڕۆژنامە و دیوانی شاعیران بەردەوام دەبینین هەر شیعرێک و مۆتیڤێکی لەگەڵدایە، ڕەنگە هیچ پێوەندییەکیشیان بەیەکەوە نەبێت. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئایا مۆتیڤ ڕوونکردنەوەیەکی هێڵکارییە بۆ ناوەرۆکی ئەو شیعرەی کە لەگەڵی بڵاوکراوەتەوە؟

زۆر لە شاعیرانی کورد کە داوای هێڵکارییەک دەکەن، دەیانەوێت ڕەنگدانەوەی شیعرەکەیان بێت، جگە لەوەش شاعیرانی ئێمە شیعر بە بابەتی سەرەکی دادەنێن و ئەو مۆتیڤەی کە بۆی دەکرێت دەبێ لە خزمەتی شیعرەکەیدا بێت، تا ڕادەی ئەوەی زۆرجار نێوی هونەرمەندەکە لەکتێبەکانیان نەنووسراوە، کە لە ڕاستیدا نابێ بەم شێوەیە بێت، من وەک هونەرمەندێک دەمەوێ بڵێم مۆتیڤ وەک هێڵکارییەک، یان ڕەنگاوڕەنگ کارێکی هونەری سەربەخۆیە، دەربڕینێکی شیعرییە لە خەیاڵی هونەرمەندەکە و شان بەشانی شیعرەکە دادەبەزێت و خۆی نمایش دەکات، نەک باس لە ناوەرۆکی شیعرەکە بکات، چونکە شیعر خاسیەتێکی خەیاڵی وشەئامێزی هەیە، یەک بابەت و ناوەرۆک دەرنابڕێت، بەڵکو زنجیرەیەک خەیاڵ و بیروباوەڕ و وێنەی فکرین ناکرێ ببێتە یەک مۆتیڤ، هەروەها شیعریش هەیە ناوەرۆکی ڕوون نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی فۆرمیی ڕستەیە و دەربڕی فیکری نوێخوازیی تەکنیکییە، کە ڕەنگە هیچ مۆتیڤێک لەگەڵیدا نەگونجێت، لەکۆتاییدا دەڵێم ئیمڕۆ لە جیهانی ئەدەبدا، شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ئەگەر دەربڕی بابەتی بەرز و هاوچەرخ و ڕاستگۆ بێت، بەسەربەخۆیی بتوانێ بچێتە ناخی خوێنەرەوە و کاری تێبکات، ئەوە هیچ پێویست بە مۆتیڤ دروست کردنی ناکات.